# سیستمەکانی هەڵبژاردن و
# پرنسیپەکانی دەنگدان

ڤیان مەجید فەرەج

٢٠١٠

**سیستمەکانی هەڵبژاردن و پرنسیپەکانی دەنگدان**

**بابەت: توێژینەوە**

**توێژەر: ڤیان مەجید فەرەج**

**ئیمەیل:** vianfaraj77@yahoo.com

**چاپی دووەم/ ٢٠١٠**

**هەڵەبڕی: ئومێد حسین**

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: كۆمپیوتەرو ئۆفسێتی بینایی**

**تیراژ: (١٣٠٠) دانە**

**چاپخانە: چاپخانەی بینایی**

**ئەم كتێبە لەسەر ئەرکی سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر بەچاپگەیەنراوەتەوە**

---

**چاپی یەکەم: ٢٠٠٥، مۆنتێر: هاوبەش عوسمان، بەرگ: هونەر وەهبی، هەڵەبڕ: ئەمیرە عومەر**

**چاپی یەکەمی لەسەر ئەرکی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، بەچاپگەیەنراوە**

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر**

## سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پرەنسیپەکانی دەنگدان

**ناوەڕۆك** **لاپەڕە**


**پێشکەشکردن** ........................ ٧

**پێشەکی چاپی دووەم** ........................ ٩

**پێشەکی چاپی یەکەم** ........................ ١٠

**سەرەتایەکی مێژوویی** ........................ ١٥

**بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری** ........................ ١٧

- هەڵبژاردن و دیموکراسی ........................ ١٩
- هەڵبژاردن ........................ ٢١
- دەستەی دەنگدەران ........................ ٢٤
- سروشتی هەڵبژاردنی یاسایی ........................ ٢٥

١. بەمافبوونی هەڵبژاردن ........................ ٢٥

٢. بەوەزیفەبوونی هەڵبژاردن ........................ ٢٩

- دەنگدانی سنوردارو دەنگدانی گشتی ........................ ٣١

**بەشی دووەم :لایەنی پراکتیکی** ........................ ٤١

**یەکەم: دەنگدانی ڕاستەوخۆو دەنگدانی ناڕاستەوخۆ** ........................ ٤٣

**دووەم: دەنگدانی ئاشکراو دەنگدانی نهێنی** ........................ ٤٥

**سێیەم: سیستەمەکانی دەنگدان** ........................ ٤٥

- دەنگدان بەتاك و دەنگدان بەلیست ........................ ٤٥
- دەنگدانی ڕێژەیی ........................ ٥٥
- دەنگدانی تێکەڵاو ........................ ٦٥

**بەشی سێیەم: ڕێوشوێنەکانی پەیوەست بەپرۆسەی هەڵبژاردن** ........................ ٧١

**یەکەم: ئامادەکارییەکانی پێش ڕۆژی دەنگدان** ........................ ٧٣

- لایەنی کارگێڕیی هەڵبژاردنەکان ........................ ٧٣
- ئەو ڕێگایانەی بەهۆیەوە ناوی دەنگدەران تۆمار دەکرێت ........................ ٧٦

**ناوەڕۆك** **لاپەڕە**

➢ دیاریكردنی ناوچەكانی هەڵبژاردن .......................... ٧٧
➢ وشیاركردنەوەی دەنگدەران بەر لەدەنگدان .......................... ٨٢
➢ پروپاگەندەكانی هەڵبژاردن و كاریگەری راگەیاندن لەپرۆسەكەدا.............. ٨٣
**دووەم: ئامادەكاریەكانی رۆژی دەنگدان** .......................... ٩١
➢ رۆژی دەنگدان و رێوشوێنەكانی .......................... ٩١
**سێیەم: ئامادەكاریەكانی پاش دەنگدانی دەنگدەران** .......................... ٩٤
➢ چۆنیەتی جیاكردنەوەی دەنگەكان و بلاوكردنەوەی ئەنجام .......................... ٩٤
➢ لایەنی دارایی پرۆسەكە .......................... ١٠٠
➢ پاكیزەیی هەڵبژاردنەكان.......................... ١٠٧

**بەشی چوارەم: چەند ئامارێكی زیندووی دواپرۆسەی هەڵبژاردنی هەندێك لەدەوڵەتانی جیهان** .......................... ١١١
١.ئەمریكا .......................... ١١٣
٢. شانشینی یەكگرتوو .......................... ١١٧
٣. ئیسرائیل .......................... ١٢٣
٤. فەرەنسا .......................... ١٢٥
٥. ئەڵمانیا .......................... ١٣٠
٦. كەنەدا .......................... ١٣٤
٧. ئێران .......................... ١٣٨

**بەشی پێنجەم: ئەزموونی هەڵبژاردنەكانی پارلەمانی هەرێمی كوردستان- عێراق** .... ١٤٣
➢ لایەنی سیاسیی هەڵبژاردنەكە .......................... ١٤٥
➢ لایەنی یاسایی هەڵبژاردنەكە .......................... ١٤٨
➢ خوێندنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان ١٩٩٢ ... ١٥٠
➢ خاڵە لاوازەكانی پراكتیزەكردنی .......................... ١٦١
➢ خوێندنەوەیەك بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان ٢٠٠٥ ..... ١٦٦
➢ هەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمی كوردستان- عێراق ٢٠٠٩ .......................... ١٦٩

**ناوەڕۆك** **لاپەڕە**


**پاشبەندیەکان** ........................................ ١٧٤

➢ راپۆرتی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان ١٩٩٢ ........................................ ١٧٥

➢ ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ........................................ ١٨٠

➢ ناوی پاڵێوراوانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لیستی(ینك و زەحمەتکێشان) ١٩٩٢........................................ ١٨٥

➢ ناوی پاڵێوراوانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لیستی (پدك) ١٩٩٢..... ١٩٠

➢ لیستی ناوی پارلەمانتارانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ١٩٩٢......... ١٩٤

➢ لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان بۆ پارلەمانی هەرێمی کوردستان- عێراق ٢٠٠٥........................................ ٢٠٠

**بەشی شەشەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق** ........................................ ٢٠٥

➢ هەڵسەنگاندنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ٢٠٠٥ ..... ٢٠٧

➢ بەشداریکردنی کوردو کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان ........................................ ٢١٥

➢ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ٢٠١٠ ........................................ ٢١٩

➢ هەڵسەنگاندنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ٢٠١٠ لەهەرێمی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان  بە نمونە ........................................ ٢٢٤

➢ لێکدانەوەی هەمەلایەن لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و پێگەی ژنان تیایاندا لە٢٠١٠........................................ ٢٣٢

**بەشی حەوتەم: پاشبەندە پەیوەندیدارەکان** ........................................ ٢٤١

➢ دەقی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، ساڵی ١٩٩٢........................................ ٢٤٣

➢ یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢........................................ ٢٥٨

➢ یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١) هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢) ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق ........................................ ٢٥٩

**ناوەڕۆك** **لاپەڕە**


- یاسای هەمواركردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩ ........................................ ٢٦٣
- یاسای هەمواركردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستان– عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو ........................................ ٢٦٧
- یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەرچوو لەلایەن كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان لەعێراق– تۆماركردنی دەنگدەران ............................ ٢٧٣
- یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەرچوو لەلایەن كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان لەعێراق– پشتڕاستكردنەوەی پاڵێوراوان ........................ ٢٧٦
- یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە.................. ٢٨٢
- یاسای كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان لەعێراق ................. ٣١٠
- یاسای حزبو قەوارە سیاسیەكان ........................................ ٣٢٠
- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق– ٢٠٠٥ .................... ٣٢٥
- یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق– هەمواركراو– ٢٠١٠ ..... ٣٣٠
- لیستی هاوپەیمانیی كوردستان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق– ٢٠٠٥ .. ٣٣٥
- **سەرچاوەكانی لێكۆڵینەوەكە** ........................................ ٣٣٩

پێشکەشە بە:

- دوو مرۆڤێك کەهەمیشە مایەی شانازی منن ( دایکم و باوکم).
- ئەوانەی پێشمەرگەی هەمیشەیی ئازادین و لەو پێناوەدا تێدەکۆشن.

**پێشەکی چاپی دووەم:**

هەڵبـژاردنی ٢٠١٠ هانـدەرێکی باشـبوو بـۆ ئـەوەی سـەرلەنوێ پێداچـوونەوەیەك بـۆ چـاپی یەکەمی ئەم کتێبە بکەم. هەڵبەت سەرباری هەڵە چاپ هەندێك کەم و کورتی لەچاپی یەکەمی کتێبەکـەدا هـەبوو کەبەشـێکیان دەگەڕێتـەوە بـۆ فاکتـەری زەمـەنی و بەوپێیـەی دوای دەرچـواندنی چـاپی یەکـەم دوو هەڵبـژاردنی سـەرەکی پارلـەمانی هـەرێم و ئەنجومـەنی نیـشتمانی عێـراق لـە٢٠٠٩ و ٢٠١٠دا ئەنجامـدراوە، بۆیـە پێویـستیەکی حـەتمی بـوو زیـادکردنی ئـەو زانیاریانـە تاخوێنـەری کـورد بتوانـێ وەکـو دیکـۆمێنتێکی هەمیـشەیی لەکتێبخانەکەیدا هەڵیانگرێت.

لەچـاپی دووەمـدا بەتایبـەتی لەبەشـەکانی پێنجـەم و شەشـەمیدا هەنـدێك روونکردنـەوەی زیاترو چاکسازی و زیادکردن بەدیدەکرێت، ئەمە جگە لەزیادکردنی ئەو هەموارکردنانـەی بەسـەر یاسـای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی نیـشتمانی عێـراق و پارلـەمانی هەرێمـدا هـاتوون لەبەشی حەوتەمدا زیادکراون.

خوێنـەری بـەڕێز، بەشـێك لـەو لێکدانـەوەو بۆچـونانەی نـاو چـاپی دووەم تـەواو گوزارشـت لەبیروبۆچوونی ئێمە دەکەن و دەکرێت تۆی خوێنەر بیروڕایەکی جودات هەبێت.

ڤیان مەجید فەرەج

٢٠١٠/٥/١٨

**پێشەکی چاپی یەکەم:**

زیاتر لەهەموو شتێك، ئەوەی هانیدام بڕیاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بدەم، ئەوەبوو کەئێمەی گەلی کورد بەداخەوە ئەگەرچی خاوەن ئەزمونێکی هەڵبژاردنین، کەچی خاوەن هیچ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکی ئەوتۆ نین کەهەڵبژاردنی وەك بنەمایەکی سەرەکی دیموکراسیەت وەرگرتبێت و هەتا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆمان نیە گشتگیرانەو بەزمانی دایك توانیبێتی هەڵبژاردن وەك چەمك و تیۆرو پراکتیك روون بکاتەوەو ئەو ئامادەکاری و رێوشوێنانەش تاووتوێ بکات کە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن کۆڵەکەی سەرەکین. هەڵبەت لەو گۆشە نیگایەوە بڕیاری ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیەمدا تاکو ببێتە یەکەمین سەرچاوەی کوردی تایبەت بەهەڵبژاردن. لەسەرەتادا بەنیازنەبووم ئاوها گەشەی پێبدەم، بەڵام دواترو هاندانی هەندێك لەمامۆستاکانی کۆلێژی یاسای زانکۆی کەلێرەدا جێگەی سوپاسن وایان لێکردم زیاتر تین بدەمە خۆم و کارێك ئەنجامبدەم کەپێویستی بەدووربینی و سەلیقەی ووردو خوێندنەوەی ئەکادیمی و واقعبینی هەبێت و خۆماندووکردن و شەونخونی زۆریشی پێویست بێت، چونکە بڕیاردان لەسەر هەر کارێکی توێژینەوە بەر لەهەمووشت پێویستی بەسەرچاوەیەو بەداخەوە من لەم ئاستەدا کۆمەڵێك تەنگوچەڵەمەی زۆرم دووچار هات، چونکە نەسەرچاوەیەکی ئەوەندە زۆری تایبەت بەهەڵبژاردن هەبوو کەراستەوخۆ تایبەت بووبن بەهەڵبژاردن و نەمنیش ئەوەندە زمانزان بووم بتوانم لەزمانەکانی تری وەك فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و فارسیەوە مەعریفە وەربگرم، بۆیە ناچار بەپلەی یەکەم پشتم بەو سەرچاوە عەرەبیانەی تایبەت بەیاسای دەستوری و زانستی سیاسی بەست کەبەشێك یان دەروازەیەکی کتێب یان لێکۆڵینەوەکانیان بۆ هەڵبژاردن تەرخانکردبوو، پاشان تۆڕی ئینتەرنێتم وەك سەرچاوەیەکی زیندوو بەکارهێناو ئەوجا سوودم لەهەندێك سەرچاوەی ئینگلیزی وەرگرت. بەهەرحاڵ کاتی نوسینی لێکۆڵینەوەکە کاتێکی ئێجگار ناسك و پڕ بەها بوو، چونکە هاوکات بوو لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەعێراق و کوردستان و ئەمە وایکرد زۆر دەستوبردو هەندێك جار پەلەپەل بکەم لەنوسین و بەکارهێنانی سەرچاوەکاندا، ئەگەرنا رەنگە بمتوانیبایە باشترو بەسەلیقەیەکی چاکترەوە کارەکەم سەرخەم. هەرچۆنێك بێت لەهەندێك شوێنی باسەکەدا ناچاربووم پەرەگرافێکی تەواو لەسەرچاوەکەوە وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی بەتایبەت لەبەشی سێیەمی تایبەت بەرێوشوێنەکانی هەڵبژاردندا

كەكۆمەڵێك كاری یەك لەدوای یەكی سێستماتیكی رێكخراون و ناتوانرێت دەستكاریبكرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانم بڵێم بۆخۆم گەشبینم بەرامبەر بەكارەكە، چونكە وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا ئەمە یەكەمین جارە كوردێك و بەزمانی دایك، لێكۆڵینەوەیەكی گشتگیر لەسەر هەڵبژاردن ئەنجامبدات و خۆی لەپرسی لایەنە هەمەچەشنەكانی هەڵبژاردن بدات.

هەڵبەت لەم لێكۆڵینەوەیەدا بەشێوەیەكی گشتی دوای پێشەكی، كورتە باسێكی مێژووی لەسەر پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان هەڵبژاردن و دیموكراسی، باسی تیۆری هەڵبژاردن لەرووی بەوەزیفە بوونی هەڵبژاردن و بەماف بوونی هەڵبژاردن كراوەو هەوڵدراوە ئەو فاكتەرانەش بخرێتەڕوو كەوای كردووە هەریەك لەلایەنگرانی ئەو دوو تیۆرە جەخت لەسەر راستی بوونی تیۆرەكانیان بكەنەوەو سروشتی یاسایی هەڵبژاردن بەهۆیەوە بخرێتەڕوو. دواترو لەباسێكیتردا پرەنسیپە سەرەكیەكانی دەنگدانی سنوردارو دەنگدانی گشتی روونكراوەتەوەو رەگەزو بنەماكانی هەریەكەشیان بەڕوونی باسكراوەو تائێرە بەشی یەكەمی باسەكە بووە. لەبەشی دووەمدا باس لەدەنگدانی راستەوخۆو دەنگدانی ناراستەخۆو دەنگدانی نهێنی و دەنگدانی ئاشكرا كراوەو ئەوجا ئەو سیستەمانەی هەڵبژاردنی پێ پراكتیزە دەكرێت، خراونەتەڕوو، هەریەكێك لەو سیستەمانە بەتەواوی شیكراونەتەوەو لەدوایشدا باسی چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەی ماوەی دەنگە دراوەكان كراوەو بۆ ئەو مەبەستەش هێندێك رێگای باو خراوەتەڕوو جارجاریش بەپێی ویستی باسەكە بەنمونەی زیندووی ئەزموونی هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستان باسەكە دەوڵەمەندكراوە. بەشی سێیەم، لای من، بەشێكی تایبەتە، چونكە دەشێت لەهەر كتێب و سەرچاوەیەكی تایبەت بەیاسای دەستوری و سیستەمی سیاسی بەزمانی عەرەبی یان هەر زمانێكیتر، دوو بەشەكەی تر بەجیاوازی شیكردنەوەو بۆچونەكانیشەوە وەربگیرێت، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم زۆربەكەمی لەو كتێبانەدا ئەو وردەكارییەم بەدیكردووە كەتایبەت بووبێت بەئامادەكاریەكانی هەڵبژاردن و چۆنیەتی روونكردنەوەی دروستكردنی خشتەی دەنگدەران و دابەشكردنی ناوچەكانی هەڵبژاردن و لایەنە بەرپرسەكانی ئەوكارەو ئەركی لیژنەكانی سەرپەرشتیكردنی پرۆسەكەو لایەنی دارایی و هەڵمەتەكان و پروپاگەندەكانی هەڵبژاردن و ویستبێتی رۆشنبیری هەڵبژاردن بەبێ جیاوازی ئاستی تێگەیشتن بداتە كەسێكی نوخبە یان كەسێكی ئاسایی. هەر ئەم ئامانجەش وایكرد بەتەواوی لەم بەشەدا خۆم هیلاك بكەم و لای خۆمەوە ئاسوودەیی بدەمە ویژدانم كەچیتر تاكی كورد دەبێت بزانێت هەڵبژاردن چییەو چۆن ئەنجامدەدرێت.

رەنگە خوێنەر بپرسێت بۆچی ئەمریكا بەنمونەی باڵا لەلێكۆڵینەوەكەدا وەرگیراوە؟ لەوەڵامدا دەڵێم "ئەگەر یۆنانی كۆن بەلانەی دیمۆكراسی بناسرێت ئەوا ئەمریكا بە یەكەمین بێشەی دیموكراسی لیبرالی دەناسرێت و تەنها دەوڵەتێكە لەدروستبوونیەوە تا ئێستا (مەگەر لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا) هەموو چوار ساڵێك بەشێوەیەكی سیستماتیكی رێكخراو هەڵبژاردنەكانی خۆی ئەنجامداوەو بەردەوامیش گۆڕانكاری ریشەیی بەهۆی ئەو هەڵبژاردنانەوە روویانداوە، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەمرۆ یەكەمین هێزی مەزنە كەتوانیویەتی جیهان یەكخولگە بكاتەوەو هەموو بەها جیهانیەكانی گرتبێتەخۆ. لەهەمانكاتدا ئەو هێزەشە كە لەسەر زەمینەی واقعی عێراق ئەمرۆ بوونی هەیەو هەر خودی ئەمریكایە كەبڕیاری لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردن داوە جا بەهەر ئامانجێك بێت گرنگ ئەوەیە ئەمڕۆ ئەمریكا گەورەی جیهانەو عێراقیش لەژێر فەرمانی ئەودا حوكمڕانی دەكرێت، بۆیە نەدەكرا باس لەهەڵبژاردن و دیمۆكراسی بكەم بەبێ بایەخدان بەئەزموونی ئەمریكی.

بەشی چوارەمی لێكۆڵینەوەكە كۆمەڵێك ئاماری دوا پرۆسەی هەڵبژاردنی هێندێك لەدەوڵەتە بەهێزو بەتواناكانی جیهانە، لەگەڵ كورتەیەك لەسەر سروشتی دەوڵەتەكەو سیستەمی هەڵبژاردن و پارتە سیاسیەكان و رێژەی بەدەستهاتووی هەر پارتێك و ژمارەی پارتە سیاسیەكانی سەر گۆڕەپانی سیاسی هەر یەكێك لەو دەوڵەتانەو سروشتی سیاسی و مێژووی پارتە بەهێزەكانیان. لەراستیدا بۆخۆم هەستم كرد كە كەمێك ئەم بەشە لەسروشتی بەشەكانی تری باسەكەوە دوورەو زیاتر سۆزێكی سیاسیانەی هەیە وەك لەوەی یاساییانە بێت، بەڵام لای من یاساو سیاسەت دوویەكن هیچكامیان بێ ئەویتر بوونی نیەو لەدواجاریشدا رەنگە من بتوانم بەخۆم بڵێم كەسێكی ئەكادیمی سیاسی(بەو پێیەی لەزانستە سیاسیەكان دەخوێنم) یان هەوادارێكی یاسایی، بەڵام دڵنیام لەوەی هەرگیز ناتوانم یاسایی بم و ناشتوانم ئەو مافە بدەمە خۆم وەك ئەكادیمیەكی یاسایی رەفتار بكەم، هەرچۆنێك بێت ویستوومە لەم رێگەیەوە خوێنەری كورد بەو ئامارە زیندووانەی ئەو كۆمەڵە دەوڵەتە ئاشنا بكەم كەپارتە كێبەركێكارەكان بەدەستیانهێناوە لەژێر سێبەری پەیڕەوكردنی یاسایەكی هەڵبژاردن و لەدەرەنجامی ئەو پرەنسیپ و سیاسەت و پێڕەوانەی پارتەكان هەڵگریین تاكو لەو رێگایەوە سنورێك بۆ تێگەیشتنێكی لۆژیكی و عەقلانیەتی ئەو خوێنەرانە دابنێم كەهەڵبژاردن بەتەنها دەنگدان و پڕكردنەوەی كارتی دەنگدان نیە، بەڵكو پرۆسەیەكی ئایندەییە كەبەرنامەی رەسەن و خزمەتكار هەمیشە براوەی گرەوەكەیەتی.

بەشی پێنجەم تایبەتە بەهەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان و تیایدا

لەسەرەتادا یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- ١٩٩٢م مادده بەمادده شیکردۆتەوەو پاشان لایەنی پراکتیزەکردنی یاساکە لەسەر زەمینەی واقیع خراوەتەڕوو، واتا لەم بەشەدا هاتووم هەموو لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی ئەو هەڵبژاردنەم خستۆتەڕوو لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەی کە ئەوکاتە کوردوەك نەتەوەیەکی بێ ئەزموون پیایدا تێپەڕی دەکردو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتنە رێی لە بەئەنجام گەیاندنی یەکەمین پرۆسەی رۆحی دیموکراسیدا. بەشی شەشەمیش خوێندنەوەیەکە بۆ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و هەلومەرجەکانی جێبەجێکردنی و ئاکامەکانی بەشداریکردنی کوردوەك دووەمین گەورەترین نەتەوەی ناو خاکی عێراق و مەسەلەی ئەو شارو قەزاو گوندو ناحیانەی لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە ئازادکراون و چۆنیەتی رووبەڕووبونەوەیان بەپرۆسەی هەڵبژاردن. هەرچی پاشکۆی لێکۆڵینەوەکەیە تایبەتە بەو بڕیارو فەرمان و یاسایانەی کە بەجۆرێك لەجۆرەکان تایبەت بوون بەباسەکەوەو هەڵبەت لەم کارەشدا زۆر لەوە دەترسام دووچاری گرفتی ئەوە بێم کە بەوپێیەی کەسێکی یاسایی نیم چۆن دەبێت بە کاری وەرگێڕانی یاسا هەستم (کە لێرەدا لەراستیدا کاری وەرگێڕانی ئەو یاسایانە دەبوو هەرزوو لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە ئەنجامبدرایەو کاریان بەبڕگەی ٥ لەماددەی ٩ی یاسای بەرێوەبردنی کاتی عێراق بۆ قۆناغی گواستەوە بکردایە، بەڵام بەداخەوە نەکورد سەپاندنی ئەو بڕگەیەی بەهەند وەرگرتووەو نەئەوانیش خۆیان بەرامبەر ئەو یاسایە پابەندکردووە، بۆیە ناچاربووم بۆ ئەوەی بەتەواوی کتێبەکە مۆرکی کوردانەی پێوە دیاربێت خۆم ئەرکی وەرگێڕانەکە بگرمە ئەستۆ). هەرچۆنێك بێت لەگەڵ کەمی گوزارشت و دەستەواژەی یاسایی پڕ بەپێستی ووشەکان توانیم کاری وەرگێڕانی یاساکان ئەنجام بدەمو بۆ پێداچوونەوەیان لەڕووی زمانی یاساوە بەرێز (تەها عومەر) مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسیەکان و خوێندکاری ماجستێر لەکۆلێژی یاسا بەسوپاسەوە ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆو بەم کارەی بەرپرسیارێتی مێژوویی لەسەرشانم کەمتر کردەوە. بەکۆتایی هاتنی پاشکۆکان دوای سەرچاوەکان، ناوەرۆکی باسەکەو سوپاسگوزاری خۆم پێشکەش بەو بەرێزانە دەکەم کەهاوکاربوون لە بەئەنجامگەیاندنی کارەکەدا.

لەراستیدا من لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو ئامانجەی مەبەستم بووە هێناومەتەدیو دەتوانم بڵێم لەبەرامبەر منداڵەکان و نەوەکانی ئایندەمدا ویژدانی خۆم ئاسوودە کردووە، لانیکەم لەوەدا ئەوانیش وەك پێشینەو باوانمان کوێرانە نەچنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بێئەوەی بزانن چۆن دەنگ دەدەن، بەکێ دەنگدەدەن، بۆچی دەنگدەدەن؟ هیچ نەبێت ئەم کتێبە

بەهەموو کەم و کورتیەکانیەوە قومێکە لەدەریای قوڵی مەعریفەی هەڵبژاردن و دیموکراسی، بۆیە ئومێدەوارم بەو چاوەوە سەیر بکرێت و رەخنەکانیش لەپێناو کارێکی باشتردا بێت. من لێرەدا ئەمەم لەدەستهات، بەو هیوایەی ئەوانەی دوای من بەکاری چاکترو سەنگینتر هەستن.

ڤیان مەجید

سلێمانی

٢٠٠٤/١٢/٢٠

**سەرەتایەکی مێژوویی**

هەڵبـــژاردن پرۆســـەیەکی گـــشتگیرو هەمەلایەنـــە لەسیـــستەمێکی فەرمانڕەواییـــەوە بـــۆ سیـستەمێکی تـری فـەرمانڕەوایی لـەرووی شـێوازو شـەرعیەتەوە دەگۆردرێـت. پرۆسـەی دەنگـدان رووی دووەمـی ئـەو راسـتیەیە کەدیمۆکراسـی پێـوە بەنـدە، بـەلام ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێت کەسیـستەمە تۆتالیتێرەکـان و دیکتاتۆرەکـان و ئۆتۆکراسـەکان و سیـستەمە پێڕەوکارەکـانی شـێوازی تاکڕەهەنـدیی خۆیـانی پێـوە نەبەسـتنەوەو پەیوەسـت بـوونی خۆیانی پێوە رانەگەیەنن. هەڵبەت ئەمەش لەو بانگەشەو پروپاگەندانەدا بەدی دەکرێت کە ئەو جۆرە دەوڵەت و سیستەمانە لەپێناو پێدانی سیمایەکی جوان و قبوڵکراو بۆ خۆیـانی دەکەن.

رەنگە بۆ تێگەیشتن لەپرۆسەی دەنگدان ئێمە پێویستمان بەشیکردنەوەی دیمۆکراسیەت هەبێت، چونکە ئەو پرۆسەیەی کە لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە ئەنجام دەدرێت و تیایدا تەنها پالێوراو خودی دیکتاتۆر، یان کەسێکە کە ئەو پەسەندی کردبێت و دەنگدەر ئەرکی سەر شانیەتی دەنگ بدات، دەنگدانەکەشی دەبێت بۆ تەنها کەسێك بێت کە بەدیلی نیە، سەرکەوتنی شتێکە بەر لەپرۆسەکە مسۆگەر کراوە، ئەمە لەراستیدا دەنگدان نیە بەمەبەستی دیموکراتیزەکردنی دەسەلات و سیستەمی فەرمانڕەوا، بەڵکو چەواشەکردنی دەنگدەرو رای گشتی و دەوروبەرەو هەڵخەڵەتاندنی جەماوەرە.

**کەواتە: چۆن لەپرۆسەی دەنگدان بگەین؟**

بۆ وەلام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بەوردی خوێندنەوە بۆ لایەنی تیۆری و پراکتیکی هەڵبژاردن بکەین و ئەو مەودایانە دیراسە بکەین کەتیایدا هەڵبژاردن و دیمۆکراسی بەیەکتر دەگەن، بۆیە لێرە بەدواوە دەچینە ناو باسەکەوەو بەم دیراسەیە وەلامی هەموو ئەو پرسیارانە دەدەینەوە.

# بەشی یەکەم

## لایەنی تیۆری هەڵبژاردن و دیموکراسی

## هەڵبژاردن و دیموکراسی

دەنگدان وەك پرۆسەیەكی سیاسی كەئامانج لێی بەشداریكردنی جەماوەر بێت لەكاروباری گشتیدا، راستتر وایە بڵێین بەشداریكردنی هاوڵاتی لەكاروباری رۆژانەو كاروبارە سیاسیو گشتییەكان بەمەبەستی دابینكردنی لانی كەمی خۆشگوزەرانی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانەكان، ئەودەمەی وشەی (POLIS) وەك زاراوەیەكی سیاسی هاوشانی دیمۆكراسی بوونە دوو رووی یەك تێزو هەردوو پێكەوە لەئەتینای گەورە شاری یۆناندا توانیان (شار دەوڵەت)ێكی نمونەیی لەسەر ئاستی یۆنان و جیهانی ئەودەمەدا كە لەدەوروبەری سەدەی حەوتەمی پێش زاینە، پێكبهێنن.

پرۆسەی هەڵبژاردن لەنێوان هاوڵاتیاندا ئەنجامدەدرا بەشێوەی دیمۆكراسی راستەوخۆو دەنگدانی راستەوخۆ كەتیایدا، پاڵێوراو لە( ئەگۆرا)ی گۆڕەپانی كۆبونەوەكاندا راستەوخۆ خۆی دەپاڵاوت و دەنگدەرانیش (واتا هاوڵاتیان) كە ئەو كەسانەبوون تەمەنیان لە٢٠ ساڵ زیاتر بوو، لەتوانایاندا بوو چەك بكرن و پارێزگاریوڵاتی پێبكەن (واتا ئاستی داراییان باش بوو) بەهەمان شێوە بەرێگای دەنگدانی راستەوخۆ هەڵدەستان بەهەڵبژاردنی ئەو كەسەی بەلایانەوە پەسەند بوو. بەم شێوەیە هاووڵاتی لەرێگای دەنگدانی راستەوخۆوە لەكاروباری هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی (٥٠٠) كەئەنجومەنی نوێنەرانی گەل بوو هەروەك ئەنجومەنی دادوەران و كۆنگرەی گشتییدا بەشداری دەكرد.[1]

ئەم پرۆسەیەی یۆنانی كۆن بەدێرینترین شێوازی هەڵبژاردن دادەنرێت و تائێستا لەزۆرینەی زۆری پرۆسە هەمەلایەنە دیموكراسیەكاندا وەك هەوێنی دیمۆكراسی حسابی بۆ دەكرێت و لەوەوە جۆرو شێوازەكانی تری سیستەمەكانی هەڵبژاردن داهێنران، لەوانە: دیمۆكراسی نوێنەرایەتی، دیمۆكراسی سۆسیالیزمی، دیمۆكراسی مەسیحی و گەلی و چەندانی تر كە لەسەر ئاستی شێواز یان بیروباوەری مەزهەبی داهێنراون، بەڵام مەسەلەی پەیڕەوكردنی ئازادی سیاسی یان راستتر بڵێم دیمۆكراسی لیبراڵی، دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشە گەورەكانی

١. جورج سعد- تطور الفكر السياسی فی العصور القديمة والوسطی- منشورات الحلبی الحقوقية -٢٠٠٠- بيروت- لبنان- ص(٣٥-٣٨).

فەرەنساو ئەمریكا لەساڵانی ١٧٨٧و ١٧٨٩ كە بوونە ڕێچكەشكێنی سیستمی نوێی جیهانی پیادەكراوی دیموكراسی تاكەكەس و هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.[٢]

هەڵبەت دیموكراسی ڕاستەوخۆ لەئێستادا كارێكی ئاسان نیە، چونكە ئەو شێوازە لەسەردەمێكدا پەیڕەو كراوە كەسەرژمێری تاكەكانی ناو شاردەوڵەتێكی وەك ئەتینا لە٣٠ هەزار كەس تێپەر نەبووە بۆیە كارێكی هێند گران نەبووە كۆبونەوەی خەڵكەكە لەگۆرەپانێكی وەك (ئەگۆرا)و بەشداریكردنیان لەكاروبارە گشتییەكاندا، بەڵام بۆ ئێستا جێبەجێكردنی ئەمە كارێكی لەرادەبەدەر قورسە، هەرلەبەر ئەوەشە سیستەم و فەرمانڕەواكان (حوكمڕانەكان) پێیان باشترە پەنا بۆ دیموكراسی نیمچە ڕاستەوخۆ یان پارلەمانی(نوێنەرایەتی) بەرن.

مەبەست لەدیموكراسی نیمچە ڕاستەوخۆ ئەوەیە كەگەل نوێنەری خۆی لەڕێگای هەڵبژاردنەوە هەڵئەبژێرێت و تاوتوێكردنی یاسا گشتییەكان بۆ ئەوان جێدەهێڵرێت، بەڵام مەسەلەی دانانی دەسەڵاتی نوێنەرەكان و دەسەڵاتەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن ناچێتە دەست ئەو نوێنەرانەوە، بەڵكو دەشێت لەڕێگای ریفراندۆمێكەوە گەل خۆی بریار لەچارەنوسیان بدات یاخود گەل ئەو نوێنەرانە دەكاتە قسەكەر بەناوی خۆیەوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەیان ناداتێ بەناوی ئەوەوە بڕیار بدەن. هەرچی لەدیموكراسی پارلەمانیدا گەل نوێنەرەكان هەڵدەبژێرێت و دەیانكاتە بڕیاردەرو قسەكەر بەناوی خۆیەوە بەو مەرجەی لەدەستور لانەدەن.[٣] هەرچەندە ئەم جۆرە دیموكراسیە لای هەندێك لەبیرمەندانی وەك رۆسۆ بۆ نمونە هەردوو جۆری دیموكراسی نیمچە ڕاستەوخۆو پارلەمانی یان نوێنەرایەتی رەتكراوەیە، چونكە لەبیری رۆسۆدا تەنها دیموكراسیەتێك هەیە ئەویش ئەوەیە كەگەل خۆی ڕاستەوخۆ بەشداری تیادا دەكات لەكاتێكدا گەل خاوەنی سەروەرییەو سەروەریش شتێك نیە ببەخشرێت یان نوێنەرایەتی بكرێت[٤]، بەڵام لەدنیای ئەمڕۆدا باشترین بەدیل و ئەلتەرناتیڤی دیموكراسی ڕاستەقینەیە (واتا دیموكراسی ڕاستەوخۆ)، چونكە تەنها

---

٢. موريس دوفرجيه– المؤسسات السياسية والقانون الدستوری، الأنظمة السياسية الكبری، ت:جورج سعد– المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع– بيروت– الطبعة الأولی– ١٩٩٢– ص ٣٤.

٣. الموسوعة السياسية– د. عبدالوهاب الكيالی– مؤسسة العربية للدراسات والنشر– جزء الثانی– ١٩٩٧.

٤. د. منذر الشاوی– القانون الدستوری ونظرية الدولة– مركز البحوث القانونية: وزارة العدل– بغداد– ١٩٨١– ص٩٤.

سیستەمێکی حوکمڕانیە توانیویەتی لەدونیای ئەوروپی و خۆرئاوادا سەقامگیری لەسەر ئاستی ئاسایش و سیاسی و مرۆڤی ئەکتڤ و چالاك لەسەر ئاستی سیاسی و مرۆڤایەتی و ئابوری، بەرهەم بهێنێت. خۆ ئەگەر بمانەوێت هەندێ بیری بیریاران لەم باسەدا بهێنینە پێشەوە ئەوا دەبێت پێش هەمووان باس لەجۆن لۆك و جان جاك رۆسۆ بکەین، چونکە لەکاتێکدا جۆن لۆك جەغتی لەسەر دیموکراسی پارێزەر دەکردەوەو تیایدا پارلەمان وەك نێردراوی گەل دەیتوانی لەجیاتی گەل بڕیار بدات و قسە بکات، بەپێچەوانەوە جان جاك رۆسۆ بەتوندی جەغتی لەسەر دیموکراسی پێشکەوتنگەری دەکردەوەو پێی وابوو تەنها لەهەڵبژاردندا تاك دەتوانێت هەست بەبوونی دیموکراسی بکات و مادام هەڵبژاردن بریتییە لەدەرخستنی ئیرادەی خەڵك و دانانی سەرۆك لەرێگای ئەو ئیرادەیەوە بۆیە شتێکی بەڵگە نەویستە ئیرادە نوێنەرایەتی نەکرێت، چونکە سەروەری شتگەلێکە گەل خاوەنیەتی و بەشێوەیەکی راستەوخۆ گەل مومارەسەی دەکات.[٥]

## هەڵبژاردن. . .

ئەگەر دیموکراسی بریتی بێت لەحوکمڕانی لەگەلەوە بۆ گەل، وەك جان جاك رۆسۆ دەڵێت ئەوا لەئێستادا نابێت ئەو راستیە فەرامۆش بکرێت کەگەل ناتوانێت تەندروستانە دیموکراسیەت فەراهەم بکات بێ بوونی هەرسێ رەگەزە پێکهێنەرەکەی کەئەوانیش، هەڵبژاردنی دەسەڵاتبەدەستانە لەرێگای هەڵبژاردنەوەو بوونی پارلەمانێکی میللی کەدەقاودەق نوێنەرایەتی گەل بکات و خاوەن دەسەڵاتێکی بەرفراوان بێت لەگەڵ بوونی کۆمەڵێك بنەمای یاسایی کە لەلایەن دادوەری سەربەخۆوە بەرێوە ببرێت بۆ چاودێری کردنی چۆنیەتی بەرێوەچونی کۆمەڵگاو پاراستنی ماف و ئازادی هاوڵاتیان.[٦] ئەم کارە وادەکات سیستەمە لیبراڵەکان لەچاو سیستەمە سیاسیەکانی تردا تارادەیەك لەرووی دەسەڵاتی سیاسیەوە کەمتر سەپاوبن بەومانایەی کەمتر کاریگەرییان هەبێت لەچاو سیستەمە تۆتالیتێرو دیکتاتۆرەکان و خۆپارێزەکان، بەمەش هاوڵاتی تارادەیەکی زیاتر دەتوانێت مومارەسەی ماف و ئەرك و ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تایبەتی و گشتییەکانی خۆی بکات، هەرچەندە ئەم جۆرە سیستەمانەش بێ کەموکورتی نین و سیستەمەکانی تر

---

٥. د. منذر الشاوى – الأقتراع السياسى– منشورات العدالة– بغداد– ٢٠٠١– ص١٥.

٦. موريس دوفرجيه– المؤسسات السياسية والقانون الدستورى الأنظمة السياسية الكبرى– ت: د. جورج سعد– المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع–الطبعة الأولى– بيروت– ١٩٩٢– ص٥٧.

بەوە رەخنەیان لێدەگرن كەهەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی سەرمایەداران و گروپە بەرژەوەندییە بەرتەسكەكان و لۆبیەكانـدان بەتایبـەت لـەوڵاتێكی وەك ئـەمریكادا كـەئابوری و سـەرمایە گەمەیەكی بەرفراوان بەرەوتی سیاسی دەوڵەتەوە دەكات.

بەهـەرحاڵ، ئامـانج لـەم باسـە بـۆ زیـاتر چـونە نـاو بابـەتی هەڵبژاردنـە، كەتـەوەری باسـەكە لەچوارچێوەیدا دەخولێتەوە، كەواتە بابپرسین: هەڵبژاردن چییە؟

هەڵبـژاردن بنـەمای سیـستەمی دیموكراسـیە، بریتییـە لـەوەرگرتنی دەسـەڵات بـەگوێرەی خواستی گەل یـان جـەماوەر دوور لەبەكارهێنانی هێز، واتا بـەبێ پـەیڕەوكردنی سیستەمی دەستبەسـەراگرتن كەتیایـدا بـەپێی كودەتـا یـان شـۆڕش كۆمـەڵێك دەسـت دەگرێـت بەسـەر حوكمدا یان لەرێگای میراتیەوە لەباوكەوە دەسەڵات دەستاودەست دەكات بۆ كوڕو كوڕەزا یـان لـەرێگای دامەزراندنـەوە دەسـەڵاتی باڵا مـافی دامەزرانـدنی ئـەوەی خـوار خـۆی بـەخۆی دەدات,بەڵكو سیستەمی هەڵبژاردن گەڕانەوەیە بۆ مەیل و ئیرادەی گەل لەدانانی سەردار یـان سـەرۆكدا ئـەویش لـەرێگای پـرس پێكـردن و بەسـەركردنەوەو وەرگرتنـی راو بەشـداری پێكردنی لەسەرجەمی پرۆسە سیاسیەكانی دەوڵەتدا.

هەڵبـەت بـەر لەهـەموو شـت دەبێـت ئـەو راسـتیە بزانرێـت دەسـتور لـەو چوارچـێوەیەی بـۆ كۆمـەڵانی خـەڵكی دیـاری دەكـات مـافی بەشـداری جـەماوەر لـەو پرۆسـانەدا بـەگوێرەی پرنـسیپی مـاف و ئازادیـە گـشتییەكان دەخـەملێنێ ،بۆیـە دەشـێت لـەو چوارچـێوەیەدا كەدەسـتور دیـاری كـردووە هـاوڵاتی بەشـداری سیاسیانەی خـۆی بكـات. بۆنمونـە دەبینـین ماددەی سێ لەدەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨ دان دەنێت بەپرنسیپی دەنگدانی گشتی و نهێنی و راستەوخۆداو بەم پێیە هەموو هاوڵاتیەكی فەرەنسی تەمەنی یاسایی تەواو كردبێت دەتوانێـت مومارەسـەی سـەرجەم مافـە مـەدەنی و سیاسـیەكانی خـۆی بكـات.[٧] هەرچـی سـەبارەت بەشانـشینی یـەكگرتوو (بـەریتانیا)یـە ئـەوا لەبـەر ئـەوەی دەسـتورەكەیان دەستورێكی عورفیەو مەزهەبی سیاسی دەوڵـەتیش مەزهـەبێكی لیبراڵیە بۆیە وەك عورفێك بەشێوەیەكی دەوری هەڵبژاردن لەسەر بنەمای دابەشكردنی وڵات بەسەر ناوچەی بچوكی هەڵبژاردندا دەبێت و تیایدا هەركەسێك توانی زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت، سەركەوتن مـسۆگەر دەكـات.[٨] بـەڵام لـەو دەوڵەتانـەدا كەسیـستەمی سـەرۆكایەتی پـەیڕەو دەكرێـت و دەوڵـەت لـەرووی پێكهاتـەوە دەوڵـەتێكی یـەكگرتووە، ئـەم باسـە دەگۆڕدرێـت بۆنمونـە

٧. د. إسماعيل الغـزال- القـانون الدسـتوری والـنظم الـسياسية- المؤسـسة الجامعيـة للدراسـات والنشر والتوزيع- الطبعة الأولى- ١٩٨٢- ص٢٩٣.

٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٥٤.

لەدەوڵەتێکی وەك ئەمریکادا بەگوێرەی دەستوری ئەو وڵاتە هەموو پۆستە گشتییەکان بەرێگای دیموکراسی پڕ دەکرێنەوە بەشێوەیەك هەر هاوڵاتیەك ساڵانە ٥-٦ هەڵی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی لەبەردەمدایە کەدەتوانێت لەرێگایانەوە هەڵبژاردەی جۆراوجۆر لەڕووی شوێن و ئاست و پۆستی حکومییەوە ئەنجامبدات بەشێوەیەك رۆژی هەڵبژاردن لەئەمریکادا بەبۆنەیەکی هەڵبژاردنیی دادەنرێت لەسەر ئاستی لۆکاڵ و نیشتمانی.[٩] بەڵام لەگەل ئەوەشدا دەستوری ساڵی ١٧٨٧ی ئەمریکا بەر لەدەستکاریکردنی لەساڵی ١٩٢٠ ئاماژە بەسەر لەنوێ هەڵبژاردنەوەی سەرۆکی دابوو بەبێ دیاریکردنی ژمارەی خولەکانی سەرۆکایەتی کەئەمە بووە مایەی پێداکوتانی رۆزفڵت و سێ جار خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژاردەوە واتا ١٢ ساڵ حوکمرانی ئەمریکای کرد لەکاتێکدا جۆرج واشنتۆن تەنها یەکجار خولی سەرۆکایەتی گرتە دەست، واتا بۆ خولی دووەم خۆی هەڵنەبژاردەوە کە ئەم دوو حاڵەتە بووە مایەی تێکدانی ئەو عورفە دەستوریەی لەئەمریکادا پەیڕەو دەکرا بۆیە لە٢٢هەمین دەستکاریکردنی دەستوری وڵاتەکەدا لەساڵی ١٩٤٧دا ئەو خاڵە جێگیر کرا کەسەرۆك تەنها دوو جار دەتوانێت خۆی بپاڵێوێت بۆ سەرۆکایەتی کردنی وڵات.[١٠] دیارە ئەمەش تەنها لەو پێناوەدا بوو دەسەڵات بەدەستی زۆرترین ژمارەی هاوڵاتیانەوە دەستاودەست بکات و رێگاش بگرێت لەگەندەڵ بوون و فاسد بوونی خاوەن شکۆ.

لەئێستادا دیمۆکراسی بووەتە یەکێك لەرەگەزە گرنگەکانی شەرعیەتی دیمۆکراسی، چونکە شەرعیەتی دیموکراسی لەسەر ئەو بنەمایە بناغەنراوە کەئەوانەی دەسەڵات پراکتیزە دەکەن دەبێت هەڵبژێردراوبن لەلایەن چینەکانی کۆمەڵەوەو ئەگەر نا ئەو حکومەتەی لەرێگای هەڵبژاردنەوە دروست نابێت، نا شەرعییە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەمڕۆ لەزۆرینەی دەستورە دیمۆکراسیەکاندا ئەو گوزارشت و زاراوانەمان بەرچاو دەکەوێت کەبەشداری گەل دەکەنە بنەمانی دروست بوون و بەخشینی دەسەڵات بۆ نمونە: گوزارشتی (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە) یەکێکە لەو گوزارشتانەی لەزۆرینەی سیستەمە پێرەو دیمۆکراسیەکاندا بەشێوەیەکی رەسمی لەدەستورەکانیاندا نوسراوە[١١] و ئەمەش لەرووی مێژوییەوە وەك هەڵبژاردنی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە کەتیایدا فەرەنسا بەگوێرەی دەستوری ١٨٤٨ ئەو مافەی بۆ سەرجەم هاوڵاتیان دابینکردو ئەڵمانیا بەگوێرەی دەستوری ١٨٧١ –

---

٩. مایكل و. تروغوت- وزارة الخارجیة الأمریكیة- مكتب برامج الأعلام الخارجي-٢٠٠٤/٥/١٧- ئینتەرنیت.

١٠. هەمان سەرچاوە لا٣٥٧.

١١. د. منذر الشاوي- الأقتراع السیاسي- منشورات العدالة- بغداد- ٢٠٠١- ص٢٨.

تەنها بۆ پیاوان-، بەڵام لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ١٩١٤ ئیدی دەنگدانی گشتی بووە یەکێك لەسیما دیموکراسیەکانی سەدەی بیستەم و ژنان و پیاوان بەبێ جیاوازی مومارەسەیان دەکرد.[١٢]

## پرنسیپی هەڵبژاردن و دەستەی دەنگدەران

وەك لەپێشتردا ئاماژەم پێدا بنەمای هەڵبژاردن بەشداریکردنی جەماوەرە بەگوێرەی کەش و هەوایەکی دیموکراسی لەدیاریکردنی سەرداران و حاکمەکانی دەسەڵاتە گشتییەکان دەگرنە دەست جا ئەو دەسەڵاتانە لەهەر کام پایەگەلێکی حوکمڕانیدا بێت( دەسەڵاتی راپەڕاندن یان دادوەری یان یاسادانانەدا)، بەڵام با بپرسین: ئەو کەسانە کێن کەمافی بەشداریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنیان هەیە چ وەك دەنگدەرو چ وەك پاڵێوراو؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە با بەتێڕوانینی عەمید دیگی دەست پێبکەین کەپێی وایە بۆ هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن پێویستە ( دەستەی هاوڵاتیان Le Corps des Citoyens) هەبێت، ئەی دەستەی هاوڵاتیان لەکێ پێکدێت؟ ئەم دەستەیە لەو کەسانە پێکدێت کەبەشداری دەسەڵات دەکەن یان پراکتیزەی دەکەن و گەر نەیتوانی راستەوخۆ بەشداری بکات لەبەرێوەبردنی پۆستە گشتییەکانی دەوڵەتدا ئەوا دەکرێت لەرێگای ترەوە بەو کارە هەستێت و لێرەدا مەبەست لەرێگای تر پەنابردنە بەر وەزیفەی هەڵبژاردنە کەتیایدا کۆمەڵێك نوێنەر یان سەرۆکی وڵات یان هەردوکیان هەڵدەبژێرێت و لێرەوە دەستەی هاوڵاتیان دەبێت بە(دەستەی دەنگدەران "Le Corps electoral"[١٣]، هەڵبەت دەستەی دەنگدەرانیش بەگوێرەی باروزروفی دەوڵەتەکان لەروانگەی یاسایی و ئەو سنورەی یاسای دەستوری دیاریکردووە وەك مەرج لەسەر ئەو هاوڵاتیانەی توانا و مافی بەشداریکردنی سیاسیانەیان هەیە، دەگۆڕدرێت بۆنمونە لەهەندێ دەوڵەتدا هاوڵاتی لەو تەمەنەی یاسا مافی بەشداری مەدەنیانەی دەداتێ، مافی بەشداری سیاسیشی دەبێت، بەڵام لەهەندێ دەوڵەتی تردا مەرجی تەمەن بۆ بەشداری سیاسی جیاوازە لەمەرجی تەمەن بۆ بەشداری مەدەنی و تەنانەت ئەم مەسەلەیە لەهەڵبژاردنی گشتی و هەڵبژاردنی سنورداریشدا ناجۆرە، چونکە دەسەڵاتداران لەژێر کاریگەری فاکتەرە سیاسی و ئابوری و ئایدۆلۆژیەکاندا بڕیاری

---

١٢. موريس دوفرجيه- المؤسسات السياسية والقانون الدستوري الأنظمة السياسية الكبرى- ت: د. جورج سعد- المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- الطبعة الأولى -بيروت -١٩٩٢ - ص ٧٩ -٨٠.

١٣. سەرچاوەی پێشووتر.

خۆیـان دەدەن و دیموکراسـیش وەك پایەگـەلێکی گرنگـی ئـەم پرۆسـەیە کاریگـەری لـەبارو بەرچاوی هەیەو تا دیموکراسی زیاتر بێت هەڵبژاردن مەرج و سنورەکانی کەمتر دەبێتەوەو بەم پێیە پەیوەندیەکی راستەوانە لەنێوان ئەم دوو چەمکە سیاسیەدا هەیە بەشێوەیەك ئەم دووە هیچکامیان بێ ئەوی تریان هەڵناکەن، بەم پێیە هەڵبژاردنی سیاسی ئەو دەسەلاتەیە کەیاسا دەیبەخشێتە ئەو هاولاتیانەی دەستەی دەنگدەران پێکدەهێنن و بەشداری دەکەن لەژیانی سیاسیدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان لەرێگای هەڵبژاردنی نوێنەرانەوە.[١٤]

## سروشتی هەڵبژاردنی یاسایی

پێـشتر باسمـان لەدەسـتەی دەنگـدەران کـردو ئـەوەمان روونکـردەوە کـەهاولاتیان بـەپێی سروشتی دەستوری دەوڵەت بەشداری لەپرۆسەی دەنگداندا دەکەن، بەلام با بپرسین ئایا دەنگدان بەگوێرەی چ کۆت و پێوەندێك دەبێت، واتا ئەو مەرجانە چین کەدەنگدەر دەبێت رەچاویان بکـات لـەکاتی دەنگدانـداو ئـەو سـنورانە چین کەدەسـتور لەبـەردەم هاولاتیـانی دادەنێت بەمەبەستی بەشداریکردنی لەپرۆسەی هەڵبژاردنداو ئایا مەرجەکانی خۆپالاوتن و دەنگدان یەکە؟ یان جیاوازە؟

ئێمـە بـۆ وەلامدانـەوەی ئـەم پرسـیارانەو زیـاتر تێگەیـشتن لەپرنـسیپی بەشـداری گـەل لەحوکمرانیـدا لەرێگـەی هەڵبژاردنـەوە دەبێـت ئـەوە بـزانین ئایـا دەنگدانەکـە سـنوردارە بەکۆمـەڵێك کـەس یـان گـشتییەو هـەموو هاولاتیـان دەگرێتـەوە، ئەگـەر زانـرا دەنگدانەکـە گـشتییە ئـەوا مانـای وایـە هەڵبژاردنەکـە مـافێکی ئاسـایی هاولاتیانـە، خـۆ ئەگـەر زانـرا دەنگدانەکـە سـنوردار کـراوە بەکۆمـەڵێك کەسـەوە ئـەوا مانـای وایـە هەڵبـژاردن بووەتـە وەزیفەیەکی حکومی و سەرپێچی لێکردنی هاولاتی دوچاری سزای یاسایی دەکات. کەواتە ئەوەی لەم بەشەدا دەمانەوێت روونی بکەینەوە ئەو پرسیارەیە کەلێکۆڵیارانی بواری یاسای دەستوری و زانستی سیاسی لەهەوڵی وەلامدانەوەیدان ئەویش: ئایا شایستەیی هەڵبژاردن مافە یان وەزیفەیەکی ئیلزامی واتا (ئەرکێکی زۆرەکیە)؟

### یەکەم: بەماف بوونی هەڵبژاردن

لایـەنگرانی ئـەم تێۆریـە پێیـان وایـە هەڵبـژاردن مـافێکی سروشـتی کەسـەکانەو دەبێـت دەوڵـەت و یاسـادانەر پارێزگـاری لـەم مافـەی هاولاتیـان بکـەن لـەو سـنورەی دەسـتور دەستنیشانی دەکات بەمەرجێك ئەو هاولاتیانە شایستە بن بەگوێرەی یاسا، واتا مەرجە

١٤. د. منذر الشاوی- الأقتراع السیاسی- منشورات العدالة- بغداد- ٢٠٠١- ص١٢،١١.

سەرەکییەکانی دەنگدانیان تێدا بێت کە لەبەردەم هاوڵاتیدا دادەنرێت لەکاتی بەشداریکردنی لەهەڵبژاردنی گشتیداو بەم پێیە هەر هاوڵاتییەك دەتوانێت مومارەسەی ئەم مافەی خۆی بکات و بەکاری بهێنێت یان بەکاری نەهێنێت، واتا دەتوانێت بەمەیل و ئیرادەی خۆی بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بکات یان نەیکات، بێ ئەوەی دەوڵەت و یاسا زۆری لێبکات و زەبری لەبەرامبەردا بەکار بهێنێت، چونکە بەگوێرەی بیروبۆچونی لایەنگرانی ئەم تیۆرییە تاك بەستراوەتەوە بەسەروەریتی گەل (الشعب)ەوە و سەروەریتی گەلیش پێکهاتووە لەکۆی سەروەریتی تاکەکان و لەبەرئەوەی سەروەریتیش نابەخشرێت و دابەش ناکرێت و نوێنەرایەتی ناکرێت بۆیە تاك ئازادە لەبەشداریکردنی لەپرۆسەی هەڵبژاردنداو دەتوانێت وەك هەر مافێکی تری سروشتی بەکاریبهێنێت.

جان جاك رۆسۆ کە بەلایەنگری یەکەمی ئەم بۆچونە دادەنرێت لەم بارەیەوە دەڵێت "دەنگدان مافێکە هیچ شتێك ناتوانێت لەنەوەکانی نیشتمانی بسەنێت"[١٥]، بەم پێیە مافە مەدەنی و مافە سیاسیەکان یەکسان دەبن و بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا دەبەسترێتەوە بەهاوڵاتی بوونەوەو لێرەوە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن دەبێتە پرۆسەیەکی گشتگیرو سەرتاسەریی و تاك دەتوانێت مومارەسەی بکات بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە، چونکە تاك کاتێك بەئارەزووی خۆی بڕیاریدا ژیانی هەرەمەکی جێهێڵێت و بچێتە ژیانێکی رێکخراوەوە (بەگوێرەی پەیمانی کۆمەڵایەتی لای جان جاك رۆسۆ) ئەوا ئەو ئازادە دوای ئەوەی ئەو کۆمەڵگا رێکخراوەی پێکهێنا، مومارەسەی ئەو مافە بکات کە بەهۆیەوە بەشداری لەکاروباری ئەو کۆمەڵگا رێکخراوەدا دەکات یان نا هەروەك ئازادی و سەروەریتی لای رۆسۆ یەك شتن و هەردوکیان پێویستن بۆ بەردەوامی سروشتی مرۆڤایەتی، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت دەست بەرداری ئازادیەکانی خۆی بێت تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کەمرۆڤ بوونی خۆی دەسڕێتەوە، بۆیە دەبێت پەیمانی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە بێت کەلانی کەم مرۆڤ بتوانێت ئەو ئازادیانەی هەبێت کە لەحاڵەتی سروشتیدا هەیبووە (واتا ئەو حاڵەتەی بەر لەبەستنی پەیمانەکە تیایدا ژیاوە). بەم پێیە مافی بەشداری سیاسی بەپێویستیەکی هاوڵاتی دادەنرێت کە بەستراوەتەوە بەئەندام بوونی لەو کۆمەڵەداو تەنانەت بەسیفەتێکی مرۆڤانەی تاك حسابی بۆ دەکرێت و مافێکی تاکەکەسی و تایبەتە بەوانەی مومارەسەی دەکەن.

لەراستیدا ئەم مافە زیاتر لەلیستی مافە سروشتی و سیاسیەکانی دوای شۆڕشی فەرەنسیەوە بروزی کرد ئەو دەمەی شۆڕشی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ توانی ئەو کلتورە سیاسیە هەڵوەشێنێتەوە کەدەسەڵاتی لەدەستی کۆمەڵێك میراتگردا قەتیس کردبوو، ئەم

---

١٥. هەمان سەرچاوە.

هات و بەشداری دیموکراسیانەی لەهەڵبژاردندا کردە مافێکی ئەصلی تایبەت بەهەر تاکێکەوەو ئەمەش زیاتر لەبانگەشەی مافەکانی مرۆڤی ئەو شۆرشەدا بەدی دەکرێت کە لەپێشەکیەکەیدا هاتووە "تاکەکان بەئازادی لەدایك دەبن و دەژین و یەکسانن لەمافەکانیاندا"[١٦]،هەر لەو بارەیەوەو لەدانیشتنی پێنجەمی ئەنجومەنی نیشتمانی یەکەمین ساڵی شۆرشدا Petion لەبەردەم ئەو ئەنجومەنەدا ووتی"نوێنەرایەتی مافی تاکە کەسە، ئەوە ئەو پرەنسیپەیە کەئینکاری ناکرێت"[١٧]، بەهەمانشێوەو لەدانیشتنی ٢٢هەمینی هەمان ساڵدا رۆبسبیر ووتی "هەموو هاولاتیان، هەر چۆنێك بن، ئەو مافەیان هەیە بگەنە هەموو پلەکانی نوێنەرایەتی و هیچ شتێك لەگەڵ ئەم بانگەشەیەی ئێوەدا بۆ ماف کردوتانە گونجاو نیە کەتیایدا هەموو ئیمتیازو جیاکردنەوەو ئیستسنایەك هەڵدەوەشێتەوە. دەستور دانەنێت بەوەدا کەسەروەری لە(گەل)دا سەقامگیر دەبێت، لەسەرجەم تاکەکانی گەلدا، چونکە هەموو تاکێك کەواتە ئەو مافەی هەیە بەشداری بکات لەپێکهێنانی ئەو یاسایەی خۆی ملکەچ دەبێت بۆی و ئیدارەدانی ئەو شتە گشتییەی بۆ ئەو دەگەرێتەوە، ئەگەر نا ئەوە راست نیە بوترێت هەموو تاکەکان یەکسانن لەمافەکانداو هەموو مرۆڤێکیش هاولاتیە "[١٨]، بەهەمان شێوەو لەبەردەم (ئەنجومەنی دامەزرێنەر)* دا لەدانیشتنی ٢٣یەمینی ساڵی ١٧٩٣دا Condorcetی بریاردەری لیژنەی دەستووری یەکەم بەراوردێك لەنێوان دوو چەمکدا دەکات و دەڵێت چەمکی یەکەم "مومارەسەکردنی مافە سیاسیەکان بەجۆرێك لەجۆرەکان بەوەزیفەی گشتی دەزانن"، بەلام چەمکی دووەم پێی وایە "مافە سیاسیەکان دەبێت بەیەکسانیەکی تەواوەوە بگەرێتەوە بۆ سەرجەم تاکەکان"و لەمە زیاتریش دەڵێت "چەمکی دووەم زیاتر گونجانمان لەگەڵ دادوەری و عەقڵدا پێدەبەخشێت"[١٩]و بەهەمان شێوە لەدارشتنەوەی دەستوری ساڵی سێیەمی شۆرشی فەرەنسیداو لەدانیشتنی ٢٣یەمینی ساڵی ١٧٩٥دا Boissy D, Anqlas بەپەرۆشەوە پارێزگاری لەو بۆچوونە کردو ووتی"ئێمە لەو بروایەدا نەبووین بتوانرێت مافی هاولاتی کۆت و بەند بکرێت، چونکە

---

١٦. د. محمد سليم محمد غزوى- الوجيز فى نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى-٢٠٠٠- ص١٨.

١٧. د. منذر الشاوى- الأقتراع السياسى- منشورات العدالة- بغداد- ٢٠٠١- ص٣٦.

١٨. هەمان سەرچاوە ل٣٧.

١٩. هەمان سەرچاوە ل٣٧.

کۆمـەڵگا لـەو ئەندامانـە پێکهـاتووە کەهـەمووویان یەکسانن و ئـەو ناتوانێـت هـیچ کامیـان دوربخاتەوە"[20]

ئەمانــەی ســەرەوە هۆکارێــك بــوون بــۆ ئــەوەی لەمارســی ١٨٤٨دا لەگــەڵ دروســتبوونی حکومەتی کاتی لەفەرەنسادا بانگەشەیەك بۆ گەلی فەرەنسی بڵاوبکرێتـەوە کەتیایـدا هـاتبوو "هــەموو فەرەنــسیەك لەتەمــەنی پیاوەتیــدا، هاوڵاتیــەکی سیاســیە، هــەموو هاوڵاتیــەکیش دەنگـدەرە، هـەموو دەنگـدەرێکیش خـاوەن سـەروەرییە. یاسـاش تـاك و تـەنیاو رەهایـە بـۆ هەمووان"[21]

---

٢٠. هەمان سەرچاوە ل٣٧.

٢١. هەمان سەرچاوە ل٣٨.

**دووەم: بەوەزیفە بوونی هەڵبژاردن**

بەپێچەوانەی حاڵەتەکەی پێشووەوە لایەنگرانی ئەم تیۆریە پێیان وایە بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا وەزیفەیە نەك ماف و بۆ پشتئەستور کردنی ئەو بیروڕایەشیان پەنا دەبەنە بەر سەروەریی نەتەوەو دەڵێن سەروەری یەکەیەکی لێکنەپچڕاوو یەکگرتووەو قابیلی دابەشکردن نیەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەتەوەیەی کە کەسایەتیەکی مەعنەوی دەنوێنێت و جیاوازە لەو تاکانەی پێکیانهێناوە.[٢٢]، بەگوێرەی ئەم بۆچونە سەروەری دابەش نابێت بەسەر تاکەکانداو ئەمەش وادەکات تاکەکان مافی بەشداربوونیان نەبێت لەهەڵبژاردنەکاندا بەو بیانوەی کۆی سەروەری تاکەکان، سەروەری گەل پێکهێناوە وەك لەتیۆری بەماف بوونی هەڵبژاردندا بانگەشە دەکراو هەڵبەت جەغتکردنەوە لەسەر بەوەزیفە بوونی دەنگدان و سەروەری نەتەوە ئەوەندەی ماف و ئازادی داوەتە نەتەوە بتوانێت چەندین مەرج و کۆت و پێوەند لەبەردەم ئەو کەسانەدا دابنێت کەرێگەیان پێدەدرێت بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن و فراوانبوون و بەرتەسکبوونی دەستەی دەنگدەرانیش بەستراوەتەوە بەو مەرجانەوە کەبڕیاروایە لەکەسی دەنگدەردا هەبێت و لەهەمانکاتدا کاتێك دەوترێت بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا وەزیفەیە واتا ئەرکێکەو دەدرێت بەئەستۆی هاوڵاتیداو دەبێت پێی هەڵسێت و هەر سەرپێچی کردن و خۆلێدزینەوەو فەرامۆشکردنێکی دەبێتە مایەی لێپێچینەوەو سزادانی یاسایی و ئەمەش وا دەکات بەشداریکردن لەپرۆسەیەکی ئاوهادا ببێتە ئەرکێکی زۆرەملێ (ئیجباری) لەسەر تاکەکان. هەروەك ئەنجومەنی دامەزرێنەری دەستوری ساڵی ١٧٩٣و١٧٩٥ی فەرەنسی و بەتایبەتی هەندێ نوێنەرەکانی وەك Barnave لەدانیشتنی ١٧٩١/٨/١١دا بەتوندی وەڵامی بیروڕایەکەی پێشوی دایەوە سەبارەت بەوەی هەڵبژاردن ماف بێت و ووتی "هەڵبژاردن وەزیفەیەو صیفەتی دەنگدەریی مافی هەموو کەسێك نیەو هەموو کەسێك ناتوانێت بۆخۆی بانگەشە بکات و دەبێت کۆمەڵ بیبەخشێتە ئەو کەسانەی بەرژەوەندی خۆی تیایاندا دەبینێتەوە"[٢٣]، ئەمەش دیسانەوە جەغت کردنەوەیە لەسەر بەر تەسك کردنەوەی مەودای دەنگدەران و مومارەسە کردنی دەنگدەرانیشە لەو وەزیفەیەدا بەشێوەیەك خۆیان بەخاوەن سەروەری دانەنێن و بەڵکو خۆیان بەخزمەتکاری ئەو سەروەریە دابنێن کەنەتەوە خاوەنیەتی و هەر لەو بوارەدا

٢٢. هەمان سەرچاوە ل٣٨.

٢٣. د. حمید الساعدی– مبادئ القانون الدستوری وتطور النظام السیاسی في العراق– دار الحکمة للطباعة والنشر– موصل– ص٨٨.

دەستوری ساڵی ۱۷۹۱ی فەرەنسی بەشێوەیەك داڕێژرا کەتیایدا هاتبوو "هەموو فەرەنسیەك هاولاتیە، بەلام هەموو هاولاتیەك شایستەیی دەنگدان (الاهلیە الانتخابیە)ی نیە تەنها بەگوێرەی مەرجە تایبەتەکان نەبێت".[۲٤] بەم پێیە ئەوەی شایستەیی دەنگدانی هەیە وەك عەمید دیگی دەڵێت "ئەو کەسانەن کەکار دەکەن، چونکە هەموو فەرەنسیەکان هاولاتین، بەلام هەموویان کرێکار نین کەئەمەش مافە، بەلام ئەوانەی مەرجە دیاریکراوەکانیان تێدایە، دەنگ دەدەن، ئەوانە هاولاتیە کرێکارەکانن، دەنگدەرەکانن، کەئەمەش وەزیفەیە".[۲٥]

هەڵبەت ئەم بیرو بۆچونانە زۆر جەغتی لەسەر دەکرایەوە لەلایەن بۆرژواو ئەریستۆکراسەکانەوە لەسەردەمی شۆرشی فەرەنسیداو تەنانەت ئەم جەغت کردنەوەیە لەسەر سەروەری نەتەوە بووە مایەی دروستبوونی چەندین حکومەتی دیمۆکراسی و نادیمۆکراسی و هەمویان بانگەشەی سەروەری نەتەوەیان دەکرد، تەنانەت ئەم حاڵەتە بەروونی بەدیدەکرا لەسەردەمی هاتنەوە سەر تەختی حوکمی رەهای پاشایەتی دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆنی یەکەم.[۲٦]

لەراستیدا ئەم جۆرە بەشداریکردنەی هاولاتیان، دەنگدانی سنورداری لێدەکەوێتەوە بەشێوەیەك ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن لەدەنگداندا دەبێت شیاوبن، بەو مانایەی هێندە شیاوبن لەرووی مەعریفەی زانستی و توانستی داراییەوە کەبتوانن وەزیفە گشتیەکان بەڕێوەبەرن و بەشداری لەبەڕێوەبردنیدا بکەن.

### ئاراستەی سێیەم

ئەم ئاراستەیە بەتێهەڵکێشی هەردوو ئاراستەکەی پێشوو دادەنرێت و پێی وایە هەڵبژاردن ماف و وەزیفەشە، چونکە لەهەمان کاتدا هەم مافێکی تاکە کەسەو تاك ئازادە لەمومارەسەکردن و فەرامۆشکردنی بەتایبەت لەو بوارانەدا کەتایبەتە بەباج و سەرانەوە، ئەوا تاك تەنها دەتوانێت ئەو باجانە بدات کەنوێنەرەکانیان لەپارلەمان لەسەری کۆکن، لەهەمان کاتدا ئەوانەی دەنگدەدەن تەنها گوزارشت لەخۆیان ناکەن و بەڵکو دەنگەکانیان دەنگی هەموو ئەوانەشە کەتوانای دەنگدانیان نیە بەم پێیە دەکرێت هەردوو بیروڕاکە سەبارەت بەهەڵبژاردن کۆبکەینەوە لەم وتەیەی کاری دی میلبرج دا کە دەڵێت "کۆکردنەوەی ماف و

---

۲٤. د. محمد سليم محمد غزوى- الوجيز فى نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى- ۲۰۰۰- ص۱۹.

۲٥. د. منذر الشاوى- الأقتراع السياسى- منشورات العدالة- بغداد- ۲۰۰۱- ص٤٥.

۲٦. د. منذر الشاوى- الأقتراع السياسى- منشورات العدالة- بغداد- ۲۰۰۱- ص٤٦.

وەزیفەی هەڵبژاردن پێکەوە دەگونجێت و دەشێت، چونکە هەڵبژاردن تا ئەو کاتەی دەنگدەر ناوی خۆی لەخشتەی هەڵبژاردنەکاندا تۆمار دەکات و یاسا پارێزگاری لێدەکات لەرێگای نوسینی داوای یاساییەوە بەماف دادەنرێت و هەر کەدەنگدەر مومارەسەی ئەم مافەی کرد لەپرۆسەی دەنگداندا، مافەکە دەبێتە وەزیفە"[٢٧]، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی یاساناسانی بواری یاسای دەستوری و پسپۆرانی بواری هەڵبژاردن پێیان وایە بەشداریکردنی دەنگدەر لەپرۆسەی هەڵبژاردندا ئەگەر مافێکی راستەقینەش بێت لەهەمانکاتدا ئەرکێکی ئەخلاقیەو خۆلادان و خۆدزینەوە لەبەشداریکردنی مانای نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی و بێ باکی و فەرامۆشکاری تاکەکان دەگەیەنێت و ئەمەش بەنەبونی وشیاری و ناتەندروستی کۆمەڵ دەتوانرێت بناسرێت.

## دەنگدانی سنوردارو دەنگدانی گشتی

**دەنگدانی سنوردار:** سەرەتای پرۆسەکانی دەنگدان لەسەرجەمی دونیادا کورتکرابۆوە لەمەودایەکی بەرتەسکدا کەخۆی لەچوارچێوەیەکی مادی و مەعریفی یان شایستەیی دارایی و شایستەیی زانستی (واتا توانستی دارایی و زانستی و بڕوانامەدا) دەبینیەوە. هەڵبەت ئەم جۆرە دەنگدانە لەئەنجامی پراکتیزەکردنی ئەو فکرەیەوە زیاتر گەشەی کرد کەجەغتی لەسەر بەوەزیفەکردنی دەنگدان و هەڵبژاردن دەکردەوە. بەم پێیە ئەوکەسەی خوازیارە بەشداری بکات لەپرۆسە سیاسیەکاندا دەبێت لانی کەم توانایەکی دارایی و سامانی ئەوتۆی هەبێت کەبتوانێت ئەو باج و سەرانەیە بدات کەدەوڵەت دایدەنێت لەسەر هاوڵاتیان، بەگوێرەی ئەم بیرو رایە کەسێك نەتوانێت هاریکاری حکومەت و دەوڵەت بکات لەجێبەجێکردنی یاسای باج و هاریکاریکردنی دەوڵەت لەرووی داراییەوە بەگوێرەی ئەو یاسایەی حکومەت دەیسەپێنێت، ئەوا ناتوانێت لەرووی سیاسیشەوە هیچ هاریکاریەك پێشکەش بکات، هەڵبەت بیریارانی ئەم لایەنەی هەڵبژاردن بۆ ئەم بیرورایەیان بیانوو دەهێننەوەو دەڵێن، ئەگەر کەسێك توانایەکی دارایی ئەوتۆی هەبێت کەبتوانێت لانی کەمی پێداویستییەکانی ژیانی تایبەتی دابین بکات و لەتواناشیدا بێت باج بدات ئەوە ترسی ئەوەی لەسەر نیە دەنگەکەی خۆی بفرۆشێت و ئەو کەسانەی ئاستی داراییان نزمە کەمتر گوێ بەپرۆسە سیاسیەکان دەدەن و لەئاستی بەرپرسیارێتیدا نین و بەرژەوەندییە بەرتەسکە ئابوریەکانی خۆیان پێش هەموو بەرژەوەندییە گشتی و سیاسیەکان دەخەن. بەشێوەیەکی

---

٢٧. د. منذر الشاوی– القانون الدستوری (نظریة الدولة)– منشورات مرکز البحوث القانونیة– بغداد– ١٩٨١– ص٧٣.

گشتی زاراوای Cens Electoral بەکاردەهێنرێت بۆ ئەو باجەی لەپای بەشداریکردن لەهەڵبژاردندا دەدرێت[٢٨]، ئەگەر سەیرێکی مێژوی فەرەنسا بکەین دەبینین دەستوری ١٧٩١ هەڵبژاردنی بەرتەسك كردبۆوە تەنها بۆ ئەوانەی دەیانتوانی هێندەی نرخی سێ رۆژی كاركردن باج بدەنە حكومەت و ئەمەش بووە مایەی بێبەشكردنی ١/٣ واتا سێ یەكی هاولاتیان لەپرۆسەی دەنگدان، دەنگدەرانیشی دابەشكردبووە دوو پلەو دەنگدەرانی پلە دوو دەبوایە باجێكی زیاتریان بدایە كەئەمەش بووبووە هۆی ئەوەی لیستی ناوی دەنگدەران لەچەند سەد هەزار كەسێك تێپەر نەكات. هەروەك لەدەستوری ساڵی سێیەمی شۆرشدا راستەوخۆ خشتەی ناوی ئەو هاولاتیانەی ناویان لەدامەزراوەی باج هەبوو وەك باجدەر، لیستی ئەو ناوانەی بەخشتەی هەڵبژاردن واتا لیستی دەنگدەران، ئاشكرا كرد. دوای روخانی ناپلیۆنیش هەر كەسێك بیتوانیبایە ٣٠٠ فرەنكی فەرەنسی بداتە حكومەت، ناوی دەخرایە ناو لیستی دەنگدەرانەوە[٢٩]، سەبارەت بەئینگلتەرا، هەتا پێش ساڵی ١٨٣٢ بۆ ئەوەی كەسێك ببوایەتە دەنگدەر دەبوو ١٠ جونەیهی زێر وەك كرێیەكی ساڵانە بداتە دەسەلات و لەساڵی ١٨٧٦دا ئەم برە دابەزی بۆ ١٠ جونەیهی ئیستەرلینی و بەمەش ژمارەی دەنگدەران بووە دوو ملیۆن كەس.[٣٠] لەویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاش سیستەمی سەرانەی هەڵبژاردن پەیرەو دەكرا تا لەدەستوری ساڵی ١٩٦٤دا چاكسازی بەسەر سیستەمەكەدا هات و هەڵبژاردن كرایە پرۆسەیەكی گشتگیر[٣١]، تەنها لەهەندێك لەویلایەتەكانی باشور نەبێت كە لەبری مەرجی باج و سەرانە مەرجی خوێندەواری و تێگەیشتن لەدەستوری ولاتەكەو توانای شیكردنەوەی دەستورەكە بەشێوەیەكی ژیرانە، تائێستاش دەكەنە مەرج لەسەر كەسی دەنگدەر.[٣٢]

جۆرێكی تر لەو مەرجانەی پەیرەو دەكرێت لەهەڵبژاردنی سنورداردا بوونی مەرجی شایستەیی زانستیە كە ئەم مەرجە لەفەرەنسادا لە١٨٣٠-١٨٤٨وەك بیانویەك هێنرایەوە بۆ بەشداریكردنی هەندێ لەو ئەریستۆكراسیانەی نەیاندەتوانی بەگوێرەی یاساكانی هەڵبژاردن باج بدەن، بۆیە حكومەت بۆ ئەوەی بەشداریكردنی ئەو خەڵكە ئەكادیمیانە

---

٢٨. د. محمد سليم محمد غزوي- الوجيز في نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى- ٢٠٠٠- ص٢٠.

٢٩. د. منذر الشاوي- الأقتراع السياسي- منشورات العدالة- بغداد- ٢٠٠١- ص١٢٦.

٣٠. هەمان سەرچاوە ل٢٤.

٣١. هەمان سەرچاوە ل٢٤.

٣٢. هەمان سەرچاوە ل٢٤.

شەرعی بکات، ئەم مەرجەی داناو دواتر لەهەندێ لەویلایەتەکانی خوارووی ئەمریکادا ئەم مەرجە بەرەسمی جێبەجێ کرا.[٣٣] بەهەمانشێوە لەهەندێ دەوڵەتی تردا مەرجێکی قورستر لەسەر کەسی نەخوێندەوار دانرابوو لەچاو کەسی خوێندەواردا، کەسی نەخوێندەوار لەرووی تەمەنەوە مەرجی زیاتری لەسەر دانرابوو لەچاو کەسی خوێندەواردا ئەویش بۆ پارسەنگکردنەوەی ئەو زانستەی کەخوێندەوارێك لەرێگای زانست و خوێندنەوە فێری دەبێت بەو زانستەی مرۆڤ لەئەنجامی مومارەسەی ژیانی رۆژانەیەوە فێری دەبێت، پورتوگال بەم نۆرمە کاری دەکردو مەرجی لەسەر دەنگدەری نەخوێندەوار دانابوو کە بەخێوکەری خێزان بێت و لەئیتاڵیاش دەنگدەری بێ بڕوانامە دەخرێتە بەر تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی وشیاری و زانستیی.[٣٤]

**دەنگدانی گشتی:** مەبەست لەدەنگدانی گشتی بەشداریکردنی تەواوی هاوڵاتیانە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بەگوێرەی ئەو مەرجانەی کەیاسای هەڵبژاردن دایدەنێت لەبەردەمیاندا، کەئەوانیش چەند مەرجێکن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی شیاویی هاوڵاتیان دادەنرێت و بەمەرجەکانی شایستەیی سیاسی (الأهلیة االسیاسیة) ناو دەبرێن و لەوڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.

لەم بارەیەوەو لەرووی مێژووییەوە دەکرێت باس لەئەزموونی فەرەنسای ساڵی ١٧٩٣ بکەین کە بەگوێرەی دەستوری ساڵی هەشتەمی دوای شۆرش بڕیاری لەسەر درا، بەڵام دواتر هەڵبژاردن کرایە پرۆسەیەکی سنوردارو تاساڵی ١٩٤٤ تەنها تایبەت بوو بەپیاوان و بەمەش مەرجی رەگەز (پیاوەتی) بووە مەرجێك لەسەر هاوڵاتی دەنگدەر، بەڵام لەساڵی ١٩٤٤ بەدواوە هەموو هاوڵاتیەك بەبێ جیاوازی رەگەز دەیتوانی بەشداری دەنگدان بکات. لەئینگلتەراش لەساڵی ١٩١٨دا هەڵبژاردن کرایە پرۆسەیەکی گشتگیر.[٣٥] بەشێوەیەکی گشتی لەزۆربەی دەوڵەتانی رۆژئاواو ئەوروپادا دەنگدان وەك پرۆسەیەکی دیموکراسی لەدایکبوو، کە لەسەرەتادا تایبەت بوو بەپیاوان، بەڵام دواتر ووردە ووردە ژنانیشی گرتەوەو بەم پێیە لەئەمریکادا بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٨٦٩دا لەویلایەتی "وایۆمین"Wyoming و لەئوستورالیا لە١٩٠١داو لەدانیمارك لە١٩١٥داو لەبەریتانیا لە١٩١٨دا ئەم مافە بۆ ژنان

---

٣٣. د. حمید الساعدی- مبادئ القانون الدستوری وتطور السیاسی في العراق- دار الحکمة للطباعة والنشر- موصل- ص٩٠.

٣٤. ابراهیم عبدالعزیز شیحة- النظم السیاسیة والقانون الدستوری- ١٩٩٨ ص٢٧٣.

٣٥. د. محمد سلیم محمد غزوی- الوجیز فی نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولی- ٢٠٠٠- ص٣٥- ٣٦.

دابینکرا.(٣٦) لێرەوە هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن بەبێ بەشداری ژنان تیایدا، دەکرێت بەپرۆسەیەکی سنوردار دابنرێت.
هەڵبەت ئەو مەرجانەی کە لەدەنگدانی گشتیدا هەیە، کۆمەڵێك مەرجی یاساین و ئامانج لێیان وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ڕێکخستنی هاولاتیان و دەرخستنی ئاستی شیاویانە لەو کاروبارانەدا کەدواڕۆژی گەل و نەتەوەو دەوڵەتی لەسەر بەندە، بۆیە یاسا خۆی دەکاتە خاوەنی کۆمەڵێك چاودێریی بەسەر هاولاتیانەوە تا لەکاتی پێشێلکردنی هەر یەکێ لەو مەرجانە، سەرپێچیکاران بخاتە بەر لێپرسینەوە.
لێرەدا دەکرێت بەکورتی باسی ئەو مەرجانە بەم شێوەیەی خوارەوە بکەین...

## ١. مەرجی تەمەن

ئەم مەرجە لەبەردەم دەنگدەراندا دادەنرێت و ئامانجی سیاسی لەپشتەوەیە، هەرزەکاران لەبەشداریکردنی ئەم پرۆسەیە بێبەش دەکرێن، چونکە توندڕەوو سەرەڕۆن، بۆیە زۆرینەی دەوڵەتان تەمەنی شایستەیی مەدەنی بەشایستەیی سیاسی دادەنێن، بەلام هەندێ لەدەوڵەتان تەمەنێکی بالاتر لەتەمەنی مەدەنی دادەنێن، چونکە پێیان وایە لاو، شۆرشگێڕانە بریار دەدات، وەك Batbie نوێنەری فەرەنسی بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەم بیروڕایە دەڵێت "لەتەمەنی٢١ ساڵیدا دەنگدەر بەدڵ و بەگیان دەنگ نادات بەڵکو بەعاتیفەو سۆز دەکەوێتە ژێر کاریگەری سۆزەوەو بێ ئەزمونانە بڕیار دەدات "(٣٧) بەشێوەیەکی گشتی ئەم مەرجە لەسەر دەنگدەر لە١٨١٤دا بە٣٠ ساڵ دانراو لەدەستورەکانی ١٨٣٠و ١٧٩١دا بە٢٥ ساڵ دانراوەو لەدەستورەکانی ١٧٩٣و ١٨٤٨دا بە٢١ ساڵ دانراوە، بەلام لە١٩٧٤ بەدواوە بە١٨ ساڵ دیاریکراوە کەهەمان تەمەنی شایستەیی مەدەنیە لەفەرەنسادا.(٣٨) بەم پێیە دەبینین چەندە دەستورەکە دواکەوتوانەو کۆنە پەرستانەو

---

٣٦. موريس دوفرجيه- المؤسسات السياسية والقانون الدستوري الأنظمة السياسية الكبرى- ت: د. جورج سعد- المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- الطبعة الأولى- بيروت- ١٩٩٢- ص٨١.

٣٧. د. محمد سليم محمد غزوي- الوجيز في نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى- ٢٠٠٠- ص٣١- ٣٢.

٣٨. موريس دوفرجيه- المؤسسات السياسية والقانون الدستوري الأنظمة السياسية الكبرى- ت :د. جورج سعد- المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- الطبعة الأولى- بيروت- ١٩٩٢- ص٨٢.

شۆڕشگێڕانە بێت، هێندە تەمەنە مەرجکراوەکە بالاتر دەبێت و بەپێچەوانەوە. لەئێستاشدا مەرجی تەمەن لەزۆرینەی دەوڵەتانداو بەتایبەت لەئەڵمانیاو بەریتانیاو نەمساو ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە١٨ ساڵ دادەنرێت کەهەمان تەمەنی ئەهلیەی مەدەنیەو لەولاتانی تری وەك دانیمارك و سویدیش بە٢٠ ساڵ دادەنرێت.(٣٩) سەبارەت بەعێراقیش لەسەردەمی پاشایەتیدا مەرجی شایستەیی تەمەن بە٢٠ ساڵ دانرابوو، بەلام لەسەردەمی کۆماریدا ئەو مەرجە کرایە ١٨ساڵ و لەدەستوری ساڵی ١٩٥٦ی میسریشدا شایستەیی تەمەنی سیاسی بە١٨ ساڵ دیاریکراوە(٤٠)، لەلوبنانیش بە٢١ ساڵ دیاریکراوە.(٤١)

## ٢. مەرجی ڕەگەزنامە (هاولاتی بوون)

ئەم مەرجە بەستراوەتەوە بەبوونی ڕەگەزنامەی ئەو ولاتەی کەتاکەکان تیایدا نیشتەجێن، واتا دەبێت ئەو کەسانە هاولاتی ڕەسەنی ئەو ولاتە بن یان بەگوێرەی ( یاسای دەولی خاص)ی ئەوولاتەی تیایدا نیشتەجێن ڕەگەزنامەیان وەرگرتبێت و یاسای هەڵبژاردنی ئەو ولاتە یان دەستورەکەی مافی بەشداریکردنی بۆ دابینکردبن لەهەڵبژاردنەکاندا، چونکە مافی هەڵبژاردن تەنها هی ئەو کەسانەیە کە بەتەنگ بەرژەوەندی دەوڵەتەوەن و هاولاتیش ئەو کەسەیە کەنرخی ئەو بەرژەوەندیانە دەزانێت. هەر لەبەرئەوەیە هەندێ دەوڵەت ماوەیەکی زەمەنی دادەنێت بۆ ئەو کەسە بێگانانەی ڕەگەزنامەی دەوڵەتەکەی وەردەگرن بەر لەبەشداریکردنیان لەو پرۆسەیەدا، واتا دەبێت ماوەیەك بەسەر وەرگرتنی ڕەگەزنامەکانیاندا تێپەر بووبێت ئەوجا دەتوانن خۆیان بپالێون یان دەنگبدەن و هەڵبەت ئەمەش بۆ دڵنیا بوونی دەوڵەتەکەیەو متمانە کردنێتی بەو هاولاتییەی بەڕەگەزنامە بووەتە هاولاتی نەك بەرەسەن و نەژاد. بۆنمونە لەئەمریکادا نزیکەی زیاتر لەدوو ملیۆن کەسی ناهاولاتی نیشتەجێن کەئازادی کارو بیرکردنەوەیان هەیەو دەتوانن منالەکانیان بخەنە بەر خوێندن و سود لەو ئیمتیازانەش وەربگرن کە بۆ هەمووانە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینرێت هەندێ کۆسپ و تەگەرەی تر لەبەردەمیاندایە بەتایبەت لەمەسەلەی بەشداریکردنیاندا

---

٣٩. د. محمد سليم محمد غزوى- الوجيز فى نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى-٢٠٠٠- ص٣١.

٤٠. د. منذر الشاوى- قانون الدستورى (نظرية الدولة)- منشورات مركز البحوث القانونية- بغداد- ١٩٨١- ص١٤٠.

٤١. د. اسماعيل الغزال- القانون الدستورى والنظم السياسية- المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- الطبعة الأولى- ١٩٨٢- ص١٥٦.

لەهەڵبژاردندا، یان بۆ ئەوانەی داوای ئەنجامدانی کاری پارێزەری و پزیشکی دەکەن یان ئەوانەی داوای وەزیفەی رەسمی دەکەن، بۆیە بۆ ئەوەی بۆ ئەم کارانە بشێن دەبێت بەر لەهەموو شت بەشێوەیەکی یاساییانە چوبێتە ناو وڵاتەکەوەو ماوەی پێنج ساڵی یەك لەدواییەکی تیا بەسەر بردبێت و هیچ تاوانێك و گێرەشێوێنیەکیشی ئەنجام نەدابێت ئەوجا دەبێتە ژێر فەرمان (رەعیەت) و بۆ ئەوەش دەبێت بەداوانامەیەکی رەسمی داوابکات کە ئەو دەیەوێت رەگەزنامەی ئەمریکای دەستکەوێت و ئەمکارەش دەبێت لەرووی یاساییەوە لەبەردەم فەرمانبەری یەکێك لەدووهەزار دادگا فیدراڵیەکەی تایبەت بە مەسەلەی رەگەزنامەوەن، ئەنجامی بدات. دوای لانی کەم دوو ساڵ و لانی زۆر حەوت ساڵ دەبێت خاوەن داواکە جارێکی تر داواکەی پێشکەش بکاتەوەو سوێند بخوات کە ئەو دژ بەحکومەتە سیستماتیکیەکەی ئەمریکا نیەو بەدڵ و گیان بڕوای بە بنەماکانی دەستوری ویلایەتە یەکگرتوەکان هەیەو دەستی لەدۆستایەتی هەر حکومەت و مەلیکێکی بێگانە هەڵگرتووەو سوێند بخوات کە ئەو رێز لەدەستورو یاساکانی ئەمریکا دەگرێت و پارێزگارییان لێدەکات لەدەستدرێژی ناوخۆو دەرەوە. پاش ئەم رێورەسمە ئەوجا دوو شایەت دێن و شایەتی لەسەر شایستەیی کەسەکە دەدەن و پاشان سوێندی پەیوەستداری و وەلائی خۆی دەخوات و پاش ٣٠ رۆژ لەم رێورەسمە دادوەر ئەگەر بڕوای بەداواکە هێنا ئەوا واژۆی لەسەر دەکات و ئەو کەسە دەبێتە هاوڵاتیەکی ئەمریکایی.[٤٢]

### ٣. مەرجی شایستەیی ئەدەبی و رەوشت

سەرجەمی یاساکانی هەڵبژاردن لەدونیادا مافی بەشداریکردنی سیاسی لەو هاوڵاتیانە دەسەننەوە کەتاوانێك ئەنجامدەدەن کاریگەری نێگەتیڤ جێدەهێڵێت لەسەر کۆمەڵگاو دەبێتە مایەی تێکشکانی ئادابی گشتی و نیزامی گشتی دەوڵەت. هەڵبەت ئەو تاوانەش سەرجەمی ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە بەجەریمە حساب دەکرێن لەگەڵ ئەو تاوانانەش کەدەبنە مایەی لەکەدارکردنی شەرەف وەك تەزویرو خیانەت و کاری سیخوڕی و دزی و ...... تد، جا ئەو تاوانانە لەرووی یاساییەوە بە(جنح) حساب کرابن یان بە(جریمە) گرنگ ئەوەیە بەگوێرەی یاسای جنائی حوکم دەدرێن، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی تاوانێك ئەنجامدەدەن بەجنح حساب دەکرێت ئەوا دوای تەواو کردنی حوکمەکەی، ئەگەر یاسایەك نەبێت رێگای لێبگرێت، دەتوانێت مومارەسەی سیاسیانەی خۆی بکات، لەکاتێکدا ئەوانەی

---

٤٢. الولايات المتحدة الأمريكية حكومة بواسطة الشعب– كاثرين سكلر هدصن– جامعة الأمريكية في واشنطن– ص؟.

ئەنجامدەری تاوانی جەریمەن ناتوانن بەهیچ جۆرێك لەدوای تەواوکردنی حوکمەکەشیان بەشداری هیچ پرۆسەیەکی سیاسی دەنگدان و هەڵبژاردن بکەن تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت لێبووردنێکی گشتی بیانگرێتەوە، چونکە لێبووردنی گشتی تاوان و سزاکەی پێکەوە دەسڕێتەوە.[٤٣]

### ٤. مەرجی شایستەیی عەقڵی

ئەم مەرجە پەیوەستە بەئاستی ژیری تاکەکانەوە، واتا تاچەند تاکەکە خاوەن عەقڵ و ئیدراکە، چونکە ناکرێت خەڵکی شێت و توش بوو بەنەخۆشی دەروونی و شێتیی کاتی، بەشداری بکەن لەپرۆسەی دەنگداندا. ئەو کەسانەی بەتەواوی شێتن، بەتەواوی مافی دەنگدانیان لێدەسەندرێتەوە، بەڵام ئەوانەی شێتبوونی کاتییان لەگەڵدایە ئەوا پاش چاکبوونەوەیان دەتوانن بگەڕێنەوە ژیانی ئاسایی و مومارەسەی سەرجەم مافە مەدەنی و سیاسیەکانیان بکەن.

هەڵبەت یاساکانی هەڵبژاردن مەرجی بەشداری نەکردنی ئەو کەسانەی نەخۆشی شێتییان لەگەڵدایە دادەنێن تەنها لەبەر ئەوەی زانایانی بواری تەندروستی و سیاسی کۆکن لەسەر ئەوەی کەسی شێت ناتوانێت چاك و خراپ لەیەکتر جیابکاتەوەو ئەمەش وادەکات نەزانێت بەرژەوەندی گشتی لەچیدایەو لەکوێدایە.[٤٤]

لێرەدا جێی ئاماژە بۆکردنە، سەرباری ئەو مەرجانەی سەرەوە کۆمەڵێك مەرجی تر هەن لەسەر کەسی دەنگدەر دادەنرێت بەتایبەتی لەو دەوڵەتانەدا کە کەمتر دیموکراسین، لێرەدا من پێم وایە ئەو جۆرە مەرجانە لەسەر دەنگدەر دەبنە هۆی سنوردارکردنی هەڵبژاردنەکان، بەڵام بەپێویستی دەزانم لێرەدا بەکورتی لەسەرئەو مەرجانە بدوێم:

### ١. جۆری رەگەزایەتی لەرووی جۆری کۆمەڵایەتیەوە

ئەم مەرجە لەزۆرینەی ئەو وڵاتانەدا کەدواکەوتوون یان سیستەمێکی سیاسی دینی تیایاندا باڵادەستە پەیڕەو دەکرێت، کەتیایدا رێگا بەژنان نادرێت بەشداری پرۆسەکانی دەنگدان بکات و خۆی بپاڵێوێت بۆ پۆستە گشتییەکان. بۆ نمونە لەدەستوری ئەمریکادا

---

٤٣. محمد نظیف البرواری- النظم السیاسیة وطرق الأقتراع- وزارة الثقافة- کوردستان- السلیمانیة ص٣٨.

٤٤. د. محمد سلیم محمد غزوی- الوجیز فی نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولی- ٢٠٠٠- ص٣٢.

لەهەمواركردنی نۆزدەهەم ئەو مافە بەرەسمی لەدەستوردا درا بەژنان كە بەمادەی نۆزدە ناودەبرێت و تیایدا هاتووە "برگەی یەكەم: مافی دەنگدان ئینكاری ناكرێت بۆ هاوڵاتیانی ویلایەتە یەكگرتووەكان، یان كەم ناكرێتەوە جا لەویلایەتە یەكگرتوەكان خۆی یان هەر ویلایەتێكی ترەوە بەهۆی مێینەیی و نێرینەییەوە. برگەی دووەم: كۆنگرێس دەسەڵاتی دەركردنی یاسای پێویستی هەیە بۆ جێبەجێكردنی ئەم یاسایە"[٤٥] كە ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو رایەی هەردەم بیرو بۆچوونی سیاسی لەدەوڵەتانەدا بەر لەپرۆسەی دیموكراتیزەكردن پێی وابووە كاری ژنان خزمەتكردنی ماڵ و خێزانەو ئەركەكانی تر بەئەركە سیاسیەكانیشەوە كاری پیاوانەو پیاو دەبێت پێوەی مامەڵە بكات، هەروەك ئەزمونەكان دەریدەخەن رێگەدان بەبەشداریكردنی ژنان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا ئەنجامێكی پێچەوانەی هەیە لای ئەو پارت و ئایدۆلۆژیا سیاسیانەی جەغت لەسەر ئەم مافە دەكەنەوە بۆ نمونە پارتە چەپەكان بەبەدیهێنەری مافی دەنگدانی ژنان دادەنرێن، لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا بینرا بەو پێیەی بەگشتی ژنان سروشتێكی موحافیزكارانەیان هەیە، دەنگەكانیان بەلای پارتە راستڕەوەكاندا زیاتر رۆیشت وەك لەپارتە چەپەكان.[٤٦] هەرچۆنێك بێت مافی بەشداری سیاسی ژن لەوڵاتانی دونیادا بەم شێوەیە بووە: ئینگلتەراو سۆڤیەت لەساڵی ١٩١٨، ئەڵمانیا ١٩١٩، وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا١٩٢٠، سوید١٩٢٠، نەرویج١٩١٣، دانیمارك ١٩١٥، ئیسپانیا١٩٣١، توركیا١٩٣٤، یۆنان ١٩٢٠، بەلجیكا ١٩٢٠، فەرەنسا ١٩٤٤، سویسرا ١٩٧١و ئەمەش بێگومان لەئەنجامی بەشداریكردنی ژنانەوە بووە لەگۆڕەپانە ئابوری و كۆمەڵایەتیەكەدا لەهەردوو سەدەی نۆزدەو بیستداو كاریگەری ئیجابی بزوتنەوەكانی ژنانیش لەسەر ئەم رەوتە هەبووە.[٤٧]

### ٢. وەزیفە لەرووی سەربازی و مەدەنیەوە

لەرووی وەزیفیەوە ئەو كەسانەی كەپلەی سەربازیان هەبوو یان لەسوپادا كاریان دەكرد، لەفەرەنسادا لەماوەی كۆماری ناپلیۆنی سێیەمدا مافی دەنگدانیان نەبوو ئەمەش

---

٤٥. الولايات المتحدة الأمريكية حكومة بواسطة الشعب- كاثرين سكلر هدصن- جامعة الأمريكية فى واشنطن- ص١٣٩.

٤٦. د. محمد سليم محمد غزوى- الوجيز فى نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى- ٢٠٠٠- ص٢٩.

٤٧. د. محمد سليم محمد غزوى- الوجيز فى نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى- ٢٠٠٠- ص٣٠.

لەبەرئەوەی سیاسەت لەدەسەڵاتی کونسولیەت دوربخەنەوەو نەهێڵن سوپا دەسەڵاتە سیاسیەکانیش بۆخۆی مۆنۆپۆڵ بکات و بەپێچەوانەشەوە تا لەهێزو سوپادا سیاسەت بەکارنەهێنرێت، لەراستیدا لەو دەوڵەتانەی بەئەنجام گەیاندنی خزمەتی سەربازی بەئیجباری بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنرێت، تەمەنی بەشداریکردنی هەڵبژاردن زیاتر کراوە تاکو ئەو مافە لەو هاوڵاتیانە قەدەغە نەبێت کە لەخزمەتی سەربازیدان.[٤٨] هەندێکی تر پێی وابوو گەر سەربازەکان بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن ئەوا ناتوانین پێشبینی هەڵبژاردنێکی نەزیهانەو خاوێن بکەین، چونکە ئەوان دەکەونە ژێر کاریگەری سەرۆکەکانیانەوەو بەفەرمانی ئەوان دەنگەکانیان دەدەن.[٤٩]

### ٣. رەچەڵەك و نەژاد

مەسەلەی رەچەڵەك و نەژاد پێشینەیەکی مێژوویی هەیەو لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسیدا درێژەی کێشاوە، لەیادمان نەچێت لەسەردەمی دیمۆکراسیەتی راستەقینەی یۆنانیەکان لەئەتینای پایتەختدا، بەبیانوی بێگانەیی هەندێك لەتاکەکانەوە بێبەش دەکران لەپرۆسەی بەشداریکردنی کاروبارە گشتییەکان و ئەم مەسەلەیە تا ئەمرۆش لەهەندێك لەوڵاتانی دونیادا پەیرەو دەکرێت، بۆ نمونە عێراق بەهیچ شێوەیەك رێگا نادات بەبێگانەکان تەنانەت ئەگەر چەندین ساڵ بەسەر مانەوەیاندا تێپەڕ بووبێت و رەگەزنامەی عێراقیشیان وەرگرتبێت، بەشداری لەهەڵبژاردنەکانیدا بکات. لەوڵاتانی هەمەنەژادەکان (فرە نەژادەکان)دا دەبینین نەژادی زاڵ رێگا لەنەژادە کەمایەتیەکان دەگرێت و مێژووش چەندین نمونەی لەو جۆرەی لەخۆ گرتووە، بۆ نمونە ئەڵمانە مەسیحەکان لەئەڵمانیای نازیدا رێگایان لەجولەکەکان گرتبوو بەشداری سیاسی بکەن و لەیەکێتی باشوری ئەفریقاشدا رەشپێستەکان لەو مافە بێبەش بوون و فەرەنساش تا ساڵی ١٩٥٧ هەرێمەکانی پشت دەریای بێبەش کردبوو.[٥٠] ئەمانە سەرباری ئەوەی لەوڵاتێکی بۆ نمونە وەك ئەمریکاردا لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٠دا، بەهۆی زۆری کۆت و پێوەندەکانی سەر کەسی

---

٤٨. موريس دوفرجيه- المؤسسات السياسية والقانون الدستوري الأنظمة السياسية الكبرى- ت: د. جورج سعد- المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- الطبعة الأولى- بيروت- ١٩٩٢- ص٨٣.

٤٩. د. منذر الشاوي- القانون الدستوري (نظرية الدولة)- منشورات مركز البحوث القانونية- بغداد- ١٩٨١- ص١٤٣.

٥٠. سەرچاوەی پێشووتر ل٨٤.

دەنگدەرەوە توانرا بیست ملیۆن هاولاتی بێبەش بکرێت ئەمە سەرباری دوورخستنەوەی سەدی حەفتا تا هەشتای دەنگدەرانی نەخوێندەوار لەهەندێك لەویلایەتەکانی ئەمریکای لاتینیداو تەنانەت رۆژنامەی وڵ ستریت جۆرناڵی ئەمریکی پاساوی بۆ ئەم حاڵەتە دەهێنایەوەو بەم شێوەیە حاڵەتەکەی دەدایە قەڵەم "مافی هەڵبژاردن مافێکە ئەوەی شیاویەتی پێویستە چێژی لێوەربگرێت و لەسەر کۆمەڵگاش پێویستە فەرزی کۆت و پێوەندی ئەوتۆ بکات کەبیپارێزێت لەرەشپێستەکان"[٥١]

هەرچۆنێك بێت ئەمرۆ لەدونیادا تارادەیەکی زۆر زیاتر کار بەمەرجە سەرەکیەکان دەکرێت کەدەنگدەر دەبێت بۆ بەشداریکردنی لەپرۆسەی دەنگدانی سیاسیدا، تیایدا بێت کە ئەوانیش هەر چوار مەرجی شایستەیی تەمەن و ئەدەبی و رەگەزنامەو عەقڵیە.

لێرەدا ئەم بەشە کۆتایی پێدێنین و ئەچینە سەر ئەو میکانیزمانەی دەگیرێنە بەر بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگدان، کەدەکرێت بپرسین: چۆن هاولاتیان رووبەڕووی پرۆسەی دەنگدان دەبنەوە؟

بۆ وەلام دانەوەی ئەم پرسیارە دەچینە بەشێکی نوێوە کە ئەویش لایەنی پراکتیکی هەڵبژاردنە...

---

٥١. د. نوری لطیف، د. علی غالب خضیر العانی- الدستوری- دار الکتب للطباعة والنشر- ص٤٤.

# بەشی دووەم

## لایەنی پراکتیکی

## لایەنی پراکتیکی

لەم بەشەدا هەوڵدەدەم ئەو شێوازانە روون بکەمەوە کە بەهۆیانەوە دەکرێت پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە ببرێت، هەڵبەت هەر وڵاتێك بەگوێرەی بارودۆخی دەوڵەتەکەو ئاستی گونجانی سیستەمەکان و رادەی پەیرەوکردنی دیموکراسیەت و باری جوگرافی و چۆنیەتی دابەشبونی چڕی دانیشتوانەکەی و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئیتنی و نەژادیی، پەنا دەباتە بەر یەکێك لەو سیستەمانە کە لەخوارەوە باسیان لێوە دەکەین، جا هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا یان نهێنی، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پرۆسەی دەنگدا بەتاکە کەس یان بەلیست یان دەنگدانی رێژەیی، لیستەکان داخراو یان کراوە..... تد، بێت.

### یەکەم: دەنگدانی راستەوخۆو دەنگدانی ناڕاستەوخۆ

مەبەست لەدەنگدانی راستەوخۆ ئەوەیە، دەنگدەران خۆیان هەستن بەدەنگدان بەو کەسەی مەبەستیانە متمانەی بدەنێ، واتا هەر دەنگدەرێك بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەچێتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان و دەنگدەداتە ئەو کەسەی کەپەسەندی دەکات بێئەوەی کەسی تر لەجیاتی ئەو بەو کارە هەستێت، جا دەنگدانەکە بۆ هەڵبژاردنی پارلەمان یان سەرۆکی دەوڵەت یان سەرۆکی حکومەت یان شارەوانی یان هەر پۆستێکی تری گشتی بێت.

بەڵام لەدەنگدانی ناڕاستەوخۆدا بەگوێرەی پلەی دەنگدەران، پرۆسەی دەنگدانەکە بەڕێوەدەچێ، بۆنمونە گەر دەنگدەران دابەشکرابن بۆ سەر سێ پلە ئەوا دەنگدەرانی پلەیەك هەڵدەستن بەهەڵبژاردنی دەنگدەرە ناوبڕەکان واتا دەنگدەرە ناوەندییەکان (کەپلەی دووەمی دەنگدەران دەگرێتەوە)و ئەمانیش لەلای خۆیانەوە دەنگدەرە پلە سێیەکان هەڵدەبژێرن و پاشان دوا پلەی دەنگدەران هەڵدەستێت بەهەڵبژاردنی سەرۆك. لێرەدا جێی ئاماژە بۆکردنە کەتاپلەی دەنگدەران زیاد بکات لەدیموکراسیەتی راستەقینە دوور دەکەوینەوە، چونکە کاتێك دەنگدەرانی پلەی یەکەم، (مەندوبەکان) واتا نێردراوەکانی خۆیان (دەنگدەرە پلە دووەکان) هەڵدەبژێرن، بازنەی دەنگدەران بچوك دەبێتەوەو لەقۆناغی سێیەمدا ئەم بازنەیە زۆر بچوکتر دەبێتەوە بەشێوەیەك کە لەچەند هەزار کەسێك تێپەڕ نابێت و بەمەش دەنگدانەکە دەبێتە دەنگدانێکی بەر تەسك لەنێوان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراودا.

لەراستیدا لایەنگرانی دەنگدانی ناڕاستەوخۆ دەڵێن، ئەم جۆرە دەنگدانە بەسودترە لەرووی سیاسیەوە، چونکە دەنگدەرە ئاساییەکان هەموویان ئەوەندە وشیار نین بتوانن نوێنەرێکی راستەقینە بۆ پارلەمان یان سەرکردەیەکی بەتوانای راستەقینە هەڵبژێرن، بەڵکو خەڵکی

بەگشتی ناوشیارن و بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆیان بەر لەهەموو شت لێك دەدەنەوەو کەمتر بەخەمی کێشە گشتی و سیاسی و ئابورییەکانی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوەییەوەن، بۆیە پرۆسەی دەنگدانی ناڕاستەوخۆ چەند فلتەرێك دروستدەکات تا لەو چەند قۆناغە یەك بەدوا یەکەدا ئەو کەسانە دەستەبژێر بکات کەتوانای دەنگدانی راستەقینەیان هەیە بەگوێرەی بەرژەوەندی وڵات و نەتەوە. بەم پێیە ئەم جۆرە دەنگدانە زیاتر لەو دەوڵەتانەدا پەسەندە کەگەلەکەی تەواو وشیار نیە یان نەگەیشتۆتە ئاستێکی بالای وشیاری، لەهەمان کاتدا لەلایەن لایەنگرانی دەنگدانی راستەوخۆوە رەخنە لەم شێوازەی دەنگدان دەگیرێت بەو پاساوەی لەدیموکراسی راستەقینەوە دوورترەو دەبێتە مایەی سەروەرێتی نەتەوەو زیاتر روکارێکی کارتۆنی دروستکراوی دەبێت بەتایبەت لەو دەوڵەتانەدا کە حزبی سیاسی تۆکمە تیایاندا بالادەستە، هەروەك ئەم جۆرە شێوازە دەبێتە هۆی دروستبوونی توندڕەوی لەناو پارلەمانەکانداو گەندەڵی و فەسادو رەشوەدان بەدەنگدەرانی لێدەکەوێتەوە.[1] لەلایەکی ترەوە ئەو دەوڵەتانەش کەسیستەمی فیدراڵی تیادا پەیڕەو دەکرێت، پەیڕەوکردنی شێوازی دەنگدانی ناراستەوخۆ باشترە، چونکە لەو دەوڵەتە یەکگرتوانەشدا ڕێگا دەدرێت دەستە نێوخۆییەکان نوێنەرایەتی بکرێن، بەو پێیەی پارلەمان لەدوو بەش پێکدێت و بەنمونە لەئەمریکادا پێی دەوترێت کۆنگرێس، بەشێکیان لەنوێنەری هەرێمەکان دیاریدەکرێت و بەشەکەی تریشیان لەنوێنەری گەل، نوێنەری هەرێمەکان ئەو کەسانەن کەنوێنەرایەتی دەزگا ئیداری و ئابوری و کۆمەلایەتییەکان دەکەن و لەلایەن دەنگدەرانەوە هەڵدەبژێردرێن و ئەو دەنگدەرانە لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێیان دەوترێن (دەنگدەری سەرۆکایەتی)و ئەمانە لەلایەن خۆیانەوە سەرۆك هەڵدەبژێرن، واتا لەهەمان کاتدا ئەم دەنگدەرە سەرۆکایەتیانە هەم دەنگدەرن و هەم هەڵبژێردراویشن.[2] لەئەمریکا هەڵبژاردنی هەردوو هۆبەکەی کۆنگرێس زۆر لەیەکتر جیاوازە، ئەنجومەنی پیران کە نوێنەرایەتی هەرێمەکانی لەخۆ گرتووە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن دەنگدەرانی هەرێمەکانەوە هەڵدەبژێردرین، ئەم شێوازەی راستەوخۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران دوابەدوای دەستکاریکردنی دەستوری ئەو وڵاتە لەساڵی ١٩١٣ەوە کاری پێدەکرێت. هەروەك ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە ئەندامێتیان بۆ ماوەی شەش ساڵەو هەر دوو ساڵ جارێك

١. د. محمد سليم محمد غزوى– الوجيز فى نظام الأنتخاب– دار الوائل–عمان–الأردن– الطبعة الأولى–٢٠٠٠– ص٣٧–٣٨.

٢. د. اسماعيل الغزال– القانون الدستورى والنظم السياسية– المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع– الطبعة الأولى– ١٩٨٢– ص١٥٦.

سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنەکە دەگۆڕدرێت و خەڵکی نوێ هەڵدەبژێردرێتەوە بەم پێیە بۆ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٤ سی و چوار کەسی نوێ هەڵدەبژێردرێتەوە.[٣]

**دووەم: دەنگدانی ئاشکراو دەنگدانی نهێنی**

زۆرینەی دەوڵەتە دیموکراتەکان وەك شێواز پەنا بۆ سیستەمی دەنگدانی نهێنی دەبەن لەپێناو پاراستنی سەلامەتی هەڵبژاردنەکانیان، چونکە ئەم شێوازە سەربەستی دەروونی و جەستەیی زیاتر بۆ کەسی دەنگدەر زامن دەکات و رێگانادات کاریگەرییە دەرەکییەکان رەنگدانەوەی لەسەر کەسی دەنگدەر هەبێت و بیخاتە ژێر چاودێری و چاولێسورکردنەوەوە، ئەگەرچی هەندێکیتر پێیان وایە دەنگدانی ئاشکرا بوێریی و لێهاتوویی و ئازایەتی دەداتە دەنگدەران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی دیموکراتیە راستەقینەکان بەنهێنی هێشتنەوەی دەنگدانەکە بەیەکێك لەپایە گرنگەکانی فەراهەمبوونی دیموکراسی و هەڵبژاردنی راستەقینە دەزانن بۆیە هەمیشە جەغتی لەسەر ئەکەنەوەو رەنگە هەرواشبێت، نەتوانرێت کۆنترۆڵی مەسەلەی ئەو هەڵمەت و پروپاگەندانە بکرێت کەکاندیدو لایەن و پاڵێوراوانی پرۆسەی هەڵبژاردن پێی هەڵدەستن ئەگەر بێت و لانی کەمی نهێنی دەنگدانەکە نەپارێزرێت. لەهەمانکاتدا هەندێك لەوانەی داکۆکی لەدەنگدانی ئاشکرا دەکەن پاساوی نەخوێندەواری و نابینایی و نەخۆشیەکانی تری تاکە دەنگدەرەکان دەهێننەوەو پێیان وایە ئەم جۆرە کەسانە دەبنە مایەی کێشە لەدەنگدانی نهێنیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەیاساکانی هەڵبژاردن بوار دەداتە ئەو کەسانەی دەنگدەرن، بەڵام خوێندەوار یان هەر هۆکارێکی تر هەیە کە بەهۆیەوە ناتوانن بەشێوەیەکی نهێنی دەنگەکانیان بدەن، لەلایەن کەسی دووەمەوە کەدەنگدەرەکە خۆی پەسەندی دەکات، بەیاوەری کەسی دەنگدەر هێمایان بۆ بدات لەو لیستە یان ئەو ناوەی دەنگدەر بەپەسەندی دەزانێت.

**سێیەم: سیستەمەکانی دەنگدان**

**دەنگدان بەتاك و دەنگدان بەلیست**

ئێمە دەزانین هەر کەپرۆسەی هەڵبژاردن دێتە پێشەوە کێشەکان سەرهەڵدەدەن و بەردەوام حزب و لایەن و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەپرسن، بەچ میکانزمێك و لەسەر بنەمای چ سیستەمێك و بەگوێرەی چ پێوەرێکی جوگرافی دەنگبدەین؟

---

٣. جون الدريتش- وزارة الخارجية الأمريكية- مكتب برامج الأعلام الخارجي- ٢٠٠٤/٥/١٧- إنترنيت.

لەراستیدا ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لەم بەشەدا ئێمە هەوڵدەدەین وەڵامی بدەینەوەو بەشێوەیەکی بەرچاو رونکردنەوەی بۆ دەکەین و دیارە لێرەشدا دەبێت خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنمان بۆ هەمەلایەنی سیستەمەکان هەبێت و هەریەکەیان بەگوێرەی بارو زروفی ئەو دەوڵەتانەی تیایاندا پەیرەو دەکرێت، روون بکەینەوە.

## هەڵبژاردن بەشێوازی تاکەکەس

بەگوێرەی ئەم سیستەمە دەوڵەت دابەشدەکرێت بەسەر بازنەی بچوکی هەڵبژاردندا بەشێوەیەك ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردن یەکسان بێت بەژمارەی کورسیەکانی پارلەمان. لەم جۆرە سیستەمەدا هەڵبژاردن یان بەگوێرەی خولێك دەبێت یان بەگوێرەی دوو خول، لەهەڵبژاردنی تاکەکەس بەگوێرەی یەك خول، پاڵێوراوی سەرکەوتوو دەبێت زۆرترین رێژەی دەنگ لەچاو پاڵیوراوەکانی تردا بەدەستبهێنێت لەسەر ئاستی بازنەکەی تیایدا خۆی پاڵاوتووە، واتا ئەو کەسەی دەتوانێت زۆرترین رێژەی دەنگی دەنگدەران بۆ خۆی مسۆگەر بکات، گرەوی هەڵبژاردن دەباتەوەو کەسی پاڵێوراو لەسەر ئاستی کەسێتی، خۆی دەپاڵێوێت. واتا پێوەرەکانی دەنگدان شایستەیی کەسێتی و شەعبیەتی کەسەکەیە لەناو جەماوەردا.

دەکرێت بڵێین لەرووی مێژوویەوە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە هەڵبژاردن تەنها یەك شێوەی لەخۆ گرتبوو ئەویش هەڵبژاردن بوو بە بەکارهێنانی زۆرینەی دەنگدەران و بەیەك خولی هەڵبژاردن و ئەم جۆرە شێوازە لەئەمریکای لاتین و سوید و ئینگلتەراو دانیمارك، لەئەوروپاش جگە لەدانیمارك و سوید کە بەسیستەمی یەك خول و زۆرینە وەریانگرتبوو، دەوڵەتانی تری ئەوروپی بەدوو خولی هەڵبژاردن وەك شێوازی فەرەنسی، پرۆسەکەیان ئەنجامدەدا، بەڵام دواترو لەساڵانی ١٨٥٠- ١٩٠٠دا زانایانی بواری هەڵبژاردن سیستەمی رێژەییان داهێنا لەهەڵبژاردنداو بۆ یەکەمجار ئەم سیستەمە لەسای ١٨٩٩دا لەبەلجیکادا پەیرەو کراو دواتر لەسوید لە١٩٠٨داو لەنێوان ساڵانی ١٩١٤- ١٩٢٠ هەموو ئەوروپای گرتەوە جگە لەفەرەنسا، بەڵام فەرەنسا لەساڵی ١٩٤٥دا بەم سیستەمەی وەرگرت و لە١٩٥٨دا دەستی لێهەڵگرت.[٤]، بەڵام ئەگەر سیستەمەکە بەدوو خول جێبەجێکرا، ئەوا پرۆسەی هەڵبژاردن تیایدا بەتەنها خولێك کۆتایی نایەت، بەڵکو بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی دەوڵەتەکە یان دەستورەکەی، هەمیشە لەو دەوڵەتانەدا کە بەزۆرینەی ئاسایی

---

٤. د. محمد سليم محمد غزوي- الوجيز في نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان-الأردن- الطبعة الأولى-٢٠٠٠- ص٤١.

دەنگی دەنگدەران پرۆسەکە سەرکەوتن بەدەستناهێنێت و بەڵکو پێویست دەکات هەر پاڵێوراوێك ڕێژەیەکی دیاریکراو لەدەنگ بەدەستبهێنێت یان زۆرینەی ڕەها واتا (نیوە +١)ی دەنگەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات، هەمیشە ئەم جۆرە دەنگدانانە خولی دووەمی هەڵبژاردنی تێدەکەوێت، چونکە ئەو ژمارە دیاریکراوەی کورسیەکان بەتەنها خولێك پڕنابێتەوە بەو کەسانەی کە زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی دەنگدەرانیان لەپرۆسەکەدا بۆخۆیان بردووە بۆیە لەخولی دووەمدا هەڵبژاردنەکە لەڕووی ڕێژەی دەنگی پاڵێوراوە سەرکەوتوەکانەوە دەگۆڕدرێت، واتا ئەو پاڵێوراوەی توانی زۆرینەی ئاسایی یان ئەو زۆرینەیەی دیاریدەکرێت بۆ خولی دووەم بەدەستبهینێت ئەوا سەرکەوتن مسۆگەر دەکات، لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین ئەگەر چوار کورسی بەچۆڵی مابوەوە بۆ خولی دووەم ئەوا ئەو چوار پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە کورسیەکان مسۆگەر دەکەن بەبێ گوێدانە پێوەری زۆرینەی ڕەها لەخولی دووەمدا، چونکە زۆرینەی ئاسایی بەسە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کەمەرجێکی لەو جۆرەی لەسەر دانرابێت، هەروەك لەم جۆرە سیستەمەدا هەمیشە لەخولی دووەمی دەنگداندا ئەو پارتانەی چانسی سەرکەوتنیان کەمە پاڵدەدەن بەو پارتانەوە کەهەلی سەرکەوتنیان زیاترەو بەمەش ژمارەی پاڵێوراوەکان کەم دەبێتەوە بەشێوەیەك لەهەندێك حاڵەتدا ڕەنگە ژمارەیان لەژمارەی پەنجەکانی دەستێك تێپەڕ نەکات.

جێی ئاماژە بۆکردنە لەدەنگدان بەشێوازی سیستەمی تاکەکەسیدا چەندین پێوەر هەیە کاریان پێدەکرێت بۆنمونە لەوڵاتێکی وەك فەرەنسادا کە بەلانکەی ئەم جۆرە سیستەمەی دەنگدان دادەنرێت، کاتێك ئەندامانی پارلەمان هەڵدەبژێردرێن، ئەو کەسەی کورسیەك بۆ خۆی دەبات دەبێت لەخولی یەکەمدا زۆرینەی ڕەهای دەنگی دەنگدەران بەدەستبهێنێت و ئەو دەنگانەش ڕێژەی چواریەکی دەنگی دەنگدەرانی ناو خشتەی هەڵبژاردنەکان بێت. خۆ ئەگەر ئەم ڕێژەیە بۆ هەموو کورسیەکانی ناو پارلەمان بەدەست نەهات ئەوا دەبێت لەخولی دووەمدا هەمان ئەو پاڵێوراوانەی خولی یەکەم بەشداری بکەنەوە کەلانی کەم ڕێژەی ١٢,٥٪ی دەنگەکانیان لەخولی یەکەمدا بەدەستهێنابێت، بەم پێیە هیچ پاڵێوراوێکی نوێ قبوڵ ناکرێت و هیچ پاڵێوراوێکی خولی یەکەم کە لەم ڕێژەیە کەمتری بەدەستهێناوە، ڕێی پێنادرێت بەشداری پرۆسەکە بکاتەوەو ئەگەر لەخولی دووەمدا دوو پاڵێوراو توانیان هەمان ڕێژەی سەرکەوتن بەدەستبهێنن و تەنها کورسیەکیش مابوو بۆ کێبەرکێ کردن لەسەری، ئەوا کامیان لەڕووی تەمەنەوە گەورەتر بێت ئەوەیان کورسیەکە بۆخۆی دەبات.[٥] بەشێوەیەکی گشتی بەسیستەمی دەنگدان بەسیستەمی تاکەکەسی یەك خولی دەوترێت

٥. هەمان سەرچاوە ل٤٢-٤٣.

سیستەمی دوو حزبی، چونکە تیایدا دوو حزب جڵەوی هەڵبژاردنەکان دەگرنە دەست و کێبەرکێ و ململانێکان لەنێوان ئەو دوو پارتەدا دەبێت، بۆنمونە لەئەمریکادا لەنێوان هەردوو حزبی باڵا (دیموکراتەکان و کۆمارییەکان) گەمەی هەڵبژاردن تەسککراوەتەوە و بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی یان زۆرینەی کورسیەکانی کۆنگریس بەستراوەتەوە بەو شەعبیەت و جەماوەرەی ئەم پارتانە هەیانەو ئەو ستراتیژو پرۆگرامە ریفۆرمیەی شەڕی بردنەوەیان بۆ دەکات. هەرچی لەبەریتانیادایە لەسەدەی سیازدەهەمەوە ئەم سیستەمە پەیڕەو دەکرێت و هەتا ئێستاش بەردەوامە بەشێوەیەك بۆتە عورف و نەریتێکی تایبەت بەخۆیان.[٦]

کارکردن بەسیستەمی دەنگدان بەتاکەکەس کۆمەڵێك لایەنی باشەی هەیە کەدەکرێت ئێمە لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا کورتی بکەینەوە.

١. بەو پێیەی لەم سیستەمەدا ناوچەکانی هەڵبژاردن، ناوچەی بچوکن، ئەمە وادەکات دەنگدەران بەئاسانی کەسی پاڵێوراو بناسن و بەدروستی هەڵیبسەنگێنن بەر لەدەنگپێدانی. کە ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو کەسانەی خۆیان دەپاڵێون یان سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، لانی کەم کەسێکی جەماوەری و خاوەن ناوو ناوبانگێکی باشی ناو خەڵك بن و دەنگدەران بەو پێوەرە خەلقی و مەعریفی و زانستی و شایستەییانەی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. لەم بارەیەوە ئاگانامەی کانونی دووەمی ساڵی ١٨٥٢ی فەرەنسا کەکارکردنی بەم سیستەمە گەڕاندەوە بۆ وڵات، دەڵێت "گەل کاتێك بەتەنها هەر پاڵێوراوێك هەڵدەبژێرێت، دەتوانێت زۆر بەئاسانی هەموو لایەنە باشەکانی هەریەکەیان هەڵسەنگێنێت"[٧] هەر لەو بارەیەوە مامۆستای بواری یاسای دەستوری مامۆستا ئیسما دەڵێت"ئەو پاڵێوراوانەی خۆیان دەپاڵێون لەناوچەیەکی بچوکی هەڵبژاردندا، زۆرینەیان خەڵکی غەریبە نین، بەڵکو لەلای خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی ناسراون و ئەمەش مەرجی سەرەکی سەرکەوتنیانە، چونکە هەر دەنگدەرێك کاتێك دەنگی بەیەکێك لەو پاڵێوراوانە دەدات، ئەو کەسێکی خاوەن متمانە هەڵدەبژێرێت"[٨]

٢. ئەم سیستەمە کارپێکردنی ئاسانەو دەنگدەرانیش بەئاسانی لێی تێدەگەن، چونکە ئاڵۆز نیە لەرووی میکانیزم و پراکتیکەوە بەڵکو هەر دەنگدەرێك بەگوێرەی کارتی

---

٦. إبراهیم عبدالعزیز شیخة– النظم السیاسیة والقانون الدستوری– ١٩٩٨– ص٢٨٦.

٧. هەمان سەرچاوە لا٥٤.

٨. د. إسماعیل الغزال– القانون الدستوری والنظم السیاسیة– المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع– الطبعة الأولی– ١٩٨٢– ص١٦٠.

دەنگدانەکەی دەچێتە بەردەم ئەو سندوقەی بۆی دیاریکراوەو تەنها ئەو کەسە هەڵدەبژێرێت کەخۆی پەسەندی دەکات و لەپاش کۆتایی هاتن بەپرۆسەی دەنگدانەکە، جیاکردنەوەی دەنگەکانیش کارێکی قورس و ئاڵۆز نیەو بەئاسانی دەتوانرێت ئەنجامبدرێت، چونکە ناوچەکانی هەڵبژاردن بچوکن و ناوی تەنها پاڵیوراوێکیش لەسەر کارتەکان نوسراوە.

٣. لایەنێکی تری باشی پرۆسەکە دەگەرێتەوە بۆ کەمی ئەو خەرجییە ئابورییەی کەلەم سیستەمەدا بەکار دەبرێت، چونکە پرۆسەکە لەچاو سیستەمی هەڵبژاردن بەگوێرەی لیست و هەڵبژاردنی رێژەییدا خێراتر دەگاتە ئەنجام و ئیجرائاتی کەمترەو لەرووی ریکلام و پروپاگەندەی راگەیاندنیشەوە کەمتر پێویستی بەروونکردنەوەو چاودێری کردنەو بەمەش پرۆسەکە لەرووی داراییەوە کەمتری تێدەچێت.

٤. ئەم سیستەمە زیاتر نزیکە لەدیموکراسی راستەقینەوە، چونکە ئازادی زیاتر لەهەموو سیستەمەکانی تر، بۆ دەنگدەر دەستەبەر دەکات و ئازادیش بۆ هەموو تاکێك دابیندەکات بەگوێرەی یاسا خۆی بپاڵێوێت.

٥. ئەم سیستەمە سەقامگیری لەدەوڵەتدا دروستدەکات بەئەنجامدانی یەك خولی هەڵبژاردن ئەگەر هاتوو تەنها دوو حزبی سەرەکی لەدەوڵەتدا هەبوون، چونکە هەمیشە پارلەمان زۆرینەیەکی زۆری لەم دوو حزبە پێك دێت و هەر هەرەشەیەکی حزبە بچوکەکان نابێتە مایەی مەترسی بۆ سەری و ئەم حاڵەتە لەفەرەنسادا لەساڵی ١٩٦٨دا رووی دا کەتیایدا حزبی دیگۆلی زۆرینەی زۆری کورسیەکانی پارلەمانی بۆخۆی مسۆگەر کرد، بەلاّم ئەگەر لەدوو حزب زیاتر هەبوو ئەوا خولی دووەم دەبێتە زەرورەتێکی تەواو پێویست.[٩]

هەرچی لایەنە خراپەکانی ئەم سیستەمەیە دەتوانین بەم شێوەیە باسیان بکەین:

١. لەم سیستەمەدا هەمیشە پاڵێوراو دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەنگدەرانەوەو خۆی بەقەرزاری ئەو دەنگدەرانە دەزانێت کەدەنگیان داوەتێ و لەهەمان کاتدا دەنگدەرانیش لەدەنگدانەکەیاندا پێوەرە تایبەتیەکانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەخوێننەوەو کەمتر گوێ بەبەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دەدەن.

٢. ئەم سیستەمە کاتێك لەدەوڵەتێکدا پەیرەو دەکرێت کەزیاتر لەدوو حزبی سەرەکی تیادا بێت یان بەسیستەمی دوو خولی وەری گرتبێت، ئەوا دەبێتە مایەی ناسەقامگیری لەدەوڵەتەکەدا، چونکە کاتێك لەقۆناغی دووەمی هەڵبژاردندا، حزبە کەم چانسەکان پاڵدەدەنە پاڵ حزبە چانسدارەکان، ئەوا هەمیشە حزبی بچوك دەبێتە مایەی هەرەشە بۆ سەر حزبی گەورەو بەو پێیەی پارلەمانیش لەچەند حزبێکی گەورەو چەند حزبێکی بچوك

---

٩. د. منذر الشاوی- الأقتراع السیاسی- منشورات العدالة- بغداد- ٢٠٠١- ص٥٦.

پێکهاتووەو هیچ حزبێك یان هیچ دوو حزبێکی گەورە زۆرینەیەکی زۆری پارلەمان پێکناهێنن بەشێوەیەك کەکشانەوەی حزبێکی بچوك نەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی پارلەمانەکە، بۆیە هەردەم پارلەمان لەبەردەم هەڕەشەی ئەو حزبانەدایە.

٣. ئەم سیستەمە دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی فەسادو گەندەڵی و کاری ڕەشوەکاری لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا، چونکە بازنەکانی هەڵبژاردن بچوکەو پاڵێوراوو دەنگدەران بەئاسانی یەکتری دەناسن و ئەمەش دەبێتە هۆی کاریگەری خستنە سەر دەنگدەران لەلایەن پاڵێوراوانەوەو لەهەندێك باردا کڕینی دەنگەکانیان.

٤. لەم جۆرە پرۆسانەدا پێوەرەکانی هەڵبژاردن وەك پێشتر وتمان، پێوەرە کەسێتیەکانن و ئەمەش دەبێتە مایەی دروستبوونی پارلەمانێك لەسەر بنەمای سۆزو عاتیفەو نەبوونی نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ، چونکە دەنگدەران لەرووی ڕێژەوە زۆرینەیان سەر بەچ چینێك بن ئەو چینە گرەوی سەرکەوتنی لەدەستدا دەبێت و ئێمە دەزانین هەمیشە چینی نەخوێندەواران و ناوشیاران بەسیاسەتی گشتی و بەرژەوەندی گشتی زۆرینەی ڕێژەی دەنگدەران پێکدەهێنن کەئەمەش دەبێتە مایەی بوونی ڕێژەیەکی زۆری ئەو خەڵکانەی نوێنەرایەتی ئەم چینە دەکەن لەبەرامبەردا چینەکانی تر بێبەش دەبن لەنوێنەرایەتیکردن. ئەمانەش هەموو دەبنە هۆی نەخوێندنەوەی پەیڕەوو پرۆگرام و مەنهەجیەتی کارکردنی ئەو نوێنەرانە، کە ئەمەش لەدواجاردا زەرەر بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت.

٥. ئەم سیستەمە وەك دەوترێت، دەبێتە مایەی دروستکردنی ململانێ و ناکۆکی لەنێوان پاڵێوراواندا بەشێوەیەك نوێنەرەکان ململانێکان لەسەر بنەماو پەیڕەوو پرۆگرامەوە دەگوێزنەوە بۆ ململانێی کەسێتی و بەمەش لەئیشکردن بۆ سیاسەتی گشتی و بەرژەوەندی گشتی، دووردەکەونەوە بەشێوەیەك سیاسەتمەدارێکی فەرەنسی لەو بارەیەوە وتوویەتی "سیستەمی تاکەکەس ئاوێنەیەکی شکاوەو فەرەنسا وێنەی خۆی تیا نابینێتەوە"[(١٠)]

٦. دەوترێت ئەم سیستەمە باشتر ڕێگا خۆشدەکات لەبەردەم دەسەڵاتدارانی حکومیدا دەست وەربدەنە پرۆسەکەوە، چونکە فەرمانبەرە ئیداریەکانی حکومەت سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکەن و تا ناوچەکانی هەڵبژاردن بچوکتر بن ئەو بوارە بۆ حکومەت کراوەتر دەبێت، چونکە باشتر دەتوانێت چ وەك پروپاگەندە کردن بۆ پاڵێوراوەکەی حکومەت و چ

---

١٠. د. منذر الشاوی- الأقتراع السیاسی- منشورات العدالة- بغداد- ٢٠٠١- ص٥٧.

وەك غەشكردن بۆ ئەو پاڵێوراوە، كارئاسانی بكات.[11] بەڵام ئەگەر پەیوەندیەكی توندو تۆڵ لەنێوان پاڵێوراوی كێبەركێكارو پاڵێوراوەكەی حكومەتدا هەبێت ئەوا بواری ئەو كارانەی سەرەوە كەمتر دەبێتەوە، چونكە چاودێری زیاتر دەخەنە سەر حكومەت و چۆنیەتی بەڕێوەچونی پرۆسەكە.

٧. لەدیموكراسی راستەقینەوە دورە، چونكە ئەگەر بەسیستەمی یەك خولی وەرگیرابێت، ئەوا زۆرینەیەكی سادە بەسە بۆ ئەوەی پاڵێوراوێك سەركەوتن بەدەستبهێنێت بۆنمونە ئەگەر ناوچەیەكی هەڵبژاردن ژمارەی دەنگدەرانی ناو خشتەی هەڵبژاردنەكەی تەنها (٩) هەزار دەنگدەر بێت و پاڵێوراوەكانی (أ، ب، ج، د) ململانێی یەكتری بكەن و لەئەنجامدا رێژەی دەنگەكانیان بەم شێوەیە بێت:

ژمارەی دەنگەكانی پاڵێوراوی أ =٢,٧٠٠ دەنگ.

ژمارەی دەنگەكانی پاڵێوراوی ب=٢,٥٠٠ دەنگ.

ژمارەی دەنگەكانی پاڵێوراوی ب=٢,٠٠٠ دەنگ.

ژمارەی دەنگەكانی پاڵێوراوی ب=١,٨٠٠ دەنگ.

ئەوا دەبینین پاڵێوراوی (أ) كەرێژەی دەنگەكانی بریتیە تەنها ٣٠٪ی كۆدەنگی پرۆسەكە سەركەوتن بەدەستدەهێنێت و بەمەش ٧٠٪ی دەنگدەران لەم پرۆسەیەدا دەنگەكانیان هیچ حسابێكی بۆ ناكرێت كەئەمەش دەبێتە هۆی دوركەوتنەوەی پرۆسەكە لەدیموكراسیەتی راستەقینەوە، بەڵام ئەگەر پرۆسەكە بەسیستەمی تاكەكەسی دوو خول وەری گرتبوو ئەوا لەدیموكراسیەتی راستەقینەوە نزیكترە، چونكە بەر لەهەموو شت دەبێت پاڵێوراوی سەركەوتوو رێژەی نیوە +١ی دەنگدەرانی پێ ڕازی بێت ئەوجا سەركەوتن مسۆگەر دەكات.

## هەڵبژاردن بەشێوازی دەنگدان بەلیست

دەنگدان بەلیست یەكێكی ترە لەسیستەمەكانی دەنگدان كەتیایدا، وڵات دابەش دەكرێتە سەر چەند ناوچەیەكی بەرفراوانی هەڵبژاردن و هەر ناوچەیەك چەند لیستێكی تایبەت بەخۆی دەبێت بۆ پاڵێوراوەكانی و بەگوێرەی ئەو لیستانە دەنگدەران دەتوانن دەنگبدەنە پاڵێوراوەكانیان. لەڕاستیدا ئەم سیستەمە لەو دەوڵەتانەدا گونجاوترە كەفرە حزبین و زیاتر لەچەند حزبێك گەمەی سیاسەت دەكەن، چونكە هەر حزبێك دەتوانێت لیستی پاڵێوراوانی تایبەت بەخۆی پێشكەش بەلیژنەی باڵای هەڵبژاردنەكان بكات و بەگوێرەی ئەو لیستانە

---

١١. د. محمد سليم محمد غزوى- الوجيز فى نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى- ٢٠٠٠-ص٤٥.

دەنگدەران دەتوانن پاڵێوراوانی ناوچەکەی خۆیان هەڵبژێرن. لێرەدا دەبێت رەچاوی ئەو حاڵەتە بکرێت، ناوی پاڵێوراوەکان هێندەی ژمارەی ئەو کورسیانە بێت کەبەر ئەو ناوچەیەی هەڵبژاردن دەکەوێت، واتا هیچ حزبێك ناتوانێت لیستێکی ناوی پاڵێوراوەکانی بداتە لیژنەکە کەژمارەیەکی زیاتری ناوی پاڵێوراوانی لەژمارەی کورسیە بەرکەوتووەکانی ناوچەکەی تێدابێت بۆ پارلەمان. بەم پێیە لیستی سەرکەوتوو ئەو لیستەیە کەدەتوانێت زۆرترین رێژەی دەنگی دەنگدەران مسۆگەر بکات و ئەم مەسەلەیە لەرووی پراکتیکەوە پابەندە بەجۆری هەڵبژاردن و مەودای دیموکراسی و پێوەرەکانی و سیستەمی پێرەوکردنی هەڵبژاردن بەلیستەوە، چونکە ئەگەر شێوازی دەنگدانەکە شێوازی لیستێکی داخراو بێت، ئەوا لەم بارەدا دەنگدەر جۆرە کۆت و پێوەندێکی لەسەرە کەجیاوازە لەو کۆت و پێوەندانەی لەسەریەتی لەکاتی بوونی لیستی کراوەی پاڵێوراواندا، کەدەکرێت لێرەدا کورتە باسێکیان بکەین:

**لیستی داخراو:**

هەڵبژاردن بەگوێرەی لیستی داخراو بریتییە لەدەنگدان بەتەواوی لیستێك بێ دەستکاریکردن، واتا لیستەکە چۆنە بەو شێوەیە دەبێت لەلایەن دەنگدەرەوە هەڵبژێردرێت و بەم پێیە تاڕادەیەکی زۆر دوورە لەدیموکراسیەوە، چونکە ئازادی هەڵبژاردنی ناوی پاڵێوراوان بۆ دەنگدەران دابین ناکات بەڵکو دەنگدەر ئەوەندە ئازادە یەکێك لەولیستانە هەڵبژێرێت کە پێکهاتەی ناوی نوینەرەکانی لایەنێکی حزبییەو هەمیشە لایەنەکانیش لەدەنگدان بەم جۆرە سیستەمە، لیستێك ئامادە دەکەن کە لەبەشی سەرەوەیدا ناوی ئەو پاڵێوراوە بەهێزو ناسراوانە ریز دەکەن کەدەبنە مایەی سەرخستنی لیستەکە، بۆیە دەوترێت دەنگدان بەم رێگایە دەبێتە مایەی هەڵخەڵەتاندنی دەنگدەرو دوری دەخاتەوە لەهەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسیانەی راستەقینە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار ئازادی رێکخستنەوەی ناوی پاڵێوراوان بۆ دەنگدەران دابیندەکرێت کە بەهۆیەوە دەنگدەر دەتوانێت ئەو پاڵێوراوانەی خۆی مەبەستیەتی بیانخاتە بەشی سەرەوەی لیستەکەو بەمەش زەمانی ئەوە دەکات گەر بەشێکی دیاریکراوی کورسیەکانی ناوچەکەیان بردەوە، ئەوا ئەو پاڵێوراوانەی خۆی مەبەستنی پێش ئەوانی تر چانسی پڕکردنەوەی ئەو کورسیانەیان بۆ دابینبکات.[١٢] نمونەی دەنگدان بەلیستی داخراو، هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی

١٢. المحامی عونی بزاز- مجموعة القوانین والقرارات الصادرة عن المجلس الوطنی الکوردستانی لإقلیم کوردستان العراق- مطبعة جامعة صلاح الدین- أربیل- الطبعة الأولی- ٢٠٠١- ص١٠.

کوردستان ساڵی١٩٩٢ کەتیایدا لیستەکان بەگوێرەی رەنگەکانیان دیاریکرابوون، بۆنمونە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەنگی زەرد دەستنیشان دەکراو یەکێتی بەرەنگی سەوز لەو پێناوەدا خەڵکی نەخوێندەواریش بتوانێت بەشداری دەنگدانەکە بکات، چونکە لەمادەی دووەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا هاتووە "هەڵبژاردن بەرێگای دەنگدانی گشتی و نهێنی و راستەوخۆ دەبێت" کەئەمەش وایکرد رێگایەك بدۆزرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی نەخوێندەوارن تا بەر لەئاشکرایی دەنگدانەکە بگیرێت و بەنهێنی جێبەجێ بکرێت.[١٣]

## لیستی کراوەو تێهەڵکێش:

مانای وایە دەنگدەر دەتوانێت بۆ خۆی لیستێکی نوێ لەسەرجەمی ئەو لیستانەی کەهەن، دروستبکات و دەنگی بداتێ، بەلاّم دەبێت رەچاوی ئەو خاڵە بکات، نابێت لەدەرەوەی ئەو لیستانەوە ناوی تر بهێنێت و لەلیستەکەیدا ناونوسی بکات و هەروەك ژمارەی ناوی پاڵێوراوانیش لەژمارەی ئەو کورسیانە زیاتر نەبێت کەبەر ناوچەی هەڵبژاردنەکەی دەکەوێت.

بەشێوەیەکی گشتی هەموو دەنگدانێك بەبەکارهێنانی سیستەمی لیستی بەدوو شێواز دەگاتە ئەنجام، یان بەرێگای بەکارهێنانی زۆرینە، جازۆرینەی ئاسایی یان زۆرینەی رەها بێت، یان بەرێگای بەکارهێنانی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی، چونکە نوێنەرایەتی رێژەیی بەبێ بوونی لیست ئەنجام نادرێت کە لەبەشێکی سەربەخۆدا دوای ئەم جۆرە سیستەمە باسی لێوە دەکەین.

بەهەرحاڵ، کاتێك دەوترێت بەبەکارهێنانی زۆرینەی سادە، مانای وایە سیستەمەکە یەك خولییەو لەم حاڵەتەدا هەر لیستێك توانی زۆرترین دەنگی دەنگدەران لەچاو لیستەکانی تردا بۆ خۆی رابکێشێت مانای وایە ئەو لیستە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەلاّم ئەگەر مەرجی زۆرینەی رەها بوونی هەبوو لەهەڵبژاردنەکەدا ئەوا مانای وایە ئەو لیستەی سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت دەبێت لانی کەم نیوە+١ی دەنگی دەنگدەرانی ناوچەکەی مسۆگەر کردبێت ئەوجا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت و لەم حاڵەتەدا ئەگەر هیچ لیستێك لەخولی یەکەمی دەنگداندا ئەم رێژەیەی بەدەستنەهێنا ئەوا خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان دەست پێدەکات و لەم خولەیاندا ئەگەر لەیاسای هەڵبژاردنەکەدا ئاماژە بەهیچ مەرجێك

---

١٣. د. محمد سليم محمد غزوى- الوجيز فى نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى- ٢٠٠٠-ص٤٦.

سەبارەت بە بەدەستهێنانی زۆرینەی رەها لەخولی دووەمدا، نەدرابوو ئەوا تەنها زۆرینەی ئاسایی بۆ هەر لیستێك لەچاو لیستەكانی تردا بەسە تا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.[14] هەڵبەت هەمیشە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان بەدرێژکراوەی خولی یەکەم دادەنرێت، چونکە تەنها ئەو پاڵێوراوانەی خولی یەکەم یان ئەوانەیان کەتوانیویانە رێژەیەکی دیاریکراو بەدەستبهێنن سەرلەنوێ بەشداریدەکەنەوە تەنها لەفەرەنسادا نەبێت کەرێگا بەپاڵێوراوی نوێ دەدرێت لەخولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا کە بەبالۆتاج BALLOTAGE ناودەبرێت، خۆی بپاڵێوێت بەبێ ئەوەی لەخولی یەکەمدا خۆی پاڵاوتبێت .

لەراستیدا ئەم سیستەمەی فەرەنسا بەگوێرەی مەرسومی دووەمی مانگی دووی ساڵی ١٨٥٢ شەرعیەتی دایە پاڵێوراوی حکومی خۆی بپاڵێوێت و دواتریش سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لەخولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا ئەمەش دوای ئەوەی لەخولی یەکەمدا حکومەت بۆی روون دەبێتەوە پاڵێوراوە سەربەخۆ لاوازەکان خەریکە سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، بەگوێرەی ئەم مەرسومە پاڵێوراوی نوێ دەتوانێت خۆی بپاڵێوێت و لەزۆرینەی بارەکاندا حکومەت پشتگیری لێدەکات بەمەبەستی سەرخستنی لەپرۆسەکەدا کەبێگومان ئەو جۆرە کەسانە لەدوایدا دەبنە ئەڵقە لەگوێی دەسەڵات و حکومەت.[15] لێرەدا جێی خۆیەتی لەروانگەی پسپۆران و زانایانی ئەم بوارەوە لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی ئەم جۆرە سیستەمە بخەینەڕوو.

١. ئەم جۆرە سیستەمە گرنگی و نرخ دەداتە دەنگدەر، چونکە دەنگدەر لەباتی ئەوەی تەنها نوێنەرێك هەڵبژێرێت بۆی هەیە بەگوێرەی کورسیەکانی ناوچەکەی نوێنەر هەڵبژێرێت.

٢. لەم جۆرە سیستەمەدا لەبەرئەوەی ناوچەکانی دەنگدان ناوچەی بەرفراوانن، نوێنەر لەسەر بنەمای بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامەکانی هەڵدەبژێردرێت و ئیعتباراتی کەسێتی و خزمخزمێنەو بەرژەوەندی تایبەتی کەمتر رەنگدانەوەی لەپرۆسەکەدا دەبێت بەمەش پرۆسەی هەڵبژاردن گرنگیی و نرخێکی سیاسی بەهێزی دەبێت.

٣. ئەم جۆرە سیستەمە دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی فەسادو گەندەڵی لەپرۆسەی هەڵبژاردنداو بەرفراوانی ناوچەکانی هەڵبژاردن جارێکی تر رەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر پرۆسەکە، چونکە دەسەڵاتداران ناتوانن گوشاری دەسەڵاتخوازی لەسەر

---

١٤. د. منذر الشاوي- الأقتراع السياسي- منشورات العدالة- بغداد- ٢٠٠١- ص٧١.

١٥. د. محمد سليم محمد غزوي- الوجيز في نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى-٢٠٠٠-ص٤٦-٥٠.

فەرمانبەران بەکاربهێنن و زۆری چڕی دانیشتوانی ناوچەکەش ڕێگر دەبێت لەبەردەم کڕینی دەنگەکان بەپارە.

٤. لەهەڵبژاردن بەلیستدا لەبەرئەوەی زۆرینەی کات حزبەکان لیستەکان ڕێکدەخەن هەمیشە ڕەچاوی ئەو حاڵەتە دەکەن نوێنەری سەرجەم چین و توێژەکان لەلیستەکەدا جێگەی ببێتەوە بۆ ئەوەی سەرجەم ئەو چین و توێژانە بەلای خۆیدا رابکێشن و لەم پێناوەشدا ناوی خەڵکی بەتواناو چالاك لەلیستەکەیاندا ریزبەند دەکەن.

هەرچی بەڵگەی نەیارانی ئەم جۆرە سیستەمەیە:

١. دەڵێن، ئەم جۆرە سیستەمە دەبێتە مایەی نەمانی ئازادی بۆ دەنگدەر، چونکە حزبەکان هەڵدەستن بەدروستکردنی لیستەکان و ئەوان پێشوەخت ئەو کەسانە دەستنیشان دەکەن کەدەبنە نوێنەری گەل لەپارلەماندا.

٢. دەڵێن، ئەم سیستەمە سیستەمێکی هەڵخەڵەتێنەرە، چونکە لەبەشی سەرەوەیدا ناوی چەند کەسێکی شایستەو ناودار ریز دەکرێت و لەوە تێپەڕێت چەندین کەسی نەناسراو ریزبەند دەکرێن کەخەڵکی نایاننناسن و دەرکەوتوو نین، بەڵام لەبەر ئەو چەند کەسەی سەرەوە خەڵك دەنگیان پێدەدات.

٣. دەوترێت لەم جۆرە سیستەمەدا هەلی حزبی بچوك کەم دەبێتەوەو بەرفراوانی ناوچەکان وادەکات نەتوانرێت بەراورد لەنێوان پاڵێوراواندا بکرێت.

٤. نەبوونی یەکسانی لەمافی دەنگداندا، چونکە بەگوێرەی ئەم سیستەمە دەنگدەر لەناوچەیەکی هەڵبژاردنی بچوکدا ڕەنگە مافی تەنها بۆ نمونە چوار دەنگی هەبێت، بەڵام لەهەمان پرۆسەو بەگوێرەی هەمان سیستەم ڕەنگە لەناوچەیەکی تری دەنگداندا بەرفراوانی ناوچەکەو چڕی دانیشتوانەکەی وابکات دەنگدەر مافی دەنگدانی بەدوانزە پاڵێوراو هەبێت.

٥. لەرووی ئابووریەوە ئەم سیستەمە خەرجیەکی زۆری تێدەچێت بەبەراورد بەسیستەمی دەنگدان بەتاکەکەس، هەروەك پرۆسەکە لەچاوی دەنگدەرەوە ئاڵۆزترەو لەخواستی دیموکراسیانەی دەنگدەرەوە دوورترە.

## هەڵبژاردن بەشێوازی نوێنەرایەتی ڕێژەیی
## Proportional Representation system

لەم سیستەمەدا دوای ئەوەی پرۆسەی دەنگدانەکە بەسیستەمی دەنگدان بەلیست جێبەجێکرا، مەسەلەی دابەشکردنی کورسیەکان بەسەر لیستەکاندا لەسەر بنەمای ئەو دەنگانەی کەهەر لیستێك لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا بەدەستیهێناوە، ئەنجامدەدرێت. لەراستیدا ئەم سیستەمە بەدوو ڕێگا ئەنجامدەدریت کە ئەوانیش نوێنەرایەتیکردنە لەسەر

ئاستی ناوچەیی و لەسەر ئاستی دەوڵەت. هەڵبەت کەدەوترێت نوێنەرایەتیکردن لەسەر ئاستی ناوچەیی یان بازنەی هەڵبژاردن مانای وایە نوێنەرەکان بەتەواوەتی نوێنەرایەتی ناوچەی دەنگەکانیان دەکەن و ئەمیش لەرووی پراکتیکەوە بەم شێوازەی لای خوارەوە دەبێت کەلێرەدا باسی لێوە دەکەین:

## نوێنەرایەتیکردن بەگوێرەی کۆلکەی هەڵبژاردن

کۆلکەی هەڵبژاردن (القاسم الأنتخابی) بریتییە لەدەرئەنجامی دابەشکردنی ژمارەی دەنگەکانی بازنەیەکی هەڵبژاردن بەسەر ژمارەی کورسیەکانی بازنەکەدا،[١٦] بۆنمونە ئەگەر وای دابنێین ژمارەی دەنگەکانی بازنەی (س) ٤٠,٠٠٠ دەنگەو پێنج کورسیشی بۆ دابینکراوە ئەوا

کۆلکەی هەڵبژاردن = ٤٠,٠٠٠ ÷ ٥ = ٨,٠٠٠

با ئێستا وایدابنێین سێ لیستی هەڵبژاردن هەیەو هەریەکەیان رێژەیەکی دیاریکراوی دەنگەکانی بۆ خۆی بەدەستهێناوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ژمارەی دەنگەکانی لیستی یەکەم = ١٨,٠٠٠

ژمارەی دەنگەکانی لیستی دووەم = ١٧,٠٠٠

ژمارەی دەنگەکانی لیستی سێهەم = ٥,٠٠٠

ئەوا کورسییەکان بەگوێرەی رێگای کۆلکەی هەڵبژاردن بەم شێوەیە دابەشدەکرێت بەسەر لیستەکاندا:

ژمارەی کورسیەکانی لیستی یەکەم = کۆدەنگی لیستی یەکەم ÷ کۆلکەی هەڵبژاردن

= ١٨,٠٠٠ ÷ ٨,٠٠٠ = ٢کورسی + ٢,٠٠٠ دەنگی ماوە

ژمارەی کورسیەکانی لیستی دووەم

= ١٧,٠٠٠ ÷ ٨,٠٠٠ = ٢کورسی + ١,٠٠٠ دەنگی ماوە

ژمارەی کورسیەکانی لیستی سێهەم

= ٥,٠٠٠ ÷ ٨,٠٠٠ = سفر کورسی + ٥,٠٠٠ دەنگی ماوە

لەدوای دیاریکردنی کورسیەکانی هەریەك لەو لیستانە بەگوێرەی ئەو دەنگانەی کەهێناویانە، دەبینین کورسیەك بەبەتاڵی ماوەتەوەو هەر لیستێکیش ژمارەیەك دەنگی ماوەتەوە کەکەمترە لەکۆلکەی هەڵبژاردن بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورسیە بەتاڵە دەبێت

---

١٦. د. صالح جواد الكاظم و د. علی غالب العانی– الأنظمة السیاسیة– مطبعة دار الحكمة– و. التعلیم العالی والبحث العلمی– جامعة بغداد– كلیة القانون–١٩٩٠–١٩٩١– ص٥٣.

ڕێگایەکی دیموکراسی بەکاربهێنرێت کەتیایدا هیچ کام لەلیستەکان هەست بەچەوساندنەوە نەکەن و تارادەیەکی باشیش دیموکراسی و دادوەری پێوە دیاربێت، لەم پێناوەشدا پەنا دەبەینە بەر یەکێك لەم ڕێگایانەی خوارەوە:

### ١.ڕێگای گەورەترین ماوە Great number:

بەگوێرەی ئەم ڕێگایە، لەنمونەی پێشودا لیستی سێهەم زۆرترین ماوەی هەیە، بۆیە کورسیە بەتاڵەکەی دەدرێتێ و بەم پێیە هەریەك لەلیستی یەکەم و دووەم یەکی دوو کورسی بۆ خۆیان دەبەن و لیستی سێهەمیش تەنها کورسیەك و بەمەش هەر پێنج کورسیەکەی بازنەی (س) پڕ دەکرێنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕێگایە لەسویسرادا کاری پێدەکرێت.

### ٢. ڕێگای گەورەترین ناوەندەژمێر یان گەورەترین تێکڕایی Largest average:

مەبەست لەناوەندەژمێر (أكبر متوسطات)ی هەر لیستێك بریتیە لەئەنجامی دابەشکردنی ژمارەی دەنگەکانی هەر لیستێك بەسەر ژمارەی کورسیە بەرکەوتووەکانی ئەو لیستە+کورسیەکی زیادە، لێرە کورسی بەتاڵی ئەو لیستە بۆ خۆی دەبات کەخاوەنی گەورەترین ناوەندەژمێرە.

ئێستا ئەگەر هەمان نمونەی پێشوو بەکاربهێنینەوە دەبینین:

ناوەندەژمێری لیستی یەکەم = ١٨,٠٠٠ ÷ ٢ کورسی + کورسیەکی زیادە = ٦.

ناوەندەژمێری لیستی دووەم = ١٧,٠٠٠ ÷ ٢ کورسی + کورسیەکی زیادە = ٥,٣٣.

ناوەندەژمێری لیستی سێهەم = ٥,٠٠٠ ÷ سفر کورسی + کورسیەکی زیادە = ٥.

بەم پێیە لیستی یەکەم لەبەر ئەوەی خاوەنی گەورەترین ناوەندەژمێریە بۆیە کورسیە بەتاڵەکە بۆخۆی دەبات و بەمەش ژمارەی کورسیەکانی لە٢ کورسیەوە دەبێتە ٣ و ئەم ڕێگایە زیاتر لەبەلجیکادا بەکاردێت.

### ٣. ڕێگای هۆنت HONDT:

ڤیکتۆر د. هۆنت، زانایەکی بەلجیکی بواری ماتماتیك بوو لەلایەن (هیرڤن)ی وەزیری دادی بەلجیکاوە داوای لێکرا ڕێگایەك داهێنێ بۆ دابەشکردنی ماوەی هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە کە بەسیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی وەریگرتبوو، ئەوەبوو ئەم یاسایەی داناو دواتر

لەساڵی ١٨٩٩وە چووە ناو یاسای هەڵبژاردنی وڵاتەکەوە.[١٧] ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی تەواو ماتماتیکیەو بەگوێرەی چەند هەنگاوێکی ماتماتیکیانە چارەسەری دابەشکردنی کورسیەکانی ناوچەیەکی هەڵبژاردن بەسەر لیستە کێبەڕکێکارە سەرکەوتووەکاندا دەکرێت. ئەم ڕێگایە لەساڵی ١٨٩٩دا لەیاسای بەلجیکیدا ئاماژەی بۆ کراوەو لەیاسای پێنجەمی فەرەنسای ساڵی ١٩٤٦یشدا بەکارهێنرا، خودی ئەم ڕێگایە بەجۆرێك لەبەکارهێنانی ناوەندەژمێریی حسابی بۆ دەکرێت کەتیایدا دەنگە هاتووەکانی هەر لیستێکی سەرکەوتوو دابەشدەکرێت بەسەر ژمارەی لیستەکاندا لە(١)ەوە تا دوا ژمارەی لیستی بەشداربوو، لەو پرۆسەیەداو گەر ئێمە لێرەدا وایدابنێین لەناوچەی (س)دا کەخاوەنی پێنج کورسیە لەپارلەماندا، بۆنمونە پێنج لیستی بەشداربوو هەیەو هەریەکەیان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەنگیان بەدەستهێناوە:

ژمارەی دەنگەکانی لیستی أ= ٢٧,٠٠٠، لیستی ب= ٢٣,٠٠٠، لیستی ج= ١٥,٠٠٠، لیستی د= ٧,٦٠٠، لیستی هـ= ٧,٤٠٠.

ئەوا کورسیەکانی ناوچەکە بەگوێرەی ئەم هەنگاوانە دابەشدەکەین:

هەنگاوی یەکەم: دروستکردنی خشتەیەك بۆ لیستەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | لیستی أ | لیستی ب | لیستی ج | لیستی د | لیستی هـ |
|---|---|---|---|---|---|
| دابەشکردن بەسەر ١دا | ٢٧,٠٠٠ | ٢٣,٠٠٠ | ١٥,٠٠٠ | ٧,٦٠٠ | ٧,٤٠٠ |
| دابەشکردن بەسەر ٢دا | ١٣,٥٠٠ | ١١,٥٠٠ | ٧,٥٠٠ | ٣,٨٠٠ | ٣,٧٠٠ |
| دابەشکردن بەسەر ٣دا | ٩,٠٠٠ | ٧,٦٦٦ | ٥,٠٠٠ | ٢,٥٣٣ | ٢,٤٦٦ |
| دابەشکردن بەسەر ٤دا | ٦,٧٥٠ | ٥,٧٥٠ | ٣,٧٥٠ | ١,٩٠٠ | ١,٨٥٠ |
| دابەشکردن بەسەر ٥دا | ٥,٤٠٠ | ٤,٦٠٠ | ٣,٠٠٠ | ١,٥٢٠ | ١,٤٨٠ |

هەنگاوی دووەم: ئێستا لەو خشتەیەی سەرەوەدا کام پێنج ژمارەیە، گەورەترین پێنج ژمارەیە دیارییان دەکەین و پاشان دەیانگەڕێنینەوە بۆ لیستەکانیان. پێنج ژمارەکە بریتین لە(١٣,٥٠٠، ١٥,٠٠٠، ٢٣,٠٠٠، ٢٧,٠٠٠، ١١,٥٠٠)، دەبینین:

لیستی أ خاوەنی هەردوو ژمارەی گەورە ٢٧,٠٠٠و ١٣,٥٠٠یە.

لیستی ب خاوەنی هەردوو ژمارەی گەورە ٢٣,٠٠٠و ١١,٥٠٠یە.

١٧. هەمان سەرچاوە لا٥٣- ٥٤.

لیستی ج خاوەنی تەنها ژمارەی ١٥,٠٠٠ی ناو خشتەکەیەو بەمەش هەریەك لەلیستی (أ)و (ب) دەبنە خاوەنی یەکی دوو کورسی و لیستی (ج)یش دەبێتە خاوەنی تەنها کورسیەك لەپارلەمانی وڵاتەکەدا.(١٨)

## ٤. رێگای هارا- نێیمێر Hara-Neimer Method

ئەم رێگایە بەهەمان شێوەی رێگاکانی تر ماتماتیکیەو لەئەنجامی لێکدانی ژمارەی کورسیە دیاریکراوەکانی ناوچەیەك یان بازنەیەکی هەڵبژاردن و ژمارەی راستەقینەی ئەو دەنگانەی لیستێك بەدەستیهێناوە پاشان ئەنجامی ئەم لێکدانە دابەشی سەرجەمی دەنگە دراوەکانی ئەو ناوچەیە دەکرێت. ئەم رێگایە زیاتر لەکۆماری ئەڵمانیای یەکگرتودا بەکارهێنراوە بەتایبەتی لەهەڵبژاردنی بەندستاج (ئەنجومەنی خواروو)ی ساڵی ١٩٨٧و لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەلی کۆماری ئەڵمانیای ساڵی ١٩٩٠دا پەنای براوەتە بەر. بۆ زیاتر روونکردنەوە سەیری ئەم نمونەیەی لای خوارەوە بکە:

با وای دابنێین لەناوچەی (س)دا کۆدەنگی بەدەستهاتوو ٢٠٠,٠٠٠ دەنگەو پێنج کورسی و سێ لیستمان هەیەو هەر لیستێك بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەنگی بەدەستهێناوە.

لیستی أ ١٠٠,٠٠٠ دەنگ و لیستی ب ٧٠,٠٠٠ دەنگ و لیستی ج ٣٠,٠٠٠ دەنگ ئێستا

**یاسای ماتماتیکی هارا نێیمێر-** ژمارەی کورسیەکان × ژمارەی دەنگە بەدەستهاتووەکانی لیستەکە
______________________________
کۆ دەنگی دراو لەناوچەکەدا

$$\text{لیستی أ} = \frac{١٠٠,٠٠٠ \times ٥}{٢٠٠,٠٠٠} = ٢,٥$$

$$\text{لیستی ب} = \frac{٧٠,٠٠٠ \times ٥}{٢٠٠,٠٠٠} = ١,٧٥$$

$$\text{لیستی ج} = \frac{٣٠,٠٠٠ \times ٥}{٢٠٠,٠٠٠} = ٠,٧٥$$

---

١٨. موريس دوفرجيه- المؤسسات السياسية والقانون الدستوري الأنظمة السياسية الكبرى- ت: د. جورج سعد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- الطبعة الأولى- بيروت- ١٩٩٢- ص٩٨-٩٩.

بەمەش هەریەك لەلیستی (أ)و (ب) یەكی دوو كورسی بۆ خۆیان دەبەن و لیستی (ج)یش تەنها یەك كورسی بۆ خۆی دەبات، چونكە بەرێگای رێژەو هاورێژە حساب بۆ دابەشكردنی كورسیەكان كراوە ئێستا ئەگەر هەمان نمونە بەرێگای گەورەترین ماوە شیبكەینەوە لەگەڵ بوونی زانیاری كۆلكەی هەڵبژاردنی هاوبەش ٤٠,٠٠٠ دەنگە، دەبینین لیستی (أ) دوو كورسی بۆ خۆی دەبات و لیستی (ب) تەنها كورسیەك و بەمەش لیستی أ – ٢٠,٠٠٠ دەنگی ماوە دەبێت و لیستی ب – ٣٠,٠٠٠ دەنگ و لیستی ج – ٣٠,٠٠٠دەنگی دەبێت و بەمەش هەردوو لیستی (ب)و (ج) كورسی چوارەم و پێنجەم بۆ خۆیان دەبەن واتا لیستی (أ) تەنها دوو كورسی لیستی (ب) تەنها دووكورسی و لیستی (ج) تەنها كورسیەك. كەئەمەش دەمانباتە سەر ئەو بڕوایەی رێگای گەورەترین ماوەو هارا– نایمێر دوو رێگای تەواو لێكەوە نزیكن.[١٩]

## نوێنەرایەتیكردن لەسەر ئاستی دەوڵەت

بەدوو رێگا نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی گشتی دەوڵەت دەبێت كە ئەوانیش، یان نوێنەرایەتیكردنی رێژەیی تەواوەتی (التمثيل النسبي الكامل) لەسەر ئاستی گشتی دەوڵەت، یان بەرێگای نوێنەرایەتیكردن بەشێوازی رێژەیی نزیكەیی (التمثيل النسبي التقريبي) كە بەبەشكردنی كورسیەكان دەبێت لەنێوان ناوچەكانی دەنگدان و نوێنەرایەتی تەواوەتی لەسەر ئاستی گشتی دەوڵەت.

لەكاتێكدا كە بەرێگای یەكەم واتا بەرێگای نوێنەرایەتیكردن لەسەر ئاستی گشتی دەوڵەت، هەڵبژاردن وەردەگیرێت، ئەوا كورسیەكانی پارلەمان لەنێوان لیستە كێبەركیكارەكاندا لەسەر بنەمای دەنگە بەدەستهاتووەكانیان لەسەر ئاستی گشتی وڵات، دابەشدەكرێت و بەم شێوەیە هەر لیستێك لەسەر ئاستی گشتی دەوڵەت چەند دەنگی بەدەستهێنابێت، ژمارەی ئەو دەنگانەی بەسەر ژمارەی هەڵبژاردنی یەكگرتوودا دابەشدەكرێت كە ئەمیش بریتییە لەئەنجامی دابەشكردنی ژمارەی گشت دەنگدەرانی دەوڵەت بەسەر ژمارەی گشتی كورسیەكانی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەو دەوڵەتەداو ئەگەر لیستێك ماوە (باقی) هەبوو ئەوا

---

١٩. سرهەنگ حەمید بەرزنجی– إنتخابات إقليم كوردستان العراق بين النظرية والتطبيق دراسة مقارنة– مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر– كوردستان– أربيل– الطبعة الأولى– ٢٠٠٢– ص١٧٢.

بەگوێرەی یەکێك لەشێوازەکانی پێشوو (ڕێگای ناوەندەژمێری، کۆلکەی هاوبەش، هۆنت، هارا- نایمێر) چارەسەر دەکرێت.[20]

ئەم ڕێگایە لەرووی پراکتیکیەوە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی خۆماندا بەکارهێنرا، کەتیایدا هەموو کوردستانی باشوور بەیەك ناوچەی هەڵژاردن حسابی بۆکراو کۆدەنگی هاتووی هەر لیستێکیش دابەشکرا بەسەر ٣٠,٠٠٠دا وەك ژمارەی هەڵبژاردنی یەکگرتووی لیستەکان لەسەر بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی پارلەمان کێبەرکێیان دەکرد کەژمارەیان ١٠٠ کورسی بوو.[21] بەهەمان شێوە لەدەوڵەتی ئیسرائیلیش دەوڵەت تەنها بەیەك ناوچەی هەڵبژاردن دانراوەو بەمەش سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی تەواوەتی پەیرەو دەکرێت کەتیایدا لەسەر ١٢٠ کورسی کێبەرکێ لەنێوان پارتە سیاسیەکاندا دەستپێدەکات و تاساڵی ١٩٧٣ ماوەی لیستەکان لەسەر بنەمای گەورەترین ماوە چارەسەر دەکرا، بەڵام لەوەبەدوا لەسەر شێوازی گەورەترین ناوەندەژمێری کورسیە ماوەکان بەسەر ماوەی حزب و لیستەکاندا دابەشەکرێت.[22] بەشێوەیەکی گشتی لەبەکارهێنانی ئەم سیستەمەدا ئەبێت هەر حزبێك دوو لیست بداتە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان، یەکێك لەو لیستانە لەسەر ئاستی گشتی نەتەوەیی"واتا دەوڵەت" دەبێت و لیستەکەی تریش لەسەر ئاستی ناوچەی هەڵبژاردن.

هەرچی بەکارهێنانی ڕێگای نوێنەرایەتیکردنە بەرێگای بەشکردن واتا (نوێنەرایەتی ڕێژەیی نزیکەیی)، ئەوا لەدەوڵەتی ئیتالیادا بەکاردەهێنرێت کەدەوڵەت دابەشدەکرێتە سەر چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردن و ئەمان لەلای خۆیانەوە بەگوێرەی یەکێك لەسیستەمەکانی پێشوو بەبوونی کۆلکەیەکی هەڵبژاردنی یەکگرتوو لەسەرتاسەری وڵاتدا کە لەیاسادا دیاریدەکرێت، هەڵدەستن بەهەڵبژاردنی بەشێك لەئەندامانی پارلەمان و بەشەکەی تری نوێنەرەکانیش لەسەر ئاستی نوێنەرایەتی گشتی دەوڵەت دیاریدەکرێت بەگوێرەی ئەو دەنگانەو ئەو کورسیانەی ماونەتەوە بەیەکێك لەرێگاکانی پێشوو لەگەڵ بوونی کۆلکەیەکی هەڵبژاردنی نیشتیمانیداو هەر ماوە (باقی)یەکی لیستەکانیش بەیەکێك لەرێگاکانی

---

٢٠. هەمان سەرچاوەی پێشووتر لا٤٩-٥٠.

٢١. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق- دەروازەی یەکەم- ماددەی یەکەم- ١٩٩٢.

٢٢. د. محمد سليم محمد غزوى- الوجيز فى نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى- ٢٠٠٠-ص٥٠.

چارەسەرکردنی ماوە، کاری پێدەکرێت.[٢٣] لەراستیدا نمونەی ئەو سیستەمە لەهەر دەوڵەتێکدا پەیڕەوکرابێت گرنگ ئەوەیە ئەو نوێنەرانەی بەیەکێك لەو رێگایانەی چارەسەرکردنی ماوەکان کورسی وەردەگرن لەسەر ئاستی گشتی وڵات دەبنە نوێنەر نەك لەسەر ئاستی ناوچەیی و هەر لەبەر ئەوەشە سیستەمەکە بەسیستەمی نوێنەرایەتیکردن لەسەر ئاستی دەوڵەت ناوەزەد دەکرێت.

## لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی:

١. دەوترێت ئەم جۆرە سیستەمە دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی چەوساندنەوەی کەمینە سیاسیەکان و پشتگرتنی حزبە باڵاکان، هەر لەبەر ئەوەشە هێندێك لەدەوڵەتانی وەك سویسرا لە١٨٩٩ و سوید لە١٩٠٨ بەم جۆرە سیستەمەیان وەرگرت، چونکە دەبینرێت لەبەکارهێنانی سیستەمی زۆرینەدا هەندێك لەلیستەکان زۆر زیاتر لەو رێژە دەنگەی بەدەستیانهێناوە، کورسی بۆخۆیان دەبەن لەکاتێکدا حزبە لاوازەکان لەو دەنگەی بەدەستیانهێناوە زۆر کەمتر کورسی وەردەگرن و بەمەش چەوساندنەوەی حزبە سیاسیەکان دروستدەبێت. بۆنمونە لەئینگلتەرا حزبی پارێزگاران لەساڵی ١٩٥٠دا ١٢,٤٩٣,٠٠٠ دەنگی بەدەستهێنابوو بەم ژمارەیە توانی٢٩٧ کورسی بۆخۆی بەرێت، بەڵام حزبی کرێکاران ١٣,٢٦٦,٠٠٠ دەنگی بەدەستهێنابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ٣١٥ کورسی بۆخۆی برد، ئەمەش لەبەرئەوەبوو سیستەمی زۆرینە بەکارهێنرابوو لەهەڵبژاردنەکاندا، بەهەمان شێوە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٥ی ئەو وڵاتەدا حزبی کرێکاران ١٢,١٢٤,٠٠٠ دەنگی هێنابوو پارێزگارانیش ٩,٩٩٦,٠٠٠ دەنگ و سەربەخۆخوازان (الأحرار)یش ٢,٢٥٥,٠٠٠ دەنگی بەدەستهێنابوو، بەڵام ٣٩٣ کورسی درایە کرێکاران و ٢١٦ درایە پارێزگاران و ١٢ کورسیش بۆ سەربەخۆیی خوازان کەبەمەش ١٧٧ کورسی زیاتر درابووە کرێکاران لەبەرامبەر بەدەستهێنانی تەنها دوو ملیۆن و سەدو بیست و هەشت هەزار دەنگی زیاتردا. خۆ ئەگەر بەریتانیا بەسیستەمی رێژەیی وەریبگرتایە بێگومان ئەو جیاوازیە زۆرە بەدی نەدەکرا. بەهەرحاڵ خشتەی ژمارە (١) ئەزمونی هەڵبژاردنی بەریتانیا بەسیستەمی رێژەیی باشتر روون دەکاتەوە.[٢٤]

---

٢٣. هەمان سەرچاوە لا٥١.

٢٤. د. نوری لطیف، د. علی غالب خضیر العانی- القانون الدستوری- دار الكتب للطباعة والنشر- ص٤٤.

| ســـــاڵ | پارتی پارێزگاران | | پارتی کرێکاران | | پارتی سەربەخۆیی خوازان | | پارتەکانی تر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. دەنگ بەهەزار | ژ. کورسی | ژ. دەنگ | ژ. کورسی | ژ. دەنگ | ژ. کورسی | ژ. دەنگ | ژ. کورسی |
| ١٩٣١ | ١٣١٢٩٠٠٠ | ٥٢١ | ٦٦٥٠٠٠٠ | ٥٢ | ١٤٠٣٠٠٠ | ٣٣٣ | ٤٧٤٠٠٠ | ٩ |
| ١٩٣٥ | ١١٧٩٢٠١١ | ٤٣١ | ٨٣٢٥٠٠٠ | ١٥٤ | ١٤٤٣٠٠٠ | ٢١ | ٤٣٧٠٠٠ | ٩ |
| ١٩٤٥ | ٩٩٩٦٠٠٠ | ٢١٦ | ١٢١٢٤٠٠٠ | ٣٩٣ | ٢٢٥٥٠٠٠ | ١٢ | ٧٢٠٠٠٠ | ١٩ |
| ١٩٥٠ | ١٢٤٩٣٠٠٠ | ٢٩٧ | ١٣٢٦٦٠٠٠ | ٣١٥ | ٢٦٢١٠٠٠ | ٩ | ٣٩٠٠٠٠ | ٤ |
| ١٩٥٥ | ١٣٣١١٠٠٠ | ٣٤٥ | ١٢٤١٨٠٠٠ | ٢٧٧ | ٧٢٢٠٠٠ | ٦ | ٣٠٩٠٠٠ | ٢ |
| ١٩٥٩ | ١٣٧٦٣٠٠٠ | ٣٦٦٦ | ٢٢١٦٠٠٠ | ٢٥٨ | ١٦٤٣٠٠٠ | ٦ | ٢٤١٠٠٠ | / |
| ١٩٦٤ | ١٢٠٠٢٠٠٠ | ٣٠٤ | ١٢٢٠٦٠٠٠ | ٣١٧ | ٣٠٩٩٠٠٠ | ٨ | ٣٤٩٠٠٠ | / |
| ١٩٦٦ | ١١٤١٨٠٠٠ | ٢٥٣ | ١٣٠٦٦٠٠٠ | ٣٦٣ | ٢٣٢٨٠٠٠ | ١٢ | ٤٥٣٠٠٠ | ٢ |
| ١٩٧٠ | ١٣١٧٤٠٠٠ | ٣٣٠ | ١٢١٨٦٠٠٠ | ٢٨٧ | ٢١٢٤٠٠٠ | ٦ | ٨٧٥٠٠٠ | ٧ |
| ١٩٧٤ | ١١٩٢٩٠٠٠ | ٢٩٦ | ١١٦٦١٠٠٠ | ٣٠١ | ٦٠٥٧٠٠٠ | ١٤ | ١٦٩٥٠٠٠ | ٢٤ |

**خشتەی ژمارە (١)**

٢. سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی سەربەخۆیی حزبە بچوکەکان دەپارێزێت و ڕێگایان پێدەدات بەگوێرەی قەبارەیان کورسی لەپارلەماندا بەدەستبهێنن و لەپێناو بەشداریکردن لەدەسەڵاتدا ناچاریان ناکات پەنا بدەنە پاڵ حزبە گەورەکان و بەمەش سەروەری پەیڕەوو پرۆگرامەکانیان لەدەست بدەن و بتوێنەوە لەناو حزبە گەورەکاندا.

٣. ئەم سیستەمە لەبەر ئەوەی ڕێگا دەدات نوێنەرایەتی زۆرینەی لایەنەکان، پارلەمان پێکبهێنن بۆیە زیاتر لەدیموکراسیی پارلەمانییەوە نزیکەو هەمیشە حکومەت و دەوڵەتیش لەلایەن پارلەمانەوە لەژێر چاودێرییەکی قورسدان، چونکە پارلەمان پێکهاتەی دیدو بۆچوونە جوداکانەو بیروڕا جیاوازەکان موعارەزەیەکی بەهێز لەپارلەماندا دروستدەکەن کەهەردەم دروستکەری رایە جیاوازەکان و بیروبۆچوونەکانی جەماوەرەکانیانن.

٤. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو لایەنە پۆزەتیڤانەی سەرەوەشدا، دەوترێت ئەم جۆرە سیستەمە نوێنەرایەتیکردنی حزبەکان بەقەبارەی جیاواز وایلێدەکات هەمیشە ئاڵۆزو ناجۆر بێت و بڕیاردان لەسەر مەسەلە گشتییەکانی دەوڵەت قورس و گران بێت و بەمەش هەمیشە پارلەمان لەبەردەم هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەدا بێت لەلایەن یەکێك لەحزبە نەیارەکانەوەو بەمەش پەشێوی بەردەوام لەسەر ئاستی وەرگرتنی بڕیارەکان بەدیبکرێت. بۆیە زۆرینەی یاساکانی هەڵبژاردن لەدەوڵەتاندا رەچاوی ئەو خاڵە دەکەن و مەرجی ڕێژەیەکی دیاریکراو دادەنێن لەسەر پارت و لیستە بەشداربووەکانی پرۆسەکە تاکو هیچ نەبێت زامنی ئەوە بکەن پارتە وردەڵەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی و دەوڵەت بەتایبەتی گەر سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی تەواو بەکارهاتبێت، ئەوا بەر لەبەشداربوونی ئەو حزبە بچوکانە بگرن کەسودمەند دەبن لەو سیستەمە.

٥. ئەم سیستەمە جگە لەوەی بودجەیەکی قورسی دارایی لەجێبەجێکردندا دەوێت لایەنی ئامادەکاری و بەئەنجام گەیاندنیشی بەبوونی ئەو هەموو هەنگاوە ماتماتیکیە کارێکی ئاڵۆزەو کاتی زۆری دەوێت و ئەمەش وادەکات ببێتە مایەی دواکەوتنی بڵاوکردنەوەی ئەنجامە کۆتاییەکان و هەر دواکەوتنێکیش لەبڵاوکردنەوەی ئەنجامەکاندا ئەگەری یاریکردن بەئەنجامەکان لەدڵی کەسی دەنگدەردا زیاتر دەکات و دروستکەری دڵەڕاوکێی گەندەڵی و فەسادە لەهەڵبژاردنەکاندا.

٦. ئەم سیستەمە دەبێتە مایەی داخستنی دەرگا لەسەر کەس و پاڵێوراوە سەربەخۆکان و ڕێگا نادات ئەو کەسانەی خۆیان لەسەر هیچ کام لەلیستەکان ساغ نەکردۆتەوە، خۆیان بپاڵێون.

٧. پەیوەندی نێوان دەنگدەرو پاڵێوراو دەسڕێتەوە بەتایبەتی لەکاتی بەکارهێنانی لیستی داخراوی حزبیدا.

## سیستەمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو Mixture system

ئەم سیستەمە لەئەنجامی تێهەڵکێشکردنی هەردوو سیستەمی زۆرینەو نوێنەرایەتی ڕێژەییەوە هاتۆتە ئاراوە کەخۆی لەچوارچێوەی سێ سیستەمدا دەبینێتەوە. .

### ١. سیستەمی هەڵبژاردنی تێکەڵاوی مەیلدار بەلای سیستەمی زۆرینەدا.

ئەم سیستەمە لەیاباندا لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەکاردەهێنرێت، لەسەرەتادا یابان بەهەمان سیستەمی زۆرینەی بەریتانی وەریگرتبوو بەکەمێك دەستکارییەوە، لەوانە ناوچەکانی هەڵبژاردنی بەرفراوانکرد بەشێوەیەك شیاو بێت بۆ هەڵبژاردنی چەند نوێنەرێك، بەڵام دەنگدەر تیایاندا تەنها دەنگ دەداتە پاڵێوراوێك و دواتر لەرێگای بەکارهێنانی سیستەمی زۆرینەوە تیایدا کورسیەکان دابەشدەکرێت.[٢٥] بۆنمونە باوای دابنێین ناوچەیەکی هەڵبژاردن سێ کورسی بەردەکەوێت و ژمارەی دەنگە دراوەکانیش تیایدا سەد هەزار (١٠٠,٠٠٠) دەنگ بێت و دابەش بووبێتە سەر پێنج پاڵێوراو، لەئەنجامی جیاکردنەوەی دەنگەکانەوە ئەم ئەنجامەی خوارەوەمان دەستکەوت. .

پاڵێوراوی ١ تەنها ٣٠,٠٠٠ دەنگ

پاڵێوراوی ٢ تەنها ٢٥,٠٠٠ دەنگ

پاڵێوراوی ٣ تەنها ٢٠,٠٠٠ دەنگ

پاڵێوراوی ٤ تەنها ١٥,٠٠٠ دەنگ

پاڵێوراوی ٥ تەنها ١٠,٠٠٠ دەنگ

دەبینین بەگوێرەی ئەم سیستەمە هەرسێ کورسیەکە دابەشدەکرێت بەسەر لیستی ١و٢و٣ دا، چونکە ژمارەی دەنگەکانیان لەدەنگی لیستەکانی تر یەك لەدوای یەك زیاتر بوو، کاتێکیش دەنگەکانی لیستی ٤و٥ کۆدەکەینەوە دەبینین ١٥,٠٠٠+١٠,٠٠٠= ٢٥٠,٠٠٠ کەلێرەدا لیستی ٣ تەنها بەبیست هەزار دەنگ کورسیەکی مسۆگەر کردووە، بەڵام دەبینین بیست و پێنج هەزار دەنگی نەیاری هەیەو لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی سیستەمی زۆرینە دەبینین ئەو کورسیەی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەیرێکی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی خوارو Dite واتا ئەنجومەنی گەلی یابانی بکەین دەبینین لەهەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا دوو نوێنەر یان زیاتر هەڵدەبژێردرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێگە بەدەنگدەر دەدرێت تەنها یەك نوێنەر

---

٢٥. هەمان سەرچاوە ل٥٣٦.

هەڵبژێرێت واتا تەنها یەك دەنگ بدات كەئامانج لەم كارەش تەنها بواردانە بەكەمینەكان بۆ ئەوەی لانی كەم لەكورسیەكدا سەركەوتن بەدەستبهێنن، ئەمیش بەرێگەگرتنی زۆرینەی دەنگدەران لەهەڵبژاردنی هەموو نوێنەرەكانیان و بەمەش سروشتی هەڵبژاردن لەو دەوڵەتەدا دەبێتە هەڵبژاردن بەسیستەمی زۆرینە،[٢٦] ئەگەر چی هەر حزبێك بەزیاتر لەنوێنەرێك دێتە گۆڕەپانەكانی هەڵبژاردنەوەو كێبەركێش لەنێوان تاكە پاڵێوراوەكاندا روودەدات لەسەر بنەمای حزبایەتی نەك تاكەكەسی، واتا هەرچەندە نوێنەرەكان لەلایەن حزبەكانەوە دەپاڵێورێن، بەڵام لەیەك لیستدا ریزبەند ناكرێن، كەواتە ئەم سیستەمە لەیەك كاتدا هەم رێژەیی و هەم زۆرینەیە، بەسیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی دادەنرێت لەبەر ئەوەی حزب كاریگەری راستەوخۆی لەسەر كەسی دەنگدەر هەیەو پاڵێوراوەكانیش هەرچەندە لەلیستدا ریزبەند نەكراون، بەڵام نكوڵی لەپەیڕەوو پرۆگرامی پارتە سیاسیەكەیان ناكەن و بەپێچەوانەوە داكۆكیشی لێدەكەن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا دەتوانێت كورسی بۆ خۆی مسۆگەر بكات بێ گوێدانە رێژەو ژمارەی ئەو دەنگانەی نەیارن، ئەمە وادەكات بچینەوە سەر سیستەمی زۆرینەو هەر لەبەر ئەوەشە بەسیستەمی تێكەڵاو ناو دەبرێت.

### ٢. سیستەمی هەڵبژاردنی تێكەڵاوی مەیلدار بەلای سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەییدا.

هەمیشە دەوترێت یاسای هەڵبژاردنی فەرەنسای ساڵی ١٩١٩ سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی رێژەیی خستۆتە ناو سیستەمی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا، بەڵام كەبەوردی لێی بڕوانرێت دەبینرێت ئەو سیستەمە راستە لەسەر بنەمای سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی داڕێژراوە، بەڵام لەسیستەمی زۆرینەش نزیك دەبێتەوەو یاسای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥١ بەتەواوی بەسیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی وەریگرت لەگەڵ رەچاوكردنی سیستەمی زۆرینە، واتا رەچاوكردنی زۆرینەی دەنگی دەنگدەران و بەمەش بەتەواوی سیستەمی تێكەڵاوی مەیلدار بەلای سیستەمی رێژەیی پیادەكرد كەئەمە وردەكاریەكانیەتی.

كاتێك لیستێك یان كۆمەڵێك لیستی یەكگرتوو لەرێژەی زۆرینەی رەها زیاتر بەدەستدەهێنن، واتا زیاتر لەنیوەی كۆدەنگی دەنگدەران، ئیدی ئەمان سەرجەمی كورسیەكانی ناوچەكەیان بۆ خۆیان دەبەن و ئەگەر ئەم حاڵەتە روویدا لەكاتی یەكگرتنی

---

٢٦. سرهەنگ حەمید بەرزنجی- إنتخابات إقلیم كوردستان العراق بین النظریة والتطبیق دراسة مقارنة- مؤسسة موكریانی للطباعة والنشر- كوردستان- أربیل- الطبعة الأولى- ٢٠٠٢- ص١٧٨-١٧٩.

چەند لیستێکدا ئەوا کورسیەکانی ناوچەکەیان بەرێگای بەهێزترین ناوەندەژمێر لەنێوان خۆیاندا دابەشدەکەن. بۆ زیاتر روونکردنەوە باسەیری ئەم نمونە مێژووییە بکەین کە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥١ی فەرەنسا وەرگیراوە.

لەناوچەیەکی هەڵبژاردندا کەتەنها سێ کورسی بەرکەوتبوو پێنج پارتی سیاسی کێبەرکێیان دەکردوو دواتر سێ لەو پارتانە یەکیان گرت و بڕیاریاندا دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان و بەدەستهێنانی زۆرینەی رەها کورسیەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەن. ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەم شێوەیە بوو:

پارتی ١ رێژەی سەدی سی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

پارتی ٢ رێژەی سەدی بیست و پێنجی کورسیەکانی بەدەستهێنا.

پارتی ٣ رێژەی سەدی هەشت و لەدەیا شەشی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

پارتی ٤ رێژەی سەدی سی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

پارتی ٥ رێژەی سەدی شەش و لەدەیا چواری دەنگەکانی بەدەستهێنا، لەگەڵ ئەوەی پارتی چوارەم و پێنجەم بە سەربەخۆیی دابەزینە ناو هەڵبژاردنەکانەوەو بەمەش هەرسێ لیستی (١، ٢، ٣)توانیان پێکەوە رێژەی سەدی شەست و سێ و لەدەیا شەشی دەنگەکان بۆ خۆیان بەرن و بەمەش زۆرینەی رەهای دەنگەکانیان چنگ کەوت و پاشان کەوتنە دابەشکردنی کورسیەکان لەنێوان خۆیاندا بەرێگای بەهێزترین ناوەندەژمێرو بەمەش پارتی ١ کەرێژەی لەسەدا ٣٠ دەنگەکانی بەدەستهێنابوو دوو کورسی بۆ خۆی بردوو پارتی ٢ کەرێژەی لەسەدا ٢٥ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو کورسیەکی بۆ خۆی بردبوو، بەلام پارتی ٤ کەرێژەی لەسەدا ٣٠ دەنگەکانی بەدەستهێنابوو هیچ کورسیەکی نەبرد، چونکە لەگەڵ هیچ پارتێکی تردا یەکی نەگرتبوو نەیتوانیبوو رێژەی نیوە زیاتری دەنگەکان بەدەستبهێنێت. بۆیە دەوترێت سیستەمی دابەشکردنی کورسیەکان هەرچەندە بەرێگای سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی بوو، بەلام لەناوەرۆکدا بەکارهێنانی سیستەمی زۆرینە بوو، چونکە رێژەی دەنگەکانی هەرسێ لیستی ٣، ٤، ٥ کەدەکاتە سەدی چل و پێنجی کۆدەنگی دەنگدەران لەم پرۆسەیەدا فەرامۆشکرابوو بەمەش لەسیستەمی زۆرینە نزیکبۆتەوە، بۆیە ئەم سیستەمە بەسیستەمێکی تێکەڵاوی مەیلدار بەلای سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی دادەنرێت.[٢٧] ئەم سیستەمە لەدەستوری ساڵی ١٩٨٩ی جەزایرو یاسای هەڵبژاردنی ئەو ساڵەدا ئاماژەی پێدراوەو لەماددە ٨٤ی یاسای هەڵبژاردنی وڵاتەکەدا هاتووە "ئەنجومەنی

---

٢٧. د. نوری لطيف، د. علي غالب خضير العاني- القانون الدستوري- دار الكتب للطباعة والنشر- ص٥٤.

گەلی نیشتمانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێت بەرێگای دەنگدانی رێژەیی لەسەر لیست بەتەفزیلکردنی زۆرینە لەخولی یەکەمدا. . ."[٢٨]

### ٣. سیستەمی تێکەڵاوی ئەڵمانی Germany Mixture System

لەساڵی ١٩٤٩ بەدواوە ئەڵمانیا بەسیستەمی تێکەڵاو هەڵبژاردنەکانی وەرگرتووە، لەبڕگەی (١)ی ماددەی ٣٨دا هاتووە "ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی ئەڵمانی بەرێگای دەنگدانی گشتی و راستەوخۆو ئازادو یەکسان و نهێنی هەڵدەبژێردرێن و نوێنەرایەتی گەل بەگشتی دەکەن و نەبەستراونەتەوە بەهیچ دەزگاو فەرمانێکەوەو تەنها ملکەچی ویژدانی خۆیانن"[٢٩] لەئەڵمانیا تەمەنی دەنگدەر ٢١ ساڵەو تەمەنی پاڵێوراویش ٢٥ ساڵەو هەڵبژاردنەکان بەم شێوەیە لەدەستوردا باسیان لێوەکراوە، بڕگەی ٣ لەماددەی ٤٥ دەڵێت "ئەنجومەنی فیدراڵ پێکدێت لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی و ژمارەیەکی یەکسان بەژمارەی ئەو ئەندامانە کە لەرێگای بنەماکانی نوێنەرایەتی رێژەیی بەهۆی ئەنجومەنە نوێنەرایەتیەکانی ویلایەتەکانەوە هەڵدەبژێردرێن"و بەم شێوەیە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە ئەنجومەنی بەندستاجی ئەڵمانی واتا ئەنجومەنی نوێنەرایەتی گەلی ئەڵمانی بەرێگای هەڵبژاردنی تێکەڵاو هەڵدەبژێردرێن کەنیوەی ژمارەی ئەندامەکانی لەرێگای سیستەمی زۆرینەی ئاساییەوە هەڵدەبژێردرێن و نیوەکەی تریش بەرێگای سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی نزیکەیی. رێوشوێنەکانی ئەم سیستەمە بەوە دەستپێدەکات کەهەر دەنگدەرێك دوو دەنگ ئەدات یەکێکیان بۆ پاڵێوراوی بازنەکانی هەڵبژاردنەو دەنگەکەی تریش بۆ حزبە پەسەندکراوەکەیەتی کەلێرەدا دەشێت پاڵێوراوەکە جیاواز بێت لەرووی پرەنسیپ و بیروڕاو بۆچونەوە لەو حزبەی دەنگدەرەکە بەلایەوە پەسەندەو لەم حاڵەتەدا دەنگدەر مولزەم نیە بەپێدانی دەنگی دووەم، پاش ئەوەی دەنگەکان جیادەکرێنەوە نوێنەری بازنەکان لەسەر بنەمای کێ براوەی یەکەمە دیاریدەکرێت و ئەگەر چی ژمارەی ئەو نوێنەرانەی بەم رێگایە سەردەکەون بۆ باندستاج کەمترە لەژمارەی کورسیەکانی باندستاجەکە، بەڵام ئالێرەدا ئەو کورسیانە بەسیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی لەسەر بنەمای دەنگی دووەمی دەنگدەران کە بۆ حزبەکانیان داوە پڕ دەکرێنەوە بەبوونی چەند

---

٢٨. سرهەنگ حەمید بەرزنجی- إنتخابات إقليم كوردستان العراق بين النظرية والتطبيق دراسة مقارنة- مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر- كوردستان- أربيل- الطبعة الأولى- ٢٠٠٢- ص١٨٠.

٢٩. هەمان سەرچاوە ل٢٢٢.

مـەرجێك لەسـەر ئـەو پارتانـەی بەشـداری لەپرۆسـەی هەڵبژاردنەکـەدا دەکـەن. بۆنمونـە سیستەمی ئـەڵمانی مـەرجی دانـاوە لەسـەر پارتـە سیاسیـەکان کـەلانی کـەم سـەدی پێنجـی دەنگـەکان لەسـەر ئاسـتی گـشتی وڵات بەحـسابکردنی سیـستەمی نوێنەرایـەتی رێـژەیی بـۆ خۆیـان مـسۆگەر بکـەن ئـەوجا دەتـوانن داوای بەشـداریکردن لەباندسـتاجدا بکـەن یـان سـێ کورسـییان دەسـتکەوتبێت لەسـەر بنـەمای سیـستەمی زۆرینـەی تاکەکـەس لەبازنـەکانی هەڵبژاردنـدا بـەگوێرەی حـسابکردنی دەنگـی یەکـەمی دەنگـدەران، واتـا توانیبێتیـان لەسـەر ئاسـتی گـشتی دەوڵـەت لەسـێ بازنـەی جیـاوازی هەڵبژاردنـدا سـێ نوێنـەریان بـراوەی یەکـەم **The first past post** بـوو بێـت ئـەوجا دەتـوانن بچنە نـاو باندسـتاجەوە،[٣٠] لەراستیدا بوونی بەربەستی سەدی پێنج وەك لانی کەمی دەنگی بەدەستهاتوو بۆ لیستەکان رۆڵێکـی گـەلێك گـەورەی لەکەمکردنـەوەی پارتـە سیاسـیەکانی نـاو پارلـەمانی ئـەڵمانیادا بینیوە، چونکە ئەگەر لـەرووی مێژووییـەوە چاوێك بەسـەرەتای بـەکارهێنانی ئـەم سیستەمە بکەین دەبینین لـەکۆماری (ڤایمـەر)*دا کە لەپارلەمانە هەڵبژێردراوەکـەی ساڵی ١٩٢٩دا ٣٠ پـارتی سیاسـی بەشـداربوون، بـەڵام دوای هەڵبـژاردنی سـاڵی ١٩٥٣ ژمـارەی پارتـەکان لەسایەی ئـەم سیستەمەوە بـووە تـەنها شـەش پـارتی سیاسـی و لەسـاڵی ١٩٥٧دا بـووە ٥ پارت و لە٩٦١ بەدواشەوە لەنێوان ٣-٤ پارتدا گەمە دەکات و بەمەش ئەڵمانیا لەسایەی ئەم سیستەمەوە توانیویەتی خۆی لەتوندڕەوی حزبە چەپ و راستەمانی وەك پارتی شیوعی و نازییـە نوێیـەکان بپارێزێـت. بـۆ زیـاتر روونکردنـەوە بڕوانـە خـشتەی ژمـارە (٢)ی تایبـەت بەهەڵبژاردنـەکانی سـاڵی ١٩٩٤ی ئـەڵمانیای فیـدراڵ کـەژمارەی کورسیەکانی پارلەمانەکـەی ٦٧٢ کورسـیـە.[٣١] هـەمان سیـستەم لـەدوای هەڵبژاردنـەکانی سـاڵی ١٩٨٨ی فەرەنـساش بەدواوە بڕیاری لەسەر دراو حکومـەتی ئـەو وڵاتـە بڵاویکـردەوە کەدەیـەوێت پـەیڕەوی بکـات کە لەرێگایـەوە لەشـارە گـەورەکانی فەرەنسادا هەڵبژاردن لـەرێگای سیستەمی نوێنەرایـەتی رێژەییەوە ئەنجامدەدراو لەشارە بچوکەکانیشدا بەسیستەمی زۆرینە کار دەکرا.[٣٢]

---

٣٠. د. محمد سليم محمد غزوی- الوجيز فی نظام الأنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى- ٢٠٠٠-ص٥٤.

٣١. هەمان سەرچاوەی پێشووتر ل٢٢٥.

٣٢. د. صالح جواد الكاظم و د. علی غالب العانی- الأنظمة السياسية- مطبعة دار الحكمة- و. التعليم العالی والبحث العلمی- جامعة بغداد- كلية القانون- ١٩٩٠- ١٩٩١- ص٥٩.

| ژ | پارتە سیاسیەکان | ژمارەی کورسیە بەرکەوتووەکان |
|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی مەسیحی | ٣١٩ |
| ٢ | پارتی سۆسیالیستی | ٢٤٩ |
| ٣ | پارتی لیبراڵی ئەڵمانی | ٧٩ |
| ٤ | پارتی سۆسیال دیموکرات | ١٧ |
| ٥ | پارتی سەوز | ٨ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

*کۆماری ڤایمەر دوای شکستهێنای سۆسیالیزمەکانی ئەڵمانیا بەگوێرەی دەستورێك کە بەناوی دەستوری ڤایمەر ناسراوە، لەساڵی ١٩١٩دا دروستبوو کەتیایدا سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی کرایە سیستەمی گشتی کۆمارەکەو بەم پێیە هەر ناوچەیەك تەنها یەك کورسی پێ بەخشراو ناوچە گەورەکانیش بۆ هەر ٧٠٠,٠٠٠ دەنگێك کورسیەکیان دەدرایە بەمەرجێك هیچکام لەو ناوچانە زیاتر لەسەدی پێنجی کورسیەکان بۆخۆیان نەبەن (ماددەی ٦١)، بەڵام لەساڵی ١٩٢٩ بەدواوە حکومەتە ئیئتلافەکانی ناو کۆماری ڤایمەر کەوتنە شکستهێنان لەبەرامبەر ئەو ناهەمواریيەی لەرووی ئابووری و سیاسیەوە دووچاری هاتبوون و لەئەنجامدا پارتە نازیەکان لەرێگای بەکارهێنانی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەییەوە توانیان لەساڵی ١٩٣٠دا رێژەی کورسیەکانیان لە١٢ کورسیەوە بەرزبکەنەوە بۆ ١٠٧ کورسی و لە ١٩٣٢شدا بۆ ٢٣٠ کورسی و بەمەش دوای گرتنە دەستی حوکم لەلایەن نازیەکانەوە کۆماری ڤایمەر کۆتایی پێهات. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە سەرچاوەی ژمارە ١٤ بەزمانی عەرەبی لا٢٢٠– ٢٢٥و سەرچاوەی ژمارە٢٠ لا٥٨ سەرچاوەی ژمارە ٢١ لا٨٩.

# بەشی سێیەم
## ڕێوشوێنەکانی پەیوەست بەپرۆسەی هەڵبژاردن

## ڕێوشوێنەکانی پەیوەست بەپرۆسەی هەڵبژاردن

پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لەرەهەندە سەرەکیەکانی مانەوەی دیموکراسی، بۆیە هەمیشەو بەر لەوادەی بەئەنجامگەیاندنی، دەوڵەتانی دیموکراسی و هێزە پێشکەوتنخوازەکان و سیستەمە سیاسیە مۆدێرنەکان لەهەوڵی بەئەنجامگەیاندن و چاودێریکردن و فەراهەمکردنی هەموو ئەو پێداویستیانەدان کەسەرکەوتنی پرۆسەکە مسۆگەردەکات، بۆیە دەوڵەت لەلایەك وەك خاوەن سەروەری و دەسەڵاتی یەکەم و دوایی هەڵدەستێت بەدەرکردنی یاساو ڕێسای پێویست ئەویش لەرێگای ئەنجومەنە هەڵبژێردراوە پێشوەختەکان و پارت و لایەنە کێبەرکێکارەکانیش بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەو ئەوەی لەیاسادا ڕێگەیان پێدرابێت، لەلاکەی ترەوە خۆیان ئامادەو سازدەدەن بۆئەوەی چارەنوسێکی روون بەدیبهێنن. ئەوەی لێرەدا ئێمە باسی لێوە دەکەین و ئەم بەشەی بۆ تەرخان دەکەین پێکهاتووە لەسەرجەم ئەو ئامادەکاریانەی کە لەلایەن دەسەڵاتداران و پارتە سیاسیەکانەوە ئەنجامدەدرێن و لەگەڵ سەرجەم ئەو پروپاگەندەو هەڵمەتانەی دەگیرێنەبەر بەمەبەستی سەرخستنی پرۆسەکەو لایەنی دارایی ئەو هەڵمەتانەو بودجەی دیاریکراوی هەڵبژاردنیش دەخەینەڕوو.

دەکرێت لێرەدا ماوەی هەڵبژاردن لەرووی کاتەوە دابەش بکەینە سەر سێ کات کەئەوانیش:

### یەکەم/ ئامادەکاریەکانی پێش رۆژی دەنگدان

#### لایەنی کارگێڕیی پرۆسەی دەنگدان

پێش ئەوەی وادەو رۆژی دەنگدان بێتە پێش، دەوڵەت لەلایەن خۆیەوە بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی خاوێن و نەزیە بەئەنجام بگەیەنێت کۆمەڵێك ئامادەکاری دەگرێتە ئەستۆی خۆی و بەگوێرەی ئەو رێ و شوێنانەی دیاری دەکرێن لەوادەی خۆیدا پرۆسەکە ئەنجامدەدرێت. ئامادەکردنی خشتەی هەڵبژاردن Lestes Electorales یەکێکە لەوکارە گرنگانەی کەهەمیشە حسابی بۆ دەکرێت و لەرێگایەوە دەتوانرێت ژمارەی گشتی دەنگدەرانی ناو دەوڵەت لەلایەك و ناو هەرێم و بازنەکانی هەڵبژاردن لەلاکەی ترەوە دیاری بکرێت و لێرەشەوە ئەو پارلەمانەی بەسیستەمی کۆلکەی هەڵبژاردن یان تێکڕای هەڵبژاردن سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی وەردەگرن دەتوانرێت ژمارەی کورسیە بەرکەوتووەکانی ناوچەو هەرێم و تەنانەت ئاستی گشتی دەوڵەتیش دیاری بکرێت. ئەمە سەرباری ئەوەی ئەم خشتەیە تایبەتمەندیەکی گرنگی هەیەو هەردەم دەوڵەت و دەزگای پلاندانان و لایەنە بەرپرسەکانی سەرژمێریی گشتی و ئامار دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەو چاودێریکردنی دەرخستنی حەقیقەتی ژمارەی گشتی هاوڵاتیان و ئەوانەی بەشداردەبن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، بۆیە دەوڵەت بەشێوەیەکی دەوری ساڵانە ناوی ئەو دەنگدەرە نوێیانەی

ئەهلیەو شایستەی تۆمارکردنی ناوەکانیانن لەخشتەکەدا، زیاد دەکاتە سەر لیستی ناوی دەنگدەران و لەبەرامبەریشدا ناوی ئەوانەی مردون یان مەرجی بەشداریکردنی پرۆسەی دەنگدانیان لەدەستداوە دەسڕێتەوەو بەمەش یەکەمین کاری پێویستی هەڵبژاردن بەئەنجام دەگەیەنرێت و پاش ئەوە وادەی هەڵبژاردن دێتە پێشەوە بەگوێرەی ئەو ماوەیەی لەیاسای هەڵبژاردنی هەر دەوڵەتێکدا ئاماژەی پێدراوە بۆ نمونە لەبەشی سێیەمی تایبەت بەوادەی هەڵبژاردنەکانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان– عێراق دا، مادەی شانزەهەمی تایبەت بەو باسە ماوەی هەڵواسینی خشتەی ناوی دەنگدەران و بڵاوکردنەوەیانی لەبازنەکانی دەنگداندا بەپانزە رۆژ بەرلەرۆژی دەنگدان دیاریکردووە، واتا پانزە رۆژ پێش رۆژی دەنگدان دەبێت ئەو خشتانەی ناوی دەنگدەرانی لەسەر تۆمارکراوە بۆ هاوڵاتیان بڵاوبکرێتەوە تا لەرێگایەوە هەر تێبینی یان بەدحاڵی بونێکیان هەبوو بۆیان چارەسەر بکرێت و ئەگەر رێکەوت دەنگدەرێك کەهەموو مەرجەکانی دەنگدانی تێدابوو ناوی لەخشتەکەدا نەنوسرابوو یان پەڕیبوو ئەوا راستەوخۆ دەتوانێت دوای ماوەیەك لەبڵاوکردنەوەی خشتەی ناوی دەنگدەران، داوا بداتە لیژنەی هەڵبژاردنەکانی ناوچەکەیی و ئەرکی لیژنەکەشە لەماوەیەکی دیاریکراودا داواکە یەکلایی بکاتەوە، هەر لەم بارەیەوە لەماددەی هەژدەهەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستاندا ماوەی پێشکەشکردنی داوا دوای بڵاوکردنەوەی خشتەی ناوی دەنگدەران بە١٠ رۆژ دیاریکراوەو ماوەی یەکلایی کردنەوەی داواکەش لانی زۆر بە ٣ رۆژ دانراوە.

هاوکات بەگوێرەی ئەو سیستەمەی لەهەڵبژاردنەکەدا پەیرەو دەکرێت، وڵات دابەشدەکرێتە سەر چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردن و هەر ناوچەیەکیش دابەشدەکرێتە سەر چەندین بازنەی هەڵبژاردن. هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن سندوقی تایبەت بەخۆی دەبێت و بنکەی هەڵبژاردنی ناوچەکەش ناوی ئەو دەنگدەرانە بڵاودەکاتەوە کەدەچنە چوارچێوەی جوگرافی ناوچەکەیەوە. لەراستیدا مەسەلەی خۆ ئامادەکردن بەر لەوادەی دەنگدان دەکرێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێتەوە. .

١. ئامارێکی سەرانسەری لەدەوڵەتدا بەمەبەستی سەرژمێرکردنی هاوڵاتیان و دیاریکردنی دەنگدەران و جیاکردنەوەی دەنگدەرە لێهاتووەکان.

٢. دڵنیابوونەوە لەناونوسکردنی دەنگدەران بۆ یەکجار لەناو خشتەی دەنگدەراندا بەبێ دوبارەبوونەوە. کەدەکرێت لێرەدا خشتەی دەنگدەران پۆلێن بکرێت بۆ:

أ– خشتەی تەواو، کەتیایدا ناوی سەرجەمی دەنگدەران دەنوسرێت بەبێ ئەوەی رێگا لەو دەنگدەرانە بگرێت کەلەبەر ئەوەی بەرێك و ڕەوانی ناویان نەنوسراوە مافی دەنگدانیان لێ بسەنێتەوە.

ب- خشتەی راستەقینە، خشتەی دەنگدان بەخشتەیەکی راستەقینە دادەنرێت ئەگەر ئەو زانیاریانەی تایبەتن بەدەنگدەران بەشێوەیەکی راستەقینە نوسرابن، کاتێك دەنگدەر دەیەوێت دەنگبدات دەبێت ناوی لەلیستی دەنگدەراندا بێت بەو زانیاریانەی لەسەر پێناسی کەسی دەنگدەر هەیە.

ج- خشتەی گشتگیر، ئەو خشتانە دەگرێتەوە کەسەرجەم ناوی دەنگدەران لەخۆ دەگرێت جا لەهەرکوێیەکی ولاتدابن، شار یان لادێ، تەنانەت ئەو کەسانەشی لەخۆ گرتووە کەئاسان نیە ناونوسینیان لەبەر ئەوەی کۆچەرین و لەناوچەیەکی جوگرافیەوە کۆچ دەکەن بەرەو ناوچەیەکی تری دەوڵەت، یان ئاوارەو لێقەوماوەکان، یان نەخوێندەوارو هەژارەکان، یان بێلانەو بێ ماڵ و حاڵەکان یان ئەو کەسانەی بەهۆی هۆکاری کۆمەلایەتی و رۆشنبیریەوە دورخراونەتەوە کەئەمە حاڵی ژنە لەزۆر ولاتی دواکەوتوودا.

د- خشتەی گونجاوی بارو زروفی نێوخۆیی، ئەم جۆرە خشتانەی ناوی دەنگدەران لەسەر بنەمای سروشتی باری کۆمەلایەتی و سیاسی دادەڕێژرێت کەتیایدا رەچاوی بارو زروفی ئاستی نەخوێندەواری و رۆشنبیری و ژینگەی سیاسی و بونیادی پێکهاتەی کۆمەڵگا رەچاو دەکرێت لەپاڵ فاکتەرەکانی تردا لەکاتی ناونوسینی دەنگدەران.

٣. وشیارکردنەوەی دەنگدەران و پێدانی زانیاری تەواو بەهاولاتیان سەبارەت بەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە.

٤. پێکهێنانی بازنەکانی هەڵبژاردن و دابەشکردنی دەوڵەت بەسەر ناوچەکانی هەڵبژاردندا.

٥. ئامادەکردنی کارت یان بلیت یان فۆرمی دەنگدان.

٦. زامنکردنی شەرعیەتی هەڵبژاردن، ئەویش لەرووی نەزاهەت و پاراستنی خاوێنی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەو پاراستنی لایەنی ئەمنی و ئاسایشی پرۆسەکە، بەر لەدەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان.

٧. هاوکاری کردنی پارت و کەسایەتیە کێبەرکێکارەکان لەڕووی مادییەوەو بەیەکچاوسەیرکردنیان لەچاوی یاساوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین ئەوەی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە درێژە پێبدەین. .

**یەکەم: تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران**

١. **تۆمارکردنی دەوری:**

ئەم سیستەمە هەڵناگیرێت و پارێزگاری لێناکرێت و تەنها بۆ یەك پرۆسەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنرێت کەلەگەڵ ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەکدا پێشوەخت ئامارێك ئامادەدەکرێت و رێگایەکی ئاڵۆزو چڕوپڕەو بەرپرسیاران لەپرۆسەی هەڵبژاردن ناچاردەکات پەیوەندی راستەخۆ بەدەنگدەرانەوە بکەن پێش ئەوەی دەنگدانەکە ئەنجامبدرێت و ئەم رێگایە تا ساڵی ١٩٩٧ لەکەنەدادا کاری پێدەکراو هەتا ئێستاش لەزۆرینەی وڵاتانی ئەفریقادا کاری پێدەکرێت لەرووی کارگێڕیەوە ئەم سیستەمە چالاکیەکی زیندوو دەداتە پرۆسەی هەڵبژاردن، چونکە بەشێوەیەکی رۆتینی لەگەڵ وادەی هەڵبژاردندا لایەنە بەرپرسەکان و دامەزراوە پەیوەستدارەکان پێی هەڵدەستن و لەرووی دارایی و تێچونیشەوە لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام و دەوریە بڕی تێچونەکەشی گۆڕدراوە، چونکە لەماوەیەکی دیاریکراوەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی تر ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی شایستەیی دەنگدان "لەدەست بدەن یان بەدەست بهێنن" دەگۆڕدرێت و بەمەش تێچوونی پرۆسەی زیاد و کەمکردنیان دەگۆڕدرێت. واتا گۆڕینی دیمۆگرافیا کاریگەرییەکی راستەخۆی لەسەری هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قازانجی ئەم رێگایە لەوەدایە کەدەوڵەت یان لایەنە بەرپرسەکان لەهەڵبژاردن لیستێکی هەمیشەیی لای خۆیان ناپارێزن و ئەمیش ببێتە هۆی توش بوونی دەنگدەر بەتەنگ و چەڵەمە لەکاتی گۆڕینی شوێن و جوگرافیاکەی.

٢. **تۆمارکردنی هەمیشەیی:**

ئەم جۆرە رێگایە لەبەر ئەوەی لەرووی کارگێڕیەوە بەشێوەیەکی بەردەوام کەسانێك تایبەتمەند دەکرێن بەم کارەوەو بەرپرس دەبن لەپاراستنی فایل و زانیاریە پەیوەستدارەکان بەپرۆسەکەوە بۆیە لەرووی داراییەوە بەردەوام تێچونێکی هەمیشەیی پێویستە. کەدەوترێت دەوری مانای وایە ناوی دەنگدەران "ئەوانەی مافی دەنگدانیان بەدەستهێناوە یان شایستەیی دەنگدانیان لەدەستداوە "زیادوکەم دەکرێنە سەر ئەو خشتە هەمیشەییەی کەبەردەوام چاوی پێدادەخشێنرێتەوەو بەمەش مەسەلەی سەرژمێری پێش وادەی هەڵبژاردن کارێکی پێویست نابێت. ئەم خشتانەی ناوی دەنگدەران یان لەسەر ئاستی لۆکاڵی هەڵدەگیرێن وەك لەئەمریکادا پەیڕەو دەکرێت یان لەسەر ئاستی نیشتمانی وەك لەکەنەداو ئوستورالیا کاری پێدەکرێت. لەراستیدا ئەم جۆرە خشتەیە کەمتر لەرووی داراییەوە خەرجی دەوێت و تەنانەت کەنەدا کە لەساڵی ١٩٩٧ بەدواوە ئەم رێگایەی

پەیڕەوکرد دەزگای هەڵبژاردنی کەنەدی ئامارژەی بەوەدا کەئەم ڕێگایە ٣٠ ملیۆن دۆلاری کەنەدی بۆ پاشەکەوت دەکات.

٣. **تۆمارکردن لەڕێگای ڕەگەزنامەی باری شارستانیەوە:**

بەگوێرەی ئەم ڕێگایە کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی کەسی دەنگدەر کۆدەکرێتەوە هەر لەناو و ناونیشانیەوە تادەگاتە تەمەن و ژمارەی تۆماری ڕەگەزنامەی باری شارستانی و . . تد. لەزۆر وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکای لاتین خشتەی هەڵبژاردن ئامادە دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی دەنگدەر هەیەتی لەتۆمارگەی ڕەگەزنامەو باری شارستانیدا. لەراستیدا ئەم ڕێگایە هەوڵ و ماندووبوونی تەواوی لەدەوڵەت پێویستەو هاریکاری هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیشی دەوێت ئەمە سەرباری تێچونێکی زۆری تێدەچێت لەرووی داراییەوەو ڕێگا لەبەردەم نهێنی بوونی ئامادەکردنی خشتەی دەنگدەران دەگرێت واتا بەئاسانی خەڵك دەتوانێت زانیاری تەواوی لەسەر خشتەی دەنگدەران دەست بکەوێت تەنانەت بەر لەوادەی هەڵبژاردنەکانیش، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو وەزارەت و دەزگایانەی ئەم بەرپرسیارێتیەیان لەئەستۆیە زۆرن و کۆنترۆڵی دەرنەچوونی نهێنیەکانیان پێناکرێت.

**دووەم: دیاریکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن**

پرۆسەی دابەشکردنی دەوڵەت بەسەر ناوچەکانی هەڵبژاردندا، لەسیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر جیاوازە، ئەو سیستەمانەی کە بەهەڵبژاردنی تاکە کەس وەریانگرتووە دەبینین ناوچەکانی هەڵبژاردن بچوکن، لەکاتێکدا ئەو سیستەمانەی بەهەڵبژاردن بەلیست هەڵیانبژاردووە ناوچەکان فراوانن، لەراستیدا ئامانج لەدیایکردنی سنوری ناوچەکانی دەنگدان بەر لەهەموو شتێك بۆ دانانی نوسینگەکانی هەڵبژاردنە کەتیایدا سندوقەکانی دەنگدانیش دادەنرێت. هەڵبەت چاککردن و دیاریکردنی سنورەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن کاردانەوەو ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە نەك بەتەنها لەسەر پاڵێوراوە کێبەرکێکارەکان و نوێنەری دەسەڵاتی یاسادانان لەناوچەکان بەڵکو لەسەر دەنگدەران و جەماوەریش، ڕەنگە کاریگەری زۆریشی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبێت، چونکە هەندێك لەو لایەنانەی دەسەڵاتی دابەشکردنی ناوچەکانیان هەیە بەخراپ دەسەڵاتەکانیان بەکاهێناوە بەشێوەیەك لەبەرژەوەندی لایەنێك ناوچەکە دابەشکراوەو بەرژەوەندی لایەنەکانی تر فەرامۆشکراوەو بەمەش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەئاراستەی لایەنی مەبەستدا ڕۆیشتووە، هەر لەبەرئەوەشە لەدەوڵەتانی ئوستورالیاو کەنەداو شانشینی یەکگرتوو دابەشکردن و دیاریکردنی ناوچەکان دراوەتە لایەنی سەربەخۆو ناحزبی. هەرچی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بەوە ناسراوە کەلایەنداری پەیڕەو دەکرێت و حزبی دەسەڵاتدار هەمیشە بەرژەوەندییەکانی خۆی

رەچاو دەکات لەدابەشکردنی وڵاتدا. هەرچۆنێك بێت مەسەلەی گۆڕینی ناوچەکان (بازنەکان)ی دەنگدان شتێکی دەوریەو هەر دەوڵەتێك بەگوێرەی دیمۆگرافیاو بارو زروفی سیاسی و کۆمەڵایەتی ماوەیەکی دیاریکردووەو ئێرلەندە بەنمونە ١٢ساڵی وەك ماوەی دیاریکراو بۆ گۆڕینی ناوچەکانی هەڵبژاردن دیاریکردووەو ئەڵمانیا هەموو هەڵبژاردنێك ناوچەکانی هەڵبژاردن سەرلەنوێ دیاریدەکاتەوەو بەشێوەیەکی گشتی ئەو دەسەڵاتانەی هەڵدەستن بەدیاریکردنی ناوچەکانی دەنگدان یەکێك دەبێت لەم لایەنانە:

**دەسەڵاتێکی سیاسی- حزبی**

کە لەلیژنەیەکی تەشریعی، یان دەزگایەکی حکومی -حزبی، یان لیژنەیەکی هەڵبژاردنی حزبی، یان لیژنەیەکی دابەشکردنی- حزبی.

**دەسەڵاتێکی ناحزبی- سەربەخۆ**

لیژنەیەکی سەربەخۆو ناحزبی راسپێردراو بەم ئەرکە، یان دەزگایەکی حکومی بێلایەن- واتا لەفەرمانبەرانی دەوڵەت پێکهاتبن، لیژنەیەکی سەربەخۆو ناحزبی هەڵبژاردن.

## شێوازەکانی دابەشکردنی دەوڵەت بەسەر ناوچەکاندا

**بەشێوازێکی نامەرکەزی**

هەر ناوچەیەك یان هەرێمێك بەرپرسدەبێت لەدابەشکردنی خاکەکەی خۆی بێ هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵدا، یان دەتوانێت بەهەماهەنگی دەوڵەتی فیدراڵ ئەم کارە ئەنجامبدات.

**بەشێوازێکی مەرکەزی**

دەستەیەکی یاسادانەری فیدراڵی، دەزگایەکی حکومی یان لیژنەیەکی بەرپرس لەدابەشکردنی دەوڵەت بۆ ناوچەکانی هەڵبژاردن. یان لەرێگای ئەو پێشنیارانەی ناوچەکان بەرزی دەکەنەوە، ئەگەرچی دەستەی یاسادانەری فیدراڵ یان دەزگا حکومیەکە یان لیژنە بەرپرسەکە لەسەر دواپلانی چۆنیەتی دابەشکردنەکە بڕیار دەدەن. لەراستیدا هەموو دەوڵەتان لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی دەوڵەت بەسەر ناوچەکانی هەڵبژاردندا کۆکنین، هەر لەبەر ئەمەشە سیستەمی دابەشکردنی دەوڵەت بۆ ناوچەکانی هەڵبژاردن زۆرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لایەنی جەوهەری هەیە کەدەبێت هەموو ئەو دابەشکردنانە رەچاوی بکەن کەئەمانەی خوارەوەن:

### ١. سیفەتی نوێنەرایەتی:

دەبێت ناوچەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەك دابەش بکرێن کەلانی کەم سیفەتی نوێنەرایەتی تیایدا بەرژەوەندی دەنگدەرەکانی ئەو ناوچەیە دیاری بکات بەو مانایەی ناکرێت لەناوچەیەکی دەنگداندا نوێنەرێك هەڵببژێرێت کە بەتەواوی نوێنەرایەتی هەموو یان زۆرینەی دەنگدەرانی ناوچەکەی خۆی نەکات و هەموو یان زۆرینەی دەنگدەرەکان ئەو نوێنەرە بەنوێنەری بەرژەوەندییەکانی خۆیانی نەزانن. هەڵبەت ئەمەش بەوە دەبێت کەدەنگدەرانی ئەو ناوچەیە لانی کەم هاو بیروڕاو هاو بەهای کۆمەڵایەتی و دینی و ..تد، بن.

### ٢. یەکسانی لەژمارەی دەنگدەراندا:

دەبێت هەمیشە دەوڵەت هەوڵبدات لانی کەم یەکسانیەکی رێژەیی لەژمارەی دەنگدەرانی ناوچەکانی هەڵبژاردندا بەرقەرار بکات، ئەمیش لەرێگای رەچاوکردنی یەکسانی لەرێژەو چڕی دانیشتوانی ناوچەکانی هەڵبژاردندا، چونکە جیاوازیەکانی لەئەنجامی چڕی دانیشتوانەوە دروستدەبن دەبێتە مایەی لەکەدارکردنی دیموکراسی، چونکە ناکرێت نوێنەرێك بۆ دەرچوون و مسۆگەرکردنی سەرکەوتن پێویستی بەبەدەستهێنانی رێژەیەکی دەنگی زۆر زیاتر هەبێت لەناوچەکەیدا لەچاو دئەو دەنگەی نوێنەرێکی تر پێویستیەتی لەناوچەیەکی تری هەڵبژاردندا.

### ٣. هاومامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ناوچەکاندا:

دەبێت چۆنیەتی دابەشکردن و رێ و شوێنەکانی دابەشکردنەکە لەیاسادا ئاماژەی پێدرابێت تاکو هەمان ئەو رێ و شوێنانە بەسەر هەموو ناوچەکاندا وەك یەك پەیڕەو بکرێت و نابێت رێگەبدرێت بەهیچکام لەحزبەکان جاحاکم بێت یان ئۆپۆزسیۆن کەدەستوەربداتە ناو کاروباری ئەو لیژنە سەربەخۆو بێلایەنەی بەکاری دابەشکردنەکە هەڵدەستن، خۆ ئەگەر ئەم کارە بەلیژنەیەکی ناو ئەنجومەنی یاسادانان سپێردرا دەبێت بەتەواوی و بەبێ لایەنی ئەنجامی بدات و ئاکامی دابەشکردنەکەش دەبێت لای هەموو حزبەکان شتێکی قبوڵکراوبێت. بەشێوەیەکی گشتی رێگای دابەشکردن لەدەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕدرێت، بۆنمونە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نوێنەرانی پارلەمانی هەر ویلایەتێك هەڵدەستن بەدابەشکردنی ویلایەتەکەو دیاریکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن و سنورکێشان بۆ ئەو ناوچانەی کەنوێنەرانی کۆنگرێسی پێهەڵدەبژێردرێت، لەکاتێکدا زۆرینەی وڵاتانی کۆمنوێڵس ئەم کارە بەلیژنەیەکی سەربەست دەسپێرن. هەرچۆنێك بێت مەسەلەی دیاریکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن شتێکی کاتییەو هەر چەند هەڵبژاردنێك سەرلەنوێ

دووبارە دابەشدەکرێتەوەو دوا دیاریکردنیش لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لەساڵی ١٩٩١دا بوو کەدەیان ملیۆن دۆلاری ئەمریکی تێچوو لەکاتێکدا هەندێك دەوڵەتی تر هەن پلانێکی زەمەنییان هەیە بۆ دابەشکردنەکەو دەوڵەتێکی وەك نیوزلەندا هەر پێنج ساڵ جارێك نەخشەی ناوچەکانی هەڵبژاردنی وڵاتەکەی دەگۆڕێت.

**بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین**: لەهەموو هەڵبژاردنێکی دیموکراسیدا پێویستە سێ لیژنەی سەرەکی هەبێت: لیژنەی سەرەکی لەسەر ئاستی نیشتمانی، لیژنەی پارێزگا لەسەر ئاستی پارێزگا یان ناوچە، لیژنەی بچوك لەسەر ئاستی نوسینگەکانی دەنگدان و لەو دەوڵەتانەدا کەدەوڵەتی ئاوێتە "فیدراڵ"ن لیژنەی هەرێمەکانیش دروستدەکرێت کە لەرووی پۆلێنەوە دەکەوێتە نێوان لیژنەی نیشتمانی و لیژنەی پارێزگا "بازنەیی"یەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەرکی هەریەك لەو لیژنانە بەکورتی بخەمە ڕوو.

### ئەرکەکانی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان "لیژنەی نیشتمانی"

١. هەڵدەستێت بەڕاهێنانی ئەو فەرمانبەرانەی لەرۆژی دەنگداندا کارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن جێبەجێدەکەن.
٢. رینمایی کردن و چاودێریکردنی لیژنە ناوچەییەکان.
٣. چاودێریکردنی لایەنی دارایی پرۆسەکەو دابەشکردن و بەدەستخستنی ویستە داراییەکان بۆ لیژنەی پارێزگاکان. چاودێریکردنی پرۆسەی ریکلام و پڕوپاگەندەکانی بەر لەهەڵبژاردن و وشیارکردنەوەی دەنگدەران بەهەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی گشتی.
٤. دڵنیاکردنەوەو جەغتکردن لەسەر پێکهێنان و دروستکردنی لیژنەی پارێزگاو لیژنەی بچوك و دابینکردنی شوێن و جێگای لیژنەکان و ئامادەکردنیان بۆ رۆژی دەنگدان ئەمیش لەرێگای دەسەڵاتەکانی ناو هەر پارێزگایەك کەهەیە.
٥. چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەپارێزگاکانداو ناردنی نوێنەر بۆ پارێزگاکان تا لەنزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بێت.
٦. چاودێریکردنی چۆنیەتی جیاکردنەوەی دەنگەکان و نوسینگەکانی جیاکردنەوەی دەنگەکان و بڵاوکردنەوەی ئەنجام.

لەگەڵ هەموو ئەو کارانەی سەرەوەدا لیژنەی باڵا کۆمەڵێك کاری دارایی وەك دابینکردنی خەرجی ئەندامانی لیژنەکان و پێکهێنانی لیژنەی خەرجکردن و لیژنەی دابەشکردن و ... تد، دەکات کەلێرەدا بەپێویستی نازانم ئەو ووردەکاریانە بخەمە ڕوو.

## ئەرکەکانی لیژنەی پارێزگاکان

ئەم کارانە دەگرنە ئەستۆ. . .

١. لەکات و شوێنی دیاریکراودا ئامادە دەبن لەو نوسینگەیەی بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی پارێزگا ئامادە دەکرێت.
٢. وەرگرتنی ئەو بەڵگەنامەو پێداویستیانەی لەلایەن لیژنەی باڵاوە ئامادە دەکرێن بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، جا ئەو پێویستیانە هی لیژنەکەی خۆیان بێت یان تایبەت بێت بەلیژنە بچوکەکانەوە.
٣. بەر لەرۆژی هەڵبژاردن سەرپەرشتی هەڵمەتە وشیارییەکانی تایبەت بەهەڵبژاردنەکانی سنوری پارێزگا دەکەن و چاودێری پروپاگەندەی حزب و لایەنە سیاسی و پاڵێوراوەکانی سنورەکەشیان دەکەن.
٤. ئامادەکردنی شوێنی لیژنە بچوکەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن.
٥. دڵنیابوونەوە لەوەی هەر لیژنەیەکی بچوك ئەو پێداویستی و بەڵگەنامانەی وەرگرتووە کە لەلایەن لیژنەی باڵاوە بۆی ئامادەکراوە.
٦. نوسینی ژمارەو شوێن لەسەر سندوقی هەر ناوچەیەکی بچوکی دەنگدان.
٧. چاودێریکردنی پرۆسەی دەنگدان لەرۆژی دەنگداندا و چارەسەرکردنی هەرکێشەیەك دێتە ڕێی لیژنە بچوکەکان لەو رۆژەدا.
٨. پێدانی رێنمایی پێویست بەلیژنە بچوکەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان.
٩. چاودێری و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان.
١٠. وەرگرتنی بەڵگەنامەو کۆنوسەکانی تایبەت بەهەڵبژاردنەکان کە لەلایەن لیژنە بچوکەکانەوە بۆی دەبرێت.
١١. کۆکردنەوەی ئەو ئەنجامانەی لەلایەن لیژنە بچوکەکانەوە بەدەستی گەیشتووە بەمەبەستی دەرهێنانی ئەنجامی کۆتایی لەسەر ئاستی پارێزگا.
١٢. ئامادەکردنی کۆنوسی تایبەت بەئەنجامی هەڵبژاردنەکان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی لەپارێزگاکەداو بەرزکردنەوەی بۆ لیژنەی باڵا.

**ئەرکەکانی لیژنە بچوکەکان**

١. سەردانی لیژنەی پارێزگا دەکەن لەکات و شوێنی دیاریکراودا بەمەبەستی وەرگرتنی پێداویستی و ڕێنماییەکان.
٢. ئامادەبوون لەکاتی دیاریکراودا لەبنکە (نوسینگە)کانی خۆیان و کردنەوەی دەرگا بەڕووی دەنگدەراندا.
٣. ئامادەکردن و نوسینی کۆنوسی پێویستی تایبەت بەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لەبنکەکەیاندا.
٤. گواستنەوەی سندوقەکان ئەگەر جیاکردنەوەی دەنگەکان بەڕێگای ناوەندی جیاکرایەوەو تەسلیمکردنی بەلیژنەی جیاکردنەوە لەگەڵ ئەو پاشکۆیانەی تایبەتە بەبنکەکەوە، ئەگەر جیاکردنەوەکە هەر لەنوسینگەکەی خۆیاندا بوو ئەوا هەڵدەستێت بەسەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی پرۆسەی جیاکردنەوەکەو نوسینی کۆنوسی کۆتایی تایبەت بەپرۆسەی جیاکردنەوەو بەرزکردنەوەی بۆ لیژنەی پارێزگا.

**سێیەم: وشیارکردنەوەی دەنگدەران بەر لەدەنگدان**

بەر لەهەموو شت مەبەست لەگوزارەی وشیاریی هەڵبژاردن، پێدانی زانیاریی پێویستە بەدەنگدەران لەسەر ئەو پرۆسەیەی پێی هەڵدەستن و ئەمیش بریتیە لەسەرجەمی ئەو کارو کردەوانەی دەگیرێنەبەر بەئامانجی هاندانی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لەپرۆسەکەداو باشتر پیادەکردنی دیموکراسی و ڕێگە خۆشکردن لەبەردەم کەسی دەنگدەردا هەستیت بەئەنجامدانی مافەکەی بەئاسانترین شێوە. کاتێکیش دەوترێت وشیارکردنەوەی دەنگدەران بەزانیاری پێویست لەسەر هەڵبژاردن مانای ئەو هەڵمەت و پروپاگەندانەی ڕاگەیاندن ناگەیەنێت کەحزب و لایەنی سیاسی و کەسە پاڵێوراوەکان پێی هەڵدەستن لەپێناو ڕاکێشانی دەنگدەران بەلای خۆیاندا، بەڵکو وشیاری هەڵبژاردن ئەو چوارچێوە یاساییە دەگرێتەوە کەکەسی دەنگدەری پێ ئاشنا دەکرێت سەبارەت بەبەشداریکردنی لەدەنگداندا جا لەڕووی پێدانی زانیاری لەسەر کارتی دەنگدان یان سندوقی دەنگدان یان کاتی دەنگدان یان مافەکانی وەك کەسێکی دەنگدەر یان پاڵێوراو یان. . . تد و هەر ئەمەش وادەکات ئەو لایەنەی کارگێڕێتی ئەم لایەنەی هەڵبژاردن دەگرێتە ئەستۆ جیاواز بێت لەکارگێڕێتی پروپاگەندەو ڕاگەیاندن بۆ پاڵێوراوەکان. ئامانج لەپرۆسەی وشیارکردنەوەی دەنگدەران

بریتیە لەبەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری دەنگدەران لەپرۆسەی دەنگداندا و کەمکردنەوەی تێچوی لایەنی دارایی پروپاگەندەکان و رونکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر حزبە سیاسیەکان و بەرنامەو پەیڕەو و پرۆژەکانیان بۆ هەڵخەڵەتاندنی دەنگدەران و چەواشەکردنیان و ئاشناکردنیان بەو حکومەتەی لەئەنجامی دەنگدانیان بەفڵانە حزب دروست دەبێت و هەروەك کەمکردنەوەی فەوزاو تەندوتیژی کاتی هەڵبژاردنەکان و پاراستنی لانی کەمی پاکیزەیی هەڵبژاردنەکان. لەراستیدا پێدانی زانیاری و شیارکردنەوەی هاوڵاتیە دەنگدەرەکان بەهەڵبژاردن دەبێت راگەیاندن و میدیا رۆڵێکی سەرەکی تێدا بگێڕێت و دەبێت بەشێوەیەکی گونجاو بەرنامە بۆ وشیارکردنەوەی هاوڵاتیان دابنێن سەبارەت بەچۆنیەتی بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنەکان، ئەو حزبانەی کێبەرکێی دەسەڵات دەکەن، رێنماییە پێویستەکان، تەنانەت وتەو قسەی نوێنەرو سەرکردە حزبیەکانیش پەخش بکەن بەبێ جیاوازی بەتایبەت ئەو وتارانەی سەبارەت بەرێوشوێنی هەڵبژاردنەکان پێشکەشی دەکەن و ئەم کارانەش هەمووی لەلایەن ئەو کۆمسیۆنەوە ئەنجام دەدرێت کەسەرپەرشتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دەکەن لەدەوڵەتداو بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت کارگێڕێتی هەڵبژاردن پەنا بەرێتە بەر هۆکاری میدیای بینراوو بیستراو کەجەماوەرێکی بەرفراوانی هەیەو لەچاو هۆکارەکانی تردا تێچوونی کەمترە، یان چاپەمەنیەکان کەرووی گەشی هەڵبژاردن دەداتە دەوڵەت بەتایبەتی لەکاتی هەڵواسینی پۆستەرو لافیتەی دیواری و رۆژنامەو گۆڤارەکاندا، یان چاوپێکەتنی تایبەتی کەنوێنەرو ئەندامانی لیژنەی کارگێڕێتی هەڵبژاردن ئەچنە شوێن و گەرەك و شارو ناوچە جیاوازەکان و رێنمایی پێویستیان ئەدەنێ کە لەراستیدا بەشێوازێکی کاریگەر دادەنرێت، بەڵام قورس و خاوە، چونکە بەتەواوی ناتوانرێت هەموو ناوچەکان لەلایەن ئەندامانی ئەو لیژنەیەوە بەسەر بکرێتەوە.

**چوارەم: پروپاگەندەکانی هەڵبژاردن و کاریگەری راگەیاندن لەپرۆسەکەدا**

شتێکی بەڵگەنەویستە یەکێك لەهەرە پایەگەلە گرنگەکانی هەڵبژاردن خۆی لەچوارچێوەی ئەو ریکلام و پروپاگەندانەدا دەبینێتەوە کە لەلایەن پەیوەستدارەکانی پرۆسەکە بۆ خۆیانی دەکەن و زۆرجار سنوربەزێنی و یاساشکێنیشی لێدەکەوێتەوە. هەڵبەت بەر لەپرۆسەی دەنگدان بەماوەیەکی پێشوەخت بەگوێرەی نەریتی هەڵبژاردن و لەچوارچێوەی یاسادا رێگا ئاوەڵا دەکرێت لەبەردەم پاڵێوراوان و حزبەکان و پارت و کاسایەتیە پەیوەستدارەکان بەهەڵبژاردنەوە بکەونە بانگەشەو پیاهەڵدان بەکەسێتی و بەرنامەو پلانی ئایندەیی و فۆڕم و لێهاتووییەکانیان، هەر لایەنەو دەستدەکات بەدەرخستنی لایەنە پۆزەتیڤەکانی خۆی و

ئەگەر پێیكرا لایەنە نێگەتیڤەكانی ئەوی تریش دەخاتەڕوو. لەم پێناوەشدا راگەیاندن دەكرێتە مینبەری راستەوخۆی ئەو بانگەشەو پرۆپاگەندانەی ئەو لایەنانە كەپێی هەڵدەستن. ئەگەر سەیرێكی ئەم ماوەیەی پێشوو بكەین كەهاوكاتە لەگەڵ هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنەوەی سەرلەنوێی سەرۆكی ئەمریكا كەئەمجارەیان لەنێوان بۆشی كوڕ بەنوێنەرایەتی كۆماریخوازەكان و جۆن كیری نوێنەری دیموكراسیخوازەكان، كێبەركێ و ململانێكان بەردەوام بوو بەشێوەیەك كەبەكارهێنانی زمانی زبرو بزمارئاسا لەو هەڵمەتانەدا كارێكی ئاسایی بێت بۆ مسۆگەركردنی دەسەلات، چونكە ئەو زمانە دروستكەری مینبەرێكی موگناتیسی ئەوتۆیە كەبێپەروا دەنگدەران بەلای خۆیدا رادەكێشێت بەتایبەت ئەو دەنگدەرانەی بێلایەنن یان ئینتیمای حزبیان كاڵە، بۆیە لێرەدا هەمیشە كەسی دژ دەیەوێت قەوانی هەڵەكانی بەرامبەر بڵێتەوە تا لەبەرچاوی دەنگدەرەكانی بخات و بۆنمونە، كیری بەر لەدەركەوتنی ئەنجامەكانی پرۆسەی هەڵبژاردن و سەركەوتنی بۆشی كوڕ هەمیشە جەنگی عێراقی بەهەڵەیەكی مەزن دەبینیەوەو تەنانەت لەیەكێ لەتەوەرە كراوەكانی نێوان هەردوو كەسی بەرامبەردا كیری ووتی"جەنابی سەرۆك من گومانم هەیە لەو شەڕەی بەرامبەر عێراق ئەنجاممان داوە، چونكە سەدام حسێن خاوەن چەكی كۆكوژ نەبوو، ئەگەر دیبلۆماسیەتێكی زیرەكانەمان بەكاربهێنایە دەمانتوانی بڕی ۲۰۰ هەزار ملیۆن دۆلارو داگیركردنی عێراقیش بگێڕینەوەو ئوسامە بن لادنیش لەزیندان توندكەین یان لانیكەم ئێستا بمردایە، چونكە جەنابی سەرۆك ئەمەیە جەنگ دژی تیرۆر نەك ئەوەی كرا".[1] ئەمە دەقاودەق ئەو قسانەیە كەكیری پێی وایە دەتوانێت رای گشتی و سۆزی جەماوەری ئەمریكی بەهۆیانەوە رابكێشێت بەلای خۆیدا، بەڵام لەبەرامبەردا بۆشی كوڕ دەڵێت"سەدام حسێن مایەی مەترسی بوو، چونكە ئەو دەیتوانی یارمەتی تیرۆریستان بەچەكی كۆمەڵكوژ بدات و ئەو سزایانەی لەسەری بوون سزایەكی كاریگەر نەبوون و نەتەوە یەكگرتووەكانیش لەلابردنی سەدام حسێندا چالاك نەبوون".[2] لەراستیدا لەئەمریكادا راگەیاندن كاری سەیرو سەمەرە دەكات و زۆرجار دەبێتە مایەی دەستكێشانەوەی كاربەدەستێكی گەورە كەخۆی پالاوتووە بۆ پۆستێكی گرنگ و بایەخدار، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو هەڵمەتانەی بۆشی كوڕ

---

١. ئەلیكساندرا عەبود–بوش وكیری یتناظران حول العراق والأقتصاد في ثاني مناضرة انتخابیة– نشرة واشنطن– مكتب برامج الأعلام الخارجي– ٢٠٠٤/١٠/٩ (راپۆرتێكی مەیدانی لەلایەن رۆژنامەنووس ئەلیكساندرا عەبوود ئامادەكرابوو بۆ نشرة واشنطن كە لەرۆژی ١٠/٩ دا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەسایتی USINFO.STATE.GOV بلاوكرابووەوە).

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گرتیــه بــەر زۆر ســەرکەوتوو بــوو، چــونکە لەچوارچــێوەی پارێزگــاریکردنی ســەلامەتی نیشتمانی ئەمریکاو ئاسایشی نەتەوەیی ولاتەکەدا خۆی دەبینیەوەو گەلی ئەمریکاش دوای ١١ی سێبتێمبەرو کارەساتە خوێناویەکەی کەسێکی وەك (بۆش)یان پێویست بوو تا دژ بەتیرۆری نێودەوڵەتی بجەنگێت و ڕێگر بێت لەبەردەم دووبارە بوونەوەی ئەوەی لەو ولاتەدا روویدا. هەربۆیە کاتێك بۆش ئەمجارە درووشمی "جیهانێکی ئاسایشترو ئەمریکایەکی بەهیوا تر"ی بەرز کردەوە خەڵکی ئەمریکا زۆرتر بەرەو پیری رۆیشتن لەبەرامبەر جۆن کیری دیموکراسیخوازدا کەدروشمی "بەهێز لەناو نیشتمان و بەرێز لەناو جیهان"ی بەرز کردبۆوە.[٣]

هەڵمەتی راگەیاندن وەك پێشتر ئاماژەم بۆکرد کاری سەیرو سەمەرە لەو ولاتانەی دیموکراسی بەمانا راستەقینەکەی جێبەجێدەکەن، دەکات. زۆرجار ئەو هەڵمەتانە بۆتە مایەی زەرەرگەیاندنی هێجگار کاریگەر بەیەکێ لەو لایەنانەی گەمەی سیاسی لەگۆڕەپانەکانی هەڵبژاردندا ئەکەن، ریتشارد م. نیکسۆنی سی و شەشەمین سەرۆکی ئەمریکا کە بەنوێنەرایەتی کۆماریخوازەکان پۆستی سەرۆکایەتی گرتبووە دەست لەساڵی ١٩٦٩-١٩٧٤، ئەگەرچی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٧٣ی ولاتەکەیدا توانی بۆ جاری دووەم متمانەی جەماوەی ئەمریکی بەدەست بهێنێتەوە، بەلام راگەیاندن کارێکی پێکرد کەبووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی لەپۆستەکەی و وازهێنان لەکورسی سەرۆکایەتی بەهۆی ئەو کێشەیەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەنجامی دابوو کەکورتەی کێشەکە بریتی بوو لەدانانی ئامێری سیخوڕی لەدامەزراوەیەکی پارتی دیموکراتی ئەمریکی دا، واتا نیکسۆن پۆستی سەرۆکایەتیەکەی بەکارهێنابوو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و لەیاسای گشتی دەوڵەت لای دابوو کە سیخوڕیکردن بەکارێکی نایاسایی ئەداتە قەڵەم و بەم هۆیەوە نیکسۆن دوای ئەوەی لەلایەن دەزگای راگەیاندنی گلوب-ی جولەکەوە پەخشی ئەو کاسێتانە کرا کەماوەکەی ٥٠٠ سەعات سیخوڕی سەرۆك بوو بەسەر نوسینگەی دیموکراتخوازەکانەوەو تیایدا سەرجەمی ئامادەکاری و کۆبونەوەو نەخشەڕێژی پارتەکە وێنە گیرابوو کە بەچ میکانیزمێك خۆی سازدەدات بۆ هەڵبژاردنەکان و بەمەش نیکسۆن توانیبووی ستراتیژی پارتی بەرامبەر دەربخات و بۆ بەرژەوەندی سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی خۆی بەکاری

---

٣. رالف دانهایسر- تباین کبیر بین البرنامجین السیاسیین الدیموقراطی والجمهوری حول العراق وأفغانستان- نشرة واشنطن- مکتب برامج الأعلام الخارجی- ٢٢/ ٩/ ٢٠٠٤، (راپۆرتێکی مەیدانی لەلایەن رۆژنامەنووس (رالف دانهایسر) ئامادەکرابوو بۆ نشرة واشنطن کە لەرۆژی ٩/٢٢ دا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەماڵپەڕی USINFO.STATE.GOV بلاوکرابووەوە).

بهێنێت،، بەڵام دوای ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن ئەو کارە ئابڕووبەرەی سەرۆکیان پەخشکرد کە بە"وەتەرگێت" ناوی دەرکردبوو بەتایبەت لەلایەن دەزگای راگەیاندنی گلوبی جولەکەوە، ئیدی ئەمە بووە مەسەلەیەك کەچاوپۆشی لێنەکرێت.(٤) رەنگە یەکێك لەهۆکارەکانی کەوتنی جۆن کیری پاڵێوراوی کۆماریخوازەکانیش لەهەڵبژاردنی ئەم ساڵی سەرۆکایەتی لەئەمریکادا ئەو زەرەرانە بێت کەبیڵ کلینتۆنی سەرۆکی پێشوی دیموکراتخوازەکان بەپارتەکەی گەیاند چ لەسەر ئاستی دەرەوەو چ لەسەر ئاستی کەسێتیش بەتایبەت لەکێشە گەورەکەی مۆنیکا لیونسکیدا، ئەگەرچی بیڵ کلنتۆن هەردوو خولی سەرۆکایەتیەکەی خۆی تەواو کردبوو، بەڵام ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن بەکلنتۆن و پارتی دیموکراتی ئەمریکیان کرد کەم نەبوو، لاری فلنت ئەودەمە لەگۆڤاری تۆك دا ئاگانامەیەکی بلاوکردەوە بۆ هەموو ئەوانەی وێنەی ئابڕوو بەری سەرۆکیان لادەست دەکەوێت یان هەر زانیاریەکی لەسەر پەیوەندییە سۆزداریەکەی سەرۆك بەسکرتێرەکەیەوە هەیە بابیگەیەنێتە دەستیان و لەبەرامبەردا یەك ملیۆن دۆلاری ئەمریکی پێدەدرێت.(٥) هەڵبەت مەسەلەی بەرژەوەندیو گروپەکانی فشارو گروپە بەرژەوەندییەکان، کارێکی حەتمیە کەراستەوخۆ دەستوەردەدەنە مەسەلەی هەڵبژاردنەکان و دەیانەوێت بەهەر نرخێك بێت سەرکەوتنی ئەوکەسە مسۆگەر بکەن کەبەرژەوەندییەکانیان دەپارێزێت و ئەمەش لەناوزڕاندنەکەی وەتەرگێتدا دەردەکەوێت کەئەو لایەنەی بووە هۆی خستنەوەی ئەو هەرایە دامەزراوەیەکی راگەیاندنی جولەکە بوو کەخاوەن بەرژەوەندیەکی بالان لەگەڵ دیموکراتخوازەکاندا و ئەگەرچی جولەکەکان نزیکەی ٥,٥- ٥,٨ ملیۆن کەس دەبن لەئەمریکادا واتا تەنها ٢٪ی دانیشتوانی ئەمریکای مەزنن کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی ١٢٪ی ئابوری گشتی دەوڵەتەکەیان لەدەستەو بەدابینکەری ٦٠٪ی لایەنی دارایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دادەنرێن لەهەڵبژاردنە بەردەوامەکانی ئەمریکاداو هاوکات ئەو رێژە پارەیەی کە(جیمی کارتەر١٩٧٧-١٩٨١)و (بیڵ کلنتۆن ١٩٩٣-٢٠٠١)ی دوو سەرۆکی یەك لەدوای یەکی دیموکرات لەسەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ هەڵبژاردنەکانیان لەکاتی کۆکردنەوەی یارمەتی و کۆمەکی هەڵبژاردن لەهاوڕێو دۆستەکانی پارتەکە بۆیان دابینکراوە٦٠٪ی ئەو پارەیە جولەکەکان دابینیان کردووەو تەنانەت ٧٠ جولەکەش لەنێو

---

٤. مصباح درويش- من مزكرات الصحافة الأمريكية اوراق مجهولة وذكريات منسية- سايتى العربية-هايد بارك+ د. حسن نافعة- معجم النظم السياسية والليبرالية فى أوروبا الغربية وأمريكا الشمالية- دار الجيل- بيروت – الطبعة الثانية- ٢٠٠٠- ص٢٨.

٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەنجومەنی دارایی نیشتمانی پارتی دیموکراتی ئەمریکیدا هەیە لەکۆی ١٢٥ ئەندامو تەنانەت لەیەکێ لەئاهەنگەکانی ئەکتەرێکی بەناوبانگی جولەکە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ هەڵمەتەکەی بیل کلنتۆن لەساڵی ١٩٩٦دا کە ٧٠٠ کەسی بانگێشتکردبوو، نرخی بەشداربوونی هەرکەسێك لەوانە لەنێوان ٥٠٠$-١٢٠٠٠$بوو کەبەمەش توانی ٣,٥ ملیۆن دۆلار بۆ کلنتۆن کۆبکاتەوە.(٦) ئەمانە هەمووی لەکاتێکدایە کە لەگەڵ ئەوەی ئەوان بەرێژەیەکی زۆرکەم بونیان وەك دەنگ لەناو ئەمریکادا هەیە کەچی ئامادەبوونیان لەپرۆسەکەدا هەمیشە بەرێژەی ٩٢٪ لەکاتێکدا ئەمریکیەکانی تر بەرێژەی ٥٤٪ ئامادەدەبن. لەبەرئەوەی سیستەمی ئەمریکی بەشێوەیەك دارێژراوە هەرکات پاڵێوراوێکی سەرەکی بەهەر رێژەیەك سەرکەوتن بەدەستبهێنێت لەویلایەتەکەی خۆیدا ئەوا پارتی ئەو پاڵێوراوە کورسیەکانی ئەو ویلایەتە بۆخۆی دەبات و بەمەش جولەکەکان هەمیشە لەویلایەتەکانی نیوۆرك و کالیفۆرنیاو فلۆریدا زۆر بەخەستی بەشداری لەپرۆسەکەدا دەکەن تاکو بتوانن ئەو پاڵێوراوەی ئەوان پشتگیری لێدەکەن بردنەوە مسۆگەر بکات و بەگوێرەی ئامارەکانیش دەرکەوتووە کەجولەکەکان ٧٠٪یان دەنگ بەدیموکراتەکان دەدەن لەبەرئەوەی پارتی دیموکرات باشتر بەرنامەکانی بۆ کەمینەکان رون و کراوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوە نیە کەکۆماریخوازەکان رەتبکەنەوە بەپێچەوانەوە سەرۆك نیکسۆن یەکێك بوو لەوانەی٦٠٪ی پارەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی لە١٩٧٣دا لەلایەن جولەکەکانەوە دابینکرابوو. هەرچۆنێك بێت جولەکەکانی ئەمریکا دەسەڵاتی باڵایان هەیە لەهەرسێ دەزگای پەخش و تەلەفزیۆنی گرنگی ئەمریکی کەئەوانیش ABC,NBC,CBCو لەرۆژنامە بەناوبانگ و پرفرۆشەکانی وەك (دەیلی نیوزو وۆڵ ستریت جۆرناڵ و نیوۆرك تایمزو واشنتۆن پۆست)دا کە لەتوانایاندایە کاریگەری راستەوخۆ بخەنە سەر رای گشتی و سود لەسیستەمی لیبراڵی دەوڵەتەکە وەربگرن بۆ پەخشکردنی ئەوکارانەی کاریگەری دەخاتە سەر بڕیارەکانی دەنگدەر.(٧) لەبەریتانیاشدا راگەیاندن بەهەمانشێوە کاریگەری خۆی هەیەو هەردەم لەبۆتەی هەڵبژاردنەکاندا کاراترو چالاکانەتر دەیەوێت هەواڵ و دیمانەکان سەراسوێ بکات و هەر بەوەشەوە ناوەستێت بەڵکو خواستی جەماوەر دەخاتەڕوو، لەساڵی ١٩٩١دا دەزگای ساتچی و ساتچی پێشنیاری کرد کەحزبی پارێزگاران دەبێت بۆ وەدەستخستنی ئەو پێداویستیانەی دەنگدەر ئارەزوومەندە پێی وەك بەرگری و

---

٦. محسن محمد صالح- قراءة فی تأثیر اللوبی الصهیونی فی إنتخابات الأمریکیة- ٢٠٠٤/١١/٢- صفحة التحلیلات- الجزیرة.

٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

باج و یاساو سیستەم و چاککردن و ریفۆرمکردنی مەسەلە پەیوەستدارەکان بەتەندروستی و بێکارییەوە چڕتر بکاتەوە تابتوانێت سەرکەوتن مسۆگەر بکات و ئاکامیش سیاسەتمەداران بەو داوایانە رازی بوون،(٨) مەسەلەی راگەیاندن هەر بەوەوە نەوەستاوە بەردەوام و لەگەڵ ئەنجامدانی هەر هەڵبژاردنێکدا جا لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی ئەمریکا بێت یان بۆ کۆنگرێس یان تەنانەت بۆ ئەنجومەنی شارەوانی و حاکمی ویلایەتەکانیش بێت، راستەوخۆ دەزگاکانی راگەیاندن دەکەونە ئەنجامدانی راپرسی پێشوەختەو ئەمەش بەدڵنیاییەوە کاریگەری و جێکەوتەی بەهێزی دەبێت لەسەر کەسایەتی دەنگدەران و تەنانەت پاڵێوراوانیش. لەراستیدا لەوڵاتێکی گەورەی وەك ئەمریکادا تۆڕە گەورەکانی بورای راگەیاندن، نمونەی سی بی ئێس و رۆژنامەی نیوۆرك تایمزو ئەی بی ئێس و واشنتۆن پۆست و ئێن بی سی و وۆڵ ستریت جۆرناڵ، پێی هەڵدەستن. زۆرینەی کات لەچوارچێوەی پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوەکانیاندا ئەو راپرسیانە دەخولێتەوەو ئەم کارە بۆتە بەشێکی گرنگ و بەبایەخی ناو پرۆسەی سیاسی و تیایدا لەزمانی جەماوەرەوە دەردەخرێت کێ پێش کێ دەکەوێت لەهەڵبژاردنەکانداو گەر بێت و دەزگایەکی بێلایەن بەم کارە هەستێت ئەوا متمانەیەکی زۆر زیاتری دەبێت، چونکە لەگۆشە نیگایەکی بێلایەنانەوە چ نمونە مەیدانییەکەو چ ئەنجامی راپرسییەکە وەرگیراوە. زۆرینەی کات کەدەزگاکانی راگەیاندن بەم کارە هەڵدەستن ئەوا راستەوخۆ لەرووی دیمۆگرافییەوە دەتوانرێت چڕی و بەهێزی ئاستی لایەنگرانی پارتە سیاسییەکان دەربخرێت، بەتەنها لەساڵی ٢٠٠٠دا لەئەمریکا ١٤ راپرسی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك ئەنجامدرا کەزۆرینەیان هاوشێوەبوون لەئەنجامدا، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کەجیاوزیش لەئەنجامەکانیاندا نەبووبێت، بەشێك لەو راپرسیانە لەشەودا ئەنجامدەدرا دوای ئەوەی سەرۆك یان یەکێك لەپاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی بەیاننامەیەکی گرنگیان پەخش دەکردو لەسەر مەسەلەیەکی هەنوکەیی و چارەنوسساز قسەیان دەکرد، دەزگاکانی راگەیاندنی تایبەت بەراپرسی راستەوخۆ هەر هەمان شەو دەکەونە پرسینی بیروڕای خەڵك سەبارەت بەو وتانە، جا لەرێگای بەکارهێنانی هێڵەکانی تەلەفۆن یان مانگی دەستکرد یان مۆبایل یان تەنانەت ئینتەرنێتەوە بێت لانی کەم لەگەڵ ٥٠٠ دەنگدەردا قسە دەکەن کە لەسەرتانسەری وڵاتدا هەڵیاندەبژێرن و بەمەش دەتوانن لەڕووی دەروونییەوە کاردانەوەی دەنگدەران لەسەر ستراتیژو سیاسەتی پاڵێوراوو پارتی پشت پاڵێوراوەکانەوە، هەڵێنجن. رەنگە هەڵبژاردنی نمونەیەکی ٥٠٠ کەسی

---

٨. حوجەتوڵڵا ئەیوبی، ئەحمەد نەقیب زادە، دنیس کاوانـاك- هەڵبژاردن: شێوەو تایبەتمەندیەکانی-وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو- کتێبی روناکبیری ٤١- ٢٠٠٣- ص١٤٣.

لەدەوڵەتێکدا کەژمارەی دانیشتوانەکەی ٢٨٠ سەرنشینە کارێکی تاڕادەیەك باوەڕپێکراو نەبێت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لەرێگایەوە ئەو شێوازەی گوتاربێژان و سیاسەتبازی بەدەستدەخرێت کەبۆ راکێشانی دەنگدەر پێویستە. هەرچۆنێك بێت وەرگرتنی ئەو راپرسیانە زۆرجار کاریگەری جۆراوجۆری بەجێهێشتووە لەگۆڕەپانی سیاسەتدا، بۆ نموونە کاتێك سیناتۆر یۆگین ماکارتی کەوتە هەڵمەتێکی دژەوە لەبەرامبەر (لیندۆن ب. جۆنسن ١٩٦٣-١٩٦٩)ی سەرۆکی ئەمریکا لەساڵی ١٩٦٨ کەهەڵمەتەکانی دژ بە بەشداریکردنی ئەمریکا بوو لەشەری ڤێتنامدا، ئەگەرچی هەست و سۆزی خەڵك دژ بەشەڕ تاڕادەیەك روو لەکزی بوو کەسیش لەو بڕوایەدا نەبوو کەسیناتۆرێکی ئاوها کەمناسراو بتوانێت سەرۆك بخاتە مەحەکەوەو هەر لەئامارە سەرەتاییەکانی قۆناغە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنەکانی ویلایەتی (نیوهامشیر)ەوە دەرکەوت کەماکارتی توانیویەتی ٤١٪ی دەنگەکان بۆخۆی بەرێت لەبەرامبەر سەرۆکدا کەتەنها ٤٩٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، هەرچەندە ناوی سەرۆك جۆنسۆن نەخرابووە ناو لیتەکەوەو ئەوەی بیویستایە دەنگ بداتە جۆنسۆن دەبوایە بەدەستخەتی خۆی بینوسێت، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا راپرسیەکان لەلێکۆڵینەوەکانیان ئەوەیان دەرخست کەرەنگە سەرکەوتن مسۆگەر بکات و بەمەش سەرۆك جۆنسۆن لەدوای دوو هەفتە لەبیستنی ئەو هەواڵانە بڕیاری خۆ هەڵنەبژاردنەوەیدا. لەراستیدا رای گشتی و راپرسیەکان بەتەنها لەم حاڵەتەدا کاریگەری نەبووە بەڵکو لەهەڵبژاردنە پێشوەختەکانی ناو پارتە سیاسیەکانی ئەمریکا کەئەنجامی دەدەن بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی پارتەکەیان لەهەڵبژاردنەکانی دەوڵەتدا، ساڵی ١٩٧٢ لەویلایەتی نیوهامشیردا سیناتۆر جۆرج ماکگفرنی ویلایەتی ساوز داکوتا کەرێبەرایەتی بزوتنەوەیەکی ریفۆرمخوازی دەکرد لەنێوخۆی پارتی دیموکراتیدا لەبەرامبەر سیناتۆر ئیدمۆند مۆسکی وەستا کەپارتەکە دەیویست بەپاڵێوراوی خۆی هەڵبژێرێت بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، پاش ئەوەی پێشبینیەکان دەریانخست کەسیناتۆر ماکگفرن دەتوانێت نزیکەی ٤٠٪ی دەنگەکانی ویلایەتی نیوهامشیر بەدەستبهێنێ، بەلام ئەو لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە دڵخۆشی خۆی دەربڕی بە بەدەستهێنانی هەر رێژەیەك کە لەو رێژەیەش کەمتر بێت و تەنانەت گەر ٣٥٪یش بێت ئەوەبوو دواتر دەرکەوت ٤٣٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە لەبەرامبەر ٤٨٪ی موسکیداو ئەم رێژەیە گیانی ململانێی تیادا جۆشدا بۆ ئەوەی سەرکەوتنی هەمیشەیی بەدەستبهێنێ، بەلام دواتر لەبەرامبەر ریچارد نیکسۆنی کۆماریخوازدا شکستیهێنا.[٩]

٩. جۆن زوغبی- استطلاعات الرأی العام، المعلقون، والأنتخابات ٢٠٠٤- وزارة الخارجیة الأمریکیة- مکتب برامج الأعلام الخارجی- لەسەر ماڵپەری www.usinfo.gov

بەهەمانشێوەی ئەو دوو نمونەیەی پێشوو لەساڵی ١٩٧٦دا کاتێك جیمی کارتر ویستی خۆی بپاڵێوێت بۆ سەرۆکایەتیکردنی وڵات وەك پاڵێوراوی دیموکراتەکان، هۆکارەکانی راگەیاندن هەندێکیان بەئاراستەیەکی نێگەتیڤدا دەیانویست تێکی بشکێنن، بەلاّم سەرکەوتنی لەو ململانێیەی لەگەڵ پێنج لەپاڵێوراوەکانی تری دیموکراتدا لەویلایەتی نیوهامشیر کەزۆر لەو ناسراوتر بوون ئەنجامیدا، بێگومان راگەیاندن کاریگەرییەکی هێجگار بەهێزی لەو هەڵمەتە دژانەدا هەبوو، وایکرد ببێتە تەنها پاڵێوراوی حزبی دیموکراتی ئەمریکی و دواتریش کورسی سەرۆکایەتی لەساڵانی ١٩٧٧-١٩٨١دا بگرێتە دەست. بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا مەبەست بوو کاریگەری پروپاگەندەکان بوو لەسەر بڕیاری دەنگدەران و پاڵێوراوان و ئەمڕۆی هەزارەی سێیەمیش زۆر لەجاران توندوتۆڵانەترو کاریگەریانەتر دامەزراوەکانی راگەیاندن و هۆکارەکانی پەیوەندی توانیویەتی جێگەی خۆی بکاتەوە لەسەرانسەری ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بەسیاسەتەوە جا هەڵبژاردن یان هەر مەسەلەیەکی تر بێت و نابێت ئەوە لەیادبکرێت کەمەسەلەی راگەیاندن و بەکارهێنانی هۆکارەکانی راگەیاندن لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا شتێکی یاسایی و رێگەپێدراوە لەلایەن یاساوەو زۆرینەی یاساکانی تایبەت بەهەڵبژاردن بەدەقی راشکاو ئاماژەیان پێداوەو سزای سەرپێچیکارانیشیان بەهەند وەرگرتووە. ئەوەتا یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی- عێراق ١٩٩٢ بەماددەیەکی سەربەخۆ (ماددەی بیست و چوار) لەبەشی حەوتەمدا هاتووە:"پروپاگەندەی هەڵبژاردن ئازادە لەسنوری یاساو سیستەمی گشتی و ئادابدا، بەمەرجێك بەرەی کوردستانی بنەمای هاوتایی لەپێدانی هەلدا لەنێوان لیستە کێبەرکێکارەکاندا دابین بکات"، بەهەمانشێوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای هەلبژاردنی لوبنانیش ماددەکانی (٦٣،٦٤،٦٥،٦٦،٦٧،٦٨)و ماددەکانی(١٧، ١٨)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەردەنی و ماددەکانی (١٢٣،١٢٤،١٢٥،١٢٦،١٢٧،١٢٨،١٢٩،١٣٠،١٣١،١٣٢)ی یاسای هەڵبژاردنی جەزائیر تایبەتن بەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و ئەو رێنماییانەی کەپێویستە رەچاوبکرێن لەکاتی ئەنجامدانی ئەو هەڵمەتانەدا.[١٠] ئەمە لەکاتێکدا هەندێکی تر لەدەوڵەتان یاسایەکی تایبەتیان بەهەڵبژاردن نیە، بەلاّم لەدەستورەکەدا ئاماژەی پێدراوەو هەر لەچوارچێوەی دەستوردا ئاماژەی بەو حاڵەتانەداوە کەتایبەتن بەپروپاگەندەو هەڵمەتەکان. بەشێوەیەکی

---

١٠. موسوعة القوانين العربية للأنتخابات:
INTERNATIONAL FOUNDATION FOR ELECTION SYSTEMS (IFES)

گشتی لەزۆربەی دەوڵەتانیشدا هەڵمەتی هەڵبژاردن دەبێت دوو رۆژ پێش رۆژی دەنگدا یان ٤٨ سەعات بەر لەکردنەوەی سندوق بەڕووی دەنگدەراندا کۆتایی پێبێت.

## دووەم/ رۆژی دەنگدان و رێوشوێنەکانی

رۆژی دەنگدان ئەو رۆژەیە کەتیایدا هێزی دەنگدەر دەتوانێت فەرمانڕەوا بێت و حوکم بەئاییندەوە بکات، چونکە دەنگدەر لەم رۆژەدا دەتوانێت ئەو لایەنە هەڵبژێرێت کەدڵنیایە زامنی بەرژەوەندییەکانی دەکات و دەشتوانێت هێمای راست و چەوت بەسەر هەموو لایەنەکاندا بێنێت و بڵێت ئێوە هیچ لایەکتان نەتانتوانی خواستەکانم بهێننە دی و بەمەش دکتاتۆریەتی حزبی رەت بکاتەوە. هەرچۆنێك بێت ئەگەر دەوڵەت دەوڵەتێکی دیموکراسی بێت ئەوا ئەو رێوشوێنانەی کەدەگیرێنە بەر رێوشوێنی توندو تۆڵن و بەتەواوەتی ئازادی بۆ دەنگدەر دابینەدەکات و دەبێت لایەنە کارگێڕییەکان و پارتە سیاسیەکان و دەنگدەران بەتەواوەتی پابەندبن پێوەیان.

بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی زۆر لەدەوڵەتان، بنکە یان نوسینگەکانی دەنگدان بۆ نمونە لەسەعات ٨ی سەرلەبەیانی رۆژی دەنگداندا دەکرێنەوە بەرووی دەنگدەرانداو بەر لەوکاتە، بەئامادەبوونی نوێنەری لایەنەکان و ئەو کەسەی بەرپرسی یەکەمەو ئەو لیژنەیەی چاودێری نوسینگەکەی لەئەستۆدایەو پێشتر سندوقەکە دەکرێتەوەو لەڕووی یاساییەوە بەبەرچاوی نوێنەرانی هەموو لایەنەکانەوە دەپشکنرێت و پاشان قفڵ دەدرێت و ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی دەنگدەران دەنگە دراوەکانیانی بخەنە ناو، بۆیە ئاساییە لیژنەی سەرپەرشتیاری هەر نوسینگەیەك بەچەند سەعاتێك زووتر لەو کاتە ئامادەبن لەنوسینگەکەیاندا، هەروەك ئەگەر نوێنەری لایەنێك لەکاتی خۆیدا ئامادەنەبوو ئەوا هەر دەنگدەرێك لەوکاتەدا ئامادەبێت بەبڕیاری ئامادەبووان دەکرێتە نوێنەری ئەو لایەنە تاکو نوێنەرەکە دەگاتەجێ.

پاشان بەرپرسی لیژنەی سەرەکی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان ئەو زەرفەی کارتەکانی دەنگدانی تێدایە بەهەمانشێوەی سندوقەکان بەبەرچاوی هەموانەوە دەکاتەوەو دەیانژمێرێت لەدوایدا لیژنەکەو نوێنەری هەموو لایەنەکان لەسەر ئەو زانیاریانەی تائەوکاتە ئامارەی پێدراوە ئیمزا دەکەن. ئەوجا لەگەڵ هاتنی هەر دەنگدەرێکدا لیژنەکە دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١. دڵنیابوونەوە لەکەسێتی و لێهاتوویی (الأهلية) دەنگدەر لەرێگای سەیرکردنی پێناسی باری شارستانی یان رەگەزنامەی دەنگدەرەکەو بەراوردکردنی بەو خشتەی دەنگدەرانەی لەبەردەستیدایە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ناوی لەناو خشتەکەدایە یان نا.

٢. ئەگەر دەنگدانەکە مەرەکەبی تێدا بەکارهات ئەوا دەبێت لیژنەکە سەیری پەنجەی دەستی چەپی دەنگدەرەکە بکات بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی پێشتر دەنگی نەداوە.

٣. ئەگەر ئەو دوحاڵەتەی سەرەوە ئەنجامدرا ئەوا فەرمانبەری بەرپرس ناوی دەنگدەرەکە هێما دەکات لەسەرخشتەی ناونوسینی دەنگدەران و کارتێکی دەنگدانی دەداتێ.

٤. کەسی دەنگدەر دەچێتە ئەو شوێنەی بۆی دیاریکراوە بۆ ئەوەی بەنهێنی دەنگەکەی خۆی دیاریبکات لەسەر کارتی دەنگدانەکەو پاشان بەبەرچاوی نوێنەری لایەنەکانەوە کارتەکەی دەخاتە ناو سندوقی دەنگدانەکەوە.

٥. پاشان لەسەر خشتەی دەنگدەران ناوی دەنگدەرەکە هێمادەکرێت و ئەوجا پەنجەی دەستی چەپی مەرەکەباوی دەکرێت بەو مەرەکەبە تایبەتەی بۆ هەڵبژاردنەکە ئامادەکراوەو بەمەش مافی دەنگدانی جارێکی تر نامێنێت.

٦. سەرۆکی لیژنە واژۆ لەسەر فۆرمی دەنگدانەکەی دەنگدەرەکە دەکات و پاشان بۆی دەگێڕێتەوە (مەبەست لەو فۆرمەیە کەبەر لەدەنگدان لەلایەن لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە ئامادە دەکرێت و لای خۆشمان لەلایەن بریکاری خواردەمەنیەکانەوە دابەشدەکرا).

٧. ئەگەر هەموو ئەو دەنگدەرانەی ناویان لەخشتەی دەنگدەراندا تۆمارکرابوو ئامادەبوون و دەنگیاندا بەر لەکاتی دیاریکراو بۆ داخستنی نوسینگەکە ئەوا لەدەسەڵاتی سەرۆکی لیژنەدایە کۆتایی بەپرۆسەی دەنگدانەکە بێنێت لەو کاتەی کەدوا دەنگدەری تۆمارکراو لەسەر خشتەی دەنگدەران، دەنگەکەی خۆی دا.

٨. ئەگەر هێشتا دەنگدەران بەتەواوی دەنگیان نەدابوو کاتە دیاریکراوەکە کۆتایی پێهات، ئەوا بەگوێرەی ئەو رێنماییانەی لەهەموو یاساکانی تایبەت بەهەڵبژاردندا هەیە سەرۆکی لیژنەکە دەتوانێت ماوەیەکی دیاریکراو زیاد لەو ماوەیەی پێشووتر دیاریکرابوو، کاتەکە درێژبکاتەوە، لەزۆربەی هەڵبژاردنەکاندا بەچەند سەعاتێك دیاریدەکرێت، ئەگەر دەرکەوت هێشتا دەنگدەر ماوە ناونوسکرابێت لەخشتەی دەنگدەراندا، بەڵام دەنگی نەداوە ئەوا لەو کاتە زیاتر کاتی تر دیاریناکرێت و بەتەواوبوونی کاتی درێژکراوە سەرۆکی لیژنە کۆتایی بەپرۆسەی دەنگدانەکە دەهێنێت.

دەبێت ئەو خاڵەش رەچاوبکرێت کە لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا لیژنەی سەرپەرشتیار کەسێك دیاریدەکەن بۆ پڕکردنەوەی کارتی دەنگدانی ئەوکەسانەی کە کوێرن یان نەخوێندەوارن ئەویش بەمەبەستی پاراستنی مافەکانیان و هەر دەنگدانێکی لەوجۆرەش دەبێت بە ئەمانەت و راستگۆیی ئەنجامبدرێت

بەم شێوەیە لەیەکەم ساتی کردنەوەی سندوقەکانەوە تا دواساتی پرۆسەکە لەو دەوڵەتانەی هێشتا ئاستی تەکنۆلۆژیا تیایاندا دواکەوتووە پرۆسەی دەنگدان ئەنجامدەدرێت بەبێ ئەوەی تەکنۆلۆژیا تیایدا بەکاربهێنرێت، بەلاّم لەو دەوڵەتانەی کە بەهێزن لەرووی ئابوریەوەو تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوویان هەیە پرۆسەی دەنگدانەکە بەئاراستەیەکی تردا دەڕوات نەك لەرووی رێوشوێنەوە، بەڵکو لەڕووی پڕکردنەوەی کارتی دەنگدانەوە، بۆنمونە لەئەمریکادا بەر لەوادەی دەنگدان هەزاران کەسی پسپۆری بواری هەڵبژاردن و شارەزا لەکارگێڕێتی هەڵبژاردن هەڵدەستن بەئامادەکردنی کارتی دەنگدان بەگوێرەی هەر هەڵبژاردنێك کارتێك دروستدەکەن، ئەگەر هەڵبژاردنەکە بۆ سەرۆك بوو جۆرە کارتێك دروستدەکرێت ئەگەر بۆ شارەوانی بوو جۆرێکی ترو ئەگەر بۆ ئەنجومەنی پیران بوو جۆرێك و ئەگەر بۆ ئەنجومەنی گەلیش بێت ئەوا دەنگدەر بەکارتێکی جیاواز لەهەموو ئەو کارتانەی تر بەشداری لەپرۆسەکەدا دەکات و ئەو کارتی دەنگدانانەش زۆر جار بەزمانی جیاواز جیاواز دەردەکرێن و لەلایەن بەڵێندەرەکانەوە ئامێرو دەزگاکانی دەنگدان ئامادە دەکرێن بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن. هەڵبەت دوای ئەوەی جەماوەری دەنگدەر کارتەکانی دەنگدانیان بەدەست دەگات ئیدی لێرەوە مانای چوونی دەنگدەر دەگەیەنێت بۆ نزیکترین بنکەی دەنگدان بۆ دەنگدان و ئەمیش نەك لەرێگای هیمای راست و چەپدان لەتەنیشت ناوی ئەو پاڵێوراوەی مەبەستە بەڵکە ئێستا لەو وڵاتەدا بەهۆی ئامێری پێشکەوتووەوە کە بەکارهێنانی ئاسانەو دەتوانرێت بەشێوەیەکی ئاسایی لەسەرانسەری وڵاتدا بەدەستبخرێت، دەنگدەر دەنگی خۆی دەدات، بەنموونە یەکێك لەو ئامێرانەی کەزۆر بەربلاّوە ئامێری (کارت کونکەرە)یە کە بەهۆیەوە کارتی دەنگدانەکە دەخرێتە سەر کارتی ئامێرەکەو ئەمیش هەڵدەستێت بەکونکردنی لاتەنیشتی ناوی ئەو پاڵێوراوەی دەنگدەر مەبەستیەتی یاخود لەرێگای شاشەی دەست بەرکەوتن (شاشە لمس) کە بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی بەرنامەڕێژ کراوەو هاوشێوەی ئامێرە ئەلکترۆنیە ئۆتۆماتیکەکانی بانکەکانە یان لەرێگای بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتەوە کەهەتا ئێستا بەشێوەیەکی ئەزمونی لەویلایەتی ئاریزۆنا بەکارهێنراوە. لەراستیدا سیستەمی دەنگدان لەئەمریکادا جیاوازیەکەی لەوەدایە کەکارتی دەنگدان بەر لەرۆژی هەڵبژاردن دەگاتە دەست دەنگدەرو

هەروەك دەنگدانی پێشوەختە لەئەمریکادا شتێکی بەربڵاوە کەتیایدا ئامێری دەنگدان هەر لەسێ هەفتە پێش لەرۆژی دەنگدانەوە تا رۆژی هەڵبژاردن لەبازارو شوێنە گشتیەکاندا ئامادە دەکرێت و بەهۆیەوە دەنگدەران دەتوانن دەنگبدەن و دەنگدان بەپۆستیش یەکێکی تری جیاکەرەوەکانی سیستەمی دەنگدانە لەئەمریکا، لەویلایەتی ئەرگۆنی ئەمریکیدا ٢٠ رۆژ پێش رۆژی دەنگدان دەنگدەری دانیشتوی ئەو ویلایەتە کارتی دەنگدانی پێدەگات و دەتوانێت لەو ماوەیەدا دەنگەکەی بەپۆستدا بنێرێت یان خۆی بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دیاریکراوو ئەم رێگایە لەویلایەتی سیاتل و هەرێمی کینگی واشنتۆنیش پەیڕەو دەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لەسەرانسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا زیاتر لەپێنج لەسەدی هاوڵاتیە دەنگدەرەکان بەرێگای پۆستدا دەنگەکانیان رەوانە دەکەن و ئەمەش وادەکات رۆژی دەنگدان لەئەمریکادا وەك رۆژی دەنگدانی زۆر وڵاتی تر نەبێت، بەڵکو ببێتە رۆژی جیاکردنەوەی دەنگەکان کەهەمیشە لەیەکەمین سێ شەممەی دوای یەکەمین دوو شەممەی مانگی تشرینی دووەمی هەر چوار ساڵ جارێکدا دەبێت و ئەو رۆژە بەرۆژی هەڵبژاردن دیاریدەکرێت لەو وڵاتەدا.[11]

## سێیەم/ ئامادەکارییەکانی پاش دەنگدانی دەنگدەران

### ➢ چۆنیەتی جیاکردنەوەی دەنگەکان و بڵاوکردنەوەی ئەنجام:

جیاکردنەوەی دەنگەکان، دواقۆناغی پرۆسەی هەڵبژاردنە کەتیایدا ئەنجامی کۆتایی دەدەکەوێت و سەرکەوتوویی پرۆسەکە رادەگەیەنرێت. هەڵبەت مەسەلەی جیاکردنەوەی دەنگەکان کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو جگە لەزامنکردنی لایەنی ئەمنی، پێویستی بەکات و دەستپاکی هەیەو ئەمیش لەرێگای خۆیەوە دەکرێت بەدەست یان ئامێر ئەنجامبدرێت. لەراستیدا کاتێك پرۆسەکە بەشتێکی ئاسایی و سادەو کەمبایەخ سەیر دەکرێت ئەوا گومان لەراستەقینەیی هەڵبژاردنەکان دەکرێت و متمانەی جەماوەر کەمدەکاتەوە، بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارەکان بەچاوێکی پڕ بایەخ و چاوەڕوانییەوە بڕواننە ئەنجامە کۆتاییەکان و بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت ئەم رێگایانە بگیرێنەبەر:

**١. رونی و ئاشکرایی:**

بۆئەوەی هەڵبژاردنێکی متمانەپێکراو ئەنجامبدرێت پێویستە نوێنەری لایەنە سیاسیەکان و چاودێرە نێوخۆیی و تەنانەت (ئەگەر هەبوو) چاودێرە نێودەوڵەتیەکان کۆپییەکی ئەنجامە

---

١١. مایکل و. تروگۆت- إجراءات الأنتخابات الأمريكية- وزارة الخارجية الأمريكية- مكتب برامج الأعلام الخارجي- ٢٠٠٤/٥/١٧.

کۆتاییەکانیان بەدەست بگات و خۆیان ئامادەی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان بن. بەکارهێنانی ئامێر بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان جۆرێك لەئاڵۆزی و شاراوەیی تێدایە لەچاو بەکارهێنانی دەستدا بۆیە هەتا ئێستاش زۆر لەهەڵبژاردنەکان بەرێگای دەستی دەنگەکانی تێدا جیادەکرێتەوە.

**٢. ئاسایشی هەڵبژاردنەکان:**

لەپێناو زامنکردنی پاکیزەیی هەڵبژاردنەکاندا پێویستە سەلامەتی و باری ئاسایشی سندوقەکان و کارتەکانی دەنگدان، هەر لەرۆژی دەنگدانەوە تا دوا رۆژی جیاکردنەوەی دەنگەکان پارێزراوبێت، پێویستە چاودێران و نوێنەرانی لایەنەکان بەوریاییەوە چاودێری گواستنەوەی دەنگەکان لەبنکەیەکەوە بۆ بنکەیەکی تر بکەن و ئاگاداری ئەنجامدانی ئەو کارانەبن و پرۆسەی گواستنەوەی دەنگ لەزەرفی مۆرکراو و ژمارەدارو واژۆکراودا بگوێزرێنەوە کەقابیلی ساختەکاری نەبن.

**٣. لێهاتوویی و شارەزایی:**

دەبێت ئەوانەی کاری کارگێڕێتی هەڵبژاردنەکان دەکەن بەتایبەتی ئەوانەی هەڵدەستن بەجیاکردنەوەی دەنگەکان، خەڵکانێکی شارەزاو لێهاتوو متمانەپێکراوبن و خولی تایبەتی راهێنانیان بینیبێت لەو بارەیەوەو قاڵبووی بوارەکەبن تاکو زیاتر متمانە پێکراوبن لەلایەن نوێنەرانی لایەنەکان و چاودێرو ئەو خەڵکە ئاساییانەی کەدێن بۆ سەیرکردنی پرۆسەکەو نابێت بەهیچ شێوەیەك تاکۆتایی جیاکردنەوەی دەنگەکان و راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی لایەنداری خۆیان بۆهیچکام لەبەشداربووانی پرۆسەکە دەربخەن.

**٤. ووردبینی:**

چاودێریکردنی وردی هەڵبژاردنەکان یەکێکی ترە لەگرەنتیەکانی پاراستنی پاکیزەیی هەڵبژاردنەکان، چونکە بوونی هەر هەڵەیەك دەبێتە مایەی دروستکردنی گومان لەسەر هەڵبژاردنەکان، بۆیە چاترە ئەم خاڵە زۆر بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و رێوشوێنی پێویست لەو بارەیەوە بگیرێتەبەر.

**٥. شاراوەیی:**

یەکێك لەپایە گرنگەکانی دەنگدان شاراوەییە، چونکە گرەنتی دەداتە هاوڵاتی و دڵنیای دەکاتەوە هەرلایەنێك هەڵبژێرێت لەدوایدا کەس لێپرسینەوەی لەبەرامبەردا ناکات، بۆیە دەبێت لەماوەی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا شوناسی هاوڵاتیان شاراوەبێت و بەهیچ شێوەیەك نەخرێتە پێش چاو تاکو سەلامەتی دەنگدەران پارێزراوبێت و راستەقینەیی دیموکراسیەتیش نەکەویتە بەر گومان.

### ٦. خێرایی:

هەردواکەوتنێك لەراگەیاندنی ئەنجام دەبێتە مایەی دڵەڕاوکێی دەنگدەران و ترس لەناپاکی هەڵبژاردنەکان، بۆیە پێویستە کارگێڕێتی هەڵبژاردن بەردەوام و میدیاکان ئاگاداربکاتەوە پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان لەچ قۆناغێکدایەو پێشوەختیش ماوەی پێویستی جیاکردنەوەکە دیاریکرابێت تاکو لەکاتی دیاریکراودا ئەنجامی کۆتایی رابگەیەنرێت.

### ٧. هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی:

پێویستە بەتەواوی ئەوە ئاشکرابێت کەهەر قۆناغێکی هەڵبژاردنەکان کێ لێی بەرپرسیارە، لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆنمونە لیژنەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان لێی بەرپرسیار دەبێت و لەعێراق کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردەکان ئەو بەرپرسێتییەی لەئەستۆیە، بەڵام لەسەر ئاستی بازنەو ناوچەکان فەرمانبەری باڵای شارەزا دیاریدەکرێت و بەرەسمی ئەو بەرپرسیارێتیە دەخرێتە ئەستۆی، هەرچی لەسەر ئاستی بنکەکانی دەنگدانە ئەوا فەرمانبەرێکی راهێنراو بەرەسمی دیاریدەکرێت. پێویستە لایەنی وەرگرتنی داوانامەو شکاتنامەش بەروونی دیاریکرابێت و ئەو رێنمایی و پێوەندانەی تایبەتن بەرەتکردنەوەو حساب نەکردنی هەندێك دەنگ بەڕوونی خرابنە روو بۆ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان "کارگێڕەکانی هەڵبژاردن، جەماوەری دەنگدەر، پارتە سیاسیەکان، پاڵێوراوان، رێکخراوە ناحکومیەکان، چاودێرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان" و دەبێت کارگێڕێتی هەڵبژاردن بەتەواوی دڵنیابێت لەوەی هەر لایەنەو بەباشی بەرپرسیارێتی خۆی گرتۆتە ئەستۆ.

### ٨. دادوەری:

دەبێت هەموو لایەنە بەشدارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن ملکەچی هەمان بنەما بن بەبێ جیاوازی و هەموویان پێی رازین و بوونی چاودێرو نوێنەری پارتە سیاسیەکان لەدادوەری هەڵبژاردنەکان زیاد دەکات.

## رێگاکانی جیاکردنەوەی دەنگەکان

بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان بەدوو رێگا دەبێت کە لەگەڵ ئەوەی لەهەندێك باردا لەیەکدەچن، بەڵام رووی جیاوازیشیان زۆرە کەبریتین لە:

١. جیاکردنەوەی دەنگەکان لەنوسینگەکانی دەنگداندا.

٢. جیاکردنەوەی دەنگەکان بەشێوەیەکی ناوەندی.

**یەکەم: جیاکردنەوەی دەنگەکان لەنوسینگەکانی دەنگداندا**

**دوابەدوای داخستنی نوسینگەکانی دەنگدان، سندوقەکان لەناو نوسینگەکاندا دەمێنێتەوەو ناگوێزرێنەوە بۆ هیچ شوێنیکی تر، بەڵکو فەرمانبەرەکانی نوسینگەکە هەڵدەستن بەم هەنگاوانەی خوارەوە:**

- **ژماردن و جیاکردنەوەی ئەو کارتانەی دەنگدان کە بەکارنەهێنراون یان خراپ بەکارهاتوون و (تەلەف) بوون.**
- **سەرژمێرکردنی سەرجەمی ئەو دەنگدەرانەی دەنگیانداوە بەگوێرەی خشتەی دەنگدەران.**
- **لابردنی قفڵ و مۆر لەسەر سندوقی دەنگان و ژماردنی کارتەکانی ناو سندوقەکە.**
- **بەراوردکردنی ژمارەی کارتە دەنگدراوەکانی ناو سندوقەکە بەژمارەی ئەو کەسانەی دەنگیانداوە لەرێگای بەکارهێنانی خشتەی ناوی دەنگدەرانەوە.**
- **ئەگەر ژمارەکان هاوتا بوون، ئەوا دەستدەکرێت بەجیاکردنەوەو پۆلێنکردنی کارتەکانی دەنگدان بەگوێرەی پاڵێوراو یان لیستی پارتە سیاسیەکان، ئەو کارتانەی دەنگدان کەمایەی گومانن بەجیا دادەنرێن و بەگوێرەی ڕێنماییەکان بڕیاریان لەسەر دەدرێت داخۆ حسابدەکرێن یان نا، ئەگەر رەتکرانەوەو حسابنەکران ئەوا هۆکارەکانی رەتکردنەوەیان بەتەواوی لەو کۆنوسەی بۆ لیژنەی سەروتر دەنوسرێت، ئاماژەی پێدەدرێت.**
- **دوای هەژمارکردنی سەرجەم دەنگی لایەن و پاڵێوراوەکان، ئەوجا دەخرێنە زەرفی تایبەتی مۆرکراوەوەو واژۆ دەکرێن و دەنێردرێن بۆ نوسینگەی نێوخۆیی و ئەمەش یەکەمین هەنگاوی بلاوکردنەوەی ئەنجامەکانە، چونکە نوێنەری لایەن و پاڵێوراوەکان و چاودێرەکان لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا ئامادەن و ئەو مافەشیان هەیە لایەنەکانیان ئاگادار بکەنەوە لەئەنجامی ئەو بنکەیە یان ئەو نوسینگەیەی دەنگدان. دەبێت ئەو حاڵەتەش رەچاوبکرێت کەدوای تەواوبوونی جیاکردنەوەی دەنگەکان و مۆرکردنی ئەنجامی کۆتایی ئەو نوسینگەیە راستەوخۆ ببرێت بۆ نوسینگەی نێوخۆیی کە لەهەر پارێزگایەکدا یەك نوسینگەی لەوجۆرە دەبێت و پاش کۆکردنەوەی ئەنجامی سەرجەم نوسینگەکانی دەنگدان لەنوسینگەی پارێزگادا ئەوجا ئەویش لەلای خۆیەوە ئەنجامی کۆتایی پارێزگا دەردەهێنێت و رایدەگەیەنێت.**

لەڕاستیدا بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە کۆمەڵێك لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی هەیە ئەوانیش، لەبەرئەوەی ئەوکەسانەی هەڵدەستن بەجیاکردنەوەی دەنگەکان هەمان ئەو کەسانەن کەکاری وەرگرتنی دەنگەکان و سەپەرشتیکردنی نوسینگەی دەنگدانەکەو چاودێریکردنی سندوقەکە ئەنجامدەدەن، کەواتە لەرووی دارایی و کارئاسانیەوە باشترەو کەمتر خەرجی دەوێت و بەمەش ب ڕێگایەکی ئاسانتر دادەنرێت. هاوکات ئەم ڕێگایە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هاندەرە بۆ ئامادەبوونی کەسانی دەرەوەی کارگێڕێتی هەڵبژاردن، واتا لەبەرئەوەی جیاکردنەوەی دەنگەکان لەناوخودی ئەو گەڕەکەدا ئەنجامدەدرێت کەدەنگەکەی تیادا دراوە ئەمە وادەکات خەڵکی ئاسایی وەك شایەت ئامادەی پرۆسی جیاکردنەوەکە بێت و بەمەش لەمتمانەو راستەقینەیی پرۆسەکە زیاد دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنێکی نێگەتیڤی ئەم ڕێگایە ئەوەیە کە ئەوانەی بەرپرسن لەجیاکردنەوەی دەنگەکان دەبێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ کار بکەن و هەندێکجاریش دەبێتە مایەی ئاشکرایی دەنگدانەکە، چونکە ئەنجامی کۆتایی ئەوە دەردەخات کە ئەو ناوچەیە یان ئەو گەڕەکە دەنگیان بەچ لایەنێك داوەو بەمەش لایەنەکە رەنگە کاردانەوەی هەبێت یان بیەوێت حەقی خۆی لەدەنگدەرانی ئەو ناوچەیە بکاتەوە ئەمە سەرباری ئەوەی لەنوسینگەیەکەوە بۆ نوسینگەیەکی تر رەنگە جیاوازی هەبێت لەپێوەرەکانی رەتکردنەوەو حسابنەکردنی کارتە گوماندارەکاندا، کەئەمەش بەیەکێك لەخاڵە لاوازەکانی ئەم ڕێگایە دادەنرێت.

بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان بەم ڕێگایە پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

- کردنەوەو داخستنی سندوقەکانی دەنگدان.
- پۆلێنکردنی کارتەکان.
- ژماردنی دەنگەکان.
- گواستنەوەی ئەنجامەکان.
- کۆکردنەوەی ئەنجامەکان.
- بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان.
- دانانی ڕێوشوێنی پێویست لەکاتی بوونی بەرهەڵستکاری لەسەر ئەنجامەکان.

**دووەم: جیاکردنەوەی دەنگەکان بەشێوەیەکی ناوەندی**

لەم ڕێگایەدا دوابەدوای داخستنی نوسینگەکانی دەنگدان، چەند کەسێك بەرەسمی دیاریدەکرێن بۆ گواستنەوەی سندوقەکان بۆ نوسینگەی جیاکردنەوەی دەنگەکان، واتا نوسینگەی دەنگدان جیاوازە لەنوسینگەی جیاکردنەوەی دەنگەکان و بەهەمانشێوە لەمیشدا

بەر لەگواستنەوە سندوقەکە مۆرو واژۆ دەکرێت و سەرجەم بەڵگەنامەو پاشکۆکانی دەنگدان لەو نوسینگەیەدا دەخرێتە ناو زەرفی مۆرکراوەوەو لەگەڵ سندوقەکەدا دەگوێزرێتەوە. هەڵبەت گواستنەوەی سندوق کارێکی هەروا ئاسان نیەو بەپێچەوانەوە پێویستی بەپارێزگاری و چاودێریکردنی وردو دابینکردنی ئەمنیەتی تەواو هەیەو سندوقی هەر نوسینگەیەك کەدەگاتە نوسینگەی جیاکردنەوەی دەنگەکان دەبێت راستەوخۆ بەڵگەنامەی وەرگرتن لەلایەن نوسینگەکەوە بدرێتە ئەو کەسانەی بەگەیاندنی سندوقەکە هەستاون و پاش گەیشتنی سەرجەم سندوقەکان ئەوجا دەستدەکرێت بەهەڵپچرینی سندوقەکان و جیاکردنەوەی دەنگەکانیان و بەتەواوبوونی جیاکردنەوەی دەنگەکان ئەرکی فەرمانبەرانی نوسینگەکەیە کەزانیاریەکانی تایبەت بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن بخەنە ناو زەرفی مۆرکراوو واژۆکراوو بیخەنەوە ناو سندوقە تایبەتەکانەوەو هەرچی زانیاریە کۆتاییەکانی هەر سندوقێکە دەدرێتە کەسێك یان لیژنەی بەرپرسیار بەرامبەر بەکۆکردنەوەی ئەنجامەکان و بەکۆکردنەوەی هەموو ئەنجامەکان، ئەنجامی ئەو نوسینگەیەی جیاکردنەوەی دەنگەکان بەدەستدەکەوێت و دەنێردرێت بۆ نوسینگەی ناوەندیی کارگێرێتی هەڵبژاردن و ئەمیش دوابەدوای کۆکردنەوەی ئەنجامی هەرنوسینگەیەك لەنوسینگەکانی جیاکردنەوەی دەنگەکان لەلای خۆیەوە ئەنجامی کۆتایی دەنێرێت بۆ نوسینگەی نیشتمانی بەمەبەستی کۆکردنەوەی ئەنجامی کۆتایی لەسەر ئاستی نیشتمانی و بڵاوکردنەوەی.

لەڕاستیدا ئەم رێگایە لەکاتێکدا بەکاردەهێنرێت کەنوسینگەکانی دەنگدان شیاوی جیاکردنەوەی دەنگەکان نەبن و کارێکی گرانبێت کۆکردنەوەو دابەشکردنی نوێنەری ئەو هەموو لایەنەو چاودێران و نوێنەرە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان ئەمیش لەبەر زۆری نوسینگەکانی دەنگدان. هەروەك لەکاتێکدا کەکارتەکانی دەنگدان بەشێوەیەکی ئاڵۆز دروستدەکرێن ئەمە وادەکات فەرمانبەران پێویستیان بەراهێنان و مەشقی زیاتر بێت بۆ هەستانیان بەو ئەرکەو کارگێرێتی هەڵبژاردنیش نەیتوانیبێت ئەو کارە ئەنجامبدات و لەبەر ئەوە تەنها یەك نوسینگەی جیاکردنەوەی دەنگەکانی لەهەر شارێکدا کردبێتەوە، تەنانەت لەبەر ئاڵۆزی سیستەمەکانی دەنگدان لەهەندێك وڵاتی وەك ئوستورالیاو ئێرلەندا پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان تا بڵاوکردنەوەی ئەنجامە کۆتاییەکان چەند رۆژێك دەخایەنیت، لەو وڵاتانەشدا کەباری ئەمن و ئاسایش پڕ کێشەیەو بەئاسانی ناتوانرێت کۆنتڕۆڵی ئەو هەموو نوسینگەیەی جیاکردنەوەی دەنگەکان بکرێت و توندوتیژی تیایدا بەرقەرارەو ترس لەوە هەیە کەئەگەر ناوچەیەك زانرا لایەنگری بۆچ پارتێك زیاترە رەفتاری نەشیاوو ناشارستانی بەرامبەر بکرێت، ئالەو کاتانەدا چاکترە پەنا بۆ ئەم رێگایە ببرێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە رێگایە پێویستی بەم هەنگاوانەی خوارەوە هەیە لەڕووی پراکتیکیەوە:

- ئامادەکاری پێویست بۆ گواستنەوەی سندوقەکان.
- گواستنەوەی سندوقەکان.
- کردنەوەو داخستنی سندوقەکان.
- پۆلێنکردنی کارتەکانی دەنگدان.
- ژماردنی دەنگەکان.
- گواستنەوەی ئەنجامەکان.
- بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان.
- دانانی رێوشوێنی پێویست لەکاتی بوونی بەرهەڵستکاری لەسەر ئەنجامەکان.

هەرچۆنێك بێت، ئەگەر رێگای یەکەمیش بەکاربهێنرێت ئەوا چاکترە چەند نوسینگەیەکی جیاکردنەوەی دەنگ لەکاتی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا دابنرێت بۆ ئاسانکاری هەندێ رێوشوێنی پێویست کەدەگیرێنەبەر لەکاتی دەنگدانی ئەوانەی بەرێگای پۆست دەنگدەدەن جا لەدەرەوەی وڵاتبن لەبەرئەوەی دیبلۆماتن یان لەهێزە چەکدارەکاندان یان بەکارێکی تایبەت سەفەریانکردووە، گرنگ ئەوەیە بوونی ئەم جۆرە نوسینگانە کاری ئەوانە ئاسان دەکات و دەتوانرێت راستەوخۆ دەنگەکانیان رەوانەی ئەو نوسینگانە بکرێت و لەدوایدا بخرێتە سەر ئەنجامەکان.

## ➢ لایەنی دارایی پرۆسەی هەڵبژاردن:

### ١. یاساو کۆمەکەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

رەنگە مەسەلەی دارایی و ئەو سەرمایەیەی دەخرێتە خزمەت پرۆسەی هەڵبژاردنەوە یەکێك بێت لەو پایە گرنگانەی زۆرترین جەدەلی لێبکەوێتەوە لەدەوڵەتانی دیموکراسیدا، بەو پێیەی مەسەلەی هەڵبژاردن بەتەواوەتی بەسراوەتەوە بەوەی چ لایەنێك دەتوانێت زۆرترین کۆمەکی حزبی بۆ بانگەشەو پروپاگەندەی خۆی کۆبکاتەوەو لەهەمانکاتدا کامە بەرنامەیە دەتوانێت پرەنسیپ و بەرنامەی بەهێزی ئابووری و باج و باشترین خزمەتی ئابووری جەماوەرەکەی بکات و زەمانی ئابووری و سۆسیالی باش بۆ بێکاران دابینبکات و هێزی بێکاری دابەزێنێتە خوارەوەو هەلی کارکردن بەرزبکاتەوەو داهاتی تاك بۆ ئاستێکی باڵا سەربخات. کەواتە مەسەلەی هەڵبژاردن چ وەك بەرنامەی ریفۆرم و چاکسازی کەپارت و لایەنەکان دەیڵێنەوەو چ وەك ئەو لایەنەی زەمانەتی سەرکەوتنی پارتێك یان پاڵێوراوێك

دەکات، بەداراییەوە بەندە، بۆیە بەپێویستی دەزانم لەم باسەدا تیشکێك بخەمە سەر رۆڵی دارایی و سامان لەبەرزکردنەوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی پاڵێوراوان و ئەو لایەنانەش باس بکەم کەوەك سەرچاوەی دابینکردنی دارایی مامەڵە دەکەن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا.

لەراستیدا زۆر لەدەوڵەتان لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا ئەرك و بودجەی پێویستی هەڵبژاردنەکان دەگرنە ئەستۆو ئەو پارت و تاکەکەسانەی خۆیان دەپاڵێون بەگوێرەی بڕیارو یاسای تایبەت بودجەیان بۆ دیاریدەکرێت و ئەو بودجەیەش لەخەزێنەی گشتی دەوڵەتەوە دیاریدەکرێت و دەبەخشرێتە پارت و کەسایەتیەکان، بەم پێیە پاڵێوراو پارتێکی سیاسی یان تاکە کەسێك بێت دەتوانێت سود لەو بڕە پارەیە وەربگرێت کەدەبەخشرێت پێی و لەهەمانکاتدا دەبێت بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەو ئاستە خەرجییە تێپەڕنەکات کەیاسا بۆی دیاریدەکات و بەر لەهەڵبژاردنەکان دەبێت پارتە سیاسیەکان میزانیەی دارایی خۆیان بڵاوبکەنەوە لەرۆژنامەو دەزگاکانی بڵاوکردنەوەداو نابێت بەهیچ شێوەیەك یارمەتی و کۆمەك لەپارت و دەوڵەت و دامەزراوەی بێگانەو نامۆ بەدەوڵەت وەربگرن. هەر لەبەر گرنگی پاکیزەیی ئەنجامدانی پرۆسەکەیە زۆر لەدەوڵەتانی دیموکراسی وەك فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاودێری ئەخەنە سەر پاڵێوراوان و ئەم پرۆسەی چاودێریکردنە بەیەکێك لەبنەماکانی ریفۆرم دادەنرێت لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەو دەوڵەتانەداو ئەمیش وەك پێشتر ئاماژەم پێدا لەپێناو دەرخستنی میزانیەی دارایی ئەو پاڵێوراوانەدا کەبۆ هەڵمەتەکە بەکاریدەهێنن تاکو لەرێگایەوە ئاگاداری چۆنیەتی خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیەبن نەوەك لەرێگای ناشایستەوە بۆ کڕینی دەنگ بەکاریبهێنن و دەبێت ئەو بڕە پارەیە لەبانك ئیداع بکرێت کەتایبەت دەکرێت بەهەڵمەتی هەڵبژاردنی هەریەکێك لەو پاڵیوراوانەوەو بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنی فەرەنسی ساڵی ١٩٩٥ دەبێت کەسێك بکرێتە ئەمینداری ئەو کۆمپانیایەی هاریکاری هەڵبژاردنەکان بۆ پارتەکان دابیندەکات و تیایدا مەرج دادەنێت کەئەو کەسە هەمان ئەو ژمێریارە نەبێت کەپارەکە دابەشدەکات و دەبێت بەهیچ شێوەیەك بەزۆرەملێ ئیمزای پێنەکرێت و مەرجە ئەو پارتانە خەرجیەکانیان بەشێوەی وصولات بگێڕنەوەو هەر پارتێك یان هەر پاڵێوراوێك سەرپێچی ئەو رێنماییانەی کرد ئەوا لەدەسەڵاتی قازیدایە کەمافی خۆپاڵاوتنی بۆ ماوەی ساڵێك لێبسەنێتەوە.[١٢] بەهەمانشێوە لەئەڵمانیای فیدراڵدا یاسای

---

١٢. فاطمة بريخ- تمويل الأحزاب السياسية الديموقراطية بين المنظور القانوني والواقعي (مراقبة الشفافية المالية للأحزاب السياسية)- منبر الآراء- الأحداث المغربية www.ahdath.info

بنەڕەتی ساڵی ۱۹٦٧ داوای دابینکردنی سەرجەم ئەو پێداویستیانەی کەسەرچاوەی دارایی و داهاتەکانی پارتە کێبەرکێکارەکانە، کردو بڵاوکردنەوەی میزانیەی ساڵانەی ئەو پارتانەی کردە پێویستیەکی ساڵانە کەوەك راپۆرتێك دەخرێتە بەردەست سەرۆکی باندستاگ و تا لەوێوە بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەی بدرێت. بەپێچەوانەی سەرجەم دەوڵەتە دیموکراسیەکانی ترەوە ئەمریکا هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەگوێرەی ئەو داهاتانە ئەنجامدەدات کەپاڵێوراو دەتوانێت بۆخۆی کۆبکاتەوە لەو بەخشەرانەی مەبەستیانە سەرکەوتنی هەڵبژاردنی مسۆگەر بکەن، تەنها لەهەڵمەتەکانی سەرۆکایەتی ئەو دەوڵەتەدا نەبێت لەهیچکام لەهەڵبژاردنەکانی تردا پاڵێوراو سودمەند نابێت لەیارمەتی دەوڵەت کە لەخەزێنەی گشتیەوە دابیندەکرێت و لێرەشدا پاڵێوراو ئازادە ئەو برە پارەیە وەربگرێت یان رەتی بکاتەوەو بیگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنە.[١٣] بۆیە هەموو پاڵێوراوەکان لەهەر ئاستێکی هەڵبژاردندا خۆیان پاڵاوتبێت دەبێت پشت بەو کۆمەکانە ببەستن کەلایەنگران و دۆست و هاوڕێیانیان پێیاندەبەخشن و بۆیان کۆدەکەنەوەو لەراستیدا تابێت ئەو برە کۆمەکە هەڵدەکشێت، چونکە تا دێت بودجەی هەڵبژاردنەکان زیاد دەکات و پاڵێوراو هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی دۆڕاندندایە ئەگەر نەتوانێت کۆنترۆڵی سەرجەم لایەنەکانی پروپاگەندەو ریکلام و بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆی نەکات هەر لەدەرخستنی راپرسیەکان و پێشبینیە پێشوەختەکان و پروپاگەندە تەلەفزیۆنیەکان و دانانی بەرنامەی کاریگەری راگەیاندن و کردنەوەی نوسینگەی تایبەت بەو پرۆسەیەو دانانی بەرپرسی نوسینگەی کارگێڕی .... تد، کەئەمانە هەمووی پێویستیان بەبڕی زۆر زەبەلاحی سامان و دارایی هەیە سەرباری ئەوەی کۆمپانیای گەورەی تایبەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا ئەرکی ئەو کارانە دەگرێتە ئەستۆی خۆی و ئەمیش لەلایەن خۆیەوە دیسانەوە پارەی زەبەلاح داوا دەکات. خۆئەگەر بێت و پاڵێوراو نیازی خۆ هەڵبژاردنی هەبێت بۆ سەرۆکایەتی ئەوا بودجەی پێویستی هەڵمەتەکە زۆر زیاتر دەکات، چونکە ئەوەی نوێنەرێك پێویستیەتی لەتەنها ویلایەتێکدا ئەوا پێویستە لەهەر پەنجا ویلایەتەکەی ئەمریکادا ئەنجامی بدات ئەمە سەرباری کردنەوەی نوسینگەی تایبەت بەهەڵمەتەکانی خۆی لەو ویلایەتانەداو دانانی پلانی شیاوی پروپاگەندە لەهەر ویلایەتێکدا بەگوێرەی سروشتی ویلایەتەکە خۆی. وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا مەسەلەی کۆکردنەوەی ئەو کۆمەکانە دەچێتە چوارچێوەی خواستی تاکەکان و

١٣. د. منار الشوربجي "المديرة الأكاديمية لمركز الوليد بن طلال للدراسات بالجامعة الأمريكية بالقاهرة -الدور الحقيقي للمال بإنتخابات أمريكا- صحيفة "أخبار الخليج" البحرينية- إسلام اون لاين.نت-سبتمبر ٢٠٠٤.

ئاستی مەیلدارییان بۆ ئەو پارتانەی کێبەرکێی یەکتر دەکەن و لەهەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە کەدەوڵەت و یاسا و دەستور دەستوەرنادەنە چۆنیەتی بەخشین و بڕی بەخشینی ئەو پارەیە کەئەندام و دۆستەکان دەیبەخشن و هەر دەست تێوەردانێك بەلای دادگای بالاّی ئەمریکیەوە دەستێوەردانە لەئازادی تاکەکەسەکان، چونکە دادگای بالاّ پێی وایە ئەو تاکانە کاتێك بەشداری بەخشینی پارە دەکەن بەو پارتەی مەبەستیانە ئەوە مانای دەرخستنی لایەنداری و مەیلداری سیاسییانە و ئەمریکاش وڵاتێکە ئازادی دەربڕین تیایدا بەرقەرارە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت لەبەرامبەر ئەو ئازادیەدا کۆمەڵێك بەربەستی یاسایی تر دانرابێت بۆ چاودێریکردنی ئەو هەڵمەتانە و ئەو بڕە داراییەی خەرج دەکرێت بۆی. لەساڵی ١٩٧٦دا دادگا ئەو دوو جۆرە بەخشینەی لەیەکتر جیاکردەوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن تاکەکان و لایەنەکانەوە دەدرایە پاڵێوراو لەگەڵ ئەو خەرجیانەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەو تاك و لایەنانە بۆ هەمان بەرنامەو مەبەست بەکاری دەهێنن و دادگا پێی وابوو دەبێت لەحاڵەتی یەکەمدا ئاستێکی دیاریکراو هەبێت و سنورێکی بۆ دانرابێت تاکو پاڵێوراوەکە لەگەندەڵ بوون و فاسد بوون بپارێزێت، بەڵام لەحاڵەتی دووەمدا کەتاکەکان یان لایەنەکان هەڵدەستن بەخەرجکردن و بانگەشەکردن بۆ بەرنامەیەك یان پاڵێوراوێك ئەمەیان نابێت هیچ بەربەست و سنوردارییەکی بۆ دابنرێت، چونکە هەر کارێکی لەو شێوەیە دەچێتە چوارچێوەی دەستوەردانە ئازادی ڕادەربڕینی ئەو لایەنانەوەو ئەو تاکانە ئازادن لایەنگری خۆیان بۆ هەر هەڵوێستێکی سیاسی دربڕن و بیانەوێت سەرکەوتنی مسۆگەر بکەن بۆیە هەرچەندێك و بەهەر نرخێك ئەم کارەیان ئەنجامدا ئەوان ئازادن مادام هیچ ڕێکەوتنێکی پێشوەختە لەنێوان ئەوان و پاڵێوراوەکەدا نەبووە، جا چەندێك پاڵێوراو سوودی لێببینێت.[14] لەلایەکی ترەوە هەرچەندە لەئەمریکادا لەساڵی ١٩٠٧دا یاسای Tillman کەرێگریی دانا لەبەردەم کۆمپانیا گەورەکان و بانکەکان لەهاریکاریکردن و بەشداریکردنی هەڵمەتە فیدراڵیەکانداو لەساڵی ١٩٤٧یشدا یاسای Taft Hartley کە بەهەمانشێوە ڕێگری لەبەردەم یەکێتیەکانی کارو یەکێتیە بازرگانیەکاندا دانا، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا هەرمیشە خاوەن بەرژەوەندیەکان توانیویانە ئەو یاسایانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوەو لەجیاتی ئەوەی ئەمجارە بەناوی کۆمپانیاو یەکێتیەکانەوە هاریکاری و کۆمەك بدەنە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، هاتوون بەناوی تاکەکەسەکانەوە ئەم کارەیان ئەنجامداوە کە لەڕاستیدا ئەو تاکە کەسانە خودی خاوەن کۆمپانیاو یەکێتیەکان خۆیان بوون. هاوکات و ساڵی ١٩٧٣ لەرەفتارێکی سەرەك نیکسۆندا کەبۆ خولی دووەمی هەڵبژاردن خۆی پاڵاوتبوو

---

١٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

كە بەكێشەی "ۆتەر گێت" ناساراوە، دەزگاكانی راگەیاندن بەئاشكرا ئەو راستیەیان خستەڕوو كەنیكسۆن بۆ هەڵمەتەكەی پارەو یارمەتی بەشێوەیەكی نهێنی لەتاكەكانەوە وەرگرتووەو لەو میزانیەیەی داویەتیە كۆنگرێس و لیژنەی باڵاو دادگای باڵای سەرپەرشتیكردنی هەڵبژاردنەكان ئامازەی بەو بڕە پارە زەبەلاحانە نەداوە كەتاكەكان وەك كۆمەكێك بۆ هەڵمەتەكەی پێیان بەخشیوەو دواتر لەپاداشتی ئەو كارانەی بەخشەرەكاندا پۆستی گرنگ و پایەداری پێبەخشیون و هەر لەبەر ئەم هۆكارەش لەساڵی ١٩٧٤دا یاسای تەمویلكردنی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن دەركراو دواتریش گۆڕانكاری گرنگی تیادا ئەنجامدرا لەهەردوو ساڵی ١٩٧٦و ١٩٧٩ كەتیایاندا تیشك دەخرێتە سەر ئەو یارمەتی و تەمویلانەی دەدرێتە پاڵێوراوی فیدراڵ لەسەرچاوە جوداكانەوەو چاودێریكردنی سەرچاوەكانی تەمویل و هەوڵیداوە ئاستێكی دیاریكراو بۆ هاوكاریە جیاوازەكان دانێت لەلایەك و بڕی ئەو تەمویلانەش دەرخات و ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ دەرخستنی ئەو بڕانەو چۆنیەتی بەكارهێنانیان هەر لەبەر ئەمەش لیژنەیەك بەناوی كۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فیدراڵ كە لەشەش ئەندام پێكدێت و نیوەیان دیموكراسیخوازەو نیوەكەی تریان كۆماریخوازو سەرۆك هەڵیاندەبژێرێت و ئەنجومەنی سینات متمانەیان دەداتێ و كاری ئەم لیژنەیە بەرزكردنەوەی راپۆرتی پێویستە لەسەر پاڵێوراوەكان و بەخشەران سەبارەت بەو بڕە پارەیەی وەریدەگرن یان دەیبەخشن و لەهەمانكاتدا چۆنیەتی چاودێریكردنی بەڕێوەچونی یاساكە. بەم پێیە تەنها چوار ڕێگای یاسایی هەیە بۆ تەمویلكردنی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنی سەرۆك كەئەوانیش: سامانی گشتی (كە لەخەزێنەی دەوڵەتەوە دەدرێت)، هاریكاری تاكەكان، هاریكاری لیژنەكانی كاری سیاسی، حزبەكان، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ڕێگەی نەدەدا بەكۆمپانیاو ڕێكخراوەكان هەستن بەهاریكاری لەم بوارەدا.[15]

هاوكات یاسای ماكین ڤاینگۆڵد (ئەو یاسایە بەناوی ئەو دوو ئەندامەی ئەنجومەنی سیناتەوە ناوبراوە كەهەستاون بەنوسینی و پاڵپشتیكردنی تا گەیاندویانەتە كۆنگرێس) لەساڵی ٢٠٠٢دا بۆ ریفۆرمی تەمویلكردنی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن دەرچوو لەو وڵاتەداو ئەمیش لەلای خۆیەوە بووە ڕێگرێكی دی لەبەردەم پێشكەشكردنی ئەو پارەیەی بەپارەی ئاسان ناودەبرێت كە ئەمیش لەلایەن تاكەكەسەكان و كۆمپانیاكانەوە دەدرێتە پارتە سیاسیەكان لەجیاتی ئەوەی بدرێت بەپاڵێوراوەكان و ئەمانیش لەلای خۆیانەوە بۆ چالاكیە مەدەنیەكانی وەك ناونوسكردنی دەنگدەران و بەهێزكردنی حزب و هاریكاریكردنی پاڵێوراوەكانی پارتەكانیان لەهەڵبژاردنە نێوخۆییەكاندا بەكاریدەهێنن و بەر لەدەركردنی

١٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

یاسای ماکین ڤاینگۆڵد ئەو جۆرە پارەیە هیچ چاودێرییەکی لەسەر نەبوو لەرووی چۆنیەتی خەرجکردن و بەکارهێنانی، لەبەرامبەردا پارەی گران ئەو پارانەی راستەخۆ دەدرێتە خودی پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردنەکانی پۆستە فیدراڵەکان لەلایەن تاکەکەس و لیژنەکانی کاری سیاسییەوە، یاسا بۆ ئەم جۆرەیان کۆت و پێوەندی داناوەو سنورداری کردووە. بۆیە کێشەی هەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵ لەرووی یاساییەوە لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەوەبوو داخۆ پارەی ئاسان چەندە کاریگەری لەسەر گەندەڵکردنی هەڵبژاردنەکان هەبووەو وەك جان دەبلیو بارانی پسپۆری یاسای هەڵبژاردن و تەمویلی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لەئەمریکا لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئەلیکساندەر عەبودی پەیامنێری نەشرەی واشنتۆندا لە٢٠٠٣/١٢/٢٣ دەڵێت " هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٤ زۆر جیاواز دەبێت لەبەر ئەوەی پێشتر هەردوو پارتی سیاسی کە بەهەردووکیان نزیکەی ٥٥٠ ملیۆن دۆلاریان لەهەڵبژاردندا وەك پارەی ئاسان کۆدەکردەوە، ئەمساڵ ناتوانن ئەوکارە بکەن، چونکە یاسای ماکین ڤاینگۆڵد رێگایان پێنادات".[١٦]

### ٢. خەرجیەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

بێگومان سەرمایە یەکێکە لەگرنگترین ئەو هۆکارانەی کاریگەری راستەخۆی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەیەو لەوڵاتانی لیبراڵ و سەرمایەدارو دیموکراسیدا گەمەیەکی راستەقینە بەئەنجامە کۆتاییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و سیاسەتکارییەوە دەکات، بەتەنها لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٠دا بڕی ٣,٩ملیار دۆلار لەدەوڵەتێکی وەك ئەمریکادا خەرجکراوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن لەکاتێکدا خەرجی ساڵی ١٩٧٦ تەنها ٥٤٠ ملیۆن بووە.[١٧] کە بەتەنها بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەو ساڵە بڕی ٦٠٧ ملیۆن خەرجکراوەو هەر ئەندامێکی سەرکەوتووی ئەنجومەنی پیران بۆ هەڵمەتەکانی سەرکەوتنی پێویستی بەتێکڕای ٧,٤ ملیۆن دۆلار هەبووە کەئەمیش لەزۆر ویلایەتدا بەهۆی بەرفراوانی و بەرتەسکی و پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی ویلایەتەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

ئەگەر سەیرێکی ئەو کۆمەك و یارمەتیانەی پاڵێوراوەکان لەلایەنگرو دۆستەکانیان کۆکردۆتەوە بکەین دەبینین تەنها بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٠ بڕی کۆمەکەکان گەیشتە ٥٢٨ ملیۆن دۆلار لەکاتێکدا کۆمەکەکانی ساڵی ١٩٩٦ی سەرۆکایەتی ٤٢٥ ملیۆن

---

١٦. إصلاح تمويل الحملات الأنتخابية وإنتخابات العام ٢٠٠٤ (مقابلة مع جان باران)– نشرة واشنطن–٢٠٠٤/٢/٦.

١٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دۆلارو ساڵی ١٩٩٢ بڕی ٣٣١ ملیۆن دۆلار بووە، کەئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەتێکڕای ١٠٠ ملیۆن دۆلار کۆمەکەکانی سەرۆکایەتی بۆ هەڵبژاردنەکان زیادیکردووە. ئەمە لەکاتێکدا جۆرج بۆشی سەرۆك لەهەڵمەتی کۆمەك کۆکردنەوەدا ساڵی ٢٠٠٠ بەتەنها ٢٢٨ ملیۆن دۆلاری کۆکردەوەو لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٤یشدا تا(٢٠)ی حوزەیرانی ئەو ساڵە ١٩٣ ملیۆنی کۆکردەوە لەکاتێکدا ئال گۆری کێبەرکێکاری لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٠دا تەنها توانی ١٩٣ ملیۆن کۆبکاتەوەو جۆن کیری کێبەرکێکاری هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٤یشی تا (٢٠)ی حوزەیران تەنها ١٨٦ملیۆنی کۆکردبوەوە.[١٨] لەراستیدا بەرزبوونەوەی رێژەی بەردەوامی خەرجیەکانی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە:

١. رێگایەك نیە بەهۆیەوە پاڵێوراوان بتوانن خەرجیەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بزانن، چونکە تا دێت نرخی هەڵمەتەکان روو لەهەڵکشان دەکەن و کۆمەڵگاش زیاتر بەرەو تەکنۆلۆژیاو پێشکەوتن دەڕوات و ئەمیش پێویستی بەبڕی زەبەلاحی خەرجی هەیەو سەرکەوتنیان بەستراوەتەوە بەئاستی خەرجی هەڵمەتەکانەوە، چونکە تا زیاتر خەرج بکەن زیاتر دڵنیادەبن لەسەرکەوتنیان.

٢. هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەخۆڕایی نین و پرۆسەیەکی ئاڵۆزو گرانبەهایەو لەسەرانسەری وڵاتدا کۆمپانیای گەورە خەریکی ئەم کارەن، بۆیە تا ئەو کۆمپانیایانە گەورەترین و ناوو ناوبانگیان زیاتر بێت بڕی زەبەلاحتریان دەوێت و خودی ئەو کۆمپانیایانە هەر لەچاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیەوە تادەگاتە پروپاگەندەو پۆستەرات و ....تد، ئەنجامدەدەن و لەبەرامبەر هەر یەکێ لەو کارانەشدا نرخێکی خەیاڵی وەردەگرن.

٣. دامەزراوە سیاسی و ریکلامیەکانی ئەمریکا دەڕواننە ئەو بڕە کۆمەکەی پاڵێوراوەکان کۆیدەکەنەوەو ئەگەر لەسەرەتای هەڵمەتی کۆمەك کۆکردنەوەدا توانیان بڕێکی دیارو بەرچاو کۆبکەنەوە ئەوا مانای وایە توانای کێبەرکێکردن و سەرکەوتنیان هەیە.

وەك لەبەشەکانی پێشتریشدا ئاماژەم پێدا، گروپەکانی بەرژەوەندی کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر ئەم کۆمەکانە هەیەو تەنها لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٢دا بۆ ئەنجومەنی یاسادانان بڕی ٩٣٣ ملیۆن دۆلاریان خەرجکردکە لە٦٤٠ بەخشەرەوە کۆکرابوەوەو ئەم رێژەیەش تەنها ٠,٢٢٪ی گەلی ئەمریکی پێکدەهێنێت و تیایاندا ٢٥٢

---

١٨. علاء بيومی (مدير الشؤون العربية بكير- تأثير المال على الأنتخابات الأمريكية- لجنة الدفاع عن الحقوق الأنسان فی شبه الجزيرة العربية- الموقع فی الأنترنيت www.cdhrap.net

بەخشەریان زیاتر لەهەزار دۆلاری بەخشیبوو کەتەنها ڕێژەی ٠,٠٩٪ی گەلی ئەمریکا پێکدەهێنن و بەرامبەر بەو ڕێژەیە ئەوان ٧٧٩ ملیۆن دۆلاریان بۆ ئەو هەڵبژاردنانە وەك کۆمەك بەخشیبوو.[19] لەهەمان کاتدا ئەندامە سەرکەوتووەکانی کۆنگرێسی ئەمریکی بڕی ٤٣٪ی کۆمەکەکانیان لەگروپەکانی بەرژەوەندیەوە کۆکردبۆوە لەساڵی ٢٠٠٢دا لەکاتێکدا تێکڕای ئەو بڕە کۆمەکەی پاڵێوراوی براوەو دۆڕاو بۆ کۆنگرێسی هەمان ساڵ ٣٤٪ بووەو بۆ ئەنجومەنی پیرانیش بڕی ٢٤,٥٪ی کۆمەکەکان گروپەکانی بەرژەوەندیو لیژنەکانی کاری سیاسی بەخشیبویان پێیان، کەئەمەش بێگومان کاریگەری نێگەتیڤانە بەسەر مەودا سیاسیەکانەوە جێدەهێڵێت و وادەکات گۆڕانکاری ئەستەم بێت، چونکە بەردەوام بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەو گروپ و لۆبیانەوە کۆنگرێس بەجێگیری دەمێنێتەوە، ئەوەتا ٩٦٪ی پاڵێوراوانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی و ٨٦٪ی پاڵێوراوانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢دا هەمان ئەو ئەندامانە بوون کەپێشتر لەو دامەزراوانەدا بوونیان هەبوو.[20]

## پاکیزەیی هەڵبژاردنەکان

پێشتر ئاماژەم بەهەندێك خاڵی پێویستدا وەك گرەنتیەك بۆ مسۆگەرکردنی پاکیزەیی هەڵبژاردنەکان، لێرەشدا بەپێویستی ئەزانم زیاتر ئەو باسە بوروژێنم و لەسەری بدوێم، چونکە مەسەلەی پەیڕەوکردنی سیستەمەکانی هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی شێوازەکانی و باش و خراپی ئەو شێوازانە بەتەنها مەسەلەیەکی یاسایی نیەو بەپێچەوانەوە سیاسیی و یاساییە، چونکە گونجاندنی هەر سیستەمێك لەهەر دەوڵەتێکدا بەپلەی یەکەم پێوەرە سیاسیەکان تەحەکومی پێوە دەکات و پاشان یاسا دەخرێتە خزمەت سیاسەتەوە بۆئەوەی لەچوارچێوەی ئەو پێوەرە سیاسیانەدا سیستەمەکە ڕێکبخرێت و کۆت و بەندی یاسایی ئەوتۆی بۆ دابنرێت کەکەس نەتوانێت سەرپێچی بکات. هەرچۆنێك بێت، مەسەلەی هەڵبژاردن بەدوو پایەوە بەندە کەیاساو سیاسەتەو هیچکامیان ناتوانن لەوی تر بێبەری بن و ئامانجیشیان گرەنتیدانی ئەنجامدانی پرۆسەیەکی هەمەلایەنی گشتگیری دیموکراسیە کەتیایدا پارلەمان یان هەر کایەیەکی تری دەسەڵات هەڵبژێردرێت، کەخاوەن متمانەو ڕاستگۆیی بێت لەناو خەڵك و جەماوەردا، بۆیە لەپێناو ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی

---

١٩. علاء بیومی (مدیر الشؤون العربیة بکیر– تأثیر المال علی الأنتخابات الأمریکیة– لجنة الدفاع عن الحقوق الأنسان فی شبه الجزیرة العربیة– الموقع فی الأنترنیت www.cdhrap.net

٢٠. هەمان سەرچاوە.

راستەقینەو متمانەداردا، لەپێناو پراکتیزەکردنی بنەماکانی سەروەری گەل و سەروەری نەتەوەدا، لەپێناو هێنانەدی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنیدا، لەپێناو بەفیعلی ناساندنی سەروەری دەستورو یاسادا، پێویستە هەر هەڵبژاردنێك ئەم خاڵە سەرەکیانە لەهەرسێ قۆناغی ئامادەکاری و ئەنجامدان و جیاکردنەوەی دەنگدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا، لەخۆ بگرێت.

- **بێلایەنی لەدابەشکردن و پێکهێنانی بازنە (ناوچە)کانی هەڵبژاردندا:**

زۆرینەی دەوڵەتان بۆ ئەوەی گلەیی و گازەندەیان نەیەتە سەر سەبارەت بەچۆنیەتی دابەشکردنی دەوڵەت بەسەر ناوچەکانی هەڵبژاردندا، پرۆژەی دابەشکردن ئامادە دەکەن و پێشکەشی پارلەمانی دەکەن بۆ ئەوەی دوابڕیاری کۆتایی لەلایەن ئەوەوە بێت، چونکە پارلەمان بەو پێیەی پێکهاتەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگایەو لایەنەکان هەموویان دەنگیان تیایدا هەیە، بۆیە بەڕەسمی هەر بڕیارێك لەلایەن پارلەمانەوە بدرێت قبوڵکراوو متمانە پێکراوە.

- **نەبوونی ساختەو فێڵ لەخشتەکانی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەراندا:**

پێویستە ئەو خشتانەی ناوی دەنگدەرانی تێدا تۆمار دەکرێت، بێ کەموکورتی و خاوەن متمانەبن لەناو جەماوەردا. نابێت کاری ساختەکردن و فێڵکردنی تێدا بەدیبکرێت و بەنمونە ناوی کۆمەڵێك کەسی تێدا نوسرابێت کەبوونیان نەبێت یان شایستەی دەنگدان نەبن یان ناوی کۆمەڵێك کەسی تری تێدا نەبێت کەشایستەی دەنگدان بن و هەموو ئەو مەرجانەیان تێدا بێت کە لەکەسی دەنگدەردا پێویستە هەبێت. بۆیە هەمیشە ئەرکی پاراستنی ئەو راستگۆییەی خشتەی دەنگدەران بەگوێرەی یاساکانی هەڵبژاردن و رێساو بنەماکانی بەدووباردا دابەشدەکرێت، لەلایەکەوە ئەرکەکەی دەکەوێتە سەرشانی ئەو لیژنانەی هەڵدەستن بەئامادەکردنی لەلاکەی ترەوە زۆرێك لەیاساکانی هەڵبژاردن مافی چاودێریکردنی ئەو لیژنانە دەداتە خەڵك بۆئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی ئامادەکردنی خشتەکان بن و لیژنەکان ئاگاداربکەنەوە لەهەر هەڵەو ساختەکاریەکی بەرچاو بۆیە ئەرکی هاوڵاتی دەنگدەرە چاودێرییەکی تەواوی لیژنەکان بکات و لەو هەڵانە ئاگاداریان بکاتەوە، جا هەڵەکان بەدەستی ئەنقەست ئەنجامبدرێن یان هەڵەی هەڕەمەکی و بێمەبەست بن.

- **بێلایەنی و پاکیزەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن:**

زۆرجار دەسەڵاتی جێبەجێکردن رۆڵێکی نێگەتیڤانە دەبینێت لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا ئەویش بەبەکارهێنانی نفوزو دەسەڵات و پێگەی خۆی لەبەرژەوەندی حزبی دەسەڵاتدار یان

حزبی فەرمانڕەواو بەمەش لەپاکیزەیی و بێلایەنی هەڵبژاردنەکان کەم دەکاتەوە. زۆرێك لەو دەوڵەتانەی سیستەمی فەرمانڕەوا سیستەمێکی تاڕادەیەك سەرکوتکەرو دیکتاتۆرن یان کۆنخوازو میلیتارین، دەبینی شێوازی جەغتکردن و هەڕەشەکردن و چاوسورکردنەوە بەکاردەهێنن لەگەڵ فەرمانبەران و دەنگدەرە حکومیەکانداو دەسەڵاتخوازی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ گوشارخستنە سەر تاکی دەنگدەر تادەنگ بەو لایەنە بدات کەدەسەڵاتی جێبەجێکردن یان حکومەت مەبەستیەتی و لەبەرامبەردا بەڵێن و گفتیان دەدەنێ پلەو پایەی وەزیفییان بەرزبکەنەوە، بۆیە کارێکی شارستانی و مەدەنیە دەسەڵات و حکومەت رۆڵێکی بێ لایەنانە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بگێڕن.

- **یەکسانی و وەکیەکی رەخساندنی هەل لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا:**

رەنگە مەسەلەی پروپاگەندەو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن یەکێك بێت لەو لایەنانەی لەدەوڵەتە پێشکەوتوو سیستەم دیموکراسیەکاندا بایەخێکی هێجگار گەورەو گرنگی پێبدرێت، لەبەرامبەردا لەدەوڵەتانی دواکەوتوودا کەم بایەخەو لەگەڵ ئەوەشدا قۆرخ و مۆنۆپۆڵ دەکرێت بۆ حزبی حاکم و بەتەنها بەوەوە ناوەستێت بەڵکو رێگری دەکات لەحزب و لایەنە سیاسیەکانی تر پروپاگەندە بۆ خۆیان بکەن. ئێمە وەك گەلی عێراق ئەزمونێکی دوورو درێژمان هەیە لەو بارەیەوەو زەمینەسازی ئەم لایەنە بەباشی لەولاتەکەماندا دامەزراو بووە، چونکە نەك بەتەنها بەچاوی یەکسانەوە هەلی گونجاوی بۆ هەموو لایەنە ئۆپۆزسیۆن و بەشدارەکانی ناو حوکم نەرەخساندووە بەڵکو حزبی حاکم دەستی بەسەر سەرجەمی هۆکارەکانی راگەیاندندا گرتووەو لایەنی دارایی حکومەت و دەوڵەتی خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە بەمەبەستی بەکارهێنانی لەو هەڵمەتانەی بۆ خۆی و پارتەکەی دەکات و بەمەش یەکێك لەرەکیزە گرنگەکانی دیموکراسی ژێر پێ ناوە، بەڵام لەو دەوڵەتانەدا کەئاستی دیموکراسی تیایاندا بەهێزترە رەنگە حزبی حاکم بەرەسمی رێگا لەپارتە نەیارەکان نەگرێت، بەڵام بەدڵنیایشەوە هاوکاریان ناکات و ئەو بوارەی بۆ دۆست و لایەنگرانی خۆی دەخوڵقێنێت تا پرۆپاگەندەکانیانی تێدا بکەن هەرگیز ئەو بوارە بۆ لایەنەکانی تر نارەخسێنێت و بەمەش لەبێ لایەنی و بە یەکچاو سەیرکردنی پارتەکان لادەدات.

- **پاراستن و پەیڕەوکردنی دەنگدانی نهێنی:**

ئەم مەرجە پەیوەستە بەپارێزگاریکردن و پاراستنی ئازادی تاکی دەنگدەرو دابینکردنی کەش و هەوایەکی ئەوتۆ کەدەنگدەر لەئاکامەکانی دەنگەکەی نەترسێت و ئەمە وادەکات هەڕەشەو جەغتی لایەنەکان کاریگەری نەبێت لەسەر بڕیارەکانی کەسی دەنگدەرو پاڵنەرێکی باشیشە بۆ دروستکردنی گومان لەلای لایەنە سیاسیەکان بۆ بەکارنەهێنانی

بەرتیل لەپرۆسەکەدا، چونکە ئەگەر دەنگدانەکە شاراوەو نهێنی بێت ئەوا هیچ گرەنتییەك زامنی ئەوە ناکات دەنگدەر بەویستی لایەنەکە دەنگی داوە یان نا.

- **سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکە لەلایەن دەسەڵاتی دادگاو یاساوە:**

لەراستیدا ساختەکاری و فرتوفێڵ لەپرۆسەکانی هەڵبژاردندا وایکردووە متمانە بەو لایەنە کارگێڕیانە نەکرێت کەسەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن گەربێتوو دادوەرێك یان جێگرێکی داواکاری گشتی یان داواکارێکی گشتی یان کەسێك کەدەسەڵاتی دادگەری متمانەی خۆی پێبەخشیبێت، لەگەڵ ئەو لیژنە کارگێڕیەی هەڵبژاردنەکاندا نەبێت کەبۆ هەر بنکەیەك یان نوسینگەیەکی دەنگدان دادەنرێت، چونکە رێی تێدەچێت لایەنداری هەندێك لەئەندامانەی ناو لیژنەکە یان بەرتیل پێدانیان یان ترسیان لەدواڕۆژیان هانیان بدات کاری ناشایستەو نابەجێ بکەن لەبەرژەوەندی حزبی دەسەڵاتدارو حکومەت رەفتار بکەن. رەنگە کارتی دەنگدانی ئەو کەسانەی کەئامادەی پرۆسەکە نەبوون لەدوا ساتەوەختەکانی کۆتایی پرۆسەی دەنگدانەکەدا پڕبکەنەوەو بیخەنە ناو سندوقی دەنگدانەکەوە پێش ئەوەی سندوقەکە قفڵ بدرێت یان سندوقەکە بەسندوقێکی تری پڕ بەدەنگی لایەنی فەرمانڕەوا بگۆڕن، یان رێگا بەخەڵکی بدەن چەند دەنگێك بدەن یان رێگا بەکەسانێك بدەن دەنگ لەجیاتی کەسانێکی تر بدەن کەخۆیان ئامادەنەبوون یان کارتی دەنگدانی ئامادەنەبووان بدەنە خەڵکانێك کەشایستەی دەنگدان نین و ئەوان دەنگیان بۆ بدەن، کەئەمانە هەمووی دەبێتە مایەی ناپاکی لەپرۆسەکەداو لەحاڵەتەشدا پرۆسەکە لەشتێکی شکڵی زیاتر هیچی تر ناگەیەنێت. جا بۆئەوەی پرۆسەیەکی راستەقینەو متمانەداربێت حاکم یان کەسێك کەدەسەڵاتی دادگەرە ئەو متمانەیەی دەداتێ وەك دەسەڵاتی یاسا لەبنکەکانی دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگەکاندا ئامادەبێت، وادەکات لەو کارە نابەجێ و نێگەتیڤانەی پرۆسەکە دوربخرێتەوە، چونکە بەر لەهەموو شت ئەو کەسانە سوێنددەدرێن بەپارێزگاریکردن لەپاکیزەیی پرۆسەکەو پاشانیش ئەوان کۆمەڵێك کەسن کەسەلامەتی نیشتیمانیان لەدەستەو پێشتر کارەکانیان لەناو دادگاو شوێنە دادگەریەکاندا بووە، بۆیە ئامانجی سەرەکیان پاراستنی یاساو جێبەجێکردنیەتی و بەرژەوەندی نیشتمان و گەل لەپێش بەرژەوەندی بەرتەسکی تاکەکەس و حزبەوە دەبینن.

## بەشی چوارەم

## چەند ئامارێکی زیندووی دوا پرۆسەی هەڵبژاردنی هەندێك لەدەوڵەتانی جیهان

## چەند ئامارێکی زیندووی دوا پرۆسەی هەڵبژاردنی هەندێك لەدەوڵەتانی جیهان.

ئەم بەشە، بەشێکی تا ڕادەیەك زیندووی ناو لێکۆڵینەوەکەیە، کەتیایدا نوێترین هەڵبژاردنی هەندێك لەدەوڵەتانی جیهان روونکراوەتەوەو ئامانج لێی ئاشناکردنی تاکی کوردە بەسیستەمی هەڵبژاردنی ئەو دەوڵەتانەو چۆنیەتی دابەشکردنی کورسیەکانی پارلەمان لەنێو پارتە براوەکانداو سروشتی ئەو پارتانەی کێبەرکێی بردنەوە دەکەن و ئەو ئەنجامانەی وەك دەرەنجامێك بۆ ئەو کێبەرکێیانە هاتوونەتە بەرهەم.

### ١. هەڵبژاردنەکان لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**وڵاتە یەکگرتووەکان:** ئەو دەوڵەتەی ئەمریکای باکوورە کەپایتەختە فیدراڵیەکەی واشنتۆنە. ئایینی سەرەکییان مەسیحیەتە (پرۆتستانی و کاسۆلیك). زمانی رەسمییان ئینگلیزییەو زمانە سەرەکیەکەی تر ئیسپانییە، رێژەی دانیشتوان نزیکەی ٢٩٠ ملیۆنە لە(٩,١٥٨,٩٦٠) کیلۆمەتر دووجادا، وڵاتە یەکگرتووەکان بەسیستەمی کانتۆن و کۆماری فیدراڵی بەشێوەی دیموکراتی سەرۆکایەتی حوکمڕانی دەکرێت و کەدابەشبووە بۆ پەنجا ولایەت و یەك ناوچەی سەرەکی رەسمی وڵاتە یەکگرتووەکان حوکمڕانیان دەکات و لەم بەشانە پێکهاتووەو ئاو لێکیانی جیاکردۆتەوە لەوانە: سەرەوەی ئەمریکا(Samoa)، گوام، مێریەنەس، پۆرتەریکۆو دورگەکانی ڤێرجنی وڵاتە یەکگرتووەکان، دوورگەی بەیکری بێ دانیشتوان، دوورگەی هۆڵەند، جارڤس، جۆنستن ئەتۆڵ، کینگ مان ریف، دوورگەکانی میدەوەی، دوورگەی نەڤێسا، پالمرە ئەتڵ و دوورگەی وەیك و کەنداوی گوانتانامۆش پێگەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە.

دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەکرێت بەم شێوەیە بناسین:

**ناوی رەسمی:** وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**شێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت:**

**سەرۆك کۆمار:** جۆرج دەبلیو بۆش (٢٠٠١) سەر بەپارتی کۆماری.

**جێگری سەرۆك:** دیك چینی (٢٠٠١) سەر بەپارتی کۆماری.

سەرۆك و جیگری سەرۆك بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێت لەرێگەی هەڵبژاردنێکی گشتییەوەو ئەندامەکانیش بەجیا لەهەریەك لەولایەتەکان هەڵدەبژێردرێن. کابینەی

حکومەتەکە لەلایەن سەرۆکەوە هەڵدەبژێردرێت بەرەزامەندی ئەنجوومەنی پیران و ئەو پارتەی کەتیایدا بالاّدەستە.

**ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆك: ٧ نۆڤێمبەری ساڵی ٢٠٠٠**

| ناوی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی | ٪ ڕێژەی دەنگدەران | ژمارەی دەنگدەری ناوەندی |
|---|---|---|
| ئەلبێرت ئەرنۆڵد گۆر- پارتی دیموکرات | ٤٨,٤ | ٢٦٦ |
| جۆرج دەبلیو بۆش- پارتی کۆماری | ٤٧,٩ | ٢٧١ |
| رالف نادر- پارتی سەوزی وڵاتە یەکگرتووەکان | ٢,٧ | ٠ |
| پات بوچانن- پارتی ریفۆرم | ٠,٤ | ٠ |
| هاری براونی- پارتی ئازادیخوازان | ٠,٤ | ٠ |
| کارتی بەتاڵ لەهەڵبژاردندا | ١ | ٠ |

سەرچاوە: پارتە سیاسیەکان لەجیهاندا.

**پارلەمان:**

زانایانی ئەمریکا جیاوازییەکان لەنێوان کۆنگرێس و پارلەماندا دروستکردووەو کۆنگرێس بەپارلەمان لێکنادەنەوە.

کۆنگرێس لەدوو ئەنجوومەن پێکهاتووە. ئەنجوومەنی نوێنەران کە ٤٣٥ ئەندامی هەیە بۆ دووساڵ هەڵدەبژێردرێن تەنها لەو بازنانەی هەڵبژاردندا کەیەك کورسیان بۆ ناوچەکەیان هەیە. دووەمیان ئەنجوومەنی پیرانە کە ١٠٠ ئەندامی هەیەو بۆ ماوەی شەش ساڵ هەڵدەبژێردرێن لەدوو دانیشتنی هەڵبژاردنەکاندا یەك لەسەر سێیان دووساڵ جارێك تازە دەکرێنەوە.

**هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٠ی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی گەل و ئەنجومەنی پیران**

| پارتەکان | ٪ | ٤٣٥ ئەنجومەنی نوێنەرایەتی | ٪ | ١٠٠ ئەنجومەنی پیران |
|---|---|---|---|---|
| پارتی کۆماریی | ٥١ | ٢٢٩ | ٥٠,٢ | ٥١ |
| پارتی دیموکرات | ٤٦,٢ | ٢٠٥ | ٤٦,١ | ٤٨ |
| پارتی ئازادیخواز | ١,٧ | - | ٢,٠ | - |
| نابەرهەڵستکاران | - | ١ | - | ١ |

سەرچاوە: ccn and www.ballot-accesiorg

**پارتە سیاسیە سەرەکیەکان**

پارتی دیموکرات: پارتێکی لیبراڵ.

پارتی سەوزی ولاتە یەکگرتووەکان: پارتێکی ژینگەناس.

پارتی کۆماری: پارتێکی پارێزگار.

پارتی سەربەخۆیی: پارتێکی سەربەخۆیخواز.

ئەمە سەرباری بوونی ١١٦ پارتی سیاسی لۆکاڵی و نێوخۆیی تری بچوك لەگۆڕەپانی سیاسی ئەمریکا.

**سیستەمی حزبایەتی لەئەمریکا**

دوای ئەوەی فیدراڵیخوازەکان لەسەرەتای دروستبوونی کۆماری ئەمریکادا توانیان بەسەرکردایەتی ئەلیکساندەر هاملتۆن بەرەی داکۆکیکار لەفیدراڵیزم پێکبهێنن لەناو یەکەمین کۆنگرێسی ئەو دەمەدا، تۆماس جیفرسۆن هەستا بەپێکهێنانی پارتێکی سیاسی لەژێرناوی (کۆماریخواز- دیموکراسیخوان)ەکان بۆ لەبەرابەروەستانی هاملتۆن، ئەوەبوو هەرزوو پارتەکەی جیفرسۆن لەنێوخۆیدا پەرت بوو دوو پارتی سیاسی نوێی لێکەوتەوە کەئەوانیش پارتی دیموکرات بەسەرکردایەتی ئەندرۆ جاکسۆن ١٨٢٨ و پارتی ویگس بوو. دوابەدوای چارەکە سەدەیەك لەم رووداوە پارتی ویگس لەگەڵ باڵی دژ بەکۆیلایەتی ناو پارتی دیمۆکرات یەکیگرت و ساڵی ١٨٥٤پارتی کۆمارییان پێکهێناو لەو کاتەوە هەتا ئێستا ململانێی دەسەلات لەنێو ئەو دوو پارتەدا بەردەوامە.

**پارتی دیمۆکراتی ئەمریکی:**

ئەم پارتە بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتەکانی دوابەدوای ساڵی ١٩٣٢ رەنگرێژکرا کەفرانکلین رۆزفلت سیاسەتی New Deal ی گرتەبەر لەپێناو جاککردنی تەنگەتاوی ئابووری خەڵکی هەژارو بێدەرامەت و پیرو پەککەوتەو بێکارەکان و چەند بنەمایەکی دانا لەسەر چالاکی ئابووری تایبەت و بۆ ئەم مەبەستەش یەکێتیەکانی کارو سەندیکاو جوتیارەکان و کۆمەڵێك لەنوخبەی رۆشنبیری سپیپێستەکان پشتیوانیان لێکردوو بەمەش پارتی کۆماری توانی بۆماوەی سێیەکی سەدەیەك سەرۆکایەتی لەدەستدا بمێنێتەوەو نیو سەدەش کۆنگرێسی بەدەستەوە بێت. دواترو ئەم پارتە بووە سێبەرێك بۆ سەرجەم ئەو پارتانەی لەچوارچێوەی مافەکانی مرۆ و مافەکانی ژنان و یەکسانیخوازەکان و مافەکانی ژنان

لەمناڵ لەباربردن و سەرکردایەتیەکانی دژ بەجەنگی ڤێتنام وەستانەوەو بەمەش توانی هێزو گۆڕێکی تر بداتەخۆی و لەسەر ئاستی دەرەوەش لەراستیدا کارێکی ئاسان نییە جیاکاریکردن لەنێوان سیاسەتی ئەم پارتەو سیاسەتی کۆماریخوازەکاندا بەڵام دەکرێت بڵێین پارتی دیکمۆکراتی ئەمریکی زیاتر جەخت لەسەر کەمکردنەوەی بودجەی سەربازی و سنوردارکردنی دەستێوەردانی ئەمریکا لەکاروباری جیهانەوە دەکات. دەتوانین بڵێین تاساڵی ١٩٨٦ڕێژەی ٤٤٪ی دەنگدەرانی ئەمریکا خۆیان بەدیمۆکرات دادەناو ٩٠٪ی رەشپێستەکانیش دەنگیان بەپاڵێوراوانی دیمۆکراتەکان دەدا ئەمە سەرباری کاسۆلیك و جولەکەو چینی فەقیرو هەژارەکە.

## پارتی کۆماری:

هەرچەندە وەك پارتێك بۆ بەگژاچونەوەی کۆیلایەتی دروستبوو، بەڵام دواتر بووە پارتی سەرمایەدارو خاوەنکارگەکانی باکوری وڵات و توانی لەماوەی نێوان ١٨٦١-١٩٣١دا هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی و کۆنگرێسی لەدەستدا بمێنێتەوەو دوای ئەوەی تەنگەتاوی ئابوری جیهانی گرتەوە بەرادەیەکی بەرچاو پوکایەوە، بەڵام بەهاتنی رۆناڵدو سەرۆکایەتیکردنی جارێکی تر چالاکی و توانستەکانی بوژایەوەو هەمیشە لەمەسەلەکانی تایبەت بەبواری کۆمەڵایەتی و ئابوریدا شانبەشانی پارتی دیمۆکراتەوە بووەو بەدرێژایی مێژووش ئەم پارتە دابەشبووەتە سەر دوو باڵ کەیەکێکیان میانڕەو بووەو زیاتر لەدیمۆکراتخوازەکانەوە نزیك بووەو ئەویتریان توندڕەو بووەو هەردەم خواستی هەڵوەشانەوەی ئەو یاسایانەی هەبووە کەدیمۆکراتەکان دایانڕشتووە. بەڵام دوابەدوای خۆپاڵاوتنی (باری گۆڵد وەتەر) بۆ سەرۆکایەتی پارتەکە لە١٩٦٤دا ئیدی باڵی پارێزگارەکان بەهێزبوو بەهاتنە سەرتەختی رێگانیش ئەو هێزو بەکارییەیان زێدەتر بوو بەشێوەیەك لەساڵی ١٩٨٦دا رێژەی دەنگدەرانی کۆماریخوازەکان بازیدا بۆ ٣٦٪ لەکاتێکدا ساڵی ١٩٧٧ تەنها ٢١٪ بوو ئەمیش زێدەتر لەنێوچینی سەنعەتکارو خاوەن پیشەو سپیپێستەکاندا بەرچاودەکەون، لەسەردەمی رێگاندا سیاسەتەکان وەرچەرخانێکی گرنگی بەسەردا هات ئەوەبوو لەسەرئاستی نێوخۆیی خەرجیەکانی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان کەمکرایەوەو باج و سەرانە دابەزێنراو خەرجیە سەربازیەکانیش زیادکران و لەسەرئاستی سیاسەتی دەرەوەش دەیویست بەهەرشێوەیەك بێت یەکێتی سۆڤێت ناچاربکات پاشەکشەبکات و بیخاتە کێبەرکێی چەکسازیەوە کەبەمەش دڵنیادەبوو هەرگیز سۆڤێت

نایباتەوە، بەڵام هەرچۆنێك بوو توانی بەپەیڕەوكردنی ئەم سیاسەتە سود بەجیهان بگەیەنێت.

لەڕاستیدا جگە لەو دووپارتە سەرەكییە (١٠٥) پارتی تری سیاسی لەسەر گۆڕەپانی ئەمریكا كاردەكەن و (١٠) پارتی نەتەوەیی لۆكاڵیش لەنێو كانتۆنەكاندا بونیان هەیە.

سەرچاوە: .D. C. political Report

## ٢. هەڵبژاردنەكان لەشانشینی یەكگرتوو

**ناوی فەرمی: شانشینی یەكگرتوو (بەریتانیای مەزن و ئێرلەندای باكور)**

**شانشینی یەكگرتووی بەریتانیا:** ئەو دەوڵەتەیە كەدەكەوێتە رۆژئاوای ئەوروپا و ئەندامە لەیەكێتی ئەوروپادا، پایتەختەكەی شاری لەندەنە و ئایینی سەرەكییان مەسیحیەتە (پرۆتستانت، كەشاژن بەرپرسی كەنیسەی ئینگلاندە، كاسۆلیك)، زمانی رەسمییان ئینگلیزییە و ژمارەی دانیشتوانیان نزیكەی (٦٠) ملیۆنە لە(٢٤١,٥٩٠) كیلۆمەتر دووجادا (بەباكووری ئێرلەندەشەوە). سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتیان بەشێوەی شانشینی دیموكراتی پارلەمانییە، كەدابەشبووە بەسەر ئینگلاند (كە لە٤٧ ئیدارەی ناوچەیی، ٣٦ شێوە حكومەتی خۆیی، ٢٩ ناوچەی ئیداری سەر بەلەندەن، ١٢ شارو ناوچەی ئیداری، ١٠ ناحیە، ١٢ شارو ٣ ناوچەی ئیداری شانشینی پێكهاتووە)، سكۆتلەند (ئەمیش لە ٣٢ ناوچەی ئەنجوومەنی پێكهاتووە)، ویلز (لە١١ ناوچەی ئیداری سەربەخۆ، ٢شارو هەرێمی سەربەخۆ پێكهاتووە)، باكووری ئێرلەندا (لە٢٤ ناحیەو ٢شارو ٦ هەرێمی سەربەخۆ پێكهاتووە). ویلزو سكۆتلەندا حكومەتی خۆیی خۆیان وەرگرت، ئێرلەندای باكوریش دۆخێكی تایبەتی هەیەو كاریگەری ئێرلەندای لەسەرە. هەندێك لەداگیرگەكانی (مستعمرە) وەك Guernsey، Jerswy، Man ئیدارەی ئۆتۆنۆمین و پەیوەندییەكی تایبەتیان لەگەڵ شاژنی بەریتانیادا هەیە نەك لەگەڵ شانشینی بەریتانیادا. داگیرگەكانی تری وەك ئەنگۆلا، بەرمۆدە، دوورگەكانی ڤێرجنی بەریتانی، جەزیرەكانی كەیمن (Cayman Islands)، دوورگەكانی فۆكلاند، جیبراڵتە، مۆنتس رات، پیتكەیرن، سەینت هێیلنە (بەئەسێنشن و تریستن داكەنهاشەوە) و توركەكان و دوورگەكانی قەوقاز باشترین حكومەتێكی خۆییان هەیە. داگیرگەكانی هەرێمی ئۆقیانووسی هیندی بەریتانی و باشووری جۆرجیا و گەروەكانی باشووری ساندوچ شوێنێكی هەمیشەیی ئاوەدان نییە. ئاكرێری (Akrotriri) و دێكیلیا (Dheklia) شوێنی تایبەت بەخۆیان هەیە لەو وڵاتەدا.

**شێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت:**

**شاژن:** ئێلیزابێسی دووەم ( ئێلیزابێس ئەلیکساندەر ماری ویندسۆر ١٩٥٢).

**سەرۆك وەزیران:** ئانتۆنی چارلس لینتۆن (تۆنی بلێر) لە(١٩٩٧) سەر بەپارتی لاب - کرێکاران.

حکومەت لەلایەن پارتی کرێکارانەوە پێکهاتووە.

شانشینی یەکگرتوو ئەندامە لەیەکێتی ئەوروپادا.

**پارلەمان:**

پارلەمان لەدوو ئەنجوومەن پێکهاتووە. ئەنجوومەنی گشتی House of Commons کە(٦٥٩) ئەندامی هەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێت بەشێوازی هەڵبژاردنی تاکە کەسی (یەك کورسی بۆ یەك ناوچە). دووەمیان ئەنجوومەنی لۆردەکانە کە(٦٧٥) ئەندامی هەیەو (٥٥٧) ئەندامیان هەمیشەیی نین (Life Peers) و (١١٨) ئەندامەکەی تریان کەپێیان دەوترێت (Hereditary Members) هەمیشەیین و ئەم پۆستەیان وەك میرات بۆ ماوەتەوە.

هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی گشتی لە٧ی حوزەیرانی ٢٠٠١دا ئەنجامدرا کە بەرێگای هەڵبژاردنی تاکەکەسی یەك کورسی بۆ یەك ناوچە (Single seat constituencies) وەریگرتبوو.

**هەڵبژاردنی ٦/٧/ ٢٠٠١**

| پارتە سیاسیەکان | رێژەی سەدی | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|
| پارتی کرێکاران Lab | ٤٠,٧ | ٤١٣ |
| پارێزگاران cons | ٣١,٧ | ١٦٦ |
| لیبراڵ دیموکراتەکان Lib Dem | ١٨,٣ | ٥٢ |
| پارتی نیشتمانی سکۆتلەندی Snp | ١,٨ | ٥ |
| پارتی سەربەخۆیی شانشینی یەکگرتوو UkID | ١,٥ | – |
| پارتی یەکێتی ئۆلستەرUNP | ٠,٨ | ٦ |
| پارتی ویلسPC | ٠,٧ | ٤ |
| پارتی یەکێتی دیموکرات DUP | ٠,٧ | ٥ |
| پارتی شین فین SF | ٠,٧ | ٤ |
| پارتی سۆسیال دیموکرات و کرێکاران SDLP | ٠,٦ | ٣ |
| پارتی سەوزی ئینگلتەراو ویڵز Greens | ٠,٦ | – |
| پارتی سۆسیالیستی سکۆتلەندی SSP | ٠,٣ | – |
| هاوپەیمانێتی سۆسیالیست SA | ٠,٢ | – |
| پارتی سۆسیالیستی کرێکاری SLP | ٠,٢ | – |
| پارتی نیشتمانی بەریتانیا BNP | ٠,٢ | – |
| پارتی هاوپەیمانێتی ئێرلەندەی باکوور APNI | ٠,١ | – |
| نەخۆشخانەی کیدەمینیستەو گرنگی تەندروستی | ٠,١ | ١ |
| پارتی یەکێتی شانشینی یەکگرتوو UKUP | ٠,١ | – |

سەرچاوە: BBC

لەراستیدا جگە لەو پارتانەی سەرەوە زیاتر لە٩٦ پارتی بچوکی تر هەن کە لەگۆڕەپانی سیاسی ئەو وڵاتەدا کاردەکەن و هیچکامیان رێژەیەکی ئەوتۆیان بەدەستنەهێناوە شایانی خستنەروو بێت.

## سیستەمی حزبایەتی لەشانشینی یەکگرتوو

سیستەمی حزبایەتی لەشانشینی یەکگرتوودا سیستەمێکی پلورالیستی فرەحزبیەو زۆر پارت و قەوارەی سیاسی لەنەخشەی سیاسەتکاریدا بەشداری دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسیسەمێکی دوو حزبی دادەنرێت لەرووی دەسەڵات و ئەوکورسیانەی حزبەکان بەدەستی ئەهێنن، چونکە بەبەردەوامی هەردوو پارتی باڵادەست، پارتی پارێزگاران و پارتی کرێکاران ٨٠٪ی دەنگی دەنگدەران بۆخۆیان دەبەن و ٩٠٪ی کورسیەکانی ئەنجومەنی گشتیش پڕدەکەنەوەو هەندێکجار ئەو رێژەیە بۆ ٩٨٪یش بەرزدەبێتەوە. بەڵام لەدەرەوەی ئینگلتەرادا حزبە نەتەوەییەکان رێژەیەکی باشی دەنگەکان بەلای خۆیاندا رادەکێشن بەتایبەتی لەسکۆتلەندەو ویلز، هەرچی لەئێرلەندەی باکورە پارتەکان دابەشبونەتە سەر پارتی رەوت کاسۆلیکی یان پرۆتستانتی و بەمەش زیاتر ململانێکان شێوەیەکی ئاینییان وەرگرتووە وەك لەوەی لەسەر بنەمای پەیڕەوو بەرژەوەندی دروست بووبن.

## پارتی پارێزگاران:

ئەم پارتە بەرەسمی دوای یاسای ریفۆرمی سیاسی ساڵی ١٨٣٢ وەك شوێنگرەوەی پارتی تۆری Tory (پاشایەتی) دروستبوو کە لەکۆتاییەکانی سەدەی هەڤدەدا وەك پارتێکی مەیلدار بەلای پاشادا درووست بووبوو. پارتی پارێزگاران لەسێ ماوەی سەرەکی مێژوویدا دروستبووە.

- یەکێتی نیشتیمانی رێکخراوە پارێزگارو فیدراڵەکان کەسەرجەمی رێکخراوە نێوخۆییەکانی پەیوەندیدار بەبنەماکانی هەڵبژاردن و لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردن رێکخستنی لەخۆگرتبوو لەساڵی ١٨٦٧دا دروستبوو پاشتر لەساڵی ١٨٨٤و ١٨٨٦دا سەرلەنوێ رێکخرایەوە.
- نوسینگەی مەرکەزی کە لەساڵی ١٨٧٠دا دامەزرێنرا وەك سکرتاریەتی حزبەکەو سەرکردەکەی.
- پارتی پارلەمانی کەئەندامانی حزبەکە لەپارلەماندا دەگرێتەخۆو سەربەخۆیەتیەکی تایبەتی هەیەو بەدەسەڵاتی راستەقینەی ناو حزب دادەنرێت و لەئەستۆیدایە سەرۆك و رابەری حزب بپاڵێوێت.

ساڵانە حزب بەئامادەبوونی نوێنەری سەرجەم بازنەکانی هەڵبژاردن و ئەندامانی حزبی پارلەمانی و پاڵێوراوە سەرەکیەکانی هەڵبژاردن و بەڕێوەبەرەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و

هەندێك لەئەندامانی نوسینگەی مەركەزی كۆنگرەی خۆی دەبەستێت. پارتی پارێزگاران بەباشترین پارتی رێكخراو دادەنرێت لەبەریتانیادا كە لەسەرجەمی بازنەكانی هەڵبژاردندا لیژنەی هەڵبژاردنی هەیەو نزیكەی نیوەی ئەندامەكانی هیچكارێكی دیكە ناكەن و بەتەنها سەرقاڵی كاری حزبایەتین و موچە لەحزبەوە وەردەگرن و هەمیشە پارتەكە لەناو جەماوەرەكەی خۆیەوە پەسەنددەكرێت و بەرەوە پێشەوە هەنگاودەنێت و زۆرینەی ئەندامەكانیشی پێكهاتەی چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگایە لەخاوەن پیشە سەربەستەكان و سەرمایەدارو پیشەوەرەكانە.

بەرنامەكانی حزب زیاتر بەرنامەی پارێزگارو كلاسیكین و خۆی لەكەمكردنەوەی رۆڵی دەوڵەتدا دەبینێت لەچالاكیە ئابوریەكان و جەغتكردنەوە لەسەر نەهێشتنی تاوان و دانانی رێوشوێنی توند لەسەر كۆچ و نەهێشتنی كەرتی گشتی و...تد، هەروەك داواكارە ئەنجومەنی لۆردەكانی بەریتانیا هەڵوەشێنرێتەوەو دەسەڵاتی بەریتانیاش راستەوخۆ ئیدارەی ئێرلەندەی باكور بكات، لەسەر ئاستی دەرەكیش حزب داواكارە سیستەمێكی پارێزگاریكردنی بەهێز دابڕێژرێت و پەیوەندیەكانی بەریتانیا لەگەڵ ئەمریكاو هاوپەیمانێتی یەكێتی ئەتلەنتادا بەهێزبكرێت و كاربكات بۆ یەكێتی ئەوروپا لەرێگای هەنگاوی دیراسەكراوو هێواشەوە بەرەچاوكردنی دابەشكردنێكی دادوەرانەی قورساییە داراییەكان.

### پارتی كرێكاران:

ئەم پارتە لەناوجەرگی بزوتنەوەی كرێكاران و هەوادارانی فكری سۆسیالیزمی (گابی)یەوە لەسەرەتاكانی سەدەی رابردوو دروست لە ١٩٢٢بووە دووەمین پارتی مەزن لەبەریتانیادا كەتوانی لە ١٩٢٤و دواتر لەماوەی نێوان ١٩٢٩-١٩٣١حكومەت پێكبهێنێت بەهاریكاری، بەڵام بەبێ بەشداری پارتی سەربەخۆییخوازان و لەدوای جەنگی جیهانی دووەمی جیهانیەوە بووە سەرسەختترین دژی پارتی پارێزگاران. هەرچی رێكخستنی ناوخۆی پارتەكەیە زۆر ئاڵۆزەو دووجۆر ئەندامێتی هەیە كەیەكێكیان ئەندامێتی كارایە بۆ تاكەكان و ئەویتریان پەیوەندیكردنە بەسەندیكاكانی كرێكاران و رێكخراوە سۆسیالیستەكانەوەو لەكۆنگرەی ساڵانەی حزبدا نوێنەری ئەم دوو جۆرە ئەندامە بەشداردەبن و كۆنگرە ئەندامانی لیژنەی مەركەزی هەڵدەبژێرێت كە ٢٤ ئەندامن و ١٢یان سەندیكا كرێكاریەكان هەڵیان دەبژێرێت، ٧یان ئەندامێتی تاكیەو لیژنە لۆكاڵیەكانی حزب دەستنیشانیان دەكات و دەیانپاڵێوێت و ٥یشیان ژنن و كۆنگرە دیارییان دەكات و لەپاڵ كۆنگرەی گشتی و لیژنەی مەركەزیدا حزبی

پارلەمانی هەیە کەدەستەیەکی سەربەخۆن و لەکاتی بوونی ناکۆکی لەنێو لایەنەکانی پارتەکەدا حکومەتی سێبەر (حكومة الظل) پێکدەهێنێت و سەرکردەی پارتەکە لەرێگای هەڵبژاردنێکەوە هەڵدەبژێردرێت کە ٤٠٪ی دەنگەکانی بۆ سەندیکاکانی کرێکارانەو ٣٠٪ ی دەنگەکانی بۆ حزبی پارلەمانیەو ٣٠٪ی دەنگەکانی بۆ لیژنە لۆکاڵیەکانی حزبەو بەشێوەیەکی گشتی سیاسەت و بەرنامەی حزبەکە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە سیاسەتێکی میانڕەوی ریفۆرمی بووەو لەسەر ئاستی جیهانیش داکۆکی لەهاوپەیمانێتی ئەتڵەنتی کردووەو لەحەفتاکانی سەدەی رابردووشەوە ئاراستەیەکی چەپانەتری گرتۆتەبەرو داوای دەکرد بەریتانیا لەکۆمەڵەی ئەوروپا بکشێتەوەو چەکی ئەتۆم و نەوەوی یەکلایەنە داماڵێت. هەرچی چڕی دەنگدەرانی حزبە زیاتر لەناو لاوان و شارە گەورەکان بەتایبەتی شارە کاسۆلیکیەکان و پیشەسازیەکاندایەو لەنێو لادێکاندا کەمتر لایەنگری ئەم پارتە بەدیدەکرێت.

## پارتی سەربەخۆیی:

ئەم پارتە درێژکراوەی حزبی ویگسی بەریتانییە کە لەسەدەی حەڤدەهەمدا سەریهەڵداو لەسەدەی نۆزدەدا تەواوی گۆڕەپانی سیاسی وڵاتەکەی گرتەوە، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا بەهۆی لاوازی و بێبەرنامەیی لەچارەسەرکردنی کێشەی ئێرلەندەدا پوکایەوە، ئەمە سەرباری پەرتبوونی پارتەکەو پێکهێنانی پارتی کار وەك ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو بۆ ئەم پارتەو رێژەی دەنگەکانی لەسەرانسەری وڵاتدا بەشێوەیەك دابەزی کە لەپێکهێنانی حکومەتە هاوپەیمانێتییەکەی کاتی جەنگی دووەمی جیهانی بەدواوە بەشداری لەدەسەڵاتدا نەکردووە، بەڵام لەساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٨، هاریکاری پارتی کرێکارانی لەگرتنەدەستی دەسەڵاتدا کردووە.

## پارتی سۆسیال دیمۆکرات:

ئەم پارتە بەپارتێکی نوێی گۆڕەپانی سیاسی بەریتانیا دادەنرێت، چونکە مێژووی دروستبوونی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨١، وەك دەرهاویشتەیەك بۆ پەرتبوونی پارتی کار کەتیایدا باڵی چەپ توانی باڵادەستی خۆی لەپارتەکەدا رابگەیەنێت. ئەم پارتە زۆر بەخێرایی گەشەی کرد بەچەشنێك پێشبینیە پێشوەختەکان دەریانخست کە لەهەمان ساڵی دروستبوونیدا رێژەی ٤٦٪ی دەنگی دەنگدەرانی لەگەڵدایە. لەو هەڵبژاردنانەی لەساڵانی ١٩٨١و ١٩٨٣دا ئەنجامدران، هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتی سەربەخۆیدا بەست و بەهۆیەوە

توانی لەو هەڵبژاردنە تەواوکەرانەدا سێ کورسی لەچوار کورسی بەرێتەوە، بەڵام هەر زوو ئاستی جەماوەری دابەزیە خوارەوە بەشێوەیەك لەهەڵبژاردنەکانی ۱۹۸۳دا هاوپەیمانێتیەکە تەنها توانی رێژەی ۲٤٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت کە بەرامبەر ۲۳کورسی بوو ئەویش تەنها (٦) کورسی بەر سۆسیال دیمۆکراتەکان کەوت و هەڵبژاردنەکانی ۱۹۸۷یش بەهەمانشێوە تەنها ۲۲ کورسییان بردەوە کەتەنها ۲۲,٦٪ی دەنگەکان بوو.

سەرچاوە: BBC

### ۳. هەڵبژاردنەکان لەئیسرائیل

**ئیسرائیل:** کەوتۆتە رۆژئاوای ئاسیاوەو پایتەختەکەی ( ئۆرشەلیم)ە، ئایینی سەرەکیان (تەورات)ە، زمانی رەسمیان عبریەو زمانی عەرەبیش زمانێکی سەرەکییە بۆ کەمایەتییە عەرەبەکان، زمانێکی سەرەکی تریان روسیە. عەرەبی موسڵمانیش کەمایەتییەکی دەوڵەتەکە پێکدەهێنن. پاشماوەی هەرێمەکانی تری فەڵەستین لەساڵی (۱۹٦۷)ەوە لەلایەن ئیسرائیلەوە دەستی بەسەردا گیراوە. رێژەی دانیشتوانیان نزیکەی (٦,۱) میلۆنە لەسەر (۲۰,۳۳۰) کیلۆمەتر دووجادا. سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتیان کۆماری دیموکراسی پارلەمانییە کەدابەشبووە بەسەر (٦) ناوچەدا.

**ناوی رەسمی:** دەوڵەتی ئیسرائیل.

**شێوەی حکومڕانی:**

**سەرۆك کۆمار:** مۆشە کاتزاڤ (۲۰۰۰) سەر بەپارتی لیکود.

**سەرۆك وەزیران:** ئاریڵ شارۆن (۲۰۰۱) سەر بەپارتی لیکود.

سەرۆك بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەلایەن پارلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت. حکومەتەکەش لەلایەن پارتی (Likud) کەپارتێکی پارێزگارە، پارتی لیبراڵ (Shinui)، پارتی ئایینی نەتەوەیی (Mafdal)و پارتی یەکێتی نەتەوەیی (IL) پێکهاتووە.

**پارلەمان:**

پارلەمان لە(۱۲۰) ئەندام پێکهاتووە کە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەرێگای ( نوێنەرایەتی رێژەیی) هەڵدەبژێردرێن.

هەڵبژاردنی پارلەمانی (٢٧)ی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٣)

| پارتەکان | کورتەی ناو | ٪ | ژ. کورسی |
|---|---|---|---|
| لیکود (پارتی تەعزیزکردن) | Likud | ٢٩,٤ | ٣٨ |
| پارتی کار (سۆسیال دیمۆکرات)و پارتی دووریی (پارتی سەنتڕالیست) | Avoda&meimad | ١٤,٤ | ١٩ |
| شینیو (پارتی گۆرانکاری ناوەندیی) | Shinui | ١٢,٣ | ١٥ |
| رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی جولەکەی پابەندبوو بەتەورات (پارتی جولەکەی ئۆرتۆدۆکسی) | shas | ٨,٢ | ١١ |
| یەکێتی نەتەوەیی هەرسێ پارتی (ژیانەوە + نیشتمانمان ئیسرائیل + نیشتیمان) | IL | ٥,٥ | ٧ |
| پارتی مێرێتز | Merets | ٥,٢ | ٦ |
| پارتی نیشتمانی ئاینی | Mafdal | ٤,٢ | ٦ |
| یەکێتی تەوراتی جودیزم | yhT | ٤,٣ | ٥ |
| بەرەی دیموکراسی بۆ ئاشتی و یەکسانی | Hadash | ٣ | ٣ |
| یەك نەتەوە | AE | ٢,٨ | ٣ |
| هاوپەیمانێتی دیمۆکراتی نەتەوەیی | Balad | ٢,٣ | ٣ |
| ئیسرائیل و کۆچ | YBA | ٢,٢ | ٢ |
| لیستی یەکگرتووی عەرەبی | Raam | ٢,١ | ٢ |
| پارتی گەڵای سەوز | AY | ١,٢ | - |
| سەربەخۆیی | H | ١,٢ | - |

سەرچاوە: راگەیاندنی کنسێتی ئیسرائیل

**پارتە سیاسییە سەرەکیەکان**

- یەکێتی نەتەوەیی.
- یەکێتی تەوراتی جودیزم.
- لیستی یەکگرتووی عەرەب.
- یەکێتی ئیسرائیل.
- هاوپەیمانێتی دیموکراسی نەتەوەیی.
- یەك نەتەوە.
- کار.

- بەیداخی توراه (تەورات).
- پارتی ئایینی نەتەوەیی.
- ئازادی.
- ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی جولەکەی پابەندبوو بەتەورات.
- لقی باشوور.
- بەهێزکردن.
- رەهەند.
- پێکەوەیی.
- پارتی گەڵای سەوز.
- نیشتمان.
- بەرەی نەتەوەیی.
- پارتی گۆڕانکاری ناوەندیی.
- ژیانەوە.
- ئیسرائیل و کۆچ.
- ئیسرائیلی نیشتمانمان.

جگە لەو پارتانە ١٤ پارتی تر لەگۆڕەپاندا هەن.

### ٤. هەڵبژاردنەکان لەوڵاتی فەرەنسا

**فەرەنسا:** کەوتۆتە رۆژئاوای کیشوەری ئەوروپاوەو پایتەختەکەی پاریسە، ئاینی سەرەکییان مەسیحی (کاسۆلیکی)ە. زمانی رەسمییان فەرەنسیەو زمانە سەرەکیەکەی تر پێی دەوترێت ئاینگودۆسین (Ianguedocien)، رێژەی دانیشتوانەکەی نزیکەی (٦٠) ملیۆنە لە(٥٤٥,٦٣٠) کیلۆمەتر دوجادا ( بێجگە لەو بەشانەی کەسنووری ئاویان هەیە). سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتیان کۆماری دیموکراتی نیمچە سەرۆکایەتییەو دابەش بووە بەسەر (٢٢) هەرێم داو ئەمانیش دابەش ئەبن بەسەر (٩٦) بەشی ترو چوار هەرێم کەسنووری ئاویان هەیە. لەهەمانکاتدا ئەو هەرێمو بەشانەی سنووری ئاویان هەیە وەك گەیانەی فەرەنسی، گوادەلۆپ، مارتین و ریونیەن وەك بەشێکی دەوڵەت فەرمانڕەوایی دەکرێن. هەروەها فەرەنسا ئەم هەرێمانەشی هەیە کەسنووری ئاویان لەگەڵ وڵاتدا هەیە وەکو پۆلۆنیزیای فەرەنسی، مەیۆت، نیوکالدونیا، سەینت پییێر، میکولن، والیس و فیوتونا. پێگەی رەسمی سەینت مارتین و سەینت پارسولومیو لەئایندەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت.

هەروەها فەرەنسا چەند داگیرگەیەکی تری سنووری ئاوی هەیە وەکو باساس دا ئیندیا(Bassas da India)، دوورگەی کلیپەرتون، دورگەی ئەوروپا، باشووری فەرەنسا و ناوچە وشکاییەکانی ئەنتارکتیك، دورگەی گلۆریوسۆ، وان دا نۆڤا و دورگەی ترۆملین.

**ناوی رەسمی دەوڵەت:** فەرەنسا.

**شێوەی بەڕێوەبردن:**

**سەرۆك كۆمار:** جاك شیراك (١٩٩٥ – ٢٠٠٢)

**سەرۆك وەزیران:** جین پیەر رافارین (٢٠٠٢)

سەرۆك كۆمار بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت، حکومەتەکە لەلایەن یەکێتی زۆرینەی سەرۆکایەتی (UMP)و یەکێتی دیموکراسی فەرەنسا (UDF) پێکدەهێنرێت، وڵاتی فەرەنسا ئەندامێکی یەکێتی ئەوروپایە.

سەرۆك كۆمار لە٢١ی نیسان و پێنجی مایسی ساڵی (٢٠٠٢) رێژەی ٧٩,٧٪ دەنگەکانی بەدەستهێنا.

**پارلەمان:**

پارلەمان لەدوو ئەنجومەن پێکهاتووە. یەکەمیان ئەنجوومەنی نیشتمانییە (National Assembly) کە (٥٧٧) ئەندامی هەیە و بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەهەڵبژاردنی تاکەکەس (یەك کورسی بۆیەك ناوچەی هەڵبژاردن) هەڵدەبژێردرێن. دووەمیان ئەنجوومەنی پیرانە کە(٣٣١) ئەندامی هەیە و (٣١٩) یان بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەلایەن ( بەشی هەڵبژاردنەکانەوە) هەڵدەبژێردرێت. ئەم بەشەش لەنوێنەرانی هەڵبژێردراوی نیشتمانی پێکهاتووە و رێژەی یەك لەسێیان هەموو سێ ساڵ جارێك هەڵدەبژێردرێنەوە، (١٢) ئەندامەکەی تر لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای هاوڵاتیانی فەرەنسی کە لەدەرەوەی وڵات دەژین هەڵدەبژێردرێت، هەرچی (١٥٠) ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانییە لەلایەن هاووڵاتیانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات هەڵدەبژێردرێن. پشتیوانیی سیاسی لەئەنجوومەنی پیراندا جیاوازە لەپشتیوانی سیاسیی لەئەنجوومەنی نیشتمانی دا هەربۆیە ئەنجامەکان بەلیستی جیا دەخرێنەڕوو.

هەڵبژاردنی ٩- ٦/١٦/ ٢٠٠٢ (ئەنجومەنی نیشتمانی)

| پارتەکان | ڕێژەی سەدی | ٥٧٧ کورسییەکە |
|---|---|---|
| یەکێتی زۆرینەی سەرۆکایەتی | ٣٣,٧ | ٣٥٧ |
| پارتی سۆسیالیست | ٢٤,١ | ١٤٠ |
| سەنگەری نیشتیمانی | ١١,٣ | – |
| یەکێتی دیموکراتی فەرەنسا | ٤,٨ | ٢٩ |
| پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی | ٤,٨ | ٢١ |
| سەوزەکان | ٤,٥ | ٣ |
| Deverse Rite | ٣,٧ | ٩ |
| شکار، راوەماسی، سروشت، نەرێت | ١,٧ | – |
| پارتی چەپی رادیکاڵ | ١,٥ | ٧ |
| کۆمەڵەی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ | ١,٣ | – |
| خەباتی کرێکاران | ١,٢ | – |
| جەمسەری کۆماری | ١,٢ | – |
| بزوتنەوەی مەدەنی و کۆماری | ١,١ | – |
| Devers Left | ١,١ | ٦ |
| بزوتنەوەیەك بۆ فەرەنسا | ٠,٨ | ١ |
| Devers | ٠,٨ | ١ |
| کۆنگرەی فەرەنسا | ٠,٤ | ٢ |
| Rigionalists | ٠,٣ | ١ |

هەڵبژاردنی سیناتی فەرەنسی ٢٠٠٤/٩/٢٦

| پارتەکان | ٣٣١ کورسیەکە |
|---|---|
| یەکێتی بزوتنەوەی گەل | ١٥٦ |
| پارتی سۆسیالیست | ٩٧ |
| یەکێتی میانڕەو بەزۆرینەی یەکێتی دیموکراتی فەرەنسی | ٣٣ |
| کۆمۆنیست، کۆماری و هاولاتی، زۆرینەی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی | ٢٣ |
| کۆمەڵەی سۆسیالیست و دیموکراتی ئەوروپی | ١٥ |

سەرچاوە:وەزارەتی ناوخۆی فەرەنسا

**سیستەمی حزبایەتی لەفەرەنسا**

لەراستیدا هیچ کۆت و پێوەندێك لەسەر ژیانی سیاسی و پێکهێنانی پارتی سیاسی نییە لەفەرەنسادا کەچی دەبینین حزبی راستەقینە هەتا ساڵی ١٩٠١ لەگۆڕەپانی دەوڵەتەکەدا بوونی نەبووە یان ئەگەر هەشبووبێت ئەوا لەبەرهۆکاری ئایدۆلۆژی یان لاوازی رێکخستنەکانی لەناوچووەو سڕدراوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا شۆرشی گەورەی فەرەنسا دەرگای والاکرد بۆ هاتنەناوەوەی دەیان و سەدان بیرو ئایدۆلۆژیای نوێ. ئێمە لێرەدا ناتوانین باس لەهەموو ئەو پارتانە بکەین کەبوونیان لەفەرەنسادا بەرێژەی جیاواز زیندووە، بەلام دەتوانین گرنگترین ئەو پارتانە بناسێنین.

**پارتی سۆسیالیست PS:**

ئەم پارتە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٥، بۆ ئەوکاتەی کەبەشی فەرەنسی بۆ نێودەوڵەتی کرێکاری دروستکرا وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی کرێکاری ئیلهام وەرگرتوو لەفکری مارکسییەوە، بەلام پاش هەلایسانی شۆرشی بەلشەفیەکان لەسۆڤێت، باڵی سۆزدار بەلای سۆڤێت و شیوعیەت لێی جیابۆوەو باڵەکەی تریش بووە پارتێکی ریفۆرمیستی مەیلداری راستڕەو. ئەم باڵەیان لەچەندین خولی سەرۆکایەتیدا بەشداری پێکهێنانی حکومەتی کردووەو لەسالانی ١٩٥٦-١٩٥٧یش بەسەرۆکایەتی جی مۆلێ پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی هاوپەیمانیی ئەو دەمەی گرتۆتە دەست و لە ١٩٥٩دا ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ حزبی سۆسیالیستی فەرەنسی. لە١٩٧١ بەدواوە دوای ئەوەی فرانسۆ میتەران بووە سکرتێری حزب ئیدی پارتەکە بەتەواوی گەشەی کردو زۆرینەی پارتە چەپە میانڕەوەکانی لەژێر باڵی خۆیدا کۆکردەوە لەوانە حزبی شیوعی و رادیکالەکان تا ئەوکاتەی لە١٩٨١دا میتەران توانی ببێتە سەرۆکی کۆمارو هەر هەمان ساڵ لەهەڵبژاردنەکاندا بۆ یەکەمینجار پارتێکی چەپ لەمێژووی ئەو ولاتەدا توانی ٢٨٩ کورسی لە٤٩٠ کورسییەکەی پارلەمانی ئەوکاتە بباتەوە. لەرووی سیاسییەوە لەساڵی ١٩٧١ بەدواوە پارتەکە پێڕەوێکی چەپانەی گرتۆتەبەرو لەسەر ئاستی نێوخۆیی کار بۆ بەرزکردنەوەی کرێی کارو نەهێشتنی بێکاری و بەشداری کرێکاران لەبەرێوەبردن و هاندانی نامەرکەزی دەدات. هەرچی لەسەرئاستی دەرەکیشە کار بۆ پێشخستنی ئەوروپاو بەستنی پەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانێتی ئەتڵەنتی و بانگەشەی سیاسەتی دادپەروەرانەتر دەکات بەرامبەر بەجیهانی سێ.

**حزبی کۆمۆنیستی فەرەنسیPCF:**

ئەم پارتە لەساڵی ١٩٢٠دا لەئەنجامی پەرتبوونەوەی بەشی فەرەنسی بۆ نێودەوڵەتی کرێکاری بەر لەبیست و یەك مەرجەکەی لینین بۆ پەیوەندیکردن بەنێودەوڵەتی سێیەم دروستبووەو بەتەواوی لەڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە خۆی بەستەوە بەسۆڤیێتەوە، ئەم پارتە هیچکاتێك کێشی سیاسییانەی لەچارەکی ژمارەی دەنگدەران و ١٥٪ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی تێپەڕی نەکردووەو دوای بەهێزبوونی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسی ئەتوانین بڵێین ڕێژەی دەنگدەرانی کەمی کرد بۆ کەمتر لە١٠٪و کورسیەکانیشی کەمتر لە٥٪ی کورسییەکانی پارلەمانی وڵاتەکە.

**پارتە سیاسیە سەرەکیەکان**

- شکار، راوەماسی، سروشت، داب ونەریت (تقالید).
- بەشداری کاری هاوڵاتیبوون بۆ سەدەی بیست و یەك.
- سەنگەری نیشتمانی، رەگەزپەرستی.
- بەرهەمی ژینگەناسی.
- سەوزەکان.
- کۆمەڵەی کۆمونستی شۆڕشگێر.
- خەباتی کرێکاران.
- بزووتنەوەی ژینگەناسی سەربەخۆ.
- بزووتنەوەی کۆماری نیشتمانی.
- بزووتنەوەیەك بۆ فەرەنسا.
- بزووتنەوەی مەدەنی و کۆماری.
- پارتی کۆمونستی فەرەنسا.
- پارتی رادیکاڵ.
- پارتی چەپی رادیکاڵ.
- پارتی سۆسیالیست.
- جەمسەری کۆماری.
- کۆنگرەی فەرەنسا.
- یەکێتی دیموکراسی فەرەنسا.

- یەکێتی بزووتنەوەی گەل: پارتی پارێزگاران بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کرد وەك یەکێتی هاوپەیمانێتی هەڵبژاردن. (یەکێتی زۆرینەی سەرۆکایەتی) لەلایەن ( کۆنگرەی کۆماری)و (لیبراڵ دیموکراس)ەوە پێکهێنرا.

لەفەرەنسادا جگە لەو پارتانەی سەرەوە ٣٣ پارتی تر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەن

### ٥. هەڵبژاردنەکان لەئەڵمانیا

**ئەڵمانیا:** ئەو وڵاتەیە کەکەوتۆتە رۆژئاوای ئەوروپاوەو ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە، پایتەختە فیدراڵیەکەی بەرلینە، ئایینی زۆرینەیان مەسیحی ( پرۆتستانت و کاسۆلیکی )ە، زمانی رەسمیان ئەڵمانیەو زمانی صربیو دانیمارکیش مافی کەمینەکانە. رێژەی دانیشتوانی ئەڵمانیا نزیکەی (٨٢) ملیۆنە لەسەر (٣٤٩,٢٢٣) کیلۆمەتر دووجا، سیستمی حکومڕانیان کۆماری دیموکراتی پارلەمانی فیدراڵیەو دابەشبووە بەسەر (١٦) هەرێم (لاند)دا.

**ناوی رەسمی:** کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا.

**شێوەی فەرمانڕەوایکردن:**

**سەرۆکی فیدراڵ:** هۆرست کۆلر (٢٠٠٤) CDU.

**راوێژکاری فیدراڵ:** گێرهارد شرۆیدر (١٩٩٨-٢٠٠٢) سەر بەپارتی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا SPD.

سەرۆك بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەلایەن لیژنەی هەڵبژاردنەوە هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش لەسەر بنچینەی پارلەمانە حکومیو فیدراڵیەکەیە. حکومەتەکەش لەلایەن پارتی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا (SPD)و پارتی سەوزەکانەوە (Grunen) پێکهێنراوە.

**پارلەمان:**

لەدوو ئەنجوومەنی فیدراڵی پێکهاتووە. یەکەمیان بوندستاگ کە(٦٠٣) ئەندامیان هەیەو بۆماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن، ٢٩٩ ئەندامیان بەرێگای هەڵبژاردنی یەك نوێنەر بۆ یەك ناوچە (سیستەمی تاکەکەس) هەڵدەبژێردرێن، (٢٩٩) ئەندامی تریش تەرخان دەکرێن بۆ زانینی رێژەی تێکڕای دەنگەکانیان (سیستەمی رێژەیی)و کورسیەکانی تریش ئەکەوێتە ئەم کێبەرکێیەوە. دووەمیان ئەنجوومەنی فیدراڵی کە(٦٩) ئەندامیان هەیەو نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمەکان دەکەن.

**هەڵبژاردنی ٢٢ی ـ ٢٠٠٢/٩**

| پارتەکان | ڕێژەی سەدی | کورسییەکان |
|---|---|---|
| سۆسیال دیمۆکراتی ئەڵمانی | ٣٨,٥ | ٢٥١ |
| یەکێتی سۆسیال مەسیحی لەباڤاریا+ یەکێتی دیمۆکراتی مەسیحی | ٣٨,٥ (٢٩,٥+٩) | ٢٤٨ (١٩٠+٥٨) |
| سەوزەکان | ٨,٦ | ٥٥ |
| پارتی ئازادی دیمۆکرات | ٧,٤ | ٤٧ |
| پارتی سۆسیالیالیزمی دیمۆکرات | ٤,٣ | ٢ |

سەرچاوە: Bundeswahlleiter

## سیستەمی حزبایەتی لەئەڵمانیا

لەرووی مێژووییەوە ئەڵمانیا تا ١٩٨٩/١٠/٣ لەدوو دەوڵەتی جیاواز پێکهاتبوو کەئەوانیش ئەڵمانیای دیمۆکراتی (شەرقی)و ئەڵمانیای فیدراڵ (غەربی)ە،چونکە دوای جەنگی جیهانی دووەم ئەڵمانیا بەدۆڕاوی لەجەنگەکە هاتەدەرەوەو ئەمەش بووە مایەی دابەشکردنی بەسەر دووبەشدا بەشێکیان بۆ وڵاتانی رۆژئاوا (ئەمریکاو فەرەنسا) بەشەکەی تریان بۆ یەکێتی سۆڤێت. ئەڵمانیای غەربی کەدەستکردی وڵاتانی رۆژئاوابوو سیستەمێکی لیبراڵی تێدا پەیرەودەکرا هەرچی ئەڵمانیای شەرقییە سیستەمێکی گشتگیری شمولی شیوعی لەژێر هەیمەنەی سۆڤێتدا سەرکردایەتی دەکراو هەر لەسەردەمی جەنگی ساردو ململانێی هێزی نێوان بلۆکی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادابوو دیواری بەرلین لەنێوان سنوری هەردوو ئەڵمانیادا لەلایەن ئەڵمانیای دیمۆکراتییەوە دروستکرا تاکو رێگرێك بێت لەبەردەم گەلی ئەڵمانیای رۆژئاواداو نەتوانن بێنە ناوخاکی رۆژهەڵاتەوە. بەم پێیە سیستەمی حزبایەتی لەهەریەکێك لەو دەوڵەتانەدا جیاوازبوو، بەڵام لەساڵی ١٩٩٠و دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن هلمۆت کۆڵی راوێژکاری ئەڵمانیاوە، ویستی گەلی ئەڵمانی خواستی یەکگرتنەوەی هەبوو، بۆیە لەوساڵەدا دیواری بەرلین روخێنراو دەوڵەتی ئەڵمانیای یەکگرتوو پێکهێنرا. پارتە سیاسیەکان تا ئەودەمە لەئەڵمانیای رۆژئاوادا زیندووانە سەرگەرمی کاری سیاسی بوون، بەڵام لەئەڵمانیای دیموکراتدا تاکە حزب باڵی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا گرتبوو، بۆیە بەچاکی دەزانین لێرەدا تەنها هەندێك لەحزبە زیندووەکانی ئەڵمانیای رۆژئاوا بخەینە ڕوو. .

## یەکێتی دیموکراتی مەسیحی CDU:

لەساڵی ١٩٤٥دا بەئامانجی کۆکردنەوەی هەردوو ئاینزای کاسۆلیك و پرۆتستانت دروستبوو. لەراستیدا جیابوونەوەی ئەڵمانیای شەرقی سودی لەم بارەیەوە پێگەیاند، چونکە جۆرێك لەهاوتایی لەژمارەی پێڕەوکارانی هەردوو ئاینزای بۆ رەخساند. لەساڵی ١٩٤٩دا بەهێزترین پارتی سیاسی ئەڵمانیابوو کەکۆنراد ئادیناوەری سەرۆکی پارتەکە خۆی بۆ راوێژکاری ئەڵمانیا کاندیدکردو سەرکەوتنی بەدەستهێناو تاساڵی ١٩٦٣ دەسەڵاتی لەدەستدا مایەوە.ساڵی ١٩٥٧ زۆرینەی رەهای بۆندستاگی بەدەستەوەبوو تاساڵی ١٩٦٩ لەبەرەی حکومەتدا کاریدەکرد، بەڵام دواتر بووە ئۆپۆزسیۆن و تاساڵی ١٩٨٢ جارێکی تر هاتەوە بۆ ناو حوکمڕانی. لەبەرنامەکانی ئەم پارتە جەخت لەسەر بەرزڕاگرتنی بەهاو سروتە دینییەکان دەکاتەوەو کاریگەری ئەو بەهایانە لەسەر خێزان و کۆمەڵگای ئەڵمانی بەرز دەنرخێنێت و لەسەر ئاستی ئابوریش جەخت لەسەر ئابووری ئازاد دەکاتەوە و پێڕەوی ئابوری بازاڕی کۆمەڵایەتی دەکات کەرێگا بەدەوڵەت نادات لەبوارێکی زۆر بەرتەسکدا نەبێت دەستبخاتە کاروباری بازاڕەوە، بەڵام دژ بەئیسراف و دەستبڵاوی دەوەستێتەوە بەبیانوی دابینکردنی ژیانی رەفاهیەت و خۆشگوزەرانی. هەرچی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکیشە ئەودەمە هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی دانیان بەکیانی ئەڵمانیای دیموکراتیا نابوو، وەرگرتبوو هەمیشە جەختی لەسەر یەکێتی خاکی ئەڵمانیا دەکردەوەو داوای توندوتۆڵکردنی پەیوەندی ئەڵمانی دەکرد بەئەمریکاو هاوپەیمانێتی ئەتڵەنتییەوەو لەسەرەتادا دژ بەکرانەوەبوو بەڕووی جیهانی رۆژهەڵاتدا، بەڵام دواتر هەڵوێستی گۆڕی و ویستی ئەو مەسەلەیە لەبەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە.

## یەکێتی سۆسیال مەسیحی CSU:

بەدەستە خوشکی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی دادەنرێت، بەڵام پێگەی ئەم دەکەوێتە ناو هەرێمی باڤاریاوەو هەمان ئەو پەیڕەوو بەرنامانەی هەیە کەپارتی دەستەخوشکی هەیەتی جگە لەوەی ئەم لەخاڵێکدا جیاوازە ئەویش جەختکردنەوەیە لەسەر دابونەرێتی باڤاری. هەردوو پارت لەسەر ئاستی دەوڵەت یەك لیستیان هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی هەرێمەکان هەریەکەیان بەلیستێکی سەربەخۆ دادەبەزن و لەساڵی ١٩٧٤دا ئەم پارتە توانی ٦٢,١٪ی دەنگەکانی باڤاریا بەدەسبهێنێت و بەمەش نازناوی حزبی دەوڵەتی باڤاریی لێنرا.

**پارتی سۆسیال دیمۆکرات SPD:**

ئەم پارتە رەگوریشەیەکی داکوتراوی هەیەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٨٧٥ یان ١٨٦٣و لەڕووی ئایدۆلۆژیای فکریەوە تێکەڵەیەکی مارکسیو سۆسیالیزمی میانڕەوە. یەکێك بوو لەپارتە بەهێزەکانی ئەڵمانیاو تا دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش لەبەهێزیدا بوو، بەڵام دوای جەنگی جیهانی دووەم تەنها باڵی میانڕەوەکەی لەژێر سێبەری پارتەکەدا مایەوەو بووە یەکێك لەکێبەرکێکارە هەرە سەرسەختەکانی سەرۆکایەتی لە١٩٤٩داو هەر کەسەرکەوتنی بەدەستنەهێنا ئیدی ووردەووردە بەرەو کەمبوونەوەی نفوز رۆیشت. لەساڵی ١٩٥٩داو لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی سیاسی خۆی لەبەرنامەیەکی ریفۆرمیدا بەناوی گۆدیسبێرگەوە بڵاویکردەوە کەئەو پارتێکە ئیلهامی لەبەهاکانی مەسیحیەتەوە وەرگرتووەو هیچ پەیوەندییەکی بەمارکسیەتەوە نییەو خۆی بەپارتێکی تەواو میللی دەناسێنێت کە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی گەلدا دروستبووەو کار بەچینایەتی ناکاتو بەم هۆیەوە توانی لەگەڵ پارتی یەکێتی دیمۆکراتی مەسیحیدا هاوپەیمانێتی گەورە پێکبهێنن‌و حوکمڕانی بگرنەدەستو ساڵی ١٩٦٩ بووە یەکێك لەهەرە گەورەترین پارتەکان گۆڕەپانی سیاسی ئەڵمانیاو فیلی برانتی سەرکردە لەو ساڵەدا بووە راوێژکار (کانسلەر)ی ئەڵمانیاو تاساڵی ١٩٧٤ دەستی لەکارکێشایەوە.لەسیاسەتەکانی پارتەکە، لەسەر ئاستی نێوخۆی داوای دادوەری کۆمەیەڵایەتیو زیادکردنی رۆڵی زیاتری حکومەت لەچالاکیە ئابوورییەکاندا دەکات. هەرچی لەسەر ئاستی دەرەکییە داوای کرانەوەی زیاتر دەکات بەڕووی رۆژهەڵاتداو دژ بەتەشەنەکردنی چەکی ئەتۆمە.

**پارتی ئازادیی دیمۆکراتی FDP:**

پارتێکی تاڕادەیەك لاوازە لەسەر ئاستی گۆڕەپانی سیاسی وڵاتەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار فاکتەری یەکلاکەرەوە بووەو زۆرترین رێژە کەبەدەستی هێنابێت ١٢,٥٪بووەو هەندێك جار ئەو ئاستەشی نەبڕیوە کەبۆ بەشداریکردنی پارلەمان پێویستە پارتە سیاسییەکان بەدەستی بهێنن کەئەویش رێژەی ٥٪ی دەنگەکانی دەنگدەرانی وڵاتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەرێگای هاوپەیمانێتی بەستنەوە لەگەڵ پارتەکانی تردا توانیویەتی ماوەیەکی زۆر لەحکومەتدا بەشداربێت. سیاسەتو بەرنامەی پارتەکە خۆی لەچوارچێوەی ریفۆرمی سەرمایەداریو داکۆکیکردن لەکەرتی تایبەتو ئازادیەکانی تاك، دەبینێتەوە.

**سەوزەکان DG:**

یەکێکە لەنوێترین پارتە سیاسییەکانی گۆڕەپانی ئەڵمانیاو لەساڵی ١٩٨٠دا دروستبوو لەدەرەنجامی دروستبوونی سەدان کۆمەڵەو رێکخراوی تایبەت بەپاراستنی ژینگەو هەر لەساڵی دروستبوونیدا توانی سەرکەوتنی بەرچاو مسۆگەربکات لەرێگای بردنەوەی کورسییەکانی هەندێك لە هەرێمەکان و ئەو ساڵە لەسەرئاستی دەوڵەتی فیدراڵ تەنها رێژەی ١,٥٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام دواترو لەساڵی ١٩٨٣دا توانی رێژەکە بەرزبکاتەوە بۆ ٥,٦٪وتوانی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢دا  رێژەی ٨,٦٪ دەنگەکان کەدەکاتە ٥٨ کورسی بەدەستبهێنێت.

**پارتە سیاسیە سەرەکیەکان**

- هاوپەیمانێتی (٩٠)/ سەوزەکان.
- یەکێتی دیموکراتی مەسیحی.
- یەکێتی سۆسیال مەسیحی لەباڤاریا.
- پارتی ئازادی دیموکرات.
- پارتی سۆسیالیزمی دیموکرات.
- پارتی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا.

لەئەڵمانیادا جگە لەو پارتانەی سەرەوە، ٦٥ پارتی تر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەن کەبەم ناونیشانە دەتوانرێت زانیارییان لەسەر وەربگیرێت:

((Parteien ـ online. De/ yahoo Dueutsch/ and/ open Directory))

**٦. هەڵبژاردنەکان لەکەنەدا**

**کەنەدا:** ئەو وڵاتەیە کەکەوتۆتە باکووری ئەمریکاوەو دووەمین وڵاتی گەورەی جیهانە، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی کەمەو تەنها سنووری بەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەستراوە، پایتەختەکەی (ئۆتاوا)یە. ئایینی سەرەکیان مەسیحی (کاسۆلیك و پرۆتستانت)ە. زمانی رەسمیان ئینگلیزی و فەرەنسییە. ژمارەی دانیشتوانی کەنەدا نزیکەی (٣٢) ملیۆنە لە(٩,٢٢٠,٩٧٠) کیلۆمەتر دووجادا. سیستمی حکومڕانیان دیموکراتی پارلەمانی فیدراڵیەو لەشێوەی شانشینی بەریتانیادایە، کەنەدا دابەش بووە بەسەر (١٠) پارێزگاو (٣) هەرێمدا، لەپارێزگای (کوبیك) کە بەزمانی فەرەنسی قسەدەکەن بیروڕای جیاخواز لەنێویاندا هەیەو ئەو نەتەوە جیاوازانەش کە بەزمانی رەسەنی خۆیان قسەدەکەن چەند ئاستێکی جیاوازی ئۆتۆنۆمیان هەیە.

**ناوی رەسمی وڵات:** كەنەدا.

**سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت:**

**١) شاژن:** ئێلیزابێسی دووەم (١٩٥٢) كەنوێنەرایەتی دەكرێت لەلایەن فەرمانڕەوای گشتییەوە كەئەویش (ئاردیرالَ بینگ چی كلاسن)، (١٩٩٩).

**٢) سەرۆك وەزیران:** پاوڵ مارتین (٢٠٠٣)، كەسەر بەپارتی لیبراڵی كەنەدایە.

**٣) پارلەمان:**

پارلەمان لەدوو ئەنجوومەن پێكهاتووە، ئەنجوومەنی گشتی (House Of Commons) كە(٣٠٨) ئەندامیان هەیەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن بەهەڵبژاردنی یەك كورسی بۆ یەك بازنە واتا شێوازی تاكە كەس، دووەمیان ئەنجوومەنی پیرانە كە(١٠٥) ئەندامی دیاریكراویان هەیە.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گشتی لە٢٨ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٤)

| پارتەكان | كورتە | ٪ | ٣٠٨ كورسیەكە |
|---|---|---|---|
| پارتی لیبراڵی كەنەدا | LPC | ٣٦,٧ | ١٣٥ |
| پارتی پارێزگارانی كەنەدا | CPC | ٢٩,٦ | ٩٩ |
| پارتی دیموكراتی نوێ | NDP | ١٥,٧ | ١٩ |
| كوتلەی كیوبیك | BQ | ١٢,٤ | ٥٤ |
| پارتی سەوزی كەنەدا | GPC | ٤,٣ | – |
| نابەرهەڵستكاران | – | – | ١ |

سەرچاوە: هەڵبژاردنەكانی كەنەدا.

**سیستەمی حزبایەتی**

سیستەمی حزبایەتی لەكەنەدا، هاوشێوەی سیستەمەكەی بەریتانیایە، چونكە بەریتانیا لە ١٧٦٣ بەدواوە هەموو داگیرگەكانی فەرەنسای لەئەمریكا وەرگرت و لەژێر حوكمڕانی ئەمدا دەبرانبەڕێوە، بۆیە دوای رزگاربوونی ئەو دەوڵەتانەش هێشتا كاریگەری وڵاتی داگیركەریان بەڕوونی لەسەرمابوو. هەڵبەت كەنەداش یەكێك بوو لەو وڵاتانەو دوای ئەوەی لە ١٨٦٧دا بووە دەوڵەتێكی فیدرال، بەڵام لەرووی سیستەمی حزابەیەتییەوە زۆر بەوەی بەریتانیا دەچێت، لەسەر ئاستی سیاسی دووهێزی سەرەكی وەك دوو حزبی سیاسی لەگۆڕەپانی

سیاسیدا بوونیان هەیەو حزبی سێیەمیش ئەگەرچی هێندەی ئەوان بەهێزنییە، بەڵام هەمیشە فاکتەری هاوسەنگکردنی هێزە لای ئەم دوو حزبە. دابەشبوونی دەنگدەران و لایەنگرانی ئەو حزبانە لەژێرکاریگەری ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو فرەڕەگەزیو نەتەوایەتی ئەو کۆمەڵگایانەو فرەکلتوریو فرەدینی کۆمەڵگای کەنەدیدایەو هەریەکێك لەو فاکتەرانە کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران.

## پارتی پارێزگار:

ئەم پارتە هەر لەسەرتاوە لەژێر فەرمانڕەوایی حوکمی بەریتانیادا دروستبوو، لەڕووی هەست و سۆزەوە زۆر لەبەریتانیاوە نزیکەو دژ بەئەمریکایەو لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی کەنەدیدا نزیکەی سێ یەکی سەدەیەك لەماوەی نێوان (١٨٦٧-١٨٩٧) حوکمی گرتەدەست و لەو ماوەیەدا داوای پێکهێنانی پیشەسازی نیشتمانی دەکرد، بەڵام دواتر بەهۆی بەشداریکردنی لەشەڕی جیهانی یەکەمداو گرتنەبەری سیاسەتی بەزۆر خزمەتی سەربازی پێکردن (تجنید) پارتەکە ئاستی نفوزو جەماوەریی دابەزی. دواترو لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا هەوڵیدا جارێکی تر هێزی سیاسیی خۆی وەربگرێتەوە بۆیە لەگەڵ پارتی پێشکەوتندا یەکیگرت و پارتی پێشکەوتنی پارێزگاریان پێکهێناو دوای ئەوە بووە دووەمین حزبی سیاسی دوای حزبی لیبراڵ و توانی لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٨٤دا ٧٥٪ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، واتا ٢١١ کورسی پارلەمان، چونکە ئەو ساڵە کیوبیکەکانیش دەنگیاندابوو پێی (یەکێك لەکیشە مێژووییەکانی ئەم پارتە ئەوەبوو کەنەیدەتوانی پاڵێوراوێك بپاڵێوێت بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کە لەتوانایدا بێت فەرەنسی بزانێت و خۆی بەخەڵکی فرانفۆن دانێت). لەسەر ئاستی جەماوەر پارتەکە زۆرینەی لایەنگرەکانی خەڵکە دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکەیەو لەسەر ئاستی ئاینیش پرۆتستانتەکان و لەسەر ئاستی تەمەنیش خەڵکە بەتەمەنەکە زیاتر دەنگی بۆدەدات. سیاسەتەکانی حزبیش خۆی لەچوارچێوەی کەمکردنەوەو نەهێشتنی بیرۆکراسیو ئەنجامدانی پرۆژەی بازرگانیو نەهێشتنی بێکاریو هاندانی سەرمایەی دەرەکیو لەسەر ئاستی دەرەکیش هەوڵی پێکهێنانی سوپایەکی بەهێزی کەنەدیو هاریکاریو پەیوەندیکردن بەهاوپەیمانێتی باکوری ئەتڵەسییەوەو فراوانکردنی هەوڵی بەرقەرارکردنی ئاشتی لەجیهاندا دەدات.

**پارتی لیبراڵ LPC:**

تەنها پارتێکە لەناو کەنەدایا کەهەوڵی ئەوەی دابێت ڕێکخستنەکانی خۆی لەشێوەی ستراکتۆرێکی نەتەوەیدا ڕێکبخات وەك لەوەی لەسەر بنەمای فیدراڵی، یەکێك لەسیما هەرە دیارەکانی ئەم پارتە ئەوەیە کەهەمیشە بەشێوەیەکی دەوری پاڵێوراوی پۆستی سەرۆکایەتی لەنێوان هاوڵاتیانی ئینگلیزو فەرەنسیدا ڕێکدەخات واتا هەرجارێك لەیەکێك لەو لایەنانە، چونکە کەنەدا دوو نەتەوەی سەرەکی پێکی دەهێنێت کەئەوانیش (ئینگلیزەکان و فەرەنسیەکانە لەگەڵ چەند کەمایەتییەکی تردا). ئەم پارتە بە بەهێزترین پارتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەم سەدەیە دادەنرێت، هەرچەندە لەهەشتاکان بەدواوە پەرتبوونەوە لەناوخۆی حزبەکەدا ڕوویداوەو کەمێك لاوازتر بووەو دوای سەرۆکایەتی کردنیشی لەلایەن تێرنەر–ەوە باڵی ڕاستی پارێزگار بەسەریدا زاڵبووە. لەڕاستیدا شکستی باشیشی لەهەڵبژاردنەکاندا بەخۆوە بینیوەو لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٨٤دا تەنها ٤٠ کورسی بەدەستهێنا کەئەمە کارەساتێکی گەورەبوو لەمێژووی ئەو پارتەدا. بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٤دا توانی پلەی یەکەمین بەدەستبهێنێ بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتە نێوخۆییەکانی لەریفۆرمی ئابووریو کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی بێکاریی و دژ بەخوێندنی ئاینی و دژ بەسیاسەتە سواوەکانی پارێزگارەکاندا خۆی دەبینێتەوەو لەسەر ئاستی دەرەوەش داوای چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کەنەداو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانێتی باکوری ئەتڵەسی دەکات.

**پارتی دیمۆکراتی نوێ NDP:**

رەگوریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٣، بەڵام دوای ئەوەی کۆمەڵێك لەپارتە بچوکەکانی خاوەن بیروڕای سۆسیالیستی و ریفۆرمیستەکان لەساڵی ١٩٦١ یەکیانگرت ئیدی لەوکاتەوە بەپارتی دیمۆکراتی نوێ ناسراوەو هێزی جەماوەریی خۆی لەکرێکارو ڕێکخراوو سەندیکاکانی کرێکاران و ناوەندە کشتوکاڵیەکانەوە وەردەگرێت، بەڵام لەناو هەرێمی کیوبیکدا زۆربەکەمی لایەنگری هەیە. دروشمەکانی پارتەکە دروشمی میانڕەون، بەڵام زۆر بەگومانە لەئەمریکاو یەکێکە لەسەرسەختترین پارتە دژەکانی .

**پارتە سیاسیە سەرەکیەکان**

- کوتلەی کیوبیك، جوداخواز.
- پارتی میراتی مەسیحی.
- پارتی پارێزگارانی کەنەدی: ئەم پارتە لەیەکگرتنی (چاکسازی هاوپەیمانێتی پارێزگارانی کەنەدی)و (پارتی پێشکەوتوی پارێزگاران) پێکهاتووە.
- پارتی سەوزی کەنەدی.
- پارتی لیبراڵی کەنەدی.
- پارتی رزگاریخوازی کەنەدی.
- پارتی نوێی دیموکرات: پارتی سۆسیال دیموکرات.
- پارتی کوێرپێرسس: پارتی جوداخواز.

جگە لەو پارتانە دەتوانرێت لەسەر ناونیشانی ئەلەکترۆنی زانیاری لەسەر ١٥ پارتی تری کەنەدی بخوێنرێتەوە لەگەڵ (٦) پارتی کیوبیکی دا.

Ca. Dir. Yahoo. Com/ government/ politics/ parties/ `` > yahoo canada

**٧. هەڵبژاردنەکان لەئێران**

**ئێران:** ئەو دەوڵەتەیە کەکەوتۆتە ناوەڕاستی ئاسیاوەو پایتەختەکەی (تاران)ە، ئاینی دەوڵەتیان ئیسلام (شیعە)یە، زمانی رەسمییان فارسیە، بەڵام چەند زمانێکی سەرەکی تریان هەیە وەکو ئازربایجانی، لوڕی، کوردی‌و مازەندەرانی. ژمارەی دانیشتوانیان نزیکەی (٦٩) ملیۆنە لە(١,٦٣٩,٠٠٠) کیلۆمەتر دووجادا. سیستمی حکومڕانیان تێکەڵە لەنێوان حکومەتی ئاینی‌و حکومەتی دیموکرات دا، ئێران دابەش بووە بەسەر (٢٨) پارێزگادا.

**ناوی رەسمی دەوڵەت:** کۆماری ئیسلامی ئێران.

**شێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت:**

**سەرۆك کۆمار:** سید محەمەد خاتەمی ( ١٩٩٧-٢٠٠١).

**رابەر:** (سەرۆکی نەتەوەو کۆماری ئیسلامی): سید عەلی خامەنەیی (١٩٨٩).

سەرۆك کۆمار بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت. حکومەتیش لەلایەن ریفۆرمیستەکانەوە پێکدەهێنرێت، گرنگترین پارتی هاوپەیمانێتی ریفۆرمیستەکان پارتی

جەبهەی بەشداریكردنی ئیسلامی ئێرانە. پارێزگارانی ئیسلامی بەشێوەیەكی كاریگەر ماونەتەوە.
سەرۆك كۆمار : لە(٨)ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠١).

| ناوی پارتەكان | ٪ رێژەی سەدی |
|---|---|
| سەید محەمەد خاتەمی- ریفۆرمیست | ٧٨,٣ |
| ئەحمەد تاڤەكۆڵی- پارێزگاران | ١٥,٩ |
| عەلی شەمخانی- پارێزگاران | ٢,٧ |
| عەبدوڵا جاسمی- پارێزگاران | ٠,٩ |
| مەحمود خاشانی | ٠,٩ |
| حەسەن غەفووری فارد- پارێزگاران | ٠,٥ |
| مەنسوور رەزاڤی- پارێزگاران | ٠,٤ |
| شەهابەدین سەدر- پارێزگاران | ٠,٢ |
| عەلی فەلاحین- پارێزگاران | ٠,٢ |
| موستەفا هاشمی تەبا- ریفۆرمیست | ٠,١ |

**پارلەمان:**

ئەنجوومەنی راوێژكاری ئیسلامی ( مەجلیسی شورای ئیسلامی) لە(٢٩٠) ئەندام پێكهاتووە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێردرێن لەرێگای بەكارهێنانی هەردوو سیستەمی چەند كورسی بۆ ناوچەیەك،و تەنها یەك كورسی بۆ ناوچەیەك. بەڵام هەموو پاڵێوراوەكان دەبێت لەلایەن ئەنجوومەنی سەرپەرشتیارانەوە پەسەند بكرێن.
مەجلیسی شورای ئیسلامی: لە(١٨)ی شوباتو (٥)ی مایسی (٢٠٠٠).

| پارتەكان | دابەشبونی ٢٠٩ كورسییەكە |
|---|---|
| ریفۆرمیستەكان ( دووەمی خورداد) | ١٨٩ |
| ئیسلامیە رادیكاڵەكان | ٥٤ |
| بێلایەنەكان | ٤٢ |
| كەمایەتییە ئاینییەكان | ٥ |

ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی مانگی (٢٠)ی شوبات و (٧)ی مایسی ساڵی (٢٠٠٤) هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

هەرچی سەبارەت بەپارتە سیاسیە سەرەکیەکانە، هیچ پارتێکی سیاسی راستەقینە ڕێگە پێدراو نییە.

سەرچاوە: راگەیاندنی ئێران

**ئەو پارتانەی کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا هەن:**

- ئەنجوومەنی ئازادی
- گەریلا فیداییەکانی خەڵکی ئێران.
- پارتی دەستوورناسانی ئێران.
- یەکێتی ئێران.
- یەکێتی چەپی کرێکاران.
- کۆمەڵەی سۆسیالیستی شۆڕشگێر ئێران.
- شانەی کەمینەکان.
- پارتی دیموکراتی خەڵکی ئێران.
- پارتی کاری شۆڕشگێری ئێران.
- پارتی کرێکارانی ئێران.
- پارتی کۆمۆنیستی ئێران.
- پارتی کۆمۆنیستی ئێران (مارکسیەکان).
- پارتی کارگەرانی ئێران.
- پارتی سۆسیالیستی ئێران.
- پارتی جەماوەری ئێران.
- پارتی سەوزی ئێران.
- جەبهەی دیموکراتی میللی.
- جەبهەی میللی ئێران.
- بزووتنەوەی میللی مقاومەی ئێران.
- بزووتنەوەی ئازادی.
- پارتی شەوبیاهی ئێران.
- رێکخراوی فیدائی خەڵکی ئێران.

- ڕێکخراوی فیدائیانی ئێران (کەمینە).
- ڕێکخراوی شۆڕشگێری کارگەرانی ئێران.
- ڕێکخراوی خەڵکانی فیدائیانی ئێران (زۆرینە).
- ڕێکخراوی موجاهیدینی ئێران.
- شورای کار.
- شورای میللی مقاومەی ئێران.
- ڕێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.
- پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی باشووری ئازربایجان.
- بزووتنەوەی هەستانەوەی نەتەوەیی باشووری ئازربیجان.

**تێبینی:**

لەراستیدا بۆ ئەم بەشە سودم لەتۆڕی ئینتەرنێت بەو ناونیشانەی خوارەوە وەرگرتووە بۆ بەدەستخستنی سەرجەمی ئەو ئامارانەی خراونەتەڕوو لەگەڵ ژمارەی پارتەکان و سروشتی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی دەوڵەتەکان، بەڵام لەشیکردنەوەو باسکردنی پارتە سیاسییەکاندا سودم لەکتێبەکی د.حەسەن نافعە بینیوە کە لەخوارەوە زانیاری تەواوم لەسەرداوە.

١. سایتی هەڵبژاردن لە جیهاندا www.electionworld.org بەزمانی ئینگلیزی.
٢. د.حسن نافعة- معجم النظم السیاسة واللیبرالیة فی اوروبا الغربیة وامریکا الشمالیة- دار الجیل- بیروت- الطبعة الثانیة -٢٠٠٠م.

# بەشی پێنجەم

## ئەزمونی هەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمی کوردستان- باشور

## ئەزمونی هەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمی کوردستان- باشور

لەراستیدا دارشتنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کارێکی زۆر بوێرانەبوو کەبەرەی کوردستانی لەساڵی ١٩٩٢دا کردیە دیفاکتۆ، چونکە بەگوێرەی یاسا دەبێت لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانەرەوە یاسا دابرێژرێ و لەبارێکدا ئەگەر کودەتا یان شۆڕش ئەنجامدرا ئەوا دەکرێت دەسەڵاتی دامەزرێنەری بنچینەیی هەڵسێ بەم کارە، بەڵام لەبەرئەوەی لەودەمەدا حکومەتی بەعس دەسەڵاتە کارگێریەکانی خۆی لەکوردستان کێشابۆوەو ئابلۆقەی ئابووری سەپاندبوو بەسەر ناوچە ئازادەکاندا، کوردیش لەم بەشەی خاکەکەیدا راپەڕینێکی ئەنجامدابوو کەهیوای بەدیهێنانی دامەزراوەو کیانێکی سەربەخۆی کوردی لێدەخوازرا بۆیە خۆبەڕێوەبردن بەبێ بوونی دەسەڵاتی راپەراندن و یاسادانان و دادگەری لەهەرێمێکدا کەکەمترین بنەماکانی کۆمەڵگای رێکخراوو دەزگایی تێدا نەبێت، کارێکی مەحاڵ بووو نەدەکرا کورد لەسەر ئازادییەکی رەق و ڕووت ژیان بەڕێوەبەرێت، کاتێکیش بەرە ئەم یاسایەی داڕشت لەراستیدا ئەوان بەشێوەی ریفراندۆم، گەل هەڵی نەبژاردبوون، بەڵام هەریەکێ لەحزبە پێکهێنەرەکانی بەرە نمایندەی جەماوەرێکی دیاریکراویان دەکرد لەرووی چری و قەبارەوە بۆیە بەکۆدەنگی نوێنەرایەتی ئەو حزبانە دەکرێت جۆرێك لەرەوایەتی بدرایەتە بەرەی کوردستانی تاوەکو کاری دارشتنی یاسایەك بگرێتە ئەستۆ کەدواتر لەژمارە(١)ی رۆژنامەی (ئەنجومەن)ی زمانگۆی رەسمی پارلەمانی هەڵبژێردراو لە١٩٩٢/٩/١٥دا بڵاوکرایەوەو بەمەش دەتوانین بڵێین لەرووی یاساییەوە زیاتر رەوایەتی وەرگرت و پاشان بەگوێرەی گۆڕانی بارودۆخەکان بۆ چەند جارێك هەموارکرا تائاستێك کەبنەما یاساییەکانی بەتەواوی تێدا جێبەجێ بوو.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی یەکە بەیەکەی ماددەکانی ئەو یاسایە بخوێنینەوە، بەڵام بەرلەوەی بکەوینە خوێندنەوەو شیکردنەوەی ماددەکانی یاساکە با لایەنە سیاسی و یاساییەکانی ئەو هەلومەرجانە تاوتوێ بکەین کەبوونە بنچینەی داڕشتنی یاساکە.

### لایەنی سیاسیی هەڵبژاردنەکە

هەرێمی کوردستان، دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١و بەهۆی کشانەوەی دامەزراوەکانی رژێمی عێراقی لەڕووی دامەزراوە مەدەنی و خزمەتگوزارییەکانەوە، جۆرێك لەپاشاگەردانی و بێ یاسایی باڵی بەسەریدا کێشابوو بەشێوەیەك نەدەکرا بەبێ بوونی دامەزراوەیەکی یاسایی و قبوڵکراو لەلایەن سەرجەمی گەلەوە، ئیشوکارەکان رایی بکرێن.

هەڵبەت ئەوكاتە بەرەی كوردستانی تەنها دەسەڵاتبوو كە بەكاری بەڕێوەبردنی هەرێمەكە هەڵدەستا، بەڵام لەبەرئەوەی بەرە دەسەڵاتێكی فیعلی حكومی نەبوو، كوردستانیش تازە ئازادكرابوو، ئابڵوقەی ئابوری لەچەند لایەكەوە باڵی بەسەر هەرێمدا كێشابوو، حكومەتی مەركەز بەردەوام خەڵكی چاوترسێن دەكرد، پشتێنەی ئەمنی تازە دەسنیشانكرابوو تاكو لەسایەیدا خەڵكی كوردستان لەدڕندەیی رژێمی بەعس پارێزراو بێت، هیچ سەرچاوەیەكی داهات بۆ فەرمانبەران و موچەخۆران نەبوو، خەڵك دەترسا ئەو كۆڕەوەی لە٢/٤/١٩٩١دا دوچاری هاتبوو جارێكی تر رووبداتەوە، ئەمانە هەمووی كۆمەڵێك فاكتەری سەرەكی بوون بۆ ئەوەی بەرەی كوردستانی بیر لەهەڵبژاردنی پارلەمان بكاتەوە تاكو لەرێگایەوە:

١- دەسەڵاتێكی یاسایی بهێنێتە بوون بەمەبەستی گێڕانەوەی حوكمی یاسا بۆ ناو قەوارە كوردییەكە.

٢- حكومەتێك دابمەزرێنێ كەبەرپرسیاربێت لەئاست دابینكردنی ئەمن و ئاسایش و بژێوی هاوڵاتییان.

٣- متمانەیەك لای هاوڵاتییان دروستبكات كەراپەرین هەوێنی پێكهێنانی حكومەتێكی كوردییە كەكارو خزمەتەكانی لەگەڵەوە بۆ گەلە.

٤- پاشاگەردانی راوورووتكردن بنەبڕبكات و كۆنترۆڵی ئەو بارە ناهەموارە بكات كە لەلایەن هەندێك لەحزبەكان و خەڵكی هەلپەرستەوە دروستكرابوو.

٥- بۆ وڵاتانی جیهانی بسەلمێنێت كەكورد لەتوانایدایە كاری سەرسوڕهێنەر ئەنجامبدات و خاوەن عەقڵێكی كراوەی ئەوتۆی دیموكراسیەو بڕوای بەپێكەوە ژیانی برایانەو ئازادی و لێبوردن هەیە.

٦- ئاپۆڕەی جەماوەری كورد لەهەڵبژاردنەكاندا، وەڵامێك بێت بۆ ئەو لایەنانەی حكومەتی عێراقیان بەحكومەتێكی نمونەیی ئەبینییەوە.

ئەم ئامانجانە هەمووی هاندەرێكی بەهێزبوون بۆ ئەوەی بەرە بیر لەهەڵبژاردن بكاتەوەو لەئەنجامدا رێكەوتی ٨/٤/١٩٩٢ بەرەی كوردستانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی بەئامادەبوونی بەڕێزان (مام جەلال تاڵەبانی، كاك مەسعود بەرزانی، كاك عەبدوڵا ئاگرین، خوالێخۆشبوو رەسول مامەند، خوالێخۆشبوو سامی عەبدولرەحمان، كاك قادر عەزیز، یەعقوب یوسف) دەركردو بۆ ئەو كارەش كۆمەڵێك كارتێكەری سیاسیی هەبوون كەراستەوخۆو بەئاشكرا كورد بەپشتیوانی خۆی دەبینییەوە كە بەگشتی دەتوانین لەم خاڵانەدا كورتیانبكەینەوە:

١. زەمینەسازی کوردستان لەرووی بەرپاکردنی راپەڕینی ١٩٩١ کەپاش چەندین شکستی یەك لەدوایەکی رژێمی بەعسەوە بەرپابوو، هەڵبەت شەڕی درێژخایەنی ئێران- عیراق و پاشتر شەڕی دووەمی کەنداو بوونە مایەی لاوازبوونێکی بەرچاوی هێزی میلیتاری بەعسی فاشیزم بەشێوەیەك کورد بتوانێ بەئاسانی سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت. بۆیە کوردەکان لاوازی هێزەکەیان وەك هەلێکی مێژوویی قۆستەوەو لەئازاری ١٩٩١دا لەماوەی نێوان ٣/٥ تا ٣/٢١ توانییان سەرجەمی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەکەرکوکیشەوە رزگاربکەن، بەڵام هێزی چەکداری حکومەتی بەعس هێندە لاوازنەبوو وەك ئەوەی کورد چاوەڕوانیان دەکردو ئەوەبوو لەسەرەتای مانگی نیساندا بەسەرکردایەتی عەلی حەسەن مەجید (عەلی کیمیایی)ی ئامۆزای سەدام حسێن هێرشێکی پڕچەکی قورس و زرێپۆش رووەو هەرێم رێچکەی شکاندو ئاکام کۆڕەوێکی سێ ملیۆن کەسی لێکەوتەوە کەبەهۆیەوە لەهەردوو سنوری ئێران و تورکیاوە کورد کەوتە ناو شاخەکان و بەمەش ئاپۆڕایەکی جەماوەریی بێوێنە بۆ جوڵاندنی هەست و سۆزی مرۆڤانەی جیهان ئامادەکراو ئاکام بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە کە بەگوێرەی ئەم بڕیارە رێگا بەدەستێوەردان بەبیانوی هاریکاری مرۆیی درا بەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و ئەمیش زەمینەسازییەکی باشی بۆ ئاگاداربوونی ئەو رێکخراوانە ئامادەکرد تاکو لەنزیکەوە ئاگاداری هەر پێشێلکارییەکی رژێمی سەدام بن و متمانەیەکی زیاتریشی بۆ کورد رەخساند تا بیر لەئەنجامدانی هەڵبژاردن بکاتەوەو پشتبەخۆی ببەستێت.[1] (بڕوانە پاشبەندەکانی ئەم بەشە)

٢. کشانەوەی دامەزراوە حکومییەکانی رژێم هۆکارێکی تەواو پاڵنەربوو، چونکە هەرێم بەبێ بوونی خوێندنگا، ئاسایش، نەخۆشخانە، کارەبا، ئاو، ئاوەڕۆ، تەلەفۆن، جاددەو خزمەتگوزارییەکانی تری کۆمەڵگای شارستانی، بەڕێوەنەدەبراو ئەمکارەش پێویستی بەدەزگای حکومی هەبوو، بۆیە دەبوو حکومەت پارلەمانێك متمانەی بداتێ کەهەڵبژێردراوی خواستی گەل خۆی بێت، کەواتە پارلەمان ترۆپکی خواستی کوردو کوردستانییەکان بوو.

٣. هەبوونی بنەما سەرەکییەکانی هەڵبژاردن لەڕووی فرەحزبی و ئازادی بیروڕادەربڕین و کاری سیاسی و فرەئایدۆلۆجی، کەئەمانە هەموویان پێکەوە کەشوهەوایەکی ئەوتۆیان دروستکردبوو هەڵبژاردنیان کردبووە ئەمری واقیع.

---

١. شەماڵ عەبدوڵڵا- سروشتی یاسایی بڕیاری ٦٨٨و چۆنێتی کاراکردنی- لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاریی سلێمانی- ٢٠٠٢- لا١٥- ١٧ (دەقی بڕیاری ٦٨٨ بەزمانی کوردی).

**لایەنی یاسایی هەڵبژاردنەکە**

ئەگەر پاڵنەرە سیاسییەکان بەر لەپرۆسەی هەڵبژاردن، کاریگەری راستەوخۆیان هەبووبێت لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی کورد لەئەنجامدانی پرۆسەکە، ئەوا دواتر پسپۆرانی یاسا لەپێناو شەرعیەتدان بەو دامەزراوانەی "جا دامەزراوەی حکومی یان دادگەری بووبن" کە لەئەنجامی هەڵبژاردنەکەوە هاتنەبوون، کۆمەڵێك لێکدانەوەو شیکردنەوەی یاسایی و پاساوی جۆراوجۆریان هێناوەتەوە تاکو رێگە لەنەیارانی کورد بگرن لە بەنایاسایی ناساندنی پرۆسەکەو وەڵامێکیش بێت بۆ ئەو پرسیارانەی ئاراستەی دەکرێن سەبارەت بەوەی ئاخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند شەرعیەتپێدراوە، لەکاتێکدا گومان لەسەر خودی نایاسایی ئەو پارلەمانە هەیە کەمتمانەی داوەتێ، ئاخۆ ئەو دامەزراوانەی ئەو حکومەتە پێکیاندەهێنێت تاچەندێك لەڕووی یاساییەوە کارامەن. ئەی ئەو دادگای تەمیزەی پارلەمان دایمەزراند تاچەند بڕیارەکانی لەئاست بڕیاری یاسایی دادگای تەمیزی دەوڵەتێك یان هەرێمێکی دانپێدانراودا کێش و قورساییان هەیە؟

لەراستیدا ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن، دەکرێت بەمەبەستی شەرعیەتپێدان و بەیاسایی ناسینی هەڵبژاردنەکەو پاشان ئەو دامەزراوە حکومی و دادگەرییانەی کەلێوەی پێکهاتوون، بەچەند ئاراستەیەکدا شیکاریان بۆ بکرێت.

ئاراستەی یەکەمی لێکۆڵیارانی بواری یاسای دەستوری رێکەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەسەنەدێکی تەواو یاسایی دەناسێنن و بەباگراوندێکی یاسایی ئەو هەڵبژاردنانەی دەدەنە قەڵەم.[٢] بەو پێیەی لەزۆر لەو راپۆرت و شیکردنەوانەی لایەنە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢یان کرد، ئاماژەیان دەدا بەوەی رێکەوتننامەی ئازار چوارچێوەبەندییەکی حوکمی خودموختاریانە بووە بۆ کوردەکان و لەو چوارچێوەیەدا کوردەکان دەیانتوانی پەیڕەوی هەر سیستەمێکی دیاریکراوی پەسەندکراو بکەن کەبەلای خۆیانەوە پەسەندبێت بەمەبەستی ئیدامەدان بەخۆبەڕێوەبردن. هەر لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵەی یاسایی مافەکانی مرۆڤ لەراپۆرتێکیدا کەسەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ی کوردستان ئامادەیکردبوو دەڵێت "زۆرینەی پارتە کێبەرکێکارەکانی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، بڕوایان نەدەکرد بەوەی رێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمی ئازاری ١٩٧٠ بنەمایەکی دەقداری سەبارەت بەئەنجامدانی هەڵبژاردن تێدایەو هەرچۆنێك بێت رێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمی

---

٢. سرهنگ حمید البرزنجی- إنتخابات إقلیم کوردستان العراق بین النظریة والتطبیق دراسة مقارنة- الطبعة الأولى- هەولێر- ٢٠٠٢ - مؤسسة موکریانی للطباعة والنشر- ص٢٩٤.

بنەمایەکی یاسایی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆیی گرنگی بۆ هەڵبژاردنەکان رەخساند".[٣]

لەراستیدا لەیاسای حوکمی زاتی ژمارە ٣٣ لەساڵی ١٩٧٤ کەحکومەت خۆی یەکلایەنە پیادەیکرد لەدوای شکستپێهێنانی گفتوگۆکانی بەرەی کوردو رژێمی عیراق، دەبینین لەماددەی (١٠)دا هاتووە "ئەنجومەنی یاسادانان، دەستەیەکی یاسایی هەڵبژێردراوی ناوچەکەیە کەدروستبون و رێکخستنی کارەکانی بەگوێرەی یاسا دەبێت".[٤] هەڵبەت زۆر لەپارتە کوردستانیەکان نەیاندەویست دان بەو راستییەدا بنێن کەئەوان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢ نەگەڕاونەتەوە بۆ رێککەوتننامەی ئازار بۆیە ئەم بیروڕایە وەك بنەمایەك لەپرۆسەکەدا لەلایەن ئەوانەوە بەدورگیرا.

هەرچی ئاراستەی دووەمە پێیان وایە مەسەلەی هەڵبژاردنەکان ئەمری واقیع بوو بەو مانایەی زەرورەتی رۆژگار بوون و نەدەکرا ئەلتەرناتیڤێکی شایستە بۆ ئەو تەنگەژە ئەمنی و ئابوری و پاشاگەردانییە نەدۆزرێتەوە کەراپەڕین خوڵقاندبوونی، بۆیە کاتێك بەرەی کوردستانی بڕیاری هەڵبژاردنیدا ئەوە تەنها بەدیل بوو بۆ ئەو دیفاکتۆیەی قۆناغەکە پیایدا تێپەڕدەبوو. دیسانەوە ئەم حەقیقەتە لەو راپۆرت و توێژینەوانەی لێکۆڵیاران پێشکەشیان کردووە دەبینرێت، بەنمونە بەم دواییە لەراپۆرتێکی رۆژنامەی کرستیان ساینز مونیتردا لەژمارەی رۆژی ٢٠٠٠/٥/٣دا وەك ناونیشانی راپۆرتەکە هاتووە "کوردەکانی عێراق خاوەن دەوڵەتێکی واقعین".[٥] کەلێرەدا هەڵبەت دەوڵەتی واقیعی مەبەست لەپارلەمان و حکومەت و دامەزراوەکانی تری حکومەتە لەڕووە یاساییەکەوە. ئەمە جگە لەوەی لەهۆیە پەیوەندیدارەکانی دەرچواندنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستاندا مەسەلەی ئەمری واقیع و زەرورەتی رۆژگار دووپاتکراوەتەوە و پێشەکی هۆکارەکان دەڵێت: "بەم دواییە حکومەتی عێراق چەند رێوشوێنێکی گرتۆتەبەر کەپێشتر کاری لەو جۆرەی نەکردووە کەبڕیاری کێشانەوەی بەڕێوبەرێتی و فەرمانبەرەکانی داوە لەناوچەی کوردستان و بەمەش بۆشاییەکی حکومی و یاسایی بێوێنەی دروستکردووە، کەبووەتە مایەی ئەوەی

---

٣. هەمان سەرچاوە ل٢٩٤.

٤. الدكتور محمد عمر مولود- الفدرالية وامكانية تطبيقها فى العراق- مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر- كوردستان-٢٠٠٠ -ص ١٩١.

٥. الحاكم عبدالرحمن سليمان الزيبارى- الوضع القانونى لإقليم كوردستان العراق فى ظل قواعد القانون الدولى العام دراسة تحليلية ناقدة - مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر- اربيل- ٢٠٠٢ - ص ٥٣٤.

بەرەی کوردستانی بخاتە بەردەم بارودۆخێکی ئاڵۆزو تاقیکردنەوەیەکی قورسەوە، چونکە هەر کۆمەڵگایەك مرۆڤی تێدابێت پێویستە لەسەری کاروبارەکانی خۆی رێکخات لەپێناو زامنکردنی سەروەری یاساو دادپەروەری و دابینکردنی خۆراك و داوودەرمان و پاراستنی ئەمن و ئاسایش و مافەکان و پارەوپول و ئازادییەکان و ژیان و کەرامەتی هاوڵاتیان کەئەمیش بەهەوڵی تاکەکەس بەرجەستە نابێت، بەڵکو پێویستی بەگەلەکۆمەکی هەیە بۆ رێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگاو پێکهێنانی حوکمی یاساو دادپەروەری لەرێگای نوێنەرانییەوە.

مرۆڤایەتی هەر لەکۆنەوە بڕوای بەدیمۆکراسیەت هەبووە وەك شێوازێك بۆ گوزارشتکردن لەهیواو پێشبینی و بیروڕاکانی کۆمەڵگاو هەڵبژاردنی ئەوانەی لەبەڕێوەبردنی حوکمدا نوێنەرایەتی دەکەن. ئەم پرەنسیپە تواناکانی خۆی لەکارکردن و توانستی بێوێنەی خۆیدا ئیسپاتکردووەو هیچ پرەنسیپێکی تر بەدرێژایی چاخەکان هێندەی دیمۆکراسیەت خۆڕاگرنەبووەو لەئاکامدا بۆتە شێوازو پێڕەوێکی جیهانی ئەمڕۆ".[٦]

لەراستیدا رەنگە لەدوای ساڵی ١٩٩١وەو بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ بەتەواوی بووبێتە ئەمری واقیع، چونکە ئەلتەرناتیڤێك نەبووە بۆ ئەوەی کورد پەنای بۆببات بۆ خۆپاراستن و لەهەمانکاتیشدا تاڕادەیەك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش وەك ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵکراوە ئەویش بەدەرکردنی بڕیاری ٦٨٨و تا بڕیاری دابینکردنی ١٣٪ی داهاتی بڕیاری نەوت بەخۆراك و بڕیارەکانی تریش، کەهەریەکێك لەو بڕیارانە قورساییەکی نێودەوڵەتییان هەبووە.

### خوێندنەوەیەك بۆ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ١٩٩٢

هەڵبەت، وەك لەپێشتریشدا ئاماژەم پێدا ئەم یاسایە بەهەموو کەموکورتییەکانیەوە مایەی شانازی گەلی کوردە، بەڵام هەموو ئیشێکی سەرکەوتوو بەرەخنەی بونیاتنەر گەشەدەکات و ناکرێت ئێمەش بێئەزموونی کوردو نەبوونی رۆشنبیری یاسایی و ئیداری کەبوونە مایەی هەبوونی چەندین کەم و کورتی لەیاساکەدا باسنەکەین، بۆیە دەکرێت لێرەدا لەپاڵ شیکردنەوەی سروشتی ماددەکانی یاساکەدا، ئاماژەیان بۆ بکەین:

لەسەرەتادا یاساکە هەر لەماددەی (١)دا ئاماژەی داوە بەوەی کەهەر کورسیەك بەرامبەر بە(٣٠,٠٠٠) سەرنشینەو دیارە لێرەدا مەبەست لەم ژمارەیە، ژمارەی یەکگرتووی هەڵبژاردن (تێکڕای هەڵبژاردن) نییە، چونکە ئەگەر مەبەست لەو ژمارەیە بوایە ئەوا دەبوو

---

٦. مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني الكوردستاني لإقليم كوردستان العراق- عوني بزاز- الطبعة الأولى- اربيل- ٢٠٠١ - الأسباب الموجبة - ص٢٩.

لەجیاتی سەرنشین دەنگدەر یان دەنگ بەکاربهاتبایە کەئەمە تەواو چەمکی گەلی سیاسی دەگەیەنێت، بەڵام دیارە لێرەدا گەل بەچەمکە کۆمەڵایەتیەکەی وەرگیراوە بەچاوپۆشین لەوەی منداڵ و شێت و گێلی لەخۆ گرتووەو لەبەرئەوەی ژمارەی سەرنشینانی کوردستانیش بەنزیکەی سێ ملیۆن خەملێنرابوو بەم پێیە پارلەمانەکە تەنها لە(سەد) کورسی پێکدەهێنرا، بەڵام دواتر لەبەر کۆمەڵێك فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی پێنج کورسی تر بۆ کلدۆئاشوریەکان زیادکراو بەمەش ژمارەی کورسیەکان کرانە (١٠٥) کورسی.

هەڵبەت زیادکردنی ئەو کورسیانە بەدوو هۆکاری سەرەکی کاریگەربوون ئەوانیش:

- بۆئەوەی بۆ زلهێزەکان (کەخاوەن بڕوایەکی ئایینی مەسیحی بوون) بسەلمێنرێ کەمیللەتی کورد میللەتێکی خاوەن ویژدانەو دیموکراسییە لەمامەڵەو بیرکردنەوەکانیداو بڕوای بەفرەئایینی و فرەکولتووری و فرەزمانی و فرەئایدۆلۆژیایە، تاکو لەم ڕێگایەوە لەلایەکەوە سیمای جوانی دیموکراسی بدەنە هەڵبژاردنەکە کەئەمە سوودی دەبێت بۆ دانپێدانانی نێودەوڵەتی و لەهەمانکاتیشدا دۆست و هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا ببەستن و پەیوەندی لەگەڵیان پتەوبکەن.
- بۆئەوەی کلدۆئاشورییەکان دژ بەپرۆسەکە نەوەستنەوەو ئەو دۆستایەتیەی کەبەر لەراپەڕین لەگەڵیاندا هەبووە بەتینتر بێت.

لەماددەی (٢)ی یاساکەدا، هاتووە:

هەڵبژاردنی کوردستان دەبێت بەشێوەی هەڵبژاردنێکی گشتی و نهێنی و راستەوخۆ ئەنجامبدرێت.

دیارە کاتێك دەوترێ گشتیی مانای وایە بەبێ جیاوازی چین و توێژو رەگەزو ئاین و مەزهەب و نەتەوەو ئایدۆلۆژیا، دەبێ کاری هەڵبژاردن مافێکی رەوای هەر تاکێکی شایستەبێت و نابێت رێگری لەبەردەم هیچ کام لەتاکە لێهاتووەکان بگیرێ بەمەبەستی ئەنجامنەدانی ئەم مافە. کاتێکیش کەدەوترێ نهێنی و راستەوخۆ بێت ئەوا مانای وایە دەنگدەر ئازادە لەوەی دەنگەداتە کێ، بێئەوەی هیچ چاودێریەکی لەسەربێت و راستەوخۆش دەتوانێ ئەو لایەنە یان ئەو کەسەی کەمەبەستیەتی دەنگی پێبدات، بەڵام ئەگەر بێینە سەر لایەنی پراکتیکی ئەم دەقە یاساییە ئەوا تاڕادەیەك دەتوانین بڵێین کەموکورتی تێدابوو ئەویش بەهۆی ئەوەی لەهەندێ شاری وەك سلێمانی کەکارگێڕێتی هەڵبژاردن نادادپەروەرانە بنکەی هەڵبژاردنی بۆ دیاریکردبوو، ئەم کارە بووە مایەی ئەوەی هاوڵاتییە دەنگدەرەکان نەتوانن بەتەواوی دەنگبدەن و تەنانەت بەرپرسێکی پارتی زەحمەتکێشان لەوکاتەدا وتویەتی نزیکەی (٩٠,٠٠٠) دەنگدەر لەسلێمانی بەهۆی

داخستنی سندوقەکانی دەنگدانەوەو بەهۆی قەڵەباڵغی بنکەکانی دەنگدانەوە، نەیانتوانیوە دەنگ بدەن،[٧] کەئەمە لەگشتگیری هەڵبژاردنەکەی کەم کردەوە لەکاتێکدا هیچ ڕێگریەکی سیاسی یان کارگێریی نەبوو کەببێتە مایەی دانانی کۆسپ لەبەردەم دەنگدەراندا هەرچی سەبارەت بەپرەنسیپی نهێنی دەنگدانە، بارودۆخی کوردستان ئەودەمە پێویستی بەنهێنی پارێزی نەبوو، چونکە هەمووی ساڵێك بوو هەرێمەکە ئازاد کرابوو، خەڵك هێندە گیانی دووبەرەکی و جوداخوازی لەنێو پارتە سیاسیەکاندا نەدەبینیەوە لەبەرئەوە نەدەترسا لەوەی ئەگەر هاتوو دەنگی دایە فلانە لیست دووچاری لێپرسینەوە ببێت، هەروەك خەڵکی کوردستان بەرێژەیەکی بەرچاو نەخوێندەواریی تیایاندا بلاوبوو ئەمە وایکردبوو کەپێویست بەوە بکات لەهەر بنکەیەکدا (هاوکار)ێك دابنرێت بۆ پڕکردنەوەی کارتی دەنگدانی نەخوێندەوارەکان و زۆرجار رێکدەکەوت دەنگدەر متمانەی بەکەسە هاوکارەکە نەدەبوو بۆیە کارتەکەی نیشانی کەسانی تر دەدا تاوەکو دڵنیای بکەن لەوەی ئەو دەنگەی بۆ دراوە کەمەبەستی بووە. دیارە ئەم مەسەلانە زیاتر پەیوەستبوون بەخراپی ئیدارەدانی هەلبژاردنەکەوە، چونکە ئەو کەسانەی کاری چاودێری و بەرپرسیارێتی بنکەکانیان لەئەستۆ بوو لەگەڵ فەرمانبەرە کاراکانی ناو بنکەکانیشدا رۆشنبیریەکی تێروپریان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاری هەڵبژاردن نەبووە، ئەمە سەرباری ئەوەی دەزگای دادگەری و یاسایی بونێکی تارادەیەك مەیلداری لەپرۆسەکەدا هەبوو بەو مانایەی بێلایەنی لەلایەنداری کەمتر بەدی دەکراو بەمەش دەنگدەر متمانەی بەو ستافە نەدەکرد کەسەرپەرشتی پرۆسەکەیان دەکرد و ناچاردەبوو کارتەکەی نیشانی خەڵکانێکی تر بدات.

ماددەی شەشەمی یاساکە تایبەتە بەپێکهێنانی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان کەدواتر لەم کەسانە پێکهێنرا ﴿ئەمیر عبدالکریم حەوێزی (سەرۆك)، فوئاد سابیر رەشید (داواکاری گشتی)، رەشید مستەفا کاکە عبدالکریم ( نوێنەری کارگێری- پارێزگاری هەولێر) جەمال تایەر بەکر، کریم سوڵتان سنجاری، بەدران ئەحمەد حەبیب، جەمیل عەبدوڵلا خۆشناو﴾. نوێنەری لایەنەکان بەگوێرەی ریزبەندی (ی.ن.ك، پ.د.ك، حزبی زەحمەتکێشان، پارتی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك) ئەمە جگە لەوەی (ساڵح بەرواری) کەنوێنەری پارتی گەل بوو لەدوا ساتەکانی واژۆکردنی دوا کۆنوسی لیژنەکەدا دەستی کێشایەوە بەهۆی

---

٧. رود هوف، میخیل لیزینبرگ، پیتەر موولەر- هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق ئەزمونێکی دیموکراسیانە- و: صفوت رەشید صدقی- لەبلاوکراوەکانی لیژنەی سلێمانی رێکخراوی مافی مرۆۆ لەکوردستان- لا٦١.

ناڕازی بوونی پارتەکەی لەهەڵبژاردنەکان و ( کلدون شموئیل بنیامین)یش وەك نوێنەری پارتی دیموکراتی ئاشووری ئەندامی لیژنەکە بوو.

کاری لیژنەی باڵا پێکهێنانی ناوچەکانی هەڵبژاردن و لیژنە سەرپەرشتیارەکانی هەڵبژاردن لەو ناوچانەداو دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە بوو، هەر لەمیانەی ئەم ماددەیەداو دوای پێکهێنانی لیژنەکە بەیاننامەی ژمارە (١٣٢)ی تایبەت بەهەڵبژاردنەکان لەلایەن سەرۆکی دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بەژمارە ١٣٢ لەمێژووی ١٨/٥/١٩٩٢دا کەرێکەوتی تەنها رۆژێکە بەر لەئەنجامدانی پرۆسەکە، بڵاوکرایەوە بڕوانە پاشبەندییەکانی ئەم بەشە.[٨] بەگوێرەی ئەم بەیاننامەیە کاتی هەڵبژاردنەکان و دەنگدان ١٢ سەعاتی دەخایاند و دەنگدەر دەیتوانی لەو ماوەیەدا دەنگی خۆی بدات.

ماددەی نۆ تایبەتە بەژمارەی ناوچەکانی هەڵبژاردن و لەم ماددەیەدا ئەوە دیاریکراوە کەنابێت کوردستان دابەشی کەمتر لەچوار ناوچەی هەڵبژاردن بکرێت. ئەو دەمە ناوچەکان بەشێوەیەکی ئاسایی لەپارێزگای سلێمانی، پارێزگای هەولێر، پارێزگای دهۆك، پارێزگای کەرکوك (پارێزگای کەرکوك لەچەمچەماڵ و کەلارو دەربەندیخان و ئەو ناوچە ئازادانەی تری دەگرتەوە کە لەرووی ئیداریەوە سەر بەپارێزگای کەرکوك بوون).

بەگوێرەی ماددەی (دە) دەبوو لیژنەی ناوچەکان هەستانایە بەپێکهێنانی بنکەکانی دەنگدان و ئەمەش جۆرێك لەسەربەخۆیی بڕیاردانی دابووە لیژنە لۆکاڵیەکان و دواتر ئەم لایەنە کێشەی زۆری خستەوە لەوانە نادادوەری لەدانانی ژمارەی بنکەکان لەناوچەکاندا کە دەکرێ بەم خشتەیە ئەو راستیە روون بکەینەوە.[٩]

---

٨. بەدران ئەحمەد حەبیب- هەڵبژاردنەکانی کوردستان ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- چاپی یەکەم- هەولێر- ١٩٩٨- ل٦٩.

٩. سەرچاوەی ژمارە حەوت- هەمان لاپەڕە.

| ناوچە | ژ.بنکە | ژ.دەنگدەری پێشبینی کراو | ژ. دەنگدەری راستەقینە | تێکرایی دەنگە دراوەکانی هەر بنکەیەك |
|---|---|---|---|---|
| دهۆك | ٤٢ | ١٧٨,٠٠٠ | ١٩٨,٣٥٢ | ٤,٧٢٣ |
| هەولێر | ٦٢ | ٣٤٠,٠٠٠ | ٣٣٥,٨٢٧ | ٥,٤١٧ |
| کەرکوك | ١٦ | ١٤٤,٠٠٠ | ٨٨,٦١٠ | ٥,٥٣٨ |
| سلێمانی | ٥٦ | ٤٥٠,٠٠٠ | ٣٤٩,١٦٤ | ٦,٢٥٣ |
| سەرجەم | ١٧٦ | ١,١١٢,٠٠٠ | ٩٧١,٩٥٣ | ٥,٤٧٨ |

بەگوێرەی ئەم خشتەیە دەبینین لیژنەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان لەسلێمانی کەمتر لەژمارەی دەنگدەران بنکەیان دیاری کردووەو بەم پێیە تێکڕای دەنگدان لەهەر بنکەیەکی سەر بەناوچەی سلێمانی (٦,٢٥٣) دەنگبووە، سەرباری ئەو هەموو دەنگدەرەی کەنەیانتوانیوە دەنگبدەن لەکاتێکدا یەکێك لەرۆژنامەنوسە بیانیەکان بەکەرنەڤاڵی ئازادی پرۆسەکەی وەسف کردبوو، چونکە سەری سوڕمابوو لەریزبەستنی ئەو هەموو دەنگدەرە کەرووبەڕووی بنکەکان وەستابوون، ئەو بنکانەی تەنانەت کەمترین هۆیەکانی دەنگدانێکی شارستانیان تێدا ئامادە نەکرابوو.

بەڵام ئەگەر سەیری خشتەکە بکەینەوە دەبینین بۆ نمونە (٤,٧٢٣) دەنگ لەهەر بنکەیەکی دهۆکدا دراوەو تەنانەت هەندێ بنکەی ئەو سنورە تەنها (٥٠٠) دەنگی تێدا درابوو!! ئەمە سەرباری ئەوەی ئەگەر تێبینی ژمارەی دەنگدەری پێشبینیکراوی سنوری پارێزگاکە بکەین دەبینین نزیکەی سێیەکی ئەو دەنگدە چاوەڕوانکراوانەیە کە لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا چاوەڕواندەکرا دەنگبدەن. کەئەمە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕایەی دەبوو سلێمانی سێ جار هێندەی ژمارەی بنکەکانی دهۆك بنکەی بۆ دابینبکرایەو بەم پێیە دەبوو ١٢٦ بنکەی هەبووایە یان هیچ نەبێت دوو هێندەی بنکەکانی سنوری پارێزگای دهۆکی بۆ ئامادەبکرایە، بەڵام کاتێك ئەو حاڵەتە بەو شێوەیە مامەڵە دەکرێت دەبینی گومان دروست دەبێت و بەمەش ترس لەناپاکیزەیی دەنگدانەکە دەکرێت.

لەراستیدا من بۆ راستکردنەوەی ئەم راستیە ناچاربووم پەیوەندی بەکاك جەمال تایەرەوە بکەم کەنوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (ی ن ك) بوو لەلیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکاندا، بەو پێیەی سلێمانی سەنتەری نفوزو چڕی دەنگدەرانی ئەم پارتە بوو وەك چۆن دهۆك سەنتەری دەنگدەرانی پارتی دیموکرات بوو، لەوەڵامدا کاك جەمال ووتی" ئەوکاتە بروسکەیەکم لەکاك نەوشیروان مستەفا (ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی ن ك)

بەدەستگەیشتووەو داوای لێكردم ڕەزامەندی لیژنەی باڵا وەربگرم لەسەر كردنەوەی چەند بنكەیەكی تری دەنگدان لەشاری سلێمانیدا، چونكە بنكەكان زۆر كەمن و لەئاست چڕی ژمارەی دەنگدەراندا نین، بۆیە من دوای ئەوەی لەگەڵ حاكم ئەمیری سەرۆكی لیژنەكەدا گفتوگۆم كرد، ڕاستەوخۆ بەبروسكەیەك وەڵامی كاك نەوشیروانم دایەوەو ووتم "مەسەلەی كردنەوەی بنكەی دەنگدان بەگوێرەی ماددەی هەشت لەیاسای هەڵبژاردن لەدەسەڵاتی لیژنەی ناوچەكاندایەو ماددەی (دە)ش دەسەڵاتی دیاریكردنی سنوری ئەو بنكانە بەهەمانشێوە دەداتە لیژنەی ناوچەكان، بەڵام پێدەچێت ئەو برادەرانەی لەلیژنەی ناوچەی سلێمانیدان بەهەڵە لەدەسەڵاتەكانی خۆیان گەیشتبن"، بەڵام بەداخەوە ئەم بروسكەیە بەهەر هۆیەك بێت نەگەیشتە دەست كاك نەوشیروان و منیش وەك هەموو ئەندامانی تری لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەكان سەرجەمی بەڵگەو ئەوراقە تایبەتیەكانی پەیوەندیدار بەپرۆسەی هەڵبژاردنەكەم لەبارەگای پارێزگاری هەولێر بەجێهێشت تاوەكو ئەرشیف بكرێت و لەبەر ئەوە ناتوانم بە بەڵگەی تەواو كۆپی ئەو بروسكەیەت بدەمێ.[١٠]

ئەم قسانەی كاك جەمال تایەر دەمانگەیەنێتە ئەو ڕایەی كەئەندامانی لیژنەی ناوچەی سلێمانی تەواو شارەزای یاساكەنەبوون و بەتەواوی تاووتوێیان نەكردبوو ئەگەرنا چۆن هەڵەیەكی ئاوها گەورە بەسەریاندا تێپەڕ دەبێت كەزوڵم لەهەزاران دەنگدەر بكەن و بێبەشیان بكەن لەسادەترین مافی خۆیان كەرەنگە دەیان ساڵ بووبێت خەونی پێوە ببینن.

لەماددەی یانزەدا بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی تەواوكەر دەدات بۆ ئەو ناوچانەی لەبەر بوونی كۆسپ و تەگەرە لەو كاتەدا نەدەتوانرا هەڵبژاردنیان تێدابكرێت.

ماددەكانی دوانزەو سیانزە ڕۆژو كاتی هەڵبژاردنەكە دیاریدەكەن و ئەم دەسەڵاتە دەدەنە بەرەی كوردستانی و بەماوەی مانگێك یان زیاتر لەڕۆژی دەنگدان پێویستە دەسەڵاتی سیاسی تیایدا هاوڵاتیان ئاگادار بكاتەوە بۆئەوەی زانیاری پێویستیان لەسەر پرۆسەكە دەستبكەوێت و ڕۆژی دەنگدانیش تەنها ڕۆژێكەو هاوڵاتی دەنگدەر دەتوانێت لەو ڕۆژەدا دەنگی خۆی بدات. بەڵام دواتر بەگوێرەی بەیاننامەی ژمارە ١٣٢ی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەكان لەخاڵی ٥دا وەك ڕێنماییەك بۆ هاوڵاتییە دەنگدەرەكان كاتی هەڵبژاردن بە١٦ سەعات دیاریكراوە كە لەسەعات ٨ی بەیانی ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دەستی پێدەكرێت تا سەعات ١٢ی شەوی هەمان ڕۆژ هەرچەندە لەماددەی ٣٢دا كاتی دەنگدان لەسەعات ٨ی

---

١٠. گفتوگۆیەكی تەلەفۆنی كە لەشەوی ٢٠٠٤/١٢/١٩دا ئەنجامدرا لەگەڵ یاساناس جەمال تایەر- ئەندامی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٩٩٢ی هەرێمی كوردستان و نوێنەری (ینك) لەو لیژنەیەدا.

بەیانی بۆ ۸ی ئێوارە دیاریکرابوو بەڵام ئەو دوو کاتییە وایکرد هەندێك لەبنکەکان پابەندبن بەیاساکەوەو هەندێکی تریان پابەندبن بە بەیاننامەکەوەو بەمەش نایەکسانی رەخساندنی هەلی دەنگدان لەپرۆسەکەدا بەدیکرا (پاشکۆی ئەم بەشە بەیاننامەکە لەخۆ دەگرێت).[11]

ماددەکانی ۱۹و ۲۰و ۲۱و ۲۲و ۲۳ تایبەتن بەپاڵێوراوان و دەنگدەرانەوەو ئەو مەرجانەی پێویستە بۆ هەریەکەیان، ئەمە سەرباری ئەوەی ماددەی بیست ئاماژە دەدات بەوەی ئەوکەسەی دەنگدەدات دەبێت خەڵکی کوردستانی عێراق بێت و دواتر لەبڕگەی ۱ی ماددەی بیست و یەکدا هەمان مەرج لەسەر پاڵێوراو دادەنێت، جا دەنگدەر یان پاڵێوراو سەر بەهەر نەتەوەیەکی نیشتەجێی خاکی هەرێمی کوردستان بن. بەگوێرەی ماددەی ۲۳ لەماوەی ۲٤ سەعاتدا بڕیار لەسەر رەزامەندیکردن یان رەتکردنەوەی لیستەکان دەدات و لەماوەی ۲رۆژدا پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار دەکاتەوە کە بەگوێرەی هەردوو مادەی ۲۲و (۲۳ کە تایبەت بوو بەلیستی کەمایەتییە نەتەوەکان) لیستی هەر پارتێکی سیاسی خرایەڕوو (ئێمە لێرەدا تەنها لیستی یەکێتی و پارتی) دەخەینە روو، چونکە ئەوان لەدوایدا لەگەڵ کلدۆئاشوریەکاندا توانیان پارلەمان دروست بکەن. ماددەی ۲٤و۲۵ تایبەتە بەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و ئازادی هەڵمەتەکان بەشتێکی رێپێدراو دادەنرێت ئەگەر یاساشکێنی نەکەن و دەبێت ئەو هەڵمەتانە بەر لە٤۸ سەعات لەدەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان کۆتاییان پێبێت.

ماددەکانی ۲٦و ۲۷و ۲۸و ۲۹و ۳۰و ۳۱و ۳۲و ۳۳و ۳٤و ۳۵ تایبەتن بەو رێوشوێنانەی دەگیرێنەبەر لەپێناو زامنکردنی سەلامەتیی هەڵبژاردنەکان و پاکیزەییان و چۆنیەتی جیاکردنەوەی دەنگەکان. هەر لەماددەی ۲٦دا بەسوێندخواردنی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی سەنتەر (بنکە)کانی هەڵبژاردن دڵنیابوونێکی رۆحی لای دەنگدەر دروستدەکات کەئەو لیژنەیە بەنیاز نییە بەهیچ لایەکدا خۆی ساغ بکاتەوەو دواتر چۆنیەتی کردنەوەی سندوقەکان و داخستنیان و دەنگدانی دەنگدەران لەهەردوو ماددەی ۲۸و ۲۹دا روونکراوەتەوەو ئەو ئاسانکاریەش لەبڕگەی ۲ی ماددەی ۲۹دا خراوەتە روو بۆ ئەو کەسانەی کەخوێندەوارییان نییە کەداوای یارمەتی بکەن لەو هاوکارانەی لەبنکەکاندا بۆ ئەم ئەرکە ئامادەکراون، چونکە لەبڕگەی ۱ی هەمان ماددەدا دووپاتی دەکاتەوە کەدەنگدان بەنووسین دەبێت لەسەر ئەو کارتی دەنگدانەی لیژنەی باڵا ئامادەی دەکات دەنگی خۆی بدات. هەر لەبڕگەی ۳ی هەمان ماددەدا بەهەموو شێوەیەك بەلەبری دەنگدان رەتکراوەتەوە کەدواتر ئەم خاڵە زۆر پێشێلکرا لەلایەن ئەو دەنگدەرانەی کەدەچوونە بنکەکانی دەنگدان و

---

۱۱. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەبری خێزانێك دەنگی هەموو خێزانەكەیان دەدا. لەماددەی ٣٣دا جیاكردنەوەی دەنگەكان لەڕێگای بەكارهێنانی ئەو بنكانەی دەنگدانەكەی تێدا ئەنجامدراوە، دیارە وەك لەبەشی سێیەمی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا ئاماژەم پێدا، هەمیشە ئەم ڕێگایە كەمتر مایەی ساختەكردن و ناپاكی كردنە بەتایبەت كەماددەكە بەروونی ئاماژە بەئاشكرایی جیاكردنەوەكە دەكات. ماددەی ٣٦ تایبەتە بەچۆنیەتی دەرهێنانی تێكڕای هەڵبژاردن و دیاریكردنی ئەو كورسیانەی كەهەر لیستێك بەریدەكەوێت. بەگوێرەی بڕگەی ١ی ئەم ماددەیە سەرجەمی دەنگە دراوەكانی پرۆسەكە كۆدەكرێتەوەو بەسەر ژمارەی كورسیەكانی پارلەماندا دابەشدەكرێت، بەم پێیەو بەگوێرەی دەنگە دراوەكانی هەر چوار ناوچەكەی هەڵبژاردن كە(سلێمانی ٣٤,٩١٦٤و هەولێر ٣٣٥,٨٢٧و دهۆك ١٩٨,٣٥٢و كەركوك ٨٨,٦١٠ دەنگ بوو، بەكۆكردنەوەیان تێكڕای گشتی ئەو دەنگانە ٩٧١,٩٥٣ دەنگ بوو)، پاش دابەشكردنی ئەم ژمارەیە بەسەر ١٠٠دا دەبینین ژمارەی یەكگرتووی هەڵبژاردن (تێكڕای هەڵبژاردن) بریتی دەبێت لە٩٧١٩,٥٣و بەم پێیە هەر لیستێك چەندجار هێندەی ئەو ژمارەیە دەنگی بەدەستهێنابێت، ئەوەندە كورسی دەست دەكەوێت. بۆنمونە لیستی یەكێتی و زەحمەتكێشان لەسەر ئاستی هەرێم ٤٧٥,٧٣١ دەنگی بەدەستهێنابوو (بەزیادكردنی ئەو ڕێژە دەنگەی كە لەو پارتانەوە بەدەستهاتبوو كەسەدی حەوتی دەنگی دەنگدەرانیان كەمتر هێنابوو) بەم پێیە ٤٨ كورسییان بەردەكەوت و ٠,٩٤٥٨ دەنگیش وەك ماوە دەمایەوەو بەهەمانشێوە لیستی پارتیش ٤٩١,٤٩٧ دەنگی بەدەستهێنابوو بەدابەشكردنی بەسەر ژمارەی یەكگرتووی هەڵبژاردندا دەبینین ٥٠ كورسی بەردەكەوت و ٠,٥٦٧٩دەنگ مایەوە.[١٢] بڕگەی چوارەمی هەمان ماددە تایبەتكراوە بەچۆنیەتی چارەسەركردنی دەنگە ماوەكان و ئەو كورسیانەی هێشتا دابەشنەكراون و بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگای گەورەترین ماوە (هێركوتا) بەكارهاتووە، لەپێشدا لەبەرئەوەی ماوەدەنگی یەكێتی گەورەترە لەبەرئەوە یەكێك لەو دووكورسییەی ماوەتەوە دەدرێتە یەكێتی و زەحمەتكێشان و بەمەش ژمارەی كورسییەكانیان دەبێتە ٤٩ كورسی و دواتر كورسیەكەی تر دەدرێتە لیستەكەی پارتی و ئەمیش ژمارەی كورسییەكانی دەبێتە ٥١ كورسی.

لەراستیدا تەنها لیستی هاوبەشی یەكێتی و زەحمەتكێشان و پارتی دووحزبی كێبەركێكار نەبوون لەو پرۆسەیەدا، بەڵكو لیستی سۆسیالیست (حسك)و پارتی گەلی دیموكرات و لیستی حزبی شیوعی و لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ لیستێكی سەربەخۆی بێلایەنەكان لەگۆڕەپانی هەڵبژاردندا كێبەركێیان دەكرد، بەڵام لەبەرئەوەی هیچكام لەلیستی

١٢. سەرچاوەی هەشتەم لا٧- ١٠.

ئەو پارتانە نەیتوانی ڕێژەیەك بەدەستبهێنێت کەهێندەی ڕێژەی دیاریکراوی ناو یاسای هەڵبژاردنەکە بێت بۆیە نەیانتوانی تەنها کورسییەکیش بەدەست بهێنن و لەئەنجامدا بەگوێرەی بڕگەی ٣ی هەمان ماددەی ٣٦ ئەو لیستەی کەمتر لەسەدا حەوتی دەنگی دەنگدەرانی هەرێمی بەدەستهێنا کورسی بەدەستناهێنێت و دەنگەکانیشی بەسەر لیستە براوەکاندا بەگوێرەی سەرکەوتنی هەریەکەیان، دابەشدەکرێت. بەم شێوەیە دوای ئەوەی هەردوو لیستە گەورەکە سەدی ٨٩و لەهەزاردا سەدو چل و سێی دەنگەکانیان بەدەستهێنابوو پارتەکانی تر بەهەموویان تەنها ڕێژەی سەدی دەو لەهەزاردا هەشت سەدو پەنجاو شەشیان دەنگ هێنابوو، کەدەکرێت بەم خشتەیە ئەو ژمارانە روون بکەینەوە.[١٣]

| پارتە کێبەرکێبەرکێکارەکان | سلێمانی | هەولێر | کەرکوك | دهۆك | ئەنجامەکان | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ینك و زەحمەتکێشان | ٢٠٧١٦٨ | ١٤٨٣٥٢ | ٥٣١٢٩ | ١٥١٨٤ | ٤٢٣٨٣٣ | ٤٣,٨١٩ |
| پدك | ٩٢٤٤٩ | ١٥٢١٤٣ | ٢٤٦٠٤ | ١٦٨٦٨٣ | ٤٣٧٨٧٩ | ٤٥,٢٧١ |
| حسك و پاسۆك | ١١٩٧٨ | ٨٨٨٣ | ٢٠٣٨ | ١٩٨٣ | ٢٤٨٨٢ | ٢,٥٧٢ |
| پارتی گەل | ١١١٨ | ٢١٠١ | ٦٣٣ | ٦٠٥١ | ٩٩٠٣ | ١,٠٢٣ |
| حزبی شیوعی | ٥٦٩٣ | ١١٠٤٧ | ٢٨٣٧ | ١٥٤٦ | ٢١١٢٣ | ٢,١٨٣ |
| بزوتنەوەی ئیسلامی | ٢٩٣٣٤ | ١١٠٩٢ | ٤٨٠٨ | ٣٨٧٤ | ٤٩١٠٨ | ٥,٠٧٧ |
| بێلایەنەکان | ٢١٣ | ١٨٤ | ٥٥ | ٤٩ | ٥٠١ | ٠,٠٥١ |
| کۆی دەنگی ڕاست | ٣٤٧٩٥٣ | ٣٣٣٨٠٢ | ٨٨١٠٤ | ١٩٧٣٧٠ | ٩٦٧٢٢٩ | ٩٩,٩٩٦ |
| کارتی سپی/ بەتاڵ | ١٢١١ | ٢٠٢٥ | ٥٠٦ | ٩٨٢ | ٤٧٢٤ | – |
| کۆی گشتی | ٣٤٩١٦٤ | ٣٣٥٨٢٧ | ٨٨٦١٠ | ١٩٨٣٥٢ | ٩٧١٩٥٣ | – |
| **خشتەی تایبەت بەئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنی١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان** | | | | | | |

لەم خشتەیەدا ئەبینین هیچ کام لەپارتە سیاسیەکانی کوردستان نەیانتوانیوە ڕێژەی پێویست بەدەستبهێنن هەرچەندە ئەوەدەمە پروپاگەندەی زۆریان بۆخۆیان دەکرد کەهێزو نفوزێکی سیاسییان هەیە، بەڵام پێدەچێت ئەو قسانە بەتەنها پروپاگەندەیەك بوون و هیچی تر. لەڕاستیدا ئەنجامەکان شتێکی کتوپڕبوون، چونکە ئەگەر ئەو پارتانە بهاتبایەو بەو پێشنیارە ڕازی بوونایە کەئەوەدەمە هەردوو حزبە گەورەکە خستیانە بەردەمیان ئەوا ڕەنگە نەشەڕی ناوخۆ رووی بدایەو نەپارلەمانیش دووچاری پەرتبوون و شکست بهاتبایەو

١٣. سەرچاوەی پێشوو.

نەهێندەش ماوەکەی درێژبکرایەتەوەو نەخەڵکیش بێبەشبووایە لەچەند ئەزمونێکی تری هەڵبژاردن. بەڵام کاتێك ئەو پارتانە پێشنیاری بەشداریکردنیان لەپێکهێنانی یەکەمین ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستاندا رەتکردەوە، ئیتر پارتی و یەکێتییان دڵنیاکردەوە لەوەی کەهەردووکیان تەنها دووپێکهێنەری ئەو پارلەمانەن کەکورد لەمێژە خەونی پێوە دەبینێت و لەوەدواتریش ئەو حکومەتەی کەدەشێت سایەیەکی بەرفراوان بێت بۆ کوردایەتی.

من بەشبەحاڵی خۆم پێم وایە بەشدارینەکردنی ئەو هێزە سیاسییانە دەگەڕێتەوە بۆ:

- بەرلە هەموو شت بەدەستنەهێنانی رێژەی ویستراو.
- هەستکردن بەمەغدوریەت، بەشێوەیەك پارتی گەل کەیەکێك بوو لەو پارتانەی بەشداری پرۆسەکەی کردبوو بەر لەواژۆکردنی کۆنووسی ئەنجامە کۆتاییەکان، نوێنەری پارتەکە بەگوێرەی رێنمایی پارتەکەی کۆنوسەکەی ئیمزا نەکرد.
- هەندێك لەو پارتانە هەرزوو هەستیانکرد کەبوونەتە پۆڕی خوراو، چونکە دەیانبینی دوای وەستانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و لەرۆژی دەنگداندا، هەردوو پارتی زەبەلاح هێشتا بەردەوامن لەسەر پروپاگەندەکردن بۆ پارتەکانیان و پێشێلی یاسای هەڵبژاردن دەکەن، کەچی کەس لێپرسینەوەیان لەبەرامبەردا ناکات.
- پێیان وابوو ئەگەر بەشداری نەکەن هەردوو حزبی گەورە رەنگە بەزووترین کات هەڵبژاردنی پارلەمان ئەنجامبدەنەوە، بەڵام ئەگەر بەشداربن رەنگە ئەو مەسەلەیە پشتگوێ بخرێت.
- وەك هەڵوێستێك بۆ ناڕازیبوون لەپرۆسەکە.
- خۆ بەزلزانین لەئاست ئەو کورسییە کەمانەی کەهەردوو پارت بەنیازبوون بیاندەنێ.

بەهەرحاڵ ئەگەر بگەڕێینەوە سەر خوێندنەوەی یاساکە دەبینین ماددەی ٣٧ تایبەتە بەبڵاوکردنەوەی ئەنجامە کۆتاییەکان و ناوی پاڵێوراوە سەرکەوتووەکانی پرۆسەکەو تیایدا ئازادی دراوەتە پارتە سیاسییەکان لەهەڵبژاردنی ناوی ئەو پاڵێوراوانەی بەگوێرەی ئاستی دەنگەکانیان، شەرەفی ئەندامێتی پارلەمانیان دەدەنێ. هەڵبەت ئەم ماددەیە سێ رێگای بۆ ئەو مەبەستە دیاریکردووە ئەوانیش (بەگوێرەی ریزبەندی ناوەکان، رێگای هەڵبژاردنی ناوەکان لەلایەن پارتی خاوەن لیستەوە، رێگای قورعە)و ئاشکرایە کەهەردوو حزب رێگای دووەمیان بەهەند وەرگرت، چونکە باشتر زامنی خواستی حزبییانی دەکرد. ماددەی سی و هەشت مافی پوچەڵکردنەوەی هەڵبژاردنی هەر بنکەیەك دەداتە لیژنەی باڵا، ئەگەر دەرکەوت

ئەو بنکەیە ساختەکاری و یاری کردبوو بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئەم حاڵەتە لەهەردوو بنکەی ١٧ی دهۆك و ٦ی هەولێردا روویدا کە لەیەکەمدا کاری ساختەکاری کرابوو لەژمارەی دەنگەدراوەکانداو بە٧,٩٩٤ دەنگ حسابکرابوون، بەڵام دوای سەرلەنوێ ژماردنەوەیان دەرکەوت تەنها ١,٩٩٤ دەنگ بوو بەمەش ٦,٠٠٠ دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان سڕدرایەوەو لەبنکەی ٦ی هەولێریش سەرجەمی دەنگە دراوەکانی ئەو بنکەیە رەتکرانەوە لەبەر بوونی حاڵەتی تەزویرو دەنگدانی دەنگدەران لەجارێك زیاتر، کەبووە مایەی سڕینەوەی ٣,٥٤٠ دەنگی پارتی دیموکرات و ١٥دەنگی سۆسیالیست و پاسۆك و دەنگێکی پارتی گەل و ١٧ دەنگی شیوعی و ١٨ دەنگی ئیسلامی و ١٥١ دەنگی (ی ن ك) و زەحمەتکێشان و بەمەش گۆڕانکاری بەسەر ئەنجامە کۆتاییەکانی هەڵبژاردنەکەدا هات و دەنگەکانی یەکێتی بووە ٤٢٣,٦٨٢ (٤٢٣,٨٣٣-١٥١= ٤٢٣,٦٨٢)و دەنگەکانی پارتی بووە ٤٢٨,٣٣٩ (٤٣٧,٨٧٩- ٩,٥٤٠= ٤٢٨,٣٣٩)و بەم پێیە رێژەی دەنگەکان بووە پەنجا بەپەنجا بۆ هەریەکێك لەو دوو حزبە سەرەکییە.[١٤] ماددەکانی ٣٩ تا ٤٢ تایبەتە بەو ئیمتیازاتانەی کەپارلەمانتار هەیەتی و ماددەکانی ٤٣و ٤٤ پەیوەندی بەدیاریکردنی چۆنیەتی کۆتایهێنان بەئەندامێتی ئەندام پارلەمان و پڕکردنەوەی کورسیەکەی. ماددەکانی ٤٥ تا ٥٦ تایبەتن بەکارەکانی ئەنجومەن و چۆنیەتی بەستنی کۆبوونەوەکان و چۆنیەتی بڕیار وەرگرتن و ماوەی تەمەنی ئەنجومەنەکەو دەسەڵاتەکانی. هەرچی ماددەی ٥٧ تایبەتە بەسزای دیاریکراو بۆ ئەو تاوانانەی لەپرۆسەی هەڵبژاردندا ئەنجامدەدرێن و هەر کەسێك یەکێك لەم تاوانانەی لای خوارەوەی ئەنجامدابێت سزادەدرێت بە بەندکردن...

١. دەنگدەرانی بەپارە هەڵخەڵەتاندبێت یان رێگای فێڵ و توندوتیژی بەکارهێنابێت بۆ هەڵبژاردنی کەسێك یان رێگەگرتن لەهەڵبژاردنی.

٢. سندوقی دزی بێت یان دەستدرێژی کردبێتە سەر سندوق یان لەکاری خستبێت یان ئەوکارانەی بەکارتەکانی دەنگدان کردبێت یان بەهۆی بەرپێگرتنیەوە تاوانی ئەنجامدابێت، ئەمانە هەمووی دەکەوێتە ژێر رکێفی یاسای سزادانەوە.

٣. چەند جارێك ناوی لەخشتەی هەڵبژاردندا بەئەنقەست تۆمارکردبێت.

٤. چەند جارێك دەنگی دابێت.

٥. لیستێکی جیاوازی لەو لیستە نوسیبێت کە لەلایەن دەنگدەرەوە داوای لێکراوە.

٦. رێگای لەدەنگدانی دەنگدەرێك گرتبێت بەهەر رێگایەك.

٧. رێگای لەبەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان گرتبێت یان بەربەستی بۆ دانابێت.

---

١٤. سەرچاوەی هەشتەم لا١٠، تێبینی: تەنها ژمارەکان لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە.

٨. ساختەکاری کردبێت لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا.
٩. سەرپێچی لەئەحکامەکانی پەیوەستدار بەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردن کردبێت.

هەرچەندە ئەو کارانەی سەرەوە بەتاوان دانرابوون و سزایان لەبەرامبەردا بۆ دانرابوو، بەڵام لەراستیدا یاساکە وەك خۆی جێبەجێنەکرا، چونکە خەڵکێکی زۆر چەندین دەنگیان دا لەجیاتی دەنگێك لەچەندین بنکەداو ئەو هاوکارەی کارگێڕێتی هەڵبژاردن دایابوو بۆ پڕکردنەوەی کارتی دەنگدەرە نەخوێندەوارەکان، خۆی بڕگەی ٥ی ئەم ماددەیەی بەسەردا دەچەسپا، چونکە دەنگێکی بۆ دەنگدەرەکە دەدا کەئەو دەنگە نەبوو دەنگدەر دەیویست، ئەمە سەرباری ئەوەی لەهەندێك بنکەدا هەر ئەوەندەت دەزانی بەبیانوی رێکخستنی دەنگدەرانەوە بنکەیەك دادەخراو بەمەش سەدان کەس بێبەشدەبوون لەدەنگدان و مەسەلەی بەردەوامی پروپاگەندەو هەڵمەتەکانیش شتێکی سەیر نەبوو بەپێچەوانەوە خەڵك و حزبەکان دەنگدانەکەیان بەکەرنەڤاڵێکی سیاسی دەبینییەوە، بۆیە رۆژی دەنگدان و دوای رۆژی دەنگدانیش بەردەوام بوون لەهەڵمەت و بانگەشەکانیاندا.

دوا ماددەکانی ئەم یاسایە بەئەحکامە موتەفەریقەکان دانراون و بەماددەی ٦١ کۆتاییی پێدێت کەمێژووی دەستبەکاربوونی یاساکە دەستنیشان دەکات.

**رای ئێمە سەبارەت بەخاڵە لاوازەکانی پراکتیزەکردنی یاساکە لەڕووی یاسایی و کردارییەوە**

هەڵبەت هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢، بەهەموو خاڵە نێگەتیڤەکانیەوە ئەزمونێکی گرنگ بوو لەژیانی گەلی کورداو هەرچەند لەڕووی چەمك و تێگەیشتنەوە گەلەکەمان پێی نامۆ بوو، بەڵام لەسەر ئاستی کردار سیمایەکی شارستانی دایە ئەزموونی خەباتی گەلی کورد، بۆیە دەکرێت هەمیشە وەك مێژوویەکی پیرۆزو بەهادار ئاوڕی لێبدرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئەو خاڵە لاوازانەی لەهەڵبژاردنەکەدا هەبوون، فەرامۆش بکرێن.

لێرەدا من بەباشی دەزانم هەندێك لەکەموکورتییەکانی لایەنی کرداری و لایەنی یاسایی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بەخاڵ بخەمەڕوو تاکو لەبەرچاوی خوێنەری کورد ئاشکرابێت کامانەبوون ئەو خاڵانەی پێویستبوو سەرکردایەتی ئازادیخوازی گەلی کورد رەچاوی بکات بەمەبەستی ئەوەی ئازادی و دیموکراسی راستەقینە بێنێتەدی.

١- دانانی رێژەی ٧٪ بۆ پارتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کە لەیاساکەدا لەماددەی ٣٦(٣) ئاماژەی پێدراوە، ئەم رێژەیە بووە مایەی دروستکردنی دیکتاتۆریەتی دووحزبی و لەئاکامیشدا پرەنسیپی پەنجا بەپەنجای لێکەوتەوە کەئەمەیش لەلای خۆیەوە

كۆمەڵێك دەرەنجامی پڕ سوێی هەبوو، هەروەك لەو سەردەمەدا وایكرد كۆمەڵێك پارتی سیاسی ببنە دوژمنی ئەو پارلەمانەی كەتەنها لەیەكێتی نیشتیمانی كوردستان و پارتی دیموكراتی كوردستان و كەمایەتی كلدۆئاشوری پێكهاتبوو، بەمەش ئۆپۆزسیۆن لەدەرەوەی پارلەمانەوە كاریدەكردو خەباتی دژی بەرپاكردبوو لەكاتێكدا ئەگەر ئەم ڕێژەیە نەبوایە یان كەمتر بوایە رەنگە ئۆپۆزسیۆنێكی ئەگەر زۆر بەهێزیش نەبوایە، لەناو پارلەمانەوە ئاستەنگی بەگژاچوونەوەی هەردوو زلهێزبوایەو ئەو كارەساتانەی لەئەنجامی لێكترێنەگەیشتن و دەسەڵاتخوازی هەردوولاوە بەرپابوون، ئێستاكە لەمێژووی گەلەكەماندا تەنانەت جێگەشیان نەبوایەتەوە.

٢- كاركردن بەرێگای هەڵبژاردنی پارلەمانتارەكان لەلایەن خودی ئەو پارتەی كاندیدی كردوون، ئەم هۆكارە بووە مایەی سڕینەوەی پەیوەندی نێوان دەنگدەرو پاڵێوراو، چونكە دوای ئەوەی پارتە سیاسییەكان بەگوێرەی ڕێژەی دەنگە پێدراوەكانیان كورسییان بەردەكەوت، ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی ئەوەیان بەگوێرەی ماددەی ٣٧ برگەی ٢(ب) پێدرابوو كەخۆیان سەرپشكبن لەهەڵبژاردنی ناوی ئەو پاڵێوراوانەی كاندیدیانكردوون بۆئەوەی شەرەفی ئەندامێتی پارلەمانیان پێبدرێت و بەمەش دەیانتوانی زەمانەتی بەرژەوەندی پارتەكەیان لەناو پارلەماندا زیاتر بكەن. بەڵام ئەگەر ئەو مەرجە نەبوایە رەنگە پارلەمانی كوردستان چەندین دەنگی زیندووی تێدا بەرزببوایەتەوە كەئەو دەگانە بیانتوانیایە بەرژەوەندی گەل و نەتەوە پێش بەرژەوەندی حزبایەتی بخەن. بۆیە چاكتربوو لەیاساكەدا تەنها رێگەی ریزبەندی (تسلسل) دەستنیشان بكرایە نەك ئیختیاری رێگەی پەسەندكردنی هەڵبژاردنی پارلەمانتار بداتە حزبەكان، هەڵبەت ئەو رێگایە وا بڕیارە لەهەڵبژاردنەكانی عیراقدا كاری پێبكرێت و دیارە ئامانجێكی باشتری دەبێت لەوەی كوردستان، چونكە لەیەككاتدا رێگە لەحزبەكان دەگرێت یاری بەسۆزی جەماوەرەكەی خۆیانەوە بكەن و پەیوەندی نێوان دەنگدەرو ئەندام پارلەمانیش لەلاكەی ترەوە بەهێزتر دەكات، چونكە لەم حاڵەتەدا دەنگدەر هەستدەكات دەنگی داوەتە ناوەكان، نەك ئەو پارتەی ئەو ناوانەی پاڵاوتووە.

٣- وەرگرتنی هەڵبژاردنەكان بەلیستی داخراو ئەگەرچی یاساكە بەدەق ئاماژەی نەدابوو بەلیستی داخراو یان دانانی ئاستەنگ لەبەردەم دەنگدەردا لەگۆڕینی ریزبەندی ناوەكاندا، بەڵام هەمان ماددەی ٣٧ برگەی ٢(ب) مافی دیاریكردنی ناوی پارلەمانتارەكانی دابووە پارتی خاوەن لیست و ئەمەش ئەوەی دەگەیاند، بەهیچ جۆرێك دەنگدەر ناتوانێت دەستكاری پاشوپێشخستنی ناوی پاڵێوراوەكان بكات و بەگوێرەی بەرژەوەندییەكانی خۆی

ڕێکیانبخاتەوەو ئەو کەسانە بهێنێتە پێشەوەی ناوەکان کەئەو بڕوای وایە متمانەیان پێدەکات نوێنەرایەتی بکەن لەپارلەمانداو دەتوانێت پشتیان پێببەستێت.

٤- تێکەڵاوکردنی سیستەمی نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی لەسەر ئاستی وڵات و نوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی لەسەر ئاستی ناوچەکانی هەڵبژاردن، پێشترو لەبەشەکانی پێشەوەدا ئاماژەمان بەوەدا کەنوێنەرایەتیکردنی ڕێژەیی لەسەر ئاستی ناوچەکانی هەڵبژاردن (واتا سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی نزیکەیی) مانای وایە لەسەرەتاداو بەگوێرەی ئاماری گشتی و ڕێوشوێنە پێشوەختەکانی هەڵبژاردن لەڕووی دروستکردنی خشتەی دەنگدەران و زانینی ژمارەی دەنگدەرانەوە، تێکڕای هەڵبژاردن (ژمارەی هەڵبژاردن) بەشێوەیەکی نزیکەیی دەدۆزرێتەوەو بەپێی ئەم ژمارەیە کورسی بەسەر ناوچەکاندا دابەشدەکرێت و پاشان کەپرۆسەی هەڵبژاردنەکە ئەنجامدراو دەنگەکان جیاکرانەوە ئەوجا هەرناوچەیەو ڕێژەی دەنگی هەر لیستێك بڵاودەکاتەوەو ئەمانیش پاڵێوراوە سەرکەوتووەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوەو بەمەش چەند کەس توانیبووی بەگوێرەی سیستەمەکە بەنوێنەرایەتی ناوچەکەی بچێتە پارلەمانەوە دەردەکەوێت و ئەگەر کورسی چۆڵ مابوو بەیەکێك لەڕێگاکانی چارەسەرکردنی ماوەی دەنگەکان، دوای کۆکردنەوەی سەرجەمی ماوەکانی هەر پارتێکی بەشدار لەهەڵبژاردنەکەدا، لەسەر ئاستی گشتی وڵات، ئەوجا دەدرێتە پارتێك لەوپارتانە (واتا لیستێك لەلیستەکان)، بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی کوردستاندا ئەگەرچی ئاماژەدرابوو بەدابەشکردنی هەرێم بەسەر چوار ناوچە یان زیاتردا کەئەمیش لەماددەی ٩ی یاساکەدا هاتبوو دیارە لەهەر هەڵبژاردنێکیشدا ئاماژە بەدروستکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن کرا مانای وایە ئەو هەڵبژاردنە بەسیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی نزیکەیی (واتا لەسەر ئاستی ناوچەکانی هەڵبژاردن) وەریگرتووە، کەچی لەسەر ئاستی پراکتیزەکردن بینرا بەهەڵە بەکارهێنانی یاساکە ڕوویدا، چونکە:

یەکەم: هەر پارتێك لیستێکی ١٠٠ کەسی دایە لیژنەی باڵا بەبێ دیاریکردن و ڕەچاوکردنی چڕی دەنگدەرانی ئەو پارتە دەکەوێتە چ ناوچەیەك لەو ناوچانەی کەدیاریکرابوون، بۆنمونە نەیەکێتی ڕەچاوی ئەوەی کردبوو لەو لیستەی دابووی بەلیژنەی باڵا کەهێزی دەنگدەرانی دەکەوێتە ناوچەی سلێمانییەوە ئینجا هەولێرو پاشان کەرکوك و ئەوجا دهۆك، نەپارتیش حسابی ئەوەی کردبوو هێزی دەنگدەرانی دەکەوێتە دهۆك و ئەوجا هەولێرو پاشان کەرکوك و دواتر سلێمانی، بەڵکو هەریەکێك لەم حزبانە بەپێی بەرژەوەندی حزبی و ڕەچاوکردنی کۆمەڵێك ئیعتیبارتی کەسایەتی ناوەکانیان ڕیزبەندکردو هیچ حسابێکیان بۆ ئەو ماددەیە نەکرد.

دووەم: لەیاساکەدا یان لەو ڕێوشوێنانەی دواتر لیژنەی باڵا بۆ کارئاسانی کردنی هەڵبژاردنەکان گیرانەبەر هیچ ڕێنماییەك یان ڕێوشوێنێك دەرنەکرا کەئاماژە بەژمارەی کورسییەکانی ئەو چوار ناوچەیەی هەڵبژاردن بدات.

سێیەم: ژمارەی یەکگرتووی هەڵبژاردن نەدۆزرایەوەو کەس حسابی بۆ ئەو ژمارەیە نەکرد، تاکو لەڕێگایەوە بتوانرێت بەشێوەیەکی نزیکەیی ژمارەی کورسییە بەرکەوتووەکانی هەر ناوچەیەك بدۆزرێتەوە.

لەبەرامبەردا هەر خودی یاساکە لەمادده ٣٦ (١)داو لە دەروازەی دەنگداندا باس لەو ژمارەی هەڵبژاردنە دەکات کەدوای جیاکردنەوەی دەنگەکان و زانینی سەرجەمی ژمارەی دەنگدەرانی هەرێم، ئەوجا لەئەنجامی دابەشکردنی ژمارەی گشتی دەنگدەرانی هەرێم بەسەر ژمارەی کورسییەکانی پارلەماندا دێتە ئەنجام. دیارە ئەم ڕێگایەش لەکاتی بەکارهێنانی شێواز (سیستەمی) نوێنەرایەتی ڕێژەیی تەواو (واتا سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەسەر ئاستی دەوڵەت) دەگیرێتەبەر، کەتیایدا حساب بۆناوچەکان ناکرێت و گرنگ نییە حزب یان لیستێکی حزبی کێی تێدا پاڵێوراوە بەومانایەی خەڵکی چ شارێکە، هەروەك دەنگە دراوەکانی هەر لیستێك لەسەر ئاستی وڵات کۆدەکرێتەوەو دابەشی تێکڕای هەڵبژاردن (ژمارەی هەڵبژاردن) دەکرێت و بەمە ژمارەی کورسییەکانی هەر پارتێك دەزانرێت و ئەگەر کورسی مایەوە ڕاستەخۆ دەدرێت بەو پارتانەی کەگەورەترین ماوەکانیان هەیە، واتا چاوەڕێ ناکرێت ماوەکان کۆبکرێنەوە، چونکە لەبنەماوە خۆیان کۆکراوەن.

٥- نەبوونی پسپۆڕی و شارەزایی لەبواری بەکردارکردنی هەڵبژاردنەکان و لەو بارەیەوە نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست هەر لەگەڵ دەرچوونی یاساکەدا لیژنەیەکی باڵا پێکهێنراو کاری ئەو لیژنەیە دەرکردنی ڕێساو یاساو ڕێنمایی پێویستبوو بۆ کارئاسانی کردنی هەڵبژاردنەکان، بەڵام لەبەرئەوەی لیژنەکە هێزی حکومەتی لەپشتەوە نەبوو (چونکە لەبنەماوە ئامانج لەهەڵبژاردنەکان پێکهێنانی حکومەتی کوردی بوو، دیارە ئێمەش مەبەستمان لەم حکومەتەیە نەك حکومەتی بەغدا) بۆیە وەك پێویست ئیشوکارەکانی نەدەڕۆیشتن بەڕێوەو کۆمەڵێك کەموکورتی بەم هۆیەوە ڕوویاندا کەدەکرێت ئێمە بەچەند خاڵێك ڕوونیان بکەینەوە:

أ- ئەنجامنەدانی سەرژمێری گشتی.

ب- ئامادەنەکردنی کارتی دەنگدان بۆ دەنگدەران، هەرچەندە لەماددەی ١٧ی یاساکەدا ئاماژە بەدروستکردنی کارتی دەنگدان دراوە بۆ هەموو هاوڵاتییەکی دەنگدەر کەمەرجەکانی

هەڵبژاردنی تێدابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە ئەنجامنەدراو لەبەرامبەردا پەنا برایە بەر مۆرێك کەدواتر کێشەیەکی زۆری لیکەوتەوەو بووە مایەی ناخاوێنی هەڵبژاردنەکان.

ج- لەسەرەتادا وا بڕیاربوو مەرەکەبێك لەئەڵمانیاوە دروستبکرێت و بگەیەنرێتە کوردستان. دوای ئەوەی مۆرەکە لەلایەن پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە بەباری لۆری لەرێگای تورکیاوە گەیەنرایە شارۆچکەی سەلاحەدین ئیدی رۆژی دەنگدان بڕیاری لەسەردرابوو کەرۆژی ٥/١٧ دەبێت، بەڵام هەر لەرۆژی ٥/١٦دا لیژنەی باڵا رایگەیاند کەهەڵبژاردنەکان بۆماوەی دوو رۆژ دوادەخرێت و دیارە ئەم دواخستنەش پەیوەندی بەمۆرەکەوە هەبوو، دیاربوو مەرەکەبەکە وادەی خۆی تێپەڕاندبوو یان هەر لەبنەماوە بێکەڵك ببوو ئەگەر نا هیچ پەیوەندییەکی بەدەستێوەردانی نەیاران و پارتیشەوە نەبوو، چونکە ئەو راستییە لەلایەن پۆلیسی هەرێمی ویستڤالیای راینی سەروو لەلایەن رۆژنامەنووسی ئەڵمانی (هانزکیمپمان) لە١٤ی مایسدا لەراپۆرتێکدا کەبۆ گۆڤاری (دیر شپیگەل)ی ئامادەکردبوو سەبارەت بەوەی کەپارتی دیمۆکرات هەر لە٣/١١وە دەربارەی بێکەڵکی مەرەکەبەکە لەگەڵ حکومەتی ناوبراودا قسەی کردووە، بڵاوکرایەوە. دواتر لیژنە ناچاربوو لەگەڵ پسپۆرانی زانستی کیمیای زانکۆی سەلاحەدین قسەبکات سەبارەت بەئامادەکردنی مەرەکەبێکی ترو ئەمیش هەرچەندە لەوەی پێشووتر باشتر بوو، بەڵام دەبوایە بەردەوام رابوەشێنرایە ئەگەرنا بەپەنجەی دەنگدەرانەوە نەدەما.[١٥] لەراستیدا ئەو مەرەکەبە بووە هۆی ئەوەی چەندین دەنگدەر لەهەموو ناوچەکانی هەڵبژاردندا چەندین جار دەنگ بدەن و پێشێلی پرەنسیپەکانی هەڵبژاردنەکە بکەن.

د- لیژنەکە وەك پێویست بنکەکانی هەڵبژاردنی پێکنەهێنابوو، چونکە ژمارەی دەنگدەران لەهەر بنکەیەکدا بەجۆرێك بوو، لەکاتێکدا دەبوو هەموو بنکەکانی دەنگدان رێژەیەکی دیاریکراوی هاوشێوە دەنگیان تێدابدرایە.

هـ- بێتوانایی لیژنە لەفەرزکردنی ماددەی ٢٥ی یاساکەدا کەدەبوو پروپاگەندەو هەڵمەتەکان ٤٨ سەعات بەر لەدەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان کۆتاییان پێبهاتایە.

و- بێتوانایی لیژنەکە لەسەپاندنی ماددەی ٢دا سەبارەت بەنهێنی پارێزی دەنگدانەکە.

ی- بێتوانایی لیژنەکە لەسەپاندنی ماددەی ٢٩(٣) کەرێگەدەگرێت لەبەردەم نوێنەرایەتیکردنی دەنگدەر، واتا هەر دەنگدەرێك دەبێت خۆی دەنگی خۆی بدات.

ز- بێتوانایی لیژنە لەسەپاندنی ماددەی پەنجاوحەوتی یاساکە کەتایبەت بوو بەو تاوانانەی دەرحەق بەپرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەکران.

---

١٥. سەرچاوەی حەوتەم ل٥٩.

**خوێندنەوەیەك بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی كوردستان ٢٠٠٥**

دوای تێپەڕبوونی ١٢ ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمی كوردستاندا، هەلومەرجەكان وایاندەخواست سەرلەنوێ هەڵبژاردن بكرێتەوەو پارلەمانێكی نوێ پێكبهێنرێت، هەرچەندە دەبوو ئەو پارلەمانە تائێستا چەندجارێك هەڵبژاردنی بۆبكرایەتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئێستاكەش بەو مەرجەی بتوانێت لەئاست ویست و خواستی جەماوەرەكەیدا بێت، زۆرمان لەدەست نەڕۆیشتووە.

لەراستیدا هەڵبژاردنی ئەمجارەی پارلەمان جیاوازە لەوەی ساڵی ١٩٩٢، چونكە:

١- خەڵك تاڕادەیەكی باش چاوی كراوەتەوەو لەهەڵبژاردن تێدەگات.

٢- لەژێر چاودێری راستەوخۆی نەتەوە یەكگرتووەكان و چاودێرە نێودەوڵەتییەكاندا دەبێت.

٣- پارتە سیاسییەكان لەهێزو توانای جەماوەرییان تاڕادەیەك دڵنیان.

٤- رێوشوێنە پێشوەختەكانی هەڵبژاردن تاڕادەیەك باش و ئسوڵێن و كارت و فۆرمی دەنگدان بەپێی پێویست ئامادەكراون كەبواری تەزویرو ساختەكاری نادەن.

٥- بەئەزموون وەرگرتن لەو هەڵانەی لەهەڵبژاردنی ١٩٩٢دا ئەنجامدران، دەتوانرێت بەباشی ناوچەكانی هەڵبژاردن و بنكەكانی هەڵبژاردن دیاریبكرێن.

٦- حكومەتێكی لۆكاڵ هەیە كە لەتوانایدایە ئاسایشی هەڵبژاردنەكان بپارێزێت.

٧- پسپۆری نێودەوڵەتی و نێوخۆیی بەتوانا هەن كەكاری جێبەجێكردنی هەڵبژاردنەكان دەگرنە ئەستۆ.

٨- هەڵبژاردنەكان لەلایەن لیژنەیەكی تەواو سەربەخۆوە دەبرێن بەڕێوە.

٩- پارت و قەوارە سیاسییەكان دسپلینكراون.

١٠-كورد بێكەس نییە لەم هەڵبژاردنەداو خۆبەخۆیانە پێی هەڵناستێت، بەڵكو وەك یەكێك لەهەرێمەكانی دەوڵەتێكی فیدراڵ ئەنجامیدەدات.

١١- كۆمەڵێك گۆڕانكاری گرنگ لەیاسای هەڵبژاردندا كراوە كەمایەی بۆ پێشەوەبردنی پرۆسەكەو زیاتر دیموكراتیزەكردنین، لەوانە:

أ- دانانی رێژەیەكی بەرچاو بۆ ژنان، دیارە ئەمیش بەكۆككردن و تەوافوقكردنی یاسای پارلەمانی كوردستان لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نیشتیمانی عیراق، كەرێژەی ٢٥٪ی وەك رێژەی لانی كەمی بەشداری ژنان لەو پارلەمانەدا بەهەند وەرگرتووەو بەگوێرەی سیستەمی فیدراڵیش دەبێت یاسای هەرێمەكان لەگەڵ یاسای

دەوڵەتی فیدراڵدا کۆکبن، بۆیە پارلەمانی کوردستانیش بەگوێرەی بڕیارێك ئەو خاڵەی لەیاسای هەڵبژاردنەکاندا بەهەند وەرگرتووە.

ب- نەهێشتنی ئاستی دەنگی پارتەکان لەپارلەماندا، واتا لابردنی ٧٪ی دەنگە بەدەستهاتووەکانی هەر پارتێك بۆ بەشداریکردنی لەپارلەماندا، دیارە ئەمیش لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتاوە هێندێك لەو پارتانەی لە١٩٩٢دا بەشداریان لەهەڵبژاردنەکاندا کرد پێیان وابوو ئەو ڕێژەیە زۆرە، بەڵام دواتر لەسەر داوای مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەیاساکەدا چەسپێنراو بەمەش هیچ کام لەپارتە بچوکە بشداربووەکانی ناو پرۆسەکە نەیانتوانی کورسی بەدەستبهێنن.[١٦] هەڵبەت ئەم کەمکردنەوەیەش بەپێی ماددەی دەیەم لەهەموارکردنی سێیەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمارە ٤٧ لە٢٠٠٤ کەئاماژە دەدات بەنەهێشتنی ڕێژەی ٧٪.

ج- زیادکردنی کورسییەکانی پارلەمان لە١٠٥ کورسییەوە بۆ ١١١ کورسی.

د- دابەزینی هەردوو پارتی سەرەکی لەگەڵ چەندین پارتی تری وەك یەکگرتووی ئیسلامی و سۆسیالیست و حزبی شیوعی کوردستان و بزوتنەوەی ئاشوری لەیەك لیستی هاوبەشدا، بەشێوەیەك کەتەنها ٨٤ کورسی لەنێوان هەردوو پارتی سەرەکیدا دابەشکراوە بەیەکسانی و ٢٧ کورسیەکەی تر لەنێوان پارتە هاوپەیمانەکانی ترو نەتەوەو ئاینەکانی تری کوردستاندا دابەشکراوە بەشێوەیەك ٩ کورسی بۆ یەکگرتووی ئیسلامی و ٢ کورسی بۆ سۆسیالیست و ٢ کورسی بۆ سەربەخۆکان و ٥ کورسی بۆ کلدۆئاشورییەکان (مەسیحییەکان) و ٤ کورسی بۆ تورکومانەکان و ٢ کورسی بۆ یەزیدیەکان و ٣ کورسی بۆ حزبی شیوعی عێراق.

لەراستیدا ئەم هاوپەیمانێتییە لایەنی پۆزەتیڤی زۆرەو لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە کەسیمایەکی یەکگرتوو دەداتە دۆزی نەتەوەی کورد لەپێش چاوی ئەوانەی بەچاوی ڕەخنەو بێزارییەوە دەڕواننە مەسەلەی میللەتەکەمان. هەروەك بوونی پارت و لایەنە سیاسییەکانی تر ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لەناو پارلەماندا دروستدەکات بەجۆرێك هەمیشە چاودێرو ڕەقیب بێت بەسەر دوو حزبەکەی ترەوەو ڕێگەش دەگرێت لەدکتاتۆریەتی دوو حزبی بەومانایەی کەتەنها دوو حزبە سەرەکییەکە پێکهێنەری پارلەمانبن و هەرکاتێك یەکێکیان لەوی تر رازی نەبوو لەپارلەمانەکە بێتە دەرەوەو بەمەش بیخاتە بەردەمی هەڵوەشانەوە. لەلایەکی ترەوە بوونی ئەو حزبانە سیمایەکی جوانی دیموکراسیانە دەداتە

---

١٦. سەرچاوەی حەوتەم لا٤١.

پارلەمان و بەهۆیەوە هەستدەکرێت کەپارلەمان نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی لەخۆگرتووەو هی هەمووانە نەك تەنها یەکێتی و پارتی.

بەڵام هەموو ئەو خاڵە پۆزەتیڤانە لەلایەك و خاڵە نێگەتیڤەکانیش لەلاکەی ترەوە، کەخۆی لەبڕیاردان لەچارەنوسی پارلەماندا دەبینێتەوە بەرلەوەی هەڵبژاردنی بۆبکرێت، لەراستیدا کاتێك هەموو حزبەکانی کوردستان (تەنها چەند حزبێکی بچوکی کەم نەبێت) یەکدەگرن و هاوپەیمانێتییەك دروستدەکەن و لەنێو خۆیاندا رێکدەکەون لەسەر بەرنامەیەك ئەوا بەهەند وەرنەگرتنی خواستی جەماوەرو خۆدزینەوەیە لەپرسی دیمۆکراسی و خۆخستنە بەردەم رەحمەتی دەنگدەر، چونکە هەڵبژاردن چییە جگە لەحوکمی گەل، کاتێکیش بە(گەل) دەوترێت پارلەمانی ئایندە ئەمە رێوشوێنەکانێتی و پێکهاتەکەی ئابەمجۆرەیە، ئەوا مانای وایە لەجیاتی گەل بڕیار دراوەو بەمەش دیمۆکراسی بەمانا راستەقینەکەی فەرامۆشکراوە.

لەلایەکی ترەوە هێشتا هەردوو حزب ژمارەی کورسییەکانیان هێندە زۆرە کەببنە مایەی مەترسی هەڵوەشانەوەی پارلەمان و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی رۆتینی ئیداری لەوەدا کە لەگەورەترین کاربەدەستی حکومییەوە تا بچوکترینیان دەبێت لەسەر بنەمای تەوافوقی نێوان هەردوو حزبەکە تاڕادەیەکی زۆر دابنرێن، واتا گەر وەزیر یەکێتی بوو جێگرەکەی پارتی و گەر بەڕێوبەری گشتی پارتی بوو جێگرەکەی یەکێتی و ... بەوشێوەیە. لایەنێکی تری نێگەتیڤی هاوپەیمانێتییەکە ئەوەیە کەسە سەربەخۆکان لەلایەن دوو حزبە سەرەکیەکەوە دەستنیشانکراون کەئەمیش لەگیانی سەربەخۆبوونیان کەمدەکاتەوە، چونکە سەربەخۆ دەبێت بەلیستێکی جیاواز لەحزبایەتی دابەزێت. یەکێکی تر لەخاڵە لاوازەکانی هاوپەیمانێتییەکە تێکدانی خەریتەی چڕی دەنگدەرانی ئەو حزبانەو ئاستی جەماوەرییانە، چونکە بەم رێگایە رێگە لەخودی حزبەکان و جەماوەریش دەگیرێت تا بزانن هێزی جەماوەری هەر یەکێك لەو حزبانە چەندەیە. هەروەك سستی دەداتە خواستی بەشداریکردنی جەماوەر لەپرۆسەکەدا، چونکە جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی دابەشبووە لەنێوان ئەو پارتانەداو هەموویان ئامادەنین لەپێناو ویستی حزبەکانیاندا دەنگ بدەنە لایەنێك کەنەیارە بەبیرکردنەوەو تێگەیشتن و جیهانبینی ئەوان، بۆیە رەنگە بڕیاری بەشداریکردن یان کارتی سپی بدات لەهەڵبژاردنەکاندا.

بەهەرحاڵ و هەرچۆنێك بێت پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەسەر رێگایەو کورد دەبێت بەتواناو میکانیزمێکی لێهاتووانەوە بەشداربێت، چونکە بەشداریکردنی بەهێزانەی کورد ئاکامێکی ئایندەیی بەهێزیشی لەسەر ئاستی سیاسیی و نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە.

**خوێندنەوەیەك بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمی كوردستان- عێراق ٢٠٠٩**

یەكێك لەوشتانەی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان لە٢٠٠٩دا جیادەكاتەوە لەهەڵبژاردنەكانی پێشوی، بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیە چ وەك حزب و قەوارەی سیاسی، چ وەك بزوتنەوەی كۆمەڵایەتی سیاسی لەسەر گۆڕەپانی كوردستان. هەبوونی یەكگرتوو كەقەوارەیەكی تاڕادەیەك ئۆپۆزسیۆن بوو لەهەڵبژاردنەكانی ٢٠٠٥دا پێكەوە لەلیستێكی یەكگرتوودا لەگەڵ هێزە زەبەلاحەكانی وەك پارتی و یەكێتی دابەزی و بەگوێرەی قورسایی و سەنگی جەماوەری كورسی پێبەخشرا، لەبەرامبەردا كۆمەڵ كەهێزێكی بچووك بوو تەنها ٦ كورسی لەكۆی ١١١ كورسی لەو هەڵبژاردنەدا بەدەستهێنابوو، ئەمە وایكرد ئەم هێزە ئۆپۆزسیۆنە بچوكە نەتوانێ هیچ گۆڕانكارییەك لەئەدای پارلەمانی پارلەماندا دروست بكات، بەڵام بۆ هەڵبژاردنەكانی ٢٠٠٩، جیابوونەوەی یەكگرتوو لەپاڵ كۆمەڵ دا لەلایەك و یەكگرتنی لەگەڵ دوو قەوارەی تری وەك زەحمەتكێشان (ئاینده) و حزبی سۆشیالیست دیموكرات كەهەردووكیان عەلمانی و چەپن، هاوكات بوونی بزوتنەوەیەكی تازە لەدایكبوو لەهەناوی یەكێتی داو جیابوونەوەی بەماوەیەكی زۆر كەم كەتەنها ٢-٣ مانگ پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەكان كە لە٧/٢٥دا ئەنجام دەدرا لەلاكەی ترو هەبوونی ئۆپۆزسیۆنێكی لاواز كە لەحزبی شیوعی و هەندێك حزبی بچوكی تر پێكهاتبوون، ئەمانە هەمووی فەزایەكی تری دروستكرد لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و كێبڕكێی هەڵبژاردن لە٢٠٠٩/٧/٢٥دا بەشێوەیەك ئەمجارە ئۆپۆزسیۆن بەنزیكی پتر لە٣٠٪ی كورسییەكانی پارلەمان بۆ خۆی برد، بەمەش قۆناغی حزبی مۆنۆپۆڵخوازی پەنجا بەپەنجا كۆتایی هات و قۆناغی نوێی خەباتی پارلەمانی بەبوونی ئۆپۆزسیۆنی كارا دەستی پێكرد لەلایەك و لەلاكەی تریشەوە پارلەمانتاری كاراو شارەزا كەوتنە خۆدەرخستن لەهەردوو بەرەی ئۆپۆزسیۆن و بەرەی حكومەت.

بزوتنەوەی گۆڕان كە بەبەهێزترین و كاراترین ئۆپۆزسیۆن دادەنرێت، لەنیسانی ٢٠٠٩دا دوای دروستكردنی لیستێكی سەربەخۆ لەیەكێتی نیشتمانی كوردستان، بڕیاری خۆ دامەزراندنیداو بەمەش لەبری ئەوەی هێزە سیاسیە كوردیەكان وەكو پیشەی پێشینەیان، كە لەهەڵبژاردنەكاندا بەیەك لیست و بە(توافق) كورسیەكانیان لەنێوان خۆیاندا لەسەر بنەمای هێز دابەشدەكرد، ئەمجارە (گۆڕان) سەربەخۆ هاتە گۆڕەپانی هەڵبژاردن. بەگوێرەی بیروڕا سەرەتاییەكانی خۆیان، بەنیازی پێكهێنانی حكومەت بوون بەتایبەت كەهێزێكی نوستووی بێدەنگیان لەهەناوی دەسەڵاتی یەكێتیدا حەشاردابوو. بۆخۆشیان پیكهاتەیەكی

تاڕادەیەك ناوچەگەرییان لەڕووی سەرکردایەتی سیاسی و هەڵسوڕێنەرانی سیاسی بزوتنەوەکەوە کەزۆرینەی زۆریان خەڵکی شاری سلێمانی بوون، وایکرد بەشێکی زۆری دەنگەکانیان لەم شارەدا بەدەستبهێنن.
هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەکە کە لە(نەوشیروان مستەفا، قادر حاجی عەلی، عومەر سەید عەلی، سالار عەزیز، حمە تۆفیق رەحیم، کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا، شەماڵ عبدالوەفا) و چەندین کەسایەتی تری شاری سلێمانی پێکهاتبوو، تەنها کەمینەیەکی کەم کە(مستەفای سەید قادر، جەلال جەوهەر، عوسمان حاجی مەحمود، سەفینی مەلا قەرەو عوسمان بانی مارانی) ئەو کەسانە بوون کەنوێنەرایەتی شارو شارۆچکەکانی تریان دەکرد.
هەرچۆنێك بێت بزوتنەوەی گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا توانی بەباشترین شێوە ئامادەیی هەبێت، چونکە بەر لەهەموو شت ئەو ناوانەی باسیانکرا سەرجەمیان ئەندامی مەکتەب سیاسی و کارگێڕی مەکتەب سیاسی و جێگری سکرتێری حزب و ئەندامی سەرکردایەتی بوون لەناو یەکێتیدا و بەشێکی زۆریشیان بەقۆناغی جیاواز نوێنەرایەتی یەکێتیان کردووە، تەنانەت سەرۆکی فراکسیۆنیش بوون لەناو پارلەمانی هەرێمدا کەئەمە وایکرد بەئاسانی بتوانن خۆشەویستی و پەرۆشی جەماوەر بۆخۆیان بەرن.
لەلایەکی ترەوە ئەگەرچی بەشێکی زۆر لەم سەرکردانەی بزووتنەوەی گۆڕان لەئەزموونی هەرێمدا جا بەرووە گەش یان رەشەکەیدابێت دەستیان هەبووە، بەڵام لەڕێگای میدیاکانەوە بەتایبەت بەهەبوونی چەندین رۆژنامەو گۆڤاری ئازادو پاڵپشتی هەندێك هێزی دەرەکی، توانیان رووە ناشرین و نەویستراوەکانی حزبە باڵادەست و حوکمدارەکان بکەنە مەشینێکی بەردەوام بۆ تەکاندنی جەماوەر، هاوکات پەیڕەوکردنی بنەمای لیستی داخراو لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا ئەو گەرەنتییەی مسۆگەر کرد کەبتوانن بەشێکی زۆری پاڵێوراوەکانیان لەسەر ئاستی پایزگای سلێمانی رێکبخەن و لەبەرامبەردا ناڕەزایی ناوچەکانی تر قۆزرایەوە بۆ بەدەستهێنانی دەنگ بۆ لیستی نیلی گۆڕان و سەرەنجام (٢٥) کورسیان بەدەستهێنا ئەمە لەکاتێکدا دیارترین کەسانی بزوتنەوەکە لەپێشی پێشەوەی لیستەکەیاندا ریزبەند کرابوون. نەشیروان مستەفا وەك سەرۆکی لیست و محمد تۆفیقی زاوای و کوێستان محمد عبداللهو عوسمان بانیمارانی و شاهۆ سەعید کەرۆشنبیرێکی سەربەخۆ بوو تا ئەو دەمەو مامۆستای زانکۆ بوو، وەك وتەبێژی لیستەکەیان ناسران.
لەلایەکی ترەوە هەبوونی ئەم لیستە سەربەخۆیە رێگە خۆشکەربوو لەبەردەم یەککگرتوودا کەئەمجارە ئەویش بیەوێ هێز نیشانبدات و لەئەنجامدا بەهاوپەیمانیەك لەگەڵ کۆمەڵ و حزبی سۆسیالیست و حزبی زەحمەتکێشان (ئایندە) دابەزین.

ئەم دابەزینەی یەکگرتوو، کە لەهەڵبژاردنی پێشودا لەڕێگای پەیڕەوکردنی سیاسەتی (توافق) (٩) کورسی بۆ دابینکرابوو، لەگەڵ حزبێکی سەلەفی و دوو حزبی عەلمانیدا وایکرد تاڕادەیەك پاشەکشە بکات. بەرای من پاشەکشەکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ توڕەبوونی لایەنگرانی لەئەداو سیاسەتی حزبەکەی لەپرۆسەکەدا، چونکە یەکگرتوو کەسیماو گەوهەرێکی ئیسلامی میانڕەوە کاتێك لەگەڵ بزووتنەوەیەکی سەلەفی توندڕەوی وەك کۆمەڵدا یەکدەگرێ ئەمە میانڕەوی ئەم حزبە دەخاتە بەردەم پرسیار، هاوکات کاتێك دوو تەیاری ئیسلامی لەپێناو کاری دونیایدا پەنادەبەنە بەر دووهێزی لاوازی عەلمانی وەك حزبی سۆسیالیست دیموکرات و حزبی زەحمەتکێشان (ئاینده) کەتاڕادەیەك حزبێکی تەواو چەپ و دوونیاییە، ئەمە ئەوەندەی تر لایەنگرو دواکەوتووانی ئەم تەیارە ئیسلامیانە توڕە دەکات و لەئەنجامدا ئەوەبوو ئەم هاوپەیمانێتیە توانی تەنها (١٣) کورسی بەدەسبهێنێت لەکاتێکدا بەکۆی کورسیەکانی ئەم چوار قەوارەیە لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا ١٨ کورسی بوو، ٩ کورسی بۆ یەکگرتوو، ٢ کورسی بۆ حزبی سۆسیالیست دیموکرات و ٦ بۆ کۆمەڵ و یەك کورسی بۆ زەحمەتکێشان.

لەڕاستیدا هاوپەیمانیەکەی ئەم چوار قەوارەیە کە بەهاوپەیمانی چاکسازی و خزمەتگوزاری ناسراو بوون، لەپاڵ بزوتنەوەی گۆڕان، کەئیلهامی لەدروشمەکانی (Change)ی ئۆباماوە وەرگرتبوو تەنانەت ڕەنگی نیلی و شینی تۆخ هێما بوو بۆ ئەو ئیلهامەو دروشمەکانیشیان زیاتر ئەم بڕوایەی قوڵتر دەکردەوە، وایکرد لەدواتردا ئۆپۆزسیۆنێکی کارا دروست ببێ بەشێوەیەك کە لەهەندێ باردا نێگەتیڤانە هەڵسوکەوتی سیاسی بکەن.

ئۆپۆزسیۆنی سێیەم لەسەر گۆڕەپانی هەرێمی کوردستان هاوپەیمانی ئازادی و دادپەروەری بوو تەنها (١) کورسی هێناو بزوتنەوەی ئیسلامیش تەنها (٢) کورسی بەدەستهێنا.

لیستی هاوپەیمانی کوردستان کەلیستێکی بەهێزی باڵادەست بوو لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥)دا تەنها بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ٧٨ کورسییان بەدەستهێنا، ئەم هاوپەیمانێتییە کە بەلیستی نیشتمانی دیموکراتی کوردستان ناسرابوو، جگە لەزەحمەتکێشان و کۆمەڵی ئیسلامی، سەرجەم قەوارەکانی تر تیایدا لەیەك لیستدا بەسیستمی تەوافوق خۆیان ڕێکخست، جگە لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوو لەچەند حزبێکی تری وەك یەکگرتوو سۆسیالست دیموکرات و حزبی شیوعی کوردستان و چەند حزب و لایەنێکی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی تری وەك یەزیدی و تورکمان و مەسیحی و ئاشوری و سەربەخۆکان.

ئەم هاوپەیمانێتیە بەپاشەکشەیەکی بەرچاو لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩)دا تەنها (٥٩) کورسی بەدەستهێنا و بەمەش ڕێژەی دەنگەکان دابەزی بۆ (٥٧,٣٤٪) کۆدەنگی دەنگدەرانی هەرێمەکە لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا ٨٩,٥٥٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو لەبەرامبەردا گۆڕان (٢٣,٧٥٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

هەڵبەت هۆکار زۆرن بۆ ئەم پاشەکشەیە، بەشێکی بۆ ئەو لێکترازانە دەگەڕێتەوە کەهاوپەیمانێتییەکە بەخۆیەوە دەیبینی و لەئەنجامدا حزبە بچووکەکانی وەك حزبی شیوعی و سۆسیالست دیموکرات و زەحمەتکێشان لێی جیابوونەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ لێکترازانی چواریەکی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێکهێنانی بزوتنەوەی گۆڕان کە لەئەنجامدا بەشێکی زۆری دەنگەکانی ئەم بزوتنەوەیە لەسەر حسابی (ی.ن.ك) بوو کەبێگومان ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەنگی هاوپەیمانی کوردستان هەبوو. بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

بوونی ئەم بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆنەو جیابوونەوەی هەندێ قەوارەش لەهاوپەیمانێتی کوردستانی بووە مایەی جیاکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیساڵی (٢٠٠٩) لەسەرجەم پرۆسەکانی پێش خۆی و بەمەش هەرێمی کوردستان هەنگاوی بەرەو قۆناغێکی نوێی ژیانی دیموکراسی نا.

**خشتەی ژمارە (١)ی تایبەت بەهەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان ٢٠٠٩ بەگوێرەی قەوارەو دەنگ و کورسی و بەراوردکردنی بەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥**

| قەوارە سیاسییەکان | پێکهاتە | ٢٠٠٩ دەنگ | ٢٠٠٩ ڕێژەی سەدی | ٢٠٠٩ ژ. کورسی | دەنگ | ٢٠٠٥ ڕێژەی سەدی | ٢٠٠٥ ژ. کورسی | ٢٠٠٥ جیاوازی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لیستی کوردستانی | پ.د.ک<br>ی.ن.ک | ١,٠٧٦,٣٧٠ | ٥٧,٣٤ | ٥٩ | ١,٥٧٠,٦٦٣ | ٨٩,٥٥ | ٤٠٧٨٣ | ١٩ – |
| گۆڕان | گۆڕان | ٤٤٥,٠٢٤ | ٢٣,٧٥ | ٢٥ | – | – | – | ٢٥ + |
| لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری | یەکگرتوو | ٢٤٠,٨٤٢ | ١٢,٨ | ١٣ | لەناو لیستی کوردستانی | – | ٩ | ٤ – |
| | کۆمەڵ | – | – | | سەربەخۆ | – | ٦ | |
| | ئایندە (زەحمەتکێشان)/ قادر عزیز | – | – | | سەربەخۆ | – | ٢ | |
| | سۆشیالیست | – | – | | لەناو لیستی کوردستانی | – | – | |
| بزوتنەوەی ئیسلامی | – | ٢٧,١٤٧ | ١,٤٥ | ٢ | – | – | – | ٢ – |
| بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمانی | – | ١٨,٤٦٤ | ٠,٩٩ | ٣ | لەناو لیستی کوردستانی | – | – | ١ – |
| ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی | زەحمەتکێشان (م. س) | ١٥,٠٢٨ | ٠,٨٢ | ١ | ٢٠,٥٦٥ | | ١ | ٣ – |
| | شیوعی | | | | لەناو لیستی کوردستانی | | ٣ | |
| | سەربەخۆخوازان | | | | – | | – | |
| | دیموکراسیخوازان | | | | – | | – | |
| | بزوتنەوەی دیموکراسی | | | | ١٠,٩٥٣ | | – | |

# پاشبەندەکانی بەشی پێنجەم

## راپۆرتی کۆتایی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢

بەپێی بەیانی ژمارە (٣)ی کارگێڕی سەرکردایەتیی سیاسیی بەرەی کوردستانی لەرۆژی ١٩٩٢/٤/١٥ ئەم دەستەیەی ئێمە (دەستەی باڵای سەرپەرشتیی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان) دامەزرا. ئەم دەستەیە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری هەڵبژاردن و دابینکردنی پێویستییەکانی هەڵبژاردن بوو. ئەم دەستەیە بەپێی دەسەڵاتی خۆی فقرە (٢) مادده (٦)، چوار مەڵبەندی هەڵبژاردنی کردەوە:

١) هەولێر

٢) سلێمانی

٣) دهۆك

٤) کەرکوك

١. لیژنەی ئەم ناوچانە بەپێی دەسەڵاتی خۆیان لەمادده (٧)ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هەستان بەکردنەوەی بنکەی هەڵبژاردن (المراكز الأنتخابية) لەشوێنی پێویستدا، هەروەها دەستەی باڵا دەسەڵاتی ئەوەیدا بەلیژنەی ناوچەکان بۆ ئەوەی بەپێی پێویست بنکەی هەڵبژاردن بکەنەوە.

٢. لەبەرئەوەی سەرژمێری ورد لەبەردەستدا نەبووو توانای بەجێگەیاندنی سەرژمێری لەتواناداد نەبوو بۆیە دەستەی باڵا رێنمایی دەرکرد بۆ ئاسانکردنی کردەوەی هەڵبژاردن و پشتی بەحەصری سکانی بەست ئەمەش بەگوێرەی فقرە (٣)ی مادده (٦)ی یاسای ئەنجوومەن. هەر لەسەر ئەم بنەڕەتەشدا پشتمان بەو مەرەکەب و مۆرو ستامپە بەست کە لەدەرەوە را بۆ بەرەی کوردستانی هاتبوو.

٣. بەپێی تەخمینی دەستەی باڵا ژمارەی دەنگدەر لەکوردستاندا لەنێوان یەك ملیۆن تا یەك ملیۆن و سەد هەزار کەس دەبوو.

دەستەی باڵا لەماوەی یاسایی راگەیانراودا (٧) لیستەی پاڵێوراوانی بەپێی یاسا وەرگرت و دوو لیستەی رەفز کردەوە کەیەکێکیان (٢) کەس پێشکەشیان کردبووو ئەویتر لیستەی حزبی پارێزگاران بوو کەبریتی بوو لە(٣) کەس، هەروەها چوار لیستە بۆ هەڵبژاردن لەلایەن کەمە نەتەوەییە ئاشوورییەکانەوە پێشکەشی هەیئە کراون و وەرگیران. ژمارەی تێکڕای پاڵیوراوەکان (٥٨٤) کەس بوون و لەناویاندا (١٨) کەسی ئاشووری هەبوون.

٤. دوای ئەمە دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان کرایەوە کەچوار کەس خۆیان پاڵاوت و وەرگیران.

٥. ناوی لیستی پاڵێوراوانی ئەنجومەنی نیشتمانیی و رابەر لەدەزگای راگەیاندنە جۆربەجۆرەکاندا بڵاوکرانەوە.

٦. دەستەی باڵا هەموو پێویستییەکانی کردنەوەی هەڵبژاردنی جێبەجێکرد کەبریتیبوون لەمانەی خوارەوە:

- دروستکردنی کارتی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەن و بۆ رابەرو چاپکردنیان.
- دروستکردنی مۆرو سندوقی هەڵبژاردن بۆ هەموو بنکەکان و بەجێهێنانی هەموو پێویستییەکانی تر بۆ بنکەکانی هەڵبژاردن (کیس، شمع احمر، محاضر الأنتخابات).
- دەرکردنی راگەیاندن و تەعلیمات و بەیانی پێویست دەربارەی هەڵبژاردن و بڵاوکردنەوەیان لەدەزگاکانی راگەیاندندا.
- هێشتنەوەی دیعایەی هەڵبژاردن لەسنووری یاسایی خۆیداو چارەسەرکردنی هەر تەجاوزو خەرقێك کە لەم بارەیەوە روویدابێ.
- سەردانی مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن بۆ سەرپەرشتی لەجێبەجێکردنی کەموکورتییەکاندا.
- بەستنی پێوەندی لەگەڵ ناوچەکانی هەڵبژاردن بەهۆی دەزگای بێ‌سیم و بەشێوەیەکی بەردەوام.
- گرتنی چەندین کۆنگرەی رۆژنامەنووسی لەگەڵ رۆژنامەنووسانی بیانی و ناوەوەداو جێبەجێکردنی کۆمەڵە دیدەنی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان و بیانی، بەستنی کۆمەڵێ کۆڕی تەلەفزیۆنی بۆ روونکردنەوەی رێنوێنییەکانی دەستەی باڵا لەبارەی هەڵبژاردن.
- تەنسیقکردن لەگەڵ پۆلیس بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایش لەرۆژی هەڵبژاردندا.
- پێشوازی لەچاودێرە بێگانەکان و ناردنیان بۆ بنکەکانی هەڵبژاردن کەژمارەیان (٤٦) چاودێربوون و (١١) یان پارلەمانی بوون.
- سەرەتا وابڕیاربوو کەهەڵبژاردن لەرۆژی ١٩٩٢/٥/١٧دا جێبەجێ ببێ، بەڵام پێش ئەو مێژووە بۆمان دەرکەوت کەئەو مەرەکەبەی بۆ هەڵبژاردنەکە پشتی پێ بەستراوە مەرەکەبێکی بێ کەڵکە بۆیە لەپێناو چارەسەربوونی ئەم گیروگرفتە دەستەی باڵا پێوەندیی بەسەرکردایەتیی سیاسی کرد. لەهەمان کاتدا پێوەندیی بەئەندازیارانی معمل نسیج و مامۆستایانی کولیەی علوم کرد بۆ ئەوەی لەنهێنی سڕانەوەی مەرەکەبەکە بکۆڵنەوە.

- سەرکردایەتی سیاسی بڕیاریدا هەڵبژاردنەکە بۆ ماوەی (٤٨) سەعات دوابخا بۆئەوەی لەم ماوەیەدا مەرەکەبێکی تر دروست بکرێ لەلایەن ئەو مامۆستایانەی کولیەی علوم کەخۆیان بەڵێنیان بەسەرکردایەتی سیاسیدا بۆئەوەی لەماوەی دیاریکراودا مەرەکەبێکی ئەوتۆ دروست بکەن کەنەسڕێتەوە.
- تاقیکردنەوەی پێویست لەسەر مەرەکەبەکە کراو ئەو مامۆستایانەی کەمەرەکەبەکەیان دروستکردبوو سوێند دران بۆ ئەوەی نهێنیی ئەم مەرەکەبە بەکەس نەڵێن.
- ئەم مەرەکەبە تازەیەو تەعلیماتی بەکارهێنانەکەی بەسەر ناوچەکانی هەڵبژاردن دابەشکرا بۆ ئەوەی ئەوانیش بۆ بنکەکانی خۆیانی ڕەوانە بکەن.
- ڕۆژی هەڵبژاردن ١٩٩٢/٥/١٩ لەسەعات هەشتی بەیانی تا (١٢)ی شەو هەڵبژاردن بەردەوام بوو لەسەرتاسەری کوردستاندا، پێشوازییەکی لەرادەبەدەر لەلایەن جەماوەرەوە بۆ هەڵبژاردنەکە کرا.
- لەرۆژی هەڵبژاردندا دیاردەی چەکداری زۆر کزبووو پۆلیسی کوردستان دەستی کێشابوو بەسەر هێمنی و ئاسایشدا.
- پۆلیس و پێشمەرگەو جەماوەر هاوکاربوون لەرۆژی هەڵبژاردنەکەداو ئەو گیروگرفتانەی لەم رۆژەدا روویاندا زۆر کەم بوون. قسەی چاودێرە بیانییەکان شایەدی ئەم راستییەن.

### ئەو گیروگرفتانەی لەم هەڵبژاردنەدا هەبوون:

١. بۆمان دەرکەوت لەئەنجامی کەموکورتی لەجێبەجێکردنی ئەو تەعلیماتەی بۆ بەکارهێنانی مەرەکەبەکە داندرابوو لەهەندێك حاڵەتدا مەرەکەبەکە سڕابووەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی هەندێ ڕێگای سەیرو لەئەقڵ بەدەر لەلایەن هەندێ کەسەوە وەك تێزاب و تەنەرو مەسحووقی قاصر، ئەمەش لەپێناو ئەوەی کەدووجار بتوانن دەنگبدەن. بەڵام ئەو پڕوپاگەندەیەی لەدژی ئەم حاڵەتە بڵاوکرابووەوەو موبالەغەیەکی زۆری تێدا کرابوو، ئەمەش لەسەر بنەڕەتی ئەوەی کەقەرەباڵغی لەبنکەکانی هەڵبژاردندا بەشێوەیەکی ئەوتۆ بووە کەدەنگدانی یەکجار زەحمەت بووو کاتێکی زۆری دەویست چ جای ئەوەی دووجار یان زیاتر. سەرەڕای ئەمەش ئەوانەی لەدووجار دەنگداندا گیرابوون زۆر کەمبوون.

٢. کەمیی بنکەکانی هەڵبژاردن:

هۆی ئەم کەمییە بۆ لیژنەی ناوچەکانی هەڵبژاردن دەگەڕێتەوە لەبەرئەوەی دەستەی باڵا دەسەڵاتی ئەوەی بەلیژنەکان دابوو کە بەپێی پێویستی خۆیان بنکە بکەنەوەو ئێمەش هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابین بکەین.

٣. نەبوونی نهێنی لەدەنگداندا:

هۆی یەکەمی ئەم گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەژمارەیەك لەخەڵکی کوردستان نەخوێندەوارن. یاسای هەڵبژاردن لەفقرە (٢) مادده (٢٩) ڕێگای ئەوەی داوە نەخوێندەوار بەیارمەتی خەڵکی ترەوە دەنگبدا. هۆیەکی تریش ئەوە بوو کەبەرپرسیاری بنکەکانی هەڵبژاردن خۆیان بایەخیان بەم لایەنە دابووو ئێمە پێمان ڕاگەیاندبوون کەکابینە دروست بکەن.

لەڕۆژی هەڵبژاردندا هیچ ئاژاوەو پەشێویەکی ئەوتۆ ڕوووینەدا کەکار لەهەڵبژاردنەکە بکا یا ببێتە هۆی ئەوەی ڕوداوی دڵتەزێن ڕوو بدەن. بەپێچەوانەوەو بەشایەدی چاودێرە بیانییەکان کوردستان لەو ڕۆژەدا زۆر هێمن و ئارام بووەو ئاژاوەی کەم بووە.

٤. پێشوازی خەڵك بۆ هەڵبژاردنەکەو هاوکارییان بۆ سەرکەوتنی بوو، بووە مایەی بەختەوەری و شادمانی بۆ تێکڕایی خەڵك و دڵخۆشبوونی چاودێرە بیانییەکان بەو بارودۆخە دیموکراسییەی کەگەلی کوردستان تیایدا دەژی. خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستییەیان دەزانی کەبەشێکی گەورەی کێشەی میللەتەکەمان لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەم هەڵبژاردنە بەستراوەتەوەو لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا چاوی هومێدی تێ گیراوە.

٥. دوای تەواوبوونی کاتی یاسایی لە(١٢)ی شەوی ١٩٩٢/٥/١٩. جوداکردنەوەی دەنگەکان لەبنکەکانی هەڵبژاردن دەستی پێکرد. بەڵام گیروگرفتی هاتوچۆو ڕێگاوبان بووە هۆی ئەوەی کەئەنجامی هەڵبژاردنەکە لەماوەیەکی درەنگ بگەنە دەستەی باڵا.

٦. دەستەی باڵا دوای کۆکردنەوەی دەنگی هەر لیستێك بۆ هەر چوار مەڵبەندەکەی هەڵبژاردن بۆی دەرکەوت کەئەنجامەکان بەم شێوەی خوارەوەن:

## دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان

**ئەنجامە راستەقینەکان**

**ئەنجامی دابەشکردنی کورسییەکانی پارلەمانی کوردستان**

| ژمارەی دەنگدەران | دەنگە بەتاڵەکان | دەنگە راستەقینەکان |
|---|---|---|
| ٩٧١,٩٥٣ | ٤,٧٢٤ | ٩٦٧,٢٢٩ |

| تێکڕای هەڵبژاردن- ژمارەی دەنگەکانی هەر کورسییەک |
|---|
| ٩٧١٩,٥٣ |

| ڕێژەی سەدی | ژمارەی دەنگەکان | لیستەکان |
|---|---|---|
| ٤٥,٠٥١ | ٤٣٧٨٧٩ | ١ |
| ٤٣,٦٠٦ | ٤٢٣٨٣٣ | ٧ |
| ٥,٠٥٢ | ٤٩١٠٨ | ٥ |
| ٢,٥٦ | ٢٤٨٨٢ | ٢ |
| ٢,١٧٣ | ٢١١٢٣ | ٤ |
| ١,٠١٨ | ٩٩٠٣ | ٣ |
| ٠,٥١٥ | ٥٠١ | ٦ |
| ڕێژەی سەدی | ژمارەی ئەو دەنگانەی سەدی حەوت یان زیاتریان هێناوە | |
| ٨٩,١٤٣ | ٨٦١٧١٢ | |
| ڕێژەی سەدی | ژمارەی ئەو دەنگانەی سەدی حەوتیان بەدەستنەهێناوە | |
| ١٠,٨٥٦ | ١٠٥٥١٧ | |

| ژمارەی کورسییە ماوەکان | | ژمارەی کورسییە گیراوەکان | |
|---|---|---|---|
| ١ | | ٩٩ | |
| دەنگە کۆتاییەکان | دەنگە زیادکراوەکان | دەنگە سەرەتاییەکان | لیستەکان |
| ٤٩١٤٩٧,٥ | ٥٣٦١٨,٤٧ | ٤٣٧٨٧٩ | ١ |
| ٤٧٥٧٣١,٦ | ٥١٨٩,٥٣ | ٤٢٣٨٣٣ | ٧ |
| ٩٦٧٢٢٩ | ١٠٥٥١٧ | ٨٦١٧١٢ | گشتی |

**ئەنجامە کۆتاییەکان بەم شێوەیە بوون:**

| ڕێژەی سەدی کورسییەکانی ئەنجومەن | ڕێژەی سەدی دەنگە بەرکەوتووەکان | ژمارەی دەنگەکان دوای زیادکردن | دەنگە سەرەتاییەکان | لیستەکان |
|---|---|---|---|---|
| ٥١ | ٥٠,٨١٥ | ٤٩١٤٩٧,٥ | ٤٣٧٨٧٩ | ١ |
| ٤٩ | ٤٩,١٨٥ | ٤٧٥٧٣١,٦ | ٤٢٣٨٣٣ | ٧ |

٧. لەکۆبوونەوەی هاوبەشی سەرکردایەتیی سیاسیو دەستەی باڵا شەوی (٢٢/٢١ – ٥– ١٩٩٢) لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کەدەستەی باڵا ئەنجامەکان بڵاونەکاتەوە تا سەرکردایەتیی سیاسی بڕیار لەسەر هەندێ شتی پێویست نەدا.

٨. ئێوارەی ١٩٩٢/٥/٢٣ دەستەی باڵا بانگکرا لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسییەوە. بەسەرۆکی دەستە ڕاگەیەنرا کەسەرکردایەتیی پارتیو یەکێتیی لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کەڕێژەی بەشداری ئەم دوو لایەنە لەئەنجوومەندا وەکو یەک بێت واتە پەنجا بەپەنجا ئەمەش بەپێیی ئەم لیستەی خوارەوە:

**دەستەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان**

**ئەنجامە بڵاوکراوەکان لەکۆنگرە ڕۆژنامەنوسییەکەدا**

| ژمارەی دەنگدەران | دەنگە بەتاڵەکان | دەنگە ڕاستەقینەکان |
|---|---|---|
| ٩٦٢١٧١ | ٤٧٠٢ | ٩٥٧٤٦٩ |

| تێکڕای هەڵبژاردن– ژمارەی دەنگەکانی هەر کورسییەک |
|---|
| ٩٦٢١,١٧ |

| ڕێژەی سەدی | ژمارەی دەنگەکان | لیستەکان |
|---|---|---|
| ٤٤,٥١٧ | ٤٢٨٣٣٩ | ١ |
| ٤٤,٠٣٣ | ٤٢٣٦٨٢ | ٧ |
| ٥,١٠٠ | ٤٩٠٧٣ | ٥ |
| ٢,٥٨٤ | ٢٤٨٦٧ | ٢ |
| ٢,١٩٣ | ٢١١٠٦ | ٤ |
| ١,٠٢٩ | ٩٩٠٢ | ٣ |
| ٥,١٩٦ | ٥٠٠ | ٦ |

| ڕێژەی سەدی | ژمارەی ئەودەنگانەی سەدی حەوت زیاتریان هێناوە |
|---|---|
| ٨٩,٠٤٠ | ٨٥٢٠٢١ |
| ڕێژەی سەدی | ژمارەی ئەو دەنگانەی کەمتر لەسەدی حەوتیان هێناوە |
| ١٠,٩٥٩ | ١٠٥٤٤٨ |

| ژمارەی کورسییە ماوەکان | ژمارەی کورسییە گیراوەکان |
|---|---|
| ١ | ٩٩ |

| دەنگە کۆتاییەکان | دەنگە زیادکراوەکان | دەنگە سەرەتاییەکان | لیستەکان |
|---|---|---|---|
| ٤٨١٣٥١,٢ | ٥٣٠١٢,١٩ | ٤٢٨٣٣٩ | ١ |
| ٤٧٦١١٧,٨ | ٥٢٤٣٥,٨٥ | ٤٢٣٦٨٢ | ٧ |
| ٩٥٧٤٦٩ | ١٠٥٤٤٨ | ٨٥٢٠٢١ | گشتی |

| ڕژەی سەدی کورسیانی ئەنجومەن | ڕێژەی سەدی دەنگە زیادکراوەکان | ژمارەی دەنگەکان دوای زیادکردن | دەنگە سەرەتاییەکان | لیستەکان |
|---|---|---|---|---|
| ٥٠ | ٥٠,٢٧٣ | ٤٨١٣٥١,٢ | ٤٢٨٣٣٩ | ١ |
| ٥٠ | ٤٩,٧٢٦ | ٤٧٦١١٧,٨ | ٤٢٣٦٨٢ | ٧ |

٩. ئەم ڕێککەوتنە (بەپێی تێگەیشتنی دەستەی باڵا) کارێکی مێژوویی گەورەبووو بووە هۆی ڕزگاربوون لەمەترسییەکی گەورە کەهەڕەشەی لەبارودۆخی ئێستای کوردستان دەکرد. ئەم ڕێککەوتنە بۆ ئێمە کارێکی پیرۆز بوو لەپێناو پاراستنی یەکێتی گەل و ریزەکانی لەکوردستاندا.

١٠. سەرۆکی دەستەی باڵا وەك سەرکردایەتیی هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی پێیان ڕاگەیاندبوون بەئامادەبوونی کاك (مەسعودبارزانی) و بەڕێز (مام جەلال) بۆ دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسانی خۆمانەو بیانی ڕاگەیاند (واتە پەنجا بەپەنجا).

١١. بڵاوبوونەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیە بووە مایەی خۆشی و ئاهەنگێڕانی خەڵکی کوردستان.

١٢. تائێستا ئەو راپۆرت و هەواڵ و وتارانەی دەزگاکانی رۆژنامەنووسانی بیانی لەبارەی ئەم هەڵبژاردنەوە بڵاویانکردۆتەوە، ئێمە بیستوومانە بەهەڵبژاردنێکی سەرکەوتوویان لەقەڵەم داوە.

١٣. دەستەی باڵا لەکاروبارەکانی خۆیدا (خلیل محمد حسن)ی بەڕێوەبەری (أحصاء)ی کردە راوێژکارو کاك خلیل لەتصمیمی کارتەکان و محازەرەی دەنگدان و دەرکردنی رێنماییەکان یارمەتی دەستەی باڵای دا.

**کۆتایی:**

١. دەستەی باڵا لەسەرەتای کاریەوە تادوایی بەوپەڕی لەخۆبووردوویی و نیازپاکی و گیانی کوردایەتییەوە کاری کردووەو سەرەڕای نەبوونی زۆر ئیمکانیات توانیوویەتی هەڵبژاردنەکە بەم شێوەیە ئەنجامبدات کە لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستاندا ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە.

هەر کەموکورتیەك کەلەم بارەیەوە روویدابێ بەهۆی بێئیمکانیاتی و بێکاتی و پێڕانەگەیشتن نەبووەو لەبەرژەوەندی تێکڕای گەلی کورد بەولاوە هیچ بەرژەوەندێکی تر لەبەرچاو نەگیراوە.

٢. دەستەی باڵا هەڵبژاردنەکە بەکارێکی سەرکەوتوو دەزانێ و پێشوازیی خەڵك لەهەڵبژاردنەکەو ئەنجامەکەی بەگەورەترین دەسکەوت دەزانێ بۆ گەلی کوردو بەهیوای ئەوەیە کە لەداهاتوودا ئەو گیروگرفتانە چارەسەربێن کەئەمجارە هەبوون.

أمیر عبدالکریم حوێزی- سەرۆکی دەستەی باڵا.

فؤاد صابر رشید- مدعی عام.

رشید مصطفی کاکە عبدالکریم- پارێزگاری هەولێر.

جمال تاهر بکر- ئیعترازم هەیە لەسەر بڵاوکردنەوەی قائیمەی یەکەم لەبەرئەوەی قائیمەی دووەم شەرعیەتی خۆی وەرگرتووەو لەلایەن دەستەی باڵا بڵاوکرایەوە لەبەردەم هەموو وەسائلی ئیعلامی دەرەوە لەشەوی ٢٢-١٩٩٢/٥/٢٣و بەئامادەبوونی بەڕێزان (مام جەلال و کاك مەسعود) لەبارەگای کارگێڕی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بەبێ هیچ ئیعترازێك لەلایەن هیچ کەسێکەوە لەهەموو لایەکیش پەسەند کرا، بۆیە هیچ سەبەبێك نییە کەنەتیجەکە دەسکاری بکرێت و ئەوەی سەرۆکی دەستە ئیعلانی کردووە هەر ئەو نەتیجەیە موعتەبەرە.

کریم سولطان سنجاری- ئیعترازم هەیە لەسەر بڵاوکردنەوەی قائیمەی (٢)، چونکە ئێمە لەلایەن کارگێڕی بەرە تەبلیغ نەکرابووین کەشتێکی وا ئامادەبکەین و ئەوەکرا تەلەفۆنی

مامۆستا چەتۆو هەروەها لەکاتی ئامادەکردنی ئەم لیستە من ئیعترازی خۆم پیشاندا، چونکە لەلایەن حزبی خۆم لەلایەن کارگێڕ ئاگادار نەکرابووین بۆ ئەم مەبەستە. ئەمە شتێکی قانوونی نییە.

کریم سنجاری- نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان.

بدران احمد حبیب.

جمیل عبدالله خۆشناو- ئیحتیفاز دەکەم لەسەر شێوەی هەڵبژاردنەکەو تەمەسوک دەکەم بەو راپۆرتانەی لەلایەن نوێنەرانی حزبمان پێشکەش کراون بۆ لیژنەی باڵا.

تێبینی: ئەم راپۆرتە نابێ بڵاوبکرێتەوە.

## ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ١٩٩٢
## لیستی پاڵێوراوان

| ش | ناوی لیست | ژمارەی دەنگەکان | ڕێژەی سەدی | ژمارە زیادکراوەکە | ڕێژەی سەدی دوای زیادکرد | ژمارەی کورسییەکان | ژمارەی کورسییەکان دوای گۆڕانکاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٣٧٨٧٩ | ٪٤٥,٢٧١ | ٢٢٧ | ٪٤٥,٠٧٧ | ٤٥ | |
| ٢ | حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك (یەکگرتن) | ٢٤٨٨٢ | ٪٢,٥٧٢ | ١٣ | ٪٢,٥٦ | ٢ | +١ |
| ٣ | گەل | ٩٩,٣ | ٪١,٠٢٣ | ٥ | ٪١,٠١٨ | ١ | |
| ٤ | دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان شیوعی و بێلایەنەکان | ٢١١٢٣ | ٪٢,١٨٣ | ١١ | ٪٢,١٧٤ | ٢ | |
| ٥ | ئیسلامی | ٤٩١,٨ | ٥,٠٧٧ | ٢٥ | ٪٥,٠٥٥ | ٥ | |
| ٦ | دیموکراسی خوازە بێلایەنەکان | ٥٠١ | ٪٠,٠٥١٧ | X | | | |
| ٧ | یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | ٤٢٣٨٣٣ | ٪٤٣٠٨١ | ٢٢٠ | ٪٤٤,٦٣ | ٤٣ | +١ |
| | ژمارەی دەنگە ڕاستەکان | ٩٦٧٢٢٩ | ١٠٠=٪٩٩,٩٨ | ١٠٥ | | ٩٨ | ٢ |
| | ژمارەی دەنگە بەتاڵەکان | ٤٧٢٤ | | | | = | ١٠٠ |
| | ژمارەی گشتی دەنگدەران | ٩٧١٩٥٣ | | | | | |

**ناوەندی هەڵبژاردن = ٩٧١٩**

## لیستی ناوی پاڵێوراوانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ١٩٩٢

| ژ. | ناوو نازناو | شوێن و مێژووی لەدایکبوون | خوێندن | لایەنی سیاسی | ناوچەی هەڵبژاردن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | ئەبوبەکر حاجی صەفر غلام | پێنجوین/١٩٩٤ | ناوەندی | یەکێتیی | سلێمانی |
| ٢. | ئەبوبەکر مستەفا سەعید | هەولێر/١٩٥٣ | ئامادەیی کشتوکاڵی | یەکێتی | هەولێر |
| ٣. | ئەبوبەکر محەمەد حاجی (مەلا شاخی) | کەرکوك/ ١٩٥٣ | خوێندنگای ئایینی | یەکێتی | خانەقین وکەرکوك |
| ٤. | ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی | بامەڕنی/ ١٩٥١ | دکتوراه | یەکێتی | نەینەوا/ دهۆك |
| ٥. | ئەحمەد عەلی ئەحمەد دزەیی | هەولێر/ ١٩٣٣ | پارێزەر | بێ لایەن | هەولێر |
| ٦. | ئەحمەد عەبدولڕەحمان داود قەساب | هەولێر/ ١٩٤٥ | بەکالۆریۆس | یەکێتی | هەولێر |
| ٧. | ئەحمەد شەریف عەلی | هەولێر/ ١٩٤٢ | بەکالۆریۆس | بێ لایەن | هەولێر |
| ٨. | ئەحمەد تاهیر ئەحمەد نەقشبەندی | هەولێر/ ١٩٣٦ | بەکالۆریۆس | بێ لایەن | هەولێر |
| ٩. | ئەرسەلان بایز ئیسماعیل | هەولێر/ ١٩٥٠ | بەکالۆریۆس | یەکێتی | هەولێر |
| ١٠. | ئیسماعیل ئیبراهیم مەردان | خانەقین/ ١٩٥١ | ناوەندی | یەکێتی | خانەقین/ کەرکوك |
| ١١. | ئایاد حاجی نامق مەجید بەقاڵ | هەولێر/ ١٩٦٢ | بەکالۆریۆس | بێ لایەن | هەولێر |
| ١٢. | بەکر ئەحمەد یەعقوب | هەولێر/ ١٩٥٠ | ئامادەی کشتوکاڵی | یەکێتی | هەولێر |
| ١٣. | بەهیە شێخ مەعروف ئەحمد بەرزنجی | سلێمانی/١٩٢٤ | خانەی مامۆستایان | یەکێتی | سلێمانی |
| ١٤. | پەری خان مەحمود عەبدولقادر شەمام | سلێمانی/١٩٥٦ | بەکالۆریۆس | یەکێتی | سلێمانی |
| ١٥. | جەلال جەوهر عەزیز | دبس/ ١٩٥٤ | بەکالۆریۆس | یەکێتی | کەرکوك/ خانەقین |
| ١٦. | جەلال شەفیق عەلی | سلێمانی/١٩٣٦ | دکتوراه | بی لایەن | سلێمانی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧. | جەعفەر مستەفا عەلی | قەرەداغ/ ١٩٥٠ | خوێندکاری ئامادەیی | یەکێتی | سلێمانی |
| ١٨. | چەتۆ رەئوف محەمەد | کۆیە /١٩٥١ | خانەی مامۆستایان | یەکێتی | هەولێر |
| ١٩. | حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی | سەرسەنگ/١٩٥١ | بەکالۆریۆس یاسا | یەکێتی | دهۆک/ نەینەوا |
| ٢٠. | حەسەن حەمید رەحیم (مام روستم) | کەرکوک / ١٩٤٩ | سەرەتایی | یەکێتی | کەرکوک |
| ٢١. | حەسەن کانبی خزر بلباس | رانیە /١٩٢٤ | بەکالۆریۆس یاسا | بی لایەن | سلێمانی |
| ٢٢. | حەسەن عەبدول کەریم زەمان (بەرزنجی) | هەولێر/ ١٩٤٢ | بەکالۆریۆس یاسا | بێ لایەن | هەولێر |
| ٢٣. | حەسەن ئەحمەد عەبدوڵڵا (کوێستانی) | گەلاڵە /١٩٥٤ | ناوەندی | یەکێتی | هەولێر |
| ٢٤. | حسین جنبلی عەبدوڵڵا | زاخۆ/ ١٩٤٦ | بەکالۆریۆس یاسا | بێ لایەن | سلێمانی |
| ٢٥. | حسین عارف عەبدولکەریم | سلێمانی/ ١٩٣٦ | بەکالۆریۆس قانون | بێلایەن | سلێمانی |
| ٢٦. | حکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار) | خانەقین/ ١٩٥٤ | ناوەندی | زەحمەتکێشان | کەرکوک/ خانەقین |
| ٢٧. | حەیدەر ئیسماعیل عەبدوڵڵا | هەولێر/ ١٩٥٣ | بەکالۆریۆس | یەکێتە | هەولێر |
| ٢٨. | خەسرەو گوڵ محەمەد مەلیك | خانەقین / ١٩٤٩ | بەکالۆریۆس | یەکێتی | کەرکوك / خانەقین |
| ٢٩. | رزگار کاکل محەمەد | سلێمانی/١٩٥٨ | پەیمانگا | یەکێتی | کەرکوك / خانەقین |
| ٣٠. | رەئووف فەرەج محەمەد | هەڵەبجە / ١٩٤٣ | خانەی مامۆستایان | بێلایەن | سلێمانی |
| ٣١. | رەئووف کامل رەئووف | ئاکرێ / ١٩٥١ | بەکالۆریۆس | یەکێتی | دهۆك/ هەولێر |
| ٣٢. | سەعدی ئەحمەد محەمەد | هەولێر / ١٩٤٩ | بەکالۆریۆس | یەکێتی | هەولێر |
| ٣٣. | سەعید تەحسین بەگ سەعید | شیخان/ ١٩٥٧ | ناوەندی | بێ لایەن | دهۆك / نەینەوا |
| ٣٤. | سەعید علی خان عبدیئسلیڤانی | زاخۆ/ ١٩٥١ | بەکالۆریۆس | بێ لایەن | دهۆك/ نەینەوا |
| ٣٥. | سەلام کەریم خان مەحمود خەلیفە | سیدکان/ ١٩٦١ | بەکالۆریۆس | بی لایەن | هەولێر |
| ٣٦. | سیروان محەمەد | هەڵەبجە /١٩٤٧ | کۆلیژی سەربازی | یەکێتی | کەرکوك/ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | عەبدولمەجید نەورلی | | | | خانەقین |
| ٣٧. | شالاو عەلی عەبدوڵڵا عەسکەری | کەرکوک/ ١٩٦١ | دبلۆمی وەرگێران | یەکێتی | کەرکوک/ خانەقین |
| ٣٨. | شەوکەت حاجی مشیر محەمەد | هەڵەبجە/ ١٩٤٧ | ناوەندی | یەکێتی | سلێمانی |
| ٣٩. | شێرکۆ فائق عەبدوڵڵا بێکەس | سلێمانی/ ١٩٤٠ | ئامادەیی | بێ لایەن | سلێمانی |
| ٤٠. | صەباح حسین عوسمان | کەرکوک/١٩٥٦ | بەکالۆریۆس | زەحمەتکێشان | کەرکوک/ خانەقین |
| ٤١. | صەلاحەدین عەبدول حەمید عەبدوڵڵا | کفری / ١٩٥٦ | بەکالۆریۆس | بێ لایەن | کرکوک/ خانەقین |
| ٤٢. | صەلاحەدین مستەفا ئیبراهیم دۆسکی | سەرسەنگ/١٩٥٥ | بەکالۆریۆس قانون | بێ لایەن | دهۆک/ نەینەوا |
| ٤٣. | صەلاحەدین محەمەد حەسەن حەفید | سلێمانی/ ١٩٣٤ | دکتۆراه | بێ لایەن | سلێمانی |
| ٤٤. | صەمەد عەبدوڵلا مەحمود (بەڵێن) | هەولێر/ ١٩٥٧ | ئامادەیی | زەحمەتکێشان | هەولێر |
| ٤٥. | تەها محەمەد تەها (مەلا) | هەولێر/ ١٩٢٥ | زانای ئایینی | بێ لایەن | هەولێر |
| ٤٦. | گارق محەمەد سەعید جامباز | هەولێر / ١٩٤٨ | خانەی مامۆستایان | بێ لایەن | هەولێر |
| ٤٧. | عەبدوڵڵا رەسوڵ عەلی (کۆسرەت) | هەولێر/١٩٥٢ | پەیمانگای کشتوکاڵی | یەکێتی | هەولێر |
| ٤٨. | عەبدوڵڵا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵڵا (حاجی) | قەڵادزە/ ١٩٥٠ | ناوەندی | یەکێتی | سلێمانی |
| ٤٩. | عەبدوڵڵا عومەر بابەکر | ماوەت/ ١٩٥٠ | خانەی مامۆستایان | یەکێتی | سلێمانی |
| ٥٠. | عەبدو حاجی ئیسماعیل بابە شێخ | شێخان/ ١٩٥٥ | بەکالۆریۆس یاسا | یەکێتی | دهۆک/ نەینەوا |
| ٥١. | عەبدول حەمید حەسەن خەلیل | ئامێدی/ ١٩٤٠ | بەکالۆریۆس | یەکێتی | دهۆک/ نەینەوا |
| ٥٢. | عەبدول جەبار فەرمان عەلی ئەکبەر | خانەقین/ ١٩٤٨ | خانەی مامۆستایان | یەکێتی | کەرکوک/ خانەقین |
| ٥٣. | عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە | کەرکوک/ ١٩٤١ | پەیمانگای پیشەسازی | زەحمەتکێشان | کەرکوک/ خانەقین |
| ٥٤. | عەبدولکەریم کاکە حەمە عەبدولکەریم | شەدەلە/ ١٩٤٩ | ئامادەیی | یەکێتی | سلێمانی |
| ٥٥. | بەهادین مستەفا رەسوڵ | سلێمانی/ ١٩٣٤ | دکتۆراه | بێ لایەن | سلێمانی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٦. | عەبدولمەلیك عەبدول قادر ئەحمەد كوخی | شێخان/ ١٩٣١ | سەرەتایی | بێ لایەن | دهۆك/ نەینەوا |
| ٥٧. | عەتا الله فەیسەڵ عەتا الله سورچی | ئاكرێ /١٩٦٢ | خانەی ماموٚستایان | یەكێتی | دهۆك/ نەینەوا |
| ٥٨. | عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد | كفری / ١٩٥٣ | بەكالۆریۆس | یەكێتی | كەركوك/ خانەقین |
| ٥٩. | عەلی رەسول رۆستەم | هەولێر/ ١٩٤١ | ئامادەیی | بێ لایەن | هەولێر |
| ٦٠. | عومەر سەید عەلی حسین | سلێمانی/ ١٩٤٥ | خانەی ماموٚستایان | یەكێتی | سلێمانی |
| ٦١. | عومەر عەبدوڵلا محەمەد (مولازم عومەر) | سلێمانی /١٩٤٧ | كۆلیژی سەربازی | یەكێتی | سلێمانی |
| ٦٢. | عیماد ئەحمەد سینور | خانەقین/ ١٩٥٥ | دبلۆم | زەحمەتكێشان | كەركوك/ خانەقین |
| ٦٣. | عوسمان حەسەن محەمەد دزەیی | هەولێر / ١٩٣٩ | بەكالۆریۆس | یەكێتی | هەولێر |
| ٦٤. | فائق محەمەد ئەحمەد گوڵپی | هەڵەبجە/ ١٩٥٦ | كۆلیژی پزیشكی | یەكێتی | دهۆك/ نەینەوا |
| ٦٥. | فارس عەزیز مستەفا | هەولێر/ ١٩٤٧ | كۆلیژی پۆلیس | یەكێتی | هەولێر |
| ٦٦. | فەیصەڵ فائق مستەفا عەقراوی | ئاكرێ / ١٩٥٦ | كۆلیژی سەربازی | یەكێتی | دهۆك/ نەینەوا |
| ٦٧. | قادر عەزیز محمد ئەمین | هەولێر/ ١٩٥٤ | ناوەندی | زەحمەتكێشان | هەولێر |
| ٦٨. | قادر مەمەند بابەكر ئاغا | قەڵادزە/ ١٩٤٢ | ناوەندی | یەكێتی | سلێمانی |
| ٦٩. | كافیە سلێمان عەبدوڵلا | سلێمانی/ ١٩٥٠ | بەكالۆریۆس | بێ لایەن | سلێمانی |
| ٧٠. | كەمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی | سلێمانی / ١٩٤١ | بەكالۆریۆس | یەكێتی | سلێمانی |
| ٧١. | كەمال جەلال غەریب | سلێمانی / ١٩٢٩ | بەكالۆریۆس | یەكێتی | سلێمانی |
| ٧٢. | كەمال عەبدول كەریم محەمەد فوئاد | سلێمانی / ١٩٣٢ | دكتۆراه | یەكێتی | سلێمانی |
| ٧٣. | گەلاوێژ عەبدول جەبار مەجید جەباری | كەركوك/ ١٩٥٤ | خانەی ماموٚستایان | یەكێتی | كەركوك/ خانەقین |
| ٧٤. | لەتیف عەبدول قادر صادق | رەواندوز/ ١٩٥٣ | بەكالۆریۆس زانستی ئاینی | یەكێتی | هەولێر |
| ٧٥. | محەمەد ئیسماعیل سوڵتان | قەڵادزە/ ١٩٥٠ | خانەی ماموٚستایان | یەكێتی | سلێمانی |
| ٧٦. | محەمەد ئەمین عەبول حەكیم محەمەد (مەلا) | چەمچەماڵ/١٩٤٧ | زانای ئاینی | بێ لایەن | كەركو/ خانەقین |
| ٧٧. | محەمەد تۆفیق حەمە | سلێمانی/ ١٩٥٣ | بەكالۆریۆس | یەكێتی | سلێمانی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | رەحیم | | ئەندازەیی | | |
| ٧٨. | محەمەد حەسەن عەبدولحەمید بالتە | دهۆك/ ١٩٢٥ | بەکالۆریۆس یاسا | بێ لایەن | دهۆك/ نەینەوا |
| ٧٩. | محەمەد فوئاد مەعصوم خچر (دکتور فۆاد) | کویە/ ١٩٣٨ | دکتۆراە | یەکێتیی | هەولێر |
| ٨٠. | محەمەد فازل ئەحمەد عەزیز قەفتان | سلێمانی/ ١٩٤٣ | دکتوراە | یەکێتی | هەولێر |
| ٨١. | محەمەد عەباس عەولا (شاخەوان) | هەولێر / ١٩٥٥ | ئامادەیی کشتوکاڵی | یەکێتی | هەولێر |
| ٨٢. | محەمەد هادی ئەحمەد سەربەشاخ | هەولێر/ ١٩٥٣ | کۆلیژی شورتە | بێ لایەن | هەولێر |
| ٨٣. | محسن عەلی ئەکبەر قاسم | خانەقین/ ١٩٥٠ | خانەی مامۆستایان | یەکێتی | کەرکوك/ خانەقین |
| ٨٤. | مستەفا قادر مستەفا | قەلادزە/ ١٩٥٨ | پەیمانگای کشتوکاڵی | یەکێتی | سلێمانی |
| ٨٥. | مستەفا قادر مەحمود (چاورەش) | سلێمانی/ ١٩٤٦ | ناوەندی | یەکێتی | سلێمانی |
| ٨٦. | مەحمود محەمەد ئەحمەد (مەلا فەرمان) | کەرکوك/ ١٩٥٧ | بەکالۆریۆس | یەکێتی | سلێمانی |
| ٨٧. | مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیرانی | هەولێر/ ١٩٥٦ | ئامادەیی | بێ لایەن | هەولێر |
| ٨٨. | مەناف نادر قادر (سەفین) | هەولێر/ ١٩٥٦ | ئامادەیی | یەکێتی | هەولێر |
| ٨٩. | نەوشیروان مستەفا ئەمین | سلێمانی/ ١٩٤٤ | بەکالۆریۆس زانستی سیاسی | یەکێتی | سلێمانی |
| ٩٠. | نەوشیروان فوئاد مەعروف (مستی) | سلیمانی/ ١٩٤١ | کۆلیژی سەربازی | یەکێتی | سلێمانی |
| ٩١. | ناجی محەمەد مستەفا | ئامێدی/ ١٩٣٣ | بەکالۆریۆس | بێ لایەن | دهۆك / نەینەوا |
| ٩٢. | ناصر توفیق رشید بەرواری | بەرواری/ ١٩٤٢ | ناوەندی | بێ لایەن | دهۆك/ نەینەوا |
| ٩٣. | نەجمەدین رەشید ئەمین (جوامێر) | کەرکوك/ ١٩٥٤ | ناوەندی | یەکێتی | کەرکوك/ خانەقین |
| ٩٤. | نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل (سالار) | سلێمانی/ ١٩٤٩ | خوێندکاری زانکۆ | زەحمەتکێشان | سلێمانی |
| ٩٥. | نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا | سلێمانی/ ١٩٢٧ | بەکالۆریۆس | بێ لایەن | سلێمانی |
| ٩٦. | نەسرین مستەفا کەریم مەزهەر | سلێمانی/ ١٩٢٩ | بەکالۆریۆس | بێ لایەن | سلێمانی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| .٩٧ | نەهلە محەمەد سەعداللە | هەولێر/ ١٩٥٧ | بەکالۆریۆس | بێ لایەن | هەولێر |
| .٩٨ | نعمەت عەبدوڵڵا پیرداود | هەولێر/ ١٩٥٠ | بەکلۆریۆس | بێ لایەن | هەولێر |
| .٩٩ | هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد | سلێمانی/ ١٩٤٨ | بەکلۆریۆس | یەکێتی | سلێمانی |
| .١٠٠ | یاسین محەمەد عەبدولقادر | هەولێر/ ١٩٥٥ | ئامادەیی | زەحمەتکێشان | هەولێر |

**تێبینی: زنجیرەی ناوەکان بەپێی ریزبەندی ئەلف و بێ نووسراوە و هیچ هۆیەکی تر نییە بۆ پاش و پێشخستنیان.**

## لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانی

| ژ. | ناوی سیانی | جۆری ئیش | شوێن و رۆژی لەدایک بوون | لایەنی حزبی |
|---|---|---|---|---|
| .١ | ئیبراهیم سەعید محەمەد | ئەندازیار | ١٩٤٥/ دهۆك | بێ لایەن |
| .٢ | ئیبراهیم عەبدولقادر دوغرمچی | پارێزەر | ١٩٤٦/ هەولێر | بی لایەن |
| .٣ | ئیدریس هادی صالح | دکتۆرای ئەندازیاری | ١٩٥٢/ هەولێر | بێ لایەن |
| .٤ | ئازاد عەبدولقادر دوغرمچی | جوتیار | ١٩٤٧/ سلێمانی | پارتی/ ئەندامی ل . م |
| .٥ | ئازاد فەتاح رەشید میران | ماجستێر زانستی سەربازی | ١٩٤٤/ هەولێر | بێ لایەن |
| .٦ | ئەحمەد سالار عەبدولواحد | هونەرمەند | ١٩٤٧/ سلێمانی | بێ لایەن |
| .٧ | ئەحمەد عەلی عومەر | پارێزەر | ١٩٥٧/ دهۆك | پارتی |
| .٨ | ئەکبەر حەیدەر موسا | کرێکار | ١٩٤١/ خانەقین | پارتی |
| .٩ | ئەکرەم ئەحمەد ئومرمنتك | پارێزەر | ١٩٥١/ هەولێر | پارتی |
| .١٠ | ئەکرەم عزەت نەجیب | پارێزەر | ١٩٣٠/ سلێمانی | بێ لایەن |
| .١١ | ئەکرەم محەمەد عومەر | پزیشك | ١٩٥٢/ دهۆك | بێ لایەن |
| .١٢ | ئەنوەر شکور محەمەد | مامۆستا | ١٩٥٧/ کرکوك | پارتی |
| .١٣ | سەید بابا رەسول سەید نوری بەرزنجی | جوتیار | ١٩٣٣/ سلێمانی | بێ لایەن |
| .١٤ | بارزان خالد عەزیز | کادری حزبی | ١٩٤٥/ هەولێر | پارتی |
| .١٥ | بەختیار حەیدەر عوسمان | پارێزەر | ١٩٥٢/ هەولێر | پارتی |
| .١٦ | بورهان عەلی محەمەد رەشید | پارێزەر | ١٩٥٤/ کەرکوك | بێ لایەن |
| .١٧ | تاڤگە حەسەن نەقشەبەندی | پزیشك | ١٩٥٩/ کەرکوك | بێ لایەن |
| .١٨ | د. جەرجیس حەسەن عەبدوڵڵا | دکتۆرای مێژوو | ١٩٤٥/ موسڵ | پارتی/ ئەندام ل. م |
| .١٩ | جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعوزیز سەرکان | ئەندازیاری کشتوکاڵی | ١٩٤٩/ سلێمانی | پارتی |
| .٢٠ | بلال سەلیم خۆشناو | ئەندازیار | ١٩٤٧/ هەولێر | بێ لایەن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١. | جەمیل عەبدی جەمیل سندی | ئابووری | ١٩٥٢/ دهۆك | بێ لایەن |
| ٢٢. | جەعفەر ئەحمەد شاواز گەڵاڵی | پارێزەر | ١٩٥٦/ خانەقین | بێ لایەن |
| ٢٣. | جەوهەر نامق سالم | ئابووری | ١٩٤٦/ کەرکوك | پارتی/ئەندامی ل.م |
| ٢٤. | نادر محەمەد قادر قەڵادزەیی | کادری حزبی | ١٩٥٢/ سلێمانی | پارتی |
| ٢٥. | حەسەن حسین بەفری | پزیشك | ١٩٦٢/ کەرکوك | پارتی/ئەندامی ل.م |
| ٢٦. | حەسەن ساڵح ئاغا روستەم خان | دەرچوی کۆلیژی پزیشکی | ١٩٥٦/ سلێمانی | پارتی |
| ٢٧. | حسین عەلی کەمال ئەحمەد فەهمی | پارێزەر | ١٩٦١/سلێمانی | بێ لایەن |
| ٢٨. | د. حمە نەجم حەمە فەرەج جاف | دکتۆرای پزیشك | ١٩٤٦/ هەولێر | بێ لایەن |
| ٢٩. | حەلیمە حسین محەمەد بارزانی | پارێزەر | ١٩٥٨/ هەولێر | بێ لایەن |
| ٣٠. | حەمە عەلی تۆفیق میرزا فەتاح (عەلی تۆفیق هەورامی) | پێشمەرگە | ١٩٤٣سلێمانی | پارتی |
| ٣١. | حەمید سەلیم میران | ئەندازیار | ١٩٣٩سلێمانی | بێلایەن |
| ٣٢. | خەیری سەعید عەلی بەگ یەزیدی | سەرۆکی یەزیدی رۆحی | ١٩٣٩موسڵ | بێلایەن |
| ٣٣. | رەجەب شەعبان تەیب | مامۆستا | ١٩٤٦موسڵ | پارتی |
| ٣٤. | رەزوان کەمال سالح | مامۆستا | ١٩٤٧کەرکوك | بێلایەن |
| ٣٥. | رەقیب حوسین مەلا | پارێزەر | ١٩٢٧هەولێر | بێلایەن |
| ٣٦. | د. رۆژنوری سدیق شاوێس | دکتۆرای هەندەسی | ١٩٤٧سلێمانی | ئەندامی پارتی |
| ٣٧. | زەهرا حاجی تەها رەسول | مامۆستا | ١٩٥١دهۆك | بێلایەن |
| ٣٨. | سەرتیپ محەمەد حوسین | بەکالۆریس علوم | ١٩٥٥کەرکوك | پارتی |
| ٣٩. | سەعید محەمەد سەعید هروری | پارێزەر | ١٩٤٣دهۆك | بێلایەن |
| ٤٠. | سەفر محەمەد حوسین دۆسکی | قازی | ١٩٤٩دهۆك | بێلایەن |
| ٤١. | عەبدولەتیف مەولود عەبدوالکەریم (مەلا لەتیف..) | ئیمام و خەتیب | ١٩٤٤سلێمانی | بێلایەن |
| ٤٢. | سوارە ئەحمەد ئەمین (سوارەی حەمەدەمین ئاغا) | پێشمەرگە | ١٩٤٧سلێمانی | بێلایەن |
| ٤٣. | سەلیم عەلی حاجی | عەمیدی کۆلیژ | ١٩٤٣دهۆك | بێلایەن |
| ٤٤. | شەفیق ئەمین محەمەد | کادری حزبی | ١٩٣٩هەولیر | پارتی |
| ٤٥. | شەفیقە فەقی عەبدوالله | بەرێوەبەری ناوەندی | ١٩٥٤سلێمانی | بێلایەن |
| ٤٦. | شێروان ناسح حەیدەر | پارێزەر | ١٩٤٥هەولێر | بێلایەن |
| ٤٧. | مەلا تەلحە سەعید قەرەنی | ئیمام و خەتیب | ١٩٣٠هەولێر | بێلایەن |
| ٤٨. | سەلاح الدین ئیبراهیم دلو | کاسب | ١٩٥٠کەرکوك | پارتی |
| ٤٩. | سەلاح مەحمود عەبدوالله عەلاف | پارێزەر | ١٩٤٢هەولێر | بێلایەن |
| ٥٠. | زاهر محەمەد ئیبراهیم | مۆسیقا ژەن | ١٩٣٩هەولێر | بێلایەن |
| ٥١. | مەلا عەبدورەحمان میر سودری | ئیمام و خەتیب | ١٩٢٥هەولێر | بێلایەن |
| ٥٢. | عەبدوالکەریم ئەبوبەکر(کاکە) | پارێزەر | ١٩٤٢هەولێر | بێلایەن |
| ٥٣. | عەبدوالعەزیز محەمەد سلێمان | جووتیار | ١٩٤٩دهۆك | بێلایەن |
| ٥٤. | عەدنان محەمەد حوسام نەقشبەندی | پارێزەر | ١٩٣٨هەولێر | بێلایەن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .٥٥ | عابد ئەحمەد هەورامی | سەربازی خانەنشین | ١٩٣٣سلێمانی | بێلایەن |
| .٥٦ | عەفان عوسمان شێخ حسام نەقشبەندی | بەڕێوەبەری قوتابخانە | ١٩٤٣سلێمانی | پارتی |
| .٥٧ | عومەر نوری محەمەد | مامۆستا | ١٩٥٤کەرکوک | بێلایەن |
| .٥٨ | فاتح محەمەد ئەمین | مامۆستا | ١٩٤٣کەرکوک | بێلایەن |
| .٥٩ | فازیل رەئوف چەقژی | کادیری حزبی | ١٩٥٣سلێمانی | پارتی |
| .٦٠ | فەرحان عەبدوالله ئاغا شەرفانی | ملاك | ١٩٥٦موسڵ | بێلایەن |
| .٦١ | فرسەت ئەحمەد عەبدوالله | پارێزەر | ١٩٤٦دهۆك | بێلایەن |
| .٦٢ | فرنسو تۆما كانون حەریری | مامۆستا | ١٩٣٧هەولێر | پارتی |
| .٦٣ | فەلەكەدین سابر كاكانی | نووسەر | ١٩٤٣دهۆك | پارتی/ئەندام ل.م |
| .٦٤ | فەوزیە عزەدین رەشید | بەکالوریۆس ئاداب- نووسەر | ١٩٥٣کەرکوک | بێلایەن |
| .٦٥ | قادر رەئوف مەجید | پارێزەر | ١٩٥٢سلێمانی | بێلایەن |
| .٦٦ | قاسم محەمەد قاسم(د. رزگار) | پزیشکی بەیتەری | ١٩٥١دهۆك | پارتی |
| .٦٧ | قەیس دیوالی سەعید دۆسكی | دكتۆرای قانونی | ١٩٥٧دهۆك | بێلایەن |
| .٦٨ | كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی | پارێزەر | ١٩٣٩هەولێر | بێلایەن |
| .٦٩ | كانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی | پارێزەر | ١٩٢٧هەولێر | بێلایەن |
| .٧٠ | لەتیف سەعید مەعروف(حاكم شێخ لەتیف) | قازی | ١٩٣٧سلێمانی | بێلایەن |
| .٧١ | د. لەتیف مەحمود ئەحمەد | پزیشکی بەیتەری | ١٩٤٨سلێمانی | پارتی |
| .٧٢ | مەئمون نوری محەمەد بریفكانی | موهەندیس | ١٩٤٩دهۆك | بێلایەن |
| .٧٣ | مامەند عەباس مامەندئاغا | ملاك | ١٩٥٣سلێمانی | بێلایەن |
| .٧٤ | شێخ موسین خالید موفتی | ئیمام و خەتیب | ١٩٥٧سلێمانی | بێلایەن |
| .٧٥ | موحسین سالح كەتانی | جووتیار | ١٩٣١دهۆك | بێلایەن |
| .٧٦ | محەمەد ئەمین مەولود ئەمین (ئەمین مەولود) | ئیقتصادی | ١٩٣١سلێمانی | بێلایەن |
| .٧٧ | مەلا محەمەد تاهر زین عابدین | ئیمام و خەتیب | ١٩٤٧خانەقین | بێلایەن |
| .٧٨ | محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی | پارێزەر | ١٩٤٤هەولێر | بێلایەن |
| .٧٩ | مەلا محەمەد شەریف تاهر دۆسكی | ئیمام و خەتیب | ١٩٤٩دهۆك | بێلایەن |
| .٨٠ | محەمەد شەریف حوسام شەریف | ئەندازیار | ١٩٥٢دهۆك | بێلایەن |
| .٨١ | د. محەمەد سەعدی غەریب قەرەداغی | دكتۆرای كشتوكاڵی | ١٩٣١سلێمانی | بێلایەن |
| .٨٢ | محەمەد موستەفا قەرەداغی | زابتی خانەنشین | ١٩٢٧سلێمانی | پارتی |
| .٨٣ | محەمەد عەبدوالقادر ئەحمەد | کادیری حزبی | ١٩٤٣هەولێر | پارتی |
| .٨٤ | مەلا مەحمود فەندی دیرشو ی | ئیمام و خەتیب | ١٩٣٩دهۆك | بێلایەن |
| .٨٥ | مەحمود ئیسماعیل تەلانی (مەحمودی كوێخا سمایلی تەلانی) | پێشمەرگە | ١٩٤٩سلێمانی | پارتی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .٨٦ | مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر | فەرمانبەر | ١٩٣٧سلێمانی | بێلایەن |
| .٨٧ | مەمەند بایز بابەکر | پارێزەر | ١٩٥٩سلێمانی | بێلایەن |
| .٨٨ | د. ناسح غەفور حەکیم | دکتۆرای مێژوو | ١٩٤٨کەرکوک | پارتی/ ئیحتیات ل.م |
| .٨٩ | نەبەز عەبدوالرەزاق حەکیم | پزیشك | ١٩٥٨هەولێر | بێلایەن |
| .٩٠ | نەجات یاسن خورشید نەجار | ماجستیری ئەندازیاری | ١٩٤٨هەولێر | بێلایەن |
| .٩١ | نەجمەدین سەعید یوسفی | کادیری حزبی | ١٩٤١دهۆك | پارتی |
| .٩٢ | نیهاد نورەدین رەشید | پارێزەر | ١٩٢٩هەولێر | بێلایەن |
| .٩٣ | نیاز جەمیل میران | پزیشك | ١٩٤٨هەولێر | بێلایەن |
| .٩٤ | مەلا هادی خزر کوێخا | بازرگان | ١٩٣٧هەولێر | بێلایەن |
| .٩٥ | هۆشیار مەحمود محەمەد زێباری | ماجستیر اجتماع | ١٩٥٧موسڵ | پارتی/ ئەندام ل.م |
| .٩٦ | وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین دزەیی | مامۆستا | ١٩٤٢هەولێر | بێلایەن |
| .٩٧ | بار ئەحمەد افراسیاب بەگ روستم سولتان | کاسب | ١٩٢٦سلێمانی | بێلایەن |
| .٩٨ | یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی | بەکالۆریۆس ئاداب | ١٩٤٨کەرکوك | پارتی |
| .٩٩ | یوسف جەمیل خورشید میران | عەقیدی خانەشین | ١٩٣١هەولێر | بێلایەن |
| .١٠٠ | یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی | ئەفسەری خانەنشین | ١٩٤٣موسڵ | |

## لیستی ناوی پارلەمانتارانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ١٩٩٢

## لیستی پارلەمانتارانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و زەحمەتکێشان ١٩٩٢

| ژ. | ناوی سیانی | لەدایکبووی | پیشە |
|---|---|---|---|
| ١. | ئەبو بەکر سەفەر غولام | ١٩٤٤ | دەرچووی ناوەندی |
| ٢. | ئەحمەد ئەبوبەکر حەسەن بامەڕنی | ١٩٥١ | دکتۆرا |
| ٣. | ئەحمەد تاهر ئەحمەد نەقشبەندی | ١٩٣٦ | بەکالۆریۆس |
| ٤. | ئەرسەلان بایز ئیسماعیل | ١٩٥٠ | بەکالۆریۆس |
| ٥. | ئەیاد حاجی نامق مەجید بەقاڵ | ١٩٦٢ | پارێزەر |
| ٦. | پەری خان مەحمود عبدولقادر ئیمام | ١٩٥٦ | بەکالۆریۆس |
| ٧. | جەلال جەوهەر عزیز | ١٩٥٤ | بەکالۆریۆس |
| ٨. | جەلال شەفیق عەلی | ١٩٣٦ | دکتۆرا |
| ٩. | حەسەن کانەبی رەحیم(روستم) | ١٩٤٩ | دەرچوی سەرەتایی |
| ١٠. | حسێن کانەبی خدر بڵباس | ١٩٢٤ | بەکالۆریۆس یاسا |
| ١١. | حەسەن عبدولکەریم بەرزنجی | ١٩٤٢ | بەکالۆریۆس یاسا |
| ١٢. | حەسەن ئەحمەد عەبدوڵلا کویێستانی | ١٩٥٤ | ناوەندی |
| ١٣. | حسێن عارف عەبدولرەحمان | ١٩٣٦ | بەکالۆریۆس یاسا |
| ١٤. | خەسرەو گوڵ محەمەد | ١٩٤٩ | بەکالۆریۆس |
| ١٥. | سەعدی ئەحمەد محەمەد | ١٩٤٩ | بەکالۆریۆس |
| ١٦. | سەعید عەلی خان عبەدی سلیفانی | ١٩٥١ | بەکالۆریۆس |
| ١٧. | سەلام کەریم خان مەحمود خەلیفە | ١٩٦١ | بەکالۆریۆس |
| ١٨. | سیروان محەمەد نورول | ١٩٤٧ | کۆلێژی سەربازی |
| ١٩. | شەوکەت حاجی موشیر ئەحمەد | ١٩٤٨ | ناوەندی |
| ٢٠. | شێرکۆ فایەق عەبدوڵلا بێکەس | ١٩٤٠ | ئامادەیی |
| ٢١. | سەلاحەدین عەبدولحمید عەبدوڵلا | ١٩٥٦ | بەکالۆریۆس |
| ٢٢. | سەلاحەدین محەمەد حەسەن حفید | ١٩٣٤ | دکتۆرا |
| ٢٣. | تەها محەمەد تەها(مەلا) | ١٩٢٥ | زانای ئاینی |
| ٢٤. | تارق محەمەد سەعید جامباز | ١٩٤٨ | خانەی مامۆستایان |
| ٢٥. | عەبدوڵلا رەسول عەلی (کوسرت) | ١٩٥٢ | پەیمانگای کشتوکاڵی |
| ٢٦. | عەبدوڵلا حاجی ئیبراهیم عەبدوڵلا | ١٩٥٠ | ناوەندی |
| ٢٧. | عبدالخالق محەمەد رەشید زەنگەنە | ١٩٤١ | پەیمانگای پیشەسازی |
| ٢٨. | عبدالکریم کاکە حمە عبدالکریم | ١٩٤٩ | ئامادەیی |
| ٢٩. | عزەدین مستەفا رەسول | ١٩٣٤ | دکتۆرا |
| ٣٠. | عەلی عەبدوڵلا ئەحمەد | ١٩٥٣ | بەکالۆریۆس |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٣١ | عەلی رەسول رۆستەم | ١٩٤١ | ئامادەیی |
| .٣٢ | عومەر سەید عەلی حسێن | ١٩٤٥ | خانەی مامۆستایان |
| .٣٣ | عومەر عەبدوڵڵا محەمەد(ملازم عومەر) | ١٩٤٧ | کۆلێژی سەربازی |
| .٣٤ | قادر عەزیز حەمەدەمین | ١٩٥٤ | ناوەندی |
| .٣٥ | نادر مەمەند بابەکر ئاغا | ١٩٤٢ | ناوەندی |
| .٣٦ | کمال ئیبراهیم فەرەج شاڵی | ١٩٤١ | بەکالۆریۆس |
| .٣٧ | کەمال جەلال غەریب | ١٩٢٣ | بەکالۆریۆس |
| .٣٨ | کەمال عبدولکریم محەمەد فوئاد | ١٩٣٢ | دکتۆرا |
| .٣٩ | گەلاوێژ عەبدولجەبار جامباز | ١٩٥٤ | خانەی مامۆستایان |
| .٤٠ | محەمەد ئەمین عەدولحەکیم محەمەد(مەلا) | ١٩٤٧ | زانای ئاینی |
| .٤١ | محەمەد تۆفیق رەحیم | ١٩٥٣ | بەکالۆریۆس ئەندازیاری |
| .٤٢ | محەمەد فازل محەمەد عەزیز قفتان | ١٩٤٣ | دکتۆرا |
| .٤٣ | محەمەد فوئاد مەعصوم | ١٩٣٨ | دکتۆرا |
| .٤٤ | مستەفا قادر مستەفا | ١٩٥٨ | پەیمانگای کشتوکاڵی |
| .٤٥ | مەزهەر عەلی مستەفا کاکی هیران | ١٩٥٦ | ئامادەیی |
| .٤٦ | نەوشیروان فوئاد مەعروف مەستی | ١٩٤١ | کۆلێژی سەربازی |
| .٤٧ | نەجمەدین عەزیز ئیسماعیل (شالاو) | ١٩٤٩ | خوێندکاری زانکۆ |
| .٤٨ | نەژاد ئەحمەد عزیز ئاغا | ١٩٢٧ | بەکالۆریۆس |
| .٤٩ | نەهلە محەمەد سعدوڵڵا | ١٩٥٧ | بەکالۆریۆس |
| .٥٠ | هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد | ١٩٤٨ | بەکالۆریۆس |

## لیستی پارلەمانتارانی پارتی دیمۆکراتی کوردستان

| ژ. | ناوی سیانی | لەدایکبووی | پیشە |
|---|---|---|---|
| ١. | ئیبراهیم سەعید محەمەد | ١٩٤٥ | ئەندازیار |
| ٢. | ئیدریس هادی ساڵح | ١٩٥٢ | دکتۆرا |
| ٣. | ئازاد فەتاح رەشید میران | ١٩٤٤ | ماجستیر لەزانستی سەربازیدا |
| ٤. | ئەحمەد سالار عەبدولرەحمان | ١٩٤٧ | بەکالۆریۆس لەهونەردا |
| ٥. | ئەحمەد عەلی عومەر | ١٩٥٧ | پارێزەر |
| ٦. | ئەکبەر حەیدەر موسا | ١٩٤١ | کادری حزبی |
| ٧. | ئەکرەم عزەت نەجیب | ١٩٣٠ | پاریچزەر |
| ٨. | بارزان خالد عەزیز | ١٩٤٥ | کادری حزبی |
| ٩. | جەعفەر شیخ عەلی عەبدولعەزیز سرکان | ١٩٤٦ | ئەندازیاری کشتوکاڵی |
| ١٠. | جەمیل عەبدی سەندی | ١٩٥٢ | دبلوم لەئابوریدا |
| ١١. | جەوهەر ئەحمەد شاواز گەلاڵی | ١٩٥٦ | پاریچزەر |
| ١٢. | جەوهەر نامق سالم | ١٩٤٦ | بەکالۆریۆس لەئابوریدا |
| ١٣. | حەسەن حسێن بفری | ١٩٦٢ | پزیشك |
| ١٤. | د. حەمە نەجم حەمە فەرەج جاف | ١٩٤٦ | دکتورا لەپزیشکیدا |
| ١٥. | حەمید سەلیم میران | ١٩٣٩ | ئەندازیار |
| ١٦. | خەیری سەعید عەلی بگ یەزیدی | ١٩٣٠ | سەرکردەی روحی |
| ١٧. | د. رۆژ نوری صدیق شاوەیس | ١٩٤٧ | دکتورا |
| ١٨. | سەعید محەمەد سەعید هروری | ١٩٤٣ | پارێزەر |
| ١٩. | سەفەر محەمەد حسێن دۆسکی | ١٩٤٩ | حاکم |
| ٢٠. | سەلیم عەلی حاجی ملو | ١٩٤٣ | عەمیدی کۆلێژ |
| ٢١. | شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا | ١٩٥٤ | مامۆستای دواناوەندی |
| ٢٢. | شیروان ناصح حەیدەری | ١٩٤٥ | پارێزەر |
| ٢٣. | مەلا تەلحە سەعید قرتی | ١٩٣٠ | ئیمام و خەتیب |
| ٢٤. | سەلاحەدین ئیبراهیم دەلو | ١٩٥٠ | کادری حزبی |
| ٢٥. | عدنان محەمەد حوسام نەقشبەندی | ١٩٣٨ | پارێزەر |
| ٢٦. | عەفان عوسمان شێخ حوسامەدین | ١٩٤٣ | بەرێوبەری خوێندنگا |
| ٢٧. | فازل رەئوف چە قژی | ١٩٥٣ | کادری حزبی |
| ٢٨. | فەرحان عەبدوڵڵا ئاغا شرفانی | ١٩٥٦ | ملاك |
| ٢٩. | فورسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا | ١٩٤٦ | پارێزەر |
| ٣٠. | فرەنسۆ تۆما کانون هەریری | ١٩٣٧ | کادری حزبی |
| ٣١. | فەلەکەدین صابر کاکانی | ١٩٤٣ | نوسەرو حزبی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٣٢ | فەوزیە عزەدین رەشید | ١٩٥٣ | مامۆستای دواناوەندی |
| .٣٣ | قاسم محەمەد قاسم | ١٩٥١ | پزیشکی ڤێرتێرنەری |
| .٣٤ | قەیس دیوالی سەعید دۆسکی | ١٩٥٧ | دکتورا لەیاسا |
| .٣٥ | کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی | ١٩٢٧ | پارێزەر |
| .٣٦ | مەئمون نوری محەمەد بریفکانی | ١٩٤٩ | پارێزەر |
| .٣٧ | شیخ موحسن خالد موفتی | ١٩٥٧ | ئیمام وخەتیب |
| .٣٨ | محەمەد ساڵح کتانی | ١٩٣١ | جوتیار |
| .٣٩ | محەمەد ئەمین مەولود ئەمین | ١٩٣١ | دبلۆم لەبازرگانیدا |
| .٤٠ | مەلا محەمەد تاهر زینلعابدین | ١٩٤٧ | ئیمام وخەتیب |
| .٤١ | محەمەد سەعید ئەحمەد الیعقوبی | ١٩٤٤ | پارێزەر |
| .٤٢ | ملا محەمەد شریف تاهر دۆسکی | ١٩٤٩ | ئیمام و خەتیب |
| .٤٣ | محەمەد عبدولقادر ئەحمەد | ١٩٣٤ | کادری حزبی |
| .٤٤ | مەلا محمود فندی دیرشوی | ١٩٣٩ | ئیمام و خەتیب |
| .٤٥ | مەمەند محەمەد امین بابکر | ١٩٣٧ | فەرمانبەر |
| .٤٦ | نیهاد نورەدین رەشید | ١٩٢٨ | پارێزەر |
| .٤٧ | مەلا هادی خدر کوێخا | ١٩٣٧ | سنعەتکار |
| .٤٨ | وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین | ١٩٤٣ | پارێزەر |
| .٤٩ | یەحیا محەمەد عبدولکەریم بەرزنجی | ١٩٤٨ | بەکالۆریۆس لەئادابدا |
| .٥٠ | یونس محەمەد سەلیم رۆژبەیانی | ١٩٤٣ | ئەفسەری خانەنشین |

## لیستی بزوتنەوەی دیمۆکراسی ئاشوری

| ژ. | ناوی سیانی | لەدایکبووی | پیشە |
|---|---|---|---|
| .١ | یونادم یوسف کەن | ١٩٥١ | ئەندازیار |
| .٢ | شمائیل ننو بنیامین | ١٩٥٩ | ئەندازیار |
| .٣ | فرنسیس یوسف شابو | ١٩٥١ | ئەندازیار |
| .٤ | ئەکرەم عاشور عودیش | ١٩٤٨ | ئەندازیار |

## لیستی یەکگرتوی مەسیحیەکانی کوردستان

| ژ | ناوی سیانی | لەدایکبوی | پیشە |
|---|---|---|---|
| .١ | سرکیس ئاغاجان مامندو | ١٩٦٢ | کاسب |

**دەقی بڕیاری ٦٨٨**

ئەنجومەنی ئاسایش، ڕەچاوی ئەرك و بەرپرسیاریێتی خۆی، بەگوێرەی (دیكۆمێنتنامەی) پەیماننامەی نەتەوەیەكگرتووەكان سەبارەت بەپاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەكات. هەروەها ئاماژە بەبڕگەی حەوتەمی مادەی دووەمی پەیماننامەی نەتەوەیەكگرتووەكان، كەزۆر نیگەرانە لەئاست ئەو داپڵۆسینەی دانیشتوانی مەدەنی عێراق لەچەند بەشێكی فراوانی عێراقدا دووچاری دێن و بەم دواییەش ناوچە كوردنشینەكانی گرتەوە و بوو بەمایەی پەرتەوازەبونێكی فراوانی پەنابەران رووەو سنورە نێودەوڵەتییەكان و ڕوودانی چەند پەلامارێك بۆ سەر ئەم سنورانە بەچەشنێ هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەم ناوچەیەدا بكات. هەمدیس هەست بەنیگەرانییەكی زۆر دەكات بەوەی مەردوومی ئەوێ بەهۆیەوە دووچاری ئێش و ئازارێكی سەخت هاتوون. هەروا ئاگاداریشە بەو دوو نامەیەی كەیەك لەدوای یەك (S/22442، S/22435) لەڕێكەوتی ٣ و ٤ی نیسانی ١٩٩١ لەلایەن هەریەك لەنوێنەری هەمیشەیی توركیا و فەرەنسا لەنەتەوە یەكگرتووەكان ئاراستەی سەرۆكی ئەنجومەنی ئاسایش كراون، هەروەها ئاگاداریشە دیسان بەهەردوو نامەی ڕەوانەكراو لەنوێنەری هەمیشەیی كۆماری ئیسلامی ئێران لەنەتەوەیەكگرتووەكان بۆ ئەمینداری گشتی لەڕێكەوتی ٣ و ٤ی نیسانی ١٩٩١ یەك لەدوای یەك (S/ 22447, S/ 22436) ڕەوانە كراون.

لێرەشدا دووبارە جەخت دەكاتەوە سەر پابەندبوونی سەرجەم وڵاتانی ئەندام لەبەرامبەر سەروەری عێراق و تێكڕای وڵاتانی ناوچەكە و سەلامەتی هەرێمەكەیان و سەربەخۆیی سیاسییان.

هەروا ڕەچاوی ئەو ڕاپۆرتەش دەكات كەئەمینداری گشتی لەڕێكەوتی ٢٠ی ئازار/ مارسی ١٩٩١ (S/22366) بەوی سپاردووە.

١. سەركۆنەی ئەو داپڵۆسینە دەكات كەدانیشتوانی مەدەنی عێراقی لەزۆربەی بەشەكانی عێراق دووچاری دێن، هەروەك ئەوەی بەم دواییە ناوچە كوردنشینەكانی گرتەوە كەئاكامەكانی هەڕەشە لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەكەن.

٢. داوادەكات دەستبەجێ عێراق لەپێناو نەهێشتنی ئەو مەترسییە، كەهەڕەشە لەئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەناوچەكە دەكات، ئەم داپڵۆسینە ڕابگرێ. ئومێدیش دەخوازێ بەهەمان ئاراستە (دیالۆگ) گفتوگۆیەكی كراوە سازبكا بۆ زامنی ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ و مافە سیاسییەكانی تەواوی هاوڵاتیانی عێراقی.

٣. سووره لەسەر ئەوەی عێراق دەسبەجێ رێگەبدات بەگەیشتنی رێکخراوه مرۆییه نێودەوڵەتییەکان بۆ فریادی هەموو ئەوانەی پێویستیان بەکۆمەك هەیه لەسەرانسەری عێراق و هەموو ئاسانکارییەکی پێویستیش بۆ کارەکانیان برەخسێنێ.

٤. داوا لەئەمینداری گشتی دەکات لەهەوڵە مرۆییەکانی لەعێراق بەردەوام بێ و دەستبەجێش ئەگەر کارەکە خواستی، شاندێکی دیکە رەوانەی ناوچەکە بکات و راپۆرتێك لەمەڕ مەینەتی دانیشتوانی مەدەنی عێراق و بەتایبەتیش دانیشتوانی کورد، ئەوانەی دووچاری جۆرەها داپڵۆسین بوونەتەوه کەدەسەڵاتدارنی عێراق پیادەی دەکەن، پێشکەش بکات.

٥. دیسان داوا لەئەمینداری گشتی دەکات هەرچی داهاتی لەژێر دەسەڵاتدایه، بەکاریان بهێنێ، بەداهاتی دەزگا پەیوەندیدارەکانی نەتەوه یەکگرتووەکانیشەوه، بۆ ئەوەی هەرچی زووه پێداویستییه بەپەلەکانی پەنابەران و دانیشتوانه ئاوارەبووەکانی عێراق دەستەبەر بکات.

٦. لەتەواوی وڵاتانی ئەندام و سەرجەم رێکخراوه مرۆییەکان دەخوازێ بەشداری ئەم هەوڵە مرۆییانەی فریاگوزاری بکەن.

٧. داوا لەعێراق دەکات هاوکاری ئەمینداری گشتی بکات بۆ وەدەستهێنانی ئەم ئامانجه.

٨. بڕیار دەدا ئەم مەسەلەیه لەبەرچاو بمێنێتەوه.

**لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ٢٠٠٥**

| | | | |
|---|---|---|---|
| .١ | عەدنان رەشاد محەمەد موفتی | هەولێر | ی.ن.ک |
| .٢ | محەمەد تۆفیق رەحیم | سلێمانی | ی.ن.ک |
| .٣ | محەمەد قادر عەبدوڵڵا | کەرکوک | پ.د.ک |
| .٤ | چنار سەعد عەبدوڵڵا | هەولێر | پ.د.ک |
| .٥ | خورشید سەلیم شیرە | هەولێر | پ.د.ک |
| .٦ | فرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا | دهۆک | پ.د.ک |
| .٧ | عوسمان عەبدوڵڵا قادر | هەولێر | ی.ن.ک |
| .٨ | کوێستان محەمەد عەبدوڵڵا | سلێمانی | ی.ن.ک |
| .٩ | رفعەت عەبدوڵڵا حەمە رەش | کەرکوک | ی.ن.ک |
| .١٠ | موحسن عەلی ئەکبەر | دیالە- خانەقین | ی.ن.ک |
| .١١ | ئەدهەم عوسمان ئەحمەد بارزانی | هەولێر | پ.د.ک |
| .١٢ | د. ئاریان خالص شێخ جەواد | هەولێر | پ.د.ک |
| .١٣ | ئیحسان عەبدوڵڵا قاسم | دهۆک | پ.د.ک |
| .١٤ | شهاب عەبدوڵڵا صدیق | هەولێر | پ.د.ک |
| .١٥ | سمکۆ تاهر محەمەد دزەیی | هەولێر | ی.ن.ک |
| .١٦ | گێلاس محێدین محەمەد غەریب | سلێمانی | ی.ن.ک |
| .١٧ | بابا تاهر شیخ جەلال ئەحمەد حەفید | سلێمانی | ی.ن.ک |
| .١٨ | تارق محەمەد سعید جامباز | هەولێر | ی.ن.ک |
| .١٩ | ناصح غەفور رەمەزان | هەولێر | پ.د.ک |
| .٢٠ | د. شوکریە رەسول ئیبراهیم | سلێمانی | پ.د.ک |
| .٢١ | ئارام رەسول مامەند | سلێمانی | پ.د.ک |
| .٢٢ | شیخەڵڵا ئیبراهیم شیخەڵڵا | هەولێر | پ.د.ک |
| .٢٣ | بەکر فەتاح حسێن | سلێمانی | ی.ن.ک |
| .٢٤ | ڤیان خدر ئەحمەد پاشا | هەولێر | ی.ن.ک |
| .٢٥ | رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم | هەولێر | ی.ن.ک |
| .٢٦ | جمیل محەمەد عوسمان گردی | هەولێر | ی.ن.ک |
| .٢٧ | کاکە ئیسماعیل عەومەر سید | هەولێر | پ.د.ک |
| .٢٨ | شیرین عەبدولرەحمان دینو | دهۆک | پ.د.ک |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٩. | عەبدولرەحمان ئیسماعیل سەلیم | دهۆك | پ.د.ك |
| ٣٠. | شوکری صالح تمر | دهۆك | پ.د.ك |
| ٣١. | شێردڵ عەبدوڵڵا تەها حوێزی | کۆیسنجاق | ی.ن.ك |
| ٣٢. | سۆزان شیهاب نوری | سلێمانی | ی.ن.ك |
| ٣٣. | کەریم بەحری عەبدوڵڵا | هەولێر | ی.ن.ك |
| ٣٤. | محەمەد رفعت عبدولرەحمان | سلێمانی | ی.ن.ك |
| ٣٥. | شیروان ناصح عەبدوڵڵا | هەولێر | پ.د.ك |
| ٣٦. | نازناز محەمەد عبدولقادر | هەولێر | پ.د.ك |
| ٣٧. | عەبدولکەریم ئەبوبەکر مستەفا | هەولێر | پ.د.ك |
| ٣٨. | فەتاح عەبدوڵڵا محەمەد نەقشبەندی | هەولێر | پ.د.ك |
| ٣٩. | ئیسماعیل محمود عەبدوڵڵا | گەلالە | ی.ن.ك |
| ٤٠. | گولناز عەزیز قادر | کەلار | ی.ن.ك |
| ٤١. | عەونی کەمال سەعید بەزاز | هەولێر | ی.ن.ك |
| ٤٢. | بەرزان عەبدوڵڵا نەسروڵڵا | هەورامان | ی.ن.ك |
| ٤٣. | دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس | هەولێر | پ.د.ك |
| ٤٤. | فەخریە مستەفا محەمەد عەلی | هەولێر | پ.د.ك |
| ٤٥. | جەمال محەمەد قاسم | سلێمانی | پ.د.ك |
| ٤٦. | محەمەد صالح ئیسماعیل | سلێمانی | پ.د.ك |
| ٤٧. | عومەر عەبدولرەحمان علی | سلێمانی | ی.ن.ك |
| ٤٨. | خەمان زرار ئەسعەد | هەولێر | ی.ن.ك |
| ٤٩. | زرار تاهر امین | رانیە | ی.ن.ك |
| ٥٠. | د.رەمەزان عبدولرەحمان محەمەد رەزا | دوکان | ی.ن.ك |
| ٥١. | شەعبان محەمەد تاهر صادق | دهۆك | پ.د.ك |
| ٥٢. | ڤیان سلێمان حاجی بەشار | دهۆك | پ.د.ك |
| ٥٣. | سوارە محەمەدئەمین حمەرشید | سلێمانی | پ.د.ك |
| ٥٤. | جەعفەر مستەفا مەعروف | سلێمانی | پ.د.ك |
| ٥٥. | محەمەد محمود محەمەد | سلێمانی | سۆشیالیست |
| ٥٦. | نەسرین حەمە صالح | سلێمانی | سۆشیالیست |
| ٥٧. | د. نوری جەمیل تاڵەبانی | کەرکوك | سەربەخۆ |
| ٥٨. | حسێن محەمەد رەشید | هەولێر | سەربەخۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٥٩ | خدر سلێمان خەلیل | دهۆک | یەزیدی |
| .٦٠ | مرێم حەسەن ئیبراهیم | موصل | یەزیدی |
| .٦١ | د. فوئد ئەحمەد محەمەد بابان | سلێمانی | ی.ن.ک |
| .٦٢ | محەمەد فەرەج ئەحمەد | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلامی |
| .٦٣ | رەشید کەریم رەشید | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلامی |
| .٦٤ | تاڤگە محەمەد عەلی | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلامی |
| .٦٥ | محەمەد ئەحمەد صالح | دهۆک | حشك |
| .٦٦ | دلێر محەمەد شریف | هەولێر | حشك |
| .٦٧ | خەلیل ئیبراهیم محەمەد | دهۆک | یەکگرتووی ئیسلامی |
| .٦٨ | پەخشان عەبدوڵڵا حسێن | هەولێر | حشك |
| .٦٩ | جەمال شەمعون ایلیا | هەولێر | مەسیحی |
| .٧٠ | کرخی نەجمەدین نورەدین | هەولێر | تورکومان |
| .٧١ | رومیو حزیران نیسان | هەولێر | **مەسیحی- بیت ئەلنەهرەین** |
| .٧٢ | بایزار ملکو روهان | دهۆک | مەسیحی |
| .٧٣ | ئەندریوس یوخنا گورگیس | هەولێر | مەسیحی- بزووتنەوەی ئاشوری |
| .٧٤ | ئەسعەد شاکر ئەمین | هەولێر | تورکومان |
| .٧٥ | تەلعەت محەمەد صالح تۆفیق | هەولێر | تورکومان |
| .٧٦ | گەلاوێژ شابا ججی | هەولێر | مەسیحی- بزووتنەوەی ئاشوری |
| .٧٧ | عوسمان ئەحمەد محەمەد ئەمین | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلامی |
| .٧٨ | صبری غەفار ئەمین | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلامی |
| .٧٩ | هیوا صابر ئەحمەد | هەولێر | یەکگرتووی ئیسلامی |
| .٨٠ | سوهام ئەنوەر وەلی | هەولێر | تورکومان |
| .٨١ | جەمال یوسف بۆتانی | دهۆک- زاخۆ | ی.ن.ک |
| .٨٢ | غەفور تاهر سەعید | هەولێر | ی.ن.د.ك |
| .٨٣ | باپیر کامل سلیمان | هەولێر | جوتیاران |
| .٨٤ | فەزیلە رەمەزان سعدوڵڵا | دهۆک | یەکگرتووی ئیسلامی |
| .٨٥ | مەلا سەعدەدین ملا عەبدوڵڵا مولود | هەولێر | پ.د.ك |
| .٨٦ | ئایدن عوسمان ئیبراهیم | هەولێر | پ.د.ك |
| .٨٧ | فاروق کەریم فەتاح | چەمچەمال | ی.ن.ك |
| .٨٨ | شکریە خدر پیرۆت | قەڵادزە | ی.ن.ك |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨٩. | سەردار سەباح بوزو هەرکی | دهۆك- بەردەڕەش | ی.ن.ك |
| ٩٠. | تەلعەت خدر سەیفەدین | هەولێر | ی.ن.ك |
| ٩١. | حاتم محەمەد جان حەسەن | سلێمانی | پ.د.ك |
| ٩٢. | چرۆ علی حمە امین | سلێمانی | پ.د.ك |
| ٩٣. | ئاخر جمال انور | هەولێر | پ.د.ك |
| ٩٤. | عیزەدین سلیم خدیدا | دهۆك | پ.د.ك |
| ٩٥. | ئەنوەر محەمەد غەفور | هەولێر | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ٩٦. | رەمزیە ئەحمەد رەشید | دهۆك-ئامێدی | ی.ن.ك |
| ٩٧. | عادل محەمەد ئەمین | کەرکوك- کفری | ی.ن.ك |
| ٩٨. | بەرزان محەمەد قادر | دەربەندیخان | ی.ن.ك |
| ٩٩. | ئارێز عەبدوڵلا ئەحمەد | هەولێر- سۆران | ی.ن.ك |
| ١٠٠ | کوردستان پیرداود قادر | هەولێر | پ.د.ك |
| ١٠١. | شەوقی حسێن ئیبراهیم | هەولێر | پ.د.ك |
| ١٠٢. | سالم محەمەد عەلی | دهۆك | پ.د.ك |
| ١٠٣. | روبیتان ئیبراهیم رۆستەم | سلێمانی | پ.د.ك |
| ١٠٤. | هالە سوهەیل وادی | هەولێر- ازادی | ی.ن.ك |
| ١٠٥. | ئەرسەلان غەفور محەمەد سلێمان | سلێمانی- هەڵەبجەی تازە | ی.ن.ك |
| ١٠٦. | کەریم مەجید شەریف | سلێمانی-پێنجوێن | ی.ن.ك |
| ١٠٧. | عەبدوڵلا محەمەد عەبدولحەمید | سلێمانی- هەڵەبجەی شەهید | ی.ن.ك |
| ١٠٨. | د. رۆژان عەبدولقادر کاکە دزەیی | هەولێر | پ.د.ك |
| ١٠٩. | عومەر محەمەد ئەمین خدر | سلێمانی | پ.د.ك |
| ١١٠. | فەزل عەلی مستەفا هیرانی | هەولێر | ی.ن.ك |
| ١١١. | ئاسیا تاهر ئەحمەد | هەولێر | پ.د.ك |

## بەشی شەشەم

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق

### کورتەیەکی مێژوویی

عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەی فرە ئاین و فرە کەلتورە لەساڵی ١٩٢١دا دوای دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر دەوڵەتانی براوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەگوێرەی پەیمانی لۆزان پێکهێنرا. پێکهاتەی نەتەوەیی ئەم دەوڵەتە لەعەرەب وەك نەتەوەی یەکەم و کورد وەك نەتەوەی دووەم و تورکمان و کلدۆ ئاشوری و سریانی و ئەرمەنیەو لەرووی ئاینیەوە لەموسوڵمان و مەسیحی و یەزیدی و کاکەیی پێکدێت و ئاینزاکەشی زۆرینەیەکی شیعەو کەمینەیەکی سوننیەو بەسەر هەژدە پارێزگادا خاکەکەی دابەشکراوەو تاساڵی ١٩٥٨ جۆری حوکمڕانی تیایدا پاشایەتی بووەو لەو ساڵەدا بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم شۆڕش بەرپاکراو سیستەمی حوکمڕانی لەپاشایەتیەوە بوو بەحوکمێکی کۆماری و لەوە بەدواوە تا ٢٠٠٥ هیچ هەڵبژاردنێکی راستەقینە بەو مانایەی کەدەنگدەر ئازاد بووبێت لەپەیڕەوکردنی مافەکانیدا یان پاڵێوراو ئازاد بووبێت لەخۆپاڵاوتندا یان پارتە سیاسیەکان ئازاد بووبن لەکێبەرکێی سیاسیانەدا نەکراوەو بەهاتنە سەرتەختی حزبی بەعسیش ئەگەر چی جارجار سروتەکانی هەڵبژاردن گیراوەتەبەر، بەڵام وەك کارێکی کارتۆنیانە ئەنجامدراوە بۆ چەواشەکردنی رای گشتی و جیهانی.

دەوڵەتی عێراق وامەزەندە دەکرێت دانیشتوانەکەی لەئێستادا نزیکەی ٢٦ ملیۆن سەرنشین بێت و نزیکەی ٨-٩ ملیۆن دەنگدەری هەبێت و چاوەڕواندەکرێت هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/١/٣٠ یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاد بێت کە بەچاودێری نێودەوڵەتی و بەبوونی پرەنسیپەکانی دیمۆکراسی ئەنجامبدرێت بەگوێرەی یاسایەك کەپۆڵ بریمەری بەرێوبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە٢٠٠٤/٦/١٥، دوای پرۆسەی ئازادی عێراق دەریکردوو پرۆسەی هەڵبژاردنی عێراق، ئەو یاسایە کە بەیاسای ژمارە ٩٦ی هەڵبژاردن ناسراوە، سنوربەندی دەکات و لێرەدا بە باشی دەزانم خوێندنەوەیەك بۆ یاساکەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەنجامبدەم.

### هەڵسەنگاندنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق- ٢٠٠٥

١. لەبەشی سێیەم بڕگەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە" کەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بە رێگای دەنگدانی راستەوخۆو گشتی و نهێنی دەبێت و ئەو سێیە لەبنەما سەرەکیەکانی دیموکراسین و ئەمەش وادەکات بە چاوێکی گەشبینانەوە بڕوانینە پرۆسەکە،

چونکە راستەوخۆ دەنگدەر لەمیانەی‌ویست و بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە دەنگ بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەو پاڵێوراوە دەدات کە مەبەستیەتی‌و نهێنی دەبێت بەو مانایەی هیچ باج و چاوسورکردنەوەو مەترسیەك نیە لەسەر کەسی دەنگدەر دوای ئەوەی دەنگەکەی خۆی دا بەتایبەتی کە ئەو بەشێوەیەکی نهێنی لەو هۆبانەی بۆ دەنگدانەکە ئامادەکراون لەبنکەکانی دەنگداندا، دەنگی خۆی دەدات و بەمەش لەئاکامەکانی دەنگدانەکەی ناترسێت.

٢. لەهەردوو برگەی ٣و ٤ی هەمان بەشدا هاتووە کەعێراق تەنها یەك بازنەی هەڵبژاردن دەبێت و ئەمیش مانای وایە ئەو پارت و پاڵێوراوانەی خۆیان دەپاڵێون دەتوانن وەك قەوارەی سیاسی لەسەرانسەری عێراقدا کار بۆ خۆیان بکەن کەئەمیش ئەو ئیمتیازە دەبەخشێتە پارتە بچوکەکان بتوانن لانی کەم هێندەی رێژەی کۆلکەی هەڵبژاردن بەدەستبهێنن کە لەئەنجامی دابەشکردنی تەواوی دەنگدەرانی ناو خشتەی هەڵبژاردن بەسەر کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانیدا کە ٢٧٥ کورسیە، لەلایەکی دیکەوە دانانی عێراق بەیەك بازنەی دەنگدان سودێکی تری هەیە بۆ نەتەوە پێکهێنەرەکانی عێراق یان تایەفەکان و تەنانەت ئاینزاکانیش کەئەوان دەتوانن یەکگرتووانە لەسەرانسەری عێراقدا دەنگبدەنە ئەو لیستەی کەنوێنەرایەتیان دەکات بەنمونە کورد لەبەغدا بێت یان لەدیالە یان لەکەربەلاو نەجەف یان لەکەرکوك یان لەشارە کوردیەکانی تر دەتوانن دەنگبدەنە ئەو لیستەی پارتە کوردیەکان کێبەرکێی هەڵبژاردنی پێدەکەن و بەمەش دوا ئەنجامی دەنگەکانی لیستەکە بەسەر کۆلکەی هەڵبژاردندا دابەشدەکرێت و چەند هێندەی کۆلکەکە بوو ئەوا ئەوەندە کورسی بۆ ئەو لیستە دابیندەکرێت و ئەگەر بڕێك دەنگ مایەوە کەکەمتر بوو لەکۆلکەی هەڵبژاردن ئەوا بەگوێرەی رێگای هێرکوتا کەمانای گەورەترین ماوە دەگەیەنێت حسابی بۆ دەکرێت. پاش حسابکردنی دەنگی هەموو پارتەکان ئەوجا ئەو ماوانەی کە لەلیستی پارتەکانەوە ماونەتەوە دەهێنرێن و ئەو کورسیانەش کە لەپارلەماندا هێشتا هیچ لایەك نەبووەتە خاوەنیان دیاریدەکرێت و ئەوجا بەگوێرەی ژمارەی کورسیەکان بەهێزترین ماوەکان دیاریدەکرێت لەگەورەترین ماوەوە بۆ بچوکترین ماوەو بەوشێوەیە لەگەورەترین ماوەوە کورسیە بەتاڵەکان دابەشدەکرێت تا دواکورسی بەتاڵ. لەراستیدا بەکارهێنانی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی باشترین گرەنتی و دیموکراسیترینیانە، چونکە ئەگەر بەسیستەمی بۆنمونە زۆرینە جا رەهابێت یان سادە هەڵبژاردنەکان وەربگیرایە دەبوو بەر لەهەمووشت عێراق دابەشی ٢٧٥ بازنەی بچوك بکرایە کەئەمە کارێکی هێجگار ئاڵۆزە لەعێراقێکدا نەئامارێکی حەقیقی تێدایە کەبتوانرێت چڕی دیموگرافی لەپێکهێنانی ناوچەکاندا حسابی بۆ بکرێت و نەباری ئاسایش هێندە لەبارەو نەدامەزراوە حکومیەکان

هێندە بەهێزن و نەبنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیمۆکراسی بونیان لەبەرچاوە تا پەنایان بۆ ببرێت و سەرباری بوونی چەندین گروپی تۆقێنەرو تێرۆریست کەدەتوانن لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر یاری بەدەرون و بڕیارەکانی کەسی دەنگدەرەوە بە اسانی بکەن، لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە بوونی چەندین نەتەوەی جیاواز لەعێراقداو پەرتوبڵاوبوونیان بەهەموو خاکی عێراقدا لەئەنجامی گرتنەبەری سیاسەتی راگواستن و بەعەرەبکردنەوە لەلایەن سیستەمی شۆفێنزمی بەعسیەوە وایکردووە چارەنوسی ئەو نەتەوانە لەمەترسیدا بێت ئەگەر بەهەر سیستەمێکی تر، جگە لەنوێنەرایەتی رێژەیی هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرایە.

٣. بڕگەی دووەمی هەمان بەش ئاماژە دەکات بۆ ماددەی سی و یەکی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کەئەم مەرجانەی خوارەوەی لەخۆگرتووە:

- عێراقی بێت و تەمەنی لەسی ساڵ کەمتر نەبێت
- نابێت ئەندام بووبێت لەحزبی بەعسی هەڵوەشاوە بەپلەی ئەندامی فرقە یان بەرزترو تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە بەگوێرەی بنەما یاساییەکان ئیستسنای بۆ دەکرێت.
- ئەگەر لەرابردوودا ئەندامی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە بووبێت بەپلەی ئەندامی کارا دەبێت بەڵگەنامەی بێبەری بوون لەحزبی بەعس ئیمزابکات و خۆی بێبەریبکات لەهەموو پەیوستیە رابردووەکانی بەر لەوەی مافی ئەوەی هەبێت ببێتە پاڵێوراو، سوێند بخوات کەمامەڵەو پەیوەستی بەرێکخراوەکانی حزبی بەعسەوە ناکات و ئەگەر لەدادگەریدا دەرکەوت کە درۆیکردووە یان فێڵی کردووە لەو بارەیەوە ئەوا کورسیەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی لەدەست دەدات.
- نابێت لەکارمەندی دامەزراوە رەشەکوژییەکانی رابردوو بوبێت یان لەوانەی یارمەتی و بەشداری لەچەوساندنەوەی هاوڵاتیاندا کردبێت.
- نابێت دەوڵەمەند بووبێت بەشێوەیەکی ناڕەوا لەسەر حسابی نیشتمان و موڵك و ماڵی گشتی.
- نابێت حوکمدرابێت بە تاوانێکی لەکەدار بەشەرەفەوە، بەناوو ناوبانگی چاك ناسرابێت.
- دەبێت هەڵگری بڕوانامەی شەشی دواناوەندی بێت یان هەر بڕوانامەیەك بەلایەنی کەمەوە هاوتای بێت.
- نابێت ئەندامی هێزە چەکدارەکان بێت لەکاتی خۆپاڵاوتندا.

٤. لەیاساکەدا ئاماژە بەهیچ کۆت و پێوەندێك نەدراوە لەسەر تاك و قەوارە سیاسیەکان هەبێت بۆ بەشداریکردنیان لەپارلەماندا کەئەمەش وادەکات حزبە بچوکەکانیش ئەگەر

توانیان ئەوەندە دەنگ بەدەستبهێنن کە بەقەدەر کۆلکەی هەڵبژاردن بێت، کورسیەك بەو دەنگانە لەپارلەماندا بەدەستبهێنن لەکاتێکدا زۆر لەیاساکان ئاستێك دیاریدەکەن کە بەهۆیەوە هەر پارتێك یان هەر لیستێك کەمتر لەو ئاستەی دەنگ بەدەستهێنا ئەوا ناتوانێت بەشداری لەپارلەماندا بکات ئەگەر چی دەنگەکانی لەرێژەی دەنگی کۆلکەی هەڵبژاردنیش زیاتر بێت، بەنمونە هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان- عێراق ١٩٩٢ رێژەی ٧٪ لەسەر پارت و قەوارە سیاسیی لیستە کێبەرکێکارەکانی ناو پارلەمان دانابوو، لەهەمانکاتدا کۆلکەی هەڵبژاردن بە ٣٠,٠٠٠ دیاریکرابوو واتا هەر لیستێك توانی ٣٠,٠٠٠ دەنگ بەدەستبهێنێت ئەوا دەتوانێت کورسیەك لەپارلەمان بۆ خۆی بەرێت، بەڵام بوونی رێژەی ٧٪ ئەو کارەی بەرتەسك دەکردەوە بەشێوەیەك دەبوو بۆ بەدەستهێنانی کورسیەك لەپارلەماندا جگە لەبەدەستهێنانی ٣٠,٠٠٠ دەنگ، لیستەکان رەچاوی ئەوەشیان بکردایە لانی کەمی ٧٪ی دەنگی دەنگدەرانیان راکێشابێت واتا ئەگەر ٧٠٠,٠٠٠ دەنگدەر لەکوردستانی عێراقدا لەو کاتەدا شایستەیی دەنگدانیان هەبوبێت و وەك دەنگدەر مامەڵەیان لەگەڵدا کرابێت ئەوا دەبوو ئەو پارتانە بەلایەنی کەمەوە ٤٩,٠٠٠ دەنگیان بهێنابایە کە ئەو رێژەیە بەگوێرەی یاساکە دیاریکراوە ئەوجا دەیانتوانی بەشداری پارلەمانەکە بکەن، بەڵام خۆشبەختانە یاسای هەڵبژاردنی عێراق مادام ئاماژەی بەهیچکام لەو رێژەو ئاستانە نەداوە کەواتە ئاسایی بەو رێژەیە وەریدەگرێت کە بەشێوەیەکی سروشتی بە٠,٣٦٪ دانراوەو لەوڵاتانی جیهانیدا کەئاستیان بۆ هەڵبژاردنەکانیان دیارینەکردووە کاری پێدەکرێت.

٥. بەشی چوارەم برگەی ٢ ئاماژە دەدات بەداخراوەیی لیستەکانی هەڵبژاردن، دیارە بەر لەهەموو شت کاتێك دەوترێت لیستی داخراو مانای وایە ئەو لیستە دەستکاری ناکرێت و دەنگدەر ئەو مافەی نیە سەرلەنوێ بەگویرەی خواستی خۆی ناوەکانی لیستەکە لەستونە هەرەمەکەیدا رێکبخاتەوەو ئەوانەی مەبەستنی بیانهێنێتە پێشەوە، بەڵکو ئەو چۆن لیستەکە دەخرێتە بەردەستی ئاوهاش پەسەندی دەکات، کەئەمە بۆخۆی پرۆسەکە لەدیمۆکراسی دووردەخاتەوە، بەڵام ئەوەی پارسەنگی ئەمکارە دەکات ئەوەیە کەوەك چۆن لیستەکان بەرووی دەنگدەراندا داخراون ئاوهاش بەرووی ئەو پارت و قەوارە سیاسیانەشدا داخراون ئەوانیش دوای پێشکەشکردنی لیستەکە بەکۆمسیۆنی باڵاو وەرگرتنی پشتڕاستکردنەوە لەسەری ناتوانن دەستکاری بکەن و پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانیش بەگوێرەی رێژەی ئەو دەنگانەی هەر لیستێك بەدەستی هێناوە کورسی دەدرێتی کەئەویش دابەش دەکرێت بەسەر پاڵێوراوە براوەکانی ناو لیستەکەدا بەگوێرەی ریزبەندیی ناوەکانیان لەسەری سەرەوە تا ناوی ئەو براوەیەی لەگەڵ ژمارەی کورسیەکەدا دەگونجێت، بەنمونە

ئەگەر لیستی کورد لەپارلەمانی عێراقدا توانی ڕێژەی ٢٧٪ی دەنگەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات ئەوا هێندەی ئەو ڕێژەیە لە٢٧٥ کورسیەکەی پارلەمانی دەدرێتی کەدەکاتە ٧٤,٢٥و بەمەش لیستی کوردی ٧٤ کورسی مسۆگەر دەکات لەگەڵ بوونی ماوەیەك کەدواتر بەرێگای هێرکوتا چارەسەری بۆ دەکرێت. ئێستا ئەو کورسیانەی بەر لیستی کورد کەوتووە لەیەکەمین ناوی ناو لیستەکەوە دابەشدەکرێت تا ٧٤هەمین ناو، واتا براوەی ژمارە ٨٠ ناهێنرێت کورسیەکی بدرێتێ و بخرێتە شوێنی براوەی ٦٠، بەڵکو دەبێت پارتە سیاسیەکان بەشێوەیەك حسابی ڕێکخستنی لیستەکانیان بکەن کەکێشەی ئالەوجۆرەیان بۆ دروست نەبێت و ئەمەش وادەکات کەئەو پارتانە هاوسەنگیەك لەویستی حزبیانەی خۆیان و ویستی جەماوەرەکەیاندا بدۆزنەوەو ئالیەتی هەڵخەڵەتاندن نەگرنە بەر وەك لەزۆر لەهەڵبژاردنەکانی تردا کاری پێدەکرێت کەپارتێك هەڵدەستێت بەریزبەندکردنی کەسایەتیە چالاك و ناسراوو جەماوەریەکان لەسەری سەرەوەی لیستەکەیداو خواری لیستەکەش بەخەڵکی نەناسراوو بێ ئەزمون و بەرژەوەندیدار پڕ دەکاتەوە، بەڵام دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکان دەبینین ئەوانەی خوارەوە لەبەر مەرامی بەرژەوەندیخوازانە دەبرێنە ناو پارلەمانەوەو کەسە باش و بەتواناکانیش وەك یەدەگ دەهێڵرێنەوە. هەر بۆیە ئەگەر چی ئەم یاسایە بەلیستی داخراو وەریگرتووەو ئەمیش مانای دەنگدانە بەلیستەکە نەك پاڵێوراوەکە، بەڵام لەهەمانکاتدا دانانی مەرجی کارکردن بەریزبەندی لیستەکە ئەوە زامن دەکات کەدەنگدەر وەك ئەوەیە دەنگبداتە پاڵێوراوەکەو بەدەقی ئاشکرا لەبڕگەی پێنجەمی هەمان بەشی چوارەمدا هاتوو کە "دابەشکردنی کورسیەکان لەئەنجومەندا بەسەر پاڵێوراوەکاندا دەبێت نەك بەسەر قەوارە سیاسیەکاندا، نابێت هیچ کام لەو قەوارە سیاسیانە لەهیچ کاتێکدا ئەوکورسیەی لەئەنجومەنی نیشتمانیدا پاڵێوراوێك گرتویەتی لێی بسەنێتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو بۆی دیاریکردووە".

٦. دیاریکردنی ڕێژەیەکی شیاو لەبەرژەوەندی ژنان و ئافرەتان کە بگونجێت لەگەڵ ئاستی پێکهاتەی کۆمەڵگای عێراقداو وەك هەنگاوێکی گرنگی سیاسی و مێژوویش دابنرێت بەرەو گۆڕانکاری لەسیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عێراقدا، لەراستیدا دانای ڕێژەی ٢٥٪ ڕێژەیەکی تەواو نمونەییە بۆ ئەم باروزروفەی عێراق، چونکە هەر ڕێژەیەکی زیاتر لەوە ڕەنگە توشی نوچدان و شکستهێنان ببێت و دانەنانی ڕێژەش بەو پێیەی کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی عەشایەرەو ڕێ بەسەر دەرهینانی ژن نادات، بۆیە ئەستەم بوو ژنان بیانتوانیایە بەبێ دیاریکردنی ڕێژە دەنگ و ڕەنگیان لەپارلەماندا هەبێت. لەراستیدا ئەگەر بێینە سەر زەمینەی واقیع ئەو ڕێژەیە وەرچەرخانێکی مێژوویی ئەنجامدەدات بەرووی

ژنان و ئافرەتاندا نەك لەسەر ئاستی عێراق بەتەنها بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەمیش و دەبێتە خاڵی شلۆقی هەموو هاوکێشە ساسی و کۆمەڵایەتیەکانی ترو ئەم قسەیە بۆ خودی هەموو یاساکە ڕاستە، چونکە هەتا ئێستا ئەگەر لەڕۆژهەلاتدا هەڵبژاردن هەبووبێت ئەوا لەشکلێکی کارتۆنی زیاتر هیچی تری نەبووە، ئەوتا میسر ماوەی ٣٠ ساڵە حوسنی موبارەك حوکمی دەکات و چەندین خولە هەر هەڵدەبژێردرێتەوە، سوریا نەدەستوری هەیە بەو مانایەی سەروەر بێت و نەیاسایەکی سەرووتر لەدەسەلاتی سەرۆك تیایدا پەیڕەو دەکرێت و هەموومان ئەو ڕاستیەشمان لەیادە کە لەبەر خاتری ئەوەی بەشار ئەلئەسەد ببێتە سەرك کۆمار لەدوای مردنی باوکی، لەیاسای هەڵبژاردندا تەمەنی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی هێنرایە خوارەوە تا ئەو ئاستەی بگونجێت لەگەل تەمەنی بەشاردا. ئوردن و سعودیەو ئەمارەتەکانی قەتەرو بەحرەین و ئەبوو زەبی و ئیمارات و کوەیت و .... تد، هەموویان پاشایەتین، ئێران بەس بەناو هەڵبژاردنی تیادا دەکرێت ئەگەر نا هیچ ئۆپۆزسیۆنێك نیە کەبتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەقینە ململانێی دەسەڵات بکات، تورکیا ڕێژەی ١٠٪ی داناوە وەك ئاستی بەشداریکردنی پارتە کێبەڕکێکارەکان لەپارلەماندا کەئەمەش بۆ ئەوەیە تا پارتە کوردە ڕێپێدراوەکان نەتوانن بچنە ناو پارلەمانەوە. بۆیە ئەبێت گەشبینانە بڕوانینە ئەم یاسایەو ئەو ڕاستیەشمان هەمیشە لەیادبێت کەنەك بەتەنها لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڵکو لەزۆرینەی وڵاتانی دونیاشدا بەشداریکردنی ژنان نەگەیشتۆتە نیوەو لەخودی ئەو وڵاتانەش کە پرۆسەی ئازادی عێراقیان ئەنجامدا ڕێژەیەکی زۆر کەمترەو لەئامارەکانی سەنتەری دەنگدان و دیمۆکراسی و یەکێتی ئینتەر پارلەمانی بۆ ساڵی ٢٠٠٣ هاتووە کەئەمریکا بەڕێژەی ١٤,٣٪و بەریتانیاش ڕێژەی ١٧,٩٪ ژنان بەشداری لەپارلەمانەکانیاندا دەکەن و بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە خشتەی ژمارە (١).[1]

---

١. سەنتەری هەڵبژاردن و دیمۆکراسی– ژنان لەدەسەلاتی یاساداناندا لەدەوڵەتانی جیهان.
E-mail/ info@fairvote.org

**خشتەی ژمارە (١)ی بەشداری سیاسی ژنان لەپارلەمانی هەندێك لەوڵاتانی ئەوروپا و ئەمریكای باكور**

| دەوڵەت | ساڵ | ٪ژنان | ساڵ | ٪ژنان | ساڵ | ٪ژنان | سیستەم | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سوید | ٩٤ | ٤١ | ٩٨ | ٤٣ | ٢٠٠٢ | ٤٥,٣ | ن.ریژەیی | |
| فینلەندە | ٩١ | ٣٩ | ٩٩ | ٣٧ | ٩٩ | ٣٦,٥ | ن.ریژەیی | |
| دانیمارك | ٩٠ | ٣٣ | ٩٨ | ٣٧ | ٢٠٠١ | ٣٨ | ن.ریژەیی | |
| نەرویج | ٨٩ | ٣٦ | ٩٧ | ٣٦ | ٢٠٠١ | ٣٦,٤ | ن.ریژەیی | |
| نیوزلاندە | ٨٩ | ٢٩ | ٩٨ | ٣٦ | ٢٠٠٣ | ٣٦,٧ | ن.ریژەیی | |
| ئەڵمانیا | ٩٤ | ٢٦ | ٩٨ | ٣١ | ٢٠٠٢ | ٣٢,٢ | ن.ریژەیی | ٥٠٪ بە( س. تاكەكەسی- فرەكورسی) |
| ئەفریقای باكور | ٩٤ | ٢٥ | ٩٤ | ٢٥ | ٩٩ | ٢٩,٨ | ن.ریژەیی | |
| ئایزلەندە | ٩١ | ٢٤ | ٩٩ | ٣٥ | ٩٩ | ٣٥ | ن.ریژەیی | |
| نەمسا | ٩٠ | ٢١ | ٩٥ | ٢٦ | ٢٠٠٢ | ٣٣,٩ | ن.ریژەیی | |
| سویسرا | ٩١ | ١٨ | ٩٥ | ٢١ | ٩٩ | ٢٣ | ن.ریژەیی | |
| كۆماری سلۆڤاكیا | ٩٢ | ١٨ | ٩٨ | ١٣ | ٢٠٠٢ | ١٩,٣ | ن.ریژەیی | |
| ئیسپانیا | ٩٣ | ١٦ | ٩٦ | ٢١ | ٢٠٠٣ | ٢٨,٣ | ن.ریژەیی | |
| ئیتالیا | ٩٣ | ١٥ | ٩٦ | ١١ | ٢٠٠١ | ١١,٥ | تێكەڵاو | ٧٥٪ بە( س. تاكەكەسی- فرەكورسی) |
| لاتیڤیا | ٩٣ | ١٤ | ٩٨ | ١٧ | ٢٠٠٢ | ٢١ | ن.ریژەیی | |
| بولگاریا | ٩١ | ١٣ | ٩٩ | ٢٣ | ٢٠٠١ | ٢٦,٢ | ن.ریژەیی | |
| ئیستونیا | ٩٢ | ١٣ | ٩٢ | ١٣ | ٩٩ | ١٧,٨ | ن.ریژەیی | |
| روسیا | ٩٣ | ١٣ | ٩٥ | ١٠ | ٩٩ | ٧,٦ | تێكەڵاو | ٥٠٪ی بەس. تاكەكەسی فرە كورسی |
| ئێرلەندە | ٩٢ | ١٢ | ٩٧ | ١٢ | ٢٠٠٢ | ١٣,٣ | ن.ریژەیی | ٧٥٪ بە( س. تاكەكەسی- فرەكورسی) |
| USA | ٩٤ | ١١ | ٩٨ | ١١ | ٢٠٠١ | ١٤,٣ | زۆرینە | س. تاكەكەسی- فرەكورسی |
| كۆماری چیك | ٩٢ | ١٠ | ٩٨ | ١٥ | ٢٠٠٢ | ١٧ | ن.ریژەیی | |
| پۆلەندە | ٩٢ | ١٠ | ٩٧ | ١٣ | ٢٠٠٢ | ٢٠,٢ | ن.ریژەیی | |
| بەلجیكا | ٩١ | ٩ | ٩٩ | ٢٣ | ٩٩ | ٢٣ | ن.ریژەیی | |
| پۆرتوگال | ٩١ | ٩ | ٩٥ | ١٣ | ٢٠٠٣ | ١٩,١ | ن.ریژەیی | |
| شانشینی یەكگرتوو | ٩٢ | ٩ | ٩٧ | ١٨ | ٢٠٠١ | ١٧,٩ | زۆرینە | س. تاكەكەسی- فرەكورسی |
| ئوسترالیا | ٩١ | ٧ | ٩٨ | ٢٢ | ٢٠٠١ | ٢٥,٣ | زۆرینە | س. تاكەكەسی- فرەكورسی- زۆرینەی رەها |
| هەنگاریا | ٩٠ | ٧ | ٩٨ | ٨ | ٢٠٠٢ | ٩,٨ | تێكەڵاو | |
| لیتوانیا | ٩٢ | ٧ | ٩٦ | ١٧ | ٢٠٠٠ | ١٠,٦ | ن.ریژەیی | |
| فەرەنسا | ٩٣ | ٦ | ٩٧ | ١١ | ٢٠٠٢ | ١٢,٢ | زۆرینە | س. تاكەكەسی- فرەكورسی- زۆرینەی رەها |
| یۆنان | ٩٠ | ٥ | ٩٦ | ٦ | ٢٠٠٠ | ٨,٧ | ن.ریژەیی | |

لایەنێکی تری پۆزەتیڤی یاساکە سەبارەت بەژنان ئەوەیە کە بەدەق جەغت دەکاتەوە لەبڕگەی ٣ بەشی چوارەمدا لەسەر ئەوەی ژنان دەبێت لەریزبەندی لیستەکاندا بونیان هەبێت و بەرامبەر هەر دوو پیاوێك ناوی ژنێك هەبێت. واتا ئەگەر لیستێك لەسێ ناو پێکهاتبوو دەبێت ناوی سێیەمیان ژنێك بێت و ئەگەریش لیستەکە لە٢٧٥ ناوەکە پێکهاتبوو ئەوا ناوی سێیەم و شەشەم و نۆیەم و دوازدەیەم و.... تد، بەژن پڕدەکرێتەوەو بەمەش دەتوانین بڵێین لەبری ئەوەی رێژەی ٢٥٪ی بۆ ژنان دیاریکردبێت بەشێوەیەکی سیستماتیکی رێژەکەی لەپاڵاوتندا بەرزکردۆتەوە بۆ ٣٣,٣٣٪ دیارە ئەم شێوە حسابکردنەش بۆئەوەیە تاکو لەکاتی دەرچوونی ئەنجامەکاندا ئەگەر لیستێك ١٤ کورسی بەرکەوت ئەوا بەگوێرەی حسابکردنی کورسیەکان ٤ کورسی بەر ژنان دەکەوێت کەئەوانیش کورسیەکانی ژمارە (٣، ٦، ٩، ١٢)و ١٠ کورسیش بەر پیاوان دەکەوێت کەئەوانیش کورسیەکانی ژمارە (١، ٢، ٤، ٥، ٧، ٨، ١٠، ١١، ١٣، ١٤)و بەم شێوەیەش مافی ژنان پێشێل ناکرێت لەبەرامبەر یاسای کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دیاریکردووە، چونکە ئەگەر بەگوێرەی یاساکە ٢٥٪ی ناوی پاڵێوراوەکان بەژنان پڕبکرایەتەوە ئەوا لەهەمان نموونەی پێشودا مانای وابوو کەژمارەکانی (٤، ٨، ١٢) لەریزبەندیەکەدا ژن بوون و ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٥، ٦، ٧، ٩، ١٠، ١١، ١٣، ١٤) بەر پیاوان دەکەوێت کەمانای بەرکەوتنی رێژەی ٢١,٤٢٪ بەژنان و ئەمیش کەمترە لەو رێژەیەی یاسای کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لەبڕگەی (ج)ی ماددەی سییەمی دەروازەی چوارەمدا دیاریکردووە بە ٢٥٪، هەربۆیە بۆ ئەوەی یاساکە پێشێل نەکرێت ناچار پەنا براوەتە بەر ئەوەی لەریزبەندی کاندیدی لیستەکاندا بە ٣٣,٣٣٪ ژنان کاندید بکرێن.

٧. لەبەشی پێنجەمی یاساکەدا کەتایبەتە بەمافی دەنگدان، ئەو مەرجانە دیاریکراوە کەدەبێت کەسەکان تیایاندا هەبێت تاکو بتوانن بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن کەئەوانیش:

- دەبێت بەهاوڵاتیەکی عێراقی دانرابێت یان مافی ئەوەی هەبێت داوای پێدانەوەی رەگەزنامەی عێراقی بکات یان شیاوی ئەوەبێت رەگەزنامەی عێراقی بدرێتێ، کە بەگوێرەی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ماددەی ١١هەموو هاوڵاتیانی عێراق کەرەگەزنامەی دەوڵەتێکی تریان وەرگرتووە دەتوانن داوای رەگەزنامەی عێراقیش بکەنەوەو ئەو هاوڵاتیانەش کە بەهۆی کاری سیاسی یان ئاینی یان رەگەزایەتی یان تائیفیەوە رەگەزنامەیان لێسەندراوەتەوە دەتوانن داوای رەگەزنامە بکەنەوە.

- دەبێت رۆژی لەدایکبوونی ١٩٨٦/١٢/٣١ یان پێشتر بێت.
- دەبێت ناوی تۆمارکرابێت بۆ دەنگدان بەگوێرەی ئەو رێوشوێنانەی لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەردەکرێن.

ئەو خاڵانەی سەرەوە زیاتر پرۆسەی هەڵبژاردنەکە گشتگیر دەکات و رێگا لەبەردەم ئەو عێراقیانەدا خۆشدەکات کە بەهۆکاری سیاسی و ئاینی یان بەهۆی هەر هۆکارێکی ترەوە لەدەرەوەی عێراق نیشتەجێبوون و ولاتیان بەجێهێشتووە، بتوانن بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکەن و سەرجەم ئەرك و مافەکانی هاوڵاتی عێراق بەجێ بگەیەنن.

ئەمانەی سەرەوە هەموو خاڵە گەشەکانی یاساکەیە کەبڕیاروایە هەڵبژاردنی عێراقی پێ ئەنجامبدرێت، بەلام لەگەڵ ئەوانەشدا کۆمەڵێك کەم و کورتی هەن کە لەو یاسایەدا روون نەکراونەتەوەو دەبوو بەروونی ئاماژەیان بۆبکرایە لەوانە مافەکانی خۆپالاوتن، لایەنی دارایی پرۆسەکە، هەڵمەتەکان و راگەیاندن، رۆڵی دادگەری لەپرۆسەکەدا، سزای سەرپێچیکاران، کەمن بەشبەحاڵی خۆم پێموایە یاساکە پەلەکردنی پێوە دیارەو دەبوو باشتر دابڕێژرایە ئەمە سەرباری ئەوەی هیچ هێمایەك بۆ هەرێمەکان و پارێزگاکان نەکراوە لەکاتێکدا ئەو یاسایە بەتەنها بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی دانەنراوە، چونکە ناوی یاساکە یاسای هەڵبژاردنە نەك یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و ئەگەر واشە دەبوو بەبڕگەیەك ئاماژە بەهەڵبژاردنی هەرێمەکان بدرایە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان دیفاکتۆیە لەسەر زەمینەی عێراق کەچی بەهیچ شێوەیەك حساب بۆ هەڵبژاردنی ئەو هەرێمانەی لەئایندەشدا دروست دەبن نەکراوە.

### هەڵبژاردنی عێراق و کاریگەری لەسەر کورد (کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان)

هەڵبژاردنەکان هەرچۆنێك بێت تازە کارێکی بڕیارلێدراوەو ناکرێت خۆدزینەوە لەئەنجامدانی و هەر خۆلادانێکیش لێی بەکردارکردنی ستەمێکە بەرامبەر بەو ئەنجامانەی کەدێنە دەست بۆیە هەمیشە بەشداریکردن تیایدا پاڵنەرێکی بەهێزی درێژەپێدانی ململانێکانە. لەراستیدا بەر لەئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەبوو کورد زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ یاسای کاتی بەرێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بکردایەو بەتەواوەتی جەغتی لەسەر ماددەی پەنجاو هەشتی ئەو یاسایە بکردایەتەوە کەجەغت لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشە موڵك و ماڵیانە دەکاتەوە کە لەئەنجامی ستەمکاری رژێمی پێشووەوە بەرهەمهاتوون لەرووی گۆڕینی بارودۆخی نیشتەجێبوون و دیمۆگرافیای ناوچە دیاریکراوەکانی وەك کەرکوك و خانەقین و مەندەلی و بەدرەو جەسان و تەلەعفەرو مەخمورو

ئەوناوچانەی تری کەکوردیان تێدا نیشتەجێبووەو، بەڵام بەهۆی ڕاگواستن و کۆچپێکردنی زۆرەملێوە ڕژێمی پێشوو توانیویەتی دەریانبکات و زەوی و موڵك و ماڵەکانیان بەسەر عەرەبی هاوردەدا دابەشبکات، بەڵام لەدوابڕگەی خاڵی چوارەمی ئەو ماددەیەدا هاتووە کەچارەسەرکردنی ململانێی ئەو ناوچانە رادەگیرێت تا ئەو کاتەی کەئامارێکی سەراپاگیر لەوناوچانەدا ئەنجامدەدرێت و دەستوری هەمیشەیی دادەنرێت و ڕێوشوێنی پێویست دەگیرێتەبەر بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکان و گێڕانەوەی فەرمانبەرە دەرکراوەکان و گێڕانەوەی موڵك و ماڵی هاوڵاتیان بۆ خاوەنەکانیان، هەر بڕیارێك لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە دەبێت ئیرادەی خەڵکی ناوچەکەی لەسەربێت.

کەچی بەداخەوە نزیکەی پێنج مانگ زیاترە حکومەتی کاتی عێراقی پێکهێنراوەو تا ئێستا هیچکام لەو ڕێوشوێنانە نەگیراونەتەبەر کە لەخاڵەکانی(١، ٢، ٣، ٤- أ، ٤- ب)ی ماددەی (٥٨)دا هاتوون لەکاتێکدا ئێستا دەیانەوێت بڕگەی (٤- ج) جێبەجێ بکەن. دەسەڵاتی سیاسی عێراق ڕێگا نادات ئەو سەدان هەزار کوردە نیشتەجێیەی ئەو ناوچانە دەنگ بەپارلەمانی هەرێمی کوردستان بدەن و دەیانەوێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاش ئەنجامبدەن کەئەمە مەترسیەکی گەورەیە بۆ کورد، چونکە کاتێك کورد بەشداری لەئەنجومەنی پارێزگای بۆنموونە شارێکی وەك کەرکوکدا دەکات مانای وایە شەرعیەت دەداتە ئەو ئاستە دیمۆگرافیەی شارەکە تیایدا گوزەر دەکات و بەمەش مۆرکی کوردستانی بوون لەو شارە دەسڕدرێتەوە.

بەهەرحاڵ لەم بەشەدا دەمەوێت باشتر ئەو لایەنانەی کە لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و سەرۆکی کۆمارو ئەنجومەنی شارەوانیەکانەوە بۆ کورد دەخوڵقێن ڕوونبکەمەوە.

دەبێت ئێمەی کورد ئەو حەقیقەتە لەبەرچاوبگرین بەبێ قەناعەتپێکردنی لایەنەکانی تری عیراق مەحاڵە بتوانین کەرکوك وەك شارێکی کوردستانی بخەینە ژێر سایەی پارلەمان و ئیدارەی کوردیەوە مەگەر لەڕێگای چەکدارییەوە نەبێت و دیارە ئەمەش ئەو خەونە نییە کەکورد ئاواتی پێدەخوازێت بەڵکو هەوڵەکانی ئەمڕۆی گەلی کورد لەوەدا خۆی دەبینێت کەبەڕێگایەکی ئاشتییانە کەرکوك و سەرجەم ئەو ناوچانەی تر بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام چۆن؟ دیارە کاتێك سەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بڕیاردەدات هانی کوردەکانی کەرکوك بدرێت لەگەڕانەوەیان بۆکەرکوك و بەڵام بەشدارینەکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا تا کاتی جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عیراق ئەوە لەخۆڕانییە،چونکە ئەگەر ئەو ماددەیە جێبەجێبکرێت ئەوا ئەو کوردانەی کەدەرکراون بەهەر هۆیەکی سیاسی یان ئاینی یان نەتەوەیی لەکەرکوك و

ناوچەکانی تردا، دەگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و بەمەش دەشێت کار بەو ئامارانە بکرێت کەپێش دەستپێکردنی هەڵمەتی راگواستن و بەزۆر کۆچپێکردن ئەنجامدرابوون بۆ نمونە ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (٢) بکەین دەبینین.(٢)

خشتەی ژمارە (٢)

| لیوا | نەتەوە | ڕێژەی سەدی لەئاماری١٩٥٧ | ڕێژەی سەدی لەئاماری ١٩٧٧ | ڕێژەی سەدی زیادبوونی عەرەب و کەمبوونی کورد لەو ماوەیەدا |
|---|---|---|---|---|
| موسڵ | عەرەب | ٥٦,١ | ٧٣,٧ | +١٧,٤ |
| | کورد | ٣٠,٧ | ٢٤,٨ | –٥,٨ |
| هەولێر | عەرەب | ٦,٦ | ١٠,٤ | +٣,٨ |
| | کورد | ٨٩ | ٨٦ | –٣ |
| کەرکوک | عەرەب | ٢٨,١٩ | ٤٤,٤ | +١٦,٢١ |
| | کورد | ٤٨,٢٤ | ٣٧,٦ | –١٠,٦٤ |
| دیالە | عەرەب | ٧٩,٢٦ | ٨٧,٥ | +٨,٢٤ |
| | کورد | ١٨,٢١ | ١٦,٣ | –١,٩١ |

تەنها لەشاری کەرکوک و شارۆچکەو ناحیەو قەزاکانی دەوروبەریدا تا ساڵی ١٩٧٧،(١٠,٦٤)ی ڕێژەی گشتی دانیشتوان راگوازراون و دەرکراون و لەجێگەیاندا ڕێژەیەکی زۆر زیاتر نیشتەجێکراوە کە بەگوێرەی ئەو ئامارانەی سەرەوە سەدی ١٦,٢١ و بەمەش لەلایەکەوە ڕێژەی دانیشتوانی کورد دابەزێنرا وەك سیاسەتێك بۆ سڕینەوەی مۆرکی کوردبوونی شارەکەو لەلاکەی تریشەوە بۆ بەعەرەبکردنی شارەکە زیاتر لەهێندەو نیوی دەرکراوەکان عەرەبی تێدا نیشتەجێکراو هەموشمان ئەوە دەزانین کەشاڵاوی راگواستن و ماڵوێرانکردنی کورد لەدوای ساڵی ١٩٧٧ەوە زۆر تاوی سەندبەشێوەیەك کەپێوانە نەدەکرا بەڵام بەداخەوە من نەمتوانی ئەو ئامارانەی دواتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکار بهێنم چونکە زیاتر ئامانجی من تایبەتبوو بەهەڵبژاردن نەك سیاسەتی عەرەبکردن و

٢. مراد حکیم محەمەد– ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لەعێراق لەسەردەمی بەعسدا– بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان– سلێمانی– ٢٠٠٤– لا١٧٥.

گۆڕینی جوگرافیای كوردستان، ئێستا ئەگەر سەیری پارێزگای دیالاش بكەین هەمان حاڵەت بەدی دەكەین، بۆیە من پێم وایە حكومەتی بەعس لەگەڵ ئەوەی راگواستن و بەعەرەبكردنی ناوچەكان و دانیشتوانەكەی وەك ئامرازێكی سیاسی بەكارهێناوە بۆسڕینەوەی مۆركی كوردانە لەگەڵ ئەوەشدا بەتێكەڵكردنی عەرەبەكان و نیشتەجێكردنیان چەندین كێشەی تری لەكۆڵ خۆی كردۆتەوە لەوانە كەمكردنەوەی هەلاوسانی نیشتەجێبوون و نیشتەجێكردنی ئەو عەرەبانەی لەهۆڕاوو ناوچەكانی باشورەوە ترسی راپەڕین و فەوزاری سیاسی لێدەكردن ئەمەسەرباری بەشارستانی كردنی خێڵە عەرەبیەكان و دروستكردنەوەی وەلائی حزبی لەلایان ئەویش بەبەخشینی پارەو ماڵ و سامانی كوردەكان پێیان، بۆیە هێنانی عەرەب و نیشتەجێكردنی لەكوردستاندا لەپاڵ گۆڕینی نەخشەی كوردستان و دیمۆگرافیای ناوچەكەی ئەو ئاكامە پۆزەتیڤانەی تریشی هەبووە.

هەڵبەت ئێمەی كورد بمانەوێت و نەمانەوێت ئەمڕۆ ناتوانین بەشداری لەهەڵبژاردنەكاندا نەكەین، چونكە خۆمان بەبەشێكی عیراق دەبینینەوەو فیدرالیمان كردۆتە سیستەمی سیاسی خوازراو، كەواتە چۆن بەرەوڕووی ئەو هەڵبژاردنانە ببینەوە لەكاتێكدا نەئامارێكی زیندوو هەیەو نە كوردە راگوێزراوەكان گەڕاونەتەوەو نەكەركوك و ناوچەكانی تر گەڕاونەتەوە ژێر باڵی حكومەتی كوردی؟

دیارە ئەو هەڵوێستەی سەركردایەتی كورد دەیەوێت بیگرێتەبەر لەمەڕ مەسەلەی ئەو ناوچانەدا لەبەشداری نەكردن لەهەڵبژاردنەكاندا تاكاتی ئەنجامدانی ئامارێكی تەواو هەڵوێستێكی تەواو سیاسی و پێم وابێت یاساییانەشە چونكە جەوهەرەكەی لەپیادەكردن و پەیڕەوكردنی ماددەی ٥٨ەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە ئەركی ئەمڕۆی كوردەكانی ئەوناوچانەیە بگەڕێنەوە ناوچەكانیان بەڵام بەشداری لەهەڵبژاردنی شارەوانی و نوێنەرایەتی پارێزگاكاندا نەكەن تاكاتی ئەنجامدانی ئەو ئامارەو ئەو قەرەبووانەی مەرجە بیاندرێتی لەپای ئەو نەهامەتییانەی دووچاری هاتبوون.

**دوا وتە . .**

لێرەدا دەزانم باسەكەم كۆتایی نەهاتووەو گەرماوگەرم روداوەكان دەگۆڕدرێن, بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستاكە تەنها چەند هەفتەیەكی ماوە بۆ رۆژی دەنگدان و تا ئێستا رەوتی مەسەلەكان بەم شێوەیەیە وە منیش دەمەوێت بەر لەپرۆسەكە ئەم بەرهەمە خوێنەر ببینێت، لەبەر ئەوە كۆتایی بەلێكۆڵینەوەكەم دەهێنم بەئومێدی ئەوەی لەئایندەدا بتوانم لایەنە نێگەتیڤەكانی نەهێڵم و درێژە بەباسەكە بدەم

## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ٢٠١٠*

هەڵبژاردنەکانی ئازاری ٢٠١٠ لەعیراقی فیدراڵدا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق گەلێك تەقینەوەی سیاسی بەدواوەبوو لەبەرئەوەی سەرباری ئەوەی هەڵبژاردنەکان لەڕووی یاساییەوە گۆڕانی بەسەرداهات و سیستمی هەڵبژاردنەکە لەلیستی داخراوی قەوارە بەشداربووەکانەوە گۆڕدرا بۆ لیستی نیمچەکراوەو بەمەش بواری زیاتر بۆ پاڵێوراوی سەربەخۆ رەخسا دەنگ کۆبکاتەوە، لەپاڵ ئەوەوە خواستی دەنگدەر سنوردارکرا بەوەی دەنگبداتە تەنها یەك پاڵێوراو بەمەش کێبەرکێ و ململانێی سیاسی نەك تەنها لەنێوان قەوارە جیاوازەکاندا، بەڵکو لەنێوان پاڵێوراوانی سەربەهەمان قەوارەشدا توندتر بووەوەو بەمەش خواستی خۆدەرخستن و خۆ بەخەڵك ناساندن وەك ئەزمونێکی نوێی سیاسی لەعێراقدا سەریهەڵدا بەجۆرێك لەدهۆکەوە تابەسرە هاووڵاتی عێراقی دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکان زانی چ پاڵێوراوێك بەهێزترینە. هاوکات ژمارەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بەڕەچاوکردنی رێژەی گەشەسەندنی هاوڵاتیان بۆ هەر پارێزگایەك زیادکراو لەئەنجامدا (٥٠) کورسی خرایە سەر کۆی ئەو ٢٢٥ کورسیەی کەپێشتر بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق دانرابوون و بەمەش ژمارەی کورسیەکان بوونە ٣٢٥ کورسی.

لەلایەکی ترەوە بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی کۆمیسیاری باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ٨٦ قەوارەو کەسایەتی خۆیان پاڵاوت، ١٠یان هاوپەیمانێتی و ٢٩یان کەسایەتی سەربەخۆبوون و ئەوانی تریش رەوت و بزوتنەوەو پارتی سیاسی بوون.

سەرکردەی شیعە مەزهەب نوری مالکی کەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو لەکاتی هەڵبژاردنەکانداو بەو دواییە لەهاوپەیمانی ئیئتیلافی نیشتمانی شیعەکان جودا بۆوەو حزبی دەعوە کە لەلایەن ناوبراوەوە رابەرایەتی دەکرا لەگەڵ ژمارەیەك لەحزبە مەزهەب سوننەکان و تورکمانەکاندا هاوپەیمانێتییەکی نوێیان پێکهێنا بەناوی هاوپەیمانێتی

---

* بۆ زانیاری زیاتری هەندێ راستی ئاماژەبۆکراو بگەڕێرەوە بۆ سەر ئەم وێب سایتان:

1- http://www.elaph.com/Web/news/2010/3/546606.html

2- ^ http://www.ankawa.com/forum/index.php/topic,399849.0.html

3- ^ http://www.ihec.iq/Arabic/result.aspx^

4- http://www.bbc.co.uk/arabic/middleeast/2010/03/100326_iraq_results_tc2.shtml

دەوڵەتی یاسا بەمەش لەکەسایەتییەکی راستەوە ئایدۆلۆژیای هاوپەیمانێتییەکەیان چەناڵکرد بۆ ئایدۆلۆژیایەکی سیکولەرو فرەڕەگەز بەشێوەیەك توانیان پشکی بەهێزیان لەگۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هەبێت.

تەنها لەشاری بەغدا ٢٦ کورسییان بەدەستهێناو خودی مالکی ٦٢٢,٩٦١ دەنگی بەتاکی تەنها لەناو شاری بەغدا لەو ٢,٥٤١,٧٦٦ دەنگەی کە لەبەغدادا درابوو بەدەستهێنا، بەمەش بووە خاوەن زۆرترین دەنگو یەکەمین کەسی پێشکەوتوو لەڕیزبەندی کەسە پێشکەوتووەکانی عێراق لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

بەشێوەیەکی گشتی قورسایی جەماوەری ئەم هاوپەیمانێتییە دەکەوێتە پارێزگاکانی بابل و بەغداو بەسرەو زیقارو کەربەلاو نەجەف و واستو لەهەندێك پارێزگای تری وەك میسان و قادسیەش جەماوەرێکی بەرچاویان هەیە، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

لەسەرتاسەری عێراق دەوڵەتی یاسا توانی ٢,٧٩٢,٠٨٣ کەدەکاتە ٢٤,٢٢٪ی دەنگەکان و بە٨٩ کورسی هاوتاکرا، بەدەستبهێنێت و بەمەش بەبەراورد بەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ پارتی دەعوەی هاوپەیمان لەناو ئیئتیلاف نیشتمانی شیعەکاندا کەئەودەم بەسەرۆکایەتی مالکی بەشداربوو، تەنها ٢٥ کورسی بەدەستهێنا. هەرچۆنێك بێت بەهۆی نەگونجانی دەعوە لەگەڵ سەدردا لەناو ئیئتیلافدا بڕیاری جیابوونەوەی داو ئەوەبوو لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە٢٠٠٩دا توانی بەهاوپەیمانێتی هەندێك لایەنی وەك حزبی دەعوەی ئیسلامی عێراقی هاشم ئەلموسەوی و ئیستقلالی حسێن شەهرستانی وەزیری نەوت و تەزامونی قاسم داودو یەکێتی تورکمانی ئیسلامی عەباس بەیاتی و چەند تەیارێکی تری کوردی و سەربەخۆ، لەکۆی ٤٤٠ کورسی ١٢٦ کورسی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەدەستبهێنێت.

لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی ٢٠١٠دا هاوپەیمانێتییەکە فراوانتربوو بەشێوەیەك ئەم بەرانەشی لەخۆگرت، بزوتنەوەی سەربەخۆیی عەرەب کە لەلایەن وەزیری دارایی عابد موتڵەگ ئەلجبوری و پارتی تەجەموعی کەفائاتی سەربەخۆی عێراق لەلایەن عەلی دەباغ و پارتی تەجەموعی مەهدی حافزو سەفیە سوهەیل و بەرەی ئینقازی نیشتمانی ئەنبار لەلایەن شێخ هەیسەم ئەلسولەیمانەوە رابەرایەتی دەکرا، بێنە ناو هاوپەیمانێتیەکەوەو بەمەش بەکۆی گشتی ٨٩ کورسی لەسەرتاسەری عێراق لەو ٣٢٥ کورسیەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی لێ پێکهاتبوو، بەدەستهێنا.

هێزی دووەم کەهێزێکی تەواو شیعەیەو بەهاوپەیمانی ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق ناسراوە لەئابی ٢٠٠٩دا دوای چوونە دەرەوەی پارتەکەی مالکی بەناوی حزبی دەعوە، پێکهات و

هەندێك پارت و بزوتنەوەی شیعەکانی لەخۆگرت لەوانە، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عەممار ئەلحەکیم و بزوتنەوەی سەدری موقتەدا سەدرو بەرەی ئیسلامی نیشتمانی ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و رێکخراوی بەدرو کوتلەی تەزامون و تەجەموعی عێراقی سەربەخۆو حزبی دەعوەی ئیسلامی عێراق و حزبی فەزیلەو ئەنجومەنی رزگارکردنی ئەنبار، لەپاڵ ئەم پارت و قەوارانەشدا کۆنگرەی نیشتمانی عێراق بەڕابەرایەتی ئەحمەد چەلەبی و هاوپەیمانی عەشایەری عێراق، پەیوەندییان کرد.

لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠دا بەبەراورد بەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ ئەم هاوپەیمانێتییە پاشەکشەی کرد کەپێدەچێت بەهێزترین هۆکار جیابونەوەی حزبی دەعوەی مالکی بووبێت جگە لەوەی ئەم بەرەیە زۆر داخراوبوو بەڕووی پێکهاتەکانی تری ناو عێراق. هەر بۆیە لە١٢٨ کورسییەوە، کورسیەکانی دابەزی بۆ ٧٠ کورسی و رێژەی دەنگەکانیشی لە٤١,٢٪ کەهاوتایە بە٢,٠٩٢,٠٦٦ دابەزی بۆ ١٨,٢٪ کەهاوتایە بە٥,٠٢١,١٣٧ دەنگ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٤، ٦).

قورسایی جەماوەری ئەم هاوپەیمانێتییە دەکەوێتە پارێزگا شیعە نشینەکانی وەك بەغدا، بەسرە، زیقار، میسان، نەجەف و قادسیەو واست لەگەڵ هەندێ پارێزگای تری وەك بابل و نەجەف و کەربەلا، بڕوانە خشتەی (٣).

هێزی سێیەم لەسەر گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکان کە بەهێزترین هێزی عێراقی بوو، هاوپەیمانی ئەلعێراقیە بوو. کەسایەتیە ناسراوەکانی وەك ئەیاد عەلاوی یەکەمین سەرۆکی وەزیران و تارق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمارو ئوسامە نوجەیفی پارێزگای موصڵ و صاڵح موتڵەگەوە پێکهێنرا دامەزرا.

ئەم هاوپەیمانێتیە کەپێکهاتەیەکی سیکولەرو نەتەوەییە، بەپێکهاتەی شیعە سیکولەرو سوننە نەتەوەییەکان ناسراوە، لەوانە پارتی نوێگەر (تجدید) کەدواتر چووە ناو ئەلعێراقیەی عەیاد عەلاوی و بەرەی دیالۆگی نیشتمانی عێراقی ساڵح موتڵەگ ئەگەرچی لەساڵی (٢٠٠٥)دا ئەم هاوپەیمانێتییە هەندێك کەس و لایەنی تری لەخۆگرتبوو لەوانە عەدنان پاچەچی وەزیری پێشوی دەرەوەو مەسیون دەمەلۆجی هەڵسوڕاوی بوار ژنان و ئەیاد جمال الدین و حزبی شیوعی عێراقی حمید مجید موسا، بەڵام تەنها (٤٠) کورسی بەدەستێنا کەهاوتابوو بە٩٧٧,٣٢٥ دەنگ و تەنها (٨٪)ی دەنگەکانی عێراق بووە لەهەڵکشانێکی بێوێنەدا لەهەڵبژاردنەکانی (٢٠١٠)دا توانی (٩١) کوسی بەدەستبهێنێ و بەمەش (٢٤,٧٢٪)ی دەنگەکان کەهاوتایە بە٢,٨٤٩,٦١٢ دەنگ بەدەستهێنا. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤، ٦)

ئەیاد عەلاوی بەتەنها لەپارێزگا بەغدا (٤٠٧,٥٣٧) دەنگی بەدەستهێنا کە بەدووەمین کەسی خاوەن زۆرترین دەنگ دادەنرێت، ئەمە لەکاتێکدا ئوسامە نوجەیفیو تاریق هاشمیش بەدواییەکدا بەسێیەمو چوارەم کەسی لیستەکە هاتنو یەکی پتر لە(٢٠٠,٠٠٠) دەنگیان هێناوە.

ئەوەی ئەم هاوپەیمانێتییەی پێ تۆمەتبار دەکرا، هەبوونی کۆنە بەعسیەکانی رژێمی پێشووی سەدام حسێن بوو لەنێو ڕیزەکانیاندا. ساڵح موتڵەگ یەکێك بوو لەو کەسایەتیانەی لەلایەن کۆمسیۆنی دژە بەعسییەکانەوە ڕێگەی لێگیرا لەبەشداریکردنی پرۆسەکەو تەنانەت بۆ ماوەیەك پارتەکەشی دەستبەسەرکرا، بەڵام دواتر بڕیاری سەر پارتەکە هەڵوەشایەوە، بەڵام بۆخۆی ماف خۆپالاوتنی هەڵپەسێردرا بەتۆمەتی هاوریکاریکردنی بەعسیەکان.

هێزی ئەم هاوپەیمانێتی یە بەوپێیەی بەشی زۆریان سوننەکان بوون لەگەڵ ئەوشیعانەی بڕوایان بەتایەفەگەری نەبوو پاڵپشتی جیاکردنەوەی کاری دونیایان لەئەو دینا دەکرد، وایکرد بکەوێتە ئەو پارێزگایانەوە کەسوونەو شیعەکراوەکانو بەشێك لەشارەکان مۆڵگەی کۆنە بەعسیەکان بوو. ئەو شارانەی هێزی ئەم هاوپەیمانێتییەی لێوە هاتبوو شارەکانی، ئەنبار، بەغداد، دیالە، کەرکوك، نەینەوا، سەلاحەدین بوون. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣)

هێزی چوارەمی گۆڕەپانەکە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بوو کەلیستێکی نەتەوەیی کورد بوو لەهەرێمی کوردسانی عێراقو ناوچە جێناکۆکەکانی موصلو کەرکوکو دیالە. ئەم لیستە وەك هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ پێکهاتەی زۆرینەی ئەو حزبو لایەنانە بوو جگە لەیەکگرتوو کەجیابووەو بزوتنەوەی گۆڕانیش ترازا لەیەکێتی.

بەگشتی براوەی یەکەمی هەرێمی کوردستان بوو کەقورسایی جەماوەری دەکەوتە پارێزگاکانی دهۆكو هەولێرو سلێمانیو کەرکوكو موصل. توانی (٤٣) کورسی بەدەستبهێنێ ئەگەرچی لەهەڵبژارنەکانی (٢٠٠٥)دا خاوەن (٥٧) کورسی بوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا بەهۆی ویستی جیابوونەوەی ئەو لایەنانەی پێشوتر ئاماژەمپێداون، ژمارەی کورسیەکانی ئەم هاوپەیمانێتییە دابەزیو دەنگەکانیشی لە(٢,٦٤٢,١٧٢) دەنگەوە هاتە خوارەوە بۆ (١,٦٨١,٧١٤) واتە لە(٢٥,٧٣٪)ی کۆدەنگی عێراقەوە بووە (١٤,٥٩٪). بڕوانە خشتەی ژمارە (٤، ٦)

کەسایەتیە ناودارەکانی ئەم هاوپەیمانێتییە سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدڕاڵ جلال تاڵەبانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانیو د.بەرهەم ئەحمەد صاڵحو نێچیرەڤان ئیدریس بارزانیو هۆشیار زێباریو د.فوئاد مەعسوم بوون، هەرچەندە جگە

لەد.فوئاد هیچکام لەو ناوانەی تر پاڵێوراو نەبوون لەلیستەکەدا، بەڵام بەهۆی هەبوونی خەڵکی تەکنۆکرات و سەربەخۆو چالاك و ئەکادیمی توانی ئەنجامێکی بەرچاو بەدەستبهێنێ.

لیستی گۆڕان کە بەپێنجەم لیست دێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، (٨) کورسی بەدەستهێنا و قورساییەکەشی دەکەوێتە شاری سلێمانی کە(٦) کورسی تیایدا بەدەستهێنا. ئەم لیستە یەکەمین جاری بوو بەشداری لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکات و (٩) مانگ بەرلەهەڵبژاردنەکان دروستبوونی خۆی رایگەیاند. لەکەسە ناسراوەکانی نەوشیراون مستەفا جێگری سکرتێری (ی.ن.ك) بوو پێش لێکترازان لەگەڵ کوێستان عەبدوڵڵا کەسەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بوو لەپارلەمانی هەرێمی کوردستان و چەندین کەسایەتی حزبی تری ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەناسراوییان لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندایە، دامەزرا. ئەم بزوتنەوەیە توانی (٤,١٣٪)ی کۆدەنگی عێراق بەدەستبهێنێ کەدەکاتە (٤٧٦,٤٧٨) دەنگ. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤)

هەندێك هێزی سیاسی تری وەك لیستی تەوافقی عێراق کە(٦) کورسی بەدەستهێنابوو لەگەڵ یەکێتی عێراق کە(٤) کورسی و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەهەمان شێوە(٤) کورسی و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان (٢) کورسی، لەسەر گۆڕەپانەکە بوون هەریەکە و کەسایەتی ناوداری عێراقی و کوردی سەرپەرشتی دەکردن بەنموونە تەوافوق کەهاوپەیمانێتیەکی سوننە بوو لە(٢٠٠٥)دا توانی (٤٤) کورسی بەدەستبهێنێ و لە(١٥,١٪) کە هاوتایە بە(١,٨٤٠,٢١٦) دەنگ پاشەکشێیەکی بەرچاوی کرد، چونکە ئەو دەمە لەسێ پارتی تاڕادەیەك بەهێزی وەك پارتی ئیسلامی عێراقی و تەجەموعی عێراقی و ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانی پێکهاتبوو، بەڵام دواتر پارتی ئیسلامی عێراقی کەتاریق هاشمی سەرپەرشتی دەکرد وازیهێناو چووە ناو هاوپەیمانی عێراقییەوەو پارتی تایبەت بەخۆی پێکهێنا، ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانیش بەهەمان شێوە وازیهێنا. ئەمە وایکرد هاوپەیمانیەکە هەڵوەشێتەوەو سەنتەری جەماوەری خۆی کە لەشاری ئەنبار‌دا بوو، لەدەست بدات. لەکەسایەتیە ناودارەکانی ئەیاد سامەڕائی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤، ٦).

بەهەمان شێوەی تەوافوق، هاوپەیمانی یەکێتی عێراق کە لەلایەن جەواد پۆلانی وەزیری ناوخۆوە سەرپەرشتی دەکرێت، دوای ئەوەی لەژێر ناوی کۆنگرەی سەحوەی نیشتمانیدا ئەحمەد ئەبو ریشەی هاوبیروباوەڕی توانی زۆرینەی کورسیەکانی پارێزگای ئەنبار بۆ ئەنجومەنی پارێزگا بەدەستبهێنێ، هەردوو ناوبراو بەهاوکاری ئەحمەد عبدولغەفور

ئەلسامەرائی سەرۆکی تەجەموعی میساقی عێراقی، هاوپەیمانێتی یەکێتی عێراقیان پێکهێناو توانیان (٤) کورسی بەدەستبهێنن. هێزی سیاسی و دەنگدەری ئەم هاوپەیمانێتیە بەپلەی یەکەم لەپارێزگای سەلاحەدیندایەو پاشان موصڵ و ئەنبار. بەگشتی (٣٠٦,٦٤٧) دەنگ کەتەنها (٢,٦٦)ی دەنگەکانی عێراقی بەدەستهێناوەو بەمەش تەمەنی ئەم هاوپەیمانێتیە هاوشێوەی بزوتنەوەی گۆڕان نوێیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە (٢٠٠٩)دا.

## هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ٢٠١٠ لەهەرێمی کوردستان یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەنمونە

ڕەنگە یەکلاکردنەوەی کورسیەکان زۆرێك لەدۆست و ئەندامانی یەکێتی و ئەوانەی بەچاوی هیواوە دەیانڕوانیە ئەم هەڵبژاردنە، توشی شۆك کردبێ. بەو پێیەی ئەگەرچی یەکێتی لەسەر ئاستی ژمارەی دەنگدەرو هەستانەوە سەرکەوتنێکی تاڕادەیەك باشی بەخۆوە دیوە، بەڵام لەبەرامبەردا بێهیوایی و بڕوانەبوون بە بەدەستهێنانی ئەم تەنها (١٣) کورسییە مایەی لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوانەی بەگرنگییەوە لەم هەڵبژاردنە دەڕوانن، چ وەك خەڵکانێکی پسپۆڕی سیاسی بواری هەڵبژاردن، چ وەك سەرکردایەتی حزبەکەو تەنانەت وەك جەماوەریش کە بەوپەڕی تواناوە بەشداری لەم پرۆسەیەدا کرد.

دیارە هەبوونی هاوپەیمانی ستراتیجی لەگەڵ پارتی دیموکراتدا ئەگەرچی لەزۆر ڕووەوە مایەی هێزو پشتیوانییە بۆگەلی کورد وەك نەتەوەیەك کە لەکوردستانی عێراقدا نیشتەجێن، بەڵام وەکو لایەنە سیاسییەکەی زەرەری خۆی بەیەکێتی گەیاندووە بەدەلیلی ئەوەی لەناوچەی سلێمانی بەهەبوونی تەنها (٨٢,٢١١ ) دەنگ پارتی (٣ ) پاڵێوراوی سەرکەوتووە، بەڵام یەکێتی لەگەڵ بوونی (١٦٠,٥٤٠) دەنگ لەهەولێرو دهۆك ئینجا توانیویەتی یەك کەس سەرخات. کەبەمە لەسلێمانی پترلە (٨٥,١٧٢) دەنگی یەکێتی بەلای پارتیدا شکاوەتەوە، چونکە بەسەرجەم دەرچووەکانی یەکێتی کە( ٥ ) کەسن تەنها ١٥٢,٢٨٧ دەنگیان بردووە لەکاتێکدا یەکێتی خاوەنی ٢٣٧,٣٧٩ دەنگ بووە لەبەرامبەریشدا لەهەولێرو دهۆك نزیکەی ١٣٠,٠٠٠ دەنگ بۆ پارتی ڕۆشتووە لەکاتێکدا لەدهۆك ٣٥,٥٩١ دەنگ و لەهەولێریش ١٢٤,٩٥٩ دەنگ بۆ یەکێتی بەدەستهاتووە، بەڵام تاکەژنێك کە بەسیستەمی کۆتا ئەویش سەرکەوتووە توانیویەتی کورسییەك بۆ یەکێتی دابین بکات.

* بۆزانیاری زیاتر لەسەر ئەم ژمارانەی سەرەوە، بڕوانە دیکۆمێنتە بڵاو نەکراوەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

ئەم ئەنجامە لەڕاستیدا ڕامانده‌كێشێ بۆ شیكردنەوەیەكی تری ناوخۆیی بەدابڕینی لەفاكتەرە دەرەكییەكانی وەك بوونی پارتی و گۆڕان. بەنمونە یەكێتی كەدڵنیابوو لەپارێزگایەكی وەك دهۆك دەنگی تەنها یەك كورسی هەیە بە چ پێوەرێك ٤ كەسی پاڵاوتووە؟ یان لەپارێزگای هەولێر بۆدەبێت كەدەزانرێت توانای سیاسی یەكێتی وەك ژمارەی دەنگ لەپارتی كەمترە، بۆچی پاڵێوراوەكانی لەژمارەی پاڵێوراوەكانی پارتی زیاتر بێت؟!

من پێم وایە لایەنە پۆزەتیڤەكەی، كەزۆرینەی زۆری سەركردایەتی یەكێتی پشتیوانی لێدەكرد، ئەوەندە زاڵبوو كەئامادەیی تێدا نەهێشتبونەوە بیر لەو لایەنە نێگەتیڤە بكەنەوە كەپارتەكەی تێكەوت.

ئەوان لایان وابوو ژمارەی زۆری پاڵێوراو، واتا ڕاكێشانی زۆرترین دەنگ، بەڵام بیریان لەدابەشبونی دەنگەكان بەوشێوازەی دواتر نەكردبۆوە. نزیكەی ١١١ هەزار دەنگ لەپارێزگای هەولێردا دابەشبووەو فەوتاوە لەئەنجامی ئەمكارە بێبەرنامەیەوە كە بەڕای من لەئەنجامی دابەشبونی پاڵێوراوەكان بەسەر كوتلەكانی ناو یەكێتیداو كاركردنی هەریەك لەو بەڕێزانەی مەكتەبی سیاسی حزبەكە بۆ ژمارەیەك لەپاڵێوراو بێ گوێدانە بەرژەوەندی گشتی یەكێتی، ئەم ئەنجامەی خوڵقاندووە. هاوكات لەهەندێ ناوچەی وەك موسڵ و دهۆك دا دەبوو یەكێتی بەپلەی یەكەم كاری بۆ كاندیدی ژن بكردایە، چونكە گەر لەجیاتی ٤ كاندید لەدهۆك ٢ كاندیدی ژنی هەبوایە بەبێ گومان هەردوو كاندیدەكە سەردەكەوتن، چونكە خاوەنی ٣٥,٥٩١ دەنگن لەكاتێكدا بەهەرسێ ژنە سەركەوتووەكەی پارتی تەنها ٤٦,٧١٦ دەنگیان هێناوە، ئەمە لەكاتێكدا بەكۆدەنگی دوان لەم براوانە تەنها ٢٣,٧٢٦ دەنگیان بەدەستهێناوە.

نەبوونی بەرنامە بۆ لەفلتەردانی پاڵێوراوەكان هۆكارێكی تری ئەم ئەنجامەیە كەئەویش بەگوێرەی ئەو ئەزموونەی لەسەر هەڵبژاردن هەمە زۆر بەكەمی بیستوومە لەڕۆژی دەنگداندا حزب خۆی بخاتە بەردەم ئەزموونی جەماوەر. بەڵكو ڕێگە ڕاستەكەی بەرەچاوكردنی ئەزموونی پارتە سەركەوتوەكانی ئەمریكا و هەندێ لەحزبەكانی تری ئەوروپا، بەرلەوەی پاڵێوراوی بەهێز بخرێتە بەردەم جەماوەر، چەند مانگێك پێش پرۆسە فەرمیەكەی هەڵبژاردن، هەر حزب و قەوارەیەك باشترین پاڵێوراوەكانی خۆی لەڕاپرسییەكی جەماوەری حزبی و كراوەدا دەخاتە بەردەم جەماوەرە حزبییەكەی خۆی و پاشان دۆست و لایەنگرانی لەناو جەماوەردا تابزانێ كام لەپاڵێوراوەكانی بەهێزترینن، ئەوجا لەسەر ئەوبنەمایە ژمارەی پاڵێوراوەكانی كەم دەكاتەوە بۆ هێندەی ژمارەی كورسیەكان و بەهێزترین كەسەكانی ئەو

ڕاپرسییە پێشوەختە دەکاتە کاندیدی خۆی بۆ هەڵبژاردنە فەرمییەکەو ئەوانەش کەپاشەکشەیان پێدەکرێ دەکەونە خزمەتی بەهێزەکان تا حزب سەروەربێ، بەڵام لەئەزموونی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا تا دواڕۆژ سەرجەم پاڵێوراوەکان مانەوەو لەئەنجامدا بەکۆی گشتی زەرەری ٢٥٠ هەزار دەنگیان بەیەکێتی گەیاند.
جەماوەری یەکێتی بەچاوی پڕهیواوە لەئامانجەکانی دەڕوانی و کە بەوشێوەیەش دەرنەچوو ئەوا لەلایەك ئەوان ویژدانیان ئاسودەیە، چونکە ئەمجارە هەڵەکە هی ئەوان نییە، بەڵکو سەرووترلێی بەرپرسیارەو لەلایەکی تریشەوە کورد وتەنی "سوار تانەگلێ نابێ بەسوار" ئێمەش ئەمە بەگلانێکی تەکنیکی دادەنێین نەك سیاسی و هیوادارین ڕابردوو چاوی ئایندەی یەکێتی بکاتەوە.
یەکێکیتر لەو هۆکارانەی بووە مایەی کورتهێنانی ژمارەی کورسیەکانی یەکێتی لەم هەڵبژاردنەدا، نەبوونی (توجیە) ئاڕاستەیەکی حزبی دیاریکراو بوو لەدابەشکردن و کاربۆکردنی کاندیدەکاندا. بەواتایەکیتر، لەگەڵ گەورەیی و بەرفراوانی ناوچەی جوگرافی شارەکان و مامەڵەکردنی کاندید لەگەڵ ژمارەیەکی بێشوماری دەنگدەردا، پرۆسەی بەدەستهێنانی دەنگی بۆهەر پاڵێوراوێك قورستر کردبوو. بەنمونە پاڵێوراوێکی هەولێر دەبوو پێیەکی لەکۆیە بێت و پێیەکەی تری لەرەواندوز کەئەمەش کارێکی هێجگار زەحمەت بوو بۆهەر پاڵێوراوێك کەخۆی بەسەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی ئەوناوچانە بناسێنێ.
هەڵبەت هەمان خاڵ بۆ سلێمانی و شوێنەکانی تریش ڕاست بووە، ئەگەرچی ئەزموونی سلێمانی تاڕادەیەك جیاوازە بەتایبەت لەپاڵێوراوە ناوچەییەکانیدا. کاندیدە ناوچەییەکان هەرپێنجیان دەنگی باشیان بەدەستهێناوە لەقەڵادزە، ڕانیە، کەلار، شارەزورو چەمچەماڵ. ئەگەر کۆتای ژنان لەپرۆسەکە دەربکەین ئەوا دەبینین ٤ لەوکاندیدە ناوچەییانە سەرکەوتوون جگە لەکاندیدەکەی چەمچەماڵ کە ئەمەیان حاڵەتێکی ترەو دواتر باسی لێدەکەم.
ئەم لێکدانەوەیە دەمانگەیەنێتە ڕاستیەك کەدەبوو سەرکردایەتی کاندیدەکانی دابەشبکردایەتە سەرسنورەکان، جەماوەرو ئەندامان و مەڵبەندەکانیشی ڕاسپاردایە کەئیش بۆ تاکە کاندیدێك بکەن و بەمەش پێشبینییەکانی ئەم حزبە نزیکتر دەبوو لەواقعەوە، چونکە لانیکەم دەیزانی لەکوێداو کامە کاندیدی لاوازە. سەبارەت بەچەمچەماڵیش ئەوا هەبوونی دوو پاڵێوراو ئەگەری بردنەوەی لەباربردبوو، چونکە سەرکەوتنی ژنە پاڵێوراوەکە ( شەوبۆ عەسکەری) بەحوکمی فاکتەرە مێژوویی و عەشایەریەکە، زۆر بەهێزتر بوو تەنانەت

دەنگەکانیشی بەڕوونی دیارە کەزۆر زیاترە، بەڵام دیسانەوە نەبوونی بەرنامەیەکی یەکگرتوو داڕێژراوو تۆکمە ئەم سەرکەوتنەی لەباربرد.

دواخاڵ کەدەمەوێ لەسەری بدوێم پاڵێوراوە ژنەکانە. بەزۆرینەی پێوەرەکان پێشبینی دەکرا لەناو شاری سلێمانیدا ژنە پاڵێوراوەکانی یەکێتی سەربکەون، بەڵام ئەم پێشبینییە وادەرنەچوو لەبەر چەند هۆکارێك.

ئەو سێ ژنە پاڵێوراوە ئەگەرچی خەڵکانی بەهێزو تاڕادەیەك ناسراوبوون لەسەر ئاستی حزبیو تەنانەت هەندێکیان لەسەر ئاستی جەماوەریش ناسراوبوون، بەڵام هەتا کاتی هەڵمەتەکان نەهات، گرنگیەکی ئەوتۆی بواری ڕاگەیاندنیان پێنەدرا.

سیاسەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش لەخزمەتیاندا نەبوو، بەوپێیەی ١١ مەڵبەند لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا هەیەو هیچ کام لەو مەڵبەندانە ئاگادار نەکرابوونەوە کە فلانە ژنە پاڵێوراو یەکەمین کاندیدی یەکێتییە لەسنورەکەیانو دەبێت کاری بۆبکەن. کەئەمەش هەلی سەرکەوتنی بۆ ژنەکانی پارتی دیموکرات زیاتر ڕەخساند، چونکە ئەوان بەسیاسەتی ( توجیەو التزام) کاریان بۆکرابوو.

لەلایەکی ترەوە هەبوونی (نازناو) زەرەری بەخاتوو (شەوبۆ عەسکەری) گەیاند، چونکە ئەگەرچی لەزێدی باوانی خۆی دەنگی یەکەمی بەدەستهێنا، بەڵام نازناوی (عەسکەری) لەناوجەرگەی سلێمانیو قەزاو ناحیەکانیتر زەرەربوو بۆی، چونکە خەڵك واتێدەگەی دەبێت لەکەرکوك ئەم خانمە خۆی هەڵبژێرێ نەك لەسلێمانی! ئەمە سەرباری ئەوەی هەرلەناو خێزانی (عەسکەری)دا کەسێکیتر کاندیدی لایەنێکی نەیاری یەکێتی بوو، هەڵبەت ئەمەش بەشی خۆی زەرەری گەیاندووە.

لەئەزموونی خۆمەوە گەیشتومەتە ئەوبڕوایەی کەسروشتی خەڵکی شاری سلێمانی وایە، کەدەنگ بخەنە پاڵ ئەوکەسانەی بێ پشتو سەر بەچینی خوارەوەی کۆمەڵگانو هەڵکەوتون لەعەقڵو پێگەیشتندا. بەو واتایەی ئارەزوومەندی سەرمایەدارو بەرپرسو خەڵکانی دەستڕۆشتوو نین. کاتێك کاندیدێك لەلایەن کەسانێکی بەرپرس یان دەستڕۆشتووەوە پشتیوانی لێدەکرێت ڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی دژایەتیکردنو گرتنی دەنگەکانی. هەربۆیەشە ژنەکانی تری یەکێتی بەو ئاقارەدا بران ئەگەرچی لەزۆرینەی زۆری کاندیدە براوەی لیستە عەرەبەکانیشیان دەنگی زیاتر بەدەستهێناوە، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە کورسی بۆخۆیانو یەکێتیش مسۆگەر بکەن.

تێبینی/ ئەم وتارە لە ژمارە ٥١٤١ ڕۆژی ٥\٤\٢٠١٠ی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (٣)، دابەشبوونی کورسی و دەنگەکانی هاوپەیمانی و قەوارەکان بەگوێرەی پارێزگاکان لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ٢٠١٠**

| ژ | قەوارە / پارێزگا | دەولەتی یاسا | ئیئتیلافی نیشتمانی | لیستی عێراقیە | هاوپەیمانی کوردستان | لیستی گۆڕان | تەوافقی عێراقی | یەکێتی عێراق | یەکگرتوو | کۆمەڵ | کۆی کورسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەنبار | ٠ | ٠ | ١١ | – | – | ٢ | ١ | – | – | ١٤ |
| ٢ | بابل | ٨ | ٥ | ٣ | ٠ | – | ٠ | ٠ | – | – | ١٦ |
| ٣ | بەغداد | ٢٦ | ١٧ | ٢٤ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | – | ٦٨ |
| ٤ | بەسرە | ١٤ | ٧ | ٣ | – | – | – | ٠ | – | – | ٢٤ |
| ٥ | دهۆك | – | ٠ | – | ٩ | ٠ | – | – | ١ | ٠ | ١٠ |
| ٦ | زیقار | ٨ | ٩ | ١ | ٠ | – | – | ٠ | – | – | ١٨ |
| ٧ | دیالە | ١ | ٣ | ٨ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | – | ١٣ |
| ٨ | هەولێر | – | ٠ | – | ١٠ | ٢ | – | – | ١ | ١ | ١٤ |
| ٩ | کەربەلا | ٦ | ٣ | ١ | – | – | – | ٠ | – | – | ١٠ |
| ١٠ | کەرکوك | ٠ | ٠ | ٦ | ٦ | ٠ | ٠ | – | ٠ | ٠ | ١٢ |
| ١١ | میسان | ٤ | ٦ | ٠ | – | – | – | ٠ | – | – | ١٠ |
| ١٢ | موسەننا | ٤ | ٣ | ٠ | ٠ | – | ٠ | ٠ | – | – | ٧ |
| ١٣ | نەجەف | ٧ | ٥ | ٠ | ٠ | – | – | ٠ | – | – | ١٢ |
| ١٤ | نەینەوا | ٠ | ١ | ٢٠ | ٨ | ٠ | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ٣١ |
| ١٥ | قادسیە | ٤ | ٥ | ٢ | ٠ | – | – | ٠ | – | – | ١١ |
| ١٦ | سلاح الدین | ٠ | ٠ | ٨ | ٠ | ٠ | ٢ | ٢ | – | – | ١٢ |
| ١٧ | سلێمانی | – | ٠ | – | ٨ | ٦ | ٠ | ٠ | ٢ | ١ | ١٧ |
| ١٨ | واست | ٥ | ٤ | ٢ | ٠ | – | – | ٠ | – | – | ١١ |
| ١٩ | قەرەبوو | ٢ | ٢ | ٢ | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٧ |
| ٢٠ | کەمینەکان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٨ |
| | **گشتی** | ٨٩ | ٧٠ | ٩١ | ٤٣ | ٨ | ٦ | ٤ | ٤ | ٢ | ٣٢٥ |

**تێبینی/ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم وێب سایتانە:**

http://www.halbijardin.org/files/AnjamakanyHalbijardin/pdf2005.pdf
http://en.wikipedia.org/wiki/Iraqi_parliamentary_election,_2010
http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%AE%D8%A7%D8%A8%D8%A7%D8%AA_%D9%85%D8%AC%D9%84%D8%B3_%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%88%D8%A7%D8%A8_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82%D9%8A_2010
http://en.wikipedia.org/wiki/Iraqi_parliamentary_election,_December_2005

**خشتەی ژمارە (٤)، دابەشبوونی کورسی و دەنگەکان بەگوێرەی هاوپەیمانی و قەوارەکان لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ٢٠١٠**

| ژ. | قەوار/ هاوپەیمانی | دەنگ | ٪ | کورسی | +/- |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | لیستی عێراقیە | ٢,٨٤٩,٦١٢ | ٢٤,٧٢ | ٩١ | +٥٤ |
| ٢. | دەوڵەتی یاسا | ٢,٧٩٢,٠٨٣ | ٢٤,٢٢ | ٨٩ | +٦٤ |
| ٣. | ئیئتیلافی نیشتمانی | ٢,٠٩٢,٠٦٦ | ١٨,١٥ | ٧٠ | -٣٥ |
| ٤. | هاوپەیمانی کوردستانی | ١,٦٨١,٧١٤ | ١٤,٥٩ | ٤٣ | -١٠ |
| ٥. | گۆڕان | ٤٧٦,٤٧٨ | ٤,١٣ | ٨ | +٨ |
| ٦. | یەکێتی عێراق | ٣٠٦,٦٤٧ | ٢,٦٦ | ٤ | +٤ |
| ٧. | تەوافقی عێراقی | ٢٩٨,٢٢٦ | ٢,٥٩ | ٦ | -٣٨ |
| ٨. | یەکگرتوی ئیسلامی | ٢٤٣,٧٢٠ | ٢,١٢ | ٤ | -١ |
| ٩. | کۆمەڵی ئیسلامی | ١٥٢,٥٣٠ | ١,٣٢ | ٢ | +١ |
| ١٠. | کەمینەکان | ٦١,١٥٣ | - | ٨ | +٦ |
| | کۆی گشتی (٦٢,٤٪) | ١١,٥٢٦,٤١٢ | ١٠٠ | ٣٢٥ | +٥٠ |

**خشتەی ژمارە (٥)، ڕێژەی دابەشبوونی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق لە٢٠١٠ بەگوێرەی دەنگەکان**

| ژ. | پارێزگا | ژ. دەنگدەری تۆمارکراو | ژ. دەنگدەری ڕاستەقینە | کورسیەکانی ٢٠١٠ | کورسیەکانی ٢٠٠٥ | ژ. کرسی زیادکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | بەغداد | ٤,٥٩٩,٠٠٠ | ٢,٥٤١,٧٦٦ | ٦٨ | ٥٩ | ٩ |
| ٢. | صلاح الدین | ٦٩٦,٠٠٠ | ٤٨٨,٨٦٥ | ١٢ | ٨ | ٤ |
| ٣. | دیالە | ٨٤٠,٠٠٠ | ٥٠٢,٨٩٦ | ١٣ | ١٠ | ٣ |
| ٤. | واست | ٦٣٨,٠٠٠ | ٣٧٦,٩٢٢ | ١١ | ٨ | ٣ |
| ٥. | میسان | ٥٦١,٠٠٠ | ٢٧٢,٨١٨ | ١٠ | ٧ | ٣ |
| ٦. | بەسرە | ١,٤٦٦,٠٠٠ | ٨١٤,٨١٠ | ٢٤ | ١٦ | ٨ |
| ٧. | زیقار | ٩٣٣,٠٠٠ | ٥٧٢,١٧٧ | ١٨ | ١٢ | ٦ |
| ٨. | موسەننا | ٣٧٩,٠٠٠ | ٢٢٩,١٤١ | ٧ | ٥ | ٢ |
| ٩. | قادسیە | ٦١٩,٠٠٠ | ٣٧٣,٣٣٩ | ١١ | ٨ | ٣ |
| ١٠. | بابل | ٩٦١,٠٠٠ | ٥٨٦,٢٨١ | ١٦ | ١١ | ٥ |
| ١١. | کەربەلا | ٥٦٤,٠٠٠ | ٣٣٣,٤٣٤ | ١٠ | ٦ | ٤ |
| ١٢. | نەجەف | ٦٩٦,٠٠٠ | ٤١١,٤٢٤ | ١٢ | ٨ | ٤ |
| ١٣. | ئەنبار | ٨٠٢,٠٠٠ | ٤٧٢,٦٠٣ | ١٤ | ٩ | ٥ |
| ١٤. | نەینەوا | ١,٧٠٢,٠٠٠ | ١,٠٥٤,٧٩٨ | ٣١ | ١٩ | ١٢ |
| ١٥. | دهۆك | ٥٧٤,٠٠٠ | ٤٢٤,٧١٥ | ١٠ | ٧ | ٣ |
| ١٦. | هەولێر | ٩١٧,٠٠٠ | ٦٨٠,٤٠٨ | ١٤ | ١٣ | ١ |
| ١٧. | کەرکوك | ٧٨٧,٠٠٠ | ٥٥٦,٣٨٤ | ١٢ | ٩ | ٣ |
| ١٨. | سلێمانی | ١,٠٩٨,٠٠٠ | ٨٣٣,٦٣١ | ١٧ | ١٥ | ٢ |
| ١٩. | کورسی قەرەبوو | - | - | ٧ | ٤٥ | ٣٨- |
| ٢٠. | کەمینەکان | - | - | ٨ | ٠ | ٨ |
| | **کۆی گشتی** | **١٨,٨٩٢,٠٠٠** | **١١,٥٢٦,٤١٢** | **٣٢٥** | **٢٧٥** | **٥٠** |

**خشتەی ژمارە (٦)، دابەشبوونی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بەگوێرەی ژمارەی دەنگە هاتووەکانی قەوارەو هاوپەیمانێتیەکان**

| ژمارە | قەوارەو هاوپەیمانێتی | ژ. دەنگ | ٪ | ژ. کورسی |
|---|---|---|---|---|
| ١. | هاوپەیمانی یەکگرتووی عێراق (شیعە) | ٤,٠٧٥,٢٩٥ | ٤٨,١٨ | ١٤٠ |
| ٢. | لیستی هاوپەیمانی کوردستان (کورد) | ٢,١٧٥,٥٥١ | ٢٥,٧٢ | ٧٥ |
| ٣. | لیستی عێراقیە | ١,١٦٨,٩٤٣ | ١٣,٨٣ | ٤٠ |
| ٤. | لیستی عێراقیون | ١٥٠,٦٨٠ | ١,٧٨ | ٥ |
| ٥. | لیستی بەرەی تورکمانی | ٩٣,٤٨٠ | ١,١٠ | ٣ |
| ٦. | کادرو هەڵبژاردنە نیشتمانیە بێلایەنەکان | ٦٩,٩٣٨ | ٠,٨٢ | ٣ |
| ٧. | حزبی شیوعی | ٦٩,٩٢٠ | ٠,٧١ | ٢ |
| ٨. | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٦٠,٥٩٢ | ٠,٥١ | ٢ |
| ٩. | رێکخراوی کاری ئیسلامی شیعە | ٤٣,٢٠٥ | ٠,٤٣ | ٢ |
| ١٠. | هاوپەیمانی نیشتمانی دیموکراتی | ٣٦,٧٥٩ | ٠,٣٦ | ١ |
| ١١. | کوتلەی ئاشتبونەوەو رزگاری | ٣٠,٧٩٦ | – | ١ |
| ١٢. | لیستی رافیدەینی نیشتمانی مەسیحی | – | – | ١ |
| | **کۆی گشتی** | **٨,٤٥٦,٢٦٦** | **١٠٠,٠٠** | **٢٧٥** |

## لێکدانەوەیەکی هەمەلایەن لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و پێگەی ژنان تیایاند لە ٢٠١٠

بەو پێیەی لەماوەی ١١ساڵی رابردوودا وەك یەکێ لەسەرسەخترین داکۆکیکارەکانی بواری هەبوونی (کۆتا) بۆ ژنان کارم کردووە، بەمافی هەموو هاوڵاتیەك، بەبێ جیاوازی جێندەری، دەزانم ئەوەی بۆ روون بکەمەوە کەئاخۆ هەبوونی کۆتا تاچەند قازانجی بەژنان گەیاندووەو لەبەرامبەردا چەند زیانی بەدیموکراسی گەیاندووە؟ بەو پێیەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئێستاکە بەردەستن و بەئاسانی دەتوانین شیکردنەوەو راڤەیان بۆ بکەین، پێم باشە ئاکامەکان لەهەردوو روانگەی سوودو زەرەر بەژنان و کۆمەڵگاو پرۆسەی هەڵبژاردن لەم وتارەدا روون بکەمەوە.

### خشتەی ژمارە (٧)

### ریزبەندی ژنە سەرکەوتووەکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠١٠ لەروانگەی سود وەرگرتن لەکۆتا

| پارێزگا | هاوکۆلکەی هەڵبژاردن | ناوی قەوارە | ژ. کورسی بەدەستهاتوو | ژنە کاندیدی سەرکەوتوو | هەرەمی ریزبەندی | ژمارەی دەنگ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٤٩,٣٧٠١ | هاوپەیمانی کوردستان | ٨ | لانە محمد علی | ٧ کۆتا | ١٤,٨٣٩ |
| | | | | أشواق نجم الدین عباس | ٨ کۆتا | ١١,٥٩٥ |
| | | لیستی گۆڕان | ٦ | شایان محمد طاهر | ٥ کۆتا | ٤,٨٢٠ |
| | | | | کوێستان کریم علی | ٦ کۆتا | ٤,١٨٤ |
| هەولێر | ٤٨,٦٠٠,٥٧ | هاوپەیمانی کوردستان | ١٠ | شلێر عزیز أحمد | ٨ کۆتا | ١٨,١٧٥ |
| | | | | نسرین أنور رشید | ٩ کۆتا | ١٤,٣٥٠ |
| | | | | ژین نوری إسماعیل | ١٠ کۆتا | ١٣,٨٨٩ |
| | بەدەر لەرێنمایی | لیستی رافیدین | ١ کەمایەتی | باسمە یوسف بطرس جمعە | ١ کۆتا | ٦٣٠ |
| دهۆك | ٤٢,٥٧١٠٥ | هاوپەیمانی کوردستان | ٩ | پەریزاد شعبان محمد | ٦ مافی خۆی | ٢٢,٩٩٠ |
| | | | | جولە حاجی عمر | ٨ کۆتا | ١٢,٥٠٢ |
| | | | | نجیبە نجیب إبراهیم | ٩ کۆتا | ١١,٢٢٤ |
| کەرکوك | ٤٦,٣٦٥٠٣ | لیستی عێراقیە | ٦ | ژاڵە یونس أحمد | ٦ کۆتا | ٤,٧٢٩ |
| | | هاوپەیمانی کوردستان | ٦ | ئاڵا تحسین حبیب | ٥ کۆتا | ٧,٢٤٢ |
| | | | | لیلی حسن شکور | ٦ کۆتا | ٤,٥٩٤ |
| موصل | ٣٤,٢٥٠٧٤ | لیستی عێراقیە | ٢٠ | نورە سالم محمد | ١٤ مافی خۆی | ٣,١٥٧ |
| | | | | مدرکە أحمد محمد | ١٥ مافی خۆی | ١,٩٨٣ |
| | | | | میساء یحیی عبدالرزاق | ١٦ کۆتا | ١,٢٥١ |
| | | | | شیفاء عادل یونس | ١٧ کۆتا | ١,١١٠ |
| | | | | وصال سلیم علی | ١٨ کۆتا | ١,٠٤٤ |
| | | | | أمنە سعدی مهدی | ١٩ کۆتا | ٩٤٦ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | انتصار على خضر | ٢٠ كۆتا | ٧٥٤ |
| | | هاوپەیمانی كوردستان | ٨ | ڤیان دخیل سعید | ٣ مافی خۆی | ١٧,٢٧٥ |
| | | | | أمینه سعید حسن | ٨ كۆتا | ٥,٣٣٩ |
| صلاح الدين | ٤٠,٧٣٨٠٨ | لیستی عێراقیه | ٨ | سهاد فاضل حميد | ٦ مافی خۆی | ٣,٩٩٨ |
| | | | | فاتن عبدالقادر لطيف | ٧ كۆتا | ٣,٥٠٢ |
| | | | | كريمه داوود سلمان | ٨ كۆتا | ٣,١٨٥ |
| دیاله | ٣٨,٠٦٨٤٠٣ | ئینتیلافی نیشتمانی | ٣ | رقيه عبد محمد | ٣ مافی خۆی | ٤,٥٨٥ |
| | | لیستی عێراقیه | ٨ | غيداء سعيد عبدالمجيد | ٧ كۆتا | ٦,٧٩٤ |
| | | | | ناهده زيد منهل | ٨ كۆتا | ٥,٦٠٣ |
| واسط | ٣٤,٢٦٥٠٦ | ئینتیلافی نیشتمانی | ٤ | إيمان جلال محمد | ٤ كۆتا | ٩,١٨١ |
| | | دەوڵەتی یاسا | ٥ | انتصار حسن على | ٤ كۆتا | ٤,٠٣٢ |
| | | | | إيمان عبدالرزاق موحان | ٥ كۆتا | ٣,١٢٢ |
| ئەنبار | ٣٣,٧٥٧,٣٦ | لیستی عێراقیه | ١١ | إيمان موسى حمادى | ٨ كۆتا | ٣,٤٦٥ |
| | | | | سميعه محمد خليفه | ٩ كۆتا | ٢,٦١٨ |
| | | | | لقاءمهدى وردى | ١٠ كۆتا | ٢,٤٠٠ |
| | | | | عفاف عبدالرزاق جبير | ١١ كۆتا | ١,٤٥٧ |
| بەغداد | ٣٧,٣٧٨,٩١ | ئینتیلافی نیشتمانی | ١٧ | مهى عادل مهدى | ٣ مافی خۆی | ٣١,٩٤٧ |
| | | | | اسماءطعمة مهدى | ١٢ مافی خۆی | ١١,٩١٨ |
| | | | | بشرى حسين صالح | ١٥ كۆتا | ٣,٥٩٥ |
| | | | | عامره خضير عباس | ١٦ كۆتا | ٣,٢٢٣ |
| | | | | ماجده عبداللطيف محمد | ١٧ كۆتا | ٣,٠٤٥ |
| | | لیستی عێراقیه | ٢٤ | عتاب جاسم نصيف | ٥ مافی خۆی | ٦,١٧٩ |
| | | | | وحده محمود فهد | ١٩ كۆتا | ١,٧٦٧ |
| | | | | عاليه نصيف جاسم | ٢٠ كۆتا | ١,٣٧٩ |
| | | | | ندى محمد إبراهيم | ٢١ كۆتا | ٩٩٤ |
| | | | | أزهار عبدالكريم عبدالوهاب | ٢٢ كۆتا | ٨٦٠ |
| | | | | ثريا نجم عبدالله | ٢٣ كۆتا | ٧٢٤ |
| | | | | ميسون سالم فاروق | ٢٤ كۆتا | ٦٥٠ |
| | | دەوڵەتی یاسا | ٢٦ | ندى عبدالله جاسم | ٥ مافی خۆی | ٥,٧٤٩ |
| | | | | صفيه طالب على | ١٢ مافی خۆی | ٢,٩٠٥ |
| | | | | سعاد حميد لفته | ١٧ مافی خۆی | ٢,٢٥٠ |
| | | | | ناجحه عبدالأمير عبدالكريم | ٢١ مافی خۆی | ٢,٠٨٥ |
| | | | | باسمه لؤى حسون | ٢٢ مافی خۆی | ١,٩٧٧ |
| | | | | سميره جعفر على | ٢٥ كۆتا | ١,٦٥٣ |
| | | | | هناء تركى عبد حسن | ٢٦ كۆتا | ١,٣٥٣ |
| میسان | ٢٧,٢٨١,٠٨ | ئینتیلافی نیشتمانی | ٦ | جليله عبدالزهره ضمد | ٣ مافی خۆی | ١٥,٤٢٣ |
| | | دەوڵەتی یاسا | ٤ | عديله حمود حسين | ٤ كۆتا | ٣,٥٢٢ |
| بابل | ٣٦,٦٤٢,٠٦ | ئینتیلافی نیشتمانی | ٥ | زينب ثابت كاظم | ٥ كۆتا | ١٠,٠٤٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لیستی عێراقیه | ٣ | لبنى رحيم كريم | ٢ مافی خۆی | ٨,٤١٠ |
| | | دەوڵەتی یاسا | ٨ | حنان سعيد محسن | ٧ کۆتا | ٩,٢٠٠ |
| | | | | مائده كاظم حمزه | ٨ کۆتا | ٤,٢٩٥ |
| زیقار | ٣١,٧٨٧,٠٦ | ئینتیلافی نیشتمانی | ٩ | زينب عبد على جريد | ٧ کۆتا | ٨,٣٥٠ |
| | | | | أمل عطية عبدالرحيم | ٨ کۆتا | ٤,٧٢١ |
| | | | | كميله كاظم محمد | ٩ کۆتا | ٣,٣٦٩ |
| | | دەوڵەتی یاسا | ٨ | إيمان حميد على | ٧ مافی خۆی | ٨,٣٢٤ |
| | | | | زينب وحيد سلمان | ٨ کۆتا | ٣,١١٣ |
| قادسیه | ٣٣,٩٣٩,٩١ | ئینتیلافی نیشتمانی | ٥ | أقبال على مواد | ٣ مافی خۆی | ١٠,٥٧٤ |
| | | | | شذاء حميد ليلو | ٥ کۆتا | ٥,٩١٠ |
| | | دەوڵەتی یاسا | ٤ | هدى سجاد محمود | ٤ کۆتا | ٣,٧٥٢ |
| موسەننا | ٣٢,٧٣٤ | ئینتیلافی نیشتمانی | ٣ | فاطمة تومان عبدالحسين | ٣ کۆتا | ٣,٢٩٩ |
| | | دەوڵەتی یاسا | ٤ | أمل صاحب حسن | ٤ کۆتا | ٣,٤٣٢ |
| نەجەف | ٣٤,٢٩٥,٠٥ | ئینتیلافی نیشتمانی | ٥ | لقاء جعفر مرتضى | ٤ مافی خۆی | ١٥,٣٦٧ |
| | | دەوڵەتی یاسا | ٧ | بتول فاروق محمد على | ٦ کۆتا | ٣,٩٢٩ |
| | | | | سعاد جبار محمد | ٧ کۆتا | ٢,٥١٥ |
| کەربەلا | ٣٣,٣٤٣,٠٤ | ئینتیلافی نیشتمانی | ٣ | إيمان حسن نعمه | ٣ مافی خۆی | ٩,١٢٦ |
| | | دەوڵەتی یاسا | ٦ | منال حميد هاشم | ٣ مافی خۆی | ١٢,٨٠٧ |
| بەصره | ٣٣,٩٥٠,٤ | ئینتیلافی نیشتمانی | ٧ | هيفاء نسيم محمد | ٦ کۆتا | ٨,٦٠٩ |
| | | | | سوزان عكلاوى صالح | ٧ کۆتا | ٢,٤٤٧ |
| | | دەوڵەتی یاسا | ١٤ | هيفاء مجلى جعفر | ١١ کۆتا | ٤,٣٤٥ |
| | | | | فاطمة سلمان زبارى | ١٢ کۆتا | ٣,٥٧٦ |
| | | | | جنان عبدالجبار ياسين | ١٣ کۆتا | ٣,٥٦٨ |
| | | | | رحاب نعمه مكطوف | ١٤ کۆتا | ٢,٧٣٤ |

هەڵبەت ئەگەر سەرنجێکی خشتەی ژمارە (٧) بدەین دەبینین هیچکام لەژنە سەرکەوتوەکان لەپارێزگاکانی عێراقدا هێندەی کۆلکەی هەڵبژاردن (قاسم الانتخابی)ی پارێزگاکەیان دەنگیان نەهێناوە کەپێی سەربکەون، کەئەمەش ئەوە روونەدەکاتەوە، گەر ئەو ژنانە وەك کەسایەتی سەربەخۆ خۆیان هەڵبژاردایە نەیاندەتوانی کورسی دابینبکەن. لەلایەکی ترەوە (٢١) لەژنەکان ئەگەرچی بەمافی خۆیان بەگوێرەی هەرەمی دەنگە بەدەستهاتووەکان سەرکەوتوون و کورسیان دابینکردووە، بەڵام هەبوونی (کۆتا) لەبەرژەوەندی ژنان، کەجیاوازیەکی پۆزەتیڤانەیە بۆ پشتیوانی هاتنە پێشەوەو کاراکردنی سیاسیانەی ژن لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق، وایکردووە کە(٦٠)ژنی تر سەربکەون بەکۆتا بەمەش (٨١) ژن دەچنە پارلەمانی عێراقەوە و ژنانیش دەبنە یەکەمین براوەی هەڵبژاردنەکان. بروانە خشتەی(٨).

**خشتەی ژمارە (٨)**

لەگەڵ هەردوو راستی ئاماژەبۆکراو لەهەردوو خشتەی (٧)و (٨)دا ئێمە ئەبێت ئەو راستیە بزانین کەتەنانەت بۆ ئەوانەش کە بەمافی خۆیان سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، گەر کۆتا نەبوایە حزبەکان زۆر بەدەگمەن ڕێگایان دەدا ژنە پاڵێوراوەکانیان سەرکەوتن بەدەستبهێنن و نەك هەر ئەمە بەڵکو زۆرێك لەکەلتوری عەشایەری و دواکەوتوویی و توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی ئەگەری پالاوتنی ژنانیان لەناو قەوارەکاندا دەخستە بەر مەترسی، بۆیە کۆتا لەدوو خاڵدا قازانجی بەژنان گەیاند، چ وەك دروستکردنی ئیلتزام لەسەر حزب و قەوارەکان کەئیشیان بۆ بکەن و چ وەك ئەوەی پێویستیان بەوهەموو دەنگە نەبێت بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی کورسی.

لەلایەکی ترەوە بەڕای من خاڵی دووەمی ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوە زۆر مەترسیدارە، چونکە ناکرێت (کەسێك) جا ژن بێت یا پیاو بەتەنها چەندسەد دەنگێك ببێتە پارلەمانتارو لەبەرامبەردا خەڵکانێك بەچەندین هەزار دەنگ بسوتێن لەپارێزگاکانی تر. بەو واتایەی ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (١) بکەین دەبینین هەندێك لەکاندیدە ژنەکان کەمتر لە(١٠٠٠) دەنگیان هێناوە لەلیستی عێراقیە کەچی سەرکەوتوون بۆ پارلەمان، لەکاتێکدا پاڵێوراوەکانی لیستی هاوپەیمانی لەسلێمانی و هەولێرو خانەقین و دهۆك و موصل هەشت نۆ هەزار دەنگ بەدەستدەهێنن و کەچی دەسوتێن! بۆیە لێرەدا واباشترە ژنان هەلپەرستانە لەبوونی کۆتا نەڕوانن، چونکە لەدواجاردا پارلەمانتارێکی لاواز بەدەنگێکی کەم دەردەچێت و حەق وایە ئەم راستیە لەبەرچاو بگرن و کاربکەن بۆ ئەوەی ئەم جیاکارییە ناڕەوایە لەسەر خۆیان نەهێڵن، چونکە لەپێناو جیاکارییەکی پۆزەتیڤانەی جێندەریدا نابێت دیموکراسی بخەینە لێواری مەرگەوە. ئەوە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە، کاندیدێکی وەك (خالید شوانی) بەپتر لەشەست هەزار دەنگەوە دەبێتە نوینەری کەرکوکیەکان، کەچی (ئامینە سەعدی و ئەزهار عەبدولکەریم و ئینتصار عەلی و سورەیا نەجم و مەیسون سالم)یش بە٦٥٠-١٠٠٠ دەنگ بەگوێرەی خشتەی ژمارە (٧) نوێنەرایەتی خەڵکی پارێزگاکانیان دەکەن!

بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە بەڕای من چاکترە کار بەیەکێ لەم دوو ڕێگایە بکرێت: ئەو ٢٥٪ەی ژنان جیابکرێتەوەو چەند کورسی دەکا، دیاری بکرێت، پاشان ژنان لەنێوان خۆیاندا کێبرکێی لەسەر بکەن و بەگوێرەی (زۆرترین بۆ کەمترین) هەرەمی سەرکەوتووان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ڕێکبخرێت. یاخود لانی کەمی دەنگە بەدەستهاتووەکان دابنرێت بۆهەر لیستێك بەشێوەیەك کەکەمتر نەبێت ١١٪ی کۆلکەی هەڵبژاردن لەهەر پارێزگایەکدا بەو واتایەی لەپارێزگایەکی وەك ( بەغدا) کەکۆلکەی هەڵبژاردن تیایدا

(٣٧,٣٧٨,٩١) دەبێت ژنێکی سەرکەوتوو بۆ پاڕلەمان (٤,١١٢) دەنگ بەدەستبهێنێت و ئەم حاڵەتە راست بێ بۆ پیاوانیش، چونکە نەك هەر ژنان بەڵکو کۆمەڵێکی زۆر لەپیاوانیش لەبەرئەوەی لیستەکەی کەتیایدا خۆیان پاڵاوتووە دەنگێکی باشی بەدەستهێناوە وەك ئەوەی لەلیستی دەوڵەتی یاساو عێراقیەدا هەر یەك لەمالکی و عەلاوی پتر لە ٤٠٧ و٦٢٢ هەزار دەنگیان بەدەستهێناوە، ئەمە وایکردووە لەخواری خوارەوەی سەرکەوتووان بە١٠٠٠یان ٢٠٠٠ دەنگ پیاوێك ببەنە ناو ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەمانیش سبەینێ لافی ئەوە بەسەر خەڵکدا لێبدەن کەبەدەنگی جەماوەر بونەتە ئەندامی پاڕلەمان، نەك هەر ئەمە بەڵکو پێیان وابێ تەنانەت لەژنەکانیش لەپێشترن، چونکە ژنان بەکۆتا سەرکەوتوون.

رێگای دووەم لەزۆر لەوڵاتانی دنیادا پەیڕەودەکرێت و سەرکەوتوشە، چونکە دەبینین هەبوونی لانی کەمی سنوری دەنگدەران بۆ سەرکەوتنی هەر پالێوراوێك لەهەر پارێزگایەکدا هێزێکی چاتری داوەتە پالێوراوەکان و زیاتر متمانە بەخۆیان دەکەن بۆ نوێنەرایەتی کردنی خەڵك. لەلایەکی ترەوە زۆرتر بەتەنگ خەڵکەوە دەبن بەو پێیەی دەیانەوێ زۆرترین خەڵك و دەنگدەر لەخۆیان رازی بکەن ئەمە ئەگەر لەنیەتیاندابێ جارێکی تر خۆیان بپاڵێون.

پارێزگای بەغدا لەپێشی پێشەوەی ئەو پارێزگایانەدایە کەدیاردەی بەکەمترین دەنگ سەرکەوتنی پارلەمانتاری پێوە دیارە. خۆ ئەگەر ئێستا رێژەی لە١١٪ لەکۆلکەی هەڵبژاردنەکە دیاریبکەین بۆ پارێزگای بەغدا، ئەوا دەبینین هەر پالێوراوێك دەبێت لانی کەم ٤,١١٢ دەنگ بەدەستبهێنێ تا سەرکەوێت، کەئەمەش وادەکات تەنها لەو پارێزگایەدا ٢٢ کاندیدی پیاوی سەرکەوتوو لەقەوارە جیاوازەکانی پارێزگای بەغدا کەمتریان لەو رێژە دەنگە بەدەستهێنابێت و سەریش کەوتبن. هاوکات ٤٠ ژنە کاندیدی سەرکەوتوو لەسەر ئاستی گشتی عێراق بەهەمان شێوە کەمترین دەنگیان هێناوە و سەریش کەوتوون.

ئێستا با بڕوانینە خشتەی ژمارە(٩)و بزانین کام لەقەوارەکان ژنیان سەرخستووە؟ لیستی هاوپەیمانی لەپلەی یەکەمدایەو پاشان لیستی عێراقیەو ئینجا ئیئتلاف دێت. بەڵام هیچکام لەیەککگرتوو، کۆمەڵ، تەوافق، یەکێتی عێراق هیچ کورسیەکانیان بۆ ژن بەدەستنەهێناوەو ئەمەش دیسانەوە پرسیار لای ژنان دروستدەکات. ئەگەر دیقەت لەدەستور بگرین دەزانین کەهەر قەوارەیەك توانی ٣ کورسی بەدەستبهێنێ دەبێت یەکێك لەسەرکەوتوەکانی ژن بێت، بەڵام هەریەك لەیەکگرتووو تەوافق کەیەکی ٤ کورسیان لەسەر ئاستی عێراق بەدەستهێناوەو کۆمەڵ و یەکێتی عێراقیش کەیەکی ٣ کورسیان هێناوە هیچ ژنێکیان سەرنەخستووە لەسەر ئاستی قەوارە، ئەمە دەبێتە پەڵە بەسەر دیموکراسیبوونی ئەم پارتانەوە.

خشتەی ژمارە (٩)

ڕێژەی سەدی ژنان بەگوێرەی لیست و قەوارەکان لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ٢٠١٠

| قەوارەکان | ژ. ژنە سەرکەوتووەکان | ر.س بەگوێرەی قەوارەکە |
|---|---|---|
| هاوپەیمانی کوردستان | ١٢ | ٢٧,٩٠٪ |
| لیستی عراقیە | ٢٥ | ٢٧,٤٧٪ |
| ئیئتیلافی نیشتیمانی | ١٩ | ٢٧,١٤٪ |
| دەوڵەتی یاسا | ٢٣ | ٢٥,٨٤٪ |
| گۆڕان | ٢ | ٢٥٪ |
| یەکگرتووی ئیسلامی | ٠ | ٠ |
| کۆمەڵی ئیسلامی | ٠ | ٠ |
| توافقی عێراقی | ٠ | ٠ |
| یەکێتی عێراق | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٨١ | |

سەبارەت بەپارێزگاکانیش، پارێزگای دهۆك بەیەکەم ریزبەندی دێت لەسەر ئاستی عێراق کە٣٠٪کورسیەکانی ژنان بردویانە لەکاتێکدا موصل بەپلەی دووەم و ئەنبارو موسەننا بەپلەی سێەم و بەغدا بەپلەی چوارەم، زیقار بەپلەی پێنجەم، واست و قادسیە بەپلەی شەشەم. تێکرای ئەم پارێزگایانەی باسیان لێکراوە دەچنە ریزبەندی ئەو پارێزگایانەوە کەپتر لە٢٧٪کورسیەکانیان بۆ ژنانە لەکاتێکدا بەصرە، نەجەف، بابل و سەلاحەدین و کەرکوك ٢٥٪یان بۆ ژنان دابینکردووەو پارێزگاکانی کەربەلاو میسان ٢٠٪و هەولێر ٢١,٤٢٪و سلێمانی و دیالەش ٢٣٪یان دابینکردووە. بەمپێیەش ئەگەرچی پاریزگای دهۆك بەیەکەم پارێزگا دێت لەسەر ئاستی عێراق، بەڵام هەردوو پارێزگاکەی تری هەرێم نەیانتوانیوە تەنانەت ئەو ڕێژەیەش بۆ ژنان دابینبکەن کە لەدەستوردا ئاماژەی بۆ کراوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠)

خشتەی ژمارە (١٠)

ڕێژەی سەدی ژنانی نلو هەر قەوارەیەك بە گوێرەی ڕێژەی ژنانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق ٢٠١٠

| قەوارەکان | ر.س.ژ.ق بەگوێرەی ژنانی ئەنجومەن |
|---|---|
| هاوپەیمانی کوردستان | ١٤,٨١ |
| لیستی عراقیە | ٣٠,٨٦ |
| ئیئتیلافی نیشتیمانی | ٢٣,٤٥ |
| دەوڵەتی یاسا | ٢٨,٣٩ |
| گۆڕان | ٢,٤٦ |
| یەکگرتووی ئیسلامی | ٠ |
| کۆمەڵی ئیسلامی | ٠ |
| توافقی عێراقی | ٠ |
| یەکێتی عێراق | ٠ |

من بەش بەحاڵی خۆم توشی ناحاڵی بوون بووم لەمەڕ ئەم ئەنجامە، چونکە ئاشکراو ڕوونە پارێزگای سلێمانی لەپێش هەموو پارێزگاکانی هەرێم و عێراقەوەیە لەمەسەلەی ژناندا کەچی گەمەی سیاسی لایەنەکان دەیخەنە بەردەم پرسی شکاندنی یاساو دەستور، چونکە ئەگەر کورسیەکانی ژنان لەسەر ئاستی گشتی عێراق ئەژمار نەکرانایەو لەسەر ئاستی پارێزگا حسابیان بۆ بکرایە ئەوا بێگومان هەر (٥) پارێزگاکەی سەرەوە، کەکەمتر لە٢٥٪ کورسیەکانیان بۆ ژنان دابینکراوە، دەکەوتنە بەردەم لێپرسینەوەی دەستوری. هەربۆیە پرسی کورسیەکانی ژنان لەم هەڵبژاردنەدا ڕاڤەکردنیان زۆر زەحمەتەو ناتوانرێ لەڕوانگەی سۆسۆلۆژیای سیاسی دەنگدەرەوە لێکدانەوەی بۆبکرێت، بەڵکو دەتوانین بڵێین ئەم ئاکامە سەد دەر سەد پەیوەستە بەخودی قەوارەکان و بەکارهێنانی کەسایەتی دەنگدەر بێئەوەی دەنگدەر خۆی دوای بیروبۆچوونە کۆمەڵایەتیەکانی بکەوێ. بەو واتایەی مەدەنی بوون و کرانەوەو دیموکراسی ئەوەندە کاریگەری لەسەر پرۆسەکە نەبووە بەقەد کاریگەری گیانی تایەفەگەری و حزبایەتی لەمەڕ پرسی ژناندا.

# بەشی حەوتەم

# پاشبەندە پەیوەندیدارەکانی لێکۆڵینەوەکە

## پاشکۆکان

### یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق، ساڵی ١٩٩٢

لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستانی عێراق سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق ئەم یاسایەی دەرکرد، کە لەرۆژی بلاوکردنەوەی لەرۆژنامەی بەرەی کوردستانی لە٨/٤/١٩٩٢ی بەرامبەر بە١٩/ نەورۆز/٢٦٩٢ی کوردی چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، پاشتر لەژمارە یەکی رۆژنامەی (ئەنجومەن) لە١٥/٩/١٩٩٢دا بلاوکرایەوەو بەمەش پارلەمانی کوردستان متمانەی خۆی دایە.*

### یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی ١٩٩٢
### یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق

#### دەروازی یەکەم
#### پێکهاتەی ئەنجومەن

**ماددەی یەکەم:**

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لەچەند ئەندامێك پێکدێت کەژمارەیان لە(١٠٠) ئەندام کەمتر نەبێت و لەسەر بنەمای یەك نوێنەر بۆ هەر سی هەزار سەرنشینێك.

**ماددەی دووەم:**

هەڵبژاردنەکان بەشێوەی هەڵبژاردنی گشتی نهێنی راستەوخۆ بەرێوە دەچێت.

**ماددەی سێ:**

ئەندامی ئەنجومەن نوێنەرایەتی گەلی کوردستانی عێراق دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

١. ناشێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن وەزیفەیەکی گشتی هەبێت و فەرمانبەری گشتی بەدەست لەکارکێشاوە دادەنرێت لەو مێژووەی تیایدا سوێند لەبەردەم ئەنجومەندا دەخوات.

٢. ناشێت هیچ ئەندامێك لەیەك کاتدا ئەندامی ئەم ئەنجومەنەو هیچ ئەنجومەنێکی تری هەڵبژێردراو بێت.

---

* ئەم یاسایە لەژمارە (١)ی رۆژی (١٥/ ٩/ ١٩٩٢) رۆژنامەی ئەنجومەن، زمانحاڵی رەسمی پەرلەمانی کوردستان بلاوکراوەتەوە.

٣. ناشێت سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان و ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ خۆیان بپاڵێون بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن ئەگەر دەست لەوەزیفەکانیان نەکێشنەوە.

٤. ناشێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن لەماوەی ئەندامێتیدا خۆی پەیمان لەگەڵ دەوڵەتدا ببەستێت یان لەرێگای کەسانی ترەوە، هەروەك نابێت ئیستیغلالی ئەندامێتیەکەی بکات بۆ بەرژەوەندی تایبەت.

**ماددەی پێنجەم:**

هەموو ئەندامانی ئەنجومەن تەنها بۆ کاری ئەندامێتیان لەناو ئەنجومەندا خۆیان تەرخان دەکەن

## دەروازەی دووەم
## هەڵبژاردنی ئەنجومەن

### بەشی یەکەم
### دەستەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی شەشەم:**

بەبڕیاری بەرەی کوردستانی دەستەیەکی باڵا دروستدەکرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان و بەسەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەك یان پلە دوو، ئەندامێتی داواکارێکی گشتی ناوچەی تێهەڵچونەوە یان جێگرەکەی و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و نوێنەرێکی کارگێڕی، پێکدێت و ئەم ئەرکانە بەڕێوەدەبات:

١. دیاریکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن.

٢. پێکهێنانی لیژنەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن بۆ سەرپەرشتیکردنی بەرێوەچوونی هەڵبژاردن تێیاندا.

**٣.** دەرکردنی زانیاری و رێنمایی بۆ ئاسانکاری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی کات و ئەو رێگایەی کەسەرۆك و ئەندامانی لیژنەکانی هەڵبژاردنی پێ هەڵدەبژێردرێت.

**ماددەی حەوتەم:**

پێکهێنانی لیژنەی ناوچەکانی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەرێك و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و کارگێڕیی کەئەمانیش لەرێی خۆیانەوە لیژنەی سەنتەرەکانی هەڵبژاردن پێکدەهێنن.

**ماددەی هەشتەم:**

لیژنەی هەر سەنتەرێکی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەر یان جێگرێکی داواکاری گشتیو یاساناسێکو نوێنەری هەر لیستێکی هەڵبژاردن پێکدێت.

## بەشی دووەم

## ناوچەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی نۆیەم:**

کوردستانی عێراق دابەشدەکرێتە سەر ناوچەی هەڵبژاردن بەشێوەیەك لەچوار ناوچە کەمتر نەبێت.

**ماددەی دەیەم:**

ناوچەی هەڵبژاردن دابەشدەکرێتە سەرژمارەیەك سەنتەری هەڵبژاردن کە بەگوێرەی بەیاننامەی لیژنەی ناوچەکە دەبێت.

**ماددەی یانزەهەم:**

هەڵبژاردنی تەواوکەر بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن بەگوێرەی ئەو بنەمایانەی باسیان لێوەکراوە لەو بەشانەی کوردستانی عێراق کەئێستا ناتوانرێت هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجامبدرێت، لەدوای نەمانی بەربەستەکان، ئەنجامدەدرێت.

## بەشی سێیەم

## کاتی هەڵبژاردنەکان

**ماددەی دوانزەهەم:**

کاتی هەڵبژاردن بەگوێرەی بڕیارێکی بەرەی کوردستانی لەرێگای هۆکارەکانی راگەیاندنەوە بەر لەکاتی دیاریکراو، بەماوەیەك کە لەمانگێك کەمتر نەبێت، بڵاودەکرێتەوە.

**ماددەی سیانزەهەم:**

دەنگدان لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستانی عێراقدا لەیەك رۆژدا ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی چواردەهەم:**

لەکاتی تەواوبوونی ماوەی ئەنجومەنەکە یان هەڵوەشانەوەی، بڕیارێك لەماوەی پانزە رۆژدا لەلایەن سەرۆکی دەسەلاٌتی جێبەجێکردنەوە دەردەچێت کە لەرۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی ئەنجومەنەکە یان هەڵوەشانەوەیەوە دەستپێدەکاتو تیایدا کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ بەگوێرەی ئەحکامی ماددەی دوانزەهەم لەم یاسایە، دیاریدەکرێت.

## بەشی چوارەم
## خشتەكانی دەنگدەران

**ماددەی پانزەهەم:**

بۆ هەر ناوچەیەكی هەڵبژاردن خشتەی ناوی دەنگدەران بەگوێرەی سەنتەرەكانی هەڵبژاردن ئامادەدەكرێت كە بەپێی پیتەكانی ئەبجەدی رێكخراون و پیشەو ناونیشان و مێژوو شوێنی لەدایكبونیانی لەخۆ گرتووەو بەچەند كۆپییەك بۆ لیژنەی ناوچەكە دەنێردرێت و ئەگەر ئەمە نەكرا ئەوا لیژنەی باڵا دەتوانێت هەر رێگایەكی تر كەخۆی بەشیاوی دەزانێت، بیگرێتە بەر بۆ بەدیهێنانی مەبەستی داواكراو.

**ماددەی شانزەهەم:**

لیژنەی ناوچە، كاری دابەشكردنی خشتەكان بەسەر سەنتەرەكاندا دەگرێتە ئەستۆ بۆ بڵاوكردنەوەیان لەو بۆردانەدا كە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەكراون و ئەمەش بەماوەیەك دەبێت كەلانی كەم بەر لەپانزە رۆژ لەكاتی دیاریكراوی دەنگدانەكە بێت، دوابەدوای مۆركردنیان بەمۆری لیژنەی ناوچەكەو جێگیركردنی مێژووی بڵاوكردنەوەیان لەگەڵ رەچاوكردنی ناوەرۆكی ماددەی پانزەهەم.

**ماددەی حەڤدەهەم:**

فەرمانگەی باری شارستانی كارتێكی دەنگدان كەشێوەو جۆرو پێكهاتەكەی بەبەیانێكی دەستەی باڵا دیاریدەكرێت، دەداتە هەر هاوڵاتیەك كە تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو كردبێت، بەمەرجێك دەنگدەر كەسێتی خۆی لەكاتی دەنگداندا بسەلمێنێت.

**ماددەی هەژدەهەم:**

١. بۆ هەر كەسێك مەرجەكانی دەنگدەری تێدا بێت و تۆماركردنی ناوی فەرامۆشكرابێت لەخشتەی دەنگدەراندا، دەتوانێت داوای تۆماركردنی ناوی بكات، بۆ هەر دەنگدەرێك هەیە داوای زیادكردنی ناوی هەر هاوڵاتیەك بكات كە بەناحەق تۆماركردنی ناوی فەرامۆشكراوە یان داوای زیادكردنی ناوی هەر هاوڵاتیەك بكات كە بەناحەق لەخشتەی دەنگدەراندا سڕدراوەتەوە، لەماوەی دە رۆژدا لەبەرواری بڵاوكردنەوەی خشتەی دەنگدەرانەوە.

٢. داواكە پێشكەش بەلیژنەی ناوچەكە دەكرێت بۆ یەكلاكردنەوەی لەماوەیەكدا كە لەسێ رۆژ تێپەڕ نەكات لەبەرواری پێشكەشكردنی داواكەوەو بڕیاری یەكلایكردنەوەی داواكە رەها دەبێت.

## بەشی پێنجەم
## مەرجەکانی دەنگدەرو پاڵیوراو

**ماددەی نۆزدەهەم:**

بۆ هەر هاوڵاتیەکی کوردستانی عێراق هەیە نێر بێت یان مێ، ببێتە دەنگدەر یان پاڵێوراو، ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لەم یاسایەدا باسیان لێوەکراوە.

**ماددەی بیستەم:**

مەرجە دەنگدەر هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێت و هەژدە ساڵی تەواو کردبێت.

**ماددەی بیست و یەك:**

مەرجەکانی پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن:

١. هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێت و دانیشتوبێت تیایدا.

٢. شایستەیی تەواوی هەبێت و گەیشتبێتە تەمەنی سی ساڵی.

٣. خوێندنەوەو نوسین بەتەواوی بزانێت.

٤. حوکم نەدرابێت بەتاوانی لەکەدار بەشەرەف و ئادابی گشتی و پاکیزەیی(نەزاهەت).

٥. حوکم نەدرابێت بەبەندکردن بەتاوانی کوشتنی بەئەنقەست یان دزی.

٦. بەشداری نەکردبێت لەو تاوانانەی دەسەڵاتی پاکتاوکەر پلانی بۆداناون و لەکوردستان ئەنجامی داون.

## بەشی شەشەم
## خۆ پاڵاوتن

**ماددەی بیست و دوو:**

١. هەر حزب یان چین یان کەمینەیەکی نەتەوەیی (تورکمان، عەرەب، ئاشوریی یان هەرکەمینەیەکی تر) دەتوانێت لیستی تایبەتی خۆی پێشکەش بکات کەناوی پاڵێوراوەکانی لەسەر ئاستی کوردستانی عێراق لەخۆ گرتبێت.

**٢.** پێشکەشکردنی لیستی پاڵێوراوەکان لەماوەی دە رۆژدا دەبێت کە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی کاتی هەڵبژاردنەکانەوە دەست پێدەکات بۆ سەرۆکی دەستەی باڵا بەپشتئەستوریی ئەو بەڵگەنامانەی لەماددەی بیست و یەکی ئەم یاسایەدا پێویستە.

**ماددەی بیست و سێ:**

١. دەستەی باڵا لەماوەی بیست و چوار سەعاتدا داوا یەکلایی دەکاتەوەو پاشان داواکاری پاڵێوەرو نوێنەری لیستی دیاریکراو لەبڕیارەکەی لەماوەی دوو رۆژدا ئاگادار دەکاتەوە.

٢. داواکاری پاڵێوەر دەتوانێت لەماوەی دوو رۆژدا لەمێژوی ئاگادارکردنەوەی لەبڕیارەکە، تانە لەبڕیاری دەستەی باڵا لەلای دادگای تێهەڵچونەوەی کوردستان بدات .

٣. دادگای تێهەڵچونەوە بەو سیفەتە تەمیزییەی هەیەتی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەربارەی تانەکە لەماوەی دوو رۆژدا دەردەکات.

٤. وادادەنرێت پەیوەندیدارەکان ئاگادارکرابێتنەوە بەبڕیارە باس لێوەکراوەکانی سەرەوە لەمێژووی بڵاوکردنەوەیان لەناو بۆردی ئاگاداریەکانی ئەو لایەنەی دەریکردووە.

٥. دەستەی باڵا لەرێگای هۆکارەکانی راگەیاندنەوە لیستی پاڵێوراوەکان لانی کەم بەماوەی دوانزە رۆژ پێش کاتی دەنگدان بڵاودەکاتەوە، هەروەك لەو بۆردەدا کە بۆ ئەم مەبەستە لەهەر سەنتەرێکی هەڵبژاردنی ناو ناوچەکانی هەڵبژاردن ئامادەکراوە بڵاودەکاتەوە.

## بەشی حەوتەم
## پروپاگەندەی هەڵبژاردن

**ماددەی بیست و چوار**

پروپاگەندەی هەڵبژاردن ئازادە لەسنوری یاساو سیستەمی گشتی و ئادابدا، بەمەرجێك بەرەی کوردستانی بنەمای هاوتایی لەهەلدا لەنێوان لیستە کێبەرکێکارەکاندا دابینبکات.

**ماددەی بیست و پێنج:**

پروپاگەندەی هەڵبژاردن لەرۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لیستی ناوی پاڵێوراوانەوە دەستپێدەکات و پێش چل و هەشت سەعات لەدەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان کۆتایی پێدێت.

## بەشی هەشتەم
## دەنگدان

**ماددەی بیست و شەش:**

سەرۆکی لیژنەی سەنتەری هەڵبژاردن و ئەندامەکانی جگە لەدادوەرو جێگرانی داواکارە گشتییەکان بەر لەپراکتیزەکردنی ئەرکەکانیان سوێندێك دەخۆن لەبەردەم لیژنەی ناوچەکەدا، کە بەم شێوەیە خوارەوەیە:

"سوێند دەخۆم بەخوای گەورە کارەکەم بەراستگۆیی و ئەمانەت و بێلایەنی جێبەجێبکەم"

**ماددەی بیست و حەوت:**

دەستەی باڵا ڕێنمایی و زانیاری پێویست دەردەکات تا لەڕێگایانەوە شێوەو قەبارەی سندوقەکانی دەنگدان و چۆنیەتی داخستن و کردنەوەیان دیاری بکرێت.

**ماددەی بیست و هەشت:**

لیژنەی ناوچە هەڵدەستێت بەچاپکردنی کارتەکانی دەنگدان و ئامادەکردنی سندوقەکان بەگوێرەی زانیاری و ڕێنماییەکانی دەستەی باڵا.

**ماددەی بیست و نۆ:**

١. دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی لیستەکان لەڕێگای نوسینەوە دەبێت لەناو کارتی هەڵبژاردنەکەدا کەشێوەو چۆنیەتی پڕکردنەوەی بەبەیانێك دەبێت کەدەستەی باڵا دەریدەکات.

٢. ئەو دەنگدەرەی خوێندنەوەو نوسین نازانێت، دەتوانێت داوا لەکەسێکی تر بکات کارتەکەی بۆ پڕ بکاتەوە.

٣. نوێنەرایەتی لەدەنگداندا قبوڵ ناکرێت.

**ماددەی سی:**

سەرۆکی لیژنەی سەنتەری هەڵبژاردن پاراستنی نیزام لەسەنتەرەکەیدا دەگرێتە ئەستۆوو دەتوانێت ئەو ڕێوشوێنانە بگرێتەبەر کەزەمانەتی باش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و سەلامەتیان دەکات و نابێت هێزەکانی ناوخۆو چەکدارەکان بچنە ناو سەنتەرەکانی دەنگدانەوە تەنها لەسەر داوای سەرۆکی لیژنەکە نەبێت.

**ماددەی سی و یەك:**

لیژنەی سەنتەر لەهەر ناڕازینامەیەك دەکۆڵێتەوە کەپێشکەشی دەکرێت سەبارەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن و بەبڕیارێکی هۆدار لەکۆنوسێکی تایبەتدا جێگیر دەکرێت.

**ماددەی سی و دوو:**

پرۆسەی دەنگدان لەسەعات هەشتی بەیانی دەست پێدەکات و لەسەعات هەشتی ئێوارە کۆتایی پێدێت و دەستەی باڵا دەتوانێت بەبەیانێك کاتی تر دیاریبکات کەلەو کاتژمێرانە تێپەڕ نەکات بۆ دەنگدان دانرابوون.

**ماددەی سی و سێ:**

لەگەڵ تەواوبوونی کاتی دیاریکراوی دەنگداندا، سەرۆکی لیژنەی سەنتەرەکە کۆتایهاتنی پرۆسەی دەنگدان ڕادەگەیەنێت و لەکۆنووسی هەڵبژاردندا جێگیری دەکات و سندوقەکان

دەکرێنەوەو دەنگەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا جیا دەکرێنەوە بەئامادەبوونی نوێنەری لیستە کێبەرکێکارەکان.

**ماددەی سی و چوار:**

ئەم کارتانەی خوارەوە بەپوچەڵ دادەنرێن:

١. کارتی مۆر نەکراو بەمۆری لیژنەی سەنتەرەکە.

٢. کارتی هێمانەکراو بۆ هیچ لیستێکی پاڵێوراوان یان ئەو کارتانەی سەرلێتێکدانی پێوەدیارە بۆ هەڵبژاردنی یەکێ لەلیستەکان.

**ماددەی سی و پێنج:**

١. لیژنەی سەنتەرەکان هەڵدەستن بەئامادەکردنی کۆنووسی واژۆکراو لەسەر ئەنجامەکانی دەنگدان و دەیخەنە زەرفی داخراوو مۆرکراو بەمۆری سەنتەرەکەو دەیدەنە لیژنەی ناوچەکە.

٢. لیژنەی ناوچەکان دوای کۆکردنەوەی ئەنجامەکان و بەڵگەنامەکانی سەنتەرەکان، هەڵدەستن بەئامادەکردنی کۆنوسی واژۆکراوو مۆرکراو بەمۆری لیژنەکەیان و دەیدەنە دەستەی باڵا.

**ماددەی سی و شەش:**

١. کۆی دەنگی دەنگدەران دابەشی کورسیەکان دەکرێت بۆ دەرهێنانی تێکڕای هەڵبژاردن.

٢. سەرجەمی ئەو دەنگانەی هەر لیستێك بەدەستیهێناوە دابەشی تێکڕای هەڵبژاردن دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی ئەو کورسیانەی هەر لیستێکی دیاریکراو بەدەستیهێناوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم دوو خاڵەی لای خوارەوە.

٣. هەر لیستێك ٧٪ی دەنگی دەنگدەرانی بەدەستنەهێنابێت نوێنەری نابێت لەئەنجومەنداو دەنگەکانی دابەشدەکرێت بەسەر ئەو لیستانەی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە بەگوێرەی ڕێژەی سەرکەوتنەکانیان.

٤. ئەو کورسیە بەتاڵانەی کە بەهۆی بوونی ماوە (باقی) ئەوتۆوە کەناگەنە تێکڕای هەڵبژاردن بەبەتاڵی دەمێننەوە، بەشێوەی یەك لەدوای یەك دەدرینە ئەو لیستانەی کەگەورەترین ماوەیان هەیە.

**ماددەی سی و حەوت:**

١. لیژنەی باڵا ڕێژەی سەدی و ئەو کورسیانەی هەر لیستێك بەدەستی هێناوە بڵاودەکاتەوە.

٢. هەڵبژاردنی سەرکەوتووانی ناو پاڵێوراوان بۆ ئەو لایەنە جێدەهێڵرێت کەخاوەنی لیستەکەیەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ- یەك لەدوای یەك.

ب- دەستنیشانکردن.

ج- قورعە.

٣. دەستەی باڵا ناوی سەرکەوتووان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بڵاودەکاتەوە.

## دەروازی سێیەم
## ئەندامێتی لەئەنجومەندا

## بەشی یەکەم
## حەصانەکان و پاداشتەکان

**ماددەی سی و نۆ:**

پرسیار لەئەندام ناکرێت دەربارەی ئەو بیروڕایانەی دەیدات یان ئەو واقعانەی دەریدەخات لەکاتی پراکتیزەکردنی کارەکەی لەئەنجومەندا.

**ماددەی چل:**

١.نابێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن مولاحەقە بکرێت یان بگیرێت بەهۆی تاوانێکەوە لەکاتی بەستنی خولەکانی ئەنجومەندا بەبێ ڕێپێدانی ئەنجومەن تەنها لەو بارەدا نەبێت کە بەسەر ئەنجامدانی تاوانەکەوە دەگیرێت.

٢. نابێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن مولاحەقە بکرێت یان بگیرێت لەدەرەوەی خولەکانی ئەنجومەن بەهۆی تاوانێکەوە بەبێ ڕێپێدانی سەرۆکی ئەنجومەن تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کەبەسەر ئەنجامدانی تاوانەکەوە دەگیرێت.

**ماددەی چل و یەك:**

هەر یەك لەسەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و سکرتێرەکەی و ئەندامەکانی پاداشتێکی مانگانە وەردەگرن کە لەلایەن ئەنجومەنەوە دیاریدەکرێت.

**ماددەی چل و دوو:**

١.خزمەتی ئەندامی ئەنجومەن بەمەبەستی سەرموچەی ساڵانەو بەرزکردنەوەو خانەنشینکردن ئەژمار دەکرێت.

٢. ئەگەر یەکێك لەئەندامانی ئەنجومەن گیانی لەدەستدا لەکاتی ئەنجامدانی خزمەتدا یان بەو هۆیەوە، ئەوا موچەیەکی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوە کەئەنجومەن دەستنیشانی دەکات.

## بەشی دووەم

## کۆتایی هاتن بەئەندامێتی

**ماددەی چل و سێ:**

کۆتایی بەئەندامێتی لەئەنجومەندا دێت لەیەکێك لەم بارانەی خوارەوەدا:

١. کۆتایی هاتن بەماوەی ئەنجومەنەکە یان هەڵوەشانەوەی.

٢. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام، بەجێبجێکراو دادەنرێت لەمێژووی قبوڵکردنیەوە لەلایەن ئەنجومەنەوەو بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان.

٣. نەمانی یەکێك لەمەرجەکانی ئەندامێتی ئەنجومەن، کەئەنجومەن بەزۆرینەی سێیەکی ئەندامانی ئامادەبوو بڕیاری لەسەر دەدات.

٤. ئامادەنەبوونی ئەندامێك لەسێ دانیشتنی یەك لەدوای یەکی ئەنجومەندا بەبێ بوونی پاساوێکی مەشروع.

٥. مردنی ئەندام.

**ماددەی چل و چوار* :**

ئەگەر یەکێك لەکورسیەکانی ئەنجومەن بەتاڵ بوو ئەوا پاڵێوراوێکی تری هەمان لیست دەخرێتە شوێنی کە لەلایەن ئەو لایەنەوە هەڵدەبژێردرێت کەخاوەنی لیستەکەیە بەگوێرەی بڕگەی (٢) لەماددەی سی و حەوتی ئەم یاسایە.

* ئەم ماددەیە دەستکاریکراوە بەگوێرەی (یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢وبەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٣٤) ی رۆژی ١٩٩٤/١٢/١٤.

## دەروازەی چوارەم

## بەڕێوەچوونی کارەکان لەئەنجومەندا

**ماددەی چل و پێنج:**

ئەجومەن لەهەولێر دانیشتنەکانی خۆی دەبەستێت و لەکاتی پێویستدا دەشێت هەر جێگایەکی تر هەڵبژێرێت.

**ماددەی چل و شەش:**

ئەنجومەن یەکەمین کۆبونەوەی خۆی لەسەعات دەی دەیەمین رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، دەبەستێت.

**ماددەی چل و حەوت:**

ئەنجومەن یەکەمین کۆبونەوەی خۆی بەسەرۆکایەتی پیرترین ئەندام دەبەستێت و ئەندامان ئەم سوێندە دەخۆن:

"سوێند دەخۆم بەخوای گەورە پارێزگاری بکەم لەیەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی"

**ماددەی چل و هەشت:**

ئەنجومەن لەدانیشتنی یەکەمیدا بەرێگای دەنگدانی نهێنی سەرۆک و جێگری سەرۆک و سکرتێر بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی هەڵدەبژێرێت.

**ماددەی چل و نۆ:**

١. ئەنجومەن لەدانیشتنی یەکەمیدا کاتی خولەکانی کۆبونەوەکانی دەستنیشان دەکات بەمەرجێك لەساڵێکدا لەدوو خول کەمتر نەبێت.

٢. سەرۆکی ئەنجومەن یان چارەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن بۆیان هەیە بانگێشتی بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکەن و کۆبونەوەکە لەم بارەدا تایبەت دەبێت بەسەیرکردنی ئەو بابەتە دیاریکراوانەی بانگێشتەکەی لەسەرکراوە.

٣. سەرۆکی ئەنجومەن دەتوانێت داوای بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکات لەسەر داوای سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەکاتی پێویستدا.

**ماددەی پەنجا:**

١.دانیشتنەکانی ئەنجومەن راست نابن تەنها بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی نەبێت، بڕیارەکانی ئەنجومەن بەزۆرینەی رەهای ئامادەبووان وەردەگیرێت، تەنها لەو بارانەدا نەبێت کەزۆرینەیەکی تایبەتی دەوێت و لەکاتی یەکسانبوونی بیروڕاکاندا دەنگی سەرۆك یەکلاکەرەوە دەبێت.

٢. دەنگدان لەسەر پرۆژەی یاساکان ماددە بەماددە بەڕێوەدەچێت.

**ماددەی پەنجاو یەك:**

ماوەی ئەنجومەن سێ ساڵەو لەیەکەمین دانیشتنیەوە دەستپێدەکات و بەکۆتاییهاتنی دواکۆبونەوەی ساڵی سێیەمی کۆتایی دێت.

**ماددەی پەنجاو دوو:**

دانیشتنەکانی ئەنجومەن ئاشکرایەو دەشێت نهێنی بن لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەن یان ژمارەیەك کە لەچارەکی ژمارەی ئەندامان کەمتر نەبێت و بەرەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان.

**ماددەی پەنجاو سێ:**

بۆ دەسەڵاتی جێەجێکردنی دروست بوو لەئەنجومەن یان بۆ دە لەئەندامانی هەیە پرۆژەی یاساکان پێشنیار بکەن و پرۆژەی یاسا سەیر ناکرێت بەر لەبینینی لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندەوەو هەر پرۆژەیەك ئەنجومەن رەتیکردەوە جارێکی تر لەماوەی هەمان ئەو خولەی دانیشتنەکاندا ناخرێتەوە بەردەمی.

**ماددەی پەنجاو چوار:**

١. هەموو ئەندامێکی ئەنجومەن بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن دەتوانێت پرسیارو لێپرسینەوە بەرامبەر ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات سەبارەت بەو بابەتانەی دەچنە چوارچێوەی ئەرك و دەسەڵاتەکانیان و دەبێت وەڵامیان بدرێتەوە لەماوەی حەوت رۆژدا لەرۆژی ئاگادارکردنەوەیان و ئەگەر پێویستی کرد گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی لێپرسینەوەکە لەناو ئەنجومەندا جێبەجێ دەکرێت.

٢. بۆ چارەکی ئەندامانی ئەنجومەن هەیە داوایەکی هۆدار پێشکەش بکەن سەبارەت بەوەرگرتنەوەی متمانە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن یان یەکێك لەئەندامانی، ئەنجومەن گفتوگۆ لەسەر ئەو داوایە ناکات دوای تێپەڕبوونی حەوت رۆژ بەسەریدا نەبێت و دەنگی لەسەر دەدرێت پاش ئەوەی دوو رۆژ بەتەواوی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

٣. ئەگەر ئەنجومەن بڕیاریدا متمانە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن یان لەسەرۆکەکەی وەرگرێتەوە ئەوا دەبێت یەکسەر دەست لەکارکێشانەوەکەی پێشکەش بکات.

**ماددەی پەنجاو پێنج:**

سەرۆکی ئەنجومەن یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات پاراستنی نیزام لەناو ئەنجومەندا دەگرێتە ئەستۆ.

## دەروازی پێنجەم

## ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن

**ماددەی پەنجاو شەش:**

ئەنجومەن ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە پراکتیزە دەکات:

١. یاسادانان.

٢. بڕیاردان لەسەر پەیماننامەکان و مەسەلە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق و دیاریکردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی نێوەندیدا.

٣. دەستنیشانکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە لەدەسەڵاتیدایە ئەندامانی دەسەڵاتەکەی لەنێوان ئەندامانی ئەنجوومەن یان لەکەسانی تر دەستنیشان بکات.

٤. متمانە پێدان و وەرگرتنەوەی متمانە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٥. بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی و پلانەکانی پەرەسەندن.

٦. چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٧. پێکهێنانی لیژنە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەهەر مەسەلەیەك پێی باشبێت.

٨. دانانی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ خۆی و دیاریکردنی بودجەو میلاکەکانی و دامەزراندنی فەرمانبەرانی.

٩. پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی لەئەندامەکانی بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ.

١٠. دانانی بنەماکانی تاوانباریی و دادگایی کردنی ئەندامان لەحاڵەتی لادانیان لەو سوێندەی خواردوویانە.

١١. شیکردنەوەی ئەو تانانەی پێشکەشی دەکرێت سەبارەت بەراستی هەڵبژاردنی ئەندامان و ئەندامێتی هیچ ئەندامێك پوچەڵ ناکرێتەوە تەنها بەبڕیارێك کەزۆرینەی سێیەکی ئامادەبووان دەریدەکەن.

## دەروازەی شەشەم

## تاوانەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی پەنجاو حەوت:**

سزا دەدرێت بەبەندکردن هەرکەسێك کە:

١. دەنگدەرانی بەپارە هەڵخەڵەتاندبێت یان رێگای فێڵ و توندوتیژی بەکارهێنابێت بۆ هەڵبژاردنی کەسێك یان رێگەگرتن لەهەڵبژاردنی.

٢. سندوقی دزی بێت یان دەستدرێژی کردبێتە سەر سندوق یان لەکاری خستبێت یان ئەوکارانەی بەکارتەکانی دەنگدان کردبێت یان بەهۆی بەرپێگرتنیەوە تاوانی ئەنجامدابێت، ئەمانە هەمووی دەکەوێتە ژێر رکێفی یاسای سزادانەوە.

٣. چەند جارێك ناوی لەخشتەی هەڵبژاردندا بەئەنقەست تۆمارکردبێت.

٤. چەندجارێك دەنگی دابێت.

٥. لیستێکی جیاوازی لەو لیستە نوسیبێت کە لەلایەن دەنگدەرەوە داوایلێکراوە.

٦. رێگای لەدەنگدانی دەنگدەرێك گرتبێت بەهەر رێگایەك.

٧. رێگای لەبەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان گرتبێت یان بەربەستی بۆ دانابێت.

٨. ساختەکاری کردبێت لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا.

٩. سەرپێچی لەئەحکامەکانی پەیوەستدار بەپروپاگەندەی هەڵبژاردن کردبێت.

## دەروازەی حەوتەم

## ئەحکامی موتەفەریقە

**ماددەی چەنجاو هەشت:**

هیچ چەکدارێك یان هێزێکی چەکدار بۆی نیە بچێتە ناو ئەنجومەنەوە، یان نزیك دەرگاکانی بمێنێتەوە تەنها لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەن نەبێت.

**ماددەی پەنجاو نۆ:**

ئەو داوایانەی لەسەر هەڵبژاردنەکان پێشکەش دەکرێن دوای تێپەربوونی سێ مانگ بەسەر تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان، گوێیان لێناگیرێت.

**ماددەی شەست:**

یاسا دەرکراوەکانی ئەنجومەن لەرۆژنامەیەکی تایبەتدا بڵاودەکرێنەوە کەئەنجومەن دەریدەکات و بەجێبەجێکراو دادەنرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەیانەوە گەر هیچ مێژوویەکی تر بۆ جێبەجێکردنی دانەنرابێت.

**ماددەی شەست و یەک:**

ئەم یاسایە بەجێبەجێکراو دادەنرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی بەرەی کوردستانیدا.

**دەرکرا لەرۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ١٩٩٢/٤/٨ی زاینی بەرامبەر بە١٩/ نەورۆزی/ ٢٦٩٢ی کوردی**

**سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی**

| | |
|---|---|
| **١. جەلال تاڵەبانی** | **یەکێتیی نیشتمانی کوردستان** |
| **٢. مەسعود بارزانی** | **پارتی دیموکراتی کوردستان** |
| **٣. عەبدوڵڵا ئاگرین** | **پارتی سۆسیالیستی کوردستان (پاسۆك)** |
| **٤. رەسوڵ مامەند** | **پارتی سۆسیالیست لەکوردستانی عێراق** |
| **٥. عەزیز محەمەد** | **حزبی شیوعی کوردستان** |
| **٦. سامی عەبدولرەحمان** | **پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان** |
| **٧. قادر عەزیز** | **حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان** |
| **٨. یەعقوب یوسف** | **بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری** |

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٤

## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٣٤**

**مێژووی بڕیار: ١٩٩٤/١٢/١٤**

**((بڕیار))**

بەپشتبەستن بەئەحکامی بڕگەی (١) لەماددەی پەنجاو شەشی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢و بەگوێرەی ئەو پێشنیارەی ژمارەیەکی یاسایی لەئەندامانی ئەنجومەن پێشنیاریان کردووە، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی (١٦)ی ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/١٤دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٤

## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی چل و چواری یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ئەگەر یەکێك لەکورسیەکانی ئەنجومەن بەتاڵ بوو ئەوا پاڵێوراوێکی تری هەمان لیست دەچێتە جێگای ئەندامەکەی پێشوو، کە لەلایەن ئەو لایەنەی خاوەنی لیستەکەیە هەڵدەبژێردرێت و بەگوێرەی ئەوەی لەبڕگەی (٢)ی ماددەی سی و حەوتی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**ماددەی دووەم:**

کار بەهیچ دەقێکی تری پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**ماددەی سێهەم:**

ئەم یاسایە کاری پێدەکرێت لەڕۆژی دەرچونیەوەو لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جەوهەر نامیق سالم**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق***

---

* لەژمارە ٢٣ی ڕۆژی ١٩٩٥/١٢/٢٥ی ڕۆژنامەی پەرلەماندا بڵاوکراوەتەوە.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی– عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ٤٧**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/١١/٢١**

پشت بەحوکمی برگە(١) مادده (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و لەسەر ئەو یاساکارییەش کەئەنجومەن لەدانیشتنی ژمارە (٥٤)ی رۆژی ( ٢٠٠٤/١١/٢٠)دا ئەنجامیداوە، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کەبرگە(٣) ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانیداوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە (٤٧)ی ساڵی ٢٠٠٤**

**یاسای سێیەم هەموار کردنی یاسای ژمارە (١) هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢) ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق**

**ماددەی یەکەم:** ماددەی یەکەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی یەکەم : ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق لەسەدو یازدە ئەندام پێکدێت).

**ماددەی دووەم:** ماددەی شەشەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی شەشەم: بەپێی یاسا هەیئەتێکی باڵای سەربەخۆ، بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان و هەڵسوراندنی چالاکیەکانی هەڵبژاردن، لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا پێکدهێنرێ، ئەم هەیئەتە لیستەکانی هەڵبژێرەران ئامادە دەکات و مەرکەزەکانی هەڵبژاردن لەهەرێمدا دیاریدەکا و رێنمایی پێویستیش بۆ ساناکردنی رەوشی هەڵبژاردنەکان و ناوزەدکردنی سەرۆکەکان و ئەندامانی لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن، دەردەهێنێت).

**ماددەی سێیەم:** ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەیئەتی باڵای سەربەخۆ کەسەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەکا، بۆی هەیە شێوەو شێوازی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان لەچوارچێوەی یەکە ئیدارییەکاندا دیاربکاو لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردنیش پێکبهێنێت).

**ماددەی چوارەم:** ماددەی نۆیەم ئیلغادەکریٚ و ئەمەی خوارەوە دیٚتەجیٚی:
(هەریٚمی کوردستانی عیٚراق بەیەك ناوچەی هەڵبژاردن لەقەڵەم دەدریٚ و دابەشدەکریٚ بەسەر مەرکەزگەلی هەڵبژاردندا).

**ماددەی پیٚنجەم:** ماددەی دەیەم لەیاساکە ئیلغادەکریٚت.

**ماددەی شەشەم:** ماددەی دوازدە لە یاساکە هەموار دەکریٚ و بەم شیٚوەیەی خوارەوە دەخویٚندریٚتەوە:
(لەپازدە رۆژی پاش تەواوبوونی ماوەی ئەنجومەن، یان کاتیٚ خۆی بەبڕیاریٚ خۆی هەڵدەوەشیٚنیٚتەوە، وادەی هەڵبژاردن بەبڕیاری سەرۆکی هەریٚم دیاریدەکریٚت و لەریٚگاکانی راگەیاندنەوە، بەسەر هاولاَتیاندا بەرلەو وادە دیاریکراوە بەماوەیەك بلاَودەکریٚتەوە لەمانگیٚ کەمتر نەبیٚ.

**ماددەی حەوتەم:** ماددەی پانزە هەموار دەکریٚ و بەم شیٚوەیەی خوارەوە دەخویٚندریٚتەوە:
(لیستەکانی ناوی دەنگدەران بۆ هەریٚمی کوردستان بەپیٚی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن ئامادە دەکریٚن و بەپیٚی پیتی ئەبجەدی ریز دەکریٚت و پیشەو عینوان و بەروارو شویٚنی لەدایکبوونیانی تیٚدا دەنوسریٚ، ئەگەر ئەوەش نەلوا، ئەوا لەو بارەدا هەیئەی بالاَ بۆی هەیە ریٚگایەکی لەبار بۆ وەدەستهیٚنانی ئەو مەبەستە بدۆزیٚتەوە).

**ماددەی هەشتەم:** ماددەی شازدە هەموار دەکریٚ و بەم شیٚوەیەی خوارەوە دەخویٚندریٚتەوە:
(هەیئەی بالاَ، دابەشکردنی لیستەکان بەسەر مەرکەزەکانی هەڵبژاردندا لەهەریٚمدا، دەگریٚتە ئەستۆی خۆی و بەلەوحەگەلیٚکدا کەبۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکریٚن چەسپ دەکریٚن، تا هاولاَتیان بتوانن هەر هیچ نەبیٚ پیٚش پازدە رۆژ لەوادەی دەنگدان لیستەکان ببینن، بەمەرجیٚشکیش مۆری هەیئەی بالاَی لیٚدرابیٚ و بەرواری ئیعلانکردنەکەی پیٚوە دیاربیٚ، لەگەڵ رەچاوکردنی دەقی ماددەی پازدە).

**ماددەی نۆیەم:** برگەی (٢) لە ماددەی هەژدە هەمواردەکریٚ و بەم شیٚوەیەی خوارەوە دەخویٚندریٚتەوە:
(٢- داواکە، لەگەڵ رای لیژنەی مەرکەزی پەیوەندیداری هەڵبژاردن، پیٚشکەش بەهەیئەی بالاَدەکریٚ و هەیئەی بالاَش لەماوەیەکدا لەسیٚ رۆژ نەترازیٚ کە لەرۆژی پیٚشکەشکردنی داواکەوە دەستپیٚدەکات، سەیری دەکات و یەکلایی دەکاتەوە).

**ماددەی دەیەم:** بڕگەی (١) لەماددەی بیست و دووی یاساکە هەمواردەکریٌ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەر حیزبێ، یان هەر گرۆپێ لەکوردستاندا بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات، ناوی پاڵێوراوەکانی خۆی، لەچوارچێوەی کوردستانی عێراقدا، تێدا بێت بەمەرجێ رێژەیەك ئافرەتیان تێدابێ لە(٢٥٪) کەمتر نەبێ و ناوی پاڵێوراوەکانیش بەجۆرێك ریزکرابێ کە لەکەمیی ناوەکان هەر بەو شێوەیە ریزدەکرێن تا کۆتایی لیستەکە، بەمەرجێکیش هەر لیستێکی هەڵبژاردن لەچوار پاڵێوراو کەمتر نەبێ.

**ماددەی یازدە:** هەردوو بڕگە(٢, ٣) لەماددەی بیست و سیٌ هەمواردەکرێن و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢_ خۆپاڵێوراو، بۆی هەیە لەدادگای پێداچوونەوە (التمییز)ی هەرێمی کوردستان، تانە لەبڕیاری هەیئەی باڵا بدات لەماوەی دوو رۆژدا کە لەرۆژی تەبلیغی بڕیارەکەوە دەست پێدەکات.

٣- دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی بنبڕ، دەربارەی ئەو تانەیە لەماوەی دوو رۆژدا دەردەهێنێ).

**ماددەی دوازدە:** ماددەی بیست و چوار هەموار دەکریٌ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(پڕوپاگەندەی هەڵبژاردون لەسنوری یاساو پەیڕەوی گشتی و ئادابدا سەربەستە، بەمەرجێ هەیئەی باڵای هەڵبژاردن، هەلی چونیەك بۆ هەموو لیستە رکابەرەکان دەستەبەر بکات).

**ماددەی سیازدە:** ماددەی بیست و هەشت هەموار دەکریٌ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی بیست و هەشت: هەیئەی باڵا کارتەکانی هەڵبژاردن لەچاپ دەداو سندوقەکانی دەنگدان ئامادە دەکات).

**ماددەی چواردە:** ماددەی سی و پێنج هەموار دەکریٌ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی سی و پێنج: لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن، ئەنجامەکانی دەنگدان لەرەشنووسگەلێکدا بەئیمزای خۆی، رێکدەخات و هاوپێچ گشت بەڵگەنامەکانی تایبەت بەبزاڤ هەڵبژاردنیان لەگەڵدا دادەنیٌ و لەناو زەرفێکی داخراوی مۆرکراو بەمۆری خۆی بەهەیئەی باڵای دەسپێرێت).

**ماددەی پازدە:** بڕگەی (٣) لەماددەی سی و شەش هەموار دەکریٚ و بەم شیٚوەیەی خوارەوە دەخویٚندریٚتەوە:

٣- ئەگەر حزبیٚك لەناو کۆمەڵە حزبیٚکدا کەهەموویان بەناوی یەك نەتەوەوە رکابەری دەکەن ( تورکومان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، عەرەب) مام ناوەندیی (معدل) هەڵبژاردنی بەدەستنەهیٚنا، ئەوە لەو بارەدا کام حزب لەحزبەکانی ئەو نەتەوەیە زۆرترین دەنگی هیٚنابیٚت کورسییەکی دەدریٚتیٚ).

**ماددەی شازدە:** بڕگەی (٢) لەماددەی سی و حەوت هەمواردەکریٚ و بەم شیٚوەیەی خوارەوە دەخویٚندریٚتەوە:

(٢- هەیئەی باڵا، پاش دابەشکردنی کورسیە براوەکانی هەر لیستیٚك بەسەر پاڵیٚوراوەکانی ئەو لیستەدا بەپیٚی ئەولەویەتی زنجیرەی ناوەکانی پاڵیٚوراوانی لیستەکە، ئەوجا ناوی ئەوانە رادەگەیەنیٚ کەئەندامیٚتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیٚراقیان بەدەستهیٚناوە، هەروەها دوای ئەوەش پرکردنەوەی کورسیە چۆڵەکانی لیستی هەڵبژاردن بەپیٚی زنجیرەی ناوەکانی لیستەکە دەبیٚت و ناشیٚ لایەنی خاوەن لیستەکەش کورسی لەهیچ پاڵیٚوراویٚکی خۆی بکیٚشیٚتەوە بەهەر هۆیەك دەبیٚ، ببیٚ).

ماددەی حەڤدە: ماددەی چل و چوار ئیلغا دەکریٚ.

ماددەی هەژدە: ئەم ماددەیەی خوارەوە دەخریٚتە سەر دەروازەی حەوتەمی حوکمە تاك و تەراکان(المتفرقه):

کۆمیسیاری باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیٚراق بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیٚراق و بەڕیٚوەبردنیشی کەلەم یاسایەدا هاتووە جیٚگای هەیئەی باڵا دەگریٚتەوە.

**ماددەی نۆزدە:** هەر دەقیٚ پیٚچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بیٚت، ناخریٚتە بەرکار.

**ماددەی بیست:** پیٚویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی بیست و یەك:** ئەم یاسایە لەرۆژی دەرهیٚنانیەوە دەخریٚتە بەرکارو لە(وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکریٚتەوە.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عیٚراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق**

پشت بەستن بەحوکمی بڕگە (١) لەماددەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوو لەسەر داوای ژماری یاسایی ئەندامانی ئەنحومەن، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان– عێراق لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢)ی ڕۆژی (٢٠٠٩/٠٣/٢٥)یدا ئەم یاسایەی دەرچوواند:

**یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان–عێراق**

**ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:**

یەکەم: (پارلەمانی کوردستان– عێراق) شوێنی (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان– عێراق)، دەگرێتەوە کە لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوو یاسا کارپێکراوەکان لەهەرێمدا هاتووە.

دووەم: گشت ئەو زاراوەو دەستەواژانەی لەم یاسایەو ئەو یاسایانەدا هاتوون کە لەهەرێمدا کاریان پێدەکرێ، هەمواردەکرێن بەجۆرێ کەڕێکبکەوێ لەگەڵ ئەو هەموارکردنەوەی لەبڕگە (یەکەمی) سەرەوەدا هاتووە.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی چواردەم لەیاساکە پوچەڵ دەکرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

بڕگەی (٢) لەماددەی (بیستو یەك) ئەم یاسایە هەموار دەکرێو بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

"٢– شیاوی تەواوبێت (کامل الاهلیە) و بیستو پێنج ساڵی لەتەمەن تەواوکردبێت"

**ماددەی چوارەم:**

بڕگەی (١) لەماددەی (بیست و دوو) ئەم یاسایە هەموار دەكرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

"هەر قەوارەیەكی سیاسی لەكوردستان– عێراق بۆی هەیە لیستێكی تایبەت بەخۆی پێشكەش بكات كەناوی پاڵێوراوەكانی لەسەر ئاستی كوردستان– عێراق تیابێ، بەمەرجێ ڕێژەی ژن لە(٣٠٪) كەمتر نەبێ و زنجیرەی ناوەكان بەجۆرێ ڕێكبخا ئەم ڕێژەیەی ژنان دەستەبەر بكات، بەمەرجێ ژمارەی پاڵێوراوان لەهەر لیستێكی هەڵبژاردن لەسێ كەمتر نەبێ".

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی (چل و شەشەم) ئەم یاسایە هەموار دەكرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

پارلەمان یەكەمین دانیشتنی لەماوەی (دە) ڕۆژدا لەدوای دەرچوونی مەرسومی هەرێمی بۆ بانگهێشتكردنی سازدەداو لەكاتی دەرنەچوونی بانگهێشتەكە بۆی، ئەوا لەڕۆژی دوای كۆتایی ئەم ماوەیە كۆدەبێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی (چل و نۆیەم) ئەم یاسایە هەموار دەكرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

یەكەم: پارلەمان لەدانیشتنی یەكەمیدا وادەی دەورەكانی بەستنی دەستنیشان دەكات، بەمەرجێ ساڵانە لەدوو دەورە كەمتر نەبێ.

دووەم: سەرۆكی پارلەمان یان چەند ئەندامێك ژمارەیان لەسێیەكی ئەندامانی كەمتر نەبێ بۆیان هەیە بانگهێشتی پارلەمان بكەن بۆ كۆبونەوەی نائاسایی و كۆبونەوەكە تەنیا سەیری ئەو بابەتانە دەكات كە لەبانگهێشتەكەدا دیار كراون.

سێیەم: سەرۆك بۆی هەیە لەسەر داوای سەرۆكی هەرێم یاخود سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بانگهێشت بۆ بەستنی دانیشتنێكی نائاسایی بكات، لە كاتی پێویستدا.

چوارەم: ئەو خولەی بودجەی گشتی هەرێم دەخرێتە ڕوو لەپارلەمان تاكو پەسەند نەكرێت كۆتایی پێ نایەت.

**ماددەی حەفتەم:**

ماددەی هەژدەمی زێدەكراو بەسێیەم هەمواركردنی یاساكە هەمواردەكرێ و دەبێتە (ماددەی شازدە– دووبارە) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

**ماددەی شەشەم (دووبارە):**

یەكەم: (كۆمیسیۆن باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەكانی عێراقی شوێنی (دەستەی باڵا بۆ هەڵبژاردنەكانی پارلەمانی كوردستان– عێراق) دەگرێتەوە، كەلەم یاسایەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتیكردنی هەڵبژاردنەكانی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پارلەمان و بەڕێوەبردنی، بەپێی برگەی (٤) ی ماددەی (٢) یاسای كۆمیسیۆن باڵای هەڵبژاردن ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧).

دووەم: كۆمیسیۆن باڵا بۆی هەیە ئەو پەیڕەوو ڕێنماییە تایبەتیانەی خۆی لەسەر هەڵبژاردنەكانی پارلەمانی كوردستان– عێراق جێبەجێ بكا بەجۆرێ ناكۆك نەبن لەگەڵ حوكمەكانی لەم یاسایەدا هاتووە.

سێیەم: كۆمیسیۆن باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان دەڕوانێتە ئەو ناكۆكی و ناڕەزاییانە كە لەكاتی ئامادەكردن و جێبەجێكردنی ڕێكارەكانی هەڵبژاردنەكان ڕوویانداوە.

چوارەم: دەستەیەكی دادوەری لەدادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستان– عێراق پێكدێت لەسێ دادوەری تەرخان نەكراو (غیر متفرغ) بۆ ڕوانین لەو تانوتانەی كەبۆی ڕەوانەكراوە لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەكان یاخود كەسەكان یان قەوارە زیانلێكەوتووەكان لەئەنجامی بڕیارەكانی كۆمیسیۆن و ئەو بڕیارانەشی بنبڕ دەبێت.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم ماددەیە بۆ یاساكە زێدە دەكرێ و بۆی دەبێە ماددەی (سی و شەش/ دووبارە):

**"ماددەی سی و شەشەم: (دووبارە):**

یەكەم: پێنج كورسی تەرخاندەكرێ بۆ كلدان سریان ئاشووری كەپاڵێوراوانی ئەو پێكهاتانە كێبڕكێی لەسەر دەكەن.

دووەم: پێنج كورسی تەرخاندەكرێ بۆ توركمان كەپاڵێوراوانی ئەو پێكهاتەیە كێبڕكێی لەسەر دەكەن.

سێیەم: یەك كورسی تەرخاندەكرێ بۆ ئەرمەن كەپاڵێوراوانی ئەو پێكهاتەیە كێبڕكێی لەسەر دەكەن.

چوارەم: دەنگدەرانی ئەو پێكهاتانەی باسكران پاڵێوراوی پێكهاتەكە هەڵدەبژێرن".

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم ماددەیە بۆ یاساكە زێدە دەكرێ و بۆی دەبێە (پازدەم/دووبارە):

**"ماددەی پانزدەم: (دووبارە)**

دەستەواژەی (تۆماری دەنگدەران) شوێنی دەستەواژەی (خشتەكانی هەڵبژاردن) دەگرێتەوە لەهەر شوێنێكی ئەم یاسایەدا هاتبێت".

**ماددەی دەیەم:**

هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی نیشتەجێن لەدەروەیدا مافی بەشداریکردنیان لەهەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان– عێراقدا هەیە.

**ماددەی یازدەیەم:**

پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) و سوپاو کارمەندانی نەخۆشخانەکان و چاکسازییەکان و نەخۆشەکان و بەندکراوەکان لەبنەکانی دەنگدانی تایبەت دەستەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تایبەتمەند دەستنیشان دەکات بەمەرجێ بەر چل و هەشت کاتژمێر لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بکرێ.

**ماددەی دوازدەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێزدەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی (٢٠٠٩/٣/٢٥)وە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**عەدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان– عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**پارلەمانی کوردستان– عێراق**

پشت بەحوکمی بڕگە(١) مادده (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، لەسەر دوای ژمارەی یاسایی پارلەمانتاران. پارلەمانی کوردستان– عێراق لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی ٢٠٠٩/٣/١٣دا ئەو یاسایەی دەرکرد:

## یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩

## یاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان– عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو

**ماددەی یەکەم:** بڕگەی (٢) لەماددەی بیست و دووەم لەیاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

(٢– لیستی پاڵێوراوەکان لەماوەی پانزە رۆژدا لەڕۆژی راگەیاندنی کاتی هەڵبژاردنەکانەوە پێشکەش بەسەرۆکی دەستەی گشتی دەکرێت، لەگەڵ ئەو بەڵگەنامە پێویستانەی لەماددەی بیست و یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتوون).

**ماددەی دووەم:** ماددەی بیست و پێنجەمی ئەم یاساییە هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێیدەگرێتەوە:

یەکەم: ریکلامی هەڵبژاردن لەرۆژی دوای راگەیاندنی لیستی پاڵێوراوانەوە دەستپێدەکات و بەچل و هەشت کاتژمێر پێش دەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان کۆتایی پێدێت.

دووەم: کۆمیسیۆن ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات کەنابێ ریکلامی هەڵبژاردن و هەڵواسراوی جارنامەی هەڵبژاردنی تێدا بەکاربهێنرێت، ئەمەش بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کەڕێ بەریکلامی هەڵبژاردن دەدرێ.

سێیەم: لەسەر قەوارە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکانە هەڵواسراوی ریکلامی هەڵبژاردن لابەرن، ئەمەش بەپێی ئەو رێنماییانەی کەکۆمیسیۆن دەریاندەکات.

چوارەم:

١– بەکارهێنانی ئەو بینایانەی کەبۆ وەزارەت و فەرمانگەکانی هەرێم و هەموو شوێنەکانی کارکردن و فەرمانبەریەتی بۆ کاری حزبی بەکاردێن ریکلامی هەڵبژاردن قەدەغە دەکرێ.

٢- ڕێ بەفەرمانبەرانی فەرمانگەکانی هەرێم و دەسەڵاتداریەتی خۆجێیەتی نادرێت پێگەی فەرمانبەرایەتی خۆیان یاخود داهاتی هەرێم یاخود هۆیەکانی یان دەزگاکانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان یا هەر پاڵێوراوێك بەکاربهێنین بەهێزە کانی ئاسایشی ناوخۆو دەزگا سەربازییەکانیشەوە بۆ ریکلامی هەڵبژاردن یاخود کارتێکردنی دەنگەران.

پێنجەم:

١- نابێ هیچ پاڵێوراوێك ڕۆژی دەنگدان بەرنامەی کار یاخود بڵاوکراوە یان بلیت یا بەڵگەنامەی دیکە بەخۆی یابەهۆی غەیری خۆیەوە بڵاوبکاتەوە.

٢- نابێ هیچ کارمەندێك لەفەرمانگەکانی هەرێم یا ئەندامانی دەسەڵاتداریەتی خۆجێیەتی رۆژی دەنگدان بەنامەی کار بەخۆی یان بەهۆی غەیری خۆیەوە بڵاوبکاتەوە.

٣- نابێ ریکلام یان دابەشکردنی بەرنامەی کار یان بڵاوکردنەوە یان بلیت بەناوی پاڵێوراوێك بڵاوبکرێتەوە کە لەتۆماری پاڵێوراوەکاندا تۆمار نەکرابێ.

شەشەم: قەدەغەیە پاڵێوراوان ریکلامی هەڵبژاردنی وابکەن کەخەڵەتاندن و فێڵ لێکردنی دەنگدەرانی تێدابێ یاخود شێوازی بریندارکردن یان ناوزڕاندن لەریکلامی هەڵبژاردندا بەکاربهێنن.

حەوتەم: خەرجکردنی پارە بۆ ریکلامی هەڵبژاردن لەماڵی گشتی یان لەبودجەی وەزارەتەکان یان لەماڵی وەقف یان لەپارەی پشتگیری دەرەکی قەدەغەیە.

هەشتەم: نابێ هیچ حزبێك یان کۆمەڵێك یان ڕێکخستنێك یان کەسەکان یان هەر لایەنێك شێوەیەك لەشێوەکانی پاڵەپەستۆ یان ترساندن یان بەکافر دانان یان بەخائین دانان بەکاربهێنن.

**ماددەی سێیەم:** بڕگەی (چوارەم) لەماددەی سی و شەشەم (دوبارە) ئەم یاسایە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی چوارەم:** ماددەی پەنجاو حەوتەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

یەکەم: هەرکەسێك بەیاننامە یان وێنە یان بڵاوکراوەی هەڵبژاردنی تایبەت لەدەرەوەی ئەو شوێنانەی هەڵبواسێت کەبۆ هەڵواسین تەرخانکراوە بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لەمانگێك زیاتر نەبێت.

دووەم: هەرکەسێك سەرپێچی حوکمی برگەکانی ( چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم)ی ماددەی بیست و پێنجەمی ئەم یاسایەی کرد بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لەمانگێك کەمتر نەبێ و لەشەش مانگ زیاتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێ وەردەگیرێ کە لەیەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێ و لەپێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت.

سێیەم: هەرکەسێك ئەمانەی خوارەوەی کرد بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لە(٦) شەش مانگ کەمتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێ وەردەگیرێ کە لە(١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە(٥٠٠,٠٠٠) هەزار دیناریش زیاتر نەبێ.

١- بەئەنقەست ناوێك یا ناوەکان یان سفاتی قەڵبی لەخشتەی دەنگدەران تۆمارکرد یان بەئەنقەست ناوێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دانەنێ.
٢- ناوی خۆی یان ناوی جگە لەخۆی بەبێ بوونی مەرجی یاسایی پێویست تۆمارکردو دەرکەوت کەبەمە دەزانێ و هەرکەسێکی دیکەش کەناوێکی تۆمارنەکرد یان سرییەوە.
٣- لەهەڵبژاردنـدا دەنگی خۆیداو دشیزانی کەناوی پێچەوانەی یاسا لەتۆماری دەنگدەراندا تۆمار کراوە یان مەرجەکانی یاسایی پێویست لەبەکارهێنانی ماڤی خۆی لەهەڵبژاردنەکاندا لەدەستداوە.
٤- بەئەنقەست بەناوی جگە لەخۆی دەنگیدا.
٥- نهێنی دەنگدەری بەبێ رەزامەندی خۆی بڵاوکردەوە.
٦- ماڤی خۆی لەیەك هەڵبژاردندا لەجارێك زیاتر بەکارهێنا.
٧- ویستی دەنگدەری نەخوێندەواری گۆڕی و ناوێکی نووسی یان ئاماژەی بەنیشانەیەك کرد کەمەبەستی دەنگدەر نییە یان کۆسپی خستە پێش هەر دەنگدەرێکەوە بۆ ئەوەی ماڤی هەڵبژاردن بەکارنەهێنێت.
٨- لەپتر لەبازنەیەك یان لیستێکی هەڵبژاردن خۆی پاڵاوت.
٩- لەکاتی جوداکردنەوەی دەنگەکاندا گزی (تەزویر) کرد.

چوارەم: هەرکەسێك ئەمانەی خوارەوە بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لەمانگێك کەمتر نەبێ و لەساڵێکیش زیاتر نەبێت.

١- بەئەنقەست دەست درێژی کردە سەر وێنەی پاڵێوراوەکان یان بەرنامەکانیان کە لەشوێنی تایبەتی هەڵواسراون، بۆ حیسابی کەسێکی دیکە یان لایەنێکی دیاریکراو بەمەبەستی زیان گەیاندن بەو پاڵێوراوە یان کارتێکردن لەرەوتی پرۆسەی هەڵبژاردن.

٢- کشانەوەی پاڵێوراوێك یان زیاتری لەپرۆسەی هەڵبژاردن ڕاگەیاندو دەشیزانی کەئەو کارە ڕاست نیە، ئەمەش بەمەبەستی کارتێکردن لەسەر دەنگدەران یان گۆڕینی دەنگەکانی پاڵێوراو بۆ خۆی.

٣- دەستدرێژی کردنە سەر هۆیەکانی ڕێکلامی هەڵبژاردن، ئەوەی کە بەیاسا ڕێی پێدراوە لەبەرهەرهۆیەك بێت، چ جای بەسڕینەوە یان بەدڕین یان بەشتی تر یان هەر دەستکارییەکی لەم جۆرە.

پێنجەم: هەرکەسێك ئەمانەی خوارەوە بکات بەماوەیەك سزادەدرێ کە لەساڵێك کەمتر نەبێت:

١- هێزو هەڕەشەی بۆ ڕێگرتن لەدەنگدەر بەکارهێنا تانەتوانێ بەشێوەیەکی دیاریکراو مافی خۆی لەدەنگداندا بەکاربهێنێ یان لەدەنگدان قەدەغەی کرد.

٢- گەر شتێکی دا یان خستیەروو یان بەڵێنیدا سودێك بەدەنگدەر یان غەیری ئەو بگەیەنێت تاکو بەشێوەیەکی دیاریکراو دەنگ بدات یان لەدەنگدان قەدەغەی بکات.

٣- ئەگەر سودێکی قەبووڵکرد یان بۆ خۆی داوایکرد یان بۆ غەیری خۆی، لەوانەی کە بەخزمەتی گشتی لەپرۆسەی هەڵبژاردن ڕاسپێدراون.

٤- گەر هەواڵی ناراستی لە نێو دەنگدەراندا لەسەر ڕەوشتیی یەکێك لەپاڵێوراوەکان یان ناوبانگی بڵاوکردەوە یان پەخشیکرد بەمەبەستی کارتێکردن لەبیروڕای دەنگدەران لەئەنجامی هەڵبژاردن.

٥- بەچەکەوە یان بەچەکێکی بریندارکەر بەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە چووە ناو ئەو بارەگایەوە کەبۆ هەڵبژاردنەکان تەرخانکراوە.

٦- جنێویدا یان تۆمەتی هەڵبەست یان دەستدرێژی کردە سەر لیژنەی هەڵبژاردنەکان یان یەکێك لەئەندامانی لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

٧- تێکدانی سەندوقەکانی دەنگدان یان خشتەکانی هەڵبژاردن یان هەر بەڵگەنامەیەك کەپەیوەندی بەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە هەبێ.

٨- دروشمە ئاینییەکان یان شوێنەکانی پەرستنی بۆ مەبەستەکانی کاری حیزبی یا ریکلامی هەڵبژاردن بەکارهینا.

شەشەم: هەرکەسێك ئەمانەی خوارەوە ئەنجامبدات بۆماوەیەك بەند دەکرێ کە لەساڵێك کەمتر نەبێ و غەرامەکەیشی لێ وەردەگیرێ کە لە(١٠٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە(٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێت.

١-دەستی بەسەر کاغەزەکانی دەنگدان یاخود خشتەکانی دەنگدەراندا گرت یان شاردنیەوە یان نەیهێشتن یان لەناوی بردن یان تێکیدان یان دزینی یان بەهەر ڕێگایەك لەڕێگاکان ئەنجامەکەیانی گۆڕی.

٢- ئازادی هەڵبژاردنی تێکدا یان لەڕێگای بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەوە سیستەمەکەی تێکدا.

حەوتەم: ئەگەر دەرکەوت قەوارەی سیاسی بەشداری لەئەنجامدانی هەر تاوانێك لەتاوانەکانی هەڵبژاردندا کردبێ و دەقی لەم یاسایەدا هاتبێت، ئەوا غەرامەیەکی دارایی لێ وەردەگیرێ کەبڕەکەی (٥٠,٠٠٠,٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینارە.

هەشتەم: قەوارەی سیاسی لەو دەنگانە بێبەش دەکرێ لەو بنکەی هەڵبژاردنەکە کەیەکێك لەتاوانەکانی هەڵبژاردنی ئەنجامدابێت کەدەقی لەبڕگەکانی ( یەکەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم)ی ماددەی (٢٥) ئەم یاسایەدا هاتووە.

نۆیەم: هەرکەسێك سەرپێچی حوکمی بڕگەی (هەشتەم) ماددەی (٢٥)ی ئەم یاسایە بکات. ئەوا بەند دەکرێ و غەرامەیەکیشی لێ وەردەگیرێ کە لە(١٠) دەملیۆن دینار کەمتر نەبێ لە(٢٥) بیست و پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ.

دەیەم: هەر حزبێك یان قەوارەیەکی سیاسی میلیشیای چەکداری هەبێ لەبەشداربوونی هەڵبژاردنەکان بێبەش دەکرێ.

یازدەیەم: هەر قەوارەیەکی سیاسی لەبەشداربوونی هەڵبژاردنەکان و ژماردنی دەنگەکان بێبەشدەکرێ ئەگەر بەهێز یان بەهەڕەشەی بەکارهێنانی هێز بۆ بەرژەوەندی خۆی یان جگە لەخۆی ناوچەیەکی هەڵبژاردنی داخست.

دوازدەیەم: هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی هەڵبژاردن کەدەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتووە بەدەر لەحوکمەکانی بنەما گشتیەکان بەسزای تاوانی تەواو سزا دەدرێ.

**ماددەی پێنجەم:** (ماددەیەکی زیادە)

یەکەم: ئەگەر ئەندامی پارلەمان لەبەر هەرهۆیەك کورسیەکەی لەدەستدا، ئەوا پاڵێوراوی دوای ئەو لەلیستەکەی خۆی بەگوێرەی ئەو تەرتیبەی تێیدا هاتووە جێی دەگرێتەوە، ئەمەش بەچاو ئەو لیستانەوە کەهاوبەندییان نەکردووە.

دووەم: ئەگەر ئەندامی پارلەمان لەبەر هەرهۆیەك کورسیەکەی لەدەستدا، ئەوا پاڵێوراوی دوای ئەو لە هەمان قەوارەی سیاسی کەهاوبەندی لەناو لیستی هەڵبژاردنی هاوبەندا کردووە جێی دەگرێتەوە.

سێیەم: ئەگەر کورسیە بەتاڵەکە هی لیستێك بوو کەپاڵێوراوی نەمابێت، ئەوا کورسیەکە بۆ پاڵێوراوێکی دیکە لەقەوارەیەکی سیاسی دیکە تەرخان دەکرێ کەکەمترین رادەی ژمارەی ئەو دەنگانەی بەدەستهێناوە کەبۆ پڕ کردنەوەی کورسیەك پێویستەو بە پێچەوانەوەش کورسیەکە بەبەتاڵی دەمێنێتەوە.

چوارەم: ئەگەر کورسیە بەتاڵەکە تایبەت بەئافرەت بوو، مەرج نییە ئافرەتێکی دیکە جێی بگرێتەوە، مەگەر لەو بارەدا کەکاریگەری لەسەر رێژەی نوێنەرایەتی ئافرەتاندا هەبێ.

**ماددەی شەشەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:** ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی ( وەقائیعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**عەدنان موفتی**

**سەرۆکی پارلەمانی کوردستان- عێراق**

**هۆیە پێویستییەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە:**

بۆ مسۆگەر کردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لەهەرێمداو لەبەرئەوەی تاوانەکانی هەڵبژاردن و سزاکانیان وردنین و لە پێناو توندکردنی سزای تاوانەکانی هەڵبژاردن پاش روونبوونەوەی حاڵەتەکانیان و لەپێناو ئاسانکردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و بۆ راماڵینی ئەو کۆسپانەی کەرێگا لەپاك و خاوێنی و روونیەتییەکەی دەگرن، ئەم یاسایە دەرکرا.

تێبینی/ ئەم یاسایە بەبریاری ژمار (٩) ی ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.

## کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق- ٢٠٠٤

بەپشتبەستن بەیاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق و یاسای هەڵبژاردنەکان و یاسای پارت و قەوارە سیاسییەکان (فەرمانەکانی ٩٢، ٩٦، ٩٧ی نوسراو بەمێژووەکانی ٥/٣١، ٢٠٠٤/٦/١٥ی دەرچوو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە) بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاساو ڕێسایەی خوارەوەماندا:

## یاساو ڕێسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٤

## تۆمارکردنی دەنگدەران

### (پێشەکی)

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق بەفەرمانی ژمارە (٩٢)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە٢٠٠٤/٥/٣١دا پێکهێنراوە بۆئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵاتی هەڵبژاردن لەعێراقدا، کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆی ناحزبیە خۆی خۆی بەڕێوەدەبات و سەر بەدەوڵەتە، بەڵام لەدەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەریی سەربەخۆیەو بەهێزی ڕەهای یاسا دەسەڵاتی بڵاوکردنەوەو پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنی یاساو ڕێساو بنەماو ڕێوشوێنە پەیوەستدارەکان بەهەڵبژاردنی هەیە لەماوەی قۆناغی گواستنەوەدا.

### بەشی یەکەم

### زاراوەکان

١. یاسای بەڕێوەبردنی گواستنەوە: یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە بۆ قۆناغی گواستنەوە.
٢. ماوەی گواستنەوە: ئەو ماوەیەیە کە لەگواستنەوەی دەسەڵاتەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا پێکهێنانی حکومەتی عێراقی هەڵبژێردراو بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی.
٣. کۆمسیۆن: مانای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق دەگەیەنێت.
٤. ئەنجومەنی نیشتمانی: ئەنجومەنی نیشتمانی حکومەتی عێراقی گواستنەوە دەگەیەنێت وەك ئەوەی لەیاسای بەڕێوەبردنی گواستنەوەدا هاتووە.
٥. تۆمارگەی دەنگدەر: ئەو لیستە دەگەیەنێت کەناوی دەنگدەرە لێهاتووەکانی تێدایە کەدەنگ لەو هەڵبژاردنانەدا دەدەن کەبڕیاروایە لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا ئەنجامبدرێت.

## بەشی دووەم
## لێهاتوویی دەنگدان

فەرمانی ژمارە ٩٦ لە٢٠٠٤/٦/١٥دا ئەو مەرجانەی دیاریکردووە کە پێویستە لەدەنگدەردا هەبێت بۆئەوەی بەشداری لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانیدا بکات ،کە ئەوانیش بریتین لە:

١. دەبێت بەهاوڵاتیەکی عێراقی دابنرێت ئەویش لەرێگای هەڵگرتنی رەگەزنامەی عێراقی یان مافی ئەوەی هەبێت رەگەزنامەی پێبدرێتەوە یان شیاوبێت بەپێدانی رەگەزنامەی عێراقی بەگوێرەی ماددەی (١١) لەیاسای بەریوەبردنی گواستنەوە.
٢. دەبیت لە١٩٨٦/١٢/٣١ یان پێش ئەو مێژووە لەدایکبووبێت.
٣. دەبێت ناوی تۆمارکرابێت بۆ دەنگدان بەگوێرەی ئەو رێوشوێنانەی لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەرچوون.
٤. بۆئەوەی دەنگدەر بتوانێت لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یان ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دەنگبدات سەرباری ئەو مەرجانەی سەرەوە دەبێت ناوی لەتۆمارگەی دەنگدەراندا تۆمارکرابێت بەوەی کەدانیشتووی کوردستانە یان دانیشتووی پارێزگای پەیوەستدارە.

## بەشی سێیەم
## تۆمارکردنی دەنگدەران

١. تۆمارکردنی دەنگدەران لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە دەبێت کە لەسیستەمی دابەشکردنی گشتی کارتەکانی کۆبۆنەوە دەستگیردەبن و لەماوەی تۆمارکردنەکەشدا پەرەیان پێدەدرێت و هەر هەموارکردنێکیان پێویست بێت بەسەریاندا دەکرێت.
٢. دەنگدەرە لێهاتووەکان مافی ئەوەیان هەیە لەتۆمارکردنی ناوەکانیان لەتۆمارگەی یەکەمیندا بکۆڵنەوەو هەر هەڵەیەکیان تێدابێت راستیان بکەنەوە بەگوێرەی ئەو رێوشوێنانەی کۆمسیۆن دەریاندەکات.
٣. کۆمسیۆن هەڵدەستێت بەکردنەوەی سەنتەرەکانی ناونوسین لەسەرانسەری عێراقداو موزاوەلەی کارەکانیان لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەکرێت لەکات و شوێنی دیاریکراودا.
٤. پێویستە سەنتەرەکانی هەڵبژاردن ئاگاداربکرێنەوە لەهەر گۆڕانکاریەك بەسەر تۆمارگەی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا دێت بەو گۆڕانکاریانەشەوە کەکاریگەری دەبێت لەسەر لێهاتوویی دەنگدەر لەدەنگدانی بەئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان یان بەئەنجومەنی پارێزگایەکی دیاریکراو.

٥. هەرکەسێك مەرجە یاساییەکانی بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکانی تێدابێت و ناوی لەتۆمارگەی دەنگدەراندا نەنوسرابوو دەتوانێت لەسەنتەری تۆمارکردنی دەنگدەران داوای تۆمارکردنی ناوی بکات و بۆئەوەی داواکاریەکەی بەهەندوەربگیرێت، پێویستە ئەو بەڵگانەی هەبێت کە لێهاتووییەکەی دەردەخات و ئەو بەڵگانە بەلای کۆمسیۆنیشەوە بۆ ئەو مەبەستە پێویست بێت.

٦. ئەو داواکاریانەی تایبەتن بەگۆڕانکاری و زیادکردن لەپێش و لەدوای ئەو ماوەیەی کۆمسیۆن دیاریکردووە پەسەند ناکرێن.

٧. هەر زانیاریەك لەناو تۆمارگەی دەنگدەراندا بێت و هەموارنەکرابێتەوە بەراست دادەنرێت.

## ئەنجومەنی کۆمیسارەکان
## کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق

بەپشتبەستن بەیاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق و یاسای هەڵبژاردنەکان یاسای پارت و قەوارە سیاسییەکان( فەرمانەکانی ٩٢، ٩٦، ٩٧ی نوسراو بەمێژووەکانی٥/٣١، ٢٠٠٤/٦/١٥ی دەرچوو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە) بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاساو ڕێسایەی خوارەوەماندا:

## یاساو ڕێسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٤
## پشتڕاستکردنەوەی پاڵێوراوان

### پێشەکی

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق بەفەرمانی ژمارە (٩٢)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە٢٠٠٤/٥/٣١دا پێکهێنراوە بۆئەوەی ببێتە تاکە دەسەڵاتی هەڵبژاردن لەعێراقدا، کۆمسیۆن دەستەیەکی پیشەیی سەربەخۆی ناحزبیە خۆی خۆی بەڕێوەدەبات و سەر بەدەوڵەتە، بەڵام لەدەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەریی سەربەخۆیەو بەهێزی ڕەهای یاسا دەسەڵاتی بڵاوکردنەوەو پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنی یاساو ڕێساو بنەماو ڕێوشوێنە پەیوەستدارەکان بەهەڵبژاردنی هەیە لەماوەی قۆناغی گواستنەوەدا.

## بەشی یەکەم
## زاراوەکان

١-١ یاسای بەڕێوەبردنی گواستنەوە: یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە بۆ قۆناغی گواستنەوە.

١-٢ کۆمسیۆن: مانای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق دەگەیەنێت.

١-٣ دەنگدەری لێهاتوو: ئەو کەسەیە کەمەرجی هاوڵاتیی و لێهاتوویی دەنگدانی لەهەڵبژاردنەکاندا تێدایە وەك ئەوەی لەیاسای هەڵبژاردن و یاساو ڕێسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەرچوو لەلایەن کۆمسیۆنی باڵاوە دیاریکراوە.

١-٤ نوسینگەی نیشتمانی هەڵبژاردن: نوسینگەی سەرەکی کۆمسیۆنە بۆ کارگێڕیتی هەڵبژاردنەکان لەبەغداد، نوسینگەی هەرێمیی هەڵبژاردن: نوسینگەی کۆمسیۆنە بۆ

کارگێڕێتی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان، نوسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا: نوسینگەی کۆمسیۆنە بۆ کارگێڕێتی هەڵبژاردن لەپارێزگای پەیوەندیداردا.

## بەشی دووەم
## قەوارە سیاسیەکان و پاڵێوراوان

٢-١ لەیاسای پارت و قەوارە سیاسیەکاندا هاتووە کەناشێت ڕێکخراوێك یان کۆمەڵە تاکێك پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق بپاڵێون، هەروەك ناشێت هیچ تاکێك خۆی بپاڵێوێت ئەگەر کۆمسیۆن پشگیری وەك قەوارەیەکی سیاسی نەداتێ، هەروەك یاسای هەڵبژاردن ئاماژە دەدات بەوەی کەهەر قەوارەیەکی سیاسی دەتوانێت لیستی ناوی پاڵێوراوەکانی خۆی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی پێشکەش بکات بەمەرجێك ئەو پاڵێوراوانە مەرجە یاساییەکانیان تێدابێت.

٢-٢ هەمان یاسا بەدەق تیایدا هاتووە کەقەوارە سیاسیەکان، لەپێناو کێبەڕکێیەکی ئازادو ئاشکرا لەهەڵبژاردنەکاندا، ئازادن لەئەنجامدانی هاوپەیمانێتی بۆ کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان و ڕێکخستنی هەڵمەتی ئەو پاڵێوراوانەی دەکەونە هاوپەیمانێتیەکەوە.

٢-٣ دەشێت قەوارە سیاسیەکان و هاوپەیمانێتی قەوارە سیاسیەکان لیستی پاڵێوراوان بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنێکی دیاریکراودا پێشکەش بکەن و ئەشێت هەر قەوارەیەکی سیاسی دیاریکراو لیستی پاڵێوراوەکانی بۆ هەڵبژاردنێکی دیاریکراو بدات و لەهەمانکاتدا بەشداریبکات لەهاوپەیمانێتییەکداو لیستێکی هاوبەشی پاڵێوراوانیان لەگەڵ پێشکەشبکات بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنێکی تردا.

## بەشی سێیەم
## لیستی پاڵێوراوان

٣-١ یاسای هەڵبژاردن ئەم مەرجانەی خوارەوە لەسەر لیستی پاڵێوراوانی تایبەت بەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی دادەنێت:

٣-١-١ دەبێت پاڵێوراوەکان بەگوێرەی شوێنەکانیان ڕێکخرابن لەو لیستەدا کەپێشکەشی کۆمسیۆن دەکرێت.

٣-١-٢ لەهەر لیستێکدا (جگە لەو تاکەی وەك قەوارەیەکی سیاسی پشتڕاستکراوەتەوە) دەبێت ناوی ژنێك بەلایەنی کەمەوە لەناو سێ ناوی یەکەمی لیستەکەدا بێت و ناوی دوو ژن لەناو شەش ناوی یەکەمی لیستەکەداو بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تاکۆتایی لیستەکە.

٣-١-٣ نابێت ناوی پاڵێوراوانی هیچکام لەلیستەکان (جگە لەو تاکەی وەك قەوارەیەکی سیاسی پشتڕاستکراوەتەوە) لە١٢ (دوازدە) پاڵێوراو کەمتربێت و لە٢٧٥ (دووسەدو حەفتاو پێنج) پاڵێوراو زیاتر بێت.

٣-٢ ناشێت لیستی پاڵێوراوان دوای پێشکەشکردنی بەکۆمسیۆن بگۆردرێت، تەنها لەسەر داوای کۆمسیۆن نەبێت کەئەویش بەمەبەستی گونجاندنی لیستەکەیە بەشێوەیەك مەرجەکانی ئەم یاسایەی تێدابێت و دەبێت پێش کۆتایهاتن بەماوەی دیاریکراوی راستکردنەوەی لیستەکانی پاڵێوراوان، پێشکەشبکرێن.

٣-٣ پەیڕەوکردنی هەمان ئەم مەرجانە بەسەر لیستی پاڵێوراوانی پارێزگاکان جگە لەوەی کەمترین ژمارەی پاڵێوراو بۆ ئەو مەبەستە کە لەلیستێکدا لەیەك کەس زیاتری لەخۆگرتبێت و لەلایەن قەوارەیەکی سیاسیەوە پێشکەشکرابێت دەبێت لەسێ پاڵێوراو پێکهاتبێت و زۆرترین ژمارەش دەبێت لەژمارەی دیاریکراوی ئەنجومەنی پارێزگا تێپەڕنەکات.

٣-٤ دەشێت لیستەکان پێشکەش بەنوسینگەی نیشتمانی هەڵبژاردن یان نوسینگەی هەڵبژاردن لەهەرێم یان نوسینگەی هەڵبژاردن لەپارێزگاکان بکرێن بەمەبەستی گەیاندنیان بەنوسینگەی نیشتمانی هەڵبژاردن.

٣-٥ سەرجەم لیستی پاڵێوراوەکانی ئەو هاوپەیمانێتیانەی لەلایەن هاوپەیمانێتیەکەوە پێشکەشدەکرێن بۆ ئەو هەڵبژاردنانەی ئەو هاوپەیمانێتیانە کێبەرکێی تێدادەکەن دەبێت لەهەمان کاتی وەرگرتنی پشتڕاستکردنەوە لەسەر هاوپەیمانێتیەکەیان، پێشکەش بکرێن.

## بەشی چوارەم

## لێهاتوویی پاڵێوراو

٤-١ بەدەق لەماددەی ٣١ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەدا هاتووە کەپاڵێوراوی ئەنجومەنی نیشتمانی دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

٤-١-١ عێراقی ێت و تەمەنی لە٣٠ ساڵ کەمتر نەبێت.

٤-١-٢ نابێت ئەندامی حزبی بەعسی هەڵوەشاوەبێت بەپلەی (عضو فرقة)و بەرەو ژوورتر تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت کە بەگوێرەی بنەما یاساییە کارپێکراوەکانی ئێستا ئیستسنا کرابێت.

٤-١-٣ ئەگەر لەرابردوودا ئەندامی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە بووبێت بەپلەی (عضو عامل) دەبێت بەڵێننامەی ئەستۆپاکی لەحزبی بەعس ئیمزا بکات و بەرلەوەی مافی خۆپالاوتنی

هەبێت بێتاوانی خۆی دەرخات لەهەموو پەیوەندییەکانی پێشووی و سوێند بخوات کەجارێکی تر کارو پەیوەندی ناکات بەرێکخراوەکانی حزبی بەعسەوە. ئەگەر لەدادگادا ئەوە ئیسپات بوو کەدرۆی کردووە یان فێڵی لەم بارەیەوە کردووە ئەوا کورسیەکەی خۆی لەئەنجومەنی نیشتمانی لەدەستدەدات.

٤-١-٤ نابێت پەیوەندی هەبووبێت بەدەزگا سەرکوتکەرەکانی پێشووەوە یان بەشداری کردبێت لەچەوساندنەوەی هاوڵاتیاندا.

٤-١-٥ نابێت بەشێوەیەکی ناڕەوا دەوڵەمەند بووبێت لەسەر حسابی نیشتمان و سامانی گشتی.

٤-١-٦ نابێت حوکمدرابێت بە تاوانێکی لەکەدار بەشەرەف و دەبێت بەناوو ناوبانگێکی باش ناسرابێت.

٤-١-٧ دەبێت هەڵگری بڕوانامەی دواناوەندی یان بەرامبەرەکەی هەبێت.

٤-١-٨ نابێت لەکاتی خۆپاڵاوتنیدا ئەندامی هێزە چەکدارەکان بێت.

٤-٢ هەمان ئەو مەرجانە دەبێت لەپاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی هەرپارێزگایەکدا هەبێت بەزیادکردنی ئەو مەرجەی دانیشتووی ئەو پارێزگایە بێت.

## بەشی پێنجەم

## پشتڕاستکردنەوەی پاڵێوراوان

٥-١ کۆمسیۆن ماوەیەك دیاریدەکات بۆ ئەوەی داواکاری پشتڕاستکردنەوەی لیستی پاڵێوراوەکانی تیادا وەربگرێت و هیچ داواکاریەك لەپێش یان لەدوای ئەو ماوەیە وەرناگیرێت.

٥-٢ دەشێ قەوارەی سیاسی یان هاوپەیمانێتی قەوارە سیاسیەکان، لیستی جیاوازی پاڵێوراوان پێشکەش بەکۆمسیۆن بکەن بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و هەر ئەنجومەنێك لەئەنجومەنەکانی پارێزگا.

٥-٣ دەبێت داواکاریەکە بەو شێوازە نوسرابێت کەکۆمسیۆن دیاریدەکات و پێشکەشبکرێت بەنوسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا یان نوسینگەی هەڵبژاردنی هەرێم بۆ هەڵبژاردن لەکوردستان یان نوسینگەی نیشتیمانیی هەڵبژاردن.

٥-٤ زانیارییە پێویستەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

٥-٤-١ ناوی ئەو هەڵبژاردنەی لیستەکەی بۆ ئامادەکراوە.

٥-٤-٢ ناوو رۆژی لەدایکبوون و ناونیشان و زانیاری پەیوەندیکردن بەهەر پاڵێوراوێکی ناو هەر لیستیك.

٥-٤-٣ هەر پاڵێوراوێك راگەیاندنێك دەدات بەو شێوازەی کۆمسیۆن بۆی دیاریدەکات و تیایدا دووپاتی دەکاتەوە کەئەو لێهاتووە بۆ ئەوەی ببێتە پاڵێوراوی هەڵبژاردنێکی لەو جۆرە، ئەو رەزامەندە لەسەر پالاوتنی بۆ ئەو هەڵبژاردنەی باسی لێکراوە لەلایەن قەوارەیەکی سیاسی یان هاوپەیمانێتیەکی قەوارە سیاسیەکانی پەیوەندیدار بەو هەڵبژاردنەو ئەو پاڵێوراوی هیچ قەوارەیەکی سیاسی دیکە یان هاوپەیمانێتییەکی دیکەی قەوارە سیاسیەکان نییە یان پاڵێوراوی هیچ هەڵبژاردنێکی دیکە نییە.

٥-٤-٤ لەلایەن هەر پاڵێوراوێکەوە بڕیار بدرێت ئەو بنەما سلوکییانەی قەوارە سیاسیەکە ئیمزای کردووە بەسەر ئەویشدا جێبەجێ دەبێت.

٥-٥ ئەگەر دەرکەوت هەر پاڵێوراوێك زانیاری هەڵەی داوە، لێهاتوویی پالاوتن لەدەستدەدات.

٥-٦ دەشێ کۆمسیۆن هەر پالاوتنێك رەتبکاتەوە لەسەر ئەم بنەمایانە:

٥-٦-١ ئەگەر قەوارەیەکی سیاسی یان هاوپەیمانێتیەك بەڵگەنامە پێویستەکانی بەگوێرەی رێنماییەکان پێشکەش نەکرد.

٥-٦-٢ ئەگەر لیستی پاڵێوراوەکان بەشێوەیەکی گشتی مەرجە داواکراوەکانی تێدا نەبوو.

٥-٦-٣ ئەگەر یەکێك یان زیاتر لەپاڵێوراوەکانی لیستێك لێهاتوو نەبوو بۆئەوەی ببێتە پاڵێوراو.

٥-٧ ئەگەر کۆمسیۆن لیستێکی بەتەواوی رەتکردەوە ئەوا قەوارە سیاسیەکە یان هاوپەیمانێتیەکەی لێ ئاگادار دەکرێتەوەو ئەویش لەتوانایدایە لیستێکی تر پێشکەش بکات بەمەرجێك لەوماوەیەی کۆمسیۆن بۆی دیاریدەکات ناوی پاڵێوراوەکان پێشکەش بکات.

٥-٨ ئەگەر کۆمسیۆن ناوی تاك تاکی پاڵێوراوانی رەتکردەوە، ئەوا قەوارەی سیاسی یان هاوپەیمانێتیەکە لەبڕیارەکەی ئاگادار دەکاتەوەو ئەو لیستە بەپاڵێوراوە ریکوپێکەکانیەوە وەك لیستێکی تەواوی قەوارەیەکی سیاسی یان هاوپەیمانێتیەك سەیردەکرێت تەنها لەو کاتەدا نەبێت کەقەوارە سیاسیەکە یان هاوپەیمانێتیەکە لیستێکی هەموارکراو لەو ماوەیەدا پێشکەش بکات کەدیاریکراوە بۆ پێشکەشکردنی ناوی پاڵێوراوان، ئەگەر یەکێك لەپاڵێوراوانی ناو لیستەکە بەهۆی نالێهاتووییەوە رەتکرایەوە ئەوا کۆمسیۆن برگەی (٦-٣)جێبەجێ دەکات.

٥-٩ ئەگەر ژمارەی پاڵێوراوەکانی لیستێك لەبەرزترین ئاستی ژمارەی دیاریکراوی رێپێدراو بۆ لیستی تایبەت بەو هەڵبژاردنە تێپەڕیکرد ئەوا کۆمسیۆن لەدوا ناوی لیستەکەوە هەڵدەستێت بەسڕینەوەی ناوی پاڵێوراوە زیادەکان و قەوارە سیاسیەکە یان هاوپەیمانێتیەکەی لێ ئاگاداردەکاتەوەو لیستەکە بەوناوانەی ریکوپێکن و لەناویا ماونەتەوە وەك لیستێکی تەواوی پاڵێوراوەکانی قەوارەیەکی سیاسی یان هاوپەیمانێتییەك دادەنێت.

٥-١٠ ئەگەر کۆمسیۆن بینی لیستێکی پاڵێوراوان هەموو مەرجەکانی تێدایە، ئەوا بەزووترین کات قەوارە سیاسی یان هاوپەیمانێتیەکەی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

٥-١١ ئەگەر ناوی یەکێك لەپاڵێوراوەکان لەلیستی پاڵێوراوانی هەر هەڵبژاردنێکی دیاریکراودا لەدوای ماوەی پاڵاوتنەوە، سڕدرایەوە بەهۆی هۆکارە کتوپڕەکانی وەك مردن و کەماس (العجز)ەوە، ئەوا بەشەکەی تری لیستەکە وەك لیستێکی تەواوی پاڵێوراوانی قەوارەیەکی سیاسی یان هاوپەیمانێتیەکی ئەو هەڵبژاردنە کارپێکراو دەبێت.

## بەشی شەشەم

## بڕیارەکانی کۆمسیۆن

کۆمسیۆن میکانیزمی جێبەجێکردنی یاساو رێنماییەکانی خۆی بەرامبەر هەر قەوارەیەکی سیاسی یان هاوپەیمانێتیەك دیاریدەکات، جا بەدانانی پاڵێوراوان بەنالێهاتوو یان بەکێشانەوەی پشتڕاستکردنەوە لەقەوارەیەکی سیاسی یان هاوپەیمانێتیەك.

**ئەنجومەنی کۆمیساران**

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## "یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە"
## ٨/ ٣/ ٢٠٠٤

### پێشەکی

گەلی عێراق تێکۆشەرە بۆ وەدەستهێنانەوەی ئەو ئازادییەی خۆی کەرژێمە سەرکوتکەرەکەی پێشوو لێ زەوت کردبوو ئەو گەلە هەموو شێوەو جۆرەکانی توندوتیژی و زۆرەملێ ڕەتدەکاتەوە. بەتایبەتی کاتێ وەك شێوەیەك لەشێوەکانی فەرمانڕەوایەتیکردن کاری پێبکرێت. سوورە لەسەر ئەوەی وەك گەلێکی ئازاد بمێنێتەوەو حوکمی یاسا سەروەر بێت. ئەمڕۆ گەلی عێراق جەخت لەسەر ڕێزگرتنی یاسای نێودەوڵەتی دەکاتەوە، بەتایبەتی کەخۆی یەکێکە لەدامەزرێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کاردەکات بۆ وەدەستهێنانەوەی باری شەرعی خۆی لەنێو وڵاتاندا، هاوکاتیش بەگیانی برایەتی و کۆمەککردنەوە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی خەبات دەکات و بەمەبەستی داڕشتنی رووکارەکانی ئایندەی عێراقی نوێ و دانانی میکانیزمێك کەبەشێك لەئامانجەکانی سڕینەوەی شوێنەواری سیاسەت و پراکتیزەکردنی رەگەزپەرستی و تایەفەگەری و چارەسەرکردنی کێشە قۆناغیەکان دەبێت.

ئەم یاسایە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی عێراق لەماوەی گواستنەوەدا بڕیاری لەسەر دراوە تا ئەوکاتەی حکومەتێکی هەڵبژێردراو لەژێر سایەی دەستوورێکی هەمیشەیی شەرعیدا بۆ گەیشتن بەدیموکراسیەتێکی تەواو پێکدەهێنرێت.

## دەروازەی یەکەم
## پرنسیپە بنچینەییەکان

### ماددەی یەك:

أ- ئەم یاسایە بە(یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) ناودەبرێت و دەستەواژەی ( ئەم یاسایە)ش لەهەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبێ ئەوا بەمانای ( یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) دێت.

ب- لەم یاسایەدا ئاماژەکردن بەتوخمی نێرینە، توخمی مێینەش دەگرێتەوە.

ج- پێشەکی ئەم یاسایە بە بەشێکی دانەبڕاو لەم یاسایە دادەنرێت.

**ماددەی دوو:**

أ- دەستەواژەی (قۆناغی گواستنەوە) مانای ئەو قۆناغە دەگەیەنێت کە لەرۆژی ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٠٤ دەستپێدەکات تا بەپێی دەستوورێکی هەمیشەیی حکومەتێکی عێراقی هەڵبـژێردراو کە دەقەکەی لەم یاسایەدا هاتووەو دامەزراندنەکەی لەرۆژی ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ تێپەر ناکات. تەنها لەبارێکدا نەبێت کەماددەی ٦١ی ئەم یاسایەدا جێبەجێبکرێت.

ب- قۆناغی گواستنەوە لەدوو ماوە پێکدێت:

١- ماوەی یەکەم بەپێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی کاتی خاوەن سەروەریەکی تەواو دەستپێدەکات کە لەرۆژی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ دەسەلات دەگرێتەدەست. ئەم حکومەتە بەپێی وتووێـژێکی بەرفراوان و بەراوێـژکاری لەگەڵ توێـژەکانی کۆمەڵگای عێراقدا کەئەنجومەنی حوکم و دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان پێیهەڵدەستێت و دەکرێت بۆ هەمان مەبەست گفتوگۆ لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا ئەنجامبدرێت. ئەو حکومەتە بەپێی ئەم یاسایە دەسەلاتەکان بەرێوەدەبات بەهەموو ئەو پرەنسیپ و مافە بنچینەییانەشەوە کەبەدەق لەم یاسایەدا هاتوون و هەروەها لەو پاشکۆیەشدا کەرێکدەکەون لەسەری و بەر لەدەستپێکردنی قۆناغی گواستنەوە دەردەچێت و دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو لەم یاسایە.

٢- ماوەی دووەم دوای پێکهێنانی حکومەتی عێراقی دەستپێدەکات کە لەپاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی وەك لەم یاسایەدا هاتووە بەو مەرجەی ئەم هەڵبژاردنانە نەکەوێتە پاش رۆژی ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ ئەگەر کرا، هەر چۆنێك بێت پێش ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ ئەم هەڵبژاردنە ئەنجامبدرێت. ماوەی دووەم بەپێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی بەپێی دەستووری هەمیشەیی کۆتایی پێدێت.

**ماددەی سێ:**

أ- ئەم یاسایە بەیاسای باڵای وڵات دادەنرێت و بەبێ جیاوازی لەهەموو بەشەکانی عێراقدا جێبەجێ دەکرێت، هیچ دەستکاریەك لەم یاسایەدا ناکرێت بەبێ رەزامەندی زۆرینەی سێ لەچواری ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی و بەتێکرای دەنگی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هیچ دەستکاریەکی یاساکە ناکرێت کە بەشێوەیەك لەشێوەکان ببێتە مایەی ئەوەی مافەکانی گەلی عێراق کە لەدەروازەی دووەمدا هاتووە کەم بکاتەوەو یان ماوەی گواستنەوە درێژە پێبدات و لەو ماوانەی بترازێنێ کە لەم یاسایەدا دیاریکراون یان هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێ دوابخات یان دەسەلاتی حکومەتەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکان کەم بکاتەوە یان لەسەر ئیسلام و ئایین و تایفەکانی دیکەو سرووتەکانیان کاریگەریی هەبێت.

ب- هەر دەقێکی یاسایی سەرپێچی ئەم یاسایە بکات بەپوچەڵ دادەنرێت.
ج- کارکردن بەم یاسایە کۆتایی پێدێت لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بەپێی دەستوورێکی هەمیشەیی.

**ماددەی چوار:**

سیستەمی حوکم لەعێراق سیستەمێکی کۆماری، فیدراڵی، دیموکراسی و فرەیی دەبێت و دەسەڵاتەکانیش لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانیەکان و هەروەها بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێییەکاندا دابەشدەکرێت. سیستەمی فیدراڵیش لەسەر بنچینەی راستیە جوگرافی و مێژووییەکان و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەبێت نەك لەسەر بنچینەی رەسەنایەتی و نەژاد و ئیتنی و نەتەوەیی یان مەزهەبی.

**ماددەی پێنج:**

هێزە چەکدارەکانی عێراق لەژێر دەسەڵاتی مەدەنی حکومەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەدادەبن بەپێی ئەوەی لەدەروازەکانی سێیەم و پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**ماددەی شەش:**

حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عێراق هەنگاوی چالاك دەنێت بۆ سڕینەوەی شوێنەواری کردەوە سەرکوتکەرەکانی رژێمی پێشوو ئەنجامی دابوون کە لەشێوەکانی دەرکردنی بەزۆرو لێسەندنەوەی رەگەزنامەو دەست بەسەرداگرتنی موڵك و ماڵ و پارەی موڵ و دەرکردن لەکار بەهۆی هۆکاری سیاسی یان رەگەزپەرستی یان تایەفەگەریەوە.

**ماددەی حەوت:**

أ- ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و بەیەکێ لەسەرچاوەکانی یاسا دادەنرێ و لەماوەی قۆناغی گواستنەوەدا ناشێ یاسایەك دابنرێت لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام و دیموکراسی و ئەو مافانەی لەدەروازەی دووەمی ئەم یاسایەدا دانراوە نەگونجێت. ئەم یاسایە رێز لەناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی عێراق دەگرێت و تەواوی مافە ئاینیەکانی سەرجەم تاکەکان دەپارێزێت لەئازادی بیروباوەڕی ئایینی و ئەنجامدانی سروتە ئاینییەکاندا.
ب-عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیەو گەلی عەرەب لەعێراق بەشێکی دانەبڕاوە لەنەتەوەی عەرەب.

**ماددەی هەشت:**

ئاڵا و سروود و دروشمی دەوڵەت بەیاسا دیاری دەکرێت.

**ماددەی نۆ:**

زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانە رەسمیەکەی عێراقن. مافی عێراقیەکانە لەدام و دەزگا فێرکاریە حکومیەکاندا بەپێی بەندو بەستی پەروەوردەیی منداڵانیان بەزمانی زگماکی خۆیان وەك تورکمانی، سریانی یان ئەرمەنی بخوێنن یان بەهەر زمانێکی دی لەدەزگا فێرکارییە تایبەتەکاندا بخوێنێت. سنووری دەستەواژەی "زمانی فەرمی" و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم مادەیە بەیاسا، ئەم خاڵانە لەخۆ دەگرێت.

١-دەرچواندنی رۆژنامەی رەسمی (الوقائع العراقية) بەهەردوو زمانە رەسمیەکە.

٢-ئاخاوتن و گوتارو گوزارشتکردن لەبوارە رەسمیەکانی وەك ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە رەسمیەکان بەهەر دوو زمانەکە دەبێ.

٣-دانان و چاپکردنی بەڵگەنامە رەسمیەکان و نامەو نامەکاری بەهەردوو زمانەکەیە.

٤-خوێندنگا، بەهەردوو زمانەکە کەبنەمای یەکسانی دەگرێتەوە، بەپێی بەندو بەستی پەروەردەیی دەکرێتەوە.

٥-لەهەر بوارێکی دیدا وەك (دراو- پاسپۆرت- پوول) هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنرێت.

٦-لەدام و دەزگا فێدراڵیەکانی هەرێمی کوردستاندا هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنرێت.

## دەروازەی دووەم

## مافە بنچینەییەکان

**ماددەی دە:**

نوێنەرانی گەلی عێراق بەگوزارشتکردن لەسەروەری گەلی عێراق و ئیرادەی ئازادی ئەو گەلە ستراکتۆری حکومی دەوڵەتی عێراق نەخشەکێش دەکەن. پێویستە حکومەتی قۆناغی گواستنەوەو حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانیەکان و هەروەها بەڕێوەبرایەتیە خۆجێییەکان رێز لەمافەکانی گەلی عێراقی بگرن بەهەموو ئەو مافانەوە کەلەم دەروازەیەدا ئاماژەیان پێدراوە.

**ماددەی یانزە:**

أ- هەرکەسێ رەگەزنامەی عێراقی هەبێ بەهاووڵاتی عێراقی دادەنرێت، ئەم هاووڵاتیبونەش هەموو ئەو ماف و ئەرکانەی دەبەخشێت کەدەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتوون و ئەم هاووڵاتیبوونەی دەبێتە بنچینەی پەیوەندیی بەنیشتمان و دەوڵەتەوە.

ب- ناشێ رەگەزنامەی عێراقی لەهاووڵاتی عێراقی دابماڵرێت و ناشێ هاووڵاتی عێراقی لەزێدی خۆی دوور بخرێتەوە تەنها ئەو هاووڵاتیە خۆ بەعێراقی کردووە نەبێت کە لەدادگا

دەسەلمێت کاتێ داوای رەگەزنامەی کردووە زانیاری بنەڕەتی نادروستی داوەو بەگوێرەی ئەو زانیاریە نادروستانە رەگەزنامەکەی دراوەتێ.

ج- هاوولاتی عێراقی مافی خۆیەتی زیاتر لەرەگەزنامەیەکی هەبێت و هەر عێراقیەکیش بەهۆی رەگەزنامەی دیکەوە رەگەزنامە عێراقیەکەی لێ سەندرابێتەوە ئەوە هەر بەعێراقی دادەنرێت.

د- هەر عێراقیەك بەهۆی هۆکاری سیاسی یان ئایینی یان رەگەزپەرستی یان تایەفیەوە رەگەزنامە عێراقیەکەی لێ سەندرابێتەوە ئەوا مافی خۆیەتی سەرلەنوێ داوای رەگەزنامەی عێراقی بکاتەوە.

ه- بڕیاری ژمارە (٦٦٦)ی ساڵی (١٩٨٠)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە هەڵدەوەشێنرێتەوە.

و- پێویستە ئەنجومەنی نیشتمانی یاسای تایبەت بەهاوولاتیبوون و رەگەزنامە دەربکات کەلەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم یاسایەدا بگونجێت.

ز- دادگاکان لەهەموو ئەو گرفتانە دەکۆڵنەوە کە لەئاکامی بەگەڕخستنی یاساکانی تایبەت بەرەگەزنامە دێنە ئاراوە،

**ماددەی دوانزە:**

عێراقیەکان هەموویان یەکسانن لەمافەکانیاندا بەچاوپۆشین لەرەگەز یان بیروڕا یان بڕوا یان نەتەوە یان ئاینزا یان رەسەن، هەمووشیان لەبەرامبەر یاسا وەك یەکن، جیاوازی دژی هاوولاتی عێراق لەسەر بنچینەکانی رەگەزی یان نەتەوەیی یان ئایینی یان رەسەن قەدەغەیەو هەموو کەسێك مافی ئاسایش و ژیان و ئازادی هەیەو نابێت هیچ کەس لەژیان و ئازادی بێبەش بکرێ تەنها بەگوێرەی رێوشوێنی یاسایی نەبێت، هەمووان لەبەردەم دادگادا وەك یەکن.

**ماددەی سیانزە:**

أ- ئازادییە گشتی و تایبەتیەکان پارێزراو دەبن.

ب- مافی ئازادی رادەربڕین پارێزراو دەبێت.

ج- مافی ئازادی کۆبوونەوەی ئاشتیانەو سەربەستی بەئەندام بوون لەکۆمەڵەو رێکخراوەکاندا پارێزراو دەبێت و بەهەمان شێوەش مافی ئازادانەی سەندیکاو پارتەکان و پەیوەندیکردن پێیانەوە بەپێی یاسا پارێزراو دەبێ.

د- عێراقی مافی ئازادی هاتوچۆکردنی بەهەموو لایەکی عێراقدا هەیەو مافی ئەوەشی هەیە بەئازادی سەردانی دەرەوەی عێراق بکات و بشگەڕێتەوە بۆ عێراق.

هـ- هەموو عێراقیەك مافی خۆپیشاندان و مانگرتنی ئاشتیانەی هەیە بەپێی یاسا.
و- هـەموو عێراقیـەك مـافی بیرکردنـەوەی ئـازاد و ویـژدان و بـڕوای ئـایینی و بـەجێهێنانی سرووتەکانی ئایینی هەیەو ئەنجامدانی زۆرەملێیانە قەدەغەیە.
ز- ڕێنادرێـت کۆیلایـەتی، بازرگـانیکردن بەکۆیلـەو کـاری زۆرەملێیـی و خزمـەتی بەزۆر( سوخرەکێشی).
ح- هەموو عێراقییەك مافی ژیانی تایبەتمەندی خۆی هەیە.

**ماددەی چواردە:**

هەموو کەسێ لەعێراق مافی لەئاسایش و ئاسوودەیی و خزمەتگوزرای تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتیدا هەیەو پێویستیشە لەسەر دەوڵەتی عێراق و یەکە حکومیەکانی بەحکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێیەکانیشەوە، هەریەکەو بەپێی دەرامەتی خۆی و بەرەچاوکردنی پێداویستیە زیندووەکانی خۆیانەوە بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی و رەخساندنی دەرفەتی کار، بۆ گەل لەکۆششدا بن.

**ماددەی پانزە:**

١- هیچ ئەحکامێکی یاسایی (کاریگەری پێش وەختەی) نابێت تەنها لەو بارەدا نەبێت کەخۆی ئاماژەی بۆ کردبێت. هیچ تاوانێك و هیچ سزایەك نابێت تەنها بەگوێرەی یاسایەکی کار پێکراو لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا.
٢- نابێت پۆلیس، لێکۆڵەرەکان، یان دەسەڵاتەکانی دیکەی حکومەت پێشێلی حورمەتی ماڵی تایبەتی دانیشتوان بکەن جا ئەو دەسەڵاتانە سەر بەحکومەتی فیدراڵی یان هەرێمەکان یان پارێزگاکان و شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتیە ناوخۆییەکان بن تەنها لەو بارەدا نەبێ دادوەر یان دادوەری لێکۆڵینەوە بەگوێرەی یاسای رەچاوکراو مۆڵەتی ئەو پشکنینەی دەرکردبێ لەبەر رۆشنایی ئەو زانیارییانەی کەسێك هێنابنی و سوێندیشی لەسەر خواردبێت و زانیبێتی سوێندخواردنی نادروست دووچاری سزای دەکات. لەبارودۆخێکی ئەوپەڕی نائاسایی تەنگەتاویداو دادگایەکی تایبەتمەندیش و بڕیاری لەسەر بدا دەتوانرێ پاساو بۆ پشکنینی بێ مۆڵەت بهێنرێتەوە، بەڵام پێویستە ئەم جۆرە بارودۆخە تەنگەتاوانە ئەوەندە شیکاری بەرفراوانی بۆ نەکرێت و خۆ ئەگەر هات و پشکنینێکی مۆڵەتپێدراو ئەنجامدرا کەبارودۆخەکەی تەنگەتاو نەبوو ئەوا هەر بەڵگەو نیشانەیەك کە لەو پشکنینەدا دەدۆزرێتەوە کاریان پێناکرێت بۆ تۆمەتی تاوانکاری تەنها لەو ماوەدا نەبێت کەدادگا بڕیاربدا، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی پشکنینە بێ مۆڵەتەکەی ئەنجامداوە بەشێوەیەکی بەڕێوجێ و بەنیاز پاکی کردوویەتی و باوەڕی وابێت پشکنینەکە یاسایی بووە.

٣- ناشێ هیچ کەسێك نایاساییانە دەستگیر بکرێ یان دەستبەسەر بکرێ بەپێچەوانەی یاساوە، هەروەها ناشێ هیچ کەسێك بەهۆی هۆکاری سیاسی یان بڕوای ئاینییەوە دەست بەسەر بکرێت.

٤- مافی دادگایکردنی ڕەوا بەئاشکراو لەدادگایەکی سەربەخۆو بێلایەندا بۆ هەموو کەسێ دابیندەکرێت، جا ئەو دادگایکردنە مەدەنی بێت یان تاوانکاری. دەبێت ئاگادارکردنەوە بۆ دادگایی کردنەکەو بنچینەی یاسایی دادگا پێکردنەکە بەبێ دواخستن بۆ تۆمەتبارەکە دەستەبەر بکرێت.

٥- تۆمەتبار بەبێ تاوان دادەنرێت تا ئەو کاتەی بەگوێرەی یاسا تاوانەکەی بەسەردا ئیسپات دەبێ. مافی ئەوەشی هەیە پارێزەرێکی سەربەخۆو لێزان بۆ خۆی دابنێ و بۆشی هەیە قسەنەکات و ناشێت بەزۆریش و بەهەر هۆیەك بێت بهێنرێتە قسەکردن. مافی ئەوەشی هەیە بەشداربێت لەئامادەکردنی داکۆکی پێکردنەکەی خۆی و بانگی شایەتەکانی بکات و گفتوگۆشیان لەگەڵ بکاو داواش لەدادوەر بکات بەو کارە هەستێ، دەبێت ئەم مافانە بەوکەسە رابەگەنرێت کەدەستگیر دەکرێت.

٦- مافی دادگایکردنی دادوەرانەو خێراو ئاشکرا زامنکراوە.

٧- هەر کەسێ بەهۆی گرتن یان بەهۆی دەستبەسەرکردنەوە لەئازادی خۆی بێبەشکرابێ مافی ئەوەی هەیە پەنا بۆ دادگا ببات تا ئەو دادگایە بەگورجی یاسایی بوونی گرتنەکەی یان دەستبەسەر کردنەکەی یەکلایی بکاتەوەو ئەگەر بەشێوەیەکی نایاسایی بووبێ فەرمان بەئازادکردنی بدات.

٨- ناشێت تۆمەتبارێك سەرلەنوێ دادگایی بکرێتەوە بەتۆمەتێك دوای ئەوەی لێی بێتاوان کراوە.

٩-ناشێ کەسێکی مەدەنی لەدادگایەکی سەربازیدا دادگایی بکرێ و ناشێ دادگای تایبەت و نائاسایی دابمەزرێت.

١٠- هەموو جۆرە ئەشکەنجەدانێك جەستەیی یان دەروونی و لەهەربارێکدا بێت قەدەغەیە، هەروەها مامەڵەکردنی ڕەق و سوکایەتی نامرۆڤانەش قەدەغەیەو هەر دان پیانانێکیش بەزۆر بووبێ یان لەڕێی ئەشکەنجەوە یان لەڕێی هەڕەشەکردنەوە بووبێ یان بەهەر هۆیەکی تر بووبێت و لەکاتی ئەنجامدانی هەر ڕێوشوێنێکی تاوانکاری تردا بێت لەدادگادا بەبەڵگە دانانرێت.

**ماددەی شانزە:**

١- موڵك و ماڵی گشتی حورمەتی خۆی هەیەو پاراستنیشی ئەرکێکە لەسەر شانی هەموو هاووڵاتیان.

٢- مافی موڵکداریێتی تایبەت پارێزراوە. لەسنووری یاسادا نەبێت هیچ کەسێك لەچۆنیەتی هەڵسوڕانی موڵکی خۆی ڕێگری ناکرێ، موڵك و ماڵ لەکەس ناسەندرێت تەنها بۆ بەرژەوەندی گشتی لەو بارانەدا نەبێت کەیاسا دیاریکردووەو بەو شێوازەی کە بەدەق باسی لێکردووە. بەمەرجێ قەرەبوویەکی خێراو دادوەر بکرێ.

٣-هاووڵاتی عێراقی مافی تەواوی بێمەرجی هەیە لەموڵکداریێتی لەسەرجەم خاکی عێراقدا بەبێ سنوربەندی.

**ماددەی حەڤدە:**

ناشێ هەڵگرتنی چەك یان کڕین یان فرۆشتنی تەنها بەمۆڵەتێك نەبێت کە بەگوێرەی یاسا درابێت.

**ماددەی هەژدە:**

باج و رەسم تەنها بەیاسا دەبێت.

**ماددەی نۆزدە:**

ناشێ پەنابەری سیاسی کە بەپێی یاسایەکی بەرکار مافی پەنابەرێتی درابێ، بەزۆر بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێی هەڵاتووە.

**ماددەی بیست:**

١- هەر عێراقیەك ئەو مەرجانەی تیادا بێت کەدەقەکانیان لەیاسای هەڵبژاردندا هاتوون بۆی هەیە بۆ هەڵبژاردنەکان خۆی کاندید بکات و دەنگی خۆی بەنهێنی لەهەڵبژاردنێکی ئازادو دادوەرو کێبەرکێکاری دەوریدا بدات.

٢- ناشێ جیاکاری دژ بەهەر عێراقیەك بکرێ بەمەبەستی دەنگدان لەهەڵبژاردنەکاندا لەسەر بنەمای رەگەز یان ئاین یان نەژاد یان نەتەوە یان زمان یان سامان یان زانینی خوێندنەوەو نوسین.

**ماددەی بیست و یەك:**

ناشێ حکومەتی گواستنەوەی عێراق یان حکومەت و بەڕێوبەرایەتیەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکان و شارەوانیەکان یان بەڕێوەبەرایەتیە نێوخۆییەکان دەست وەربدەنە مافی گەلی عێراق بۆ پێشخستنی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جا بەهاریکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان بەهەر شێوەیەکی تر.

**ماددەی بیست‌ودوو:**

ئەگەر بەرپرسێك لەماوەی هەڵسوڕاندنی ئیشوکاریدا لەهەر دامەزراوێکی حکومیدا جا لەحکومەتی فیدراڵیدا بێت یا لەحکومەتی هەرێمەکاندا یا لەبەڕێوەبەرایەتیە نێوخۆییەکاندا بێ، کەسێ یان کۆمەڵێك خەڵك لەو مافانە بێبەری بکات کەئەم یاسایە یان هەر یاسایەکی کارپێکراوی دیکەی عێراقی بۆیانی زامنکردووە، ئەوە ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵە خەڵکە مافی خۆیانە داوا لەدژی ئەو بەرپرسە تۆماربکەن بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لەئاکامی ئەو بێ بەریکردنەوە کەوتوونەتەوەو بۆ چەسپاندنی ماف، دەتوانن هەر ڕێگەیەکی دیکەی یاسایی تر بگرنە بەر، بەڵام ئەگەر دادگا بڕیاریدا کەئەو بەرپرسە بەپلەیەکی گونجاو نیازپاکبووەو لەو بڕوایەدا بووە کەئەو ڕەفتارەی لەگەڵ یاسادا گونجاو بووە ئەوا لەو بارەدا قەرەبوو کردنەوەکەی ناکەوێتە ئەستۆ.

**ماددەی بیست‌وسێ:**

ئەو مافانەی کەپێشتر ئاماژەیان پێدراوە نابێ بەشێوەیەك لێکبدرێتەوە کەهاوولاتیانی عێراقی هەر ئەو مافانەیان هەیە، بەڵکو گەلی عێراق گشت ئەو مافانەشیان هەیە کەشایانی گەلێکی ئازادو خاوەن کەرامەتی مرۆڤانەی خۆیەتی، لەوانەش ئەو مافانەن کەدەقەکانیان لەبەڵێننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان‌و بەڵگەنامە یاساییە نێو دەوڵەتیەکانی دیکەدا هاتوون کەعێراق مۆریکردوون یان پەیوەندی پێوەکردن یان ئەوانەی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی عێراق وابەستەیە پێوەیان. ئەوانەش کەعێراقی نین‌و لەعێراقدان هەموو ئەو مافە مرۆییانەیان هەیە کەلەگەڵ بارودۆخیاندا دژ ناوەستێتەوە بەو پێیەی لەهاولاتیان نین.

## دەروازەی سێهەم

## حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عێراق

**ماددەی بیست‌وچوار:**

أ- حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عێراق کە لەم یاسایەدا بەحکومەتی فیدراڵی ناوبراوە پێکدێت لەئەنجومەنی نیشتمانی‌و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی‌و ئەنجومەنی وەزیران کەسەرۆك وەزیریش دەگرێتەوەو دادوەریش دەگرێتەوە.

ب- هەرسێ دەسەلاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەری لەیەك جودان‌و هەریەکەشیان سەربەخۆیی خۆی هەیە.

ج- هیچ بەرپرسێ یان فەرمانبەرێکی حکومەتی قۆناغی گواستنەوە لەماوەی هەڵسوڕاندنی کارەکەیدا تاوان ئەنجامبدات مافی پەناپارێزی نابێت.

**ماددەی بیست وپێنج:**

حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عێراق تەنها لەم ئیشوکارانەی خوارەوە تایبەتمەند دەبێت:

أ- نەخشاندنی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و دانوستاندن دەربارەی پەیماننامەو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و مۆرکردن و بەستنیان. هەروەها نەخشاندنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی دەرەوەو سیاسەتی (الأقتراض السيادي) ڕێبازی قەرزکردن.

ب- دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی بەدامەزراندنی هێزی چەکدارەکانیشەوەو بەردەوام بوونیان بۆ دابینکردن و پاراستن و زامنکردنی ئاسایشی سنوورەکانی و وڵات و بەرگریکردن لەعێراق.

ج- نەخشاندنی سیاسەتی دارایی و دەرکردنی دراوو ڕێکخستنی گومرگەکان و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی سەر سنوورەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکانی عێراق. هەروەها دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و نەخشاندنی سیاسەتی نەختی و دروستکردنی بانک و بەڕێوەبردنی.

د- ڕێکخستنی کاروباری پێوانەو سەنگ و نەخشاندنی سیاسەتی گشتی کرێی کارکردن.

هـ- بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی عێراق کەدەگەڕێتەوە بۆ گەلی عێراق بەراوێژکردن لەگەڵ حکومەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هەرێم و پارێزگاکاندا. داهاتە بەرەنجامەکانی ئەم سامانانە لەرێگەی بودجەی گشتییەوە بەشێوەیەکی ڕەوایانە دابەشدەکرێت، کەلەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوانی هەموو ناوچەکانی وڵاتدا بگونجێت بەرەچاوکردنی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە بەئەنقەست لێی بێبەش کرابوون، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچانەو پێداویستەکانیان بەشێوەیەکی ئیجابی و ڕەچاوکردنی پلەی پێشکەوتنی ناوچە جیاوازەکانی وڵات.

و- ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامەی عێراقی و کۆچبەری و پەنابەری.

ز- ڕێکخستنی سیاسەتی پەیوەندیکردن.

**ماددەی بیست وشەش:**

أ- یاسا کارپێکراوەکان لەعێراقدا لە٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ لەکارکردندا دەمێننەوە، مەگەر بەدەق لەم یاسایەدا پێچەوانەی ئەوە هاتبوو و تائەوکاتەی حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عێراق هەڵیاندەوەشێنێتەوە یان هەمواریان دەکات بەگوێرەی ئەم یاسایە.

ب- ئەو یاسایانەی لەلایەن دەسەڵاتی یاسایی فیدراڵیەوە دەرچوبن لەهەر یاسایەکی تر کە لەهەر دەسەڵاتێکی یاسایی ترەوە دەرچووبن باڵاترن، لەبارێکدا ئەگەر پێچەوانەی یەکدی بن جگە لەو دەقە نەبێ کە لەماددەی ٥٤(ب) ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

ج- ئەو یاسا و پەیرەو فەرمان و ڕێنوماییانەی کەلەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، بەگوێرەی دەسەڵاتەکانی بەپشت بەستن بەیاسای نێودەوڵەتی دەرچوون، لەبەر کارا دەمێننەوە تا هەڵدەوەشێنرێنەوە یان هەمواردەکرێت بەیاساکارییەك کە بەشێوەیەکی ئوسوڵی دەردەچێ و ئەو یاسایە هێزی یاسایی دەبێ.

**ماددەی بیست وحەوت:**

أ- هێزە چەکدارەکانی عێراق لەئەندامی یەکەکان و یەکە یەدەگەکان پێکدێت و مەبەستیش لەم هێزانە بەرگریکردنە لەعێراق.

ب- تەنها بەپێی یاسایەکی فیدراڵی نەبێت ناشێ هێز گەلی چەکداری و میلشیا پێکبهێنرێن کەراستەوخۆ لەژێر فەرمانی حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عێراقدا نەبن.

ج- ناشێ هێزە چەکدارەکانی عێراق و تاکەکانی و ئەو تاکە سەربازییانەش کە لەوەزارەتی بەرگری یان لەهەر دامەزراوێك و ڕێکخراوێکی سەر بەو وەزارەتەدا کاردەکەن. خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان کاندید بکەن و بۆ پرکردنەوەی پۆستی سیاسی هەروەك ناشێ هەڵمەتی هەڵبژاردنیش بۆ بەرژەوەندی کاندیدی دیکەش ئەنجامبدەن و ناشێ لەکارەکانی دیکەشدا کەرێنومایییەکانی وەزارەتی بەرگری قەدەغەی دەکەن بەشداری بکەن و ئەم ڕێگرتنە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کەپێشتر ناوبراون و پێی هەڵدەستن بەسیفەتی کەسێتی یان ئەرکداری ئەم ماددەیە ڕێگە لەو کەسانە ناگرێ کە بەمافی خۆیان لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگبدەن.

د- دەزگای ئیستخباراتی عێراق زانیاری کۆدەکاتەوە و ئەو هەڕەشەو مەترسیانەش هەڵدەسەنگێنێ کەرووبەڕووی ئاسایشی نیشتمانی دەبێتەوە و ئامۆژگاریش بەحکومەتی عێراق دەدات. ئەم دەزگایە لەژێر دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێت و دەکەوێتە ژێر چاودێری دەستە و یاسادانان بەپێی یاسا و پرەنسیپە دانپێدانراوەکانی مافی مرۆڤ کاردەکات.

هـ- حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عێراق ڕێز لەوابەستەییە نێودەوڵەتییەکانی عێراق دەگرێت و جێبەجێشیان دەکات، ئەوانەی تایبەتن بەقەدەغەکردنی بڵاوبوونە و پەرەپێدان و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆژی و هەروەها کەرەستە و مەتریاڵ و تەکنەلۆژیا و سیستەمی گەیاندن قەدەغە دەکات کەپەیوەندییان بەگەشەپێکردن و دورستکردن و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ئەو چەکانەوە هەیە.

**ماددەی بیست وهەشت:**

أ- ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران، بەسەرۆك وەزیرو دادوەرانی دادگاکانیشەوە ناشێ لەهیچ پۆستێکی دیکەی ناو حکومەت یان دەرەوەی حکومەتدا دابمەزرێن، ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی نیشتمانی کەدەبێتە

ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران، بەدەستلەکار کێشاوە لەئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی لەقەڵەم دەدرێت.

ب- بەهیچ جۆرێك لەجۆرەکان ئەوەی لەبواری هێزی چەکداریدا کاردەکات ناشێ ببنە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی یان ببنە وەزیر یان سەرۆك وەزیر یان ئەندامی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەر لەتێپەڕبوونی هەژدە مانگ بەسەر دەستلەکار هەڵگرتنی لەهێزە چەکدارەکان یان بەسەر خانەنشین کردنیدا لەو هێزانە.

**ماددەی بیست و نۆ:**

هەر کەحکومەتی کاتیی عێراق دەسەڵاتی تەواوی بەگوێرەی برگەی (أ- ب)ی ماددەی (دووی سەرەوە) وەرگرت، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانن هەڵدەوەشێتەوەو ئیشوکاری ئەنجومەنی حوکمڕانی عێراق کۆتای پێدێت.

## دەروازەی چوارەم

## دەسەڵاتی یاسادانانی قۆناغی گواستنەوە

**ماددەی سی:**

أ- دەوڵەتی عێراق لەماوەی قۆناغی گواستنەوەیدا دەسەڵاتێکی یاسادانانی دەبێت کە بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانی دەناسرێت، ئەرکی سەرەکی ئەم دەسەڵاتە دانانی یاساکان و چاودێریکردنی ئیشوکاری دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

ب- یاساکان بەناوی گەلی عێراقەوە دەردەچن. یاسا و رێسا و رێنماییەکانی پەیوەندیدار بەیاسا و رێساکانەوە لەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێنەوەو لەرۆژی بڵاوکردنەوەشیانەوە دەخرێنە بەرکار ئەگەر دەقی پێچەوانەی ئەوەی تیادا نەبێت.

ج- ئەنجومەنی نیشتمانی بەپێی یاسای هەڵبژاردن و یاسای پارتە سیاسیەکان هەڵدەبژێردرێت، ئامانجی یاسای هەڵبژاردنە رێژەیەك بۆ ژنان وەدەست بێنی کە لەچارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کەمتر نەبێت و هەروەها وەدیهێنانی نوێنەرایەتیەکی دادوەر بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی بەتورکمان و کلدۆئاشوری و ئەوانی دیکەشەوە.

د- ئەگەر کرا هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بەر لە٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ دەکرێ، یان ئەوپەڕی لە٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ تێپەر نەکات.

**ماددەی سی و یەک:**

أ- ئەنجومەنی نیشتمانی لە٢٧٥ ئەندام پێکدێت و ئەو یاسایە دادەنێت کەچارەسەری ئاڵوگۆڕی ئەندامەکانی لەکاتی دەستلەکارکێشانەوەو دەست پێهەڵگرتن و مردندا دەکات.

ب- کاندید بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی دەبێ ئەم مەرجانەی تیادا بێت.

١. عێراقی بێت و تەمەنی لەسی ساڵ کەمتر نەبێت

٢. نابێت ئەندام بووبێت لەحزبی بەعسی هەڵوەشاوە بەپلەی ئەندامی فرقە یان بەرزترو تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە بەگوێرەی بنەما یاساییەکان ئیستسنای بۆ دەکرێت.

٣. ئەگەر لەرابردوودا ئەندامی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە بووبێت بەپلەی ئەندامی کارا دەبێت بەڵگەنامەی بێبەری بوون لەحزبی بەعس ئیمزابکات و خۆی بێبەریبکات لەهەموو پەیوەستیە رابردووەکانی بەر لەوەی مافی ئەوەی هەبێت ببێتە پاڵێوراو، سوێند بخوات کەمامەڵەو پەیوەستی بەرێکخراوەکانی حزبی بەعسەوە ناکات و ئەگەر لەدادگەریدا دەرکەوت کەدرۆیکردووە یان فێڵی کردووە لەو بارەیەوە ئەوا کورسیەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی لەدەستدەدات.

٤. نابێت لەکارمەندی دامەزراوە رەشەکوژیەکانی رابردوو بوبێت یان لەوانەی یارمەتی و بەشداری لەچەوساندنەوەی هاوڵاتیاندا کردبێت.

٥. نابێت دەوڵەمەند بووبێت بەشێوەیەکی ناڕەوا لەسەر حسابی نیشتمان و موڵك و ماڵی گشتی.

٦. نابێت حوکمدرابێت بەتاوانێکی لەکەدار بەشەرەفەوە، بەناوو ناوبانگی چاك ناسرابێت.

٧. دەبێت هەڵگری بڕوانامەی شەشی دواناوەندی بێت یان هەر بڕوانامەیەك بەلایەنی کەمەوە هاوتای بێت.

٨. نابێت ئەندامی هێزە چەکدارەکان بێت لەکاتی خۆپاڵاوتندا.

**ماددەی سی و دوو:**

أ- ئەنجومەنی نیشتمانی پەیڕەوێکی ناوخۆیی بۆ خۆی دادەنێت، دانیشتنەکانیشی بەئاشکرایی دەبن، مەگەر بارودۆخەکە پێچەوانە بخوازێت بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ. بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەن دەکات.

ب- ئەنجومەنی نیشتمانی لەناو ئەندامەکانیدا سەرۆکێك و دوو جێگری سەرۆك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. کێ زۆرینەی دەنگ بەدەستبێنی دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و جێگری یەکەم بەپێی ژمارەی دەنگەکان دوای سەرۆك دێ و دوای ئەمیش جێگری دووەم بەپێی ژمارەی دەنگەکان دێت، سەرۆك بۆی هەیە دەنگ لەسەر هەر مەسەلەیەك بدات، بەڵام

بەشداریکردن لەگفتوگۆکردندا دەبێت بۆ ماوەیەکی کاتی لەسەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەکە دەستبەرداربێت ئەوجا راستەوخۆ بکەوێتە باسکردن دەربارەی کێشەکە.

ج- هەتا پرۆژەیەکی یاسا لەئەنجومەنی نیشتمانیدا دووجار لەدانیشتنێکی ئاساییدا نەخوێندرێتەوە دەنگی لەسەر نادرێ بەمەرجێ خوێندنەوەکان لانی کەم دوو رۆژییان لەنێواندا بێت، ئەمیش دوای ئەوەی پرۆژەی یاساکە بەلانی کەمەوە چوار رۆژ پێشتر خرابێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەوە.

**ماددەی سی و سێ:**

أ- کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بەئاشکرا دەبێت، کۆنوسی کۆبوونەوەکانیش تۆمار دەکرێن و بڵاویش دەکرێنەوە. دەنگی هەر ئەندامێ لەئەندامەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی تۆمار دەکرێ و راشدەگەیەنرێت. بڕیارەکانیش لەئەنجومەنی نیشتمانیدا بەزۆرینەی سادە وەردەگیرێن تەنها لەو بارانەدا نەبێ لەیاساکەدا بەدەق جیا لەوە هاتبێت.

ب- پێویستە ئەنجومەنی نیشتمانیی سەیری پرۆژەی یاسا پێشنیارکراوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بکات، بەو پرۆژانەشەوە کەتایبەتن بەیاساکانی بودجە.

ج- تەنها بۆ ئەنجومەنی وەزیران هەیە پرۆژەی بودجەی گشتی پێشکەش بکات، ئەنجومەنی نیشتمانیش بۆی هەیە ئاڵوگۆڕ لەدەروازەکانی بکات و سەرجەمی بڕی پارەی بودجەی گشتی کەم بکاتەوەو بۆشی هەیە پێشنیاز بۆ ئەنجومەنی وەزیران بکات کەکۆی بڕی خەرجیەکان لەکاتی پێویستدا زیاد بکات.

د- ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی مافی ئەوەیان هەیە بەگوێرەی ئەو پەیڕەوی ناوخۆیەی کەئەنجوومەن خۆی دایدەنێ پرۆژەی یاسایی پێشنیاز بکەن.

هـ- ناشێ هێزی چەکداری عێراق بنێردرێتە دەرەوەی عێراق بەبێ رەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانی و داواکاری ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، تەنانەت ئەگەر بەمەبەستی بەرگریکردنیش بێت دژی دەستدرێژیەکی دەرەکی.

و- تەنها ئەنجومەنی نیشتمانی دەسەڵاتی بەستنی پەیماننامەو رێکەوتننامەی هەیە.

ز- ئەو کاری چاودێرییەی کەئەنجومەنی نیشتمانی و لیژنەکانی پیادەی دەکەن ئەو مافەشی تێدایە کەپرسیار لەبەرپرسانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەن بەئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆك وەزیرو هەر بەرپرسێکی دیکە کە بەرپرسێتیەکی کەمتری هەبێت لەدەستەڵاتی جێبەجێکردندا، ئەمە مافی لێپێچینەوەو داواکردنی زانیاری و هەروەها دەرکردنی فەرمان بۆ ئەو کەسانە تا لەبەردەمیدا ئامادەبن، دەگرێتەوە.

**ماددەی سی وچوار:**

ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پەناپارێزی هەیە بەرامبەر بەو قسانە کە لەدانیشتنەکانی ئەنجوومەندا دەیکات، ئەندام لەو بارەیەوە تووشی دادگایی نابێ لەبەردەم دادگاکاندا. ناشێ لەماوەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیدا دەستگیری بکرێ، تەنها لەبارێکدا نەبێ ئەم ئەندامە بەتاوانێك تاوانبار بکرێت و ئەنجومەنی نیشتمانی پەناپارێزیەکەی لێ دابماڵێ یاخود لەکاتی ئەنجامدانی تاوانێکدا دەستگیر بکرێت.

## دەروازەی پێنجەم

## دەسەڵاتی جێبەجێکردنی قۆناغی گواستنەوە

**ماددەی سی وپێنج:**

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەقۆناغی گواستنەوەدا لەئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆك وەزیر پێکدێت.

**ماددەی سی وشەش:**

أ- ئەنجومەنی نیشتمانی سەرۆکێك بۆ دەوڵەت و دوو جێگیریشی بۆ هەڵدەبژێرێ و پێکەوە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پێکدەهێنن کەئەرکی نوێنەرایەتیکردنی سەروەری عێراق و سەرپەرشتیکردنی کاروباری باڵای وڵاتە. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەیەك لیست و بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامان دەبێ. ئەنجومەنی نیشتمانی دەسەڵاتی لادانی هەر ئەندامێ لەئەندامەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەیە بەزۆرینەی سێ لەسەر چواری دەنگی ئەندامەکانی ئەگەر چالاك یان خاوێن (نەزیه) نەبوو. لەبارێکیشدا ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کەلێنی تێکەوت ئەوا ئەنجومەنی نیشتمانی بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئەندامێکی دیکە هەڵدەبژێرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە.

ب- مەرجە ئەندامانی سەرۆکایەتی هەمان ئەو مەرجانەیان تیادا بێت کەتایبەتن بەئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی، بەرەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە:

١. دەبێ بەلانی کەمەوە تەمەنیان گەیشتبێتە چل ساڵ.

٢. خاوەنی ناوو ناوبانگی باش بن و خاوێن و سەر راست بن.

٣. دەبێت بەلانی کەوە بەدە ساڵ بەر لەرووخانی پارتی بەعس ، ئەگەر لەو پارتە هەڵوەشاوەیەدا ئەندام بووبێ، دەستی کێشابێتەوە.

٤. بەشدارینەکردبێ لەسەرکوتکردنی راپەڕینەکەی ١٩٩١داو لەئەنفالداو تاوانی دەرهەق بەگەلی عێراق ئەنجامنەدابێت.

ج- ئەنجومەنی سەرۆكایەتی بڕیارەكانی بەكۆی دەنگ وەردەگیرێت و ناشێ ئەندامەكانی نوێنەر لەجیاتی خۆیان دابنێن.

**ماددەی سی و حەوت:**

ئەنجومەنی سەرۆكایەتی دەتوانێ ڤیتۆ بەكاربهێنێ لەبەرامبەر هەر یاساكاریەك كەئەنجومەنی نیشتمانی دەریدەكات. بەمەرجێ لەماوەی پازدە رۆژدا بێت، لەو رۆژەوەی كە سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاردانی ئەو یاسایە بەئەنجومەنی سەرۆكایەتی رادەگەیەنێت، لەكاتی ڤیتۆدا یاسا دەنێردرێتەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی كەئەمیش بۆی هەیە سەر لەنوێ بڕیاری لەسەر بداتەوە بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ كەڤیتۆ ناكرێتەوە لەماوەیەكدا لەسی رۆژ تێپەڕ نەكات.

**ماددەی سی و هەشت:**

أ- ئەنجومەنی سەرۆكایەتی بەكۆی دەنگ سەرۆك وەزیر دادەنێت و لەسەر راسپاردەی سەرۆك وەزیر ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران دادەنێت. پاشان سەرۆك وەزیرو ئەنجومەنی وەزیران بەرلەوەی وەك حكومەت دەستبەكار بن هەوڵدەدەن متمانە لەئەنجومەنی نیشتمانی بەزۆرینەی رەهای دەنگەكان وەربگرن. ئەنجومەنی سەرۆكایەتی بۆی هەیە لەماوەی دوو هەفتەدا لەسەر پاڵێوراوێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیر پێكبێن جا ئەگەر لەوەدا سەركەوتوو نەبوو ئەوا بەرپرسێتی دیاریكردنی سەرۆك وەزیر بەزۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامەكانی پەسەند بكات. خۆ ئەگەر هاتوو سەرۆك وەزیر نەیتوانی لەماوەی مانگێكدا كابینەی حكومەتەكەی پێكبهێنێ ئەوا لەم بارەدا ئەنجومەنی سەرۆكایەتی سەرۆك وەزیرێكی دی دیاریدەكات.

ب- دەبێ لێهاتووییەكانی سەرۆك وەزیر هەمان ئەو لێهاتووییانە بن كەبۆ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی پێویستن، جگە لەوەی كەتەمەنی سەرۆك وەزیر دەبێ لەكاتی وەرگرتنی پۆستەكەیدا لەسی و پێنج ساڵ كەمتر نەبێ.

**ماددەی سی و نۆ:**

أ- بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆكایەتی، ئەنجومەنی وەزیران نوێنەرەكانی گفتوگۆكردن بۆ بەستنی بەڵێننامەو رێكەوتننامەی نێودەوڵەتی، دیاریدەكات. ئەنجومەنی سەرۆكایەتیش راسپاردە دەدات یاسایەك لەئەنجومەنی نیشتمانی دەربچێت بۆ پەسەندكردنی ئەم بەڵێننامەو رێكەوتننامانە.

ب- ئەنجومەنی سەرۆكایەتی تەنها لەبۆنە تەشریفاتی و ئاهەنگەكاندا سەركردایەتی باڵای هێزە چەكدارەكانی عێراق دەكات و دەسەڵاتی سەركردایەتیكردنی نابێت، مافی ئاگاداربوون و پرسیاركردن و راوێژكاریی هەیە. سەركردایەتی فیعلی لەكاروباری سەربازیدا

بەپێی پۆلێن لەسەرۆك وەزیرەوە دەستپێدەکات. ئینجا وەزیری بەرگری، ئینجا بۆ بازنە یەك لەدوا یەکەکانی سەرکردایەتی سەربازی هێزە چەکدارەکانی عێراق.

ج- ئەنجومەنی سەرۆکایەتی وەك لەدەروازەی شەشەمدا بەتێروتەسەلی باسکراوە، لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی باڵای دادوەری سەرۆك و ئەندامانی دادگای باڵا دادەمەزرێنێت.

د- ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ئیستخباراتی گشتی دادەمەزرێنێت و هەروەها گەورە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی عێراقیش لەپلەی (عەمید) بەسەرەوە دادەمەزرێنێ، ئەم دامەزراندنانەش دەبێت ئەنجومەنی نیشتمانی بەزۆرینەی سادەی ئەندامە ئامادەبووەکانی پشتڕاستی بکەنەوە.

**ماددەی چل:**

أ- سەرۆك وەزیرو وەزیرەکانیش لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیدا بەرپرسیاردەبن، ئەم ئەنجومەنە مافی ئەوەی هەیە متمانە لەسەرۆك وەزیر بکێشێتەوە ئەوە لەم بارەدا ماددەی ٤٠ (ب) دەخرێتە بەرکار.

ب-لەکاتی دەنگدان لەسەر ئەوەی متمانە بەسەرجەمی ئەنجومەنی وەزیران نەدرێت، لەو بارەدا سەرۆك وەزیرو وەزیرەکان لەپۆستی خۆیاندا دەمێننەوە بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان لەماوەیەکدا لەسێ رۆژ تێپەرنەکان تا ئەنجومەنێکی نوێی وەزیران بەپێی ماددەی ٣٨ی سەرەوە پێکدەهێنرێت.

**ماددەی چل ویەك:**

سەرۆك وەزیر بەرپرسیارێتی رۆژانەی خۆی لەبەڕێوەبردنی حکومەتدا بەجێدێنێ، بۆشی هەیە بەرەزامەندی زۆرینەی رەهای ئەنجومەنی نیشتمانی وەزیرەکان لەکار لابەرێت، ئەنجومەنی سەرۆکایەتیش دەتوانێ لەسەر راسپاردەی دەستەی نەزاهەتی گشتی و دوای رەچاوکردنی رێوشوێنە یاساییەکان، ئەندامێك لەئەنجومەنی وەزیران لابەرێت جا ئەو ئەندامە وەزیرێك بێ یان سەرۆك وەزیران.

**ماددەی چل ودوو:**

ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ ئیشوکاری خۆی دادەنێ، رێسا و رێنومایی پێویستیش بۆ بەکارخستنی یاساکان دەردەکا. هەروەها بۆی هەیە پرۆژەی یاساییش پێشنیاز بکات و بیخاتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی، هەر وەزارەتێکیش بەپێی پسپۆری خۆی بۆی هەیە بریکارو سەفیرو فەرمانبەرانی پلەتایبەتەکانی خۆی دەستنیشان بکا و پاش رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ئەو پاڵێوراوانە ئەوجا بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بۆ بڕیاردان لەسەری، بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران هەمووی بەزۆرینەی سادەی ئەندامە ئامادەبووەکانی وەردەگیرێن.

## دەروازەی شەشەم
## دەسەڵاتی دادگەریی فیدراڵی

**ماددەی چل وسێ:**

أ- دادگا سەربەخۆیە، بەهیچ شێوەیەك لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێكردنەوە بەوەزارەتی دادیشەوە بەڕێوەنابرێ تەنیا دادگا دەسەڵاتی تەواوی هەیە بڕیاری بێ تاوانی تۆمەتبار یان تاوانباركردنی بدات بەپێی یاسا بەبێ دەست تێوەردانی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن.

ب- دادوەران لەپۆستەكانی خۆیاندا دەمێننەوە لە١ی تەمموزی ٢٠٠٤ تەنها لەبارێكدا نەبێت كەدەستبەرداریان بێ بەگوێرەی ئەم یاسایە.

ج- ئەنجومەنی نیشتمانی بودجەیەكی سەربەخۆو پێویست بۆ دادگەریی دادەنێت.

د- دادگای فێدراڵی سەیری ئەو كێشانە دەكات كە لەئەنجامی یاسا فێدراڵیەكانەوە سەر هەڵدەدەن، تەنها حكومەتی فێدراڵی فەرمانی دامەزراندنی ئەو جۆرە دادگایانە دەگرێتە ئەستۆو دامەزراندنی ئەم دادگایانە لەهەرێمەكاندا بەراوێژكردن لەگەڵ سەرۆكی ئەنجومەنە دادگەریەكانی هەرێمەكاندا دەبێت و دامەزراندنی دادوەرانیش بۆ ئەو دادگایانە، یان گواستنەوەی دادوەر بۆ ئەو دادگایانە بەپلەی یەكەم بۆ ئەو دادوەرانە دەبێت كەدانیشتووی هەرێمەكەن.

**ماددەی چل وچوار:**

أ-دادگایەك لەعێراق بەپێی یاسا پێكدەهێنرێت و ناو دەنرێ دادگای باڵای فێدراڵی.

ب-دەسەڵاتەكانی دادگای باڵای فێدراڵ:

١. دەسەڵاتی پاوان و ڕەسەنی ئەو داوایانەی هەیە كە لەنێوان حكومەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەو حكومەتی هەرێمەكان و كارگێڕێتی پارێزگان و شارەوانیەكان و بەڕێوبەرایەتیە نێوخۆییەكاندایە.

٢. دەسەڵاتی پاوان و ڕەسەنی هەیە سەبارەت بەداوای یاسایی داواكارێك یان لەسەر بنەمای داوایەكی یاسایی كە لەدادگایەكی دیكەوە بۆی نێردرابێت سەبارەت بەوەی یاسایەك یان پەیڕەوێك یان چەند ڕێنماییەك كە لەحكومەتی فیدراڵەوە یان لەحكومەتی هەرێمەكانەوە یان لەبەڕێوبەرێتی پارێزگاكانەوە یان لەشارەوانی و بەڕێوبەرێتیە نێوخۆییەكانەوە دەرچوبن و لەگەڵ ئەم یاسایەدا كۆك نەبن.

٣. دەسەڵاتی (الاستئنافیە التقدیریة)ی دادگای باڵای فیدراڵی بەیاسایەكی فیدراڵی دیاریدەكات.

ج- ئەگەر دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا یاسایەك یان پەیڕەویك یان ڕێنماییەك یان ڕێوشوێنێك تانەی لێدرابێت بەوەی لەگەڵ ئەم یاسایەدا ڕێك ناکەوێت ئەوا بەهەڵوەشاوە دادەنرێت.

د- دادگای باڵای فیدراڵی پەیڕەوێك بۆ خۆی دادەنێت و بڵاویشی دەکاتەوە سەبارەت بەو ڕێوشوێنە پێویستانەی دەگیرێنە بەر بۆ بەرزکردنەوەی داوای یاسایی و ڕێگەدان بەپارێزەران کە لەبەردەمیدا ئامادەبن بەرگری خۆیان پێشکەش بکەن. هەموو بڕیارەکانیشی بەزۆرینەیەکی سادە وەردەگیرێ جگە لەو بڕیارانەی کەتایبەتن بەوداواکاریانەی ئاماژەی پێدراوە لەماددەی ٤٤ (ب)١ کەپێویستە بەزۆرینەی دوو لەسێ وەربگیرێن و پابەندیش بن و دەسەڵاتی ڕەهای بەکارخستنی بڕیارەکانیش هەیە بەو دەسەڵاتانەشەوە کەبڕیار لەسەر سزادانی ئەوانە دەربکات کەسوکایەتی بەدادگا دەکەن و تەواوی ئەو ڕێوشوێنانەش بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستن.

هـ- دادگای باڵای فیدراڵ لەنۆ ئەندام پێکدێت، ئەنجومەنی باڵای دادگەری لەسەرەتادا بەراوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی دادگەری هەرێمەکاندا هەژدە تا بیست و حەوت کەس دەپاڵێوێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ئەو دادگایە پاشان بەهەمان ڕێگا سێ ئەندام بۆ هەر جێیەك لەو بۆشاییانە کە لەوانەیە لەئایندەدا بەهۆی مردن یان دەستلەکارکێشانەوە یان دور خستنەوەوە دروست ببن، دەپاڵێورێت و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەندامانی ئەم دادگایە دادەمەزرێت و یەکێکیان بۆ سەرۆکایەتی دادگاکە دەسنیشاندەکات، لەبارێکدا هەر دامەزراندنێك ڕەتبکرێتەوە ئەوا ئەنجومەنی باڵای دادگەری کۆمەڵێکی نوێ کاندید دەکات کە لەسێ پێکهاتبێ.

**ماددەی چل و پێنج:**

ئەنجومەنی باڵای دادگەری دادەمەزرێنرێت و ڕۆڵی ئەنجومەنی دادگەری دەگێڕێ. ئەنجومەنی باڵای دادگەری سەرپەرشتی دەسەڵاتی دادگەری فیدراڵ دەکات و بودجەی ئەنجومەنیش دەبات بەڕێوەو ئەم ئەنجومەنە لەسەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵ و سەرۆك و جێگرانی سەرۆکی دادگای تەمیزی فیدراڵ و سەرۆکەکانی دادگاکانی تێهەڵچونەوەی فیدراڵ و سەرۆك و هەردوو جێگری سەرۆکی هەریەك لەدادگاکانی تەمیزی هەرێمەکان پێکدێت. سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای دادگەری دەکات لەکاتی ئامادەنەبونیشیدا سەرۆکی دادگای تەمیزی فیدراڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکە دەکات.

**ماددەی چل و شەش:**

أ- دەزگای دادگەری فیدراڵ دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگرێتە خۆی بەهەموو دادگا پلەیەکەکان و دادگا تاوانکاریەکان و دادگا تایبەتیەکان و دادگاکانی تێهەڵچونەوەو دادگای تەمیزیشەوە کەئەمەی دوایی بالاترین پلەی دادگایە بەدەر لەوەی ماددەی ٤٤ی ئەم یاسایە ئاماژەی پێدراوە. دەتوانرێ دادگای فیدراڵی دیکە بەیاسا دابمەزرێنرێت و دادوەرەکانی لەلایەن ئەنجومەنی باڵای دادگەرییەوە دابمەزرێن. ئەم یاسایە پارێزگاری لەمەرجەکانی لێهاتوویی پێویست بۆ دامەزراندنی دادوەران دەکات کەیاسا دیارییان دەکات.

ب- بڕیارەکانی دادگای هەرێمەکان و دادگا لۆکاڵییەکان بەدادگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە بەبڕیاری قەتعی دادەنرێن، بەڵام ئەگەر پێچەوانەبوون لەگەڵ هەر یاسایەکی فیدراڵی ئەوا لەلایەن دەسەڵاتی دادگەری فیدراڵەوە پێداچونەوەیان بۆ دەکرێت. رێوشوێنەکانی ئەم پێداچونەوەیەش بەیاسا دیاریدەکرێت.

**ماددەی چل و حەوت:**

ناشێ دادوەر یان ئەندامی ئەنجومەنی باڵای دادگەری لەکاربخرێت، تەنها ئەگەر بەتاوانێکی ئابڕوبەر یان بەگەندەڵی ئیدانەکرا یان توشی کەماسی هەمیشەیی بوو. لەکارخستنیش لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی باڵای دادگەری و بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و بەرەزامەندی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەنجامدەدرێت. لەکارخستن راستەوخۆ بەدەرچوونی رەزامەندیەکە دەخرێتە بەرکار.

ئەو دادوەرەی بەو تۆمەتانەی سەرەوە تۆمەتبار بکرێ لەکاردەخرێ تا ئەو کاتەی کێشەکەی یەکلایی دەکرێتەوەو ناشێ موچەی دادوەر بەهەر هۆیەك لەماوەی خزمەتکردنیدا کەم بکرێتەوە یان رابگیرێت.

## دەروازەی حەوتەم

## دادگای تایبەتمەندو دەستە نیشتمانیەکان

**ماددەی چل و هەشت:**

أ- یاسای دامەزراندنی دادگای تاوانی تایبەتمەند کە لە٢٠٠٣/١٢/١٠دا دەرچووە بەپەسەند کراو دادەنرێ و دەسەڵاتی پاوانی هەیە لەجێبەجێکردن و گرتنەبەری رێوشوێنەکانیدا بەبێ رەچاوکردنی ئەو دەقانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

ب- هیچ دادگایەك بواری سەیرکردنی ئەو مەسەلانەی نییە کەئەرکی خودی دادگای تاوانکاریی تایبەتمەندە، تەنها ئەوەندە نەبێ کە بەدەق لەیاسای دامەزراندنی دادگای تاوانکاریی تایبەتمەنددا هاتووە.

ج- دادوەری دادگای تاوانکاریی تایبەتمەند بەپێی ئەو دەقانە دادەمەزرێت کە لەیاسای دامەزراندنی دادگاکەدا هاتووە.

**ماددەی چل‌ونۆ:**

أ- دامەزراندنی دەستە نیشتمانیەکان وەك دەستەی نیشتمانی نەزاهەتی گشتی و دەستەی باڵای نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی ململانێی نەگوازراوە (الملكيه العقاريه) و دەستەی باڵای نیشتمانی بۆ بنەبڕکردنی بەعس، بەپشتڕاستکراوە دادەنرێن و هەروەها ئەو دەستانەش کەدوای بەکارخستنی ئەم یاسایە دادەمەزرێن بەپەسەندکراو دەژمێردرێن. ئەندامانی ئەم دەستە نیشتمانیانە لەدوای بەکارخستنی ئەم یاسایە لەسەرکاری خۆیان بەردەوام دەبن بەڕەچاوکردنی ئەوەی لەماددەی پەنجا و یەکدا هاتووە.

ب- ئەندامانی دەستە نیشتمانیەکان بەگوێرەی یاسا دادەمەزرێن

**ماددەی پەنجا:**

حکومەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە دەستەیەکی نیشتمانی بۆ ماف دادەمەزرێنێت، بەمەبەستی بەکارخستنی رێکەوتننامە تایبەتەکان بەو مافانەی لەم یاسایەدا روونکراونەتەوە. هەروەها بەمەبەستی سەیرکردنی ئەو سکاڵایانەی پەیوەندییان بەپێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە هەیە.

ئەم دەستەیە بەپێی پرنسیپەکانی پاریسی نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە بەرپرسیارێتی دەزگا نیشتمانیەکان، دادەمەزرێت. ئەم دەستەیە نوسینگەیەك بۆ لێپێچینەوە لەسکاڵاکان دەگرێتە خۆی و دەسەڵاتی دەبێت بەدەستپێشخەری خۆیان بەپێی سکاڵا نامەیەك کەبۆی بەرزدەکرێتەوە، لەو قسەو باسانە بکۆڵێتەوە کەبانگەشەی ئەوە دەکەن دەسەڵاتە حکومیەکان دژ بەماف و یاسا رەفتار دەکەن.

**ماددەی پەنجا و یەك:**

ناشێ هیچ ئەندامێك لەئەندامانی دادگای تایبەتمەند یان لەئەندامانی هەر دەستەیەك کەحکومەتی فیدراڵ پێکی بهێنێت، بەهەرسیفەتێکی تر لەدەزگاکانی حکومەت یان دەرەوەی حکومەتدا دابمەزرێنرێت، ئەم قەدەغەکردنە بێ جیاوازی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادگەری حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عێراق دەگرێتەوە، بەڵام ئەندامانی دادگای تایبەتمەند لەو ماوەیەدا کە لەدادگای ناوبراو کاردەکەن دەشێ کاری خۆیان لەدامەزراوەکانی تردا هەڵپەسێرن.

## دەروازەی هەشتەم

## هەرێم و پارێزگاو شارەوانی و دەستە نێوخۆییەکان

**ماددەی پەنجاو دوو:**

سیستەمی فیدراڵ لەعێراقدا بەجۆرێك دادەمەزرێت کەرێگا نادات بەکۆبونەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی حکومەتی فیدراڵدا بەو شێوەیەی بووە هۆی بەردەوامی دەیان ساڵ لەسەرکوتکردن و چەوسانەوە لەسایەی رژێمی پێشوودا، ئەم سیستەمە هانی مومارەسەکردنی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان دەدات لەلایەن بەرپرسە نێوخۆییەکانی سەرجەم هەرێم و پارێزگاکان کەدەبێتە مایەی پێکهێنانی عێراقێکی یەکگرتوو کەهاوڵاتی بەشدارییەکی ئاکتیڤ دەکات لەکاروباری حکمڕانیداو مافەکانی بۆ دابین دەکات و سەربەستی دەکات لەدەستبەسەری.

**ماددەی پەنجاو سێ:**

أ- حکومەتی هەرێمی کوردستان دانی پێدا دەنرێت وەك حکومەتی رەسمی ئەو ناوچانەی کە لە١٩ی ئازاری ٢٠٠٣دا بەڕێوەدەبران و دەکەونە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێرو سلێمانی و کەرکوك و دیالە و نەینەوا. دەستەواژەی " حکومەتی هەرێمی کوردستان" کە لەم یاسایەدا هاتووە. واتا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و ئەو دەسەڵاتە هەرێمیەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە.

ب- سنوری هەژدە پارێزگاکە لەقۆناغی گواستنەوەدا بەبێ گۆڕان دەمێنێتەوە.

ج- پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان جگە لەبەغدادو کەرکوك، مافی ئەوەیان هەیە هەرێم لەنێوان خۆیاندا پێکبهێنن و حکومەتی کاتی عێراقیش بۆی هەیە میکانیزم بۆ پێکهێنانی ئەم هەرێمانە پێشنیاز بکات بەمەرجێ ئەو میکانیزمە بخرێتە پێش چاوی ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراو تا سەیری بکات و بڕیاری لەسەربدات و دەبێ سەرباری وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانی لەسەر هەر یاسایەکی تایبەت بەپێکهێنانی هەرێمی نوێ، رەزامەندی خەڵکی پارێزگا پەیوەندیدارەکان لەرێگای ریفراندۆمەوە وەربگرێت.

د- ئەم یاسایە مافەکانی بەڕێوەبردن و رۆشنبیریی و سیاسی تورکمان و کلدۆئاشوری و گشت هاوڵاتیانی دیکەی عێراق دابیندەکات.

**ماددەی پەنجا و چوار:**

أ- حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدرێژایی قۆناغی گواستنەوە لەهەڵسوڕاندنی ئیشوکارەکانی ئێستای خۆیدا بەردەوام دەبێت، تەنها ئەوانە نەبێت کەپاوان لەدەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵدایە وەك ئەوەی لەم یاسایەدا ئاماژەی پێدراوە. ئەم ئەرك و پۆستانەش لەلایەك حکومەتی فدراڵەوە تەمویل دەکرێن بەگوێرەی ئەوەی کاری پێدەکرێت لەماددەی ٢٥ (هـ) ی ئەم یاسایەدا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی هەرێمایەتی خۆی بەسەر ئاسایشی ناوخۆو هێزی پۆلیس لەدەستدا دەمێنێتەوەو مافی سەپاندنی باج و سەرانەشی لەنا و هەرێمەکەدا دەبێت.

ب- دەربارەی مومارەسەکردنی یاسا فدراڵیەکان لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆی هەیە بەکارخستنی هەریاسایەك لەو یاسایانە لەناوخۆی ناوچەی کوردستاندا هەموار بکات، ئەمیش تەنها لەو کاروبارانەدا کە لەماددەی ٢٥و ماددەی ٤٤ (د)ی ئەم یاسایەدا نەهاتووە کە بەپاوان لەدەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵدایە.

**ماددەی پەنجا و پێنج:**

أ- هەر پارێزگایەك مافی پێکهاتنی ئەنجومەنی پارێزگا و دانانی پارێزگارو ئەنجومەنی شارەوانییەکان و ئەنجومەنە نێوخۆییەکانی هەیە. هیچ ئەندامێکی نا و حکومەتی هەرێم یان هیچ پارێزگارێك یان ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا یان شارەوانی یان ئەنجومەنی نێوخۆیی، لەسەردەستی حکومەتی فیدراڵ یان یەکێك لەبەرپرسانی حکومەتی فیدراڵ لەکار ناخرێ تەنها لەبارێکدا نەبێت کە لەلایەن دادگایەکی تایبەتمەندەوە بەپێی یاسا بەتاوانێك تۆمەتبار کرابێت. هەروەك ناشێ حکومەتی هەرێم پارێزگارێك یان ئەندامێك لەئەندامەکانی یەکێ لەئەنجومەنەکانی پارێزگار یان شارەوانی یان ئەنجومەنە نێو خۆییەکان دوربخاتەوە. هیچ پارێزگایەك یان هیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا یان شارەوانی یان ئەنجومەنە نێوخۆییەکان ناکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵەوە تەنها ئەوەندە نەبێ کە لەماددەی ٢٥و ماددەی ٤٣ (د)ی سەرەوەدا دیاریکراون.

ب- پارێزگاران و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان وەك چۆن ڕۆژی یەکی مانگی تەموزی ٢٠٠٤ کاریان تیادا دەکرد بەپێی دەقی یاسای حکومی نێوخۆیی کەپێشبینی دەکرێت دەربچێت، لەشوێنەکانی خۆیاندا دەمێننەوە تا کاتی هەڵبژاردنێکی ئازادو ڕاستەوخۆو گشتی کە بەپێی یاسا ئەنجامدەدرێت، تەنها لەبارێکدا نەبێت یەکێك لەوانە خۆبەخۆ واز لەپۆستەکەی بهێنێ یان پێش ئەو مێژووە بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکی ئابڕووبەر دوورخرابێتەوە یان بەتاوانێکی پەیوەندیدار بەگەندەڵی یان بەهۆی توشبوونی بەکەماسی

هەمیشەیی یان کەسێك بەگوێرەی ئەو یاسایەی سەرەوە لەکارخرابێت. لەکاتی دورخستنەوەی پارێزگارێك یان سەرۆکی شارەوانییەك یان ئەندامێك لەئەندامانی ئەنجومەنەکان، ئەنجومەنی پەیوەندیدار دەتوانێ داوا لەهەر کەسێکی لێهاتووی دانیشتوی پارێزگاکە بکات بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو پۆستە. هەرچی مەرجی لێهاتوییە، هەمان ئەو مەرجانەیە کە لەماددەی سی و یەکدا بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی دانراوە. ئەم پاڵێوراوە نوێیە دەبێت زۆرینەی دەنگەکانی ئەنجومەن بەدەستبهێنێ تابتوانێ کورسییە چۆڵەکە پڕبکاتەوە.

**ماددەی چەنجا وشەش:**

أ- ئەنجومەنی پارێزگا هاریکاری حکومەتی فیدراڵی دەکات بەهەماهەنگی کردنی لەو ئیش و کارانەی کەوەزارەتە فدراڵیەکان لەناوخۆی پارێزگاکاندا جێبەجێیدەکەن، بەپێداچونەوەی پلانی ساڵانەی وەزارەت و میزانیەی چالاکیەکانی ناو هەمان پارێزگا. ئەنجومەنی پارێزگاکان لەمیزانیەی گشتی دەوڵەتەوە تەمویل دەکرێن و ئەم ئەنجومەنانە دەسەڵاتی زیادکردنی داهاتی خۆیان هەیە بەشێوەیەکی دەستپێشخەریکردن لەدروستکردنی پڕۆژەو جێبەجێکردنیان لەسەر ئاستی پارێزگاکە بەتەنها یان بەهاریکاری رێکخراوی نێودەوڵەتی و ناحکومی و ئەنجامدانی چالاکی دیکە بەمەرجێ لەگەڵ یاساکانی فیدراڵدا کۆك بن.

ب- ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان و ئەنجومەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەش، هاوکاری بەجێ گەیاندنی ئەرك و فەرمانەکانی حکومەتی فیدراڵ دەکەن و خزمەتگوزاری گشتیش پێشکەش دەکەن ئەویش لەرێگای پێداچونەوەی پلانی وەزارەتی فیدراڵ لەو شوێنانەی باسکراون تاکو دڵنیابن لەوەی بەشێوەیەکی دروست پێداویستی و بەرژەوەندییە نێوخۆییەکان دابیندەکات، دیاریکردنی پێداویستییەکانی میزانیەی نێوخۆیی لەرێگای گرتنە بەری رێوشوێنی موازەنەی گشتی و کۆکردنەوەی داهاتە نێوخۆییەکان و باج و سەرانەکان و پارێزگاری لێکردنیان و رێکخستنی پرۆسەی کارگێڕێتیی خۆجێیەتی و دەستپێشخەری کردن لەدروستکردنی پڕۆژەی ناوخۆیی و جێبەجێکردنیان بەتەنها یان بەهاریکاری لەگەڵ رێکخراوی نێودەوڵەتی و رێکخراوە ناحکومییەکان و ئەنجامدانی چالاکی دیکە بەمەرجێ لەگەڵ یاسادا کۆکین.

ج- حکومەتی فیدراڵ چەندێك پێی کرا رێوشوێنی بەخشینی دەسەڵاتی زیاتر بەکردارو بە بەرنامە دەداتە کارگێڕێتیە خۆجێییەکان و هەرێمەکان و پارێزگاکان.

یەکەی هەرێمیی و کارگێڕێتی پارێزگاکان بەحکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە لەسەر بنەمای پرنسیپی نامەرکەزیی و بەخشینی دەسەڵات بەکارگێڕێتی شارەوانی و یەکە نێوخۆییەکان، ڕێکدەخرێنەوە.

**ماددەی پەنجاوحەوت:**

أ- هەموو ئەو دەسەڵاتانەی بەپاوان بۆ حکومەتی عێراقی ماوەی گواستنەوە ناگەڕێنەوە دەشێ لەلایەن حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکانەوە بەزووترین کات دوای پێکهێنانی دامەزراوە حکومیە گونجاوەکان، پراکتیزە بکرێن.

ب- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەرجەم عێراقداو ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەهەمان ئەو ڕۆژەدا دەکرێت کەهەڵبژاردنی گشتی تێدا ئەنجامدەدرێت بەمەرجێك لە٣١/ی کانونی دووەم/٢٠٠٥ تێپەڕنەکات.

**ماددەی پەنجاوهەشت:**

أ- حکومەتی عێراق بۆ مادەی گواستنەوەو بەتایبەتی دەستەی باڵای چارەسەرکردنی ململانێکانی نەگوازراوە (الملکیە العقاریە) و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار بەزوترین کات، ڕێوشوێنی پێویست دەگرنە بەر لەپێناو لابردنی ئەو ستەمەی ڕژێمی پێشوو دروستی کردبوو، لەشێوەی گۆڕینی باری نیشتەجێبوونی ناوچە دیاریکراوەکانی بەکەرکوکیشەوە لەڕێگای ڕاگواستن و دورخستنەوەی تاکەکان لەماڵ و حاڵی خۆیان و بەزۆر کۆچ پێکردن لەناوخۆو دەرەوەی ناوچەکانداو نیشتەجێکردنی خەڵکی نامۆ بەناوچەکەو بێ بەشکردنی دانیشتوان لەمافی کارکردن و ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی لەپێناو چارەسەرکردنی ئەم ستەمەدا، حکومەتی ماوەی گواستنەوەی عێراق پێویستە ئەم هەنگاوانە بگرێتە بەر

١. ئەوەی پەیوەندی بەڕاگوێزراو و دورخراوەو کۆچ پێکراوو کۆچکردووەوە هەیە، بەگونجان لەگەڵ یاسای دەستەی باڵای چارەسەرکردنی ململانێکانی نەگوێزراوە (الملکیە العقاریە) و ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەی دیکەش، حکومەتی عێراق دەبێ لەماوەیەکی گونجاودا ڕاگوێزراوەکان بگەڕێنێتەوە بۆ سەرماڵ و حاڵ و موڵکی خۆیان و ئەگەر ئەمە نەکرا ئەوا قەرەبویەکی دادپەروەرانەیان بکاتەوە.

٢. سەبارەت بەو تاکانەی گواستراونەتەوە بۆ ناوچەو زەوی دیاریکراو. لەسەرحکومەت پێویستە کێشەکەیان بەگوێرەی ماددەی ١٠ی یاسای دەستەی باڵای چارەسەرکردنی ململانێی نەگوازراوە یەکلایی بکاتەوە، لەپێناو سەر لەنوێ نیشتەجێکردنیان لەشوێنی ڕاستەقینەیان یان لەپێناو زامنکردنی وەرگرتنی قەرەبویەکی گونجاو لەدەوڵەت یان بۆ ئەوەی زەوییەکی نوێ وەربگرن نزیك ئەو پارێزگایەی پێشتر لێی نیشتەجێبوون یان بۆ

ئەوەی قەرەبوی ئەو خەرجیانە بکرێنەوە کە بەهۆی گواستنەوەیان بۆ ئەو ناوچانە خەرجیان کردووە.

٣. سەبارەت بەو کەسانەی کەبێبەشکراون لەدامەزراندن و دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی تری گوزەران ئەمیش بۆ جەختکردنە سەریان و ناچارکردنیان بۆ کۆچکران و جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبونیان، حکومەت دەبێت هاندەربێت بۆ بەدەستخستنی هەلی نوێی کارکردنی لەهەمان ئەو شوێن و ناوچانەدا.

٤. ئەرچی سەبارەت بەراستکردنەوەی نەتەوەیی، حکومەت دەبێ سەرجەم یاسا پەیوەندیدارەکان پوچەڵبکاتەوە و رێگە بەخەڵکی زەرەرمەند بدات مافیان هەبێت ناسنامەی نیشتمانی و سۆزی رەچەڵەکی خۆیان بەبێ زۆرلێکردن هەڵبژێرن

ب- رژێمی پێشو بەهەمان شێوە یاری بەسنوری کارگێڕێتییەکان و شتی تریشی کردووە بەمەبەستی پێکاندنی ئامانجی سیاسی. لەسەر سەرۆکایەتی و حکومەتی عێراقی ماوەی گواستنەوە پێویستە راسپاردە بداتە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکارییە دادپەروەرانەو لەحاڵەتی رێکنەکەوتنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ لەسەر ئەو راسپاردانە، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەبێ ناوبژیوانێکی بێلایەن دابمەزرێنێ بەمەبەستی تاوتوێکردنی بابەتەکەو پێشکەشکردنی راسپاردەو ئەگەر ئەنجومەن لەسەر ئەم کارەش رێکنەکەوت ئەوا دەبێت لەئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان داوا بکات کەسێییەکی نێودەوڵەتی پایەبەرز دابمەزرێنێ بۆ جێبەجێکردنی کاری داواکراو.

ج- یەکلایکردنەوەی کۆتایی ئەو ناوچانەی ململانێیان لەسەر بەکەرکوکیشەوە دوادەخرێت بۆ ئەو کاتەی ئەو رێوشوێنانەی سەرەوە بەتەواوی جێبەجێدەکرێن و ئامارێکی گشتی دانیشتوانەکەی بەشێوەیەکی روون و دادپەروەرانە ئەنجامدەدرێت و دەستوری هەمیشەیش پەسەند دەکرێت. دەبێت ئەم یەکلایکردنەوەیە بەشێوەیەکی ئەوتۆ بێت کۆك بێت لەگەڵ بنەماکانی دادوەری، بەرەچاوکردنی ئیرادەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

## دەروازەی حەوتەم

## قۆناغی دوای قۆناغی گواستنەوە

**ماددەی پەنجا و نۆ:**

أ- دەستوری هەمیشەیی دەبێت ئەو زەماناتانەی تێدابێت کەهێزە چەکدارەکانی عێراق جارێکی تر بۆ تیرۆرکردن و سەرکوتکردنی عێراق بەکار ناهێنرێنەوە.

ب- بەگوێرەی پلەو پایەی عێراق وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و خواستی لەبەشداریکرنی لەگەڵ دەوڵەتانی تردا بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایش و نەهێشتنی فرە رەگەزکان دەبێت کە لەعێراقدا لەژێر سەرکردایەتیەکی یەکگرتودا بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٥١١ی ساڵی ٢٠٠٣ و هەر بڕیارێکی تری ئایندەیی کاردەکەن تا پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی و هەڵبژاردنی حکومەتێکی نوێ بەگوێرەی ئەو دەستورە.

ج- دوای‌وەرگرتنی دەسەلات و بەپێی ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی خاوەن پلەو پایەو سەروەرییە، حکومەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە دەسەلاتی بەستنی رێکەوتننامەی نێو دەوڵەتی پابەندی هەیە سەبارەت بەچالاکی هێزی فرە رەگەزەکان کە لەژێر سەرکردایەتیەکی یەکگرتوودا کاردەکەن. بەپێی مەرجەکانی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانی ژمارە ١٥١١ی ساڵی ٢٠٠٣ و هەر بڕیارێکی ئایندەیی پەیوەندیدار کە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەربچێت، هیچ شتێك لەم یاسایەدا کاریگەری لەسەر ماف و پابەندییەکانی ئەو رێکەوتننامانە یان لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٥١١ی ساڵی ٢٠٠٣ بەم مەسەلەیەوە کەحوکمی کارەکانی هێزە فرە رەگەزەکان دەکات، نابێت تا کاتی بەرکارخستنی ئەو رێکەوتننامانە.

**ماددەی شەست:**

لەسەر ئەنجومەنی نیشتمانی پێویستە رەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراق بنوسێت. ئەم ئەنجومەنە ئەم بەرپرسیارێتییە لەرێگای هاندانی گفتوگۆکردن لەسەر دەستور بەهۆی کۆبوونەوەی گشتی و ئاشکراو بەردەوامەوە لەسەران سەری عێراقداو لەرێگای هۆکارەکانی راگەیاندنەوە و لەرێگای وەرگرتنی پێشنیار لەهاوڵاتیانی عێراق لەکاتی نوسینی دەستورەکەدا ئەنجامدەدات.

**ماددەی شەست و یەك:**

أ- لەسەر ئەنجومەنی نیشتمانی پێویستە رەشنوسی دەستوری هەمیشەیی لەماوەیەکدا بنوسێت کە لە١٥ی ئابی ٢٠٠٥ تێپەر نەبێت.

ب- دەستوری هەمیشەیی دەخرێتە پێش چاوی گەلی عێراق بۆ وەرگرتنی رەزامەندی لەسەری ئەویش لەرێگای راپرسییەکی گشتییەوە. لەماوەی پێش راپرسییەکەدا رەشنوسی دەستورەکە بڵاو دەکرێتەوە بۆ هاندانی گفتوگۆ کردن لەسەری لەنێوان نەوەکانی گەلدا.

ج- راپرسییەکە بەسەرکەوتوو دادەنرێت و رەشنوسی دەستورەکەش بەپەسەندکراو دادەنرێت ئەگەر زۆرینەی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یان زیاتر رەتیان نەکردەوە.

د- بەپەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی لەرێگای راپرسییەوە، هەڵبژاردنی بۆ حکومەتی هەمیشەیی لەماوەیەك کە لە١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ تێپەرنەکات، ئەنجام دەدرێت و حکومەتی نوێ ئەرکەکانی خۆی لەماوەیەکدا کە لە٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ تێپەر نەبێت، دەگرێتە دەست.

هـ- ئەگەر راپرسییەك رەشنوسی دەستورە هەمیشەییەکەی رەتکردەوە، ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵدەوەشێتەوە و هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنێکی نوێی نیشتمانی دەکرێتەوە لەماوەیەکدا کە لە١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ تێپەڕ نەبێت. حکومەت و ئەنجومەنی نوێی نیشتمانی ئەرکەکانی خۆیان لەماوەیەکدا کە لە٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ تێپەڕنەکات، دەگرنەدەست و بەردەوام دەبن لەکاردا بەپێی ئەم یاسایە، بەڵام دواکاتی نوسینەوەی رەشنوسێکی نوێ رەنگە لەپێناو دانانی دەستورێکی هەمیشەییدا بگۆڕدرێ، بەڵام نابێت لەساڵێك تێپەڕ بکات ئەو جا ئەنجومەنی نیشتمانی نوێ بۆی دەرەخسێ رەشنوسی دەستوریی هەمیشەیی بنوسێت.

و- لەکاتی پێویستدا، دەشێ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و بەرەزامەندی زۆرینەی دەنگی ئەندامان، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دڵنیا بکاتەوە، لەماوەیەکدا کە لە١ی ئابی ٢٠٠٥ تێپەڕنەکات، کەپێویستییان بەکاتێکی زیاتر هەیە بۆ نوسینەوەی رەشنوسی دەستورەکە و لەم کاتەدا ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کاتی نوسینی رەشنوسی دەستور بۆ ماوەی تەنها شەش مانگ درێژدەکاتەوە و ئەم بەجارێکی تر درێژناکرێتەوە.

ز- ئەگەر ئەنجومەنی نیشتمانی رەشنوسی دەستوری هەمیشەیی تا ١٥ی ئابی ٢٠٠٥ نەنوسیبوو، داوای درێژکردنەوەی کاتیشی بەپێی ماددەی ٦٠ (د)ی سەرەوە نەکردبوو ئەوا لەوکاتەدا دەقی ماددەی ٦٠ (ج)ی سەرەوە جێبەجێ دەبێت.

**ماددەی شەست و دوو:**

کارپێکردنی ئەم یاسایە تادانانی دەستوری هەمیشەیی و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بەردەوام دەبێت.

## دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان
## فەرمانی ژمارە ٩٢
## یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق

لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتانەی پێمدراوە بەو پێیەی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانم و بەگوێرەی ئەو یاساو نەریتانەی پەیڕەو دەکرێن لەکاتی شەڕداو بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار لەوانە بڕیاری ١٤٨٣(٢٠٠٣)و بڕیاری ١٥١١(٢٠٠٣)و بەدووبارە جەغتکردنەوە لەسەر مافی گەلی عێراق لەدیاریکردنی ئایندەی سیاسی خۆی بەشێوەیەکی ئازادانە کەدانیپێدانراوە لەهەردوو بڕیاری ١٤٨٣و١٥١١دا، بەڕەچاوکردنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لەماوەی گواستنەوەدا کەرێگا دەدات گەلی عێراق حکومەتەکەی خۆی لەرێگای هەڵبژاردنێکی راستەقینەو متمانەپێکراوەوە هەڵبژێرێت لەماوەیەکدا کە لە٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ تێپەڕ نەکات.
بەجەغتکردنەوە لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەیاسای بەڕێوەبردن لەماوەی گواستنەوەدا هاتووە، لەناویاندا ئامادەکردنی دەستوری هەمیشەیی و پشتڕاستکردنەوەیی و پێکهێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەو دەستورە.
بەجەغتکردنەوە لەسەر پێویستی هاریکاریەکی نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەو ئەو رۆڵە سەرەکیەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو پسپۆرانەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیانپیانراوە لەبەڕێوەبردنی هەڵبژاردندا دەیگێڕن و بەپابەندبوون بەپێکهێنانی دەستەیەك لەپیشەوەرانی عێراق و پسپۆرە راوێژکارە بێلایەنە دانپیانراوە نێودەوڵەتییەکان، بۆ گرتنەدەستی ئەرکی پەیوەندیکردن و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنێکی راستەقینەو متمانەپێکراو لەعێراقداو دوابەدوای راوێژێکی دوورودرێژ لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم و نێردراوانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەی خوارەوە رادەگەیەنم:

### بەشی ١
### ئامانج

ئەم فەرمانە کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق "کۆمسیۆن" پێکدەهێنێت و دەسەڵاتی رێکخستن، چاودێریکردن، ئەنجامدان، جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو هەڵبژاردنانەی لەیاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوەدا هاتوون دەداتە ئەو کۆمسیۆنە.
کۆمسیۆن بەشێوەیەك پێکدەهێنرێت کەسەربەخۆیی تەواوی بۆ دابینکرابێت لەکارتێکەرە

سیاسیەکان و سودمەند بێت لەگفتوگۆی تێرو تەسەل لەگەڵ دەستە نێودەوڵەتیەکان، وەك نەتەوە یەکگرتوەکان کە بەشێوەیەکی بێلایەنانەو چالاکانە هەستاوە بەبەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی راستگۆو متمانەپێکراو لەو دەوڵەتانەی سەرکوتکردن و ململانێ و هەلی توندوتیژ تیایاندا بەرقەرار بووە.

## بەشی ٢

## پێناسی زاراوەکان

لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم فەرمانەدا ئەم پێناسانەی خوارەوە بەسەر زاراوەکاندا دەچەسپێت. ئەو وشانەی بەگوزارەی تاك هاتوون کۆمەڵێك کەس یان لایەن یان شت دەگرێتەوەو بەسەریاندا دەچەسپێت، ئەو وشانەی بەگوزارەی کۆ هاتوون مانای تاکیش دەگەیەنێت، هەروەك ئەو وشانەی بەگوزارەی نێرینە هاتوون مانای مێینەش دەگرێتەوە.

١. دەستەواژەی "گواستنەوەی دەسەلات" مانای بەفەرمی(رەسمی) گواستنەوەی دەسەلاتەکانی حوکمە لەدەسەلاتی کاتی هاوپەیمانانەوە بۆ حکومەتی کاتی عێراق.

٢. دەستەواژەی "ماوەی گواستنەوە" مانای ئەو ماوەیە دەگەیەنێت کەتیایدا دەستدەکرێت بەگواستنەوەی دەسەلاتەکان و بەردەوام دەبێت تا پێکهێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی.

٣. دەستەواژەی "حکومەتی کاتی عێراق" مانای ئەو حکومەتە دەگەیەنێت کەدەسەلاتەکانی حوکم دەگرێتە دەست لە٣٠/ حوزەیران/ ٢٠٠٤و ئەو دەسەلاتانەی لەدەستدا دەمێنێتەوە تا ٣١/ کانونی دووەم/ ٢٠٠٥.

٤. دەستەواژەی "حکومەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە" ئەو حکومەتە ئەگەیەنێت کەپێکدەهێنرێت لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لەوڵاتدا لەمێژوویەکدا کە لە٣١/ کانونی دووەم/ ٢٠٠٥ تێپەڕنەکات.

٥. دەستەواژەی "یاسای هەڵبژاردن" ئەو یاسایە دەگەیەنێت کەحوکمی هەڵبژاردنەکان دەکات لەماوەی گواستنەوەدا.

٦. دەستەواژەی "یاسای حزبە سیاسیەکان" ئەو یاسایە دەگەیەنێت کەدانانان بەقەوارە سیاسیەکانی ناو عێراق دیاریدەکات لەماوەی گواستنەوەدا.

٧. دەستەواژەی "ئەنجومەنی دادگەری" مانای دەستەیەکی سەربەخۆی داوەرو بەرپرسە بێلایەنەکان دەگەیەنێت کەسەرلەنوێ پێکهێنراونەتەوە بەگوێرەی فەرمانی ژمارە ٣٥ی دەرکراو لەلایەن دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانانەوە.

٨. دەستەواژەی "ئەنجومەنی باڵای دادگەری" مانای ئەو دەستە سەربەخۆیە دەگەیەنێت کەرۆڵی ئەنجومەنی دادگەریی دەگێڕن لەماوەی گواستنەوەی دەسەڵاتدا، وەك چۆن رونکراوەتەوە لەماددەی ٤٥ی یاسای بەڕێوەبردن بۆ قۆناغی گواستنەوەدا.

٩. دەستەواژەی "تاوانی داماڵراو لەلێهاتوویی" ئەو تاوانە دەگرێتەوە کەئەنجامدەدرێت بەمەبەستی ئازاردانی جەستەیی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك.

## بەشی ٣

## پێکهێنانی کۆمسیۆن

١. بەگوێرەی ئەم فەرمانە "کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق" وەك کارگێڕێتیەکی حکومی سەربەخۆ پێکدەهێنرێت، کەخۆی حوکمی خۆی دەکات، نا حزبی، بێلایەن و پیشەیی دەبێت و خاوەن دەسەڵاتی بڵاوکردنەوەو جێبەجێکردنی ئەحکامە رێکخەرەکان و یاساکان و رێوشوێنەکانی دەبێت و دەتوانێت بەدەسەڵاتی یاسا ئەوەی پەیوەندیدارە بەهەڵبژاردنەوە لەماوەی گواستنەوەدا بیسەپێنێت. کۆمسیۆن سەربەخۆ دەبێت لەلقەکانی تری راپەراندن و یاسادانان و دادگەری و ئەم تاکە دەسەڵاتی هەڵبژاردن دەبێت لەسەرجەم عێراقدا لەماوەی گواستنەوەدا. کۆمسیۆن لەئەنجومەنی کۆمسیۆن "ئەنجومەن" و کارگێڕی هەڵبژاردن پێکدێت.

٢. ئەرکی سەرەکی کۆمسیۆن بریتییە لەدابینکردنی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردن لەماوەی گواستنەوەدا. لەم پێناوەشدا، کۆمسیۆن تەواوی دەسەڵاتی لەدەستە بۆ گرتنەبەری هەموو ئەو رێگا پێویستانەی کەچونیەکن لەگەڵ بەشی دووەمی یاسای بەڕێوەبردن بۆ قۆناغی گواستنەوە، لەپێناو چاودێریکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی راستگۆیانەو متمانەپێکراو لەسەرجەم عێراقدا. کۆمسیۆن سودمەند دەبێت لەئەزموونی پسپۆرە نێودەوڵەتیەکانی بواری هەڵبژاردن، لەنێویاندا بەتایبەتی پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٣. کۆمسیۆن ئەم ئەرکە سەرەکیانەی خوارەوەی دەبێت، ئەمە سەرباری هەر ئەرکێکی تر کەئەنجومەن بەپەسەندی بزانێت کۆمسیۆنی هەڵبژاردن پێی هەستێت:

أ- بڕیاردان و دروستکردن و گەشەپێدانی لیستەکانی هەڵبژاردن و پشتڕاستکردنەوەو دابەشکردن و پاراستنیان.

ب- یارمەتیدان بۆ دروستکردنی هاریکاری و متمانە دروستکردن لەنێوەندەکانی کۆمەڵگادا لەسەرجەم خاکی عێراقدا لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

ج- رێکخستن و بەڕێوەبردن و تۆمارکردن و پشتڕاستکردنەوەی حزبە سیاسیەکان.

د- ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و تۆمارکردن و پشتڕاستکردنەوەی پاڵێوراوەکانی هەڵبژاردن.

هـ- بڕیاردان لەسەر دەسەڵاتی چاودێرەکانی هەڵبژاردن و ئەو فەرمانبەرانەی تر کەکاردەکەن بۆ ڕێکخستن و چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان لەعێراقدا.

و- بەڕێوەبردنی پرۆسەی خشتەی دەنگدەران و دەنگدان.

ز- حوکمدان لەسەر سکاڵانامەو ناکۆکی هەڵبژاردنەکان.

ح- پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

## بەشی ٤

## ئەنجومەنی کۆمیسیۆن

کۆمسیۆن ئەنجومەنێکی دەبێت بۆ سەرۆکایەتی کردنی "ئەنجومەن" و خودی ئەنجومەن بەتەنها بۆی هەیە دەسەڵاتی بڵاوکردنەوەو جێبەجێکردن و پراکتیزەکردنی حوکمە ڕێکخەرەکان و ڕێوشوێن و بڕیارەکان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەر کارێکی تری هەیە کە لەگەڵ ئەحکامەکانی بەشی ٢ لەیاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوەدا بگونجێت لەپێناو دابینکردنی سەرکەوتنی ڕێکخستن و پلاندانان و جێبەجێکردن و چاودێریکردنی هەڵبژاردنە گشتی و ناوخۆییەکان لەسەرانسەری عێراقدا. ئەنجومەن لەم بارەیەوە ئەوەی پێی سپێردراوە بەتەواوەتی کاری بۆ دەکات و هەوڵی ڕێکخستن یان پراکتیزەکردنی کاریگەری نادات لەسەر ئەو پرۆسانەی کە بەروونی پەیوەندیان بەکارگێڕی هەڵبژاردنەوە نیە لەماوەی گواستنەوەدا.

## بەشی ٥

## ڕێکخستنی ئەنجومەنی کۆمسیۆن

١. ئەنجومەن لە٩ ئەندام پێکدێت، حەوتیان هاوڵاتی عێراقی دەبن و مافی دەنگدانیان هەیە لەناو ئەنجومەندا، دوو ئەندامیان مافی دەنگدانیان نیەو ئەم دوو ئەندامە لەئەنجومەندا بەڕێوبەری گشتی هەڵبژاردن کە لەبەشی ٦ "٢"ی ئەم فەرمانەدا باسی لێکراوەو پسپۆڕێکی نێودەوڵەتی هەڵبژاردنە کەنەتەوە یەکگرتووەکان دیاریکردووە. ئەو حەوت ئەندامەی مافی دەنگدانیان هەیە کاروبارەکانی ئەنجومەن جێبەجێدەکەن تا پێکهێنانی کۆمسیۆنێکی نوێ دوای کۆتایی هاتن بەماوەی گواستنەوە، یان دوای تێپەڕبوونی ٣ مانگ بەسەر پشتڕاستکردنەوەی یەکەمین هەڵبژاردن کە بەگوێرەی دەستوری هەمیشەیی ئەنجامدەدرێت، جا هەرکامێکیان لەپێشەوە هات. بڕیارەکانی ئەنجومەن ئەگەر کرا بەکۆدەنگ دەبێت، خۆ

ئەگەر نەکرا ئەوا بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان بڕیارەکان دەردەکرێت بەمەرجێك ڕێژەی یاسایی ئامادەبێت، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کەئەم فەرمانە مەرجێکی تری دانابێت.

٢. دەشێت هاولاتیانی عێراق و ڕێکخراوە عێراقیەکان پێشنیار بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن سەبارەت بەناوی ئەو ٧ ئەندامەی ئەنجومەن، نەتەوە یەکگرتووەکانیش لیستی ناوی پاڵێوراوە شایستەکان لەو ناوانەی بۆی پێشنیارکراوە ئامادەدەکات و دەیداتە ئەنجومەنی حوکم کەئەمیش هەڵدەستێت بەپۆلێنکردنی پاڵێوراوەکان بەگوێرەی تواناو بەهرەمەندییان و لەلیستێکدا پێشکەشی بەڕێوبەری کارگێڕی دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانانی دەکات و پاشان بەڕێوبەری کارگێڕی دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان ئەو ٧ ناوەی ئەنجومەن کەمافی دەنگدانیان هەیە دادەمەزرێنێت و ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانیش ئەو پسپۆرە نێودەوڵەتیەی هەڵبژاردن دادەمەزرێنێت کە لەناو ئەنجومەنەکەدا کاردەکات وەك ئەندامێك کەمافی دەنگدانی نەبێت.

٣. سەرجەمی ئەو ئەندامانەی ئەنجومەن کەمافی دەنگدانیان هەیە هاولاتی عێراقی دەبن، دیاریکردنیان لەسەر بنەمای بێلایەنی و پاکی و ڕێكوڕەوانی و پیشەگەری و بیروڕادانی ڕاست و دروست دەبێت و هەروەك دەبێت ئەو مەرجانەیان تێدابێ کە لەمادەی ٣١ برگەی (ب)دا هاتووە لەیاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوەداو ئەو کەسانەی کە بەهاولاتی عێراقی دادەنرێن بەگوێرەی مادەی ١١ لەیاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوە یان ئەوانەی مافی وەرگرتنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقیان هەیە بەگوێرەی مادەی ١١ی یاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوە، دەبێت ئەو مەرجانەی هاولاتیبوونیان تێدابێ بەمەبەستی ئەندامێتی ئەنجومەن. ئەو شایستەییانەی پەسەند دەکرێت بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن، ئەو شارەزاییانەیە کەچەسپاون لەبواری کارگێڕی و دادوەری و فێرکردن و بازرگانی و داکۆکیکردن لەکێشە کۆمەلایەتیەکان و چەندانی تر کەدەچێتە خانەی سەرکردایەتی مەدەنییەوە.

٤. حەوت ئەندامەکەی ئەنجومەن کەمافی دەنگدانیان هەیە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیدا، موچەیەك وەردەگرن کەهێندەی موچەی وەزیرێکەو نابێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن جا نێربێ یان مێ لەماوەی کارکردنیدا لەئەنجومەن وەزیفەی بەموچەی وەرگرتبێت تەنها ئەو کارانە نەبێت کەبنەما ڕێکخەرەکانی ئەنجومەن بلاویدەکاتەوە ڕێگەپێدراون. سەرباری ئەوە نابێت هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن کاربکات یان بپاڵێورێت لەماوەی ئەندامێتیدا (نێربێ یان مێ) بۆ پۆستێکی گشتی بەهەر سیفەتێك بێ و بۆ هەر ئاستێکی بەڕێوەبەرێتی حکومی بێت.

٥. هەر ئەندامێك دەبێت سوێند بخوات و پەیمان بدات کەئەرکەکانی ئەو وەزیفەیە بەسەربەخۆیانەو بێلایەنانەو پیشەییانە دەبات بەڕێوە. ئەم سوێندەو ئەو بنەما ئەخلاقیانەش کەئەنجومەن دوای دامەزراندنی دایاندەنێت لەسەر کارەکانی ئەندامانی ئەنجومەن دەسەپێت.

ئەگەر ئەندامێکی ئەنجوومەن تۆمەتبارکرا بەتاوانێکی (داماڵراو لەلێهاتوویی) ئەوا بەزۆرینەی سێیەکی دەنگەکانی ئەنجومەن دەردەکرێت و ئەگەر ئەندامێك بنەما ئەخلاقیە کارپێکراوەکانی ناو ئەنجومەنی شکاند یان توشی ( کەماسی هەمیشەیی) (العجز الدائم) بوو ئەوا دەتوانرێ بەزۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەندامە پاکەکانی ئەنجومەن لابرێت بەمەرجێ ئەم دەنگدانە ڕەزامەندی پسپۆرە نێودەوڵەتیەکەی هەڵبژاردنی لەسەر بێت.

٦. ئەگەر شوێنی یەکێ لەئەندامان خاڵی بوو بەر لەگواستنەوەی دەسەلأت بەهۆی مردن یان دەستلەکارکێشانەوە یان دەرکردنی ئەندامەکەوە، ئەوا ئەندامێکی نوێ بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی لەبەشی ٥ "٢"ی سەرەوەدا هاتووە دیاریدەکرێت. خۆ ئەگەر شوێنی یەکێ لەئەندامان دوای گواستنەوەی دەسەلأت خاڵی بوو، بەلأم پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کە بەپێی یاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوە دەبێت ئەوا نەتەوە یەکگرتوەکان لیستێك بەلایەنی کەمەوە بەناوی سێ پالێوراوی شایستە دەخاتە بەردەست سەرۆکی حکومەتی عێراق بۆ دیاریکردنی ئەندامێکی نوێ بۆ ئەنجومەن. خۆ ئەگەر شوێنی یەکێك لەئەندامان لەکاتی هەڵبژاردن یان لەدوای هەلبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوە خاڵی بوو. نەتەوە یەکگرتوەکان لیستێك بەناوی سێ پالێوراوی شایستە بەلانی کەمەوە دەداتە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ دامەزراندنی ئەندامێکی نوێ بۆ ئەنجومەن.

٧. ئەنجومەن لەدانیشتنی دەستپێکدا سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەن لەنێوان ئەو ئەندامانەی مافی دەنگدانیان هەیە هەڵدەبژێرێت وەك یەکەمین کاری ڕێکخستنی ئەنجومەنەکەو سەرۆك هەڵدەستێ بەبەڕێوەبردنی کارەکانی ئەنجومەن لەرووی ڕێکخستن و گفتوگۆ سیاسیەکان و بەشێوەیەکی ڕێكوپێك هەڵدەستێ بەئامادەکردنی خشتەی کۆبونەوەکانی ئەنجومەن و بەستنیان و سەرۆکایەتی کردنیان، بەو کۆبونەوانەشەوە کەلانی کەم چوار لەئەندامانی ئەنجومەن داوای بەستنی دەکەن. ڕاپۆرتەکانی دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دەداتە بەشەکانی تری حکومەتی عێراق و گەلی عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

ئەگەر سەرۆك ئامادە نەبوو، جێگری سەرۆك بەم ئەرکە هەڵدەستێ.

٨. ئەنجومەن دەستدەكات بەدامەزراندنی فەرمانبەران بۆ هەستانیان بەئەركەكان راستەوخۆ دوای دیاریكردنی سەرۆك و جێگرەكەی. پێویستە لەسەر فەرمانبەران هەستن بەهەڵسەنگاندنی پێداویستییەكان بەیارمەتی نەتەوە یەكگرتووەكان و رێكخراوە گونجاوەكانی تر. ئەنجومەن ئەمیندار دادەمەزرێنێ بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری وەك پاراستنی فایلەكان و تۆژینەوە یاساییەكان و خزمەتگوزاری سكرتاریەت و بەرپرسێتی تری تایبەت بەكاروبارەكانی ئەنجومەن.

٩. لەسەر حكومەتی عێراق پێویستە جەخت بكاتەوە لەسەر ئەوەی كۆمسیۆن هەموو پێداویستیەكانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی لەماوەی گواستنەوەدا بەدەست بكەوێت. بەچاوپۆشین لەوەی پێشوو، بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە كۆمسیۆن دەتوانێ هەوڵی بەدەستهێنانی هاوكاری لەكۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات بۆ دەستخستنی تەمویل یان هەر داهاتێكی تر بەشێوەیەكی راستەوخۆ. كۆمسیۆن بەتەنها خۆی هەڵدەستێ بەبەرێوەبردنی هەموو داهاتەكانی كۆمسیۆن و پێوەیان پابەنددەبێت و بەرێوەبەری گشتی بەرپرسی گرتنەدەستی كاری ژمێریاری ئەو داهاتانە دەبێت.

## بەشی ٦

## كارگێرێتی هەڵبژاردن

١) كۆمسیۆن كارگێرێتیەكی هەڵبژاردنی دەبێ كە بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و لەنوسینگەی نیشتمانی و نوسینگەكانی هەڵبژاردن كە لەپارێزگاكان و قەزاكان پێكدەهێنرێن، پێكدێت. كارگێرێتی هەڵبژاردن بەرپرس دەبێت لەبەردەم ئەنجومەندا و بەرپرسێتیی كارگێری سیستەمەكانی ئەنجومەن و رێسا و كاروبارو بریارەكانی لەهەردوو ئاستی ناوخۆیی و ناوچەییدا لەسەرجەم خاكی عێراقدا دەگرێتە ئەستۆ. ئەنجومەن پێكهێنانی نوسینگەی نیشتمانی و نوسینگەكانی هەڵبژاردن دیاریدەكات و رۆڵی سەرەكی هەریەكەیان بەگوێرەی ئەو یاسا و بنەما رێكخەرانەی مەرجە راستەوخۆ لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرۆكی ئەنجومەن و جێگرەكەیدا، دەربكرێن.

٢) بەرێوەبەری گشتی لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئەنجومەندا هەڵدەستێ بەرێكخستنی كارگێرێتی هەڵبژاردن بەنوسینگەی نیشتمانی و نوسینگەكانی تری هەڵبژاردن لەسەرجەم عێراقدا.

أ) بۆ هاوڵاتیانی عێراق و دەزگا عێراقیەكان هەیە پێشنیار بدەنە نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پالاوتنی پالێوراوان بۆ پۆستی بەرێوەبەری گشتی. نەتەوە یەكگرتوەكان هەڵدەستێ بەئامادەكردنی لیستی ناوی پالێوراوە شایستەكان لەنێو ناوی ئەو پالێوراوانەدا و

دەیداتە ئەنجومەنی حوکم کە ئەوانیش دەیخەنە بەردەست بەڕێوەبەری کارگێڕی و ئەمیش یەکێ لەو پاڵێوراوە شایستانە هەڵدەبژێری بۆ بەڕێوەبەری گشتی.

ب) بەڕێوەبەری گشتی بەپێی پۆستەکەی دەبێتە ئەندامێکی ناو ئەنجومەن، بەڵام مافی دەنگدانی نابێ، بەوپێیە کاردەکات کەئەو بەڕێوەبەری سەرەکی کارگێڕی کۆمسیۆنەو بەرپرسی یەکەمە لەبەڕێوەچوونی کارەکانی. بەڕێوەبەری گشتی دەبێتە ئەڵقەی پێکگەیاندنی نێوان ئەنجومەن و کارگێڕێتی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی لەسەرانسەری عێراقدا.

ج) ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی ئەو بنەما ئەخلاقیە پیشەییانەی شکاند کەئەنجومەن داینـاون، یان تۆمەتبارکرا بەتاوانێکی داماڵراو لەلێهاتوویی یان توشی کەماسی تەواوبوو یان بڕیاردرا کە بەکەڵکی خزمەتکردن نایەت، ئەشێ لابرێت لەپۆستەکەی بەزۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەنجومەن.

د)ئەگەر پۆستی بەڕێوەبەری گشتی بەتاڵ بوو بەهۆی مردنی یان دەست لەکارکێشانەوەی یان دەرکردنی بەر لەماوەی گواستنەوە، ئەوا بەڕێوەبەرێکی گشتی تر دادەمەزرێ بەگوێرەی ئەو ڕێوشوێنانەی لەبرگەی ((أ)ی سەرەوەدا هاتووە. خۆ ئەگەر پۆستەکە بەهۆی مردن یان دەست لەکارکێشانەوە یان دەرکردنی بەڕێوەبەری گشتی لەدوای ماوەی گواستنەوە بەتاڵ بوو، ئەوا نەتەوە یەکگرتووەکان لیستی ناوی پاڵێوراوانی شایستە، دەداتە ئەنجومەن و ئەنجومەنیش تەنها پاڵێوراوێك بەزۆرینەی دەنگەکان هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری گشتی نوێ.

٣) کارگێڕێتی هەڵبژاردن بەتەواوەتی ملکەچی ئەنجومەن دەبێ، بەڵام جیادەبێت لەفەرمانبەرانی ئەنجومەن و ئەو ئەمانەتەی لەبەشی (٥) برگەی (٨)ی ئەم فەرمانەدا ئاماژەی پێدراوە. بەم پێیە بەڕێوەبەری گشتی جەغت دەکاتەوە لەسەرئەوەی کارگێڕێتی هەڵبژاردن سامانی پێویستی تەواو و فەرمانبەری شیاوی لەزووترین کاتدا لەرووی پراکتیکیەوە بۆ دابین بکرێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی، دوای هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری سەرۆك.

## بەشی ٧

## چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان

١) ئەنجومەن دەسەڵاتی پاوانی هەیە بۆ جێبەجێکردنی مەدەنیانەی ڕێوشوێنەکانی و ڕێسا ڕێکخەرەکانی. ئەنجومەن دەتوانێ هەر کێشەیەکی تاوانکاری (جنائی) بنێرێ بۆ

دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان ئەگەر بەڵگەی بەدڕەفتاری تاوانکاری لەبەردەست بوو سەبارەت بەپاک ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن.

٢) جگە لەوەی لەبەشی (٧) برگەی (٣)ی ئەم فەرمانەدا باسی لێکراوە، ئەنجومەن دەسەڵاتی تەواوی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی دروست دەبێ لەئامادەکاریەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و هەرێمەکان و هەڵبژاردنی پارێزگاکان و ڕێوشوێنی ئەو هەڵبژاردنانە لەماوەی گواستنەوەدا. پێویستە لەسەر ئەنجومەن ڕێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیانە بلاّوبکاتەوە، بەو ڕێوشوێنانەشەوە کەپەیوەستن بەبەرزکردنەوەی سکالاّنامەو گرتنەبەری پشکنینی خێرا بۆ دەستکەوتنی ڕاستیەکان و دەشێ دەسەلاّتەکانی خۆی بداتە کارگێڕێتی هەڵبژاردن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لەساتەوەختی ڕودانیاندا.

٣) ناشێ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەن بکرێ تەنها لەبەردەم دەستەی هەڵبژاردنی گواستنەوە (دەستە)دا نەبێت کە لەسێ دادوەر پێکهاتووەو ئەنجومەنی بالاّی دادوەران دایندەنێ. دادوەرانی دەستە ئەندامی کۆمسیۆن نین لەبەر ئەو مەبەستانەی لەماددەی ٥١ی یاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوەدا هاتووە، کارەکانیان تەنها لەناو دەستەدا کورت ناکرێتەوە، بەلاّم هەر کارێك پەیوەستبێ بەدەستەوە دەبێت لەپێشەوەی هەموو کارەکانی ترەوە بێت.

٤) ڕێگا بەچاوپیاخشاندنەوەی ( تێهەڵچوونەوە)ی نادرێت تەنها بۆ بڕیارە کۆتاییەکانی ئەنجومەن نەبێت، هیچ بڕیارێکی ئەنجومەن هەڵناوەشێتەوە تەنها لەو کاتەدا نەبێت کەدەستە ئەو بڕیارەی بەبڕیارێکی سەرپێیی دانا و زیادڕەوی لەدەسەلاّتی دادوەری خۆی کردبێت و بەنیەت خراپی دەرکرابێ. نابێ تێهەڵچوونەوە بۆ بڕیارە کارگێڕی و بابەتیەکان بکرێ و بڕیارەکانی ئەنجومەن بەزۆرەکی دادەنرێت تا ئەوکاتەی دەستە هەڵیاندەوەشێنێتەوە. تێهەڵچوونەوەی هەر بڕیارێکی کۆتایی، دەبێت کەسێك یان قەوارەیەکی بەرپرس ڕاستەوخۆ داوای بکات لەماوەی دە ڕۆژ لەدوای بلاّوبونەوەی بڕیارەکەوەو ئەم تێهەڵچوونەوەیە دەدرێتە نوسینگەی نیشتمانی یان نوسینگەیەکی هەڵبژاردن.

٥) لەماوەی دوو ڕۆژ لەداواکردنی تێهەڵچونەوەکەوە پێویستە دەستە بڕیاری خۆی بدات لەسەر ئەوەی تاچەند تێهەڵچونەوەکە پێداویستیەکانی دەسەلاّت و ئەو کارپێکردنەی لەبەشی ٧ "٤"دا هاتووە، دابیندەکات.*

٦) ئەگەر دەستە بڕیاریدا ئەو تێهەڵچونەوەیە "یلبی مقتضیات ولایة وسریان مفعول" دەبێت ئەو تێهەڵچونەوەیە لەماوەی ١٠ رۆژ لەرۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە بڕیاری لەسەر بدرێت. هەموو بڕیارەکانی دەستە بڕیاری کۆتاین و جارێکی تر چاویان پیا ناخشێنرێتەوە لەلایەن هیچ دەسەڵاتێکی ترەوە، بەدەسەڵاتی دادوەریشەوە. خۆ ئەگەر تێهەڵچونەوەکە لەوادەی خۆیدا بڕیاری لەسەر نەدرا ئەوا بڕیاری ئەنجومەن کاری پێدەکرێت و هەڵناوەشێتەوە.

٧) لەگەڵ دروست کردنی دەستەدا، دەستە رێوشوێنی گشتی لەم فەرمانەوە دەردەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە تێهەڵچونەوەییەکان و دەبێ ئەم رێوشوێنانە بدرێتە ئەنجومەن بۆ چاوپیاخشاندنەوە و بڕیارلێدانیان.

## بەشی هەشتەم

## جێبەجێکردن

ئەم فەرمانە لەرۆژی واژۆکردنیەوە دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

واژۆ

پۆڵ بریمەر

بەرێوەبەری کارگێری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان

---

* مەبەست لەپێداویستییەکانی دەسەڵات، ولایەی دەستەی دادوەرییە کە لە٣ ئەندام پێکهاتووە. وەرگێڕ.

## فەرمانی ژمارە (٩٧)ی دەرکراو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان
## یاسای پارتەکان و قەوارە سیاسیەکان

لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتانەی پێمدراوە بەو پێیەی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانم و بەگوێرەی ئەو یاساو نەریتانەی پەیڕەو دەکرێن لەکاتی شەڕداو بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار لەوانە بڕیاری ١٤٨٣ (٢٠٠٣)و بڕیاری ١٥١١ (٢٠٠٣)، بەدووبارە جەغتکردنەوە لەسەر مافی گەلی عێراق لەدیاریکردنی ئایندەی سیاسی خۆی بەشێوەیەکی ئازادانە کەدانپێدانراوە لەهەردوو بڕیاری ١٤٨٣و ١٥١١داو بەرەچاوکردنی یاسای بەڕپوەبردنی دەوڵەتی عێراق لەماوەی گواستنەوەدا کەرێگا دەدات گەلی عێراق حکومەتەکەی خۆی لەرێگای هەڵبژاردنێکی راستگۆو متمانەپێکراوەوە هەڵبژێرێت لەماوەیەکدا کە لە٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ تێپەڕنەکات.

بەجەغتکردنەوە لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەیاسای بەرێوەبردن لەماوەی گواستنەوەدا هاتووە، لەناویاندا ئامادەکردنی دەستوری هەمیشەیی و پشتڕاستکردنەوەیی و پێکهێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەو دەستورە.

بەجەغتکردنەوە لەسەر پێویستی هاریکاریەکی نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەو ئەو رۆڵە سەرەکیەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو پسپۆڕانەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانیان پیانراوە لەبەڕێوەبردنی هەڵبژاردندا دەیگێڕن، بەپابەندبوون بەپێکهێنانی قەوارەیەك لەخاوەن تواناکانی عێراق و راوێژکارە شارەزا بێلایەن و دانپیانراوەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ هەماهەنگیکردن و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنێکی تەندروست و خاوێن لەعێراقدا.

دوابەدوای راوێژێکی دوورودرێژ لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەسودوەرگرتن لەو بیروراگۆڕینەوانەی لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم و بەشێکی زۆری گەلی عێراقدا ئەنجامیانداوە، ئەمەی خوارەوە رادەگەیەنم:

### بەشی ١
### ئامانج

ئەم فەرمانە بەشێك لەچوارچێوە یاساییەکەی هەڵبژاردنێکی راستەقینە پیکدەهێنێت کەرەنگدانەوەی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەسەر فرەیی لەبیروڕای سیاسی لەعێراقدا هەبێت ئەویش لەرێگای هاندانی گەشەپێدانی دەستە سیاسیەکان لەسەرتاسەری عێراقداو رێکخستنی ئەوکارە بەئاراستەیەکی خاوێن و دادپەروەرانەدا.

## بەشی ٢

## داننان بەقەوارە سیاسیەکاندا

١. دەستەواژەی "قەوارەی سیاسی" هەر ڕێکخراوێك، بەپارتە سیاسیەکانیشەوە، کە لەدەنگدەری لێهاتوو پێکهاتوون و ئەو دەنگدەرانە خۆبەخشانە خۆیان کۆبونەتەوە لەسەر بنەمای بیروڕاو بەرژەوەندی هاوبەش بەئامانجی گوزارشتکردن لەبەرژەوەندییەکانیان و کۆکردنەوەی نفوزو بوار ڕەخساندن بۆ خۆپالاوتنی نوێنەرەکانیان بۆ پۆستی گشتی، بەمەرجێك ئەو ڕێکخراوە پێکهاتووانە لەدەنگدەری لێهاتوو بتوانن پشتیوانییەکی فەرمی وەك قەوارەیەکی سیاسی لەلایەن کۆمسیۆنی سەربەخۆی عێراق بۆ هەڵبژاردن بەدەستبهێنن. هەروەك دەستەواژەی قەوارەی سیاسی تەنها کەسێکیش دەگرێتەوە کەخۆی دەپالێوێت بۆ هەڵبژاردنی بۆ پۆستێکی گشتی بەمەرجێك ئەو کەسە پشتڕاستکردنەوەیەکی فەرمی وەك قەوارەیەکی سیاسی لەلایەن کۆمسیۆنەوە بەدەستهێنابێت.

٢. کۆمسیۆن ئەو ڕێسایانە دەردەکات کەپێدان و سەندنەوەی متمانە لەقەوارە سیاسیەکان ڕێکدەخات و ئەم ڕێسا ڕێکخەرانە کۆی ژمارەی دەنگدەرە شایستەکان دەگرێتەوە کە لەڕێگای کۆکردنەوەی واژۆو پەنجەمۆری تایبەت و دیاریکراوەوە یان بەهەر ڕێگایەکی تری دەرخستنی ڕەگەزنامە دیاریدەکرێت. کۆی ژمارەی دەنگدەرە شایستەکان ئەو ژمارەیەیە کەپێویستە بۆ ئەوەی قەوارەیەکی سیاسی پشتڕاستکردنەوەی پێ بدرێت بەمەرجێك کۆی ژمارەی دەنگدەرە شایستە پێویستەکان بۆ پێدانی پشتڕاستکردنەوە بەڕێکخراوەکان یان کەسەکان لە٥٠٠ دەنگدەری شایستە تێپەڕنەکات.

## بەشی ٣

## شوێنگەی یاسایی قەوارە سیاسیەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان

١. بێجگە لەو تاکانەی پشتڕاستکراونەتەوە، هەموو قەوارەیەکی سیاسی لەگەڵ پێدانی پشتڕاستکردنەوەدا دەبێتە قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ ئەگەر پێشتر خاوەنی ئەو سەربەخۆییە یاساییە نەبووبێت.

٢. قەوارە سیاسیەکان دەتوانن، بەو پێیەی قەوارەی یاسایی جیاکراوەن ببنە خاوەنی نەگوێزراوە یان بەکرێگرتنیان یان بەدەستخستنی مافی تیانیشتەجێبوون لەڕووی یاساییەوە، هەروەك مافی بەستنی گرێبەست و ئەنجامدانی مامەڵەکردنیان دەبێت. قەوارە سیاسیەکان سود لەهەر ئیستحقاقێکی یاسایی ترو پارێزگاریەکی تر دەبینن کەکۆمسیۆن لەڕێگای ڕێسا ڕێکخەرەکان و بنەماو ڕێوشوێن و بڕیارەکانیەوە پێشکەشیانی دەکات.

٣. سەرجەم قەوارە سیاسییەکان بەوکەسانەشەوە کە پشتڕاستکراونەتەوە لەبەردەم یاسادا بەیەکسانی سەیر دەکرێن،ولەهەموو کاتەکانیشدا مامەڵەیەکی یەکسانیان لەسەرجەم ئاستە حکومیەکانی عێراقدا لەگەڵ دەکرێت.

٤. هیچ ڕێکخراو یان کۆمەڵە تاکێك بۆیان نیە پاڵێوراو بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق پێشکەشبکەن ئەگەر ئەو پشتڕاستکردنەوەیەیان بەدەستنەهێنابێت کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەدرێتە قەوارە سیاسیەکان. هەروەك هیچ تاکێك بۆی نیە خۆی بپاڵێوێت بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەگەر ئەو پشتڕاستکردنەوەیەی بەدەستنەهێنابێت کەکۆمسیۆن دەیداتێ بەو پێیەی قەوارەیەکی سیاسیە.

## بەشی ٤

## داننان بەبنەما گشتیەکاندا

١. قەوارە سیاسیەکان پابەنددەبن بەرێسا ڕێکخەرەکان و ئەو بنەماو بڕیارانەی لەکۆمسیۆنەوە دەردەکرێن.

٢. کۆمسیۆن ئەو کردارانە دیاریدەکات کەجێبەجێکردنیان یان پشتگوێخستنیان دەبێتە مایەی لەکەدارکردنی هەڵبژاردنەکان و هەرکەسێك بەجێبەجێکردن یان جێبەجێنەکردنیان هەستێت دوچاری سزا دەبێت، هەروەك ئەو کەسەی کردارێك ئەنجامبدات کەهەڵبژاردن لەکەدار بکات سزایەك دەیگرێتەوە، بەنمونە نەك پاوان: ئاگادارکردنەوەی دادوەری، گوژمەکردن "غەرامەکردن"، ئاگادارکردنەوەی گشتی و هەڵواسینی پشتڕاستکردنەوەو کێشانەوەی پشتڕاستکردنەوە. ئەم سزایانە بەسەر ئەو کەسانەدا جێبەجێدەکرێت کەکرداری لەکەدار بەهەڵبژاردن ئەنجامدەدەن سەرباری ئەو سزایانەی کە لەسزا تاوانکاریەکانی یاسا عێراقیەکاندا داڕێژراون.

٣. ئەم بنەمایانەی خوارەوە بەسەر سەرجەمی قەوارە سیاسیەکانی عێراقدا جێبەجێدەبێت، تێهەڵکێشی ناو ڕێسا ڕێکخەرەکانی کۆمسیۆن دەکرێت کە بەسەر قەوارە سیاسیەکاندا لەلایەن کۆمسیۆنەوە جێبەجێدەکرێت.

أ- هیچ قەوارەیەکی سیاسی بۆی نیە پەیوەندی بکات بەهیچ هێزێکی چەکدار یان میلیشیا یان یەکەیەکی سەربازی پاشماوەوە کەپێناسەکراوە بەگوێرەی فەرمانی ژمارە ٩١ی دەرکراو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە بەناونیشانی (**ڕێسا ڕێکخەرەکانی هێزە چەکدارەکان و میلیشیاکانی ناو عێراق**).

ب- هیچ قەوارەیەکی سیاسی بۆی نیە تەمویلی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ وەربگرێت لەهیچ هێزێکی چەکدار یان میلیشیا یان یەکەیەکی سەربازی پاشماوەوە.

ج- هیچ قەوارەیەکی سیاسی بۆی نیە کەسێك بپاڵێوێت کەپێوەرە یاسییە کارپێکراوەکانی تێدا نەبێت.

د- دەبێت قەوارە سیاسیەکان پابەندبن بەسەرجەم یاساو رێساکانی عێراقەوە، بەحوکمەکانی کۆبوونەوە گشتییەکان و ئەو بارودۆخانەی کەرێگرە لەبەردەم هاندان لەسەر توندوتیژی و هاندانی کەسانی تر بۆ رقلێهەڵگرتن و ترساندنی ئەوانی ترو یارمەتیدانی تیرۆرو پراکتیزەکردن و بەکارهێنانی.

هـ- دەبێت قەوارە سیاسیەکان کارەکانی خۆیان بەگوێرەی ئەو بنەما هەڵسوکەوتیانە ئەنجامبدەن کەکۆمسیۆن دەریدەکات و دەبێت ئەو بنەمایانە، لەپاڵ ئەو کاروبارانەی تر کە لەخۆی دەگرێت، ئەو پێداویستیانەی تێدا بێت کەباسیان لێکراوە لەلقی (د)ی سەر بەبڕگەی ٣ی بەشی ٤ی ئەم فەرمانەدا.

و- دەبێت قەوارە سیاسیەکان، جگە لەو تاکانەی وەك قەوارەی سیاسی پشتڕاستکراونەوەتەوە، سیستەمێك دەربکات کەرێکخستن و شێوازی کارەکانی بەرێت بەرێوە، بەچۆنیەتی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی سەرکردەو پاڵێوراوەکانیشەوە. دەبێت ئەو سیستەمە بەئاسانی بکەوێتە بەردەستی تاکەکانی گەل ئەگەر داوایان کرد چاوی پیابخشێنن.

ز- بەمەبەستی ئەنجامدانی کێبەرکێیەکی ئازادو راستەوخۆی هەڵبژاردن، قەوارە سیاسیەکان دەتوانن هاوپەیمانێتی بەرژەوەندیی لەنێوان خۆیاندا پێکبهێنن و هەڵمەتی هەڵبژاردنیش سازبدەن بۆ ئەو پاڵێوراوانەی کەهاوپەیمانە بەرژەوەندییەکان دەیانپاڵێون.

ح- قەوارە سیاسیەکان دەبێت تەواوی تواناکانیان بخەنە گەڕ بۆ دەستەبەرکردنی روونی و ئاشکرایی تەواو لەسەرجەم مامەڵە داراییەکانداو دەشێت کۆمسیۆن رێسای رێکخەر لەبارەی دەرخستنی مامەڵە داراییەکانەوە دەربکات.

کۆمسیۆن ئازادی تەواوی مامەڵەکردنی هەیە بەئامانجی دیاریکردنی رێوشوێنی بەکارهاتوو بۆ جێبەجێکردنی رێسا رێکخەرەکانی خۆی لەبەرامبەر هەر قەوارەیەکی سیاسیدا.

## بەشی ٥

## هەموارکردن و رێسا رێکخەرەکانی تر

کۆمسیۆن بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی هەموو ئەو مەسەلانەی تری هەیە کەپەیوەستن بەرێسا رێکخەرەکان و پشتڕاستکردنەوەی قەوارە سیاسیەکان.

## بەشی ٦

## یاسا پێچەوانەکان

بەگوێرەی ئەم فەرمانە دەتوانرێت هەر حوکمێك لەحوکمەکانی یاسای عێراق هەڵپەسێنرێت کەپێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم فەرمانەدا، بەپێی پلەی پێچەوانەییەکەی.

## بەشی ٧

## مێژووی کارپێکردن

ئەم فەرمانە لەرۆژی واژۆکردنیەوە کاری پێدەکرێت.

**پۆڵ بریمەر**

**بەڕێوبەری کارگێڕی دەسەڵاتی هاوپەیمانان**

**١٥/ ٦/ ٢٠٠٤**

## فەرمانی ژمارە ٩٦ ی دەرچوو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان
## یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥

لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتانەی پێمدراوەو بەو پێیەی بەڕێوەبەری کارگێڕی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانم و بەگوێرەی ئەو یاساو نەریتانەی پەیڕەودەکرێن لەبارودۆخی شەڕداو بەگەڕانەوە بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار لەوانە بڕیاری ١٤٨٣(٢٠٠٣)و بڕیاری ١٥١١(٢٠٠٣)و دوبارە بەجەغتکردنەوە لەسەر مافی گەلی عێراق سەبارەت بەدیاریکردنی ئایندەی سیاسی خۆی بەشێوەیەکی ئازادانە کە لەهەردوو بڕیاری ١٤٨٣و١٥١١دا دانیانپێدانراوە.

بەرەچاوکردنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆماوەی گواستنەوە کەئاماژە بەوە دەدات گەلی عێراق دەتوانێت حکومەتەکەی خۆی لەرێگای هەڵبژاردنێکی راستگۆو متمانەپێکراوەوە هەڵبژێرێت لەکۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ ئەگەر رێکەوت، یان هەرچۆنێك بێت، لەماوەیەکدا کە لە٣١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٥ تێپەڕ نەکات.
بەجەغتکردنەوە لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لەیاسای بەڕێوەبردندا لەماوەی گواستنەوەدا هاتووە، لەناویاندا ئامادەکردنی دەستوری هەمیشەیی و پشتڕاستکردنەوەی و پێکهێنانی حکومەتێکی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەو دەستورە. بەئیلتیزامکردن بەهەڵبژاردنی دانەرانی دەستور بەرێگای دەنگدانی راستەوخۆو گشتی و نهێنی گەلی عێراق.
ئاماژە بەبڕیاری ئەنجومەنی حوکمی عێراق ژمارە ٨٧ی ساڵی ٢٠٠٤ کەپشتبەستن بەیەك ناوچەی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی رێگای نوێنەرایەتی رێژەیی بەپەسەند دەزانێت لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی حکومەتی عێراقی بۆ قۆناغی گواستنەوەدا.
دوابەدوای راوێژی بەردەوام لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەسودوەرگرتن لەراوێژەکانیان لەگەڵ ئەنجومەنی حوکم و ژمارەیەکی بەرفراوانی گەلی عێراقدا بەگوێرەی ئەوانە ئەمەی خوارەوە رادەگەیەنم.

## بەشی ١

## ئامانج

ئەم فەرمانە بەشێك لەو چوارچێوە یاساییەی هەڵبژاردنێکی راستەقینەو متمانەپێکراو بۆ دیاریکردنی ئەندامێتی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق لەقۆناغی گواستنەوەدا پێکدەهێنێت.

## بەشی ٢

## پێناسەی زاراوەکان

لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم فەرمانەدا ئەم پێناسانەی خوارەوە بەسەر زاراوەکاندا دەچەسپێت. ئەو وشانەی بەگوزارەی تاك هاتوون کۆمەڵێك کەس یان لایەن یان شت دەگرێتەوەو بەسەریاندا دەچەسپێت، ئەو وشانەی بەگوزارەی کۆ هاتوون مانای تاکیش دەگەیەنێت، هەروەك ئەو وشانەی بەگوزارەی نێرینە هاتوون مانای مێینەش دەگرێتەوە.

١. دەستەواژەی "کۆمسیۆن" مانای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی سەربەخۆ لەعێراق دەگەیەنێت کەپێکهێنراوە بەگوێرەی فەرمانی ژمارە ٩٢ی دەرچوو لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە٣١/ ئایاری ٢٠٠٤دا.

٢. دەستەواژەی "حکومەتی کاتی عێراق" مانای ئەو حکومەتە ئەگەیەنێت کەسەرجەمی دەسەڵاتەکان دەگرێتە دەست لە٣٠/ حوزەیرانی ٢٠٠٤و ئەم دەسەڵاتانەی بەدەستەوە دەمێنێت تاپێکهێنانی حکومەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە.

٣. زاراوەی "حکومەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە" ئەو حکومەتە دەگەیەنێت کەپێکدەهێنرێت دوابەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لەماوەیەکدا کە لە٣١/ کانونی دووەمی ٢٠٠٥ تێپەڕنەکات.

٤. دەستەواژەی "ئەنجومەنی نیشتمانی" مانای ئەنجومەنی نیشتمانی حکومەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە دەگەیەنێت کە لەیاسای بەڕێوەبردن بۆ قۆناغی گواستنەوەدا وەسفکراوە.

٥. دەستەواژەی "یاسای پارتەکان و قەوارە سیاسیەکان" ئەو یاسایە دەگرێتەوە کەداندەنێت بەقەوارە سیاسیەکانی عێراق لەقۆناغی گواستنەوەدا.

٦. دەستەواژەی "قەوارەی سیاسی" هەر قەوارەیەکی سیاسی دەگرێتەوە کە لەچوارچێوەی ئەو پێناسەیەدایە کەیاسای حزبەکان و قەوارە سیاسیەکان ئاماژەی پێداوە.

٧. دەستەواژەی "ئاست" لانی کەمی دەنگە تەواوو دروست و پێویستەکانە بۆ بەدەستهێنانی کورسیەك لەئەنجومەنی نیشتمانیدا.

## بەشی ٣

## سیستەمی نوێنەرایەتی

١. هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی بەرێگای دەنگدانێکی راستەوخۆو گشتگیرو نهێنی ئەنجامدەدرێت

٢. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کە لە٢٧٥ ئەندام پێکدێت بەرێگایەك دەبێت کەبگونجێت لەگەڵ ماددەی ٣١ ی یاسای بەڕپوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوە. رێکخستنی ئامادەکاری گۆڕینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی لەحاڵەتی دەستلەکارکێشانەوەی یەکێکیان یان لەکارخستن یان مردنی یەکێکیان بەیاسایەکی جیاواز دەبێت کەدوای هەڵبژاردنەکان دادەنرێت بەرەچاوکردنی ماددەی ٣١ ی یاسای بەرێوەبردن لەماوەی گواستنەوەدا.

٣. عێراق تەنها یەك بازنەی هەڵبژاردن دەبێتو دابەشکردنی سەرجەمی کورسیەکان لەئەنجومەنی نیشتمانی بەسەر قەوارە سیاسیەکاندا لەرێگای سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەییەوە دەبێت.

٤. شێوازی بەکارهاتوو بۆ دابەشکردنی کورسیەکان لەئەنجومەنی نیشتمانی بەسەر ئەندامەکانیدا لەسەرەتادا پشتدەبەستێت بەبەکارهێنانی شێوازی بەشکردنی سادە (هیر کوتا)و بەچەند حساباتێکی تر کە لەدوایدا شێوازی گەورەترین ماوەی بۆ بەکاردێت. ئاست لێرەدا ئاستێکی ئاسایی دەبێت و حساب دەکرێت لەئەنجامی دابەشکردنی کۆدەنگی دەنگە دراوە دروست و پەسەندەکان بەسەر ٢٧٥دا. رونکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی ئەم رێگایە لەرێسای رێکخەری پەیوەستدار بەبەشی ٦ دەردەکرێت.

## بەشی ٤

## پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردن

١. هەر قەوارەیێکی سیاسی ئەتوانێت لیستی ناوی پاڵێوراوەکانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بداتە کۆمیسیۆن بەمەرجێك ئەو پاڵێوراوانەی ناویان لەلیستەکەدا هاتووە پێوەرە یاساییە پەیوەندیدارەکانیان تێدا بێت.

٢. دەبێت ناوی پاڵێوراوەکانی ناو لیستەکان کەدەدرێتە کۆمسیۆن، بەگوێرەی (ئیستحقاق) هەرهەموویان رێکخرابێت. دابەشکردنی کورسیەکانی ئەنجومەنی

نیشتمانی بەگوێرەی ڕێکخستنی ناوەکانی ناو لیستەکان دەبێت و ناشێت ئەو لیستانە ڕێکبخرێنەوە یان بگۆردرێن بەهەر شێوەیەکی تر دوای مێژوویەکی دیاریکراو کەکۆمسیۆن دیاریدەکات.

٣. دەبێت لانی کەم ناوی ژنێك لەسێ ناوی یەکەمی پاڵێوراوەکانی لیستەکەدا هەبێت، هەروەك لانی کەم ناوی دوو ژن هەبێت لەشەش ناوی یەکەمی لیستەکەداو بەم شێوەیە تا دوا ناوەکانی لیستەکە ئەم ڕێسایە دەبێت پەیڕەو بکرێت.

٤. نابێت ژمارەی ناوەکانی ناو لیستێك لە١٢ ناو کەمتر بێت و لە٢٧٥ ناو زیاتر بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاکانەی کۆمسیۆن متمانەیان دەداتێ و پێی وایە قەوارەی سیاسین دەتوانن لەلیستێکدا خۆیان بپاڵێون کەتەنها یەك ناوی لەسەر بێت. مەرجی بڕگەی ٣ لەبەشی ٤ بەسەر ئەو لیستانەدا جێبەجێ نابێت کەتەنها ناوێکی لەخۆگرتووەو کۆمسیۆن متمانەی پێداون وەك قەوارەیەکی سیاسی.

**٥.** دابەشکردنی کورسیەکان لەئەنجومەندا بەسەر پاڵێوراوەکاندا دەبێت نەك بەسەر قەوارە سیاسیەکانداو نابێت هیچ کام لەو قەوارە سیاسیانە لەهیچ کاتێکدا ئەو کورسیەی لەئەنجومەنی نیشتمانیدا پاڵێوراوێك گرتویەتی لێی بسەنێتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو بۆی دیاریکردووە.

## بەشی ٥

## مافی دەنگدان

**١.** تاکەکان بۆیان نیە دەنگبدەن لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیدا ئەگەر ئەم مەرجانەی تێدا نەبوو:

**أ-** دەبێت بەهاوڵاتیەکی عێراقی دابنرێت یان مافی داواکردنی پێدانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت یان شایستەی پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، ئەمیش بەرەچاوکردنی ماددەی ١١ لەیاسای بەڕێوەبردن لەماوەی گواستنەوەدا.

ب- دەبێت مێژووی لەدایکبوونی ٣١/ کانونی یەکەم/ ١٩٨٦ یان بەر لەو مێژووە بێت.

ت- دەبێت ناوی تۆمارکرابێت بۆ دەنگدان بەگوێرەی ئەو ڕێوشوێنانەی کۆمسیۆن دەریکردوون.

٢. کۆمسیۆن هەڵدەستێت بەراڤەی سەراپایی دەقی ماددەی ١١ لەیاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوەو پابەند نابێت بەکۆتایی هاتنی هەر ڕێوشوێنێکی کارگێڕی یان یاسایی کەحکومەتی عێراقی بۆ ماوەی گواستنەوە پێی هەستابێت لەپێناو جێبەجێکردنی ماددەی ١١ لەیاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوەدا.

٣. بڕیارەکانی کۆمسیۆن کاریگەری نابێت بۆ هیچ ڕێوشوێنێکی کارگێڕی یان یاسایی کە لەئایندەدا حکومەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بیگرێتە بەر لەپێناو جێبەجێکردنی ماددەی ١١ لەیاسای بەڕێوەبردن بۆ ماوەی گواستنەوە.

## بەشی ٦

## جێبەجێکردن

کۆمسیۆن دەتوانێت ڕێسای ڕێکخەرو بنەماو ڕێوشوێن و بڕیاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە دەربکات.

## بەشی ٧

## یاسا پێچەوانەکان

بەگوێرەی ئەم فەرمانە دەتوانرێت هەر حوکمێک لەحوکمەکانی یاسای عێراق هەڵپەسێردرێت کەپێچەوانەی ئەم فەرمانە بێت، ئەویش بەپێی پلەی پێچەوانەییەکەی.

## بەشی ٨

ئەم فەرمانە جێبەجێدەکرێت لەمێژووی ئیمزاکردنیەوە.

**پۆڵ بریمەر**

**بەڕێوەبەری کارگێڕی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان**

**١٥/ ٦/ ٢٠٠٤**

## دەقی یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بۆساڵی ٢٠١٠
## ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمار

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لەدانیشتنی رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٩دا یاسای هەموارکراوی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەسەند کرد کەئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی

**بڕیاری ژمارە (٢٠)**

بەپشت بەستن بەبڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران و پشت راستکردنەوەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و بەپێی ئەحکامەکانی بەندی یەکەم لەماددەی (٦١)و بەندەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم) لەماددەی ٤٩و بڕگەی (أ) لەبەندی پێنجەمی ماددەی ١٣٨ی دەستور، ئەم یاسایە بەم شێوەیە دەرکرا:

**یاسای هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ١٦ بۆ ساڵی ٢٠٠٥**

**ماددەی -١-**

ماددەی (١٥) لەیاساکە هەڵدەوشێتەوە ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

ئەنجومەنی نوێنەران پێك دێت لەژمارەیەك کورسی بەڕێژەیەك کەهەر کورسییەك بۆ سەد هەزار کەس بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی و لەناویشیدا دانانی کورسی قەرەبوو (تعویضی) بەڕێژەی ٥٪و پێدانی کۆتا لەو کورسییە قەرەبووانە بەم پێکهاتانەی خوارەوە بەمەرجێ کاریگەری نەبێت لەسەر رێژەکانیان لەکاتی بەشداریکردنیان لەلیستە نیشتمانیەکاندا، بەم شێوەیە:

١. پێکهاتەی مەسیحی (٥) کورسی کەدابەش دەبێت بەسەر شارەکانی بەغدادو نەینەوا و کەرکوك و دهۆك و هەولێر.
٢. رای یەکەم/ پێکهاتەی یەزیدی یەك کورسی لەپارێزگای نەینەوا.
٣. پێکهاتەی صابئی مەندائی یەك کورسی لەپارێزگای بەغداد.
٤. پێکهاتەی شەبەك، یەك کورسی لەپارێزگای نەینەوا.

**ماددەی -٢-**

هەموو پارێزگایەك بەپێی سنووره کارگێڕیە ڕەسمیەکەی دەبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن و کورسی مناسبی بۆ دەستنیشان دەکرێت بەقەدەر ژمارەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە بەپێی دوا ئاماری پشتبەستراوی کۆبونی خۆراك.

**ماددەی -٣-**

ماددەکانی (٩ و ١٠ و ١١ و ١٦) ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێەوە:

یەکەم/ خۆپالاوتن بەڕێگەی لیستی کراوە دەبێت و نابێت ژمارەی پاڵێوراوەکان لەسێ کەمتر بێت و لەدوو ئەوەندەی ژمارەی ئەو کورسییانە زیاتر بێت کە بۆ بازنەی هەڵبژاردنەکە تەرخان کراوە و دەنگدەر مافی ئەوەی هەیە کە دەنگ بۆ لیستێك یان یەکێك لەپاڵێوراوەکان بدات و خۆپالاوتنی تاکە کەسیش ڕێگەی پێدراوە.

دووەم/ دەنگە ڕاستەقینەکانی کە لیستەکە لەبازنەیەکی هەڵبژاردندا بەدەستیهێناوە کۆ دەکرێتەوە و دابەش دەکرێت بەسەر نێوەندی هەڵبژاردن تا کورسییە تەرخانکراوەکان بۆ ئەولیستە دەستنیشان بکرێت.

سێیەم/ کورسییەکان بەپێی دوبارە ڕێکخستنەوەی زنجیرەی ناوی پاڵێوراوەکان دابەش دەکرێت بەپشت بەستن بەژمارەی ئەو دەنگانەی کەهەریەکێکیان بەدەستیهێناوە سەرکەوتووش ئەو کەسەیە کە بەرزترین ژمارەی دەنگی بەدەستیهێناوە و بەو جۆرە بۆ هەموو پاڵێوراوەکان، بەمەرجێك ڕێژەی ژنان لەچارەکی (٤/١)ی سەرکەوتووکان کەمتر نەبێت، لەحاڵەتی بەرامبەریی دەنگەکانی دوو پاڵێوراو لە لیستێکدا، پەنا ببرێتە بەر تیروپشك.

چوارەم/ کورسییە بەتاڵەکان دەبەخشرێە لیستە سەرکەوتووەکان کەچەند کورسییەکییان بەدەستهێناوە بەپێی ئەو ڕێژەی دەنگەی کەبەستیان هێناوە.

**ماددەی -٤-**

دەنگدانی تایبەت کەئەمانە دەگرێتەوە:

یەکەم/ سەربازو کارمەندانی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆو سەرجەم دامەزراوە ئەمنییەکانی دیکەو ڕێگەی دەنگدانەکەشیان بەپێی ئەو ڕێوشوێنە تایبەتییانە دەبێت کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنێت، کە پشت بەو لیستە ڕەسمیانە دەبەستێت کەبەناوو پێگەی ئەو کەسانەی لەخۆگرتووە و لایەنە ناوبراوەکانی سەرەوە پابەندن بە پێشکەشکردنی ئەو لیستانە بەر لە(٦٠) ڕۆژ لەوادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەو بەو پێوە دانگەش ناویان لەلیستی دەنگدەرانی گشتیدا دەکوژێنرێتەوە. خۆ

ئەگەر ئەو لیستەی کەباسمانکرد نەنێردرا ئەوا منتەسبی وەزارەتەکان و ئەو ئەجهزانەی کەباسمان کرد لەچوارچێوەی دەنگدانی گشتیدا دەنگ دەدەن بەپێی لیستی دەنگدەران.

دووەم/ بۆ بەندکراو و حوکمدراوە و دەست بەسەرەکان، پشت بەو ڕێوشوێنە دەبەسترێت کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنێت ئەویش بەپێی لیستێك کە وەزارەتەکانی دادو ناوخۆ پێشکەشی دەکەن لەماوەیەکدا کەلە (٣٠) رۆژ لەوادەی دەنگدان کەمتر نەبێت.

سێیەم/ ئەوانە لەنەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکانی دیکەدان بەپێی ئەو لیستانە دەبێت کە ئەو لایەنانە پێشکەشی دەکەن بەر لەدەستپێکردنی دەنگدان ئەوەش بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات.

چوارەم/ دەنگدانی کۆچپێکراوەکان:

أ- دەنگدەری کۆچپێکراوە: ئەو عێراقییەیە کە بەزۆرەملێ لەشوێنی نیشتەجێی دائمی خۆی ڕاگوێزکراوە بۆ شوێنێکی دیکە لەناو عێراقدا لەدوای (٩-٤-٢٠٠٣)وە جابە هەرهۆیەکەوە بوبێت.

ب- ڕێگەی دەنگدانی کۆچپێکراوەکان بەپێی نوێترین ئاماری ڕەسمی دەبێت کەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەستی دەکەوێ لەوەزارەتەکانی هجرەو مهجرین و بازرگانی و بەوپێیەش کۆچپێکراو مافی دەنگدانی بۆ ئەو بازنەیە هەیە کەلێوەی کۆچی پێکراوە مادام فۆڕمی خۆراکەکەی نەگواستراوەتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی کەبۆی راگوێزکراوە.

پێنجەم/ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەسەڵاتی دانانی ڕێنمایی تایبەتی هەیە بەدەنگدان لەدەرەوە.

**ماددەی -٥-**

یەکەم/ کاردەکرێت بەحوکمەکانی ئەو ماددانەی کەلەبەشی شەشەم و حەوتەمی یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨)دا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران هاتووە.

دووەم/ پاڵێوراو مافی ئەوەی هەیە داوا لەمەڵبەندی کۆمسیۆنی پارێزگاکەی خۆی بکات ژمارەی ئەو دەنگانەی بداتێ کەبەدەستی هێناوە.

سێیەم/ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بۆی هەیە ئاگادار بێت لەو زانیاریانەی کە پەیوەستن بەپرۆسەی هەڵبژاردن و نموونەکانی ژماردن و جیاکردنەوە لەبازنە جیاجیاکانی هەڵبژاردندا.

**ماددەی -٦-**

یەكەم/ هەڵبژاردن لە كەركوك و ئەو پارێزگایانەی كە تۆمارەكانیان گومانی تێدایە لە وادەی دیاریكراودا بەنائاسایی دەكرێت.

دووەم/ ئەو پارێزگایانەی كە تۆمارەكانیان جێگای گومانە ئەوانەن كەتێكڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان تیایاندا لە (٥٪) زیاترە، بەمەرجێك كەبەلایەنی كەمەوە پەنجا نوێنەر داوایەك لەبارەی گومانلێكردنەوەكەوە پێشكەش بكەن و ڕەزامەندیی زۆرینەی سادەی ئەنجومەن بەدەست بهێنێت.

سێیەم/ ئەنجومەنی نوێنەران لیژنەیەك پێكدەهێنێت لە ئەندامانی پارێزگای كەركوك – یان هەرپارێزگایەك كە گومان تۆمارەكەی دەكرێت كە پێكدێت لە نوێنەرانی پێكهاتەی ئەو پارێزگایە و ئەندامێتیی نوێنەرێك لەهەریەك لە وەزارەتی پلاندانان و ناوخۆ و بازرگانی و كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و بەهاوكاری نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ پێداچوونەوە و وردبینی ئەو هەڵەو زیادبوونەی لەتۆماری دەنگدەراندا ڕوویداوە بەپێی بەیانە ڕەسمیەكان و ئەو پێوەرانەی كە لەئەحكامی خیتامی و ماددە دووی ئەم یاسایەدا هاتووە بۆ ڕاستكردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بەمەرجێك لیژنەكە لەماوەی یەك ساڵ لەدەستبەكاربوونییەوە كارەكەی كۆتایی پێبهێنێت.

چوارەم/ ئەنجامی هەڵبژاردنەكان لەپارێزگای كەركوك یان هەر پارێزگایەك كە گومان لەتۆمارەكەی هەبێت بڕوا پێكراو نابێت بەر لەپڕۆسەی وردبینی لە تۆماری ناوی دەنگدەرانیان تابێتە بنەما بۆ هیچ پڕۆسەیەكی هەڵبژاردنی ئایندەیی و پێشوو بۆ هیچ دۆخێكی سیاسی و كارگێری.

## حوكمە كۆتاییەكان

**ماددەی -٧-**

پشت بەم پێوەرانە دەبەسترێت بۆ جێبەجێكردنی ئەو ئەحكامانەی كەلەماددەی شەشەمدا هاتوون.

یەكەم/ جیاوازی نێوان ژمارەی تۆمار كراوان لە تۆماری ٢٠٠٤ بەر لەنوێكرنەوە و ژمارەی تۆماكراوانی هەڵبژاردنی ٢٠١٠دا دەكرێت.

دووەم/ سەرەتا پڕۆسەی وردبینی بۆ جیاوازییەكەی یەكەمی سەرەوە و بۆ زیادكردنەكانی ساڵانی ٢٠٠٤ – ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ دەكرێت ئەویش بەجەختكردنە سەر ئەمانەی خوارەوە:

١- زیادبوونی دانیشتوان (لەدایکبوون، مردوان، گواستنەوەی تۆمار لەپارێزگاوە) لەماوەی (٢٠٠٤ – ٢٠٠٩).
٢- ڕاگوێزکراوە گەڕاوەکان بەپێی تۆمارە ڕەسمیەکان.
٣- هەر گۆڕانێکی دانیشتوانی تر لەم ماوەیەدا.

سێیەم/ پرۆسەی وردبینییەکە پشت دەبەستێت بەڕاستی تۆمارو یاسایی بوون و حاڵەتە نایاساییەکان و دواتر ژمارەی جیاوازییەکان و کورسییەکان ئەژمار دەکرێت.

چوارەم/ ژمارەی میلاکی ئەجومەنی نوێنەران کەنوێنەرایەتی کەرکوک یان ئەو شارەی گومانی لەسەرە دیاریدەکرێت لەڕێگەی ڕێژەی دانیشتوان کەئەنجومەن پشتی پێدەبەستێت دوای لێدەرکردنی ژمارەی ئەو کورسیانەی کە لەئەنجامی خروقاتەوە بەدەستهاتوون.

پێنجەم/ ژمارە راستەکان لەسەر پشکی پارێزگاکە ئەژمار دەکرێت و ژمارەی دەرەوەی پارێزگاکەش لەسەر پشکی نیشتمانی ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی -٨-**

یەکەم/ هەردەقێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت کاری پێناکرێت.

دووەم/ ئەم یاسایە لەڕۆژی پەسەند کردنییەوە جێبەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**هۆکارەکانی دەرچوونی:**

بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکرات و بێگەرد لە عێراقدا و بۆ گەیاندنی ئەم هەڵبژاردنە بەئاستی خواستراو بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییە پشت پێبەستراوەکان و خواستی میللییەکان ئەم یاسایە دەکرا.

| | | |
|---|---|---|
| **تاریق ئەلهاشمی** | **عادل عەبدولمەهدی** | **جەلال تاڵەبانی** |
| **جێگری سەرۆك كۆمار** | **جێگری سەرۆك كۆمار** | **سەرۆك كۆمار** |

**لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق– ٢٠٠٥**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | جەلال حوسامەدین محەمەد تاڵەبانی | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ٢. | رۆژ نوری صدیق شاوەیس | سلێمانی | پ. د. ك |
| ٣. | نەسرین مستەفا صدیق | دهۆك | پ. د. ك |
| ٤. | محمود علی عوسمان | سلێمانی | سەربەخۆ |
| ٥. | فوئاد معصوم خدر | هەولێر | ی. ن. ك |
| ٦. | کەمیلا ئیبراهیم ئەحمد | دهۆك | ی. ن. ك |
| ٧. | بەرهەم ئەحمەد سالح | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ٨. | هوشیار محمود محەمەد | دهۆك | پ. د. ك |
| ٩. | نێرگز محەمەد ئەمین | هەولێر | ی. ن. ك |
| ١٠. | عارف تەیفور عارف | سلێمانی | پ. د. ك |
| ١١. | فەریدون عبدولقادر فەرەج | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١٢. | ویداد حەمە غریب فەرەج | کەرکوك | پ. د. ك |
| ١٣. | حسین محەمەد | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٤. | فەرهاد عوسمان عەونی | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٥. | ئالا نوری فەخرەدین | کەرکوك | ی. ن. ك |
| ١٦. | سعدون یدەڵڵا شفی | خانەقین | ی. ن. ك |
| ١٧. | سالار عصمت سعید | دهۆك | ی. ن. ك |
| ١٨. | کوردە ئەحمەد تقی | سلێمانی | پ. د. ك |
| ١٩. | سعدی ئیسماعیل عبدولکەریم | هەولێر | پ. د. ك |
| ٢٠. | خسرو محەمەد سعید | سلێمانی | پ. د. ك |
| ٢١. | شلێر رشید محەمەدئەمین | کەرکوك | ی. ن. ك |
| ٢٢. | نەهرۆ سەعید سۆفی | هەولێر | ی. ن. ك |
| ٢٣. | فریاد محەمەد فەقێ حەسەن | هەولێر | ی. ن. ك |
| ٢٤. | زەهرە حاجی تەها | دهۆك | پ. د. ك |
| ٢٥. | دانا مستەفا محەمەد | هەولێر | پ. د. ك |
| ٢٦. | دارا نورەدین بەهادین | دهۆك | پ. د. ك |
| ٢٧. | د. سامیە عەزیز محەمەد | بەغداد | ی. ن. ك |
| ٢٨. | نەوزاد ساڵح رفعەت | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ٢٩. | ئیسماعیل رەجەب ئەحمەد | کەرکوك | ی. ن. ك– عەرەب |
| ٣٠. | روژیدە عەبدولقادر شریف | هەولێر | پ. د. ك |
| ٣١. | دیندار نەجمان شەفیق | دهۆك | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ٣٢. | ئەحمەدوەهاب مەجید | هەولێر | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ٣٣. | پاکیزە مستەفا ئەحمەد | | پ. د. ك |
| ٣٤. | ولید صاڵح محەمەد | کەرکوك | تورکومان |
| ٣٥. | سامی ئەحمەد علی | هەولێر | تورکومان |
| ٣٦. | انتصار بکر صاڵح | هەولێر | تورکومان |
| ٣٧. | یەشار محەمەد شاکر | | تورکومان |
| ٣٨. | دلشاد بەکر مەولود | | تورکومان |
| ٣٩. | مونیرە عەبدول | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ٤٠. | سەردار ئەنوەر سلێمان | هەولێر | حشك |
| ٤١. | کورایل ایشو خامس | دهۆك | مەسیحی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢. | ئەزهار رەمەزان عەبدولرەحیم | بەغداد | پ. د. ک |
| ٤٣. | سەلیم بوتروس ئەلیاس | | مەسیحی |
| ٤٤. | ابلحد افرام ساوا | دهۆک | مەسیحی- یەکێتی دیموکراتی کلدنی |
| ٤٥. | جاکلین قوسن زومایا | | مەسیحی- نیشتمانی ئاشوری |
| ٤٦. | فازل حەیدر کاکە ئەحمەد | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ٤٧. | ئیبراهیم جەلال مەجید | سلێمانی | ی. ن. ک |
| ٤٨. | ئەسمەر حسێن ئەحمەد | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ٤٩. | کامەران خەیری سەعید | دهۆک | پ. د. ک- ایزدی |
| ٥٠. | رەئوف عوسمان | سلێمانی | ی. ن. ک |
| ٥١. | نازلین حسێن فەیزوڵڵا | بەغداد | پ. د. ک |
| ٥٢. | فارس ناصر | موصل | شەبەک |
| ٥٣. | فەرەج میرزا لەتیف | بەغداد | پ. د. ک- فەیلی |
| ٥٤. | سوهەیلەجەعفەر | بەغداد | ی. ن. ک- فەیلی |
| ٥٥. | حەیدەر قاسم شەشۆ | موصل | ایزدی |
| ٥٦. | ئەحمەد ئیبراهیم فارس | کەرکوک | عەرەب |
| ٥٧. | قسمەت هادی بەهرام | بەغداد | سۆشیالیست |
| ٥٨. | عبدولخالق محەمەد رەشید | هەولێر | پ. د. ک |
| ٥٩. | سەرتیب محەمەد حسێن | کەرکوک | پ. د. ک |
| ٦٠. | نەرمین صدیق مەعروف | هەولێر | ی. ن. ک |
| ٦١. | عەمران یاوەر قادر | دیالە | ی. ن. ک |
| ٦٢. | تەلعەت محەمەد گلی | کەرکوک | ی. ن. ک |
| ٦٣. | د. پیروز کاکە زیاد حمەئاغا | هەولێر | پ. د. ک |
| ٦٤. | فایەق ئەحمەد شەعبان | دهۆک | پ. د. ک |
| ٦٥. | مونزیر عەبدولحسێن خەلیل ئەلفەزل | هەولێر | عەرەب -سەربەخۆ |
| ٦٦. | فائزە جەبار محەمەد باباخان | بەغداد | ی. ن. ک |
| ٦٧. | عادل ناصر حجی | دهۆک | ی. ن. ک- یەزیدی |
| ٦٨. | عومەر عەلی حسێن | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ٦٩. | نەوال حسێن دەروێش | دهۆک | پ. د. ک |
| ٧٠. | عادل تۆفیق رشید | دهۆک | پ. د. ک |
| ٧١. | موحسن سەعدون نوح | موصل | پ. د. ک |
| ٧٢. | د. ژیان ئەحمەد عبدوڵڵا | سلێمانی | ی. ن. ک |
| ٧٣. | عبدولمەجید عبدولحەمید عبدولعەزیز | کەرکوک | ی. ن. ک |
| ٧٤. | فارس یونس گردە بدو | دهۆک | ی. ن. ک |
| ٧٥. | ئەنهار محەمەد سەعید | موصل | پ. د. ک |
| ٧٦. | عبدولرەحمان عەلی محەمەد کوردە | هەولێر | پ. د. ک |
| ٧٧. | نەسروڵڵا نەجمەدین سەیفەدین | بەغداد | زەحمەتکێشان |
| ٧٨. | وداد خالص رەشید ئەلقازی | هەولێر | ی. ن. ک |
| ٧٩. | حەبیب محەمەد دەروێش عەلی | سلێمانی | ی. ن. ک |
| ٨٠. | رەمەزان رەشید محێدین | کەرکوک | ی. ن. ک |
| ٨١. | سۆلاف عەبدوڵڵا محەمەد | کەرکوک | پ. د. ک |
| ٨٢. | مەحمود ئەسعد فەتاح | هەولێر | پ. د. ک |
| ٨٣. | جەوهەر محێدین جیهانگیر | موصل | پ. د. ک |
| ٨٤. | مهاباد محەمەد ئەمین | سلێمانی | ی. ن. ک |
| ٨٥. | فەیسەڵ کەریم خان مەحمود | هەولێر | ی. ن. ک |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨٦. | عبدولباری محەمەد فارس | موصل | ی. ن. ك |
| ٨٧. | ناسکە عبدوڵلا رەسول | سلێمانی | پ. د. ك |
| ٨٨. | نامق رەقیب محەمەد سورچی | موصل | پ. د. ك |
| ٨٩. | جوکو محەمەد کلحی | موصل | پ. د. ك |
| ٩٠. | شەرمین حەمەدبگ خۆشناو | هەولێر | ی. ن. ك |
| ٩١. | محێدین رەشید رەمەزان | | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ٩٢. | عادل نوری محەمەد | | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ٩٣. | بەیان ئەحمەد حەسەن | | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ٩٤. | عەلی محەمەد کەریم | | حشك |
| ٩٥. | جەلال ئیبراهیم حەسەن | | سۆشیالیست |
| ٩٦. | شلێر عەبدولمەجید رەشید | سلێمانی | حشك |
| ٩٧. | سەیفەدین نوری مەحمود | هەولێر | تورکومان |
| ٩٨. | مۆفەق محەمەد جەوهەر | کەرکوك | تورکومان |
| ٩٩. | پەیام ئەحمەد | دیاله | ی. ن. ك |
| ١٠٠. | سەیدتالب سەیدوەهاب | موصل | تورکومان |
| ١٠١. | شیرزاد عزیز ئاغالی | هەولێر | تورکومان |
| ١٠٢. | د. ژیان ئەنوەر رەشید | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٠٣. | عبدولجەلیل رەزا فەیلی | | پ. د. ك |
| ١٠٤. | عدنان عەبدولکەریم فەیلی | بەغداد | ی. ن. ك |
| ١٠٥. | ئیلهام سەعید حەمە ئاغا | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١٠٦. | دەخیل سەیدۆ حەمۆ | موصل | پ. د. ك- یەزیدی |
| ١٠٧. | عەتۆ سلێمان خدر | موصل | ی. ن. ك- یەزیدی |
| ١٠٨. | ڤیان صدیق مستەفا | | پ. د. ك |
| ١٠٩. | زادوق ئادەم باوید | هەولێر | مەسیحی |
| ١١٠. | پولص ملك خوشابا | | مەسیحی |
| ١١١. | لەیلا سلێمان حەمەسور | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١١٢. | عەبدوڵلا کەریم سەعید | هەولێر | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ١١٣. | محەمەد صدیق عەبدولعەزیز | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ١١٤. | بەدریە تۆفیق عەبدولرەحیم | سلێمانی | یەکگرتووی ئیسلامی |
| ١١٥. | بایەزید حەسەن عەبدوڵلا | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١١٦. | جەوادوادی سەعید | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١١٧. | هودا ئەحمەد صەبری | دهۆك | پ. د. ك |
| ١١٨. | سەردار ئەنوەر رەشید | سلێمانی | پ. د. ك |
| ١١٩. | عومەر خدر حەمەد | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٢٠. | لانە محەمەد علی حافز | سلێمانی | پ. د. ك |
| ١٢١. | عەلی رەئوف غەفور رەئوف | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١٢٢. | عەبد عارف حەمەئەمین | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١٢٣. | خدیجە خدیدی بخش | | پ. د. ك |
| ١٢٤. | عەبدوللەتیف عەبدولمەجید گلی | کەرکوك | پ. د. ك |
| ١٢٥. | فەوزی عەزیز میرزا | دهۆك | پ. د. ك |
| ١٢٦. | نەرمین قادر مەحمود | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١٢٧. | فاروق صابر محەمەد | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١٢٨. | بەهرام رەحمان محەمەد ئەمین | بەغداد | ی. ن. ك |
| ١٢٩. | نەورۆز عیزەدین قرە محەمەد | کەرکوك | پ. د. ك |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣٠. | عیماد جەمیل قاسم | دهۆك | پ. د. ك |
| ١٣١. | د. فوئاد حەمە خورشید | بەغداد | پ. د. ك |
| ١٣٢. | زێرین ئەحمەد تەحسین | | ی. ن. ك |
| ١٣٣. | عەلی ئەمین مزوری | موصل | ی. ن. ك |
| ١٣٤. | مستەفا عەرەب محەمەد حسو | دهۆك | ی. ن. ك |
| ١٣٥. | حیا ئەحمەد عبدولرەحیم | موصل | پ. د. ك |
| ١٣٦. | د. علی حسێن بلو | دهۆك | پ. د. ك |
| ١٣٧. | د. جەعفەر حسێن خدر | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٣٨. | سروە یونس محەمەد | هەولێر | ی. ن. ك |
| ١٣٩. | سەلاحەدین صدیق میران | هەولێر | ی. ن. ك |
| ١٤٠. | صاڵح عەبدوڵڵا محمود | کەرکوك | ی. ن. ك |
| ١٤١. | گولیزار شەفیق عەبدوڵڵا | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٤٢. | عەبد جبرایل رزوقی | موصل | پ. د. ك |
| ١٤٣. | نەوزاد نافز جەلال | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٤٤. | لەیلا محەمەد غەریب | کەرکوك | ی. ن. ك |
| ١٤٥. | خدر ئەکبەر حەسەن | کەرکوك | ی. ن. ك |
| ١٤٦. | کامل عەبدوڵڵا کاکە حمە | کەرکوك | ی. ن. ك |
| ١٤٧. | لەیلا بایز مەحمود | کەرکوك | پ. د. ك |
| ١٤٨. | لەتیف عەبدولقادر نەجمەدین | کەرکوك | پ. د. ك |
| ١٤٩. | محەمەد عەبدولرەحمان نەجمەدین | کەرکوك | پ. د. ك |
| ١٥٠. | مونیرە ئەبوبەکر مستەفا | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١٥١. | بەشار ئیسماعیل ئەحمەد | دهۆك | ی. ن. ك |
| ١٥٢. | عیسمەت ئەمین ناصر | دهۆك | ی. ن. ك |
| ١٥٣. | غەزالەمحەمەد | سلێمانی | پ. د. ك |
| ١٥٤. | یەحیا بابە رسول عەبدولعەزیز | | پ. د. ك |
| ١٥٥. | مەلا رەشید کردو رشید | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٥٦. | شیلان خەسرۆ تۆفیق | | ی. ن. ك |
| ١٥٧. | عەبدولرەحمان ئەمین گۆمەشینی | هەولێر | ی. ن. ك |
| ١٥٨. | سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم | سلێمانی | ی. ن. ك |
| ١٥٩. | زانە محەمەد ئەمین | هەولێر | پ. د. ك |
| ١٦٠. | ئیبراهیم میرانی | | ی. ن. ك |
| ١٦١. | عەبدوڵڵا رچا عەبدوڵڵا رسول | | ی. ن. ك |
| ١٦٢. | صبریە باباکر ئەحمەد | سلێمانی | پ. د. ك |
| ١٦٣. | نچیرە ئیسماعیل کریم | | ی. ن. ك |
| ١٦٤. | عرب محەمەد امین | سلێمانی | پ. د. ك |
| ١٦٥. | عەبدوڵڵا محەمەد سعید | دهۆك | ی. ن. ك |

# سەرچاوەكانی لێكۆڵینەوەكە

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**

**١. جورج سعد- تطور الفكر السياسى في العصور القديمة والوسطى- منشورات الحلبى الحقوقية-٢٠٠٠- بيروت- لبنان.**

**٢. موريس دوفرجيه- المؤسسات السياسية والقانون الدستورى، الانظمة السياسية الكبرى، ت: جورج سعد- المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- بيروت- الطبعة الأولى.**

**٣. الموسوعة السياسية- د.عبدالوهاب الكيالى- مؤسسة العربية للدراسات والنشر- جزء الثانى-١٩٩٧.**

**٤. د.منذر الشاوي- القانون الدستورى ونظرية الدولة- مركز البحوث القانونية: وزارة العدل- بغداد-١٩٨١.**

**٥. د.منذر الشاوي - الأقتراع السياسى- منشورات العدالة- بغداد- ٢٠٠١.**

**٦. د.اسماعيل الغزال- القانون الدستورى والنظم السياسية- المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- الطبعة الأولى- ١٩٨٢.**

**٦. د.محمد سليم محمد غزوي- الوجيز في نظام الآنتخاب- دار الوائل- عمان- الأردن- الطبعة الأولى-٢٠٠٠.**

**٧. د.حميد الساعدي- مبادئ القانون الدستورى وتطور النظام السياسى فى العراق- دار الحكمة للطباعة و النشر- موصل.**

**٨. محمد نظيف البرواري- النظم السياسية وطرق الأقتراع- وزارة الثقافة- كوردستان- السليمانية.**

**٩. د.نورى لطيف- القانون الدستورى والنظام الدستورى فى العراق- الطبعة الثانية- بغداد- ١٩٧٩.**

**١٠. المحامى عوني بزاز- مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطنى الكوردستانى لإقليم كوردستان العراق- مطبعة جامعة صلاح الدين- اربيل- الطبعة الأولى.**

**١١. سرهنگ حميد البرزنجى- انتخابات اقليم كوردستان العراق بين النظرية والتطبيق دراسة مقارنة-مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر- كوردستان- اربيل- الطبعة الأولى- ٢٠٠٢.**

**١٢. كاثرين سكلر هدصن- الولايات المتحدة الامريكية- حكومةت الشعب بواسطة الشعب- جامعة الأمريكية فى واشنطن- وزارة الخارجية- كتاب تتوزع مجانا من قبل دائرة**

مصلحة الهاجرة والجنسية التابعة لوزارة العدل الأمريكية لجميع المدارس العامة بالولايات المتحدة ليستفيد منه الذين يهيئون انفسهم لواجبات الوطنية و تبعاتها.

١٣. د.نورى لطيف و د. علي غالب خضير العاني– القانون الدستورى– دار الكتب للطباعة والنشر.

١٤. د. صالح جواد الكاظم و د. علي غالب العاني– الأنظمة السياسية– مطبعة دار الحكمة– و.التعليم العالي والبحث العلمي– جامعة بغداد– كلية القانون – ١٩٩٠–١٩٩١.

١٥. د. فيصل شطناوي– النظم السياسة والقانون الدستوري– دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع– كلية الحقوق– جامعة الأردنية– الطبعة الأولى– ٢٠٠٣.

١٦. ابراهيم عبدالعزيز شيحة– النظم السياسية والقانون الدستورى ١٩٩٨.

١٧. القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي– الدول الاتحادية الفدرالية– جزء الأول (حماية النظام الدستوري)– المكتبة القانونية بغداد– الطبعة الأولى– ٢٠٠٤.

١٨. القاضى نبيل عبدالرحمن حياوي– الدول الأتحادية الفدرالية– جزء الخامس (السلطة التشريعية)–المكتبة القانونية بغداد– الطبعة الأولى– ٢٠٠٤.

١٩. د. حسن نافعة– معجم النظم السياسةو الليبرالية في اوروبا الغربية وامريكا الشمالية– دار الجيل–بيروت– الطبعة الثانية– ٢٠٠٠م.

٢٠. الدكتور محمد عمر مولود– الفدرالية وامكانية تطبيقها في العراق– مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر– كوردستان– اربيل– ٢٠٠٠.

٢١. الحاكم عبدالرحمن سليمان الزيباري– الوضع القانوني لإقليم كوردستان العراق في ظل قواعد القانون الدولي العام دراسة تحليلية ناقدة– مؤسسة موكريانى للطباعة والنشر– اربيل– ٢٠٠٢.

٢٢. فريد أسَسَرد– المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية– مركز كردستان للدراسات الاستراجية– سليمانية– ٢٠٠٤.

## <u>سەرچاوەكانى وەرگيراو لەئينتەرنێت</u>

٢٣. برنامج الأمم المتحدة الانمائىpogar– مشروع ادارة الأنتخابات وكلفتها ACE النسخة الأولى–١٩٩٩– مجموعة ارشادات مترجمة حول الأنتخابات باللغة العربية فى منشورات البرنامج الأمم المتحدة الانمائى على شبكة
www.pogar.org/publication/elections/ace

تێبينى/ ئەم سەرچاوەيە وەك سەرچاوەيەكى سەرەكى بەشى سێيەم بەكارمهێنا.

٢٤. جون آلدريض- انتخابات الكونغرس- وزارة الخارجية الامريكية- مكتب برامج الاعلام الخارجي- ٢٠٠٤/٥/١٧ www.usinfo.state.gov/ar

٢٥. مايكل و.تروگۆت-اجراءات الأنتخابات الأمريكية- وزارة الخارجية الأمريكية- مكتب برامج الأعلام الخارجي- ٢٠٠٤/٥/١٧ www.usinfo.state.gov/ar

٢٦. بول مالامود-حوار مع خبير الأنتخابات توماس مان حول الحملة الأنتخابية للعام ٢٠٠٤- وزارة الخارجية الأمريكية- مكتب برامج الأعلام الخارجي- ٢٠٠٤/٥/١٧ www.usinfo.state.gov/ar

٢٧. جون زغبى- استطلاعات الرأى العام، المعلقون، والانتخابات ٢٠٠٤- وزارة الخارجية الأمريكية- مكتب برامج الأعلام الخارجي-٢٠٠٤/٥/١٧ www.usinfo.state.gov/ar

٢٨. جون بيبى-الأحزاب السياسية فى الولايات المتحدة- وزارة الخارجية الأمريكية- مكتب برامج الأعلام الخارجي- ٢٠٠٤/٥/١٧ www.usinfo.state.gov/ar

٢٩. جوزيف اى.كانتور- وضع تمويل الحملات الأنتخابية- وزارة الخارجية الأمريكية- مكتب برامج الأعلام الخارجي- ٢٠٠٤/٥/١٧ www.usinfo.state.gov/ar

٣٠. ستيفن واين- تسمية مرشحى الرئاسة والديموقراطية الأمريكية- وزارة الخارجية الأمريكية- مكتب برامج الأعلام الخارجي- ٢٠٠٤/٥/١٧ www.usinfo.state.gov/ar

٣١. نشرة واشنطن- يواس انفو. شؤون دولية. الديموقراطية. الأنتخابات الأمريكية- مكتب برامج الأعلام الخارجي-٢١-١٠-٢٠٠٤- www.usinfo.state.gov/ar

٣٢. محسن محمد صالح- قراءة فى تاثير اللوبى الصهيونى فى الأنتخابات الأمريكية- ٢-١١-٢٠٠٤- الجزيرة- صفحة تحليلات .

٣٣. خالد عبدالوهاب الشريف- رايس اللجنة العليا للانتخابات الأستفتاء فى اليمن- ٢٠٠٢- دليل الأنتخابات الرئاسية على شبكة الأنترنيت www.scer.org.ye/arabic/dalelraseha.htm

٣٤. سايتی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا www.senate.gov بەزمانی ئینگلیزی.

٣٥. سايتی هەڵبژاردن لەجیهاندا www.electionworld.org بەزمانی ئینگلیزی.

**سەرچاوەکان بەزمانی کوردی**

٣٦. مراد حەکیم محەمەد- ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لەعێراق لەسەردەمی بەعس دا- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان- سلێمانی- ٢٠٠٤.

٣٧. رود هوف، میخیل لیزینبرك، پیتر مولر- هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق (١٩)ی مایسی ١٩٩٢ ئەزمونێکی دیموکراسیانە- و. لەئینگلیزیەوە پارێزەر صفوت رشید صدقی- ساڵ؟-چاپی؟-چاپخانەی؟

٣٨. بەدران ئەحمەد حەبیب- هەڵبژاردنەکانی کوردستان ١٩ ئایار ١٩٩٢ بەڵگەو دەستهاوێژ- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری- چاپی یەکەم- هەولێر- ١٩٩٨، لەم سەرچاوەیەوە زۆرینەی بەڵگەنامەکان وەرگیراوە.

٣٩. حوجەتوڵلا ئەیوبی، ئەحمەد نەقیب زادە، دنیس کاواناك- هەڵبژاردن: شێوەو تایبەتمەندییەکانی، وەرگێرانی: ئەبوبەکر خۆشناو- کتێبی روناکبیری ژمارە ٤١-٢٠٠٣.

٤٠. رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٣٥٥٧ دووشەممە ٢٠٠٤/١٢/٢٧.

٤١. شەماڵ عەبدوڵڵا- سروشتی یاسایی بڕیاری ٦٨٨و چۆنیەتی کاراکردنی- بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) - سلێمانی- ٢٠٠٢.

٤٢. گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز مافناس جەمال تایەر نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەلیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ سەبارەت بەهەندێك راستی مێژوویی پەیوەندیدار بەهەڵبژاردنەکانی ئەوکاتەوە.